# ئاوێنەکان

رۆمان

ن: نەجیب مەحفووز

و: حەمەکەریم عارف

پێڕست

*. حەمە کەریم عارف پیاوێک لە... شێرکۆ بێکەس

*. وتەیەک

١ – ئیبراهیم عەقل

٢ – ئەحمەد قەدری

٣ – ئەمانی محەمەد

٤ – ئەنوەر ئەلحەلەوانی

٥ – بدر الزیادی

٦ – بیلال عەبدە ئەلبەسیونی

٧ – سورەیا ڕەئفەت

٨ – جاد ئەبولعولا

٩ – جەعفەر خەلیل

١٠ – حەنان مستەفا

١١ – خەلیل زەکی

١٢ – دوڕیە سالم

١٣ –ڕەزا حەمادە

١٤ –زەهران حەسوونە

١٥ –زوهیر کامیل

١٦ –سابا ڕەمزی

١٧ –سالم جەبر

١٨ –سرور عەبدولباقی

١٩ –سوعاد وەهبی

٢٠ –سەید شەعیر

٢١ –شەرارە النحال

٢٢ –شەعراوی ئەلفەحام

٢٣-سادق عەبدولحەمید

٢٤ –سەبری جاد

٢٥ –سەفاء ئەلکاتب

٢٦ –سەقەر ئەلمنوفی

٢٧ –سەبریە ئەلحشمە

٢٨ –تەنتاوی ئیسماعیل

٢٩ –تاها عەنان

٣٠ –عەباس فەوزی

٣١ –عەدلی ئەلموئەزین

٣٢ –عەبدورەحمان شەعبان

٣٣ –عەبدولوەهاب ئیسماعیل

٣٤ –عەبدە سلیمان

٣٥ –عەجلان سابت

٣٦ –عەدلی بەرەکات

٣٧ –عەزمی شاکیر

٣٨ –عەزیزە عەبدە

٣٩ –عەشماوی جەلال

٤٠ –عیسام ئەلحەملاوی

٤١ –عید مەنسوور

٤٢ –غانم حافیز

٤٣ –فایزە نەسار

٤٤ –فەتحی ئەنیس

٤٥ –قەدری رزق

٤٦ –کامیل رەمزی

٤٧ –کامیلیا زەهران

٤٨ –ماهیر عەبدولکەریم

٤٩ –مەحموود دەرویش

٥٠ –مەجیدە عەبدوڕەزاق

٥١ –ناجی مورقوس

٥٢ –نادر بورهان

٥٣ –هەجار ئەلمنیاوی

٥٤ –ویداد ڕوشدی

٥٥ ـيوسريه بەشير

*. ژيننامەى وەرگێڕ

حەمە كەریم عارف

پیاوێك لە بارانی وشەی بەردەوام!

(شێركۆ بێكەس)

ئەو وەختەی بە عشقەوە ئەنووسیت وئەبیتە هاودەمی زمانی بەخشین وداهێنان. ئەو كاتەی هەموو ژیانت ئەدەیتە دەست قەڵەم وئەبیت بە پەروانەی دەوری وشە وچرای كتێب ورستەیەكی جوان. تۆ ئیتر لەوە دەرئەچی بە تەنها بۆ خۆت بژیت وتۆ ئیتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەڵاوگوڵی خۆشەویستی وژیانت بە ژیانی میللەتێك وتێكەڵ بە ئاییندە ئەبی ولەگەڵ باراندا ئەباریت ولەگەڵ هەتاودا هەتاو!

حەمەكەریم عارف

پیاوێك لە شەونخونی و

لە ڕێژنەی وشەو

خۆشنەكردنەوەی قەڵەم و

پەنجەرەیەك بۆ خەمی كەسك و

گزنگی بەیان.

حەمەكەریم عارف

ژێ یەك بۆ خۆشەویستی ئەبەدی

ئەدەب وچاوی مرۆڤایەتی و

گۆرانیی هەمیشە پاراوی

گەرووی ژیان!

هەشتا ئەستێرەی کتێب لەو تەمەنەدا

هەشتا جۆگەی روون لەو دارستانەدا.

هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا.

هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا!

ئەمشەو بە تەنها خۆم لەسەر مێزەکەم

ئەم مۆمی رێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان!

بە تەنها خۆم وچەند دێڕە شیعرێکی جاویدان.

بە تەنها خۆم وپەپوولەیەکی غەمگین و

چەند کاغەزێکی سپی چاوەڕوان.

بە تەنها خۆم کەوتمە هەڵدانەوەی

لاپەڕەی چاو بەشەونمی ئەو مێرگەو

خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمەو

گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی

دەنگ زامدار!

بە تەنها خۆم، نە حەمەکەریم خۆی زانی و

نە رۆژنامەیەك ونە گۆڤارێك و

نە شەقامێکی کەرکوك ونە مەقامێکی

عەلی مەردان، تەنها هەر خۆم ومێزەکەم

کەسی تر نا.

کەرکوکییەك

پڕ پڕ لە کوردستان و

لێوانلێو لە جیهان!

کەرکوکییەك

هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوەو

پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان.

لە دنیاوە

چەندین دەریاچەی ڕۆمانی

ڕژانە ناو ئەم وڵاتی زمانەوە.

چەندین نزاری چیرۆکی

هێنایە ناو ئەم رووبەری زمانەوە.

چەندین ئاوێنەی دیرۆکی

بە دەوونماندا هەڵواسی.

کەرکوکییەك

باخی نووسی و

کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا!

کەرکوکییەك..

خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین

مانگە شەوی بۆ وەرگێڕاین

عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگێڕاین

ئەلبێر کامۆ. ئەلکساندەر فەدایەف. هیرب میدۆ. قاسمۆف. کازانتزاکیس. چیخۆف. گوینتەر دیشنەر. فنسنت ڤان گۆگ. مالرۆ. شەکسپیر. م.گۆرکی. هۆمیرۆس. چرنیشفسکی. چایکۆفسکی. ئیدگار ئالان پۆ. جاك لەندەن. گۆگۆل. سیرۆس پرهام. بلیخانۆف. کریس کۆچرا. مەهدی حسێن. سابت رەحمان. ئەحمەد مەحموود. سەمەدی بیهرەنگی. عەزیز شەریف. نەجەف قولی پسیان. ئەشرەفی دیهقانی. مەسعود ئەحمەدزادە. گەوهەر مراد. یەڵماز گونای..چەندین وچەندین کەژو دەریاچەو دەشت و رووباری تریش...

لە سی وپێنج ساڵیدا هەشتا چراوگی

بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.

لە سی وپێنج ساڵیدا..هەشتا رێگای تازەی

لەم نەخشەیەدا کردەوە

هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ

هەشتا پەیژە،هەشتا شەبەنگ و

هەشتا تابلۆ

لەم زمانەدا...ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.

لەم رەنگانەدا..ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.

لەم هەورانەدا..ئەم بارینانە دەگمەنن.

لەم دەغڵانەدا..ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن.

من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم وچەند شیعرێ

ئەم چرای ڕێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.

بۆ کەرکوکییەك کە سەر ڕێژە لە وشەو

کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو..سڵاو ئەی بارانە

جوانەکەی زمانی کوردی.سڵاو ئەی

کەرکوکی خۆشەویست!سڵاو!

سلەیمانی ٢٠٠٩/٧/١٥

ئەدەب وهونەر/ ژمارە(٦٤٣)/ پێنجشەممە/٢٠٠٩/٧/٢٣

وتەیەک

ح ٠ ع

(١)

هەڵبەتە نەجیب مەحفووز، تەمەنێکی دوور و درێژی لەگەڵ کاروانی نووسین و بەرهەمێن ئەدەبی بەسەر بردووە وبەرهەمێکی یەجگار زۆری کە پتر لە پەنجا بەرهەمە، چ لە ڕووی چەندیەتی و چ لە ڕووی چۆنیەتیەوە، لە پاش بە جێماوەو فۆرمی جیاواز و نۆڕینی هونەری هەمە جۆری لە کارە چیرۆکڤانی و ڕۆمانەوانییەکانیا بەکار بردووە.

ڕاستە لە هەندێ کاراندا نۆڕین و بۆچوونی ڕاستەوخۆی سیاسی یان فەلسەفی یان وجودی یان ڕیسکی فۆرماڵی، نووسەر زاڵە و زۆر بە زەقی دیارە، بەڵام هەندی بەرهەمی تری هەن زیاتر لایەنی هونەری تێدا ڕەچاو کردوون، کارەکتەری زندووی ئەوتۆی بەکار بردووە کە کوڕی ژیانن و ژیانیان لێ هەڵدەقووڵێ، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی جەزرەبە پڕ ژانەکانی قەدەر دەبنەوە، لەناو جەرگەی ئومێدەواری و بێ ئومێدیدا دەژین و هونەریانە بەرخورد و مامەڵە لەگەڵ هەوراز و نشێوەکانی ژیاندا دەکەن و نووسەر زیاتر لایەنە هونەرییەکەی مەبەست بووە تا ناوەڕۆک ومەبەستێن دیکە، بەجۆرێ مامەڵەی لەگەڵ کارەکەیدا کردووە کە لەتۆ وایە ناسنامەی کاری هونەری تەنیا ئێستاتیکا و هونەرییەتە، ئەم بەرهەمانە بە شاکارێن مەحفووز دێنە ژماردن، لەوانە سیانەکەی، خان الخلیلی، زقاق المدق و ئەم ڕۆمانەی کەلە بەردەستی خوێنەرانی هێژایە " المرایا ". لە ئاوێنەکاندا، دەنگ دێ، دەنگی ژیان دێ، دەنگی هاڕە و هاژەی شەپۆلە تێکڕژاوەکانی ژیان دێ. ئیدی هەر قارەمانە و ڕووبەڕووی چارەنووسێک دەبێتەوە، ژیان ڕوو لە خەڵکانێک دەکات،

شایستەی ژیان نین، یان بێ هیچ لۆژیکێک جگە لە لۆژیکی خۆی، بەسەر خەڵکانی شایستە و پیرۆزدا، دادەڕوخێ و بە عەزرەتەوە دەژین و بە کول و کۆڤانەوە دەمرن.

نووسەر لەم ڕۆمانەدا توانیویەتی ناخی قارەمانەکانی بخوێنێتەوەو زمانی تایبەتی هەر یەکێکیان بدۆزێتەوە وبە زمانی ئەوان بدوێ و کارێکی وەها بکات خوێنەر بکات بە شەریکی خۆشی و ناخۆشییەکانی قارەمانەکان، دیارە ئەمە زادەی بەهەرە و توانایەکی دەگمەنە و لە هەر نووسەرێکا بەدی ناکرێت ونهێنی شکۆی ئەدەبی لەمەدایە.

ئاوێنەکان، وەکو ئامارژەمان کردێ، لە شاکارەکانی مەحفووزە و بایەخێکی یەجگار زۆری بە لایەنە هونەری و ئیستاتیکییەکەی داوەو ئەوەندە زندووە، ژیانی وەکو خۆی، بێ هیچ ڕتووشێک لێ هەڵدەقولێت و مرۆڤ لە بەردەم ژیانا و لە ناو ژیانا غەریب و دەستەوەستانە و خوێنەر هەندێجار وا هەستدەکات ژیان مرۆڤ وەکو ئاوماڵکە ڕادەماڵێ.

لە ئاوێنەکاندا، مەحفووز ڕوودەکاتە فۆرمێکی ئەدەبی، کە زۆر تازەیە، پێشتر ئەدەبی ڕۆمانەوانی، ئەو فۆرمە ئەدەبەی بە خۆوە نەبینیوەو لەو ڕووەوە دەستپێشکەرییەکی زۆر دەگمەنی کردووە و ئەگەر لە ڕووی فۆرمەوە لەگەڵ رۆمانی پێش خۆیدا، چ ڕۆمانێن لۆکاڵی و چ ڕۆمانێن جیهانیدا بەراوردی بکەیت، بەیەکێک لە ڕیسکە ئەدەبیە گەورەکان دەژمێردرێ، کە لە داهێنانی خاڵیسەی خودی مەحفووزە. نووسەر، پشتی بە زنجیرەیەک چڕە پورتریتی کورت بەستووە، خوێنەری ئاسایی وا هەستدەکات لێکدی جیان و پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بەیەکەوە نییە، کە یەکێتیەکی هونەریان پێ ببەخشێت، بەڵام ئەگەر کەمێک لێیان ورد ببیتەوە، دەبینی پەیوەندییەکی هونەری ئەفسووناوی یەکی خستوون وکارەکە لە ناوەوە تیشک دەخاتە سەر خۆی ولە هەمان کاتا لایەنێکی

تازەی کارەکتەرەکان ڕوناک دەکاتەوەو لە ئەنجاما پانۆرامایەکی دوور و درێژمان (لە دەوروبەری ساڵی ١٩٢٠ وە تا نزیکی ساڵی ١٩٧٠ ) دەخاتە بەردەست، پانۆرامایەکی خەمناکو، مێژوویەکی هونەری جوانە کە خۆشەویستی و ڤیانی ژیان و مرۆڤ و نیشتمانی لێ هەڵدەقوڵێت. سەبارەت بە کاراکتەر و قارەمانەکانیش، تێکەڵەیەکی سەیرە، لە ڕابەرانی فیکری دیوەخانە ئەدەبی وسیاسی وهزریەکانەوەی تێدایە تا دەگاتە کاباریە و قەحپەخانە و ململانێی گەوادەکان. بۆ نموونە دکتۆر ماهیر عەبدولکەریم، مامۆستای ئەدەبیات و قوتبی حیزبی نیشتمانییە و سەبریە الحشمة لە سەکاکینی بنکەی لەشفرۆشی کردووەتەوە. مەحفووز، لە ئاوێنەکاندا، جۆرەها نموونەی مرۆڤی تەنیا و جیاواز و سەیرمان نیشاندەدات. بەشێکی تەواوی قارەمانەکان هاوڕێی منداڵی وسەردەمی هەرزەکارین وخەڵکی گەڕەکی عەباسییەن و لە پۆرترێتەکانەوە، دەبینین، چۆن بەخت هەریەکێکیان بەلایەکدا دەبات... هەیانە بوون بە پیاوی گەورە، هەیانە بوون بە بازرگانی مادەێن هۆشبەر، هەیانە بوون بە گەواد، کە خوێنەر لە ڕەوتی گشتی ڕۆمانەکەدا تووشی هەموو ئەمانە دەبێت.

بەشێکی تری قارەمانەکان، بریتین لە مامۆستایانی زانکۆ، خوێندکاران و فەرمانبەران و... جا نووسەر چونکە بە خۆی ماوەیەکی زۆر فەرمانبەر بووەو لە وەزارەتی ئەوقافدا کاری کردووە، زۆر بە جوانی و هونەرمەندانە بە دنیای فەرمانبەراندا ڕۆچووە و نموونەی یەجگار سەیری بەرجەستە کردووە...

ئەم ڕۆمانە بە زمانی گوتیارەوە، کە لێرەدا خودی مەحفووزە هاتووەتە گێڕانەوە، بۆیە دەشێت لە میانی ئاوێنە سافەکەیەوە، ناخی ئەم نووسەرە بدینین، ئاشنای بیروبۆچوونە سیاسی و هەستە ئەخلاقیە بەرزەکەی ببین کە ڕاستگۆیی و جوانی و دڵپاکی لێوە هەڵدەقوڵێ. ڕاستە

مەحفووز لەم ڕۆمانەدا زیاتر بایەخی بە لایەنی هونەری داوە و هونەریەتی کارەکەی مەبەست بووەو لەم ڕووەوە گۆی هونەری بردووتەوە، بەڵام بۆ نیو نەختیش لە خەون وخەمە سیاسیەکانی میسر غافڵ نەبووە.

مەحفووز، وەفدییەکی دڵسۆز و وەفادار بوو، بەڵام بە هیچ جۆرێ کەسێکی توندڕەو نەبووە، هەرچەندە شۆڕش لە حیزبی وەفدی داو هەڵیوەشاندەوەو بەربەرەکانی سەرانی حیزبی ناقبری کرد و بەها باڵاکانی وەکو دیموکراتیەت و ئازادی حیزبی بەفیڕۆدا، بەڵام مەحفووزی هەست ناسک و ویژدان زندوو، بە ئینسافەوە بەرخوردی لە گەڵ شۆڕشدا دەکرد ولە دوو خاڵا بەتەواوەتی لایەنگری دەکرد، یەکەمیان بەدەست هێنانی سەربەخۆیی بوو کە وەفد بۆی نەهاتەدی، دووەمیان ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکەی شۆڕش بووکە ژیان و بژێوی هەژارانی باش کرد.. بەهەرحاڵ بیر و بۆچوونە سیاسیەکانی مەحفووز، لە سەرانسەری ئەو ڕۆمانەدا، بە شێوەیەکی هونەریانە و بە شێوەیەکی زۆر ناڕاستەوخۆ ڕەنگی داوەتەوە..

بەهەرحاڵ ئاوێنەکان، شاکارێکی زۆر دەوڵەمەندە، جۆرەها حیکایەت وچارەنووس و ڕوخساری لەخۆ گرتووە، لەم ئاوێنانەدا هەموو شتێک لە چاکە و خراپە و فسق و فجور و ئاشقانی شەهوەتڕانی و دەسەڵاتخوازی دەبینرێ و نووسەر خۆیشی لەم ئاوێنەیەدا وەکو میسرییەکی ڕەسەن، دڵپاک، خەڵک دۆست و نیشتمانپەروەر و لێبووردە بەرجەستە بووە.

( ٢ )

ڕۆمانی ئاوێنەکان یەکێکە لە کارە هەرە گرنگەکانی مەحفووز ودوای هەڵوەستە و وەستانێکی پێنج ساڵە، ئەم ڕۆمانەی نووسیوە... ئاوێنەکان پڕن لەو کاراکتەرانەی کە نووسەر لە ژیانی ڕاستەقینەدا ناسیوونی و

کردوونی بە هەوێن و ماکی ئەو نموونە بەشەریانەی کە دنیای ڕۆمانەوانی خۆی پێ ئاوەدان کردووەتەوە. ئەم ڕۆمانە پەنجا وپێنج کارەکتەری لەخۆ گرتووە، کە زۆربەیان لەو کاراکتەرە واقیعیانەن، کە وێڕای هەوڵی نووسەر بۆ گۆڕینی هەندێک لە ڕواڵەت و خەسڵەتە ڕاستەوخۆ و واقعیەکانیان، خوێنەری شارەزاو بە ئاگا دەیانناسێتەوە. دیارە ئەم دەسکاریە، یان زەرووڕەتی هونەری بونیادی ڕۆمانەکە دەیسەپێنێ، یان بۆ جۆرە شاردنەوەیەکی هونەریە تا ئەو وێنەیەی لە زەینی خوێنەردا چێ دەبێت، لەگەڵ وێنەی ئەسڵی و واقیعی کاراکتەرەکەدا تێک نەکاتەوە.. کەچی لەگەڵ ئەوەشا، ئەگەر سەیری ژیانی عەبدولوەهاب ئیسماعیلی ناو ئاوێنەکان بکەی، بە ئاشکرا هێڵە گشتیەکانی ژیانی سەید قوتبی تیا بەدی دەکەیت. وەکو چاوە زەق و تیژەکانی، وەکو ئەوەی مامۆستای زمانی عەرەبی بووە، چەند بەشێکی دەربارەی ڕەخنە و هەندێ چامەی شیعری سوننەتی لە گۆڤارە ئەدەبیەکاندا بڵاو کردووەتەوە. وەک هاوسۆزی لەگەڵ وەفد و پاشان جیابوونەوەی لە وەفد و هێرشی توندی بۆ سەر وەفد لە سەرەتای پەنجایەکانی سەدەی ڕابردوو و پاشان، ڕووکردنە نووسینی کتێبێن مۆدێرن دەربارەی ئاینی ئیسلامی و بە دەستهێنانی سەرکەوتنی گەورە لەو بوارەدا و نزیک بوونەوەی لە جەماعەتی ئیخوان موسلمین... هتد. هەڵبەتە هەندێک جیاوازی لەنێوان ژیانی سەید قوتب وعەبدولوەهاب ئیسماعیلی قارەمانی ڕۆمانەکەدا هەیە، کە نەک زەرەری بە بونیادی ڕۆمانەکە نەگەیاندووە، بەڵکو جوانییەکی هونەری زۆریشی بە ڕۆمانەکە بەخشیوە..

نەجیب مەحفووز، ڕۆماننووسێکی واقیعیە بە هەموو مانای وشە توانایەکی یەجگار سەیری هەبوو لە وێنەگرتنی زۆر دیمەنی واقیعی دا، بۆ ئەوەی واقعیەتی جادوویی خۆی لە دنیای ڕۆماندا نیشانبدات. گومان

لەوەدا نییە بەشێکی تەواوی کاراکتەر و حیکایەت و ڕووداوەکانی لە واقیعەوە وەرگرتووە و نەفەس و شەقڵی خۆی پێ بەخشیوە.. یەکێک لەو کاراکتەرانەی کەلە واقیعەوە وەریگرتووە، عەبدولوەهاب ئیسماعیلە، کە دەکاتە سەید قوتب، هەڵبەتە سەید قوتب، دەقاودەق وەکو خۆی لە ڕۆمانەکەدا بەرجەستە نەکراوە، بە گوێرەی پێداویستیە هونەرییەکانی ڕۆمانەکە دەستکاری کراوە، ئەمەش وەکو پێشتر ئاماژەمان کردووەتێ پاکانەی هونەیی خۆی هەیە. تەنیا هێڵە گشتیەکانیان لە یەکدی دەچێت ونووسەر تەنیا ئەوەندەی لە واقیعەوە وەرگرتووە، کە مەبەستە ڕۆمانەوانیەکەی خۆی نیشانبدات و بێگومان جیاوازییەکی زۆر لە نێوان حەقیقەتی ڕۆمانەوانی وحەقیقەتی مێژووییدا هەیە.

نەجیب مەحفووز ( ١٩١١ – ٢٠٠٦ ) نووسەرێکی گەورە و داهێنەری میسریە، لەماوەی حەفتا ساڵ کاری نووسیندا پتر لە پەنجا بەرهەمی نووسیوە، منداڵانی گەڕەکەکەمان یەکێکە لە بەرهەمە بەنێو بانگەکانی کە بووە مایەی توورە بوونی موسوڵمانانی توندڕەو و ئەوە بوو هەوڵێکی ناکامی تیرۆر کردنیان دا و.. هەندێ لە بەرهەمەکانی پاچڤەی زمانی دی کراون، کە بەندەش ئەم بەرهەمانەیم کردوون بە کوردی: (لەبەردەم عەرشا، کۆڵانی میدەق، دڵی شەو، ئاوێنەکان . لە ساڵی ١٩٨٨ دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرتووە.

تێبینی: بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

١ – الموقع الرئیسی لمؤسسه الحوار المتمدن.

٢ – صحيفة الايام البحرينية –www.alayam.com

٣ – اليوم السابع، محمد عبدالرحمن –www.youm7.com

## ١ - ئیبراهیم عەقل

یەکەمجار لە وتارێکی مامۆستا سالم جەبرەوە ناوی دکتۆر " ئیبراهیم عەقل "م بیست، ئێستا بابەتی وتارەکەم بیر نەماوە بەڵام لە بن دێڕی وتارەکەدا باسی ئیبراهیم عەقلی وەکو ئەقڵێکی دەگمەن کردبوو، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئومێدی شۆڕشێکی هزری لە واری ژیانی ڕۆشنبیریماندا لێدەکرا، ئەگەر بەهۆی زمان لێدان و بوختانێکی پڕ و پووچەوە لە بێشکەدا خەفە نەکرابا و لەبار نەبرایە. نەهێڵرا بکەوێتە سەر پێیان. کابرایەکی بەدخوو و بێ ئاگا زمانی لێدابوو، بۆختانی ئەوەی بۆ کردبوو کە گوایە " دکتۆر ئیبراهیم " لە تێزی دکتۆراکەیا کە پێشکەش بە

سۆربۆنی کردبوو، تانە و تەشەری لە ئیسلام داوە. ئیدی لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤارەوە هێرشی ئاگرین کرایە سەر دکتۆر، بە خوانەناسی تاوانباریان کرد، گوایە لە سەر حیسابی ئاین و نەتەوەکەی خۆی پشتیوانی لە ڕاوبۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسە مزدەبەرەکانکردبوو تا دکتۆراکەی وەربگرێت. ئەوسا داوایان کرد لە زانستگە دەربکرێ. دکتۆر لە ڕەگ وڕیشەوە لەهەنبەر ئەم هێرشە توند وکوێرانەیە لەقی، تەبیعەتێکی شەڕانی نەبوو، گیانی بەگژا چوونەوەی ڕای گشتی نەبوو، ئەمە جگە لەوەی دڵی بە وەزیفەکەی خۆش بوو و پێویستی پێی بوو، نکۆڵی لەو تۆمەتە کرد، بەرەڤانی لە باوەڕی خۆی کرد، هانای بۆ زۆر کەس برد، لە سەرووی هەمووانەوە پەنای بۆ هاوڕێ و هاوکارەکەی خۆی لە ئەنجوومەنی مامۆستایان دکتۆر ماهێر عەبدولکەریم برد کە ئەم فیتنەیە بتەمرێنێ و هەڵگیرسێنەرانی فیتنەکە ڕازی بکات. کەلە ساڵی ١٩٣٠ دا چوومە زانستگە، ئەو لەوێندەر مامۆستای یاریدەدەر بوو. وادیار بوو ئەو کێشە و مەینەتیەی بەسەری هێنرابوو، فێری ئەوەی کردبوو، کە هەموو چالاکییەکی خۆی بۆ گوتنەوەی دەرس و وانەکانی تەرخان بکات و لە دەرێی کۆلێژ وزانستگەدا، دەستبەرداری ژیانی هزری ببێت. هەستمان کرد، جۆرە ساردی و بێزارییەک بە چالاکییەکانیەوە دیارە، لە کۆڵی دەکاتەوە، دەرس و وانەکانی زیاتر لە ئاموچیاری گشتیەوە نزیکن تا لەو وانە بە پێزانەی کە هاوکار و هاوڕێکانی پێیان دەگوتینەوە. هەرچەندە کەسێکی سەرحاڵ و چالاک و کامڵبوو، لە سەرووی چل ساڵییەوە بوو. زۆری پێ نەچوو، بووبە مەزەی ڕابواردنی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئێمە. جارێکیان لەکاتی گەنگەشەیەکدا لە هۆڵی وانان، لێم پرسی:

- دکتۆر بۆچی تا ئێستا هیچ کتێبێکت دانەناوە؟

خێسەیەکی لێکردم و بەدەنگە بەرزەکەی گوتی:

- پێتوایه دنیای کتێب لەوەش زیاتری دەوێ؟

سەرە گەورەکەی بەسەر باڵا بەرزەکەیەوە لەقاند و گوتی:

- ئەگەر بە کتێبان سەری زەوی داپۆشین، دووجاران دایدەپۆشێ!

ئەوجا بە تووڕەیی و تەوسەوە لەسەری ڕۆیی:

_ وێڕای ئەوەی ئەگەر ئەو کتێبانەی کە بیری تازەیان تێدایە جیا بکەینەوە، سەربانی دالانێک داناپۆشێ!

زۆرجار لە دیوەخانەکەی دکتۆر ماهیر عەبدولکەریم لە کۆشکە گەورەکەیا، لە منیرە دەمبینی. بیرمەندانێکی فرەم لەو هۆڵ و دیوەخانە گەورەیەدا ناسی، هەرچەندە کات و شوێنەکەی گۆڕاوە، بەڵام تا نهوژی هاتوچۆی ئەوێندەر هەر دەکەم. بیرەوەری کۆبوونەوەیەکی ئەوێندەر، هەرکاتێ قافی بێ، زۆر بە ئاسانی و بەڕوونی وەبیر دێتەوە. پێدەچوو دکتۆر ئیبراهیم عەقل لە هەموو ئامادەبووان، بەو کەلەشە زەلام و سام و هەیبەتە ئاسایی و نیگا شین و زیتەلانەیەوە، لەگەڵ ئەو هۆڵە کلاسیکە گەورەیەدا تێکبکاتەوە و پڕ بەپڕی هۆڵەکە بێ.

ئیدی جیا لە هەموو جارەکان، قسە هاتەسەر کاروبارێن سیاسەت. ئێمە لەبەر خاتری مامۆستاکەمان کە خاوەنی هۆڵ و دیوەخانەکە بوو خۆمان لە باسی سیاسەت دوورەپەرێز دەگرت، چونکە پێشوەختە دەمانزانی حەزی لە قسە وباسێن هەستیار و پڕجۆش نییە و چونکە بە حوکمی بنەماڵە وپەروەردەکەی وابەستەی حیزبی نیشتمانی بوو، کەچی هەموو قوتابیەکانی، لاوانی سەربە وەفد بوون. بەڵام ئەو کودەتایەی ئیسماعیل سدقی لەو سەروبەند و بەروارەدا بەرپای کرد، بەجۆرێ بەسەر هەست و بیراندا زاڵ بووبوو، کە فەرامۆشکردنی ئەو باسانە ئاسان نەبوو. گەلێک

لە خوێندکارە ئامادەبووەکان قسەیان کرد، تا دکتۆر ئیبراهیم عەقل گوتی:

_ ژیانی دەستووریمان، دەستکەوتە بەڵام لەهەمان کاتا تەڵەیە!

گەنجەکان خۆیان بۆ وەڵامدانەوە ئامادە کرد، بەڵام ئەو گوتی:

_ خەباتی نیشتمانی لە ڕێڕەوی خۆی لایداوە. ئیدی لە شەڕە حیزبیەکانماندا نقووم بووین، لەگەڵ هەر کودەتایەکدا، کاردانەوەیەکیکرێت لە پێوەندی و ڕەوشتاندا ڕوودەدەن، پەیوەندی و ئەخلاق دەدەنە کزی، ڕۆژبەڕۆژ ئەو بینا بەرزەی لە شۆڕشی ١٩١٩ دا بۆمان مایەوە، هەرەس دێنێ.

یەکێک کە گروپە گەنجەکەمان گوتی:

-بینای گەل، داناڕوخێ، هەرەس ناهێنێ.

مامۆستا ماهیر عەبدولکەریم، بزەیەکی هاتێ، کەمێک لە فکران ڕاچوو، ئەوجا بە دەنگە نەرمە چپە ئاساکەی گوتی:

- گەلەکەمان، وەکو ئەو حەیوانە کێویەیە کەلە هەندێ ئەفسانانی فۆلکلۆریدا باسدەکرێ، کە چەند ڕۆژێک ڕادەبێ و پاشان بۆ چەندین ساڵ دەخەوێ.

دکتۆر ئیبراهیم عەقل، هەڵیدایە و گوتی:

- هەڵبەتە ئەگەر پابەندی بەها و ئایدیا بەرز و باڵاکان بین زەرەر ناکەین.

چاوە شینەکانی بە ڕوخسارە سرکەکانماندا گێڕاو، بە دەنگێکی ئاوازدارەوە گوتی:

- بەهای باڵا، بەهای باڵا.

لە زۆربەی وانەکانیا دەربارەی ڕەوشت وئەخلاق ئەو زاراوەیەی دووبارە دەکردەوە، تا " عەجلان سابت "ی هاوڕێمان ناوی نا " دکتۆر بەهای باڵا " .

وادیاربوو دکتۆر، ئەو ڕەوت وشەپۆلە خوا نەناسییەی بیرکەوتەوە کەلەو سەروبەندەدا، هەموو کۆلێژەکەی گرتبووەوە، گوتی:

- تکایە، بەهای باڵا بە ئاکامی باوەڕێکی ئۆلی نەژمێرن، ئەگەر حەزدەکەن بەو سەرچاوەیەی بژمێرن کە خودی باوەڕەکەی لێوە هەڵدەقووڵێ.

یەکێک لە مامۆستا و شێخە ئەزهەریەکان کە نها ناوەیەکم بیر ناکەوێتەوە گوتی:

- سیاسەت هەموو ڕۆژێ، دەمانخاتە مەینەتیەکی تازەوە..

دکتۆر ئیبراهیم عەقل، بە ڕژدییەوە گوتی:

- بەهای باڵامان بۆ بمێنێ بەسمانە.

مامۆستا سالم جەبر، کە کەلەشە قەڵەوەکەی لە قەنەفەیەکی نەرما نقووم بووبوو، گوتی:

- جەنابی دکتۆر، ئاکار وئەخلاق، بریتییە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، لە سەرمانە کۆمەڵ بگۆڕین..

بەکاوەخۆ لێی پرسی:

- کتێبەکەی " برگسون "ت دەربارەی بنەمای ئاکار و ئۆل خوێندووەتەوە؟

سالم جەبر، بەبێ موبالاتیەوە گوتی:

- من برگسون، بە جۆرێ دەخوێنمەوە وەکو ئەوەی چامەیەکی خەون ئامێز بخوێنمەوە!

دکتۆر ماهیر عەبدولکەریم پێی گوت:

- مامۆستاگیان تۆ خەون بە شوڕشێکی وەکو ئەوەوە دەبینی کەبەرلە چواردە ساڵ لە ڕووسیا بەرپا بوو، کە ڕۆژبەڕۆژ نەرێنیانی ترسناکی لێ دەکەوێتەوە..

سالم جەبر بە توندی گوتی:

- ئێمە هیچ شتێک دەربارەی ڕووسیا نازانین جگە لەو شتانەی لە ڕۆژنامە و کتێبەکانی ڕۆژئاوادا دەیان خوێنینەوە.

هەڵوێستەیەک کرا، تا سەرو پەرداخ قرفە بخۆینەوەو بە لەزەتەوە بوندق وگوێز و بادامەکەی ناوی بخۆین. ئەوسا گەنجێک بێدەنگیەکەی شڵەقاند وگوتی:

- هیچ چارێک نییە تەنیا ئەوە نەبێ کە خوردە حیزبەکان، ئەوانەی چاویان بڕیوەتە حوکم، لەناوببرێن.

سالم جەبر گوتی:

- ئەمە، پاچڤەیەکی کاڵ وکرچی، ململانێ و کێشماکێشی چینایەتیە.

بەڵام دکتۆر ئیبراهیم عەقل گوتی:

- سەرۆک وەزیران پێیوایە لە پێناوی خۆیبووندا تێدەکۆشێ، با وازی لێبێنین هەوڵی خۆی بدات!

- باشە ئەگەرپەیماننامەیەکی وەکو ئەوەی " ٢/٢٨ " ی بەسەرا سەپاندین؟

دکتۆر بە سووکە تووڕەیییەک گوتی:

- خۆیبوونی ڕاستەقینە لە بەها باڵاکان وبانکی میسردایە!

ناکۆکی وهەڤدژییەکی زۆر لەو باسە سیاسیانەدا هەبوو کە لە ناوەندە میللی و ناوەندە ڕۆشنبیرییە باڵاکاندا دەکران، ئاسمان و ڕێسمان بوون، ئەمەم زۆر لەبەر گران و ناخۆش بوو، لە ناوەندە میللییەکەدا زۆر گەرم و گوڕ و ئاگرین بوو، بۆنی خوێنی لێدەهات، کەچی لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکەدا، بریتیە لە گەنگەشەێن فەلسەفە ئامێز، بۆنی بێ ورەیی و نائومێدی لێدێت. کەلە کۆشکی منیرە دەگەڕاینەوە بیرم لەوە دەکردەوە، بەپەلە و گەرم و گۆڕییەوە، کەوتینە گفتوگۆ:

- فایدەی نییە، چار تەنیا شۆڕشە!

- باشەمانگرتن بەسە بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش؟

- شۆڕشی ١٩١٩ وەکو دەڵێن بەوجۆرە بەرپا بووە.

- شۆڕشی ١٩١٩ چۆن بەرپا بووە؟

- چەند نزیک و چەند دوورە..

- لە هاوینی ئەو ساڵەدا تووشی دکتۆر بووم- خێزانەکەی لەگەڵیا بوون، ژنەکەی و دوو کوڕ بوون- لە کازینوی ئەنفوشی لە ئەسکەندەرییە دیتم. بەیانیان، دوای مەلە وگەرماو لەوێندەر دادەنیشتم- قاوەم دەخواردەوەو ڕۆژنامەم دەخوێندەوە، لەهەمان کاتدا تەمەشای ئەو پرۆڤانەم دەکرد کە بۆ نمایشەکانی شەو، لەسەر شانۆی گازینۆکە ئەنجام دەدران، هەرچەندە بە تەبیعەت حەزم لە گۆرانی فەرەنگی نەدەکرد.

دکتۆر بە ژنەکەی ناساندین، پێموایە سەرپەرشتیار بوولە وەزارەتی مەعاریف ( پەروەردە ). کە دیتم بە سۆزێکی باوکانەوە هەڵسووکەوت لە

گەڵ کوڕەکانیا دەکات زۆرم پێخۆش بوو، بە ڕادەیەک بایەخی بە کوڕەکانی دەدا کە ژنەکەی ناڕەزایی دەربڕی بەرانبەر بەو نازەی بە کوڕەکانی دەدا، بۆ یەکەمجار بەو سۆزە باوکانەیەی بەلای خۆیا ڕایکێشام، چونکە دەستبەرداری نووسین ولێکۆڵینەوە بووبوو، ولە کارەکەیدا دڵسۆز نەبوو، ڕێزێکی ئەوتۆم بۆ دانەدەنا. من تەنیا دڵبەندی ڕواڵەت و ڕۆح سووکی و تەوسە ئامال فەلسەفیەکانی بووم.

لێی پرسیم: - تۆ لە ئەنفوشی مەلە دەکەی.

بەرسقم دایەوە: - شەپۆلەکانی زۆر لە شاتبی هێورترن.

-کە دروستکردنی کۆڕنیش تەواو بێ، ڕووی ئەسکەندەرییە دەگۆڕێ.

قسەکەیم سەلماند، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

- بەڵام ئێوە ڕقتان لە ئیسماعیل سدقییە!

ئەو ناوە پەستی کردم، بەڵام جڵەوی سۆزم گرت وگوتم:

- مرۆڤ، تەنیا بە کۆڕنیش ناژی.

پێکەنی و گوتی:

- هیچ شتێک وەکو سیاسەت مێشک و بیرکردنەوەی بەشەر نالەوتێنێ.

ئەوجا ئاماژەی بۆ لای ژنەکەی کرد وگوتی:

- دایکی – خەسووم – ئەندامی لیژنەی خانمانی وەفدە.

بەڕێزەوە ڕوانیمە خانم، هەڵبەتە وەکو ڕێزێک بۆ دایکی.

لە هەوەڵیساڵی خوێندنا، دکتۆر ئیبراهیم عەقل، پۆستێکی زانکۆیی گەورەی وەرگرت، بەڵام لە پێناوی ئەو پۆستەدا هەموو ئایدیا وبەها باڵاکانی تیرۆرکرد. هورای دژایەتی دام ودەزگا حکوومەتیەکان لە

هەموو لایەکی دۆڵەکەدا دەنگی دەدایەوە. ڕۆژنامەی تایمز بڵاوی کردەوە، کە گوایە لە ئەسوان خۆپیشاندانێک ڕووی داوەو داوایان کردووە مستەفا نەحاس ببێ بە سەرۆک کۆمار. وڵات دابەش بووە بە سەر کەمینەیەکی داژدارو ئالیگری پاشا و زۆرینەیەکی دژبەری پاشا. کەچی دکتۆر ئیبراهیم عەقل، وتارێکی لە ئەهرامدا بڵاوکردەوە، داوا دەکات پشتیوانی لە خاوەن شکۆ بکرێت، ستایشی دەوری ماڵباتەکەی، بە تایبەتی محەمەد عەلی و ئیسماعیل ، لەواری پێشخستنی وڵاتا دەکات.

قەیرانێک بوو ئەوسەری نەبێتەوە، هەموو بەهاکان هەرەسیان هێنابوو، ئابڕووی گەلێک لە پیاوان بوو بە بەڵمە برنج. خەڵکانی پاک و بێگەرد بە چاوانی سوورەوە، تانە و تەشەریان لەو ڕەوشە گاڵتە جاڕییە دەدا، بەڵام تەنانەت ئەوانیش لە گەندەڵی بێ بەری نەبوون. سەردەمی بوومەلەرزە وگڕکانێن تەقیو. سەردەمی هەرەس هێنانی خەونان و ژیانەوەی شەیتان و ئەهریمەنانی هەلپەرستی و تاوان. سەردەمی شەهیدان لەهەموو چین و توێژەکان. دکتۆر، بە ناومانا دەهات ودەچوو، وای دەنواند، کە خۆڕاگر وبوێرە. بە تەحەداوە سەیری دەکردین ولەناخی خۆیدا بە شێوەیەکی پەنی و پێوار هەستی بە شکست و تاوان دەکرد. ئێمە بە ڕواڵەت ڕێزی پۆست وپایەکەیمان دەگرت، بەڵام ژێراوژێر گاڵتەمان پێدەهات. بەڵێ گاڵتە، نەک ڕق و خۆزیای کوشتن، گاڵتەمان بە زۆربەی سیاسەتوانان دەهات ودەکرد، هەڵبەتە کەسایەتیەکی سەنگینی هەبوو، بەڵام چونکە کەسێکی ڕوح سووک وهەندێک فێشاڵباز دیاربوو، بۆیە وەکو لێبوک وخاپینۆک دەهاتە بەرچاومان نەک وەکو کەسێکی شەڕەنگێز یان خوێنڕێژ یان دژمنی ڕاستەقینەی گەل.

لە دوا ڕۆژانی خوێندنا، لەو کورتە پشووەدا کەبەرلە تاقیکردنەوەی بەکالۆریوس دەیاندایێ، بانگی کردین بۆ نووسینگەکەی خۆی تا

کۆبوونەوەمان لەگەڵدا بکات. دە کوڕ بووین. خوێندکاری بەکالوریۆسی ئەو بەشە بووین کەلە پاڵپۆستە گشتیەکەیخۆیدا سەرۆکایەتی دەکرد.

لە بەردەم مێزەکەیدا داینایین، چاوە شینەکانی بە ڕوخساردا دەگێڕاین، ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگی لە فکران ڕاچوو، بزەیەکی کرد، بەدەم سەرلەقاندنێکی تەوسامێزەوە گوتی:

- ئێمە زۆرمان نەماوە بۆ جیابوونەوە، جیابوونەوە بە بێ ماڵاوایی و دوعاخوازی نابێت...

دیسان کەوتە چاوگێڕان بەسەرماندا و بەدەم سەرلەقاندنەوە گوتی:

- زۆرجار هەوڵمداوە پەی بە ڕازی دڵ و دەروونتان بەرم، بەڵام ئەوەی لای ئێوە خەیاڵ بووە لای من بەتاڵ بووە!

ئەوسا دوای بێدەنگیەکەی درێژ، بێدەنگیەکی زۆر درێژ، دێتە سەر باسی بابەتەکە. بەڵام پێویستە خۆمان پابەندی ئەدەب بکەین. دەبێ ئەوەمان لە بیربێ، کەلە هەر بابەتێکا هەم تاقیکردنەوەی نڤیساری وهەم تاقیکردنەوەی لێڤکیمان(زارەکی) لە سەرە. هەروەها دەبوا ئەوەش ڕەچاوبکەین کە ئەنجوومەنی بەش بۆی هەبوو- بەدەر لەو نمرەیەی خوێندکار وەری دەگرت- بەجۆرێ دەستکاری ئەنجامەکان بکات کە لە گەڵ ئەو ئاستە گشتیەدا تێکبکاتەوە کە مامۆستاکان قەراریان لێدەداو دیاریان دەکرد. هەرهەموو ئەوە دەیکردە کارێک، بێ چەند وچوون، بێئەوەی یەکێک بەرگریمان لێبکات و لە دادمان بپرسێت، دەربەست بکەوینە ژێر ڕەحمەتی ئەوەوە.

لە سەر قسەکەی ڕۆیی وگوتی:

- مەسەلەکە ئەوەیە، دیقەتم دا خەڵکانێک وتار دەدەن وخەڵکانێک کاردەکەن، ئیدی من خەتی کارکەرەکانم گرت و، ئەنجام هەموومان میسرین.

هەمووومان بێدەنگ بووین، تەنیا یەکێکمان نەبێکە بەجورئەتەوە هەڵیدایە و گوتی:

- ئەوەی بە وتار وقسان داوای خۆیبوون ودەستوور دەکات، لەوە باشترە کە کۆڕنیش دروست دەکات وخوێن دەڕێژێ.

ئەو کوڕەی ئەو قسەیەی کرد ناوی ئیسحاق بقتەر بوو، تاقە دەوڵەمەندی ناو ئێمە بوو، دوای ئەزموون و تاقیکردنەوەکان دەچوو بۆ مەزراکەی لە دەوروبەری قاهیرە تا باشترین جۆرێن گوڵ بڕوێنێ، دکتۆر ئیبراهیم عەقل تووڕە نەبوو. بزەیەکی کرد وبە سووکە کەسەرێکەوە گوتی:

- هیچ شتێک وەکو سیاسەت ئەقڵ گەندەڵ ناکات..

ئەوسا بە دەنگێکی پاڕانەوە ئامێزەوە:

- حەقیقەت، حەقیقەت بپەرستن، لە دنیادا هیچ شتێک لە حەقیقەت بەنرخترو گەورەتر نییە، حەقیقەت بپەرستن و هەر هەموو ئەو شتانە وەلا بنێن کە حەقیقەت دەشێوێنێ.

پابەندی بێدەنگی بووین، تاقیکردنەوەی لێڤکی ومافی ئەنجوومەنی بەشمان، لەبەرچاو و لە خەیاڵ بوو، بەڵام ئەو دووبارە هەڵیدایە وگوتی:

- من موناقەشەی بقتەر ناکەم، بە وشەیەکیش باسی سیاسەت ناکەم، بۆیە گازم کردوون تا پێکڤە چاوێک بە ئایندەدا بگێڕین.

ئیدی ئاسوودەیی وەکو تیشک و ڕوناکی لە دڵ و دەروونمان گەڕا، ئۆخژنمان کەوتە دڵ ودەروون، لە ئاستەنگەکانی سیاسەت ڕزگار بووین،

ئەوا دەرگای ئایندەی کردەوە، کە بە خەم وکەسەرێکی ڕەشبینانەوە چاودێریمان دەکرد، بەتایبەتی لەو کاتەوە کە کۆمەڵێک بڕیاری وەزاری سەبارەت بە ڕاگرتنی دامەزراندن و پلە بەرزبوونەوەو سەرمووچەوە، بۆ ماوەیەکی نادیار دەرچوو. ئیدی ئومێدمان بە چی بمێنێ و مامۆستاکانمان چ بەڵێنێکیان پێ بوو؟ گوتی:

- ئیدی ڕۆژگاری قەیرانە، قەیرانێکە هەموو دنیا دەهاڕێت، تەنیا تایبەت نییە بە وڵاتی ئێمەوە، وەکو هەندێ کەس وا وێنا دەکەن، ئەدی ئێوە چ دەکەن، چارتان چییە؟

کەمێک بێدەنگ بوو و ئەوجا گوتی:

- بە ئاسانی دانامەزرێن، وا زووبەزوو خێزان پێکەوە نانەن، هەڵبەتە هەرکەسە و بەختی خۆی، بەخت جیاوازە..

بەدەم بزەیەکەوە، پێشوازی نیگا سارد و سڕ و بێ ئومێدەکانی کردین و گوتی:

- تەنانەت ئەو دەرفەتە لاوازانەی کە بۆ پزیشک وئەندازیار وپارێزەر، لەواری کاری ئازادا هەڵدەکەوێ، بۆ ئێوە هەڵناکەوێ، بەڵام شتێکی گرینگتان بۆ دەمێنێتەوە، کە ڕەنگە کەستان تا ئێستا بیرتان لێنەکردبێتەوە!

جارێکی دی چاومان گەشایەوە، لە سەر قسەکەی بەردەوام بوو وگوتی:

- ڕێگەی حەقیقەت و ئایدیالتان لەبەردەمە!

هەریەکەمان ماڵبات ودڵدار وخۆشەویست وئاوات وخۆزیای دامەزراندنی بیر کەوتەوە. لێ ئەو گوتی:

- تەماحی دنیایی کەم بکەنەوە، بەبەشی خۆتان قاییل بن، دنیا هەرچییەکی پێ بەخشین، پێی قاییل بن، بەڵام تاسەی حەقیقەت سنووری بۆ دامەنەن!

ئەرێ ئەم پیاوە بۆ ئەوەی بانگ کردووین عەزابمان بدات و پێمان ڕابوێرێ؟

- دانیشتن لە بن دارێکا ولە ڕۆژێکی ساف وساماڵا، باشترە لەوەی مەزرایەکت هەبێت.

تۆ وا دەڵێی، ئەی ئەو کەسەی هەموو بەهایەکت لە پێناوی... فرۆشتووە...

- حیکمەتی ژیان بەنرخترین دەستکەوتی ئەم پێنج و دوو ڕۆژەی دنیامانە...

هەرکە لە کۆلێژ وەدەرکەوتین، لە نائومێدیدا تێر بەو قسە لێکدژانە پێکەنین. ئیدی هەر قسەیەکی کرێتمان بە زارا هات پێمان گوت: - گەوج، هیچ وپووچ.

- لێبۆک

- درۆزن، خاپینۆک.

لەوساوە کە کۆلێژمان تەواو کردووە، ماوەیەکی زۆر بوریوە، بە درێژایی ئەو ماوە دوور ودرێژە، تاقە جارێکیش نەمدیتوە. نەهاتووەتە بەرچاوم و نەهاتووەتە خەیاڵم، مەگەر لە بۆنەیەکی دەگمەنا. لەوەتای بە زەبری هەلپەرستی خۆی ئەو پۆستە گەورەیەی وەرگرتبوو، خۆی لە هاتوچۆی دیوەخانەکەی دکتۆر ماهیر عەبدولکەریم دەدزییەوە، نەبا بەر هێرشی هەندێ لە توندڕەوان بکەوێ، بۆیە، ناوبەناو سەردانێکی تایبەتی هاوڕێکەی دەکرد. بۆیە سیازدەساڵی خشت چاوم بە چاوی نەکەوت، تا

ئەوەبوو پێشهاتێکی ناخۆش هاتە پێشەوە، بەڵکو بۆنەیەکی یەجگار کارەساتبار بوو، هەر دوو کوڕەکەی، لەو پەتای کولێرەیەدا، کە لە ساڵی ١٩٤٧ دا لە وڵاتا بڵاوبووەوە، لەدەست دان، کە خەبەرەکەم بیست تووشی شۆک بووم، زۆرم لەبەر گران بوو، یادەوەری بۆ گازینۆی ئەنفوشی بردمەوە، بۆ ئەو ساتەی کە ئەو مجامەلەی هەر دوو کوڕەکەی دەکرد. کە بیرەوەری وکۆتاییەکی ناخۆش بوو. چووم بۆ جیزە تالە پرسەکەدا بەشداری بکەم. بە ڕاستی پرسەیەکی ناخۆش وخەمناک بوو. پیاوە، بە باڵابەرزەکەیەوە، لە دووی جەنازەکان دەڕۆیی، لە تۆوایە پەیڤداری نائومیدیەکی کوێرانەیە. کە سەرخۆشیم لێکرد،لەوەناچوو ناسیبمیەوە، ئاوڕی لەکەس نەدەدایەوە، گوێی بە هیچ شتێکی دەوروبەری نەدەدا، بەڵام وەختێ دکتۆر ماهیر عەبدولکەریم لێی چووە پێشەوەتا سەرخۆشی لێبکات، هەرچەند هەوڵیدا واخۆی بنوێنێ بە سەبر وهەدارە، بەڵام بە دەم فرمێسکەوە هەر دووچاوی داخست. لە نیوە شەوا، دکتۆر ماهیر عەبدۆلکەریم، داوای لێکردم لەگەڵ ئەواو بە ئوتومبیلەکەی ئەو بۆ شار بگەڕێمەوە. لە ڕێگادا وبە هاوسۆزیەکی زۆرەوە ولەبن لێوانەوە گوتی:

- خودا سەبووری بدات، بەڕاستی کارەساتێکی...

منیش بۆم سەندەوەو لە ڕاستیدا، زۆرم لەبەر گران بوو. دووبارە گوتی:

- بەڵام قسەکەی نیگەرانی کردم!

لێم پرسی چ شتێک نیگەرانی کرد، بەرسڤی دایەوە:

- بە دەنگێکی وێردئاساوە دەیگوت مردن جوانە، ئەو مەزڵوومە، ئەگەر مردن نەبووایە، ژیان هیچ بایەخێکی نەدەبوو...

بەبێدەنگی لە فکران ڕاچووم، مامۆستاکەم دووبارە گوتی:

- خوا سێبووری بدات...

جارێکی دیکە دکتۆر ئیبراهیم عەقل، لەبەرچاوم ون بوو، هەرچەندە بۆ ماوەیەکی زۆر کارەساتەکەیم لەبیر نەچووەوە. لە هۆڵی کۆشکی منیرەدا، زانیم کەلە ساڵانی دوای کۆستەکەی چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە. دەیانگوت بە زۆری لە مزگەوتی حسێن دەبینرێ. بە سەعاتان، چوارمشقی لەبەردەم نزرگەکەدا دادەنیشێت. بە کورتیەکەی بووە بە دەروێش وبەتەواوەتی و بێ چەند وچوون، ملی بۆ ئیمان داوە، ئیدی ئەم ڕەفتارەی زۆر گەنگەشەی سەبارەت بە ئیمان بە شێوەیەکی گشتی ناوەتەوە، ئیمان لە خۆڕسکیەوە، ئیمان لە قەناعەتەوە، ئیمان لە کارەساتەوە، ئیمانی فەلسەفی و فەیلەسوفان، ئیمانی پیری. ماهیر عەبدولکەریم، هەر هەنجەتێکی، کە بۆنی هێرشی، دووراودووریشی بۆ سەر ڕەفتاری هاوڕێ دێرینەکەی لێ بهاتبا، ڕەت دەکردەوە. دکتۆر ئیبراهیم عەقل لە ساڵی ۱۹٥۰ دا کە گەییە تەمەنی یاسایی خانەنشین بوو وبە تەواوەتی خۆی بۆ دەروێشایەتی تەرخان کرد. ساڵی ۱۹٥۳، ڕۆژێک لەبەردەم " الباب الاخضر " لە گەڕەکی حسەین، بەرێکەوت تووشی بووم- دەچوو بۆ مزگەوت یان دەگەڕایەوە، نازانم – سەروسیمای بەهەیبەت وقژی سپی- سەرنجی ڕاکێشام. لێی نزیک بوومەوە، دەستم درێژ کرد کە تەوقەی لەگەڵ بکەم، دەستی گوشیم، بە جۆرێ تەمەشای دەکردم لەوە نەدەچوو، ناسی بیمەوە، کەخۆم پێ ناساندەوە، بەدەنگە زلەکەی هاواریکرد: - تۆی!... حاڵت چۆنە؟ چ دەکەی؟

کە بەرسڤم دایەوە گوتی: - لێم مەگرە، من ناخوێنمەوە.

تا لای ئوتومبێلەکەی کەلە مەیدانی ئەزهەردا ڕایگرتبوو، چووم ولەوێ لێی پرسیم: - دەنگ وباسی دنیا؟

ئیدی ئەوەی بە بۆچوونی خۆم شایستەی گێڕانەوە بوو، بۆم باسکرد، بەتایبەتی ئاماژەم بۆ شۆڕشی تازە کرد، گوتی:

- هەڵکشان وداکشان، مردن وژیانەوە، مەدەنی عەسکەری، با دنیا بە ڕێگای خۆیدا بڕوات، بەڵام من خۆم بۆ سەفەرێکی دی ئامادە دەکەم.

ئیدی " دکتۆر ئیبراهیم عەقل "م لە بیر چووەوە تا پێمواپە لە ساڵی ١٩٥٧ دا، هەواڵی مردنەکەیم خوێندەوە. پاشان سەیرترین شتم دەربارەی بیست، کە گواپە برازاکەی دەستنووسێکی ئەوی دۆزی بووەوە، بریتی بوو لە جوانترین پاچڤەی دیوانی " ازهارالشر "ی بۆدلێر، جا لەبەر ئەوەی برازاکەی تاقە میراتگری ئەو دەبێ- ژنەکەی بە ساتێک بەرلەخۆی مردبوو – ڕێگەی دابوو دەستنووسەکە بڵاوبکرێتەوە، بەوجۆرە ناوی ئەو لە کتێبخانەی عەرەبیدا، بەتەنیشت ناوی بودلێرەوە، لەسەر دیوانی " ازهار الشر "دا مایەوە.

تێکڕای خوێندکارەکانی دکتۆر ئیبراهیم عەقل، هەمان ڕاوبۆچوونیان دەربارەی هەبوو، هەر هەرموویان بە لێبۆکیان دەزانی. بەڵام هزرڤان و بیرمەندێکی سەنگینی وەکو مامۆستا سالم جەبر بە قوربانیەکی کۆمەڵگەیەکی گەندەڵی دەزانی، بەڵام گلەیی لە دوورە پەرێزییەکەشی هەبوو، ڕۆژێک مامۆستا ماهیر عەبدۆلکەریمی مامۆستام بە دەنگە نزمەکەی پێی گوتم:

-ئێوە غەدر لە ئیبراهیم عەقل دەکەن.

چونکە بە هاوسۆزیەوە باسی هاوڕێکەی دەکرد، دڵم نەهات هیچ بڵێم، ئەو گوتی:

- ئەقڵیەتێکی دەگمەنە، وەختایەک لە سۆربۆن بووین، بە زیرەکیەکەی سەرسامی دەکردین.

گوتم: -کەس هیچ سوودێکی لە زیرەکیەکەی نەبینی...

خۆی لە کۆمێنتەکەی من بوارد وگوتی:

- ئەو تاقە کەسە لە میسرا، کە ئەقڵێکی فەلسەفی هەیە، فەلسەفیانە دەیڕوانیە شتەکان..

بەدەم زەردەخەنەیەکەوە تەمەشای کردم و ئەوجا لەسەری ڕۆیی:

- ڕاستە بەهرەی نووسینی نەبوو، بەڵام قسەکەرێکی بەهرەمەند بوو، سۆکراتێ بوو لەو گۆڕە، پۆختەی بیرەکانی بەهاوڕێ گیانی بە گیانیەکانی دەدا، ئەوەی پێی بوو بە ئاسانترین شێوە بەخەڵکی دەگوت.

پێمگوت:

- ڕەنگە پێوستی بە ئەفلاتوونێکی تازە بووبێ، تا ئیحتوباری بۆ بگێڕێتەوە!

بەڵام تەواو، تیاچوو، ڕۆیی وبڕایەوە، هیچی لەپاش بەجێ نەما جگە لە کارەسات و پاچڤەیەکی دەگمەنی "گوڵی شەڕ" .

## ٢ – ئەحمەد قەدری

ئەحمەد قەدری لە یادگەی منا بە هەنگوین و بابۆڵە وسینەماوە بەستراوەتەوە، هەروەها گرێدای ڕووداوێکە کەلە بیر ناچێتەوە. لە ماڵباتێکی دێهاتی خزمی خۆمە، هەندێجار ولەهەندێ وەرزا دەهات بۆ ماڵمان تا چەند ڕۆژێک لە قاهیرە بەسەر بەرێت. سەردانەکەی بە گەمەکردن لە شەقامە هێورەکانی عەباسیدا کە دەوروبەری پڕ بوو لەباخ و باخچە بەسەر دەبرد، ئەو کاتانە من تەمەنم هەر هەشت، نۆ ساڵان دەبوو، پێنج ساڵێک لە من گەورەتر بوو، تاقانەی دایک وباوکی بوو، زۆر بزێو بوو، شەیتانێک بوو لەو گۆڕە. جارێک پشنیازی سەفەرێکی کرد، جا بۆ ئەوەی نیازپاکی خۆی بنوێنێ، ئیزنی لە بابم وەرگرت کە لە گەڵ

خۆیدا بمبات. قاتە کورتەکەم لەبەر کرد ولەگەڵیا ڕۆیشتم. کە دەچووین بۆ وێستگەی ترام بەدەم ڕێوە گوتی: - پسکیتت بۆ دەکڕم بەڵام بە مەرج.

پرسیاری مەرجەکەم لێکرد، گوتی:

- ئەوەی پێتی دەڵێم بە تەواوەتی ئەزبەری بکەیت و لە گەڕانەوەماندا بیڵێیتەوە..

لێم پرسی ئەو شتە چییە کەدەبێ ئەزبەری بکەم، گوتی:

- چووین بۆ سینەما ئولیمبیا و فیلمی چارلی چاپلنمان بینی.

بەڵێنم دایە، پسکیتی خۆم وەرگرت و پاشان سواری ترام بووین، لە جادەیەکا، لە ترامەکە دابەزین، کە پێشتر نەمبینی بوو، لە دنیایەکی تازە وغەریب و سەیرا، لەم گەڕەکەوە بۆ ئەو گەڕەکی بردم. پەلکێشی کردم وکردمی بە دەروازەی ماڵێکی یەجگار سەیرا، سێ ژن لە دالان و ڕاڕەوەکەیا دانیشتبوون، میکیاج وجلەکانیان مایەی سەرنج بوون، چاویان ئەفسوون دەکرد، ئیدی گوێیان بەوە نەدەدا تا سەرووی ڕانیان و سینگ ومەمکیان بەدیار بکەوێ. یەکێکیان هەستا، بە پیریەوە چوو، لە شوێنەکەی ئەو دانیام و گوتی:

- لە جێی خۆت مەجووڵێ تا بۆلات دێمەوە...

بە دوو ژنەکەی سپاردم وبەخۆی لە گەڵ دۆستەکەیدا وەژوورکەوت. چاوم بڕییە کاشیە تازەکانی ڕاڕەوەکە، تەمەشای دوو ئافرەتەکەم نەدەکرد، لە هەمان کاتا هەستم دەکرد، لەبن دەستی منەوە سەرپێچیەکی ترسناک دەکرێت، ناوبەناویش گوێم لە لە دەنگی یەکێک لە ژنەکان دەگرت کەبەدەم گۆرانیەوە دەیگوت "یوم ما غضتني العضة ". ئەوجا ئەویتریان لای لێکردمەوەوپرسی:

- نیو ڕیاڵت پێیە؟

وەڵامم دایەوە نەخێر، پرسی: - ئەدی چەندت پێیە؟

بە دوو دڵی وئەدەبەوە بەرسڤم دایەوە: - یەک شلنگ.

- زۆر چاکە، حەزدەکەی شتێکی جوان و ناسکت نیشانبدەم کە نەت دیبێ؟

- بەڵام ئەو پێی گوتم کە لە جێی خم نەجووڵێم..

- تەنیا یەک دەقیقە لەم ژوورەی بەردەمتا..

- نا!

- مەترسە، لەچی دەترسیت!

دەستی گرتم وبۆ ژوورەکەی بردم، دەرگاکەی داخست وگوتی:

- کوا شلینەکە بێنە...

بێ دوو دڵی دامێ، لە کاتێکا بە نیگا دای دەبێژتم گوتی:

- قاتەکەت دا بکەنە.

بە ترسەوە گوتم: - نەخێر..

عەزیزیەکەی داکەند وبە ڕووت وقووتی لەبەردەمما وەستا. بۆ یەکەمجار ئافرەتێکی ڕووت و قووتم بینی، ئەو ڕەفتارە نائاساییە زۆری ترساندم. سەراپام لە ترسا نقوم بوو، ئەو دیمەنەی کە لە پڕا دیتم زۆری ترساندم. بەدەم لەرزینەوە بەرەو دەرگاکە گەڕامەوە.

دەرگاکەم کردەوەو بە هەشتاو غارم دایە دەرەوە، گوێم لە پێکەنینە گەوجانە شەپۆلدارەکەی بوو کە وەکو مار دووم دەکەوت. ژنەکەی دی بە قاقای پێکەنینەوە پێشوازی کردم. ئاماژەی بۆلای کورسییەکە کرد کە دانیشم، لێ من لە ناوەندی ڕاڕەوەکەدا ڕەق ڕاوەستام، نەمدەویست

دەست بە هیچەوە بدەم ونەهیچ شتێک دەستم تێوە بدات. ئەو بەرەڵایانەی دەرێی ماڵەکە بەسەرسامی تەمەشایان دەکرد و دزیوترین تانەیان لێدەدام، پێیان ڕادەبواردم. قوڕێکم بۆ گیرابووەوە ئەوسەری دیار نەبێ، مەینەتی وام بەخۆمەوە نەبینی بوو، هەر مردم تا ئەحمەد گەڕایەوە، بە ساردییەکەوە لێی پرسیم: - چیتە، بۆ وەکو پاسەوان ڕاوەستاوی؟

وەکو یەکیک لێی قەومابێ، پڕم بە قۆڵیا کرد، ئیدی بۆ دەرەوەی بردم، گەڕانەوەکەمان وەکو هاتنەکەمان ئاسان نەبوو، تووشی خۆپیشاندانێکی گەورە بووین، ئیدی خۆی بە لاکۆڵانێکا کرد، گیزوهۆڕی گوللە لە ئاسمانا دەنگی دەدایەوە. وەختایەک لە ترامەکەدا دانیشتین، وەکو ئەوەی تاقیم بکاتەوە، پرسی:

- لە کوێ بووین قارەمان؟

بەدەمی وشکەوە وەڵامم دایەوە: - لە سینەما ئولمبیا.

- چیمان بینی؟

- چارلی چاپلن.

- ئافەرین، ئەدی بۆ ڕەنگت هەڵبزرکاوە؟

- هیچ.

- ئەو دوو ژنە بێزاریان کردیت؟

- نەخێر..

بە نیگەرانیەوە کەوتە تەمەشاکردنم و ئەوجا دووبارە پرسییەوە:

- چیتە؟

خەمێکی وا دایگرتم لەزگ بوو دەست بەگریان بکەم، بە نیگەرانییەوە لێی پرسیم:

- چیتە؟

بە پەستیەوە گوتم:

- هیچ، شتێکی زۆر تایبەتە، دورا، دورا ئەو جوانە نییە کە من وێنام دەکرد..

- دورا!... ئەم دورایە کێیە؟

- خۆشەویستەکەی دان..

- دان کێیە؟

- پاڵەوانی ڕیسکان، گۆڤاری منداڵانت نەخوێندووەتەوە؟

- منداڵان؟!.. وڕینە دەکەی؟... دەموچاوت ئاسایی بکەوە، تا ئاسایی نەبیتەوە، بۆماڵ ناڕۆینەوە!

- نەیدەزانی چەند شیفتەی دورام، نەیدەزانی من وام وێنا دەکرد کەجەستەی ئەڵماسی خالیسەیە! بەهەرحاڵ، ئەو ڕۆژگارانەی ئەو لە قاهیرە بوو، خۆشترین ڕۆژگاری من بوون. فێری فووت بۆڵ و بۆکسێن و بەرزکردنەوەی قورسایی کردم، بە نوکتە وپێکەنینۆکەکانی دڵخۆشی دەکردم، لە ڕێکردنا لاسایی چارلی چاپلنی دەکردەوە. مەنەلۆجە بەناو بانگەکانی دەگوتەوە، لاسایی کوێخای گوند و گەورەی پاسەوانانی دەکردەوە. داک وبابی بۆ قاهیرە گواستیانەوە، لە عابدین ئاکنجی بوون، ئیدی ناوبەناوێک سەردانی دەکردین، لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا چەقی و بۆی نەبڕدرا، پەیوەندی بە قوتابخانەی پۆلیسەوە کرد. دوای ئەوەی تەواوی کرد، لەبەر ئەوەی لە یەکەمەکان بوو لە قاهیرەدا

دامەزرا. ئیدی بە ژیانی تازەوە مژوول بوو، سەردانی نەدەکردین و وەکو بێگانەمان لێهات. بە درێژایی ئەو ماوەیەی لە قاهیرەدا کاری دەکرد، مەگەر بە ڕێکەوت وبە شێوەیەکی ڕەوتەنی بمدیبا کە بە دزییەوە لە سەرای " دایەرە "عیسام بەگا، دوای ڕیسکێکی ئاشقێنی وەدەرکەوتبا. داک وبابی مردن، ئیدی بە تەواوەتی لەبیرم کرد، تا ڕووداوەکانی دووەم جەنگی جیهان وڕووداوەکانی پاش جەنگ، دوای ئەوەی بە ئەندامی پۆلیسی سیاسی هەڵبژێردرا، وەبیریان هێنامەوە. ئەحمەد قەدری گۆڕابوو، ئەو ئەحمەد قەدریە نەبوو کە من دەمناسی، بووبوو بە کەسایەتیەکی ترسناک، جۆرەها ئەفسانەی ترسناکیان لە دەوری دروستکردبوو، کرابوو بە قامچی عەزابی دەستی زۆرداران، نیشتمان ونیشتمانپەروەرانی پێ سەرکوت دەکرا. کە ئەو شتانەم دەربارەی دەبیست سەرم دەسووڕما کە چۆن ئەو پیاوە ناسک وئەهلی ڕابوردنە، بووە بە ئەهریمەنێک لە ئەهریمەنانی ئەشکەنجە، چۆن گەنجانی لیبراڵ وخودان ئایدیای ئازاد سەرکوت دەکات، بەر شەلاخیان دەدات وجگەرە لە سەر پێڵوی چاویان دەکوژێنێتەوەو بەگاز وپلایس نینۆکیان دەردێنێ! چەند جارێک بە گوێی خۆم لە هەندێ کۆڕ ومەجلیسی برادەرانی ئەهلی فیکر ونیشتمانپەروەری وەکو ڕەزا حەمادە وسالم جەبر و کەسانی دیدا، باسی ڕەفتارەکانیان کردووەو گلەیی و گازندەیان لێی هەبووە، دەیانگوت مادامێکی هەل ومەرجی بەرپابوونی شۆڕشێکی سەرانسەری لەئارادا نییە، خۆ دەکرێت، چەند کۆمەڵەیەکی نهێنی، بۆ تیرۆری سیاسی بێتە دامەزراندن وبەرگری لە میللەتی بێ چەک بکات. هەربە ڕاستیش لە بەردەم یانەی محەمەد عەلیدا، هەوڵێکی تیرۆرکردنی درا، بەڵام بە پەڕجوو ڕزگاری بوو و لە دەستی تاوانبارە خۆی گوتەنی ترسنۆکەکاندەرباز بوو.

دوای شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٢، درایە دادگا، ئەنجام خانەنشین کراو تەواو، بە نیسبەت منەوە تەواو، بە یەکجارەکی لەبیر چووەوە، تا لە پایزی ساڵی ١٩٦٧ دا، بە تەلەفۆن بۆ خەستەخانەی ئەنگلۆ ئەمریکی بانگکرام. لەوێ کەوتبوو، جەڵتەی دڵ لێی دابوو، یەکەمجار نەمناسییەوە. تەمەنی لە سەرووی شەست ساڵەوە بوو، بە دیمەنی ئەوا، وێنەی باوکیم لە دوا ڕۆژەکانیا، وەبیرهاتەوە. گوتی:

- ببوورە، کە ئەزیەتم دای...

ئیدی ئەوەندەی بۆم کرا دڵم دایەوە، گوتی:

- جگە لە تۆ کەسم نییە، لە ڕاستیدا..

ئەوجا بە دەنگێکی چپە دوو گوتی: - ئەگەر مردم بمنێژیت.

دووبارە کەوتمە دڵدانەوەی. بە دزییەوە حاڵیم لە دکتۆرەکە پرسی، دڵنیای کردم کە مەترسی لە سەر نەماوەو، ئیدی سیحەتی دەوەستێتە سەر ورەو ئیرادەی خۆی، کە گوێی لەو زانیاریانە بوو گوتی: - خۆ من هەر یەک دەردم نییە!

هەرکە قسەکەی کرد، یەکسەر بیرم بۆ لای مەی و ژن و قومار چوو، گوتم:

- خۆت لە هەڵچوون دوور بگرە، باجەڵتەیەکی دیت بۆ نەیەت.

بە بێ موبالاتییەوە گوتی:- ئەو هاتووە، هاتوو، بابێ.

لە ڕۆخساری نەخۆشیا، بۆ ئەو هۆڤی ودڕندە موزیرە دەگەڕام کە کاتی خۆی ترس و لەرزی دنیای نابۆوە، یا ئەو لاوەلیبوکەی دنیای دابووە بەر کلکان، بەڵام بێهودە، تەنیا هەستم بە ئەرکی مرۆڤانی دەکرد بەرانبەری. بۆم دەرکەوت بەتەنێ لە گەڕەکی زەمالیکدا،لە شوقەیەکی بچووکدا دەژی، هەڵبەتە ژنی نەهێنابوو، هیچ دۆست وبنازۆیەکی بە

دەورەوە نەمابوو تەنیا چەند پیرەمێردێکی یونانی ئالوودەی پێشبڕکێی ئەسپان نەبێ. سەری لەقاند وئەوجا مینگەمینگێکی کرد:

- پێموایە منیش وەکو ئەوان تەواو بووم، لێ بوومەتەوە..

خۆبەخۆ هەستم کرد مەبەستی کێیە. هێشتا تاڵاوی پێنجی حوزەیران لە دەممماندا مابوو. یەکسەر هەستم بەو ڕقە کرد کەلەوەتای خانەنشین کرابوو، پێوەی دەتلایەوەو لەگەڵیا دەژیا. حەزم نەدەکرد، لەبەر نەخۆشیەکەی، بە گژیا بچمەوەو بەرپەرچی ئەو تەحەدایەی بدەمەوە کە بەرانبەر بە سۆزە شەخسیەکانی من کردی. بەهەرحاڵ، پێشبینییە ڕەشەکەی سەبارەت ژیانی خۆی یان ژیانی شۆڕش نەهاتەدی، دوای سێ هەفتە لە خەستەخانە دەرچوو. هات بۆ ماڵەوە تا سوپاسم بکات. سحەتی باش دیاربوو، ئیدی کەوتە کاوێژکردنەوەی بیرەوەریەکانی نەوەی پێشوو. هەستم دەکرد، بە تاسەوە ڕابردووە سەیرەکەی خۆی هەڵدەداتەوەو چینەی لێدەکات، تا هەلم بۆ هەڵکەوت وگوتم:

- دەزانی، من باوەڕم بەو قسانە نەدەکرد کە لەبارەی تۆوە دەگوتران؟

وام هەستکرد، بە ئانقەست قسەکەی فەرامۆش کردم. هەستمکرد من هەڵەم کرد. بەڵام ئەو وەکو ئەوەی بیەوێ دان بە هەندێک ڕاستیاندا بنێ کە پەیوەندییان بە قسەکەی منەوە نەبوو، گوتی:

- هەندێجار وا ڕێدەکەوێ ئوتومبیلێک لە ڕێبوارێک بدات و بیکوژێ..

جگەرەیەکی داگیرساند ویەکەمین ئامۆژگاری دکتۆرەکەی شکاند و ئەوجا گوتی:

- خۆناکرێ خەتای ئەم ڕووداوە بخەینە ئەستۆی ئوتومبیلەکە. خەتاکە لە ئەستۆی شوفێرەکە یان ڕێگاکە، کارخانەکە یا قوربانیەکەدایە بەڵام ئوتومبیلەکە بێ تاوانە، هیچ خەتایەکی نییە..

دووباره گوتی:

- بۆچی له سەردەمانی وەفدا هیچ کەسێکمان عەزاب نەدابوو؟ مەسەلەکە ئەوەیە کە دوو جۆرە حکوومەت هەن، حکوومەتێک کە گەل دەیهێنێ، ئەم حکوومەتە، ئەگەر لەسەر حیسابی دەوڵەتیش بووە حورمەتی تاک دەگرێ و مافی مرۆڤانی بە تاک دەدات. حکوومەتێک کە دەوڵەت دەیهێنێ، ئەم حکوومەتە تا ڕادەی پیرۆزی، ئەگەر لە سەر حیسابی تاکیش بووە، ماف بە دەوڵەت دەدا...

هەروەها گوتی:

- بەو مانایەی کە تۆ تەسەوری دەکەی هیچ کەسێکمان عەزاب وئەشکەنجە نەداوە، ئەشکەنجەدانەکەمان وەکو ئەوە بوو کە چۆن تۆ ئەنکێتی ژمارە پەنجا ع . ح پڕ دەکەیتەوە. یان چۆن ڕاپۆرتێک لەسەر داوای وەزیر دەنووسیت، کارێکە وەکو هەرکارێکی دی، پێوەر وپێوانەی خۆی هەیە، لە چواچێوەی ئەرکی گشتیدا حیسابی خۆی هەیە. ڕەنگە تیاماندا هەبووبێ، بە موبالەغەوە کاری خۆی کردبێ یان بە تاسە ولەزەتێکی پەنهان یان ئاشکراوە ئەنجامی دابێ، وەکو چۆن هەندێک جار لەناو ئێوەشدا، خەڵکانێک پەیدا دەبن، بەوپەڕی دیقەتەوە کاری خۆ دەکەن، تا لەهەر کەموکۆڕییەک یان نەگبەتیەکی چاروەڕان کراو بە دوور بێ..

بەدەم قسەکردنەوە نیگای بڕییە وێنەیەکی سەر مێزەکە، بە وردی لێی ڕوانی، ئەوجا پرسی: - ئەمە دکتۆر ئیبراهیم عەقل نییە؟

بەسەرسامی گوتم: - بەڵێ، لە نێوان کۆمەڵێکی هاوڕێی کۆن وهەندێک مامۆستادایە، تۆ " دکتۆر ئەقل "ت دەناسی؟

- نەخێر، بەڵام هەندێک زرووفی دیاریکراو، واداری کردم، پەیگیری ئەو وێنانەی بکەم کە لە ڕۆژنامانا بڵاو دەبوونەوە..

- چ زرووفێک؟

قەدەرێ لە فکران ڕاچوو، ئەوجا گوتی:

- مردنی کوڕەکانیت لەبیرە؟

- بەڵێ، وەکو خەڵکانێکی دی بە کولێرا مردن.

پێکەنی وگوتی: - پێدەچێ – ئەڵڵاهو ئەعلەم- کولێرا تاوانبار نەبێ...

بەسەرسامی هاوارم کرد: - چۆن؟

- سەرۆکەکەم، یادی بەخێر، ڕۆژێک لە کۆڕێکی دۆستانەدا، بە چپە پێی گوتم، کوژراون!

- کوژراون؟!

- خۆت سەغڵەت مەکە، ئەوە مێژوویەکە ڕۆییوەو بڕاوەتەوە..

- بەڵام چۆن کوژراون وکێ کوشتوونی؟!

- هیچ شتێک خۆیا نییە، باوەڕم پێبکە هیچ شتێک دیارنییە، تەنانەت سەرۆکەکەیشم،تەنیا بیستبووی وهیچی تر،هەواڵێکی سەبارەت بە ئاشقێنیئافرەتێکی گرینگ و یەکێک لە پیاوانی پاشا وتاوانێکی کوشتن لە ماڵێکی چەپەک و چۆڵی سەر ڕێگای سارا پێ گەیی بوو..

- زانیاری زیاترم بدەیە..

- لەوە زیاترم پێ نییە، هیچ شتێک خۆیا نییە، باوەڕم پێبکە هیچ شتێک دیار نییە...

سوور بوو لەسەر هەڵوێستی خۆی، بە پێویستم نەزانی بەدرۆی بخەمەوە، ئەوەم بۆ دکتۆر ماهیر عەبدۆلکەریمی مامۆستام گێڕایەوە. حەپەسانێکی وام بە ڕوخسارییەوە بینی، کە پێشتر شتی وام بە ڕوخسارە ئارامەکەیەوە نەبینی بوو. گوتی:

- باوەڕ ناکەم، خوا لێخۆشبوو، ئیبراهیم عەقل، هیچ نهێنیەکی لە من شاردبێتەوە..

- ڕەنگە شتەکە پەیوەندی بە حکوومەتەوە هەبووبێ، بۆیە نەیگێڕاوەتەوە..

بە حیرەت وحەپەسانەوە سەری لەقاند، بڕیارم دا بابەتەکە لە بنج وبنەوانەوە فەرامۆش بکەم. بەڵام ئەحمەد قەدری، جارێکی دی لە ژیانما ئاوا بوو. هەندێجار لە گازینوی فنکسدا، لەنێو کۆمەڵێک پیرەمێرا دووراودوور دەمبینی، لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٠دا – دیتم بە مەیدانی تەلعەت حەربدا دەڕۆیی، بە شەویلاگە داتەکیوەکەیا بۆم بەدیار کەوت کە ددانی کێشاوە، بەڵام سیحەتی لەوە باشتر بوو کە من چاوەڕوانم دەکرد.

## ٣ – ئەمانی محەمەد

من وئەمانی محەمەد لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە یەکترمان ناسی، بە سڵاو وچاک و خۆشی ئاساییەوە، دەستی بە قسان کرد، داوای لێکردم هەندێ پرسیارم دەربارەی ئەو گەنگەشە وموناقەشانە لێبکات، کەلە تەلەفزیوندا، پەیگیری دەکردن. دیار بوو کەسێکی هونەردۆستە وحەزدەکات هەندێک سەرچاوەی دەست بکەوێ ودیدارێکی بەسوودی لەگەڵدا بکرێ. دەعوەتم کرد بۆ نووسینگەکەم بەڵام پێی گوتم حەز لە

جەوی نووسینگان ناکات، پێشنیازی کرد، دیدارەکەمان بخەینە دەرێی نووسینگەکە. ئیدی لە ئاخر وئۆخری بەهاری ساڵی ١٩٦٥دا، لە ئیسراحەتخانەی هەرەمدا یەکترمان بینی. وام چاوەڕوان دەکرد خوێندکارێک، یان تازە دەرچوویەکی زانکۆ بێتە دیدەنیم. بەڵام ئەوەی هات، ژنێکی کامڵ بوو، لەتەمەنی چل سالێدا بوو، گۆشتنێکی تەڕ و بڕی چاو ڕەنگین بوو، سنووری نێوان ئازادی ئافرەتی هاوچەرخ و خۆنوێنی ئافرەتی بەرەڵڵای بەزاندبوو. هەرکە چاوم پێکەوت، هەستم کرد، تەنیا هونەر سێیەممانبێ، ئیدی نە قبووڵ هەژاندمی ونە ڕەفز ڕێی لێگرتم، خۆم بە زرووف سپارد. لە سووچێکی ئەو باخچەیەی بەسەر شارا دەیڕوانی دانیشتین، بە جۆرە شەرم وسرکییەکەوە نیگای یەکمان دەکرد. لە قسەکردنا پیتی ڕای دەکرد بە غەین. گوتی:

- بمبووغە، نەبێ بە بێ ئەدەبی لە غووتا..

ئەوسا وەکو ئەوەی شتێکی بیر بکەوێتەوە گوتی: - دەبوایە بت بینم..

خۆشحاڵی خۆم بە دیدارەکە بۆ دەربڕی، گوتی:

- تەنیا هونەر دەتوانێ بۆشایی ژیانم پڕ بکاتەوە، خۆشبەختانە بەهرەم تیایە.

- خانمەکەمان فەرمانبەرە.

- نەخێر، شادەتنامەی بەغزیشم نییە، تەنیا ئامادەییم تەواوکردووە، بەڵام خوێنەرێکی زۆر چاکم، و پتر لە نماشێکی ڕادیۆییم نووسیوە..

- بەداخەوە گوێم لێ نەبووە..

- ئاساییە.

کەوتە مەدح و ستایشم و سوپاسی ئەو ڕێز وقەدر زانیەیم کرد، گوتی:

- من پێویستم بە هەندێک چاڤکانی(سەرچاوە) مێژوویی هەیە تا لەسەر نووسین بەردەوام بم.

- پێموایە داوایەکی ئاسانە.

- حەزدەکەم لە سەر بەنێو بانگترین ژنانی غۆژهەڵات بنووسم، بەتایبەتی ئەوانەی دەوری زندوو و نەمریان لە واری ڤیان و خۆشەویستیدا دیتووە..

- بابەتێکی جوان و سەرنجڕاکێشە..

بەدەم بزەیەکی ناسکەوە گوتی:

- تەماحی ئەوەم هەیە، لەم کارەدا شەریکایەتیم بکەی.. ؟

بێ هیچ دوو دڵییەک تەوازیم بۆ هێنایەوەو گوتم:

- من کاری دیکەم بەدەستەوەیە.

- دەتوانی سەرچاوەکانم بۆ پەیدا بکەی وکەرەستە زانستیەکەم بدەیتێ ولەو بابەتانەدا بەشداری بکەی کە حەزت لێیانە..

- سەرچاوەکانت پێدەڵێم.

بەڵام، خۆی لە گێلی دا، نارەزاییەکەمی بەهەند وەرنەگرت، لە کاتێکا دەیڕوانیە ترۆپکی ئەو سپیدارانەی ژێرمانەوە ، گوتی:

- لە باخچەدا کار دەکەین..

ئەوسا دوای سووکە هەڵوێستەیەک گوتی:

- دەتوانی گەورەم بکەی و تەشریف بۆ ماڵەکەم بێنی.

ئەم خولکە تازەیە، دوو دڵییەکەی ڕامالیم و پرسیم: - ماڵەکەت؟

- باری کۆمەڵایەتی خۆمم پێ نەگوتیت، من تەڵاقدراوم. لەگەل پوورە پیرەکەما دادەنیشم، کوڕ وکچێکم هەن لەگەڵ باوکیاندا دەژین.

- ئەدی پوورەکەت؟!

- پێکەوە کار دەکەین..

ئەوسا چاوی بڕییە دوور وگوتی:

- دەتوانین هاماجێکی(ئۆتمۆسفیر) چاک بۆ کارکردن بڕەخسێنین.

- بەڵام...

- بەڵام؟

- بە ڕاشکاوی دەیڵێم، حەیفە خانمێکی وەکو تۆ لە ژیانی هاوسەری بێبەش بێ..

بەتووندی گوتی:

- ژیانێکی سەرکەوتوو نەبوو، بۆ تاقە ڕۆژێکیش سەرکەوتوو نەبوو..

- سەیرە.

- فێری کردم چۆن ڕقم لێی بێ، پێشتریش خۆشم نەویستبوو.

- ئەدی بۆ قاییل بوویت شووی پێبکەی؟

- من کە شووم پێکرد تەمەنم شازدە ساڵان بوو، ئەقڵم بە دنیا نەدەشکا، هیچ حەسابێک بۆ ڕەئی من نەکرا.

- زۆر زەماوەندی سەرکەوتوو بەوجۆرە دەستی پێکردووە.

- پیاوێکی خۆپەرست، پیسکە وکێوییە.

نەیدەویست لە عومیات گۆییەوە بێتە سەر ئەسڵ و وردەکاریان، ئیدی لە بابەتەکە سارد بوومەوە، بەتایبەتی کە هاتەسەر بیرەوەریانی ڕابردوو، ڕابردوویەک کە پێدەچوو بەیەکجارەکی بەسەر چووبێ. تەنانەت هونەریش، کەوتە پەراوێزەوەو لە تاریکیدا توایەوە. بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، دەستە خرپنەکەی داخزی ولە سووچێکی مێزەکەدا، لەسەر دەستم گیرسایەوە:

- من پێویستم بە مرۆڤێکە دڵنیاییم بداتێ..

وێڕای ئەگەری زێدەڕۆیی ودرۆیان، هەستم بە جۆرە سۆز وبەزەییەک کرد بەرانبەری. لەگەڵ ئەوەشا بە شۆخییەوە لێم پرسی:

- بەم ڕادەیە حەزت لە هونەرە؟

بە پێکەنینەوە گوتی: - هونەر وژیان!

بەڵام بەدەم گەڕان وسوڕانەوەوە لە دەشتی هەرەما، هونەر ومێژوومان فەرامۆش کرد. زیاتر کەوتینە باسی واقیعی ئێستا، بەتایبەتی واقیعی ماڵەکەی و پوورەکەی، پیرییەکەی و خەوە قورسەکەی و هەستە سواو و پوواوەکانی..

- ئەگەر حەز دەکەی لە ماڵێکی دیدا یەکدی دەبینین!

بەدەم ئاوێتە بوونمەوە لە پیلانەکەدا، تۆفانی ئارەزوو خوێنی هێنامە جۆش، گوتم:

- با ئەمڕۆ بێ.

بەڵام بە شادی و بێ هیچ شێلە وبێلەیەک گوتی:

- سەبرم لێبگرە، تا جەوەکە سازدەکەم..

که ژوورەکە کۆی کردینەوە، تێکەڵەیەکی تیژ وخەست لە بۆنی عەتر وبرفان و بادەمم بەسەرا هات، کەلە نێو ڕووناکییەکی سووری کزدا شەپۆلی دەدا، هەندێ بیرەوەرییانی زۆر کۆن ودووری بیر هێنامەوە، کە تەسەورم نەدەکرد ڕۆژێ لە ڕۆژان بگەڕێنەوەو زیندووببنەوە. جارێکی دی لە ناکاوا ئارەزوویەکی مەستانەم لا زندوو بووەوە، هەڵبەتە بەدوور لە خۆشەویستیەکی ڕاستەقینە. بەڵام ئەمانی، ئەوپەڕی مەحەبەتی دەنواند، دوای هەنگاونانی کوێرانە لە شەوێکی تاریکا، گەیی بووە بەندەری مەبەست، تاسەیەکی بێ سنووری خۆشەویستی ومیهرەبانی، لە دڵێکی بێ بەش لە ڤیان ودایکایەتی ومتمانەوە، سەری دەکرد، ئیدی لە دیدارەکانی دواترماندا، بە ڕاشکاوی گرێی دڵی بۆ کردمەوە.

- ڕەوشی دارایییم باشە، لەو ڕووەوە هیچ گلەییەکم نییە..

یان دەیگوت: - باوکم، خوا عافوی بکات، سەبەبکار بوو..

یان دەیگوت:

- گەنجانی ئەمڕۆ ئامانیان نییە، باوەڕیان پێناکرێ، خوا ئاگاداری کچەکەم بێ..

هەستی مەسئولیەت تەنگی پێهەڵچنیم، کە ئەوەم بیردەکەوتەوە ژیانی هاوبەشمان، هیچ هێم وبناغەیەکی هاوبەشی نیە، ناکرێ تا هەتاهەتایە بەم شێوەیە بڕوات و، سۆز وسێکس بەتەنیا بەس نین بۆ ئاسایشی خێزانە تاک لایەنەکەمان، هێندەی دی ئەو هەستی مەسئولیەتەم لەلا زیاد دەبوو. ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی هەمان ساڵ- ئاخر و ئۆخری هاوین یان سەرەتاکانی پاییز بوو، مامۆستا عەبدە بەسیونی، هاتە نووسینگەکەم. هەرچەندە زۆر گۆڕابوو، بەڵام لەیەکەم نیگادا ناسیمەوە. وەکو ئەوەی چارەکە سەدەیەک بەسەر دابڕانماندانەبووری بێ، زۆر بەگەرمی

پێشوازیم کرد. باشە بۆ بەم ڕادەیە گۆڕابوو، خۆ هەر چەند ساڵێک لەمن گەورەتر بوو؟

لێم پرسی: -ئێستا چ دەکەی؟

پرسیارەکەی فەرامۆش کردم وگوتی:

-ڕەنگە بپرسیت، چۆنە دوای تەمەنێک دابڕان، هاتووم بۆ لات؟

-خێرە بێ هاوڕێی دێرین.

تەمەشایەکی کردم وبە هێمنی گوتی:

-من وەکو مێردی ئەمانی محەمەد هاتووم بۆ لات!

چرکەیەک بووری، حایر وحەپەساو هیچ حاڵی نەبووم، لە چرکەی دووەما مانای قسەکەی لە ئاگاییما وەکو ڕۆکێت تەقییەوە. ئەلهەقی بەسەر دنیاوە نەمام، شوێن و کات لە زەینما سڕدرانەوە، تەنیا ڕوخسارە خڕ وئەسمەرەکەی عەبدە بەسیونیم دەبینی، دەتگوت ڕوخساری کەسێکی دیکەیە، ڕوخساری پەیکەرێک کەلە ئەزەلەوە لەبەردەم نووسینگەکەما وەستابوو. ورتەم نەکرد، هەڵبەتە نەمدەزانی چ ڕەنگێک نیشتووەتە سەر ڕوخسارم، بەڵام ئەو بە کاوەخۆ سەری لەقاند وبەدەنگێکی کەوی گوتی: -پێویست بە پەشۆکان و ناڕەحەتی ناکات.

بزەیەکی کرد وگوتی:- تۆ ئاگات لە هیچ نییە..

ئەوجا دووپاتی کردەوە:- بۆ تۆڵە سەندنەوە نەهاتووم.

گەڕامەوەبۆ ژوورەکەم وسەر کورسییەکەم، بەڵام هەستێکی توند دایگرتم کە دنیای من لە هەرەس و داڕوخاندایە. گوێم لێبوو دەیگوت:

- خۆشبەختانە ئەو ڕۆژگارانەی لە پاریس بە سەرم بردن بە فیڕۆ نەچوون!

لە کاتێکا بە تەواوەتی دەستم لە خۆ بەردابوو، گوتم:- مەبەستت ژنێکی ترە.

- مەبەستم ئەو ژنەیە کە دوێنێ لە لای بوویت!

- بەڵام تەڵاقدراوە!

- لە ژێر ڕکێفی مندایە ومن مێردیم.

لەبن لێوانەوە گوتم:

- چ نەگبەتی وکارەساتێکە!

- بۆ ئەوە سەرم نەداویت تووڕە بم یان تۆڵە بستێنم.

- بەڵام خەریکە لە شەرمەزاری و حەیبەتاندادەمرم.

- تۆ گوناحت نییە.

ئەوجا بە توورەییەکی زۆرەوە گوتی:- تۆ دوا نێچیری ئەویت!

- چی؟

- جار ودووان وسێیان، هەموو جارێ فریا دەکەوم تا لە کەوتن دەربازی بکەم، تا ئایندەی کوڕ وکچەکەم بپارێزم..

- ئەمە چتۆ ژیانێکە!.. بەڵام..

هەڵوەستەیەکم کرد، زۆر ماندوو بووم، دووبارە پرسیم:

- باشە بۆچی تەحەمولی ئەمە دەکەی؟ بۆ ئەمە قەبووڵ دەکەی؟

- چارم نییە، هەرچەند داوای تەڵاقی کردووە، بەڵام تەڵاقی نادەم.

- بۆچی؟

- دایکی کچ وکوڕەکەمە، هەردووکیان لە تەمەنی هەرزەکاریدان، تەڵاق بۆ ئەو دەکاتە کەوتن و بەرەڵڵایی!

- لەوەیە شوو بکاتەوە.

- هی شوو کردنەوە نییە!

- بە ڕاستی هەڵوێستێکی دژوار وخەمناکە.

- بۆیە لێبڕاوم بیبەمەوە. زەرەر لەنیوەشی بگەڕێتەوە هەر قازانجە، خۆشبەختانە ئەو تەمەنەی لە پاریس بەسەرم برد بە فیڕۆ نەچوو!

بەکەسەرەوە گوتم:

- کە ژیان گەندەڵ بوو، زۆر دزێو دەبێت، هیچ تام ولەزەتێکی نامێنێ..

- بەڵێ، ڕەنگە باسی منی بۆ کردبیت، منیش قسەم پێ هەن، بەڵام من ڕژدم لە سەر ڕزگارکردنی ئەوەی ڕزگاردەکرێ، زەرەر لە نیوەش بگەڕێتەوە هەر قازانجە..

بەکەسەرەوە گوتم:

- قەت وێنام نەدەکرد، ڕۆژێ لە ڕۆژان بەم شێوەیە یەکدی ببینینەوە!

ئەمجارە گوێی بە عوزرخوایی وپۆزشەکەم نەدا. جگەرەیەکی پێکرد بە دەم ڕامانەوە کەوتە جگەرەکێشان، زۆر پیر وداڕوخاو هاتە بەرچاوم. ئەوجا چاوی تێ بڕیم و گوتی:- هەڵبەتە تۆ ژیانی ڕابردووی منت لەبیرە!!

بەڵێ لەبیرمە، هاوڕیەتی لە زانستگە. سەفەری بۆ پاریس تا لە سەر حیسابی خۆی بخوێنێ، دوای دوو ساڵ بە ناکامی وبێئەوەی خوێندن

تەواو بکات، بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە. پاشان بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵبژێردرا. ئیدی شۆرەتی خانەوادەیی و حیزبی و پەرلەمانی پەیدا کرد. گوتم:- هەڵبەتە لە بیرمە..

گوتی:

- کە شۆڕشی یونیو (تەموز) بەرپابوو، هیچ ناکۆکییەکم لەنێوان شۆڕش و بیرکردنەوەی ئازادی خۆما نەدەبینی..

- زۆر ماقوولە..

- ئیدی لە چوارچێوەی شۆڕشدا ودڵسۆزانە کەوتمە کارکردن، بەڵام بە نەهەق تۆمەتبارکرام و بەگەڵ هەندێک لەو بەرپرسە حیزبیانە خرام کەبە تۆمەتی پیلانگێڕی تۆمەتبار کرابوون و بۆ ماوەیەک گیرام و پاشان هەرچی موڵکم هەبوو دەستی بەسەرا گیرا..

زۆر پەست بووم، نەمدەزانی چ بڵێم، گوتی:

- ئیدی کاتێکم بەخۆ زانی کەوتوومەتە سواڵ!

- بەڵام خاوەن سەروەتێک فریات کەوت!

پێکەنی و گوتی:

- لەهەژار هەژارترە، پوورێکی دەوڵەمەندی هەیە بەڵام میراتگری هەیە، وادیارە لەوەشا درۆی لەگەڵ کردوویت.

بێدەنگیەکی کەم باڵی بەسەردا کێشاین تا گوتم:

- ئەوە ژیانی شێواندن؟

- نەخێر، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە شانم دایە بەر کاری جدی، هەموو کاتی خۆم و تاکو ئێستاش بۆ پاچڤەو وەرگێڕان تەرخانکرد، ئیدی بۆ

بڵاوکردنەوەی بابەتەکان پەنام بردەبەر هەندێک لە هاوڕێ دێرینەکان کە لە ڕۆژنامە وگۆڤارە جۆراوجۆرەکاندا کاریان دەکرد، بەڵام بەدەم مەینەتیەکەوە خوو و هەڵس و کەوتم گۆڕا، شەڕێکی بەردەوام کەوتە بەینمانەوە، بەینی من و ئەمانی یەوە..

- بەڵام ئەو شتانە کاتین، دەکرێ چارەسەر بکرێن.

- ئیدی کار لە کار ترازابوو، شتەکە لەدەست دەرچوو.

- بەڕاستی خەسارەتێکی کارەساتبار و باوەڕ نەکردەنییە..

- ژنێکی کەودەنە، ئەگەر لە بەر بەرژەوەندی کوڕ وکچەکەم نەبێ، شایستەی ئەوە نییە ڕایبگرم..

کەمێک بێدەنگ بوو، ئەوجا بە دەنگێکی ئیعتراف ئامێزەوە گوتی:

- جارێک بەدەم تووڕە بوونێکی شێتانەوە لێم دا، ئیدی ئەمەی لێکردم بە خوێنەکەی سیاوەش وهەر نەبڕایەوە..

- بە داخەوەم بۆ ئەو بەد بەختییەی کە تووشت بووە..

نەفەسێکی تازە کردەوەو گوتی:

- من داوات لێدەکەم، پەیوەندی لەگەڵدا ببڕە..

من کە باوەڕم نەدەکرد بەو ئاسانیە ڕزگاربم، گوتم:

- هەڵبەتە..

- قەناعەتی پێبکە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی..

- ئەوەی لە تواناما بێ دەیکەم. هەموو هەوڵێکی بە زیادەوە لە گەڵدا دەدەم..

ئەوجا، بەدەم جوڵەیەکی جدیەوە گوتی:

- بەسە، با لەوەی پتر باسی ئەم بابەتە دزێوە نەکەین..

لەناخی ناخەوە هەناسەیەکی ئۆخەیم هەڵکێشا، ئیدی کەوتە وەبیرهێنانەوەی سەردەمانی کۆنمان، لەوانەی کە بیری هێنانەوە، دکتۆر ئیبراهیم عەقل ودکتۆر ماهیر عەبدولکەریمی مامۆستامان بوون. گوتی:

- کە سەفەرەکەی " پاریس "م کرد ئیدی لە هاتوچۆی دیوەخانەکەی دابڕام، بەڵام زۆرجار سەردانی تایبەتیم کردووە، بیر لەوە دەکەمەوە، دووبارە بکەومەوە هاتوچۆ بۆ کۆبوونەوە وکۆڕەکانی دیوەخانەکەی..

سەرێکی لەقاند وگوتی:

- زەوی وزاری ماڵباتەکەیان لە ڕیفۆرمی کشتوکاڵیدا فەوتان، کۆشکی منیرەی فرۆشت وڤێلایەکی لە میسری جەدیدە کڕیوەو دیوەخانە گەورەکەی بۆ ئەوێندەر گواستووەتەوە.

- دەزانم، من لە ساڵی ١٩٣٠وە بەبەردەوامی هاتوچۆی دیوەخانەکەی دەکەم..

ئەوجا کەوتە ستایشی چالاکی وپێشکەوتنەکانی من وگوتی:

- من بەردەوام لە هەوڵی پاراستنی کەرامەت وئابڕووی خۆمدام..

- تۆ نموونەیەکی باشیت.

- کۆمەلێک پرۆژەی زۆری پاچڤەم هەیە... کتێب، شانۆنامە... چیرۆکێن سینەمایی..

- زۆرچاکە.. دەستخۆش..

- بەڵام پێویستم بە گرێبەستی دام ودەزگا ڕۆشنبیرییەکانە..

- بەرهەمەکانتیان پیشان بدە..

کەمێک بێدەنگ بوو وئەوجا گوتی:

- پێیان گوتووم، تەنیا پیشاندان بەس نییە؟

پرسیم:- مەبەستت چییە؟

- دەڵێن گەیشتن بە دام ودەزگا ڕۆشنبیرییەکان پێویستی بە پارەیە وپارەشم نییە!

- باوەڕ بە هەموو قسەیەک مەکە! مەرج نییە هەرچییەک دەگوترێ ڕاست بێ!

- یان هەندێک وتاری ڕەخنەیی لە ستایشی بەرپرسە دیارەکانی دەزگاکاندا بنووسم..

- پێمگوتیت باوەڕ مەکە..

- من ئامادەم دان بەوەدا بنەم کە هەر هێستریکیان لە ئەحمەد شەوقی گەورەترە، بەڵام هەقڕکانی دنیای مەدح وستایشهیچیان بۆ کەسێکی وەکو من، کە پێشتر وەکو ڕەخنەگر نەناسراوم، نەهێشتۆتەوە!... ئەمە جگەلەوەی کە نە کادیری ڕادیۆیی ونە کادری تەلەفزیونی نیم، تا بەرنامەیان لەگەڵدا بکەم، یان بەرهەمەکانیان نمایش بکەم، ئیدی تەنیا ڕێگای ئاساییم بۆ ماوەتەوە، کە بەخۆت دەزانی ئاسایی نییە..

بۆ یەکەمجار پێکەنی، زیاتر هەستم بە ڕزگاربوون کرد، هەوڵمدا، گومانەکانی برەوێنمەوەوهانی بدەم. هەستاو بە دەم هەستانەوە، مەبەست وداوا سەرەکییەکەی لێ دووپات کردمەوە، پێمگوت:

- خەمت نەبێ، درێغی ناکەم، هەرچیم لە توانادا بێ، بە زیادەوە دەیکەم..

من بەڵێنەکەی خۆم بردە سەر. هەرکە باسی ئەو بابەتەم کرد، ئەمانی هاواریکرد:

- ئەو دڕندەیە خۆی پێ گەیاندی!

گڕی توورەیی لەچاوەکانی دەبووەوە، ئیدی ئەوەم بیرخستەوە، کە ئەرکی دایکایەتی دەرهەق بە کوڕ وکچەکەی لەسەرە.

هاواریکرد:- تۆ نایناسیت!

گوتم:- با، لە کۆنەوە دەیناسم، ئەو خراپە نییە کە تۆ وێنای دەکەیت، لەزۆر کەس باشترە..

- نەخێر.. تۆ نایناسیت..

بەردەوام بووم لە سەر ئامۆژگاریکردنی، هاواریکرد:- بەسە.. مەمچەوسێنەوە..

- نا، من گلەییم لێت هەیە، چۆن پەیوەندی خێزانی خۆتم لێ دەشاریتەوەو سوور دەزانی مێردەکەت تاقیبت دەکات؟

هاواریکرد:- هیچ غیرەتێکی نییە!

- کوڕ وکچەکەی خۆش دەوێن..

- نا، تەنیا خۆی خۆشدەوێ..

- مەسەلەکە..

بە تووندی قسەکەی بڕیم:- مەسەلەکە ئەوەیە تۆ خۆشت ناوێم..

ئەوجا چاوەکانی سڕی وگوتی:

- لەمێژە خۆشەویستی لەم دنیایەدا مردووە..

ئەوجا نیگایەکی گلەیی ئامێزی کردم وگوتی:

- بۆ تاقە جارێکیش نەتگوت خۆشم دەوێی، بەڵام گلەییت لێناکەم..

بە تەوازییەوە گوتم:

- تۆ شایستەی خۆشەویستیت، بەڵام من ئەهلی خۆشەویستی نیم..

- دەمە چیت لێ کەمە، قسە.. قسە.. قسە..

- ئەوەی لەماڵەکەی خۆتا دەست دەکەوێ، لە شوێنی دیدا دەست ناکەوێ.

گەرامەوە، هەستی ڕزگاری وپەشیمانی ناخی تەژی کردبووم. ئەوجا خەمێکی قووڵ دای بە سەرما، لە سەراپام نیشت. هەستی بەزەییەکی تووند لە دڵ و دەروونم گەڕا، بەزەیی بەرانبەر هاوڕێ کۆنەکەم، بەرانبەر بە عەبدە بەسیونی و ئەمانی محەمەدی ژنی. پێشبینی ئەوەم دەکرد پەیوەندیم پێوە بکاتەوە بەڵام نەیکرد. ویستم پەیوەندی بە ئەمانی یەوە بکەم، تا لە ئەحواڵی دڵنیا بم، بەڵام نە هەلم بۆ ڕەخسا ونە وەسیلە. دوای ئەوە، لە کات وشوێنی جیاوازدا تووشی عەبدە بەسیونی بووم. بە ڕەفتاریا بۆم دەرکەوت، زەحمەتکێشانە خەریکی هەمان کاری خۆیەتی. لە ساڵی ١٩٦٨ یان ١٩٦٩دا بوو، بە شەقامی ڕەمسیسدا و بەبەر دایەرەی تەلەفۆندا دەڕۆیشتم، سەیرم کرد، ئەمانی لە دووری چەند هەنگاوێکەوە ڕێک بەرەو ڕووی من دێت! خۆبەخۆ دەستم بۆ درێژ کرد، بە هەڵچوون وپەشۆکانەوە تەوقەی لەگەڵما کرد، یەکسەر هەستم بە پەلە کردن وهەڵەی خۆم کرد. بەدەم تەوازی ولەبن لێوانەوە گوتم:- خێرە، خۆ خوا نەخواستە نەساغ نیت؟!

بەدەم ڕۆیشتنەوە گوتی:- سوپاس بۆ خوا..

زۆر قەڵەو وبە ویقار وسەنگین دیاربوو، بەڵام پەشۆکانەکەی ئەو قەناعەتەی لا دروست کردم، کە وەکو خانمێکی زۆر محافەزەکار حەزناکات، زروفێکی ناچاری، لە دەسەڵات بەدەر، واداری بکات تەوقە لە گەڵ پیاوێکی " بێگانە "دا بکات.

## ٤ –ئەنوەر حەلەوانی

هەر ناوەکەی دەتوانێ دنیایەک بەتەواوەتی کۆبکاتەوە وبانگ بکات. مەیدانی ماڵی قازی کە کەوتووەتە نێوان جەمالیە وخان جەعفەر ومسگەرەکانەوە، ئەو دار بەڕوونەی کە یەکپارچە هێلانە چۆلەکە وتەیر وتوون، بەشی جەمالیەی کۆن، ئەو حەوزە ئاوەی لە ناوڕاستیایە وهێستر وگوێدرێژان ئاوی لێدەخۆنەوەو، کوشکی بۆریە ئاوە گشتیەکە، کە مەڵبەند ویاریگای دەورانی منداڵی ومێرمنداڵیمە. ماڵی ئەنوەر حەلەوانی، دراوسێی دیوار بەدیواری ئێمە بوون، کەلە ماڵ دەردەچوو، یا بۆ ماڵ دەگەڕایەوە زۆر بە دڵبەندییەوە تەمەشام دەکرد. گەنجێکی ئاسایی نەبوو، لە خوێندەوارە پێشەنگەکانی گەڕەک بوو، خوێندکاری قوتابخانەی ماف بوو. شیفتەی تەڕبووشە قووچەکەی وسمێڵە چڕ وبادراوەکەی وچاکەت وپانتۆڵە شیکەکەی بووم. بە ویقارێکی ئەوتۆوە ڕێی دەکرد کەلەگەڵ تەمەنیا تێکی نەدەکردەوە، حەزم دەکرد بە پێی توانا لاسایی بکەمەوە. ئێستاش بەباشی ئەو شەربەتەم لەبیرە کە لە ئاهەنگی دەرچوونەکەیا، لە ئاهەنگی وەرگرتنی شادەتنامەی بەکەلوریادا خواردمەوە، دایکی بە دەستی خۆی دایمێ، ژنێک بوو بە ئەسڵ دێهاتی، حەزم دەکرد لاسایی شێوەزاری وی بکەمەوە. وا دیار بوو هەندێک ڕووداوان ژێراوژێر، لە دەوری منا، وەختایەک لەبن دار بەڕووەکاندا گەمەم دەکرد ڕوویان دەدا.

بەیانیک لەدەنگی شیوەنوگریان خەبەرم بووەوە، دەنگەکە لەماڵی دراوسێکەمانەوە بەرز دەبووەوە. شپرزەیی وپەشۆکان سەراپای ماڵەکەمانی گرتەوە، ژن وپیاو پەشۆکا بوون، بە حەپەساوی لێم دەڕوانین، چییە، چ قەوماوە! ئەو بەیانیە زانیم کە کوڕە گەنجەکەی دراوسێمان، ئەنوەر حەلەوانی، لە خۆپیشاندانێکا بەدەستی ئینگلیزێک وبە گوللەیەک کوژراوە. بۆ یەکەمجار کاری " کوشتن "م لە ئەزموونێکی زندوودا، نەک لە حیکایەتێکی میللیەوە، بیست وزانی، بۆ یەکەمجار وشەی " گوللەم " بیست، ئەمە یەکەمجار بوو گوێم بە ناوی یەکێکلە دەسکەوتەکانی شارستانیەت بزرنگێتەوە، هەروەها زاراوەی "خۆپیشاندان"م بەرگوێ کەوت، ئەمە وشەیەکی تازە بوو، بە ئاسانی تێی نەدەگەیشتم. بۆ یەکەمجار لە ژیانی منالّیما، گوێم لە وشەی "ئینگلیز" وەکو ڕەگەزێکی بەشەری تازە بوو. ئیدی لە ماڵ ولە مەیدانا، ئەو وشە و زاراوانە دەگوترانەوەو زۆر زاراوەی دیکەشیان دەخرانە سەر وەک: سەروەت وسامان، گەل وسەعد زەغلول. ئیدی وشە و زاراوانم بەسەرا دابارین، لە وشەدا غەرق بووم، هەزار ویەک پرسیارم لا دروست بوون، کوشتن... کوشتن چیە، مانای چییە؟ ئەنوەر کێوە چوو؟ چ شتێک لەو شوێنەی بۆی چووە چاوەڕێی دەکات؟ ئەو کابرا ئینگلیزە کێیەوبۆ کوشتوویەتی؟ شۆڕش مانای چییە؟سەعد زەغلول مانای چییە؟ چی وچی وچی؟ زۆری نەبرد ڕووداوەکان، بە شێتاتیەکی خەیاڵییەوە، بە خودی مەیدانەکەوە وەر بوون.

لە پشت شووشەی پەنجەرەکەوە هەڵکوڕمام، بە دووچاوی ئەبڵەقەوە دەمڕوانییە ئاپۆڕای جەماوەرە خرۆشاوەکە، ئیدی جەماوەرێکی زۆر بە جۆرەها جل و بەرگەوە، بە قات وجبە وکەوا و دیزداشەوە خرۆشابوون، تەنانەت ژنانیش بەسەر گالیسکەوە، ئالایان هەڵگرتبوو هورایان دەکێشا. گوێم لە گیز وهۆڕی گوللە بوو. بەڵێ بۆ یەکەمجار گوێم لێبوو، لە سەر

لۆری وئەسپانەوە دەتەقێنران. بەچاوی خۆم ئینگلیزم بە کڵاوە قووچ و سمێڵە بژ ودەموچاوە غەریبەکانیانەوە بینی، دەیان جەنازەم بینی لە قەراخ مەیدانەکە کەوتبوون، خوێنی بەشەرم بە جل وبەرگان و بەسەر ئەرزەکەوە بینی. گوێم لە خەڵکی بوو پڕ بە زار هاواریان دەکرد "بژی نیشتمان "و " دەمرین و بژی سەعد " .

## ٥ – بەدر زیادی

هاوڕێیەکی قۆناغی ناوەندی خوێندنمان بوو، کوڕێکی قەڵەوی ڕۆح سووک بوو، حەزی لە خواردن ویاری وکچان بوو، نیشتمان دۆست بوو. بابی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو، دوو ساڵمان لە گەڵی بەسەر برد. پاشان لە هەل ومەرجێکا کە بیرم نایەت چۆن بوو، بە تۆمەتی ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی پاشایەتی دەستگیرکرا ودرایە دادگا، دادگا حوکمی شەش مانگی بۆ دەرکرد، بەبێ جێبەجێکردن. بەڵام لە وەزیفەکەی دەرکرا. بەدر شانازی بە ئازایەتی و نیشتمانپەروەری بابیەوە دەکرد، ئێمەش لەمەدا هاوڕای وی بووین، چونکە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی پاشایەتی، بە جۆرە خەباتێک دەژمێردراو خاوەنەکەی دەخستە ڕیزی خەباتکارانەوە. بەدر، لە پۆلا قوتابیەکی ئاسایی بوو، بگرە تەمەڵیش بوو، لێ ڕێز وحورمەتی ڕاستەقینەی ئەو لەناو حەوشەی قوتابخانەکەدا بوو. لە حەوش وحەساری قوتابخانەکەدا جەمسەرێک بوو کە هەندێک لە هاوپۆلەکانی خۆی وپۆلەکانی دی بۆ خۆی ڕادەکێشا. کە قەرەباڵغی بە دەوری خۆیەوە دەبینی، کەیفی بەخۆی دەهات وبەهرە و سەلیقەی سەری دەکرد وبڕێک شیعری نیشتمانی دەخوێندەوەو نوکتەی دەگوت و ڕووبەڕووی هەندێک تەحەدای سەیر دەبووەوە. جارێک پرسیاری ئەوەمان کرد کە باشترین شوێن بۆ دڵداری کوێیە، هەرکەسە وبە گوێرەی بۆچوونی خۆی وەڵامێکی دایەوە، بەڵام ئەو بە تەوسەوە سەری دەلەقاند، چاوەڕوانی کرد تا هەموومان لێ بووینەوە، ئەوسا گوتی:

- سەرقەبران !

هەموو سەرمان سوڕما، دەستمان بە پێکەنین کرد، وامانزانی سوعبەت دەکات کەچی گوتی:

- لە قەرەباڵغی سەرقەبراندا، خەڵکی، ژن و پیاو، هەڵبەتە ژنان دوو هێندەی پیاوان دەبن، لە حەوشی گۆڕستانەکانا دەمێننەوە، ئیدی لە تاریکی شەوا دەرفەتی وا دەرەخسێ، تەسەور ناکرێ..

هەندێکمان گوتیان:- کێ لەو بۆنەیەدا زەوقی دەچێتە دڵداری!

- دڵداری، بۆنە ومۆنە نازانێ، لە هەموو بۆنەیەکا لەسەر پێیە!

بۆی گێڕاینەوە چۆن، لە شوێنێکی چۆڵی ماڵی خۆیانا، لە کاتێکا جەنازەی پوری لەو گۆڕە کەوتووەو چاوەڕوانی کەسێک بووە کفنی بکات وشینگێڕەکان لە حەوشێدا خجڵی شین وشەپۆڕان بوون و ئەو پەلاماری پەلاماری کارەکەرێکی داوە و لە ژێری ناوە. لەو بوارانەدا حیکایەت و بەسەرهاتی دنیای هەبوو. بەڵام بەهرە و توانای ڕاستەقینەی ئەو زیاتر لە فووت بۆڵدا(دوو گۆڵی) بوو. لە تیپی قوتابخانەدا، هێرشبەری ناوەڕاست بوو. هەرچەندە قەڵەو بوو، بەڵام زۆر لەزگین وبەڕاپەڕ بوو. لەزگینی وقەڵەوییەکەی تێکیان نەدەکردەوە، لە یاریگاکەدا دەبووە مایەی پێکەنین. توانایەکی لە ڕادەبەدەری لە مناوەرەدا هەبوو، بە جۆرێ تۆپەکەی کۆنترۆڵ دەکرد، لە تۆ وایە موگناتیسی بە لاقەوەیە، پێچە بە دەورەی وەهای دەکردەوە، سەرەگێژکەی بە نەیارەکانی دەخست و بە عاردیدا دەدان. شووتی زۆر بە قوەت بوو.

خۆی ئامادە دەکرد لە یانەکاندا یاریبکات، خەوی بەوەوە دەدی ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ئولۆمپیا جیهانییەکاندا بەشداری بکات.

مستەر سمبسونی، ڕاهێنەری گشتی لە وەزارەتی مەعاریف زۆری بەدڵ بوو، لە کۆتایی یەکێک لە پێشبڕکێ گشتیەکانی نیوان قوتابخانەکاندا ئامۆژگاری کرد کە بڕێک خۆی لاواز بکات وکێشی خۆی کەم بکاتەوە، لەجیاتی بە ئامۆژگارییەکەی ڕاهێنەرەکە بکات - لە ئاهەنگ وکەڕنەڤاڵی دوای پێشبڕکێیەکە بە تاقی تەنیا یەک تورتەی تەواو وچەندین ساندەویچ و بابۆڵە و کولیچەی خوارد!

بەیانیەک، بەدر زیادی، وەستابوو ولەگەڵ هورا کێشەکاندا، پڕ بەزار هورای دەکێشا بژی دەستووری ١٩٢٣، بڕوخێ دکتاتوریەت.

شا فؤاد، مستەفا نەحاسی لابردبوو و وەزارەتی بە محەمەد مەحموود سپاردبوو، محەمەد مەحموود، دەستووری نێوبراوی بۆ ماوەی سێ ساڵ هەڵپەسارد، ئەگەر پێویست بکات دوای سێ ساڵەکە، سەرلەنوێ هەڵبسپێردرێتەوە.هەموو قوتابخانەکان، بە قوتابخانەکەی ئێمەشەوە مانیانگرت. بەڵام هێزی پۆلیس ئابلۆقەیان داین و نەمانتوانی بچینە دەرەوە. جا بۆ ئەوەی شتێکمان بە دەستەوە بێ و بەدەستی بەتاڵ نەچینە شەڕەکەوە، دار وپەنجەرە ودەرگاکانمان هەڵکەند، پەلاماری خوارنگەکەمان دا، دەستمان بەسەر قاپ ومراک وکەوگیر وچەتاڵ و چەقۆدا گرت، ئیدی دەنگی هورا دژمنکاریەکانمان بەرز دەبووەوە، ورد ودرشتی دەسەڵاتی نەدەبوارد، تەنانەت خودی شایشی نەدەبوارد. هەنگێ سەربازان لەهەموو دەرگاکانەوە بۆمان هاتن وبە دۆنکی وتێڵاوە تێمان بەربوون، ئینگلیزەکان، بۆ ترساندنی خەڵکەکە کەوتنە تەقەی ئاسمانی. ئیدی شەڕێکی نابەرابەر دەستی پێکرد، کەسمان بەبێ بیراز دەرنەچووین، هەریەکەمان پتر لە جەزرەبەیەکمان خوارد، زۆرکەس بریندار بوون، فەڕاشێک وقوتابییەک شەهید بوون. قوتابییە شەهیدەکە بەدر زیادی بوو، جەزرەبەیەک بەر پشتەسەری کەوت وکوشتی. قوتابخانەکە بڕیاری دا، ڕۆژی دواتر جەنازەکە بەڕێبکەن وبەخاکی

بسپێرن، بەڵام پۆلیس،دەوروبەری کۆشکی ( العینی)یان کە پڕبوو لە شەهیدانی هەمووقوتابخانەکان، گرت. جەنازەکان یەکسەر لە خەستەخانەوە، بە چاودێری پۆلیس بۆ گۆڕستانەکان گوازرانەوە. بەڵام ئێمە تاک تاک چووین بۆ ماڵی بەڕێوەبەرە دێرینەکەی قوتابخانەکەمان، تا سەرخۆشی لێبکەین. ئەو پیاوە تا ئەمڕۆش هەر لە ژیاندایە، ڕەنگە هەفتاوپێنج ساڵ ببێ، هەندێ جاری کەم کە دەچمە زیارەتی "العباسیة " دەیبینم، لە چاخانەیەکی بچووکی نزیکی ماڵی خۆیان دانیشتووە، پێدەچێ تەمەن ودەستکورتی بڕستیان لێبڕی بێ. ئەوەی بیبینێ قەت تەسەور ناکات کە ڕۆژێ لە ڕۆژان کابرایەکی لیبراڵ بووبێ وبوێرانە ڕووبەڕووی ژیان بووبێتەوە و لەو پێناوەدا وەزیفەکەی وکورەکەی لەدەست دابووبێ. لە شوێنە چەپەکەکەی خۆیەوە دەڕوانێتە ئەو ئوتومبیلانەی کە پیاوە سەرکەوتووەکانی کۆمەڵگەیان تێدایە، ئەو پیاوانەی شانازی بەو ژیانەوە دەکەن، کە هیچ قوربانیەکیان لە پێناویا نەداوە و هاتوونەتە سەر حازرەکی. تۆ بڵێی لەو کاتەدا کە ئەمانە دەبینێ بیر لە چی بکاتەوە؟ یان پیری وڕۆژگار هەموو شتێکیان لەبیر بردووەتەوەو تەنیا بیر لەو ساتە ڕەوتەنیە دەکاتەوە کە تیایەتی؟!

بەڵام سەبارەت بە بەدر هێشتا وێنە یادگارییەکەی تیپی فووت بۆڵەکەمان کۆمان دەکاتەوە، ئەو لەناوەڕاستی تیپەکەدایە، تۆپەکە لە بەینی هەر دوو پێیدایە، بە نیگایەکی گەش وپڕ لە متمانەوە تەمەشای کامێراکە دەکات.

### ٦ – بیلالی عەبدە بەسیونی

بە ڕێکەوت لە ڤیلاکەی جاد ئەبولعولا، لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٠دا بینیم. هەرچەندە نەبووینە هاوڕێ وهیچ جارێکی دی یەکترمان نەبینییەوە، بەڵام ئەوەندەی کاری تێکردم کە شایستەی گێڕانەوە بێ. کە

ئەو ئێوارەیە بۆ ڤیلاکە چووم، تەنیا مامۆستا جاد ئەبولعولا و هاوڕێی دێرینم عەبدە بەسیونی و گەنجێکی جوان کە زۆر لەو دەچوو لەهۆڵەکە بوون. خێرا پێی ناساندم وگوتی:

- کوڕەکەم.. دکتۆر بیلال..

یەکسەر چیرۆکی ئەو کوڕ وکچەم بیرکەوتەوە، کەکاتی خۆی، پێنج ساڵێک لەوەپێش، هەم لە گەڵ عەبدە بەسیونی وهەم لەگەڵ ئەمانی محەمەدا، بە کەسەرەوە باسمان کردبوون، ئیدی قسەیەک لێرە وقسەیەک لەوێ، هەستی تاوانە کۆنەکەم لا زندوو بووەوە. عەبدە بەسیونی لەناکاوا ئاماژەی بۆ لای کوڕەکەی کرد وگوتی:

- دکتۆر بیر لە هیجرەت دەکاتەوە! دەیەوێ بڕوات!

قسەکەی سەرەنجی ڕاکێشام، بە کونجکاویەوە سەرلەنوێ تەمەشای گەنجەکەم کردەوە. وشەی هیجرەت یەکێک بوو لەو شتە تازانەی کە بە لێشاو هاتبوونە ناو فەرهەنگی ژیانمانەوەو بووبوونە مایەی سەرسامی نەوە کۆنەکەمان. ئەمە یەکێک بوو لە سوار چاکەکانی ئەو مەیدانە، کە دەرفەتێکی باشە.

- کاندیدە بە زەمالەیەکی کورت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان بڕوات بەڵام بە تەمایە نەگەڕێتەوە.

جاد ئەبولعولا لێی پرسی:- ئەدی تۆ ڕەئیت چییە؟

عەبدە بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

- جا ڕەئی یان ئارەزووی من قیمەتی چییە؟

- هەروا دەمەوێ بزانم.

- ڕازی نابم.

- ئەدی ئەمانی خانم؟

کەناوی ئەمانی هات، لەناخی خۆما هێندەی دی پەشۆکام، بەڵام بۆ یەکەمجار زانیم کە بۆ ناو ماڵ ومنداڵەکانی گەڕاوەتەوە، پێم سەیر بوو جاد، بەو هەموو ئاشنایەتی ویەک ماڵییە باسی دەکات.

عەبدە بەرسڤی دایەوە:

- بیرکەکەی زۆر بەدڵە و وا خەیاڵدەکات، دەتوانێ هەرکاتێ ئارەزووی لێ بێ سەفەری ویلایەتە یەکگرتووەکان بکات..

خانە خوێیەکەمان پێکەنی، منیش لە گەڵیا پێکەنیم، ئەوجا ڕوویکردە گەنجەکە و گوتی:- لێرە ئایندەیەکی گەش چاوەڕوانتە.

دکتۆر بیلال گوتی:- من لەدووی ژینگەیەکی زانستی تەندروستیم..

عەبدە بەسیونی گوتی:

- برادەرێکی بەنێوی دکتۆر یوسرا، سەفەری کردووەو ئەمی خستووەتە سەر ئەم کەڵکەڵەیە، بەڵام بە باوەڕیمن ئەو کەسە، کەسێکی نائاساییە وناکرێ بکرێ بەسەرمەشقێکی باش، پزیشکێکی سەرکەوتوو بوو، هەم لە خەستەخانە وهەم لە عیادەدا سەرکەوتوو بوو، بەڵام لە هەموو شتێک پەست وتووڕە بوو، لە هیچ شتێک ڕازی نەبوو، بۆ ساتێک ئارام نەدەبووەوە، دەستبەرداری ڕەخنەی تاڵ وتووند نەدەبوو، وەکو فیشەکە شێتە بە ئاسمانا دەچوو، بە ڕقێکی سەیرەوە بەسەر ئەم وڵاتە وخەڵکی ئەم وڵاتەدا دادەباری. ئیدی کە بە ئیجازەیەکی خوێندن ڕۆیی، دەرفەتی هێنا وبڕیاری دا لەوێندەر بمێنێتەوە..

دکتۆر بیلال گوتی:

- لەوێ سەرکەوتنێکی دەگمەنی، چ لە مەیدانی کارو چ لە واری باس و لێکۆڵینەوەدا بەدەست هێناوە..

- خۆ لێرەش سەرکەوتوو بوو، ئیدی ئەم ڕۆیشتن وهیجرەتە لەپای چی؟!

- ژینگەی زانستی باوکە! فەرموو با چیرۆکی جێگر وبریکارێکی بەشت لەو خەستەخانەیەی کە من کاری تیا دەکەم بۆ بگێڕمەوە. خوێندی تا دکتۆرای بە ئیمتیازەوە وەرگرت، چاوەڕوانی ڕێز وتەقدیر بوو، نەک هیچ حیسابێکی بۆ نەکرا، بەڵکو بەربەرەکانی کرا، تا شوێنی زانستی خۆی وەرنەگرێت، ئیدی هیچ چارێکی نەما تەنیا ئەوە نەبێ سەری خۆی هەڵبگرێ وبڕوات، هەرکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، باسەکەی پێشکەش کردبوو، لە چەندین زانستگە وخەستەخانەوە داوایان لێکردبوو کاریان لە گەڵدا بکات..

هەستم کرد، زۆر بە توندی قسانی دەکرد، گوتم:

- ڕەنگە کەم و کوورِی و کێماسی هەبێت، بەڵام بەو ڕادەیە نییە کە سەرکەوتووان، بڕۆن و وڵات بەجێ بێڵن..

بەهەمان توندی گوتی:- ڕەوشەکە لە هەموو بوارەکانەوە مایەی بەزەییە!

- زۆر چاکە هەست بەوە دەکەی وقەناعەتت پێیەتی، بەڵام جگەلە ئێوەگەل، کێ خۆی بۆ چاککردنی ئەم ڕەوشە تەرخان بکات؟..

- خۆم بەو بیرانەوە مژوول ناکەم..

- بەڵام نیشتمانەکەت، شتە، بەهایەکە نکۆڵی لێناکرێ.

کەمێک هێور بووەوە وگوتی:- نیشتمانی یەکەمم زانستە!

ئەوجا دوای کەمێک دوودڵی وەکو ئەوەی بەخۆیا چووبێتەوە گوتی:

- نیشتمان.. سوسیالیزم.. نەتەوەی عەرەب.. چی بڵێم؟ بە کەسێکی پووچگەرام مەزانە.. نەخێر.. بەڵام لە دوای پێنجی یونێوە چیمان بۆ ماوەتەوە؟!

گوتم:- ساڵانێک بەسەر نسکۆدا تێپەڕیوە، دەشێت بکرێ بە پەند ودەرس نەک نسکۆ..

عەبدە بەسیونی پێی گوتم:

- فایدەی نییە، ئەمانە نەوەیەکن، تەنیا قەناعەتیان بەوەیە کە لە مێشکی خۆیاندایە..

جاد ئەبولعولا گوتی:- قەیدی نییە، بەڵام نابێ وڵاتی خۆ لەبیر بکەن..

دکتۆر بیلال گوتی:

- تەنیا زانست ڕزگارمان دەکات، نە نیشتمانپەروەری ونە سوسیالیزم، تەنیا و تەنیا زانست فریامان دەکەوێ، زانست ڕوو بەڕووی ئەو کێشە وئاریشە ڕاستەقینانە دەبێتەوە کە دێنە ڕێگەی مرۆڤایەتی، بەڵام نیشتمانپەروەری و سوسیالیزم و سەرمایەداری، هەموو ڕۆژێک لە خۆپەرستی و تەنگبینی خۆیانەوە کێشەی تازە دروست دەکەن وچارەسەری ئەوتۆ دادەهێنن کەلە جیاتی کێشەکان چارەسەر بکەن، زیاتریان دەکەن.

لێم پرسی:

- باشە چ شتێک ڕێی لێگرتوویت لە وڵاتی خۆتا ببیت بە باسکار وزانا؟

- هەزار ویەک کۆسپ ولەمپەڕان هەیە، ئامادەگی سەرەتایی بۆ باس وکەش و هەوایەکی کوشندە وخەفەکاری بیر ودادپەروەری وڕێز وتەقدیر، بۆیە بیر لە هیجرەت وڕۆیشتن دەکەمەوە. کەلە ئەمریکا بم سوودم بۆ

وڵاتەکەم زیاتر دەبێت تا لە ناو وڵاتا بم، زانست بۆ هەموو تیرەی بەشەرە، هەڵبەتە جگە لە زانستی جەنگ ومەرگ ئیدی زانست بۆ هەموو تیرەی بەشەرە.. لە خزمەتی هەموو تیرەی بەشەردایە.

جاد ئەبولعولا، لە عەبدە بەسیونی پرسی:- ئەدی خوشکەکەی چ دەڵێ؟

- لە کۆتایی ئەمساڵی خوێندندا، بەکالوریوس لە دەرمانسازی وەردەگرێت، ئەو لەم ڕژدترە لە سەر ڕۆیشتن..

- ئەدی شوو کردن؟.. بیری لەم کێشەیە نەکردووەتەوە؟

- ئەوەی ئێمە بە کێشەی دەزانین، لای ئەوان هیچ نییە، گاڵتەیان پێدێ..

جاد ئەبولعولا گوتی:

- بەداخەوە هونەر هێشتا نموونەیەکی ئەم نەوەیەی پێشکەش نەکردووین، چەند حەز دەکەم ئەوە بدینم!

پێمگوت:- زۆر بە زەقی لەسەر شانۆی ژیانی هەزارانەمانا دەبینرێ!

عەبدە بەسیونی ڕوویکردە کوڕەکەی وگوتی:

- لە کاتێکا کەشتیەکە ڕووبەڕووی باهۆز بووەتەوە، ئێوە بیر لە هەڵاتن دەکەنەوە!

هەستم کرد عەبدە لە دەربڕینی ناڕەزاییەکەیدا زۆر جدی نییە وناتوانێ وەکو پێویست دڵبەندی خۆی بە کوڕەکەی بشارێتەوە. دکتۆر بیلال بە خەمساردیەوە شانەکانی هەڵتەکاندن. دڵنیا بووم کە بۆچوون و هەڵوێستێکی تازەی دەربارەی "نیشتمانپەروەری" هەیە، ئەو ئەمانەتە دیرینەی کە نەوەی ئێمە زۆر بە هەڵگرتنیەوە ماندوو بوو. بیلال بە دەم پێکەنینەوە، پێکەنینەکەی، دایکی بیر هێنامەوە، گوتی:

- ئەلهەقی من خەون بە ئەنجوومەنێکی زانستیەوە دەبینم کە بە خێرو قازانجی جیهان، دنیا بەڕێوە بەرێت.

لێم پرسی:

- ئەدی بەهاکان چی لێدەکەی؟ زانست مامەڵەیلەگەڵدا ناکات، لە کاتێکا مرۆڤ چەند پێویستی بە حەقیقەتانە، ئەوەندەش پێویستی بە بەهایە.

وەکو یەکێکدەسەوەستان بێ، تەمەشایەکی کردم وئەوجا گوتی:

- بەڵام ئەمە نابێ بەو مانایە بێ کە بێهودە دەست بە کۆمەڵێک بەهای کۆن و سواوەوە بگریت، ئێوە بۆیە دەستتان پێوە گرتووە چونکە دەترسن ڕیسکبکەن و لە بەهایێن دی بگەڕێن، زانست بەهامان ناداتێ، بەڵکو نموونەیەکی زۆرباشی جورئەت وبوێریمان نیشاندەدات، وەختێ حەقیقەتی کلاسیکی داڕوخا وهەرەسی هێنا، سووک وئاسان خۆی سازان و کەوتە سەر ڕێگەی ئەگەران و پێشکەوتن و هەر ئاوڕی لە دواوە نەدایەوە..

جاد ئەبولعولا گوتی:

- فایدەی نییە، گەنگەشە ومناقەشە لە گەڵ قەومێکا کە زمانی هاوبەشت لەگەڵیاندا نەبێ، بێهودەیە..

بڕێک سەرم گەرم بوو وگوتم:

- ئیوە لەجیاتی شارستانیەت لە خاکی خۆتاندا بڕوێنن، دەتانەوێ بڕۆن بۆناو شارستانیەت..

بەتووندی گوتی:

- مرۆڤ لە بنەڕەتدا، بوونەوەرێکی کۆچەرە، نیشتمان ئەو شوێنەیە کە خۆشی و گەشە کردنت بۆ دابینبکات، ئەو شوێنە خۆشە کە دڵ لێی

خۆشە، بۆیە دەبینی تەنیا خەڵکی بژاردە وپێشکەوتوو ڕوودەکەنە سەفەرو ڕۆیشتن بەڵام پاشکەوتوان..

بە دوو دڵییەوە هەڵوەستەیەکی کرد، گوتم:

- بەڵام پاشکەوتوان، باشتر وایە لە کۆڵیان بکەیتەوە!

کەمێک هێور بووەوەو بە پێکەنینەوە گوتی:

- ئەگەر زیاد بوونی بەشەری بەم ڕێژەیەی ئێستاوە بڕوات ودنیا نەتوانێ خۆراک بۆ بەشەر دابینبکات، بەشەر بژێنێ، لەوەیە بەرژەوەندی گشتی شارستانیەت وا بخوازێ، هەندێ ڕەگەزان بەتەواوەتی لەناو ببرێن!

بابی هاواری لێکرد:- بەسە!

جاد ئەبولعولا گوتی:

- خۆش بەحاڵ ئیسرائیل! ئیسرائیل بە خەڵکی وەکو ئێوە خۆشحاڵە!

گەنجەکە بە هەڵچوونەوە گوتی:

- من تەحەدای ئیسرائیل دەکەم ئەوەی خۆمان بە خۆمان کردووە، ئەو پێمانی بکات!

ئەو شەوە تا بەیانی بیرم لە قسەکانی دکتۆر بیلال کردەوە، لە دڵی خۆدا ڕستە و دەستەواژەکانیم دووبارە دەکردەوە، بابەتەکەم لە هەموو ڕوویەکیەوە تاوتوێ کرد، تا لە ئەنجاما گەییمە ئەو قەناعەتەی کە تیرەی بەشەر تەنیا ئەو کاتە ڕزگاردەبێت کە بتوانێ بەسەر ئەو هێزە چەوسێنەرانەدا زاڵ بێت، کە باڵاترین دەستکەوتی فیکری مرۆڤ، بۆ کۆیلاندنی مرۆڤ وخولْقاندنی ململانێ وکێشماکێشی دەستکرد و بێمانا وبەفیڕۆدانی جوانترین توانای بەشەری بەکار دەهێنن، ئەوەیە یەکەمین

هەنگاو بو یەکخستنی هەموو دنیا لە چوارچێوەی یەکێتییەکی بەشەریدا، کە بە ئەقڵ و زانست کار بۆ هەموو تیرەی بەشەر بکات، سەرلەنوێ مرۆڤ وەکو هاوڵاتیەکی جیهانی پەروەردە بکاتەوە. سەلامەتی بەدەنی بۆ دابین بکات، زەمینە بۆ توانا فلیڤانیەکانی(ابداعی) خۆشبکات، تاخۆی بسەلمێنێ و بەهاکانی خۆی دابهێنێ وبە جورئەتەوە بەرەو ناوجەرگەی حەقیقەتەکانی ئەو بوونە جوان وئاڵۆزە بڕوات. ئیدی ئەمە کردیە کارێک خۆم بە منەتباری ئەو بزانم کە سەر بە نەوەیەکم خەریکە دوا سەفەری خۆی لەم ژیانە سەیرەدا بەسەر بەرێت کە بە خێر وشەڕییەوە بەسەر گڕکانێکەوە دەسووڕێتەوە.

دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک "عەبدە بەسیونی"م لە دیوەخانەکەی دکتۆر ماهیر عەبدولکەریمدا دیتەوە، پرسیاری کوڕەکەیم کرد، گوتی سەفەری کردووە، ئەوجا گوتی:- خوشکەکەشی بەو زووانە دەڕوات!

ئەوجا، بەدەنگێکی ئیعتراف ئامێزەوە گوتی:

- زۆرجار لە دڵەوە هەست بە ناڕەحەتی دەکەم، بەڵام ڕۆژگار فێری ئەوەی کردووم، مل بۆ قەدەر بدەم..

کەمێک بێدەنگ بوو وئەوجا گوتی:

- لێتی ناشارمەوە، من قەناعەتم بە بڕیارەکەیان هەیە، باشە بۆ خوێندنە نەزۆکەکەی ئێمە، ڕیگەی سەفەری بۆ خۆش نەکردین؟!

گوتم:- زانست زمانێکی جیهانییە، بەڵام پیشەی ئێمە مەتەڵی ناوچەیی ولۆکاڵییە.

ئیدی، باسی ئەو خەیاڵانەم بۆکرد کە دوای گوێگرتنم لە قسەکانی کوڕەکەی، بە مێشکمدا هاتبوون. زۆر پێکەنی وئەوجا گوتی:

- ئێمەی پیر ئەرکمان ئاسانە، خۆشی ڕۆژانەی من بریتیە لە خواردنەوەی پەرداخێ قاوە و شیر بە دوو پارچە پسکیتەوە..

٧ – سورەیا ڕەئفەت

لە ساڵی ١٩٣٥دا کە تازە دامەزرا بووم بینیم. هاتوچۆی وەزارەتی دەکرد، سەری مامی دەدا کەلەوێ فەرمانبەر بوو، مامی منی پێ ناساند. خوێندکاری پەیمانگای باڵای پەروەردە بوو، زۆری نەمابوو ببێ بە مامۆستا. نە جوان بوو نە ناشیرین، مامناوەندی بوو، بەڵام قەدو باڵای زۆر جوان بوو، چاوەکانی زیرەکی وهەیبەتیان لێدەباری، مامۆستا عەباس فەوزی کە بریکاری سکرتاریەت بوو، هەستی بەوە کردبوو کە من بۆی لێدراوم. ڕۆژێک – یەکسەر دوای ڕۆیشتنی سورەیا – بە دەم ئیمزاکردنی هەندێ نووسراوەوە کە بۆم بردبوو، گوتی:

- وەختی ئەوەت هاتووە ماڵێک پێکەوە بنەیت وئارام بگریت.

ئیدی هەستم کرد لە قافا گیراوم، گوتم: - پێت وایە؟

- مووچەکەت هەشت جونەیهی تەواوە، بەشی دوو ژن دەکات!

پێکەنیم، بە هەمان هەستی دوو دڵی وبەدگومانی نەوەکەی خۆمانەوە گوتم:

- باشە تۆ خواستنی موەزەفەت پێ پەسندە؟

بە تەوسە هەمیشەییەکەی خۆیەوە گوتی:

- وەکو چۆن لە نێو ئافرەتانی ماڵەوە، ئافرەتی کەچرەو هەن، لەنێوئافرەتێن فەرمانبەریشا، هی ساغ وسەر ڕاست هەن!

هەستم کرد بە شێوازە پێچاوپێچەکەی خۆی ئاگادارم دەکاتەوە. بەڵام هەژموونی سێکسی کیژەکە و بێ تووتنی لە سەرووی هەموو ئاگادار

کردنەوەیەک بوو، ئیدی کەوتمە ئەوەی پەیوەندی لەگەڵدا توونـد بکەم. وەکو – خوێندکار – ئەوەندەی ئازادی هەبوو کە بەدگومانیم لە لا دروست بکات، ئەمە جگە لە چاوباشقاڵییە گەرم و پڕ جورئەتەکەی کە مایەی گومان و نیگەرانی بوو. هەر هەموو ئەمانە شایستەی ئەوە بوون خۆمی لە قەرە نەدەم و دوورەپەرێزی لێبکەم. بەڵام وێڕای ئەوەش لە خشتەی بردم، بۆیە لێبڕام لە دەرەوە بیبینم، هەڵبەتە بە نیاز ومەبەستێکی ئاوێتە لە نیازپاکی و ریسککاری، تەوقەم لە گەڵی کرد، کەوتمە شانبەشانی وگوتم:

- حەزدەکەم کەمێک لەگەڵ یەکدا دانیشین..

بەجۆرە سەرسامیەکی ڕواڵەتیەوە لێی پرسیم:- بۆچی؟

گوتم:- بۆ ئەوەی زیاتر یەکدی بناسین.

- ئەمڕۆ نا..

ویستی خواحافیزی بکات، گوتم:

- ئەدی کەی؟ خۆ تۆ ڕۆژێکت دیاری نەکرد؟

سووکە هەڵوەستەیەکی کرد، وەکو ئەوەی لە قافا گیرابێ، گوتی:

- با دووشەممە بێ، سەعات دە، لە باخی ئاژەڵان..

هەرچەندە ڕازی بوونەکەی ڕێک بە دڵی من بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا، گومان و دوو دڵیەکەمی سەبارەت بە ئازادیەکەی چەسپاند، ئەمە لایەنی ڕیسککاریەکەی لە دڵما بە سەر لایەنی نیاز پاکییەکەدا زاڵکرد. لەبەر دەرگای باخەکەدا یەکمان گرت، بە دەم قسانەوەو بە پیاسە بەناو باخەکە کەوتین. من دڵبەندی خۆم بۆ دەربڕی، ئیدی قسە ڕایکێشاین بۆ باسی ژیان و ئایندەمان. سۆزە چەپێنراوەکانم ئەزیەتیان دەدام، زۆر

دڵنیا بووم وەکو چۆن بە وەعدەکەوە هات، بەو ئاوایە بەدەم ئەو سۆزانەشەوە دێ. کە گەیینە یەکەم شوێنی چۆڵ ویستم ماچی بکەم. نەیهێشتم، خێسەیەکی لێکردم، دیار بوو، هەندێ چەمک ومانای لە چاوما خوێندبووەوە کە پێی ئاسوودە نەبوو، بە پەستییەوە پرسی: - چیتە؟

ئاماژەم بۆ لای پەڵە دارێکی چڕ کرد وگوتم: - با لەوێندەر دانیشین..

بە توندییەکی ئەوتۆ کە ڕەنگ و ڕووی لە گەڵیا گۆڕا، گوتی:

- وا تەسەوەر دەکەم، خراپ لە من گەیشتوویت..

تەزوویەکی سارد بە سەراپامدا هات وگوتم: - نەخێر..

- یان من، بە هەڵە لە تۆ گەیشتووم..

بە پەشیمانیەکی زۆرەوە گوتم:- نە ئەمەیان ونە ئەوەیان!

باهۆزەکە نیشتەوە، بە نیازپاکییەوە دانیشتین، ئیدی بەخۆشیەوە درێژەمان بە قسە جدیەکانمان دا، ئەوسا تا ژوانێکی تازە لێکدی جیابووینەوە، بە تەواوەتی مەیلم چووە سەری، تەنانەت زۆر بە جدی و بەوپەڕی ئارەزووەوە بیرم لە خواستنی دەکردەوە. لە دیداری دووەمدا قەڵەمێکی ئەبەنووسی بە دیاری دامێ، دیارییەکە کارێکی جادوویی لێکردم. پێی گوتم:

- ماوەیەکی زۆر تیا مام، بیرم لەوە دەکردەوە لێت دووربکەومەوە..

بە نیگەرانییەوە لێم پرسی: - بۆچی؟

- دەترسم، تووشی پەشیمانی ببم.

بە میهرەبانیەوە دەستیم گوشی وگوتم:

- تۆ خۆت چاک دەزانیت کە من خۆشم دەوێی..

لە دیدارەکانی دواترا، زیاتر لێکدی نزیک بووینەوەو بیرمان لە هەنگاو ورێکارە کردەییەکانی بەر لە خوازبینی ودەزگیرانداری دەکردەوە. جارێکیان خوشکە گەورە بە شووەکەی لەگەڵیا هات، باسی وەزیفەمان کرد، ئایا لە وەزیفەدا بمێنێ، یان دەستبەردار بێ وخۆی بۆ کاروباری ماڵ تەرخانبکات.

زۆر سادە گوتم:

- نازانم، ئەگەر دەستبەرداری وەزیفە نەبێت، چۆن کاروباری ماڵ بەڕێوە دەبرێ...

خوشکەکەی گوتی:

- ئەدی ئەو هەموو ڕەنج و ماندوویەتیەی لەپێناو چیدا داوە؟

گوتم:

- مووچەکەی من باشە، بە زیادەوە بەشمان دەکات وئەو دەتوانێ خۆی بۆ کاروباری ماڵەوە تەرخانبکات...

خوشکەکەی بە پێکەنینەوە گوتی:

- ڕاستە ڕۆشنبیری، بەڵام هێشتا بیرکردنەوەت کۆنە..

سورەیا گوتی:- هێشتا کەستان لە ڕەئی منتان نەپرسیوە؟

گوتم:

- بەڵام، بە بێدەنگیەکەت بەشداریمان لەگەڵدا دەکەیت.. بێدەنگیەکەت خۆی لە خۆیدا بەشدارییە..

- نەخێر!

- کەواتە ڕەئی تۆ چیە گیانەکەم؟

- دەستبەرداری وەزیفە نابم، خۆ بە خۆڕایی ئەم هەموو ساڵە ڕەنجم نەداوە.

پاشان، لە دوا دیداری پێش ئەو مەوعیدەی بۆ یەکتر دیتنی هەر دوو خانەوادەکە دیاریمان کردبوو، سەیرم کرد، بە پێچەوانەی جارانەوە زۆر نیگەرانە، بیری پەرت و حەواسی پەرێشانە.

گوتم:- مژوول دیاری. شتێک هەیە مژوولت بکا.

بە سادەیی گوتی: - بەڵێ!

- چییە؟

- ناکرێ لەوەی پتر دوابخرێ..

بلەز لەسەری ڕۆییشتم:

- من دان بەوەدا دەنەم کە هەڵەم کردووە کە تا ئەم ساتە دوام خستووە.

- شتێکی خەتەرە؟

- دەبێ خۆمان لێکدی ئاشکرا بکەین!

- گوایە هێشتا بە تەواوەتی خۆمان لێکدی ئاشکرا نەکردووە؟

- نەخێر.. مەرجی خۆشەویستی ڕاستگۆییە..

بە نیگەرانیەوە گوتم:- هەڵبەتە..

چاوی نووقاند وگوتی:

- دەبێ، بە ڕاشکاوی پێتی بڵێم..

دانی بەوەدانا کە کەسێک لە تەمەنی منداڵیا "فریو" ی داوە! لە کاتی کورتە ئیعترافەکەدا، ڕوندک زابییە چاوانی. لە سەرەتاوە لە هیچ شتێک حاڵی نەبووم، ئەوجا بەوپەڕی گێلییەوە هەموو شتێکم درک کرد، وەکو ئەوەی سوعبەتێک بێ. ئەوجا هەستێکی قەدەریم لەلا دروست بوو کە ئەگەری هەموو شتێک هەیە ومن هیچ نیم، ئەوجا کەوتمە هەڵدێرێک لە بێدەنگی وخاوبوونەوەو ڕادەست بوونەوە، لە تۆ وایە چاڵێکە لە جەرگەی زستانا وبەچەند چینێک لە خۆڵەمێش پڕکراوەتەوە. وەکو ئەوە بوو خۆڵ ودۆم بە سەرا کرابێ، لە بەینی برژانگە تەڕەکانیەوە کەوتە تەمەشا کردنم وئەوسا بە نائومێدیەوە، بە گوێیدا چپاندم: -پێم نەگوتوویت؟

بە ساویلکەییەوە، پرسیم:- ها؟

-تۆ منت خۆش ناوێ.

-من!.. شتی وا مەڵێ..

-لێم نابووری..

خۆم لە بازنەی بیرەکانی ئەو دەرهێنا ولێم پرسی:- ئەو کەسە کێیە؟

-گرینگ نییە..

بە پێداگرییەوە پرسیم:- کێیە؟

-خوێڕییەک بوو.

-باشە ئەو خوێڕییە کێیە؟

-ئەزیەتم مەدە.. ئازاری ڕۆحم مەدە..

جانتاکەی هەڵگرت وگوتی:- بەخوات دەسپێرم..

بە شێوەیەکی میکانیکی گوتم: -مەڕۆ.

هەستا وگوتی:- بە بێئەوەی هیچ بڵێی وەڵامت دامەوە.

- خۆ من قسەم نەکرد.

- من بە کەمتر لە متمانەی تەواو ڕازی نابم..

لە ناخی خۆما، بە هەستانەکەی ئاسوودە بووم، گوتم:

- پێویستم بە چەند دەقیقەیەکە تا بیربکەمەوە.

بەدەم ڕێگاوەو بە کبریا ولە خۆڕازی بوونەوە گوتی:- بەخوات دەسپێرم.

وام هەستکرد، ئەم کێشەیە، گرێیەکە لە کردنەوە نایەت. تومەز خۆشەویستیەکەم، بریتی بوو لە ئارەزوو وتاسەیەکی توند، دیاربوو خۆشەویستیە کۆنەکەم بۆ سەفاء، هیچ توانایەکی خۆشەویستی ڕاستەقینەی پێ نەهێشتبووم. ئەوجۆرە گلانە لە ڕۆژگاری ئێمەدا، هی ئەوە نەبوو چاوپۆشی لێبکرێ.

ئێمە شەڕی چەندین چینی ئەستووری ڕابردوومان دەکرد، کە چینێک لادەبرا، چینێکی سەختتر دەردەکەوت، کە لابردنی، هەوڵی فەرهادانەی دەویست. دەبوایە پێنج شەش سەدە بە چارەکە سەدەیەک قەدبڕ بکەین. زۆر پەست وخەمبار بووم، هیچ ئومیدێکم نەما، بەڵام زۆر دڵنیابووم، بەقەد نووکە دەرزییەک گومانم لەلا نەما، کە سورەیا بۆ هەتاهەتایە لەژیانی من دەرچوو. تەنانەت بۆ سەردانی مامیشی، بۆ وەزارەت نەدەهات، ئیدی چاوم پێنەکەوتەوە، تا ئەو کاتەی پێشەنگای کشت وکاڵی پیشەسازی، بەرلە جەنگی دووەمی جیهان، لە ساڵی ١٩٣٩دا کرایەوە. من لە" لونا پارک "ی پاشکۆی پێشانگەکەدا لە گەڵ هاوڕێی منداڵیما عید مەنسوور، پیاسەم دەکرد، سورەیا دەگەڵ خوشکە گەورەکەی وخوشکەزاکانیا، بەلاماندا ڕەت بوو. ئەو منی نەبینی، بەڵام من ئەوم

بینی، کە هاوڕێکەم بینی، دەمی وە پەناگوێم ناو لەبن لێوانەوە گوتی:- تەمەشای هۆو کچە بکە!

لێم پرسی:- چییەتی؟

- خەڵکی گەڕەکی "سکاکینی" یە وهاوسێی پوورمە..

پێکەنینێکی بەماناوەی کرد، بەدەست جووڵەیەکی بێ ئابڕوانەی کرد، بەوەدا بۆم دەرکەوت کە ئەو خوێڕییەیە کەکاتی خۆی دەستدرێژی کردووەتە سەر، بە تووڕەییەکی زۆرەوە کەئەو تێی نەگەیی گوتم:- تۆ خوێڕی وهیچ وپووچیت!

وەکو خووی هەمیشەیی بە بێموبالاتیەوە پێکەنی وگوتی:

- کەچی بیستوومە، مارەکراوە وئەمساڵ دەگوازرێتەوە!

ساڵانێکی زۆر بووری نە سورەیام بینی ونەهیچم لەبارەیەوە بیست تا ڕۆژێک دوای نیسکۆ بۆسەردانی مامۆستا سالم جەبر چووم، سەیرم کرد سورەیا لەگەڵ خەڵکانێکی دیدالە نووسینگەکەی خڕبوونەتەوە، لەو سەروبەندەدا، وەکو چۆن کەسێکی ئاگر تێ بەربوو، بۆ پەڕۆیەک یان گڵ یان ئاو – دەگەڕێ تا ئەو ئاگرەی پێ بتەمرێنێ(بکوژێنێتەوە) کەلە جلەکانی بەربووە، بەو ئاوایە بە دووی کۆڕو کۆبوونەوەی هاوکار وهاوڕێیاندا دەگەڕام. چەند هاوڕێ ودۆستێکم لەلای مامۆستا سالم جەبر بینی لەوانە جاد ئەبولعولا وڕەزا حەمادە وعەزمی شاکر وکامل ڕەمزی و خانمێکی سەلار وسەنگین کەتەمەنی لە سەروو پەنجاوە دەبوو، ناسیمەوە کە سورەیا ڕەئفەت بوو. سڵاوم لە هەمووان کرد، دانیشتم، تەوقەم لەگەڵ سورەیادا نەکرد، بەڵام هەستم کرد وەکو چۆن من ئەوم ناسییەوە ئەویش منی ناسییەوە. باس باسی نسکۆ بوو: دیاریکردنی ڕەهەندەکانی، لێکدانەوەی هۆیەکانی، خوێندنەوەی پەنی وپێوارەکانی.

هاوڕێیان ڕۆیشتن، ئەوسا سورەیا هەستا، تەوقەی لە گەڵ مامۆستا سالمدا کرد وگوتی:- مەوعیدمان ڕۆژی دووشەممەیە.

مامۆستا، مەوعیدەکەی دووپات کردەوەو تابەر دەرگا بەڕێی کرد. پاشان بۆسەر مێزەکەی گەڕایەوە وگوتی:

- هاتبوو، دەعوەتی کردووم بۆ گەنگەشەیەکی نیشتمانی لە سەندیکای مامۆستایان.

خۆم لە گێلی دا وپرسیم:- ئەمە کێیە؟

- دکتۆر سورەیا ڕەئفەت، سەرپەرشتیارێکی گەورەیە لە پەروەردە.

دوای تۆزێک لە سەری ڕۆیی:

- مێردەکەی لەو زانا دەگمەنانەیە کە ژیانی خۆیان بۆباس وتوێژینەوە تەرخان کردووە. بەڵام خۆی لە کەسایەتیە دیارەکانی ڕینیسانسی ژنانمانە، ژنێکە مایەی شانازی هاوڕەگەزانی خۆی و شانازی نیشتمانە..

ئەوجا گوتی:

- بە دەگمەن ژنێک دەبینی هاوتای کەسایەتی وزانست وڕەوشتی ئەو بکاتەوە.

یەکسەر عید مەنسوورم بیرکەوتەوە. لاوازی وترسنۆکی خۆم بیرکەوتەوە، هەندێک لە هاوڕێیانی منداڵیم بیرکەوتنەوە، لەوانە خەلیل زەکی و سەید شعیر، ئەحمەد قەدری خزمم بیرکەوتەوە کە زۆر لەمێژ بوو نەمبینی بوو، دەیان و دەیانم لەو کەسانە بیرکەوتەوە کەلە ژیاندا بەرخوردم لەگەڵیاندا بووبوو، سەروسیمایان لەنێو تەپ وتۆزێکی بۆگەنەوە بەدیارکەوت وەکو چۆن مێرووان، لە دوای هەرەسی ماڵێکی لەحاڵی داڕوخاندا، دەردەکەون.

٨ – جاد ئەبولعولا

هەم هەیە وهەم نییە.

لە ساڵی ١٩٦٠وە دەیناسم، تەلەفۆنی بۆ نووسینگەکەم کرد داوایدیداری لێکردم، چونکە ناوێکی درەوشاوەو بناڤ ودەنگی دنیای ئەدەب بوو، بە خۆشحاڵیەوە قەبووڵم کرد. پێنج شەش ڕۆمانی بڵاوکردبۆوە. ئەو ئاگاداریانەی دەربارەی ڕۆمانەکانی بڵاو دەبوونەوە، مایەی سەرنج بوون، بە تایبەتی کە پانتاییەکی زۆریان لە یەکەم لاپەڕەی بڵاوکراوەو ڕۆژنامەکاندا دەگرتەوە. دوا بەدوای بڵاوبوونەوەی هەر ڕۆمانێکی زنجیرەیەک وتاری ڕەخنەیی پڕ لە ستایش وڕێز لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانا بڵاودەبووەوە. هەموو ڕۆمانەکانی بۆ زمانی ئینگلیزی وفەرەنسی پاچڤە کرابوون، هەروەها هەموو ئەو وتارانەی لە هەندەران دەربارەی نووسرابوون، بۆ ڕۆژنامەکانی لای خۆمان پاچڤە دەکران، تێکڕای ئەو وتارانە مەدح وستایشێکی ئەوتۆیان دەکرد، کە تەنیا شایستەی کەڵە نووسەران بێ. ئیدی لەبەر ڕۆشنایی ئەو شتانە پتر لە ڕۆمانێکیم خوێندەوە، بەڵام نەمتوانی شتاقیان تەواوبکەم، هیچیان ئەوە نەبوون بەجدی و بەبایەخەوە بخوێنرێنەوە، ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو، هیچ بەهرەیەکم تیایدا نەدەبینی، تەنانەت لە ئاستی لۆکاڵیشدا ئەوە نەبوو، ئەو هەموو مەدح وستایشە هەڵبگرێ. هەموو بەرهەمەکانی کران بە دراما ونمایشی ڕادیۆیی و فیلمی سینەمایی، بەڵام هیچ سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێنا، کەچی وەکو ئەوەی دوڕ وگەوهەر بن، بەو ئاوایە بڵاودەبوونەوە.

کە هاتە دیدەنیم، سەیرم کرد پیاوێکی ناسک وبەئەدەب، پاراوزمان و بە ئەتەکێتە. لەتۆ وایە دۆستێکی دێرینە وپێویستت بەوە نییە هیچ

ئەتەکێتێکی لەگەڵدا بەکار بەری، گوتی حەزی بە دۆستایەتی منە وبۆ دیوەخانە ئەدەبییەکەی خۆی، لەماڵە جوانەکەیا لە "الدقی" دەعوەتی کردم، ئیدی لەو ڕۆژەوە ناوبەناو هاتوچۆی دیوەخانە ئەدەبیەکەی دەکەم، ئیدیجاری وایە بەتەنیا لەگەڵی دادەنیشم و جاری وایە لەگەڵ ژمارەیەک هاوکار وهاوڕێدا لەگەڵی دادەنیشم، وابزانم عەبدە بەسیونی دواکەس بوو، دوای دوو ساڵ یان زیاتر لەو دیدارە لە فەرامۆش نەهاتگەی لەگەڵ منا کردی، هاتە ڕیزمانەوە. هەر لەیەکەم دیدارەوە باسی مێژووی خۆی بۆ کردم، ئامازەی بۆ وێنەیەکی گەورەی چوارچێوە زێڕکفت کرد وگوتی:

- بابم، خوا عافووی بکات، لە خانل خەلیلی پێشانگای ئەنتیکە فرۆشی هەبوو، بازرگای ئەنتیکان بوو.

بەدەنگی بەرز پێکەنی وگوتی:

- ئەگەر کاروبارەکان ئاسایی ڕۆشتبان، بۆخۆم دەبووم بە بازرگان ولەم دوالیتی شەخسیەتە ڕزگار دەبووم!

لێم پرسی مەبەستی لە دوالیتی شەخسیەت چییە، گوتی:

- هەرزوو هەستم بە سووکە بەهرەیەک کرد، هەردوو پێم لە بابم کردە تاکێ کەوشەوە تا ڕازی بوو، لەسەر حیسابی تایبەتی خۆی – دوای ئەوەی ئامادەییم تەواو کرد –بەمەبەستی خوێندن بۆ فەرەنسام بنێرێ..

سەرێکی لەقاند، بزەیەکی بەڕوومدا دا وئەوسا گوتی:

- باوەڕم بە خوێندنی نیزامی نەبوو، هەر مەبەستیشم نەبوو، بۆیە چوومە پەیمانگەیەکی فێربوونی زمانی فەرەنسی، ئیدی لەوێوە ڕووم کردە سەرچاوە ڕاستەقینەکانی هونەر لە ئەنتیکەخانە وشانۆکان و هۆڵە هونەری و کتێبباندا..

ئیدی وەسفێکی دوور ودرێژی ئەو سەرچاوانە وئەزموونی زەوقبینی خۆی لەگەڵیاندا کرد..

- بەڵام من دوای سێ ساڵ لە مردنی بابم ناچار بووم دەست لە خوێندنەکەم بەر بدەم، ئیدی گەڕامەوە تا پێشانگاکەی ئەو بەو ئیحتوبارەی گەورەی هەموو براکانم بووم، بەڕێوەبەرم..

باسی ئەوەی بۆ گێڕامەوە کە چۆن تووشی دابەشبوونی شەخسیەت بووە، لە نێوان بازرگانی وئەدەبدا، چۆن توانیویەتی ئەو ڕێگا سەختە ببڕێ وبەهرە و توانای خۆی پەروەردە بکات وسوود لە هەر ساتێکی دەستبەتاڵی خۆی وەربگرێ و بەهرەی خۆی بگەشێنێتەوە. ئیدی ئەو قسانەی و–قسەکانی دواتری بە درێژایی ساڵان– جۆرە بۆچوونێکی لەلا دروستکردم، کە ناتوانم ناوی بنەم متمانە. کەسێکی ڕووخۆش ودڵخۆش بوو، زیرەکێکی ئاسایی بوو، ڕۆشنبیرێکی بە ڕواڵەت گەورەی بێ ناوەڕۆک بوو. بەمەداو بە خوێندنەوە کۆنەکانما بۆ هەندێ لە ڕۆمانەکانی، زیاتر بەلای ئەودا دامکێشا کە باوەڕ بەو قسانە بکەم کەلە کۆڕە فیکریەکانی دیوەخانەکەی دکتۆر ماهیر عەبدولکەریم وکۆڕ ومەجلیسەکانی مامۆستا سالم جەبر و ئەوانی دیدا، دەربارەی دەکران.

دەیانگوت هەرسێ ساڵەکەی لە فەرەنسا، بەناوی وەدەستهێنان وپەیداکردنی ئەزموونی زندوو وناسینی ئینسانەوە، بەکەیف وڕابواردن بە سەربردووە. شایەدی ئەوەیان بۆ دەدا لە کار وکاسبی وبازگانیەکەیا لێهاتوو بووەو سەروەت و سامانێکی زۆری لەو ڕێگایەوە پەیدا کردووە وڕۆژبەڕۆژ لە زیادیدایە. بەڕای هەمووان کەسێکی هونەر دۆست وزیاتر شۆرەتخوازە، بەڵام بەهرەیەکی شایستەی نەبوو، ئەمە کردیە کارێک کە ڕێگەیەکی پڕ دژوار بگرێتەبەر، ئیدی بڕیاری دا ببێت بە ئەدیب و بێ بەهرەییەکەی یان کەم بەهرەییەکەی بە سەروەت و سامانەکەی پڕ

بکاتەوە. ئیدی ئەزموونەکانی خۆی دەنووسییەوە. ئەوجا پیشانی ئەدیب و ڕەخنەگرە نزیکەکانی خۆیی دەدا، ئید بە گوێرەی ڕێنوێنی وتێبینییەکانی ئەوان دەسکاری جەوهەری دەکرا، بگرە ڕازی دەبوو، هەندێکیان، فەسڵی تەواوی بۆ بنووسنەوە، ئەوجا کارەکەی دەدا بە هەندێک لە زمان زانەکان تا شێوازەکەی بۆ مشت ومالْ بدەن وزمانەکەی بۆ ڕاستبکەنەوە، ئیدی بە گوێرەی زرووف و ڕەوشەکە، هەر هەموو ئەوانەی لە دیاری وپارە دەگرت. ئیدی ڕۆمانەکەی لە کیسەی خۆی بە چاپێکی جوان دەگەیاند وهەندێکیان گوتەنی- وەکو بووک لە چاپخانە دەردەچوو، ئەوسا هەندێک لە ڕەخنەگرەکانی ڕادەسپارد، ئیدی وتاری ڕەخنەیی ستایشئامێز، ڕۆژنامەکانی پڕدەکرد، چەندی لەوە سەرف دەکرد، چەندقاتی ئەوەی بۆ پاچڤەکەی سەرف دەکرد، ئیدی بەوجۆرە خۆی بەسەر ژیانی ئەدەبیدا سەپاند، خۆی کرد بەناو. بەهەمان شێواز خۆی گەیاندە ڕادیۆ و تەلەفزیون وسینەما، بێئەوەی چاوی لە یەک عانە قازانج بێ، بەڵکو ئەگەر پێویستی کردبا لەکیسەی خۆی لەوەش زیاتری خەرج دەکرد. زۆری ڕق لە ژینگەی بازرگانان بوو، ئەگەرچی سەرچاوەی ناوبانگ وسەروەت وسامانەکەی بوو و لەو بوارەدا پێگەیەکی گەورەی هەبوو، شەیتانانە خۆی لە ژینگە وناوەندی هونەردا دەڕواند، هەرچەندە بەو ژینگەیە نامۆ وبێگانە و کەسێکی ناحەز وبچووک بوو. جارێک کە قسەوباس هاتە سەر جاد ئەبولعولا، لە دکتۆر " زوهیر کامل " م پرسی:

- باشە ئەم پیاوە چ لەزەتێکی ڕاستەقینە لەم هەوڵە بێهودەیەی خۆی دەبینێ، لە کاتێکا یەکەم کەسە کەبەم فێڵ و فەرەجەی خۆی دەزانێ؟

ئەو پیاوە وەڵامی دامەوە:

- نا، تۆ هەڵەیت، ڕەنگە باوەڕی تەواوی بەخۆی هێنابێ... شتەکەی لێبووە بە ڕاست..

- باوەڕ ناکەم..

- ڕەنگە گەیی بێتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو ئەزموونەی ئەو وەکو هێم وبناغەی کارەکەی پێشنیازی دەکات هەموو شتێک بێ، بەڵام فۆرم.. شێواز.. سنعەت، ئەمانە کاری لاوەکین و هیچ بایەخێکیان نییە و خەڵکانی بە کرێگرتە ئەنجامی دەدەن!

مامۆستا ڕەزا حەمادە، قسەکەی بۆ سەلماند وگوتی:

- ئیدی غرووری بەشەری و بەهەڵەچوونی سنوور وکۆتایی نییە..

"زهیر کامل " دووبارە هەڵیدایە وگوتی:

- ژیان پڕە لە زەیف ودرۆ، وەکو ئاو وهەوا بڵاوە، ئەمە ئەو ڕاز وسڕەیە کە ناخی مرۆڤ دەکات بە حەقیقەتێکی دەگمەن، کە خاوەنەکەی نای بینێ، بەڵام هەموو خەڵکیدی دەیبینن.

زهیر کامل، پێکەنی، ئەوجا بە نائومێدییەوە گوتی:

- لەو باوەڕەدا بووم خەڵکی خوێڕی و بێ ئەخلاقن، باشتر وایە دان بەو ڕاستیە بنەن و، ژیانی هاوبەشیان لەسەر بناغەی ئەو ئیعترافە ڕۆبنەن، بەو پێیە کێشە ئەخلاقیە تازەکە دەبێ بەوەی : چۆن بەرژەوەندی گشتی و شادمانی بەشەری لە کۆمەڵگای خوێڕیان وسپڵە و پێ نەزانان‌دا دابین ومسۆگەر بکەین؟!

عەبدە بەسیونی، بە درەنگەوە هاتەڕیزی هاتوچۆکەرانی دیوەخانە ئەدەبییەکەی جاد ئەبولعولا، ساڵی ١٩٦٨ بوو یان دواتر بوو. کە دیتم لە دڵی خۆدا گوتم- لە دوای هاتنە ترسناکەکەیەوە بۆ نووسینگەکەم نەم بینی بوو- جاد ئەبولعولا، نچیرێکی چەوری دەسکەوت! زۆر بەگەرمی وەکو ڕۆژانی مەکتەبمان تەوقەمان کرد وەکو ئەوەی هیچ هەڵەیەک ڕوونەدابێ. پڕ بەدڵ حەزم دەکرد هەواڵی ژنەکەی بپرسم و بڵێم ئاخۆ

گەڕاوەتەوە بۆلای، بەڵام بە خورتی جڵەوی خۆم گرت. ئەویش کەم و زۆر خۆی لەوباسە نەدا، بە تاقە وشەیەکیش ئاماژەی بۆ نەکرد، پێی گوتم:

- کاروان دەڕواتو کۆسپان تەخت دەبن، بیلالی کوڕم لە دواساڵی کۆلیژی پزیشکی قاهیرەیە، گەنجێکی بلیمەتە وپێگە وپایەیەکی گەورەی دەبێت، خوشکەکەشی لە زیرەکیا هیچی لەو کەمتر نییە لە کۆلیژی دەرمانسازییە، بەو نزیکانە دەرووم لێدەکرێتەوەو ئارامی وتەناهی دارایی و دەروونی بەخۆوە دەبینم..

پیرۆزباییم لێکرد وبەدڵ ئومێدی بە ئاوات گەیشتنم بۆخواست و، پێمگوت:

- وادیارە، تازە دەگەڵ مامۆستا جاد ئەبولعولادا ئاشنایەتیت پەیدا کردووە؟

لەبن لێوانەوە گوتی:

- دوو ساڵێک دەبێ، بەڵام تەنیا چەند جارێکی کەم هاتوچۆی ئەم دیوەخانەم کردووە و هیچ جارێک ڕێکەوتی تۆم نەکردووە..

ئەوجا بەدەم بزەیەکەوە گوتی:

- زۆربەی دراما وزنجیرە ڕادیۆیی و تەلەفزیونیەکانی بە قەڵەمی من نووسراون!..

بە دوو قۆڵی پێکەنین ودووبارە گوتی:

- تا ئێستا نەمتوانیوە یەک دراما بەناوی خۆمەوە بفرۆشم!

کاتێ مامۆستا جاد ئەبولعولا، خەڵاتی دەوڵەتی بۆ هاندان وەرگرت، مامۆستا عەجلان سابت، سەردانی کردم، بەدەم پێکەنینێکی تەوسامێزەوە گوتی:

- ئەرێ ئەمانە لەخوا ناترسن؟!

ماوەیەکی زۆر گفتوگۆمان کرد تا باس هاتەسەر عەبدە بەسیونی، عەجلان گوتی:- دەزانی ژنەکەی ماشقەی مامۆستا جاد ئەبولعولا بوو؟

لەناخا زۆر پەست بووم، تەزوویەکی پڕ پەرێشانیم پێداهات، عەجلان نە هەستی پێکرد نە پەی بە هۆیە ڕاستەقینەکانی برد.. گوتم:

- تۆش لە خوا بترسە.

- باوەڕم پێبکە من لەم جۆرە هەواڵانەدا پسپۆڕم.

کەمێک بێدەنگ بوو و لەسەری ڕۆیی:

- عەبدە بەسیونی بەخۆیشی ئەوە دەزانێت لە ڤیلایەکا لە هەرەم گرتبوونی، تەنیا پەیوەندی لەگەڵیا بڕی بوو و ژنەکەی بردبووەوە، کەچی دوای ئەوە دۆستایەتیەکی پتەو کەوتبووە بەین مێردەکەی و (عەشیق)ە کۆنەکەیەوە..

بە تۆبزی خۆم کۆنترۆڵ کرد وگوتم: - ئەمە کەی؟

- چوار پێنج ساڵێک دەبێ!

- با..

- کە پیاوێکی خوێڕی و بودەڵەیە!..

- عەبدە بەسیونی؟!

- پیاوێکی کەر وداماوە، مەبەستم براوەی خەڵاتە گەورەکەیە..

- بەڵێ.

- سەیر ئەوەیە قارەمانانی ڕۆمانەکانی نموونەی ڕاستگۆیی و کەرامەت وچاکەن!

- بەڵێ

بەدەم پێکەنینەوە هاواریکرد:- نەعلەت لە هەموومان.

٩ – جەعفەر خەلیل

کەناوی ئەو دێت، ناوی گەڕەکەکەمان. " العباسیە "ی بیستەکانی ئەم سەدەیەم ( سەدەی بیستەم ) بیردەکەوێتەوە. گەڕەکی ئارامی تەواو، گەڕەکی مەزرا وکێڵگەێن فراوان و باخ و باخچەێن خۆش و ئاواو ئاوەدان. لای ڕۆژهەڵاتی بریتی بوو لە کۆشک وتەلارێن قەڵا ئاسا وشەقامێن نیمچە چۆڵی، کڕوکپ وبێدەنگ، لای ڕۆژئاوای بریتی بوو لە خانووی سەربەخۆ، کەلە حەوشەی پشتەوە باخچەی بچووکیان تیابوو، کە مێو ودرەختی جەوافەیان (دارێکە بەرەکەی لە هەرمێ دەچێ ) تیا ڕوێنرابوو، زەمینەی باخچەکان بە ڕووەک وگوڵەباخ وگوڵە مێخەک داچێنرابوو، هەر چواردەوری مەزرا وکێڵگە بوون، جۆگایەکی لێ بوو بەناو پەڵە دارخەنەکاندا دەسووڕایەوە، ئیدی ژێر پەڵەدارەکان بە جەرجیر وتەماتە داچێنرابوو، چەند دارخورمایەک لێرە ولەوێ چووبوون بە ئاسمانا، بەڵام ئەودیوی حەساری ماڵەکان یەکپارچە هەنجیری کێوی دڕکاوی بوو. بەیانیان تەنیا دەنگی ترامەکە، ئارامی گەڕەکی دەشڵەقاند، شەوانیش تەنیا هاواری حەسحەسان، لە کوچە وکۆڵانەکاندا دەنگی دەدایەوە. کە شەو دادەهات، تاریکییەکی سخ وچڕ باڵی بەسەردا دەکێشا، مەگەر تیشکی ئەو فانۆسانەی کە بە بەرزییەوەو بەسەرووی دەرگای حەوشەی ماڵەکانەوە هەڵواسرابوون خەستی تاریکییەکەی کەم بکردایەتەوە. کەلە گەڕەکە کۆنەکەمانەوە بۆ ئێرە بارمان کرد وحەماڵەکان کەل و پەلەکانیان بۆ ناو ماڵە تازەکە دەگواستەوە، کۆمەڵێک منداڵی

هاوتەمەنمان لێ خڕ بوونەوەو تەمەشایان دەکرد. کە چوومە دەرێ و دیقەتم دا، ئەم منداڵانەم لە بەردەم خۆما بینی: جەعفەرخەلیل، سرور عەبدولباقی، سەید شەعیر، عید مەنسوور، ڕەزا حەمادە، خەلیل زەکی، شەعراوی الفحام.

وەستا بووین و تەمەشای یەکترمان دەکرد، خەلیل زەکی لێی پرسیم:

- یاریمان لەگەڵدا دەکەی؟

حایر و حەپەساو هیچ وەڵامێکم نەدایەوە، سرور عەبەدولباقی لێی پرسیم:

- خەڵکی چ گەڕەکێکن؟

بە شەرمێکەوە وەڵامم دایەوە: - گەڕەکی حسەین.

جەعفەر خەلیل لێی پرسیم:- تۆپانێ دەکەی!

- نەخێر.

- فێری بە، گەنگێ دەچیتە قوتابخانەی سەرەتایی؟

- دوای پشوو.. کەی قوتابخانە کرایەوە.

- هەمووومان پێکەوە دەچینە قوتابخانە.

ڕەزا حەمادە پرسی:- کە بۆ ئێرە دەهاتن، لە ڕێگا تووشی خۆپیشاندان بوون؟

- لە ڕێگای حوسەینیەوە هاتین، هەموو دووکان وچاخانەکان داخرابوون، مانیان گرتبوو.

- تووشی ئینگلیزان بوون؟

- تەنیا یەک دەورێمان بینی. ئێوە لێرە دەیان بینن؟

جەعفەر خەلیل پێکەنی وئاماژەی بۆ لایەک کرد وگوتی:

- سەربازگەکانیان لەوێیە، لەناو جەرگەی عەباسیەدایە، بە هەر لایەکا بڕۆی دەیان بینی..

سرور عەبدولباقی پرسی:

- باشە خوێندنی بەراییت تەواو کردووە؟

- دوو ساڵ لەوێندەر مامەوەو پێش ئەوەش دوو ساڵ لە حوجرە بووم.

- لێرە حوجرە نییە!

بێدەنگ بوو، بە نیگەرانیەوە تێم دەڕوانین، بەڵام هاوڕێیاتیمان دەستی پێکرد. ئەم هاوڕێیەتییە بەردەوام بوو، تا دوانیان مردن. بەڵام وێڕای ئەوەش جەعفەر خەلیل تاقەکەس بوو کەلە هەموو قۆناغەکانی سەرەتایی و ئامادەیی وزانستگەدا، هەر لە گەڵما هات وهاوڕێیاتی کردم، کوڕێکی ڕۆح سووک و قسەخۆش وسەرکەوتوو و جدی بوو. دەعوەتی کردم کە لە گەڵیانا بچم بۆ تەمەشاکردنی پێشبڕکێی فووت بۆڵ لەیانەی ئەهلی، کە پرسیاری ئەوەم لێکرد چەندی تێدەچێ، بەوپەڕی سادەیی وەڵامی دایەوە:- یەک عانەشی تێناچێت.

ئیدی بە دیزداشە ونەعلەکانمانەوە بەپێ کەوتینەڕێ، شەقامەکانی زاهیر، فەجالە، مەیدانی وێستگە، عەباس، مەیدانی خدێوی ئیسماعیل، پردی قەسری نیل–مان بڕی، تا گەیشتینە یانەکە، کەچی گروپەکە هەموو سەرکەوتنە سەرداریێکی گەورەو هەرکەسە و جێگەی خۆی لەسەر لقێکی گرت، منیش هیچ چارێکم نەبوو دەبوایە وەکو ئەوان بکەم. ئەو ڕۆژە، بۆ یەکەمجار لە هەموو تەمەنی خۆما پێشبڕکێی تۆپانیم بینی، چەند یاریزانێکم ناسی کە تا ئێستاش کاریگەریانم لە دڵ ودەروونا

نەسڕاوەتەوە لەوانە: حسەین حیجازی و مەرعی. ئینگلیزم دیتن کە یارییان دەکرد و وامدەزانی ئیش وکاریان تەنیا کوشتنە، پێم سەیر بوو کە علی الحسنی، شانی لە شان دەدان و دەیدان بە عاردیدا و هیچ شەڕێکی خوێناوی بە دوودا نەدەهات. زۆر شاد وخۆشحاڵ بووم، ئیدی ئارەزوویەکی تازەم لادروست بوو، باوەڕم هێنا، دەشێت ئەگەر "لە یانەی ئەهلی" شدا بووە، بە سەر ئینگلیزاندا سەربکەوی. هەڵبەتە زۆر درەنگ بۆماڵ گەڕاینەوە، لەماڵەوە لێ پێچینەوەیەکی توندم لەگەڵدا کرا. ئیدی پەیوەندیم بە یانەکەیانەوە "دڵی شێر" کرد وبەشداریم لەو یاریەدا کرد کەلە ناوەندی لێرەواری هەنجیرە کێویە دڕکاویەکان دەکرا، ئیدی لە گورج وگۆڵی و توانا و لێهاتوویدا هەڤڕکی جەعفەر خەلیل وتەنانەت عید مەنسوورم دەکرد، کەبە خەیاڵی خۆی، خۆی ئامادە دەکرد ببێ بە یاریزانی پیشەیی. جەعفەر خەلیل دەنگی باش بوو، هەندێک لە گۆرانیەکانی سەید دەرویش و منیرە الهدیة وعەبدوللەتیف بەنای بۆ دەگوتینەوە، بەرەبەرە کە بڕێک گەورە بوو کەوتە هۆندنەوەی شیعری میللی. تەنانەت هەندێک لەدیمەنی فیلمانی دەگۆڕی بۆ شیعری شانۆیی ودەرهێنانی بۆ دەکرد ولە هەنجیرستانەکەدا، بەشداری لە نواندنەکەشی دەکرد. هەرچەندە جارێک بەخۆم گرتم کە کچە جوولەکەیەکی دراوسێی خۆیانی فێری پاسکیل سواری دەکرد، بەڵام هیچ شتێکم دەربارەی دڵداری وئاشقێنی ئەو نەزانی بوو و نەبیستبوو. کە زیاتر لەگەڵیا تێکەڵ بووم وپەیوەندیم لەگەڵیا توّخ بووەوە، زانیم کەبەڕاستی هەژارە، هەژارترین خەڵکی ناو گروپەکەیە، بابی هەرچەندە کابرایەکی بەتەمەن وخزمەتی زۆر بوو، فەرمانبەرێکی بچووک بوو. بەڵام وێڕای ئەوەش لە هەمووان دڵخۆشتر وزیتەڵتر بوو. هەرچەندە زۆری حەز لە یاری وهونەر بوو، بەڵام کەم وزۆر بەلای سیاسەت ونیشتمانپەروەری باوی ئەو ڕۆژگارەدا نەدەچوو. تا گەییە زانستگە و تەواوکردنی زانستگەش، هەر بەو دوورە پەرێزییە لە سیاسەت و نیشتمانپەروەری مایەوە. ڕۆژێک پێمگوت:

- زۆر سەیرە، بایەخ بە سیاسەت ونیشتمانپەروەری نادەیت، لە کاتێکا تێکەڵ بە ژیان ومانمان بووە.

بە پێکەنینەوە گوتی:

- نیشتمانپەروەری پیاوی خۆی هەیە، من لەو پیاوانە نیم هەرچەندە هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

- بەڵام هەموو هاونیشتمانیەک، پیاوی نیشتمانپەروەرییە..

- من زیاتر کەیفم بە هونەر وئەهلی هونەر دێ.

تەنانەت وەختایەک کە قوتابی ناوەندیش بوو هاتوچۆی سەندیکای سازڤانانی ئەهلی دەکرد ودەچووە دیتنی ئاهەنگە خۆڕاییەکانیان و، دەچووە کۆڕ ومەجلیسی شایەرانی گازینوی خدیوی. لەمەدا زۆر بە جورئەت وکراوە بوو. لە ڕێگای کەمال سەلیمی ڕەحمەتیەوە ڕێگەی بۆ ناوەندە سینەماییەکە دۆزییەوە، لە هەندێک فیلماندا لە چوارچێوەی کومبارسدا دەوری دەبینی. هێشتا خوێندکاری زانستگە بوو کە هەندێک چیرۆکانی سینەمایی پێشکەش کرد، تەنانەت دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٤ دا زانستگەی تەواو کرد، توانی بەشداری لە نووسینی سیناریۆیەکدا بکات. بە دەرسکار وماموستای ئینگلیزی دامەزرا، لە قوتابخانەدا زیاتر خەریکی چالاکی وەرزین وسەرپەرشتی تیپی نواندن بوو، ئیدی بە ڕۆح سووکی خۆی، خۆشەویستی و دڵبەندی هەمووانی بەدەست هێنابوو. پێی گوتم:

- وەزیفە تەنیا هەنگاوێکە، بەڵام من مەبەست وئامانجی خۆم دۆزیوەتەوە.

زۆر زەحمەتە، بزانی مەبەست وئامانجی ئەو چییە، شیعر وهونراوەیە یان نواندن و ئەکتەرییەیان دەنگبێژەیە یان سیناریستە؟ لێم پرسی:

- ئامانجت چییه، خاوەن ئامانج؟

- سینەما!

- سینەما؟

- بەڵێ، کۆکەرەوەی هەموو هونەرەکانە، دنیا ئەفسوون وخۆشگوزەرانی وجوانی یە، بەڵام دەرفەت وهەلی نواندن ونووسین و گۆرانیشی تێدایە..

ئەوجا بە پێکەنینەوە لەسەری ڕۆیی:

- شێوە وڕوخسارم پەسندە، تۆ حوکم لە سەر ڕابردووم مەدە، هەژاری کردیە کارێک تیر بە سکی خۆم نەخۆم، بە سکێ تێر و بە دەسک برسی بووم. بەڵام کەسێ نەمرێ، وەختێ تێر بە سکی خۆم لەو گۆشتەم خوارد کە ساڵانێک بە نەهەق و ناڕەوا لێی مەحرووم بووم و جەستەم بوژایەوە، هەنگێ بە چاوی خۆت دەمبینی!

لە ماوەی نێوان دەرچوونی لە زانستگەو، کۆتایی دووەم جەنگی جیهاندا، لە واری چالاکی سینەماییدا هەنگاوی باش و دیاری بۆ پێشەوەنا، چوار چیرۆکی وەرگرت و ئامادە کرد، شەش سیناریوی نووسی، لە دە فیلمدا دەوری لاوەکی بینی، دەیان گۆرانی دانا، ڕەوش وباری دارایی زۆر باش بوو، کەس وکار وخانەوادە هەژارەکەی بۆ باڵەخانەیەکی تازەی سەر شەقامە گشتیەکە کە لەگەڵ رۆژگارا شێوەو ناوەڕۆکی گۆڕابوو، گواستەوە، هەرچەندە لەگەڵ ئەواندا دەژیا، بەڵام لە جادەی شامبلیون شوقەیەکی تایبەتی بۆکارەکەی خۆی-بلێ بۆ کارەکەی و مجێزی خۆی – بەکرێ گرت، بەڵام پەیوەندییە کۆنەکەی لەگەڵ گەڕەکەکەی جاران و هاوڕێ دێرینەکانی نەبڕی. لە ساڵی دوای جەنگ، زەماڵەیەکی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ دەرچوو. ڕاستە بەخەویش بیری لە شتی وا نەدەکردەوە، بەڵام برادەرێکی لە ناوەندە هونەرییەکەدا، کەبەینی

لەگەڵ وەزیری مەعاریفدا خۆش بوو، ئەم دەرفەتەی بۆ ڕەخساند. بە درێژایی ماوەی زەماڵەکەی (بورس) نامەی لێ نەبڕیم، لە نامەکانیەوە بۆم دەرکەوت کە خەریکی ئامادەکردنی دکتۆرایە دەربارەی هونەر لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا، هەروەها ئەوەشم زانی کەبە تەمای خوێندنی سیناریویە لە لۆس ئەنجلوس. لە هەندێ نامەی دواترا زانیم، کە بە پاداشت و کرێیەکی باش، هاوکاری لە گەڵ هەندێک گۆڤاراندا دەکات ونووسین و بابەتیان بۆ دەنیرێت وهەروەها بەختی خۆی لە نووسین بۆ ڕادیۆ تاقی دەکاتەوەو بە بڕێ دۆلاری ئەمریکی زۆرەوە دەگەڕێتەوە.

لە ساڵی ١٩٥٠دا بۆ میسر گەڕایەوە، ڕۆژێ دوای گەڕانەوەکەی چووم بۆ سەردانی، لە ماڵی کەسوکار وماڵباتەکەی بوو، دایکی بەتەنیا مابووەوە. زۆر بە گەرمی دەستمان لە ملی یەکدی کرد. خەڵکانێکی زۆر لە ئەهلی هونەر هاتبوونە سەردانی، هەموو هاوڕێیانی منداڵیم، جگە لە شعراوی الفحام کەلە کاتی جەنگا لە بوردمانێکا کوژرابوو، لەلای بینی. پرسیاری لێکرا ئایا لە وەزیفەکەیا دەمێنێتەوە یان دەستبەردار دەبێ وخۆی بۆ هونەر تەرخان دەکات، وەڵامی دایەوە:

- دەمێنمەوە، تا ئەو ماوەیەی بە گوێرەی زەماڵەکە لەسەرمە تەواو دەکەم، کە پێنج ساڵە!

گوتی:- ژیانی ئەمریکی ژیانێکی غەریب ومەزنە، ئەمریکی توانا وتایبەتمەندی گەورەیان هەیە، بەڵام من بەهۆی بومباکەی هیرۆشیماوە، هەرچیم کرد وکۆشا نەمتوانی هەستی بێزاری وخەمباری لە خۆم داماڵم..

هەروەها گوتی:- پێموایە ئەمریکیەکان حاڵی حازر پێوەن بایەخێکی نائاسایی بە ڕۆژهەڵات بدەن ، لە سەرمانە هەزار ویەک حیساب بۆ ئەمە بکەین!

بەجۆش و خرۆشەوە گوتی:

- کۆمەڵێک هزر وبیری بەهادارم پێیە، کە دەوریان لە پەرەسەندنی هونەری سینەما، لە میسرا دەبێت..

ئەوجا، شۆخی وسوعبەت بە سەر مەجلیسەکەدا زاڵ بوو وقاقای پێکەنین لە ژوورەکەیا بەرز بووەوە، بەتایبەتی وەختایەک ڕەحمەتی شێخ زەکەریا ئەحمەد خۆی بە مەجلیس وکۆڕەکەماندا کرد.

ئێوارێ، لە دوای ئەوەی داوای لێکردم کەبەیانی ڕۆژی هەینی، لە پاتۆقە تایبەتیەکەی خۆیا لە شامبیلیون یەکدی ببینین، هەستام ولەوێ وەدەرکەوتم.

بەیانی ڕۆژی دوایی، هەواڵی مردنەکەیم لە ئەهرام خوێندەوە.

مردنەکەی؟!

بەڵێ مردنەکەی.

سەعات هەشتی ئێوارێ لە ماڵەکەی وەدەردەکەوێ، پێ بە تۆکڵە مۆزێکا دەنێ، هاوسەنگی خۆی لە دەست دەدات، دەکەوێ وسەری بەر قەراخ شۆستەکە دەکەوێ و لە بەردەم بینایەکەدا ولە چاو تروکانێکدا ڕۆحی دەردەچێت.

## ١٠ – حەنان مستەفا

گوێم لە دەنگێ بوو بانگی دەکردم، وەستام، ئاوڕی پاشێم دایەوە، خانمێکی کامڵی دەوروبەری پەنجا شەستساڵیم بینی کە بە دوو چاوی شینی گەشەوە تەمەشام دەکات. کەمێک لێی ڕامام یەکسەر بیرەوەری وەکو شەپۆلە بۆنێکی گوڵان بە هانامەوە هات، هاوارم کرد:- حەنان!

بەجۆرە منەتباریەکەوە گوتی:- بەڵێ.. حەنانم.. حاڵت چۆنە؟

زۆر بەگەرمی تەوقەمان کرد وچووینە لایەکی شۆستەکەوە، گوتی:

- زۆر بە ئاسانی ناسیمیتەوە، زۆر نەگۆڕاویت، ترسام نەمناسیتەوە بەڵام وادیارە ئەوەندە نەگۆڕاوم کە دڵم لە خۆ دابمێنێ، بەم مانگی ئایارە چی بۆ "جلیم"ی هێناوی، یان لێرە، لە ئەسکەندەرییە ئاکنجیت؟

- هاتووم شوقەیەک بۆ هاوین بەکرێ بگرم، ئەدی تۆ؟

- منیش بۆ هەمان مەبەست هاتووم، هەرخۆتی؟

- بەڵێ.

- منیش هەر خۆمم.

هەواڵی کەسوکاری یەکمان پرسی وئیدی زانیمان کێ مردووە وکێ ماوە، باسی رەوشی کۆمەڵایەتی خۆمم بۆ کرد گوتی:

- چوار کچی بەشووم هەن، لەمێژە بووم بە نەنک، بەڵام مێردەکەم پێرار مرد..

بەکاوەخۆ بەسەر کورنیشەکەدا کەوتینەڕێ تا لێی پرسیم:

- کەنگێ ئاخیر جار یەکمان بینی؟

لەفکران ڕاچووم، ئەوجا گوتم:- چل و چوارساڵ لەمە پێش؟

بەدەم پێکەنینەوە هاواریکرد:

- ئەیەڕۆ، وێڕای ئەوەش لەیەکەم نیگاوە ناسیمیتەوە!

- منیش تۆم ناسییەوە.

- بەڵام کەمێک سڵەمیتەوە.

- غافڵگیر بووم..

پێکەنی وئەوجا پرسی:- دڵدارییەکەی ئەو زەمانەمانت لەبیرە؟

ئیدی هەژدەر هەژدەر کەوتە قسان ولەبەینی قسەکانیا بەدەنگی بەرز پێدەکەنی، بە قسە وپێکەنینەکەیا ئەو قسانەم بیرکەوتنەوە کە دەربارەی شێتاتی دایکی دەگوتران. چەند دەقیقەیەک پێکەوە وەستاین وئەوسا هەریەکەمان بەڕێی خۆیدا ڕۆیی. ئیدی بۆ عەباسیەی مەزرا وکێڵگە وباخان و ئارامی و تەناهی گەڕامەوە. ئیدی ماڵباتی مستەفام بیرکەوتەوە، باوک ودایک و کوڕەکەیان وحەنان، ئەو ماڵەی بە سیحر وجادووە تایبەتیەکەی خۆی خەیاڵی ڕازاندبووینەوە. دەمەوئێوارە باوکیان لەو هۆڵەدا دادەنیشت کە دەیڕوانیە سەر ڕێگاکە، لە سەر کورسییەکی خولاو دادەنیشت. مێزێکی لەبەردەمیا دادەنا، کە شووشەیەک و قاپێ سەهۆڵ و پەرداخێک و قاپێ مەزەی لەسەر بوو. پیاوێکی قەڵەوی دەستەباڵای دەموچاو سووری سەرساف بوو، هەرچی داب ونەریتی ڕۆژ وشوێنان هەبوو، هەر هەمووی بن پێ نابوو. لە هەوەڵی دانیشتنەکەوە، زۆر بێدەنگ وسەنگین ولووتبەرز وگۆشەگیر دەینواند. پاشان کە نەشە دەیگرت، دەکرایەوە، ڕووی دەگەشایەوەو بەنیگای مرۆڤ دۆستانەوە دەیڕوانیە ڕێگا وڕێبوارەکان، هیچ پێی عەیب نەبوو سەوزەفرۆش و پەتاتە فرۆش و بەقاڵ وسەعلەم و دۆندرمە فرۆشان، هەریەکەیان بەوەرزی خۆی، بانگ بکات، سەر بکاتە سەریان و بیاندوێنێ، زۆرجار سوعبەتی لەگەڵ دەکردن و داوای لێدەکردن، بەپێی عادەتی ئەو زەمانە ئەو گۆرانیە وبانگەوازەی بۆ بڵێنەوە کەبە شتەکانیاندا هەڵیان دەگوت. ئێمەش لەو نزیکانە دەوەستاین تا گوێمان لێیان بێ وبیان بینینو لەو شادیەدا بەشداری بکەین. زۆرجار تانە وتەشەرمان لەو دیمەنانە دەدا ولەلامان ناخۆش بوو، تەنیا جەعفەرخەلیل نەبوو کە زۆری حەزلێدەکرد و بەجۆرە خۆشی ودەرفەتێکی دەزانی کە هیچی لە خۆشی سینەما و سێرک کەمتر نەبوو. لە میانەی ئەو ڕۆژانە دانیشتنەدا، کەیوانۆی ماڵ بەدەردەکەوت، ژنێکی درێژی باریک وبنێس بوو، خۆی بەسەر داردەستێکا دەدا، چونکە بە

ئاستەمیک دەلەنگی، بەکەش وفش ولووت بەرزییەوە دەیڕوانیە دەوروبەری خۆی. خوانەکا ئیمەی دیتبا تەمەشای دەکەین وپێدەکەنین، ئیدی بە تانە وتەشەر وسەرزەنشتان بە سەرمانا دادەباری، شورت وشۆی لێدەبڕین، ئیدی نەفرەتی لەکەس وکارمان دەکرد کە نانیان داوین وتەربێتیان نەداوین، پاشان بەدەم جنێودانەوە بەخەڵک وخوا لە هۆڵەکە دەڕۆیی ودیار نەدەما، - وەکو مێردەکەی- بە نائاسایی دەژمێردرا، زۆرجار دەبینرا کە دەگەڵ بەقاڵ وفرۆشیار وخزمەتکاراندا بەشەڕ دەهات، دەیانگوت دە دانە ساڵ لە مێردەکەی گەورەترە، دەوڵەمەندەو زەوی و پارەی هەیە، بەڵام مێردەکەی هیچی نییە، تەنیا بەشە میراتێکی لە ئەوقافا هەیە، بۆیە شووی بەم کابرا بێ ئیش وکارە کردبوو، چونکە لە بنەماڵەیەکی بە ئەسڵ و فەسڵ بوو. یەکێک لە ڕێبواران وهاتوچۆکەرانی ئەم ڕێگایە کچە قەرەجێکی شوانی پێ خاوس بوو، دیزداشەیەکی ڕەشی هاودامانی لەبەربوو، پشتێنێکی لە سەر بەستبوو،سەرپۆشێکی بەسەریا دابوو، پەچەیەکی ڕەشی لە ژێرییەوە دابوو بەسەر وچاویا، تەنیا چاوەکانی بەدەرەوە بوون. ئیدی شەڕێکمان لەگەڵیا هەبوو لە کوژانەوە نەدەهات، هەرکاتێ لەدوای مەڕەکانەوە هاتبا بەیەک دەنگ هاوارمان دەکرد:

کیژە قەرەج، پشتێنەکەت لەبەر پێت هەڵگرەوە.

ئیدی کیژێ دەهری دەبوو، هەر کلۆ وکەستەکێکی بەردەست کەوتبا تێی دەسرەواندین. ئیدی مستەفا بەگ لە سەری دەکردەوەو هاواری بەسەرا دەکردین. ڕۆژێکیان سەید شعیر، کەلە هەموومان زیاتر لە مەسەلە سێکسیەکان تێدەگەیی، پێی گوتین:- ئێوە پێوەندی نێوان بەران و مەڕەکان نابینن؟

دوای ئەوە شەڕێکی تووند لە نێوان بەگ وژنەکەی ڕووی دا، شەڕ لە چوارچێوەی ماڵەکە هاتەدەرێ، ئارامی شەقامە هێورەکەی شڵەقاند. ئیدی چوارچێوەو درزی پەنجەرەکان پڕبوون لە تاپۆی ژنەکە. پیاوەکە ماڵەکەی بەجێهێشت ودوای ئەوە نەبینرایەوە، بەڵام لە گەڕەک وبانا مقۆمقۆ بڵاوبووەوە کە گوایە ژنە قەرەجەکەی خواستووەو لە "درب الاحمر" لەگەڵیا دەژی. ژنەکە خۆی بە بێ پیاو بینییەوە، لە هەمان کاتا ڕۆڵی پیاو وژنی دەبینی.

بە ڕاستی ژنێکی سەیر بوو، ڕەفتار وئەتواری غەریب بوو، یەکێک لەو ڕەفتارە سەیرانەی ئەوەبوو، ڕێگەی بە حەنان دەدا لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیا یاری بکات، کەچی ڕێگەی بە برا گەورەکەی حەنان، سلێمان نەدەدا بەبێ حەنان لەماڵ وەدەر بکەوێ! کوڕێکی جوانی باریکەلە بوو، زۆرجار دەمانبینی یان بە تەنێ یان لەگەڵ کارەکەرێکا لە باخچەکەدا یاری دەکرد، کوڕێکی هێمن ولەسەرخۆ بوو، لە خوشکەکەی هێمن تر بوو، ئیدی لە دوورەوە تەمەشای یەکمان دەکرد، حەزمان دەکرد گەمەی لەگەڵ بکەین وحەزی دەکرد کایەمان لەگەڵدا بکات. بەڵام هەر تێکەڵاو نەبووین تا بەماڵەوە لەگەڕەک باریان کرد. من بەرلەوەی بگەمە تەمەنی بالق بوون دڵم بە حەنانەوە بوو. کچێکی سپی چاوشینی دەنگ نەرم و ناسک بوو، شەوانی ڕەمەزان دەرفەتێکی خۆش بوو بۆ منداڵانی کوڕ وکچ، لەسەر شەقامەکە بەبێ ئەوەی تێکەڵاوبن کۆدەبوونەوە، لەبەر تیشکی فانۆسەکانی دەستیانەوە دەردەکەوتن، وسروودی ڕەمەزانمان دەگوت وبێئەوەی بە تەواوی لە مانای دڵداری حاڵی بین، منداڵانە حوب حوبێنەمان دەکرد، یانی هەستی حوب حوبێنەمان دەگۆڕییەوە. ئیدی سۆزی ساکارانەمان لە سنووری چاوبڕکێدا پاراو دەبوو، یان لە ڕاکردن وگۆرانی گوتنا خۆمان دەنواند، یان بە دزییەوە ژێراوژێر بزەیەکمان بەڕووی یەکدیدا دەدا. کە حەنان گەییە

تەمەنی دوازدە ساڵان، ڕێگەوبان و قوتابخانەی لێ قەدەغە کرا. لەماڵی ئەوانا باوەڕیان بە خوێندن وکارکردن نەبوو، بە زەروورەت وکاری هەژارانیان دەزانی، تەنانەت سلێمانیش بەرلەوەی قۆناغی سەرەتایی تەواو بکات قوتابخانەی تەرک کرد. کە دەنکەکەمان لە ڕێگەوبان دیار نەما زیاتر بوو بە مەراقم، هێندەی دی لە دڵما شیرین بوو، ئیدی بووبە خەم و خولیای هەمیشەییم، جارجارە، لەچاو تروکانێکا لە پەنجەرەکەوە خۆی نیشاندەدام، یان لە تاریکی شەواو لە سەربانەوە دەنکە شقارتەمان دادەگیرسان وبەو شێوەیە هەست وسۆزی خۆمان بۆ یەکدی دەردەبڕی. ئیدی لە ڕێگای کارەکەرەکەیەوە کە بە دزییەوە لە نێوانمانا دەهات ودەچوو،وسڵاو وگوڵی یەکتری پێدەگەیاندین، هەنگاوێکی تازەمان نا، هەڵبەتە مەگەر هەر خوا بزانێ چەند بەوە خوشحاڵ بووم. تەماحی لەوە زیاترم لێی دەکرد، بەڵام نەمدەزانی چۆن، ئیدی نیگەرانییەکی قووڵ و ئاڵۆز، داخزییە نێو ڕۆحم، تێکەڵەیەک بوو لە خۆشی ولە خەم. لە ناکاوا دایکی کەوتە سەردانمان، کە زۆر بەکەمی هاتوچۆی دراوسێیانی دەکرد، هەروەها دراوسێیانیش بەدەگمەن هاتوچۆی ئەویان دەکرد. بەکورتی نە هاتوچۆی کەسی دەکرد ونەکەس هاتوچۆیان دەکرد، پێشنیازی کرد کە زەماوەند بکەین، کە بەڕاستی شتی وا وهەڵوێستی وا مەگەر لە ژنێکی وەکو ئەو بوەشێتەوە!

هەموو لە پێشنیازەکەی حەپەسان، پێیان گوت:

- ئەمە سەربەرزییەکی گەورەیە، بەڵام هێشتا منداڵن، سیازدە ساڵانیان پڕ نەکردووەتەوە.

دار عاساکەی دا بە عاردیدا وبەبێ موبالاتیەوە گوتی:

- هەندێجار منداڵی سەر بێشکە لە یەکدی مارە دەکرێن..

گوتیان:- بەڵام هێشتا قۆناغی خوێندنی سەرەتایی تەواو نەکردووە، هیشتا زۆری ماوە..

بەخۆ پەسندییەوە گوتی:- کچەکەم دەوڵەمەندە پێویستی بە شادەتنامەو وەزیفە نییە.

- بەڵام خوێندن و وەزیفە پێویست وزەروورین.

- قسەی بۆش و بەتاڵ..

- کوڕەکەی مە نە هیچی هەیە ونە هیچی دەبێت، قاییل نابێ تەنیا مێردی ژنێکی دەوڵەمەند بێ و تەواو..

بەتووندی پرسی: - ئەدی چارە؟

- هیچ چارێک نییە، تەنیا ئەوە نەبێ چاوەڕوان بکرێ خوێندنەکەی تەواو بکات و پاشان زەماوەند بکات.

- چاوەڕوانی تا کەی؟

- بەلای کەمەوە تا دە ساڵ..

ژنە هاواریکرد:- ئێوە لەقە لە بەختی خۆتان دەدەن..

بە تووڕەیی وەستا وبەدەنگێکی بەرزتر دووبارەی کردەوە:

- ئێوە لەقە لە بەختی خۆ دەدەن..

بە تووڕەیی ولەخۆ بایی بوونەوە ڕۆیی. ئیدی منیان بەگیرودار هێنا، تا بچنە بنج و بناوانی نادیاری سەدەم و هۆی ئەو سەردانە سەیرە. قەت بەبیرما نەدەهات شتی وا ڕووبدات. گومانم لەوە نەبوو کەئەم دایکە شێتە بە سڕی کچەکەی زانیوە و ئیدی وای پێ پەسند بووە بەم شێوەیە کێشەکە چارەسەربکات و بەخەیاڵی خۆی دڵنیا بووە کە پێشنیازەکەی

قەبووڵ دەکرێ، ئیدی زۆرم پێناخۆش بوو، پڕ بەدڵ حەزمدەکرد تەوازی (عوزرخوایی) بۆ حەنان بێنمەوە، بەڵام لە پڕێکا بەر پەنجەرەکەی تەرک کرد، لە پەنجەرەکەوە خۆی نیشان نەدەدام. هەروەها کارەکەرەکەی بۆلا نەدەناردم. عەسرانێک کەلە قوتابخانە گەڕامەوە، زانیم کە خانەوادەی مستەفا ماڵ وگەڕەکەکەیان چۆڵکردووەوبۆ شوێنێکی نادیار باریان کردووە. بۆ یەکەمجار لە ژیانما عەزابی دابڕانم چەشت. بەڵام توندی دابڕانەکە نەیکوشتم وکۆڵی پێ نەدام. بەڵام باڵی بەسەر گەڕەکەکەماندا کێشا، پاشان وردە وردە سووک بوو وکاڵەوە بوو، تا بوو بە بیرەوەرییەکی ئاسایی دوور لە هەر سۆز وگودازێک.

ئیدی لەو ڕۆژەوە کەلە گەڕەکی ئێمە ڕۆیشتن چاوم بە حەنان نەکەوتەوە تالە ئایاری ساڵی ١٩٦٩ لە جلیم تووشی بووم، کەتەمەنی لە شەست ساڵان نزیک دەبووەوە. بەڵام سەبارەت بە سلێمانی برای هەندێ هەواڵم ، لە ڕێگەی ڕەحمەتی جەعفەر خەلیلەوە، پاش ئەوەی ڕووی کردە دنیای سینەما، پێدەگەیی. شەوێک لە ستدیۆ میسرا، کە وەکو سەماکارێک لەگەڵ تیپێکدا، هاتبوو تا چەند دیمەنێکی فیلمی نمایشی وێنە بگرن، دیتبووی، گوتی:

- سڵاوم لێکرد، خۆمم پێ ناساندەوەو ناسیمیەوەو پێی ڕاگەیاندم کە حەزی لە سەما کردووەو ژیانی خۆی بۆ ئەو کارە تەرخانکردووە..

ئەوکاتە سەرم لەو ئاکامە چاوەڕوان نەکراوە سوڕما، جەعفەر بە پێکەنینە بەرزەکەیەوە پێی گوتم:- وادیارە بەوپەڕی ئازادی مومارەسەی هیوایەت وژیانی خۆی دەکات.

لە دیدارەکەی جلیم دا، حەنان پێی گوتم، کەبابی لە کۆتایی ئەو ساڵەدا کەلە عەباسیە باریان کرد، بەهۆی نەشتەرگەرییەکی ڕێخۆڵە کوێرەوە کۆچی دوایی کرد و، دایکی دوو ساڵ لەوە پێش مردووەو سەبارەت بە "

سلێمان "ش بە تەواوەتی لێی دابڕاوەو جارجار لە گۆڤارە هونەرییەکاندا هەواڵێکی دەزانێ..

## ١١ – خەلیل زەکی

ناوی ئەو لەنێو برادەرانی عەباسیەدا هاوتای شەڕ ودژمنایەتی بوو. ئیدی دراوسێیەتی بە سەرمانیا سەپاندبوو وهیچ چارێکمان نەبوو. بچووکترین ناکۆکی لەگەڵ ئەوا مانای شەڕ بوو، شتاقمان لە گەزەن وئاسیوی ئەو نەخەلەسی بووین. تاکو ئەمڕۆش شوێنەواری قاپقاپەکەی ئەو بە تەوێڵمەوە دیار ماوە. ناکۆکییەکەمان لەسەر حسەین حیجازی و مەحموود موختار بوو کە کیهەیان لە یاریا بە تواناترە من گوتم حسەین حیجازی ئەو گوتی مەحموود موختار، ئیدی کاتێکم بە خۆزانی قاپقاپێکی کێشا بە تەختی نێو چەوانما، خوێن بە سەروچاو ودیزداشەکەمدا هاتە خوارەوە. لەگەڵ جەعفەر خەلیلا، لە سەر چارلی چاپلن و ماکس لندر، کردی بەشەڕ. لەگەڵ عید مەنسوورا لەسەر ئەوە کردی بەشەڕ قروشێکی لێ قەرز کردبوو، خاوەخاوی لە دانەوەی کردبوو. لەنێو گروپەکەماندا، جگە لە سەید شەعیر کەسی دی باری نەدەبرد، کەبوو بە شەڕیان، بۆ یەکەمجار شەڕێکی عادیلانە وهاوتامان بینی، کەپووی هەر دووکیان پڕاو دیزداشەکانیان دڕان، دەمانزانی بەهۆی دڕانی دیزداشەکەیەوە، لە ماڵەوە چ حەسیر مەیدانێک چاوەڕوانی دەکات، بۆیە لە کەیف وخۆشیاندا پێمان بە عاردی نەدەکەوت. قسە دابڕین لەگەڵیا فایدەی نەبوو، هەر زوو شەڕەکەی لە بیر خۆی دەبردەوەو دەهاتەوە بۆ لامان، وەک ئەوەی هیچ نەبووبێ، ئیدی یا دەبوا لەگەڵی ئاشت بووینایەوە یان شەڕەکەمان تازە دەبووەوە. پیاو هەق بڵێ هەندێجاریش فریامان دەکەوت. هەمیشە لە شەڕە گەڕەکاندا سەرکردەمان بوو، بە تایبەتی لەو

شەڕە گەڕەکانەی کە لە دوای پێشبڕکێی تۆپانێ دەقەوما. بابی لە بین الجناین عەتار بوو، زۆر لەگەڵیا بە زەبر وزەنگ بوو، خراپی لێدەدا، زۆرجار لە ڕێگاداو بەبەرچاوی هاوڕێکانییەوە، حەسیر مەیدانی دەکرد، زۆر دڕندانە و بێ بەزەییانە لێی دەدا، مار هەنجنی دەکرد، خەلیل زۆر ڕقی لێی بوو، شەو وڕۆژ ئاواتی مەرگی دەخواست. بابەکەی ئالوودەی ئەفیون بوو، خەلیل ئەم سڕەی کەشفکرد و لەهەموو شوێنێ تەپڵی بۆلێدا، خراپترین نموونەی خودان خانەوادە بوو، بەڵام هەرچی داخی هەبوو بە خەلیلی دەڕشت. بە ترس وسەرسامییەوە پەیگیری ئەو پەیوەندییەمان دەکرد، سرور عبدالباقی ڕاڤەیەکی ئاینی بۆ کرد وگوتی:

- خوا بابی بۆ نازڵ کردووە وەکو چۆن تۆفان ولەهی بۆ خێڵ وماڵباتی نوح نارد!

خەلیل، نەیتوانی خوێندنی قۆناغی سەرەتایی تەواوبکات، کە هەر دەرنەچوو، بابی لە دوکانەکەیا خستیە کارەوە، ئیدی وەکو دەڵێن هەناسەی ئۆخەیمان هەڵکێشا، وامان وێنا دەکردئیدی لە شەڕی وی خەلەساین، بەڵام هەمووی مانگێکی پێنەچوو، پەیدا بووەوە، بە دەم پێکەنینەوە بۆلامان هات وبەخۆی دەیگوت:

- بامدایەوە سەربای بەڕەبۆر.

بە نائومێدییەوە گوتمان:- خێر بێ خوایە.

- کوڕی ژنە شێتەکە دەری کردم!

- لە دووکانەکە؟

- لە ماڵیشەوە!

سەیدشەعیر خەبەری بۆ هێناین- بابی بازرگان و هاوڕێی بابی خەلیل بوو- کە خەلیل لە مشتەری ومەعمیلێکی خۆیانی داوە، چەند جارێک

پارەی لە دەغیلەی دووکانەکە دزیوەو کابرا ناچار بووە دەری بکات. ئەم هەوالانەمان پێ ناخۆش بوو، دەمانزانی ئیدی بەرۆکی ئێمە بەرنادات ودەبێ بەبار بەسەرمانەوە. هەر بە ڕاستیش هەموو خەرجییەکی چاخانە وسەفەرێکیماندەدا، جگە لەوە هیچمان دەربارەی نەدەزانی کە باقی کاتەکان لە کوێ بەسەر دەبات، لە کوێ دەنووێ، چی دەخوات.

لەو قۆناغەی خوێندنی دوا ناوەندیماندا، جەعفەر خەلیل ڕوویکردە دنیای سینەما، لەگەڵ خۆیدا بردبووی تا لە کومبارسدا کاربکات، تۆزێ پارەی دەستدەکەوت، لەوێندەر تووشی سلێمان مستەفای سەماکار دەبێت، ئیدی بە سروشتە پراگماتیکیەکەی خۆی دەور وخولی دابوو ولێی نزیک بووبووەوە.زۆری پێناچێت دۆستایەتییەکی سەیریان دەکەوێتە بەینەوەو لەگەڵیا دەڕوات و قازانجێکی یەجگار زۆری لێدەکات. جەعفەر خەلیل، ڕیسکە سینەماییەکانی خۆی بۆ دەگێڕاینەوەو لە کانگای دڵەوە پێدەکەنی، تا ڕۆژێک پێی گوتین:

- برادەرەکەمان وەکو خووی هەمیشەیی بەردەوام سلێمان سەغڵەت دەکات، تا سلێمان لێی بێزار دەبێو دەری دەکات.

هەموو بەیەک دەنگ هاوارمان کرد:- دەری کردووە؟!

- لێی هەڵگەڕاوەتەوەو شەڕی پێدەفرۆشێت..

- ئەو داماوە کەوتووەتە داوی شەڕی کردارەکانییەوە!

- بەڵام سلێمان، دۆست وبنازۆی گەورەی هەیە، خەلیلی برادەرمان کاتێ بەخۆ دەزانێ، بەرەو پۆلیسخانە ڕاپێچ دەکرێت، لەوێ دەیخەنە ژێر شەلاخان تا لە هاوار هاوارا دەنگی دەگیرێ، پاشان بەڵێننامەی لێوەردەگرن کە شەڕ بەو گەنجە نەفرۆشێت و ئەوسا بەری دەدەن.

ئیدی خەلیل، وەکو جاران لێرەو لەوێ دەسووڕێتەوە، پاشان ماوەیەک دیار نەما، هیچ هەواڵێکیمان نەدەزانی، عید مەنسوور یەکەم کەس بوو کە هەواڵی خەلیلی بۆ هێناین، شەوێک لە سکاکینی خۆی بە قەحپەخانەیەکی نهێنیدا کردبوو.

- لەوێ بینیم، لەگەڵ دەلاڵە ژنەکەدا دانیشتبوو لە تۆ وایە شەریکیەتی!

بەڵام جەعفەر خەلیل هەواڵی ئەسەحی بۆ هێناین. لەهەموو گروپەکەمان پتر لێوەی نزیک بوو، چونکە دەرگای ڕزق و ڕۆزی بۆ کردبووەوە، ئیدی ئەو نهێنی یەکەی خۆی بۆ درکاندبوو، ئیدی وەکو مشتەری خۆی بە هەر قەحپەخانەیەکدا دەکات، کە کاری خۆی تەواو دەکات، لەجیاتی پارە بدات، داوای پارە دەکات و هەڕەشەی ئاگادارکردنەوەی پۆلیسیان لێدەکات. خۆ ئەگەر پەنایان وەبەر پاسەوانی قەحپەخانەکە ببردایە، دەیکوشت، ئیدی زۆری نەدەبرد خۆی دەکرد بە خاوەن و پاسەوانی قەحپەخانەکە. زۆری پێناچێ تا هەموو قەحپەخانەکانی ناوچەی سکاکینی دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئیدی بەوە دێتە تایم وحاڵی باش دەبێت و دەبێ بە خاوەن پارەو ڕزق وڕۆزی. ڕاستە ژیانێکی خەتەرناک و پڕ مەترسی بوو، بەڵام پڕ بەپێستی یەکدی بوون. ئیدی بەرەبەرە لەو کارەدا قاڵ دەبێتەوەو بەرز دەبێتەوە تا لە ڕێگەی چالاکییەکانی خۆیەوە دەگاتە قەحپەخانە فاخیرەکانی ناوەڕاستی شار. ئیدی بەخت بە دەمیەوە پێدەکەنی وخزمەتێکی "ئاشقێنی" پێشکەش بە پزیشکێکی گەورە دەکات، کاتێ کە هەمان دکتۆر، دەکرێ بە ڕاگری کولیژی پزیشکی، جارێکی دیکەش بەخت بە پیریەوە دێت و یارۆی دکتۆر، خەلیل زەکی لە کارێکی کارگێڕی، لە خەستەخانەی " قصر العینی " دادەمەزرێنێ، گوایە چاکەی دەداتەوە. بەوجۆرە خەلیل زەکیدەبێ بە فەرمانبەر لە خەستەخانەیەکی گەورەدا، فەرمانبەر لە سایەی ڕاگرێکی کولیجدا، ڕاستە مووچەکەی کەمە بەڵام قازانج و

دەستکەوتەکانی خەیاڵییە. ئیدی جارجار دەهاتەوەو لە چاخانەدا سەری دەدایین، بووەیی پێوە دیاربوو، داوای نێرگەلە وچای سەوزی دەکرد، وەکو چۆن فەرمانبەرێک لەگەڵ قوتابییاندا دادەنیشێت، بەو ئاوایە لە بەرزییەوە سەیری دەکردین. جارێکیان لە " جەعفەر خەلیل "م پرسی:- ئەدی ئیشەکەی تری؟

بە پێکەنینەوە گوتی:- وادیارە ئاگات لە قازانج ودەستکەوتی خەستەخانەکەی نییە؟!

- یانی وازی لە قەحپەخانەکان هێناوە؟

- هەڵبەتە.. تەنیا هەندێ قەحپەخانەی هەڵبژاردە ونایاب نەبێ.. یانی زۆر دەگمەنەکان.. ئەویش دووراودوور... خزمەتی تایبەتی خەڵکی بژاردە دەکات.

پەیوەندی لەگەڵ قەسابێکی دەوڵەمەندی ئالوودەی مادەێن هۆشبەردا دەبێت، کیژەکەی دەخوازێ. ئەم کیژە تاقانەی یارۆی قەساب دەبێت، دوو برای دەبن، کەلە خۆپیشاندانەکانی هەوەڵی سەردەمی ئیسماعیل سدقیدا کوژرابوون. ئیدی خەلیل کیژێک دەخوازێ کە تەسەور دەکرێ میراتیەکی گەورەی بۆ بمێنێتەوە، چوار باڵەخانە لە جادەی فاروق، جگەلە پارەی وشکە. دوای زەماوەندەکەی بە ساڵێک، کابرای قەساب، بە مادەی هۆشبەرەوە دەگیرێ، حوکمی ساڵێک دەدرێ، بەڵام لەبەر نەخۆشی بەرگە ناگرێت ولە خەستەخانەی زینداندا دەمرێت، ئیدی بەڕێوەبردنی موڵکەکان دەکەوێتە دەست خەلیل زەکی. کاتێ ئەو هەواڵانەمان بیست، هەر هەموومان دڵنیابووین لەوەی کە خەلیل، خەزووری بەو دەردە بردووە تا دەست بە سەر سەروەت وسامانەکەیدا بگرێت. ئەو بیرۆکەیە تا ڕادەی دڵنایی تەواو بەسەرمانا زاڵ بوو. عید مەنسوور، بە مەیلە وبەغیلییەوە گوتی:

- ئەوەیە شانس، دەسکەوتێکی مێژووییە.

جەعفەر خەلیل بە پێکەنینەوە گوتی:- دەبێ هەر چوار باڵەخانەکەبداتەوە بە قەرزا.

ڕەزا حەمادە گوتی:

- ئەو ژنە داماوە، دەبینین بەو زووانە لەسەر جادە و بانەکان بکەوێتە سواڵ!

جەنگ هات و ڕۆیی، مەگەر بە ڕێکەوت بمدیتبایە. لە پرسەکەی شادڕەوان جەعفەر خەلیل لە ساڵی ١٩٥٠، بە دواوە نەمبینی تا لە ساڵی ١٩٧٠ هەر لە بیریشم نەبوو، سەرەتاکانی پایز بوو، لە تریانون دانیشتبووم، لە ناکاوا ئوتومبیلێکی بویکی ڕەش لە بەردەممدا وەستا، دەم و چاوێکم بینی لە جامی ئوتومبیلەکەوە تەمەشام دەکات. بە پێکەنینەوە بەرەو پیرم هات، چاک و خۆشیمان کرد ودانیشتین. هەرچەندە تەمەنی هەبوو بە باڵا کورتەکەیەوە تۆکمە وبتەو دیار بوو،ڕوخساری شەڕانی ودیمەن و ڕواڵەتی هۆڤیانە دیار بوو، چاکەت وپانتۆڵەکەی بە ئاستەم گۆڕی بووی، تەڕبووشەکەی بە سەریەوە بوو، تا سەرە ڕووتاوەکەی کە یەکپارچە جێ تەقەڵی کۆنە برینی پاشماوەی شەڕەکانی پێ بشارێتەوە. ئیدی وەکو دوو هاوڕێ لە حاڵ و باڵی یەکترمان پرسی، ئەوجا گوتی:

- دەزانی ئێستا بووم بە خەڵکی ئەسکەندەریە؟

- بەڕاست؟

- دوا بەرەم خوێندکارێکی ئادابە لە قاهیرە وەرنەگیرا، ئیدی بڕیارم دا بچمە ئەسکەندەریە و لەوێ، لە لوران شوقەیەکم کڕی. کە ئیشەڵڵا بە خۆت دەیبینی!

سوپاسم کرد و لێم پرسی:- ئەدی کارو وەزیفەکەت؟

- دوو ساڵێک لەمەپێش، جەڵتەیەکی دڵ لێیدام، ئیدی دەستبەرداری خزمەت بووم.

- سەلامەتە..

- تەندروستیم زۆر باشە، بەڵام زۆر بە ئامۆژگاریە نوژدارییەکان ناکەم.

پێکەنی، ددانە ڕەنگینەکانی وەدیار کەوتن، ئەوجا گوتی:

- جگە لەو کچەم کە بۆم باس کردی، سێ ئەندازیار و دکتۆرێکیشم هەن!

دڵبەندی وستایشی خۆم بۆ دەربڕی، بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

- زانیم چۆن ئەرکی باوکایەتی بەجێ بێنم!

ئەوسا بە دەنگێکی خەفەتبارەوە گوتی:

- زۆرم حەزدەکرد بچنەوە سەر خۆم وجگە لە خۆیان وئایندەی خۆیان گوێ بە هیچی دی نەدەن، بەڵام بە گەنگەشە ومناقەشەی سیاسی وڕ وکاسیان کردووم.

ژێراوژێر تەمەشای دەکرد ولە دڵی خۆدا دەمپرسی، تۆ بڵێی ئەگەر هەلی بۆ بڕەخسێت بگەڕێتەوە سەر خووە شەڕانیەکەی جارانی؟ تا چ ڕادەیەک گۆڕاوە؟ چۆن ئەمڕۆ تەمەشای ڕابردووی خۆی دەکات؟ بە چ شێوەیەک خۆی لەبەرچاوی منداڵەکانی دەنوێنێ؟ ئاخۆ کەس دەتوانێ، سەر بهوردی ژیانی بگێڕێتەوە؟ یان سێ ئەندازیارو پزیشکەکەی بەکەفارەتی هەر ڕابردوویەکی ڕەش دەزانێ؟ کام چارەسەر باشتر بوو، وێڕای تاوانەکانی لە یاسا دەرباز بێ وچوار زانا پێشکەش بە نیشتمانەکەی بکات یان بگیرایە، تا عەدالەت جێبەجێ بوایە؟! قسەیەکی مامۆستا "زهیر کامل"م بیرکەوتەوە: " قەناعەتم وابوو خەڵکی

خوێڕی و بێ ئەخلاقن، باشتر وایە دان بەو شتەدا بنەن و ژیانی هاوبەشیان لەسەر هێم وبناغەی ئەو دان پێدانانە ڕۆبنەن، ئیدی کێشە ئەخلاقیە تازەکە دەبێ بەمە: چۆن بەرژەوەندی گشتی و خۆشی بەشەری لە کۆمەڵگەیەکی پڕ لە خوێڕی و بودەڵان دەستەبەر بکەین.

١٢ – دوڕیە سالم

- ڕێگە بدە با سڵاوێکت لێبکەم.

سێبەری بزەیەک کەوتە سەر لێوی، چەشە بووم و گوتم:

- ماقووڵ نییە، لە دوای ئەوەوە کە بوو، سڵاو وڕۆژباشمان لەبەینا نەبێت.

بێدەنگیەکەی شکاند وگوتی:- دوای ئەوەی کە بوو؟

- دوای ئەو هەموو تێکەڵاوی وگفتوگۆیە دوور ودرێژەی بە بەرچاومانەوە ڕووی دا.

ساکارانە پێکەنی وگوتی:- سڵاو و ڕۆژباشمان قەبووڵە.

-ئەمە هەنگاوی یەکەمە.

-بۆ هەنگاوی دی هەن؟

سێ منداڵی بۆ گوڵگەشتەکە دێنا، هەر سێکیان لە دەریاکەدا مەلەیان دەکرد، کەچی خۆی بە تەنیا لە گازینۆکەدا دادەنیشت و لە پەنجەرەکەوە چاودێری دەکردن. دەمو چاوە گەش وجەستە پڕەکەی کە ئەوپەڕی مێیاتی لێهەڵدەقوڵا، سەرنجیان ڕاکێشام. حەزم چووە ئەو نیگا دۆستانەیەی کەلە چاوانیەوە هەڵدەقوڵا، نیگا، نیگا نەبوو، دەتگوت لە بنەڕەتەوە بۆ پێشوازی وخێرهانین خوڵقاون. هەر زوو هەستم کرد دەعوەتێکی ناسک، وەکو گوڵێکی ناسک، چاوبڕکێم لەگەڵدا دەکات وکوڕم

دەوێ بتوانێ فەرامۆشی بکات، فەرامۆشکردنی لە توانای بەشەردا نەبوو. چەند قسەیەکی لەزگین ورەوتەنیمان کرد،ڕێکەوتین کەلە باخی بەجعەدا یەکدی بدینین. بەڕێوەبووم بۆلای ئەو، گەییمە ئەو باوەڕەی کە ژنێکی زۆر تایبەتییە، ڕەنگە بێوەژن یان تەڵاقدراو بێ، بەڵام زۆر سادە وئاسایی پێی گوتم:- من بە مێردم!

بەحەپەساوی گوتم:- بەڵام هەمیشە بە تەنیا دەتبینم.

- مێردەکەم بە زەمالەیەکی کورت خایەن ڕۆیشتووە ئەمساڵ ١٩٦٠ تەواو دەبێت.

خەم دایگرتم، بە پێکەنینەوە لێی پرسیم:- لە ژنانی بە مێرد دەترسیت؟

- من بیر دەکەمەوە..

قسەکەی پێ بڕیم وگوتی:

- بیر لە شوێنێکی ئەمین بکەوە، کە قاهیرەیەکی تیا بدینین!

بەجۆش و خرۆشێکی جدییەوە گوتم:- دەی چاکە، ڕێکەوتین.

- گومانی خراپم لێنەکەی ها!

- چۆن و بۆ؟

- ڕەنگە لە دڵی خۆدا بپرسیت، بۆچی ئەم ئافرەتە بەیەکەم ئاماژە بە دەنگتەوە هات؟

بەڕاستی ئەوەم لە خەیاڵا بوو، بەڵام گوتم:

- من داوای شتی وام لێنەکردیت، تۆ خۆت دەست پێشکەریت کرد!

بە ناسکی گوتی:- هەقی خۆمانە، لەزەت لە بەرەکەتی ڕاشکاوی بدینین.

بە هۆشمەندییەوە لە هەموو شتێک ڕامام، بە هۆشمەندی کەسێکەوە نەکەوتبێتە ژێر هەژموونێکی شێتانەوە. لە دڵی خۆما گوتم من دڵبەندی ئەم ژنەم، ئارەزووم لێیەتی، بەڵام خۆشم ناوێ.

لە ڕێگای سقارە، شوێنی دڵخوازمان بۆ ڕەخسا. لە دڵی خۆدا، خەڵوەتێکی سووری ئاگرینم هێنایە بەرچاوی خەیاڵ. بەڵام هەرکە دەرگاکەم داخست، خۆم لە حوزووری ئافرەتێکی تازەدا بینییەوە. بە کەماڵی ئیسراحەت لە سەر قەنەفەیەک دانیشت، تەنانەت شاڵە ئاورێشمەکەشی لە ملی دانەکەند. زۆر ئارام وکەوی و دەستەمۆ دیار بوو، بە دوو چاوی تەژی میهر ومیهرەبانیەوە لێی دەڕوانیم. کەوتمە نەوازشت وگوشینی دەست وڕانی، لستنەوەی دەم ولێوی، بەدەم بزەیەکی قەناعەتبەخشەوە، هەڤسۆزی لەگەڵ کردمەوە، کە پێکێکم پێشکەش کرد، داوای بوردنی کرد، کە داوای سەرجێیم لێکرد، بە گوێیدا چپاندم:

- خۆزگە وەختەکەمان بە شادییەکی پاکی ئارامەوە بەسەر دەبرد.

بە ناڕەزاتیەوە گوتم:- باوەڕ ناکەم.

هەستا و گوتی:- بەڵام ئەوە بە ئامانج و مەبەست مەزانە.

هەرچەندە، دیدارەکەمان زۆر جوان بوو، بەڵام باوەڕی تەواوم هێنا کە دەکرێ، بە ڕاستی کاتەکەی بە شادییەکی بێگەرد وئارامەوە بەسەربەرێت. ناکۆکی و هەڤدژییەکی زۆر لەنێوان ژنی خۆشدەست ودەستەمۆی هەوەڵێن ئامازەو ئەم ژنە ناسکە سۆڤی تەبیعەتەدا هەیە. پێمگوت:- تۆ کەسایەتیەکی غەریبی!

- بەڕاست.. بۆچی؟

کەخۆم لە وەڵامدانەوەی دزییەوە، لێی پرسیم:

- باشە دۆستایەتی وهاوڕێیاتی منت بەلاوە خۆشە؟

- به دڵنیاییەوە.

- بەڕاستی ئەمەم بەلاوە گرینگە.

ئیدی هەفتانە یەکمان دەبینی، هەڵبەتە بەبێ خۆشەویستی لە لایەن منەوەو بەبێ خیانەت لەلایەن ئەوەوە. کە شەرم وفهێدمان لە نێواندا ڕەوییەوە، پێمگوت:

- دەزانی، لە چاخانەکەی گوڵ گەشت دا- وامدەزانی ژنێکی مەکرۆی!

بەجدی پرسی:- مەبەستت چییە؟

- مەبەستم خراپ نییە!

- ماڵت ئاوا بێ!

دەستیم لە نێو هەر دوو دەستم نا وگوتم:

- من دەپرسم، بۆچی خۆت لە ئامێزی پیاوێکی دی دەنەی؟

- پیاوێکی دی؟!

- مەبەستم، جگە لە مێردەکەت؟

بە پەستیەوە پێڵوەکانی هێنانەوە یەک وگوتی:

- ئاخر بۆیە خەڵکی لە تەحقیقکاران بێزار دەبن!

بەڵام لە دیدارەکانی دواتردا، کەوی بوو وڕاهات، ئازادانە کەوتە گێڕانەوەی بیرەوەرییە گەرمەکان. لە بۆنەیەکا ڕاستگۆیانە گوتی:

- دوای چیرۆکێکی ئاشقێنی، ئاشقێنییەکیقووڵ مێردم کرد.

ئەم وەکو سستەر وپەرەستارێک کاری دەکرد وئەو دکتۆر بوو.

- خۆشەویستیەکی زۆر جوانمان لەبەینا بوو، لێتی ناشارمەوە لە یەکەم دیدارەوە ڕادەست بووم.

- خواستتی؟

- پیاوێکی مەرد بوو، ئاشقێکی ڕاستگۆ بوو.

- چەند هەڵوێستێکی جوانە.

- ماوەیەکی زۆر، خۆشترین ژیان پێکەوە ژیاین، سێ منداڵم لێی بوو.

بێدەنگ بوو، لێم پرسی:- پاشان؟

وەکو یەکێک لە خەونێک بێدار ببێتەوە، بەرسڤی دایەوە:- هیچ.

- ئەدی ئێستا حاڵتان چۆنە؟

- حاڵمان ئاساییە.

- مەبەستت چییە؟

بە پێکەنینەوە گوتی:

- هەموو ئەو کاتە لە سەر حیسابی خۆشەویستیەکەمان بەفیڕۆ چوو!

- دەتوانین دوای هاتنەوەی لە سەر ئەم دیدارانەمان بەردەوام بین؟!

- بۆ نا؟!

هیچ پەیوەندییەک جگە لە مجامەلە وپاشان ڕاهاتن، بەوەوەی نەدەبەستمەوە، ئەو ڕۆژبەڕۆژ ، بە سۆز و میرەبانتر دەبوو، تا ڕۆژێک پێی گوتم:

- تەسەور ناکەم بێ تۆ بژیم.

سەیرم کرد، دروست ترین ڕێگە ئەوەیە بە ماچێکی دوور ودرێژ بەرسڤی بدەمەوە، بەڵام بە ڕژدییەوە پرسی:- ئەدی تۆ؟

- منیش، هەمان بۆچوون و زیاتریشم هەیە.

- تۆ بە ئاشکرا پێت نەگوتم کە خۆشت دەوێم.

گوتم:- بەڵام بە کردەوە خۆشم دەوێی وهەر ئەمەش شەرتە.

دکتۆر سادق عەبدولحەمید لە زەمالە کورتەکەی گەڕایەوە. زۆر بابەتیانە باسیکرد وەکو دیاردەیەک بێ، هیچ پەیوەندییەکی گەرمی بەمەوە "دوڕیە" نەبێت. بەڵام بەوپەڕی ڕێزەوە. لەو سەروبەندەدا هاتوچۆی دیوەخانەکەی مامۆستا جاد ئەبول عولام دەکرد، لەوێ تووشی دکتۆر سادق عەبدولحەمید بووم! جاد ئەبولعولا، باسی ئەوەی بۆ کردین کە چۆن بۆ نەخۆشییەک سەردانی دکتۆری کردووەو چۆن لەوەوە پەیوەندی لە نێوان ئەو ودکتۆرا پەیدا بووە وتۆخ بووەتەوە. دۆستایەتیەکی ڕۆحی دەگمەن لە نێوانماندا چێبوو، منیش لەلای خۆمەوە بە کۆڕ ودیوەخانەکەی سالم جەبر وزهیر کامل ودیوەخانەکەی دکتۆر ماهیر عەبدولکەریمم ناساند. زۆرم پێ سەیر بوو کە پیاوێک بوو هاوتەمەنی دوڕیە، یان ڕەنگە چەند ساڵێک لە دوڕیە بچووکتر بێ، پیاوێکی قۆزی زیرەکی، فرە هیوای ڕۆحی بێ سنوور بوو. بەوجۆرە دۆستایەتیمان، دوای چوار هەیڤ لە پەیوەندیم لەگەڵ ژنەکەیدا، دەستی پێکرد! ئەوەم زۆر لەبەر گران بوو، تا ڕادەی عەزاب بێزاری کردم. دوڕیە هەرگیز پێشبینی ئەوەی نەدەکرد، بۆیە بەو هەڵوێستە حەپەسا. زۆر بە ئاسانی هەستی بە پەشۆکان و نیگەرانییەکەم کرد،هەستی بەو هاماجە خەمناکە کرد کە باڵی بەسەر دیدارەکانماندا دەکێشا وخەفەی دەکرد. لەوە دەچوو شەپۆلی ژیان بەرەو گۆشەیەکی داخراو بڕوات، تا مەرگی خۆی ڕابگەیەنێ. دوڕیە بە پاڕانەوەوە پێی گوتم:- ئەوە لەبیر خۆت

بەرەوە کە مێردمە. نەمدەتوانی بە تاقە وشەیەکیش ناوی نەیەنم وباسی نەکەم؟

بەدەم پەشۆکانەوە گوتم:

- فایدەی نییە، پەنابردنە بەر ئەگەرانی بێ بنج و بناوان فایدەی نییە.

- گرینگترین شت ئەوەیە، پەیوەندیەکانمان بپارێزین.

بە خەمبارییەکی ڕاستەقینەوە گوتم:- عەزاب دەکێشم.

بە هەڵچوونێکی بێ پێشینەوە گوتی:- ڕەنگە ئەگەر بە پەیوەندییەکانمانی زانیبا، گوێی پێ نەدابا!

حەپەسام، بە نەباوەڕییەوە تەمەشایەکم کرد، گوتی:

- ئەو خۆشی ناوێم، نزیکەی سێ ساڵ وزیاتریشە خۆشی ناوێم. باوەڕم پێبکە.

- من باوەڕت پێدەکەم، زۆر بەداخەوەم.

- دەستی لەگەڵ ژنێکی تردا تێکەڵاو کردووە، ئەگەر لەبەر خۆشەویستی منداڵەکانی نەبوایە، دەستبەردارمان دەبوو و ئەو ژنەی دەهێنا!

- زۆر بەداخەوەم دوڕیە گیان.

- مەبەستت لەم "بەداخەوەم" چییە؟

- بە داخەوەم بۆ حاڵی تۆ، بۆ حاڵی خۆم کە کەس خۆزیام پێناخوازێ.

- ئەگەر خۆشت بویستبام، هەرگیز هەستت بە داخ وکەسەرداری نەدەکرد!

- ئەوەی ڕاستی بێ من تەحەمولی ئەو هەڵوێستە ناکەم.

ڕووی لێ وەرگێڕام و بە چاوانی سوور هەڵگەڕاوەوە، لەبن لێوانەوە گوتی:

- تۆ وەکو پێویست نەتناسیوە، بە ئاستەمێک ناسیوتە، باشە دۆستایەتی لە عەدەمەوە چێدەبێت؟

ئەوجا بە خەمبارییەکی زۆرەوە لە سەری ڕۆیی:

- خۆشەویستی و ژیان لە دۆستایەتی بەهێزترە، بەڵام بەڕاستی تۆ منت خۆشناوێ!

نەمزانی چی بڵێم بۆیە بێدەنگ بووم. ئیدی بێدەنگی پەردەی بەسەر پەیوەندییە خەمین ودەستکردەکەماندا دادایەوە. وەختایەک هەستاینو شوێنەکەمان بەجێ هێشت، لە کەسایەتیە خەملیوەکەی ڕامام کە هەستیارترین ماوەی تەمەنی لە کول و کۆڤانی هیجران و نائومێدیدا بەسەر دەبرد، لە داخ و کەسەراندا گوشرا. لە دەرەوە کزەبایەکی سارد وەکو قامچییەک، لە تاریکی شەوەکەدا پێمانا چزا.

## ١٣ –ڕەزا حەمادە

کە بیر لە عەباسیە، عەباسییەی مەزرا وکێڵگە و باخان دەکەیەوە، خەڵکانی وەکو جەعفەر خەلیل وخەلیل زەکی وحەنان مستەفات دێتە خەیاڵ. بەڵام عەباسییە هەر مەڵبەندی ئەوانە نییە. بەڵکو مەڵبەندی کۆمەڵێک بەهاو پرەنسیپیشە، بەهاو پرەنسیپ نەک گاڵتە، مەڵبەندی دژواری شەپۆلی ژیان بوو بە هەموو هەوراز و نشیویەکیەوە، مەڵبەندی ویست وئیرادەی ئەو ئینسانە بوو کە ملی بە هەمووکۆسپ و تەگەرەیەکەوە دەنا و سنووری نائومێدی و خەم و پەژارەی دەبەزاند. بێپەروا و زەبەلاح وەکو سرور عبدالباقی هاوڕێمان، کەهەر لە منداڵی ڕا،

لەو سەروبەندەدا کە ئێمە منداڵ بووین لە هەنجیرستانە کێویەکەدا یاریمان دەکرد، زەبەلاحی وبێ پەروایی دەنواند، یەکێک بوو لەو کەسە دەگمەنانەی کە بەوپەڕی دلێری و بێباکی ڕووبەڕووی تووندوتیژی خەلیل زەکی دەبووەوە. هەرلە قوتابخانەی سەرەتاییەوە بە نیشتمانپەروەری ناسرابوو. ئەوەندەی باسی سەعد زەغلولی دەکرد، ئەوەندە باسی حسەین حیجازی یان چارلی چاپلین یان عەبدولحەلیم میسری زۆرانبازی نەدەکرد. وادیاربوو ئەمەی لە خانەوادەکەیانەوە بۆ مابووەوە کە لە کۆڵان و شەقامەکەی مەدا بە نیشتمانپەروەری و زانست مەنشوور بوون، بابی بەڕێوەبەری گشتی خەستەخانەی الحمیات بوو لە عەباسیە، دایکی مامۆستای ئامادەیی بوو، یەکێک بوو لە پێشەنگانی ئافرەتێن خوێنەوار ولە پێشڕەوانی ڕاپەڕین و بزوتنەوەی ژنان. خوشکەکەی لەواری زانستیدا بلیمەت بوو، لەبەر زیرەکی بە بورس و زەمالە بۆ ئینگلتەرا نێردرا. براکەی یەکێک بوو لە یەکەمەکانی قوتابخانەی مافناسی. بەڵام خانەوادەکەی بەوتراجیدیانەش کەبە سەری هات بەناوبانگ بوو، ئەم منداڵ بوو کە دایکی مرد، بابی لەبەر ئەوەی لە کادیرە چالاکەکانی سەرەتای دروستبوونی وەفدی میسری بوو لە کارەکەی دەرکرا، خوشکەکەی لە ئینگلتەرادا مرد،براکەی لە شۆڕشی ١٩١٩دا شەهیدبوو. شانازی بە براکەی و شەهیدبوونەکەیەوە دەکرد و هەمیشە باسی زیرەکی و تێکۆشانی براکەی دەکرد، تا خەلیل زەکی تەواو لەمە پەست بوو و جارێک بەمنی گوت:

- باشە ئەم شێتە بۆچی خۆی کوشتووە؟

بەوپەڕی دڵسافیەوە گوتم:- لە پێناوی سەربەخۆییدا.

بە تەوسەوە پرسی:- باشە ئینگلیز لەسەر سینگی ئەو دانیشتبوون؟!

وەختێ من ڕەزام ناسی، لەگەڵ بابیا وخزمەتکارێکی پیرا دەژیا.هەر ئەو سێ کەسە بوون. ماڵەوەی زۆر لەلا ناخۆش بوو، بە زندانێکی نافەرمی دەزانی. لە بابی دەترسا، هەزار ویەک حیسابی بۆ دەکرد. بابی پاش ئەوەی لە وەزیفە دەرکرا، ئیدی کونجی ماڵەوەی گرت. لە ماڵ وەدەرناکەوت، مەگەر لە ماڵێکەوە بۆ نەخۆشی بە دوویدا هاتبان، وادیار بوو دەیویست ڕەزا بکات بە کەسێک کە قەرەبووی هەموو خەسارەتەکانی بۆ بکاتەوە. بۆیە بەرخوردو مامەڵەی لەتەکیا تووند بوو. لە توانای خۆی زیارتری باردەکرد. داوای زانست وئەخلاق ونیشتمانپەروەری و سەرکەوتنی لێ دەکرد، بە تووندی چاودێری دەکرد، چاوی لێ غافڵ نەدەکرد. بۆیە ڕەزا کوڕێکی پاک وبێگەرد، بە قەناعەت وکوشیار وپڕ ئاوات دەرچووبوو، بەڵام هەمیشە لە ناز و میهر بێبەش بوو. زۆرجار دەیگوت:

- باسی دایکتم بۆ بکە، چۆن خۆشت دەوێ و چۆن خۆشی دەوێی!

زۆرجار ئەم سرووودە بەناوبانگەی دەگوت:

ایها الطائر اهلا  بمحیاک و سهلا.

ئەی پەرندە دیمانەت بەخێر، خێر هاتی سەرچاوان

بەدەم سرووودەکەوە دەنگی دەلەراندەوە:

امکن استودعتنی    شوقها اذودعتنی

و خطابا حملتنی    لفظه یشفی العلیل.

کە ماڵاوایی کرد تاسەی خۆی پی سپاردم

دەرمانی دەردەدار بوو،وشەی پەیامێ بۆی جێهێشتم

جارێکیان بابی لە ڕێگادا، لەسەر فەرامۆشییەک کە کردبووی، خراپ لێی تووڕە بوو وسەرکۆنەی کرد، زۆری لەبەر گران بوو، ئیدی ڕۆیشتین، ئەو ورتەی لێوە نەدەهات، وەکو عادەتی هەموو دەمەو ئێوارانێکمان لە پشوودا، لای "السبیل" وەستاین، ماوەیەک لە ئێمە دابڕا، پاشان گەڕایەوە بەبێئەوەی کەسمان هەست بە هیچ بکەین، لەناکاوا لوول بوو، دەستە گرژەکانی بە سکییەوە گرت، یەک بە خۆی هاواری دەکرد، لە ژێر دارێکا یەک تەختە کەوت، لەنێو خاك و خۆڵەکەدا هەڵدەپلکا، لە تاو ئازار قەپی بە ڕەگ وڕیشەی دارەکەدا دەکرد. بە ترس ونیگەرانییەوە لە دەوری خڕبووینەوە وخەڵکیمان لێ کۆبوونەوە. زۆری پێنەچوو پۆلیس و ئەمبولانس هاتن، بۆ "قصر العینی" یان برد، مالیجەی ئەو ئەسیدی فینیکەیان بۆ کرد کەبە مەبەستی خۆکوژی خواردبوویەوە. ڕووداو ودیمەنەکە لەناخەوە هەژاندمی، زۆرم پێناخۆش بوو. پاشان لێم پرسی:- چۆن دەست چووە خۆت؟

بە خەمینییەوە، بزەیەکی کرد ولەبن لێوانەوە گوتی:

- ئەدی نەتبینی بەبەرچاوی ئێوەوە چۆن شکاندمی و ڕیسوای کردم؟

پێموایە ئەو هەوڵە شوومە کردیە کارێک کە بابی بەرخورد وڕەفتاری خۆی لەگەڵیا بگۆڕێت، هەروەها سەرکەوتنە دەگمەن وناوازەکەشی، قەدر وحورمەتی زیاتر کرد. هەڵبەتە باڵادەستی و سەرکەوتنە ناوازەکەی لەواری خوێندندا، ڕێگەی ئەوەی لێنەگرت لەو چالاکییە سیاسیانەدا بەشداری بکات، کەلە دوای خاو بوونەوەی شەپۆلە توندەکانی شۆڕشەوە، تەواو هێور بووەوەو شێوازی گۆڕا. دوای ئەوەی شۆڕشە خوێناوییەکە بوو بە ئەفسانەیەکی پیرۆز لە ئەفسانانی غەیب، سەرەتاکانی هۆشیاریمان لەلا پەیدا بوو. هەر یەکێکمان لە یادگە ویادەوەری خۆیدا، دیمەنیکی ڕەوتەنی سەیر یان بیرەوەری شەهیدێک

یان هورایەکی شۆڕشگێڕانەی هەڵگرتبوو. هۆشیارییەکەمان لەوە تێنەدەپەڕی. هەموو پێکەوە لەو خۆپیشاندانەدا بەشداریمان کرد کە نادر بورهان، بۆ پشتیوانی سەعد زەغلول –کە سەرۆک وەزیران بوو – ڕابەرایەتی دەکرد. ناکۆکی دەستووری لە نێوان سەعد زەغلول و شا فؤاددا هەبوو، خۆپیشاندەران پشتیوانیان لە زەغلول دەکرد. لە قۆناغی دوا ناوەندیا پەیوەندی لە گەڵ بەدر زیادیدا خۆشبوو، چونکە بۆچوونەکانیان لێکدییەوە نزیک بوو. کاتێ محەمەد مەحموود هاتە سەر حوکم، بەدر گوتی:

- جاران تەنیا ئینگلیزمان دژمن بوون.

ڕەزا حەمادە گوتی:- لەگەڵ مەلیکا.

- هەردووکیان، یەک شتن.

- وایە.

بەدر گوتی:- وا دژمنێکی تازەش هاتە ڕیزەوە.

گاڤێ بەدر زیادی لە حەوشەی قوتابخانەکەدا کوژرا، ڕەزا زۆر خەمبار بوو، پێی گوتم:- بەدر دەمرێت وخەلیل زەکی دەمێنێ!

بە خەمبارییەوە پێمگوت:- محەمەد مەحموودیش دەمێنێ!

ڕەزا، لەواری چالاکی سیاسیدا پێشکەوت، لەگەڵ شاندی قوتابیاندا لە " بیت الامە "دا لە گەڵ مستەفا نەحاسدا کۆبووەوە. لە سەروبەندی حوکمڕانی محەمەد مەحموودا، گیرا، زۆری نەمابوو لە سەردەمی سدقیدا بکوژرێ، لە کولیجی مافدا بوو بە یەکێک لە ڕابەرانی قوتابیان، زۆرجار لە حەرەمی زانستگەدا گوێم لە وتارە بەجۆش وخرۆشەکانی دەبوو. نموونەیەکی ڕاستگۆی حیزبی وەفد بوو، باوەڕی تەواوی بە خۆیبوون

ودەستوور وژیانی دیموکراتیانە بوو. زۆر لە واقیعی سیاسی میسر تووڕە و ناڕازی بوو، تەنانەت گەیی بووە ئەو قەناعەتەی، کە، دەیگوت:

- لەوەتای ڕابەرانی کۆمەڵەی دەستڕەشان دەستگیرکراون، وەفدیان بلێ گەل، هێزە دەست وەشێنەکەی جارانی نەماوە.

بە دڵسافی گوتم:- بەڵام وەفد داوای خەباتی ڕەوا دەکات!

پێکەنی وگوتی:- واز لە قسەی خەڵکی بێنە.

ئەوجا بە ڕقەوە گوتی:

- تەنیا بەوە ڕزگاردەبین کە دام ودەزگا حکوومەتی وحیزبە بچووکەکان لەناو بەرین و ئەوسا پێکەوە ڕووبەڕووی ئینگلیز ببینەوە!

هێشتا خوێندکاری کۆلیژی ماف بوو کە حەزی لە سورەیا رەئفەت کردو دەیویست بیخوازێ. کاتی خۆی ئەوەی بۆمن باس نەکرد، منیش پێم نەگوت کە کاتی خۆی پەیوەندیم لەگەڵیا هەبووە، من دوای نسکۆ بەو حیکایەتەم زانی! ڕەزا لە گەڵ خەڵکانێکی دیدا لە نووسینگەکەی سالم جەبردا دەبێت، کە سورەیا ڕەئفەت لەوێ دەبینێ. پاشان لە " مصر الجدیدە "دا، لە ماڵەکەی خۆیدا یەکمان بینی، لێی پرسیم:- ئەو خانمەت لە بیرە کەلە نووسینگەکەی سالم جەبردا بوو؟

بە بایەخەوە گوتم:- سورەیا رەئفەت.

بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

- ئەمە خەڵکی سکاکینی بوو، کە خوێندکاری کولێژی ماف بووم حەزم لێکرد، تەنانەت لێبڕابووم داخوازی بکەم ئەگەر..

- ئەگەر چی؟

- ئەگەر لەگەڵ عید مەنسووری هاوڕێمانا نەمدیتبا!

هەنگێ باسی چیرۆکی خۆمم لەگەڵ سورەیادا بۆ کرد!

ڕەزا لە ساڵی ١٩٣٤دا کولێژی مافی تەواو کرد، کەوتە کاری ئەوقاتی(پارێزەری) بابی مرد، سەروەت وسامانێکی ئاسایی بۆ بەجێهێشت. وەکو نووسەرێکی سیاسی ئەستێرەی کەوتە بەرزی، هەروەها لەواری ئەوقاتییشدا جێ پێی قایم بوو. لە هەڵبژاردنی ١٩٤٢، بە نوێنەری دایەرەکەمان هەڵبژێردرا. شەڕی چواری شوبات لە ناخەوە هەژاندمی، لە وەفدیەتی خۆم کەوتمە گومانەوە، بە ڕاشکاوی ئەوەم پێگوت، پێی گوتم:

- من باوەڕم وایە مستەفا نەحاس وڵات و کورسی دەسەڵاتی ڕزگارکردووە!

بە دڵساردی یەوە گوتم:- ماقوولە ڕابەری وڵات بە سواری تانکی بەریتانی بهێنرێ وبکرێ بە سەرۆک وەزیران!

لێبڕاوانە گوتی:- ڕاستە ئینگلیز، دژمنمان بوون، بەڵام ئەمڕۆ هاوسەنگەری ئەو ئالی و بەرەیەن کە حەزدەکەین سەربکەوێ.

- هەڵەیەک لە ئارادایە وەکو ژەهر ڕۆحم دەخوات!

لێی پرسیم:- یانی وەکو دەست وپێوەندەکانی شا،حەزدەکەی فاشییەت سەربکەوێ؟

- هەڵبەتە نە.

- کەواتە لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕۆشناییە بڕوانە چواری شوبات.

لە ساڵی١٩٥٠دا، جارێکی دی بە نوێنەری هەمان دایەرە هەڵبژێردرایەوە. هەندێجار، کە هەستی دەکرد وەفد لەو ئاستە بەرزەی جاراندا نییە، لە ئاستی خۆزیادا نییە، گەل لێی سارد بووەتەوە، زۆری

خەفەت دەخوارد. ئەو ڕۆژەی کە مستەفا نەحاس پەیمانەکەی هەڵوەشاندەوەو جاڕی خەباتی دا، مەگەر خوا بزانێ چەند دڵخۆش بوو، ئەو ڕۆژەی کە وڵات کەمێک بوژایەوەو بە ئاستەمێک گیانی ١٩١٩ی بەبەردا کرایەوە، ئیدی شکست ونائومێدی یەک لەدووی یەک هات تا شۆڕشی ١٩٥٢ بەرپا بوو. دیارە زۆر بە گەرم وگوڕی پێشوازی لێکردو پێی گوتم:

-وەفد بێ هەڤڕک دێتەوە مەیدان!

وەختێ شۆڕش بە گوێرەی بەرنامەی دیاریکراو کەوتەڕێ، بە ئومێد بوو، کە پشت بە جەماوەری وەفد ببەستێ. تاکە قەرار وبڕیاری هەڵوەشاندنەوەی حیزبان دەرچوو، هەنگێ چاوی ڕەشی کاڵ بووەوەو ئومێدەکانی هەرەسیان هێنا وهەنگێ پێی گوتم:- ئێمە بەرەوپیری حوکمێکی عەسکەرتاری دەڕۆین، مەگەر هەرخوا بزانێ چەند بەردەوام دەبێت.

زۆر دڵسۆزانە پێمگوت:- واز لە سیاسەت بێنە و،خۆت بۆ ئیشەکەت تەرخان بکە!

بەدەم پێکەنینەوە گوتی:- چار نییە!

بەڵام وەفاداری بۆ ڕابەرەکەی وهاوڕێکانی کردیە کارێک کە گومانی بخرێتەسەر و پتر لە جارێک گیرا. لە ساڵی١٩٤٠دا ژنی هێنا، یەک کوڕی بوو و ژنەکەی تووشی نەخۆشی بوو لە زگ وزا وەستایەوە. زۆر شیفتە ودڵبەندی زیرەکی و زیتەڵی کوڕەکەی بوو. کاتێ ڕەزا گیرا، وەکو باقی هاوڕێکانی خرایەبەر پروپاگەندەی بوختان ونێوزڕاندن. کوڕەکەی– کە خوێندکاری قۆناغی ناوەندی بوو – لە نێوهاوڕێکانیا زۆرشکایەوە. کوڕێکی زۆر هەستیار بوو، بە قەیرانێکی دەروونی دژوارەوە چووە ناو تاقیکردنەوەوە. ئەقڵی تێکچوو. خێرا قوتابخانەی لەبەرچاو کەوت، ئیدی

کونجی ماڵەوەی گرت، ژیانی لە خراپەوە بۆ خراپتر چوو، تا بابی ناچار بوو بیخاتە خەستەخانەی نەخۆشی ئەقڵیەوە. دایکی بەرگەی ئەو شۆکەی نەگرت، تووشی ئیفلیجی بوو وهەر ئەوسا مرد. بەوجۆرە ڕەزا خۆی وەکو پیرەمێردێکی تەنیای غەرقی کول وکۆڤانان بینییەوەو هەمان نەگبەتی ماڵباتەکەی گرتییەوە. لە دڵی خۆدا گوتم:- تەواو، ڕەزا حەمادە تەواو بوو.

بەڵام لە ڕاستیا تەواو نەبوو. گەڕەکە کۆنەکەی بەجێهێشت وبۆ "مصر الجدیدە" باری کرد، خۆی بۆ کارەکەی ونووسینگەکەی تەرخانکرد. ئەو دە ساڵەی دوایی سەرکەوتووترین ساڵانی ژیانی بوون. ئەمڕۆکە یەکێکە لە ئەوقاتە (پارێزەر) هەرە دیار و نێودارەکان، سەرقاڵی نووسین و دانانی خۆی گوتەنی ئینسایکلوپیدیایەکە بە ناونیشانی ئینسایکلوپیدیای زانستێن تاوانکاری، پێشەکیەکی فەلسەفیو سایکۆلۆژی هێندە دەوڵەمەند وبەپێزی بۆی نووسیوە، کە خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ڕۆشنبیری و توانای هزرینی ئەوە، دیارە ئەمە بۆ من ولەلای من تازە نەبوو، چونکە گوێم لێی بووبوو بە چ نەفەسێکەوە گەنگەشە ومناقەشەی مامۆستایان ماهیر عەبدولکەریم و سالم جەبر وزهیر کامل وئەوانی دی دەکرد، کە قسەی دەکرد، لە هەموو بوارەکانی فەلسەفە وسیاسەت وئەدەبدا، زۆر مەسوعیبیانە قسەی دەکرد، بەڵام لە مەیدانی قانووندا، چەندو چوون یەکێک بوو لە قوتبە مودێرنەکان. هەڵبەتە دڵبەندی یەکەمی من، پێش هەموو شتێک بۆ کەسایەتیە ئەخلاقییەکەی دەگەڕێتەوە. کەم کەس لەوانەی دەمناسینوەک کامیل ڕەمزی و سرور عبدالباقی لەو ڕووەوە هاوتایان دەکردەوە. هەڵبەتە بۆ کابرایەکی وەکو من، کەبەچاوی خۆی سەردەمی هەرەس و داڕوخانێکی بێ وێنەی ئەخلاق و بەهایانی بینی بوو، کە زۆرجار وام هەست دەکرد لە قەحپەخانەیەکی گەورەدا دەژیم نەک لە کۆمەڵگەدا، هیچ سەیر نەبوو بەو ڕادەیە تامەزرۆ ودڵبەندی

ئەخلاقی ئەرێنی بم. ڕەزا حەمادە لای من نموونەی پیاوی نیازپاک وجوان ڕەفتار، دڵپاک ودڵسۆز بوو، بە درێژایی تەمەنی یەک ڕێ، بێ هیچ بادانەوەو ئەمبەرو ئەو بەرێک، باوەڕی بە پرەنسیپێن ئازادی ودیموکراتیەت و ڕۆشنبیری هەبوو وبە موو لێی لانەدابوون، باوەڕی بە دینداربیەکی ڕۆشن وپاک و دوور لە هەر دەمارگیری وخورافە وئەفسانەیەک هەبوو.

بەڵێ دژی هەر ڕەئێکی چەپ وەستایەوە،نەیتوانی لەگەڵ پەرەسەندنی زەماندابڕوات. کەلە سەرەتاوە ناسیم دۆستایەتیم لەگەڵیا گرت، نموونەی گەنجی شۆڕشگێر بوو، لە پیریا کابرایەکی محافەزەکاری سەرسەخت بوو، هەرچەندە خۆی دانی بەمەدا نەدەنا. ئیدی بە لیبراڵیەتەوە گرتی وبەردەوام دەیگوت و دەیگوتەوە کە لیبراڵیەت دوا وشە وزاراوەی پیرۆزە لە مێژووی سیاسی مرۆڤدا. پێدەچوو ئەوەی لەهەنبەر ئەو کارەساتانەی بە سەری هاتبوو،ڕایگرتبوو، کەسایەتیە ئەخلاقیەکەی بێت. لە کاتێکا بەچاوی خۆی ئاوابوونی ئەو بەهاو کەسانەی دەبینی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەیپەرستن وەکو ئازادی و دیموکراتیەت و مستەفا نەحاس و ژنەکەی و کوڕەکەی، هەموو شتە جوانەکان لە ژیانیا ئاوابوون کەچی ئەو هەر هەرەسی نەهێنا، زیاتر لەسەر کارکردن ڕژد بوو وبە ورەیەکی پۆلاییینەوە ڕووبەڕووی ژیان بووەوە. لەسەر هەمان پەیوەندی باشی خۆی لەگەڵ دۆستان و کۆڕ ومەجلیسەکاندا بەردەوام بوو. هەرجارێ بەبالا بەرز وسەرو پۆڕە سپیەکەیەوە بۆلام بهاتبایە یان بە قسە جۆراوجۆرەکانی ئاسوودەی کردبام، لە کانگەی ڕۆحمەوە دەبوژامەوە وئۆخزن لە دڵ ودەروونم دەگەڕا و دڵبەندیم بەخۆی و بەو ژیانە پیرۆزەی خوڵقاندبووی تازە دەکردەوە.

## ١٤ – زەهران حەسونە

هەندێ هاوڕێ هەن زۆر تایبەتین، هاوڕێ شوێنێکن ولەو شوێنە هێوەتر ناڕۆن، کاتی خۆی حەزم دەکرد پێیان بڵێم هاوڕێی چاخانان. لە چاخانادا بە گەرمی تەوقە دەکەین، پێکەوە دادەنیشین وشەوانە بۆخۆ قسان دەکەین وپاشان هەرکەسە وبەڕێی خۆیا دەڕوات. هەندێک لەوجۆرە هاوڕێیانە، خەسڵەتێکی ئەوتۆیان هەیە، کە مایەی سەرنج وڕامانە وکاریگەرییەکی ئەوتۆت لەلا بەجێدەهێڵێ کەلە دنیای بیرچوونەوەدا بە ئاسانی نەتوێتەوە. زەهران حەسونە یەکێکە لەوانە. من لە گازینۆی رکس، لە ڕۆژانی جەنگی جیهانی دووەما ناسیم، ناوبەناو لەگەڵ جەعفەر خەلیل ورەزا حەمادە وشەعراوی الفحام وعید مەنسوورا هاتوچۆی ئەوێندەرم دەکرد. زەهران حەسونە، ڕۆژانی یەک شەممە لەگەڵ هەندێ برادەری دیکەدا هاتوچۆی ئەوێی دەکرد، کابرایەکی قەڵەوی دەستەباڵای زۆر سەرزل بوو لە تۆ وایە نوقسانە. لە ڕێگای نەردێن وتاوڵەوە ناسیمانن وپاشان بووین بە هاوڕێ. خۆی پێ ناساندین وگوتی:

- من لە وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازیدا فەرمانبەر بووم، پاشان وازم هێنا تا کاری بازرگانی بکەم.

هەرکاتێ وەختی نوێژ بهاتبا، لە گەڵ هاوڕێکانی هەڵدەستا ودەچوونە لایەکەوەو نوێژی جەماعەتیان دادەمەزراند وئەو پێشنوێژی دەکرد. بۆیە ئەو پێش نوێژییەکەی دەکردن چونکە تاقەکەس بوو لە نێویانا حەجی کردبوو. ئەلهەقی بەشێکی تەواوی قسە وباسەکانیان دەربارەی ئاین وئۆل بوو، قسەکانیان پەردەی لە سەر ئیمانێکی سادەی ڕاستگۆیانە هەڵدەدایەوە، ئیمانێک زۆرجار باوەڕ تیایدا تێکەڵ بە خورافات و ئەفسانانی میللی دەبوو، بەڵام گومان لە ڕاستگۆییەکەی نەبوو.

هاوڕێتیان خۆش بوو، خەڵکی جوامێر بوون، نەفس بەرزی کوڕی گەڕەکیان هەبوو. کەچی ڕۆژێک عید مەنسوورپێی گوتین:

- هەندێ زانیاری خۆشم دەربارەی حاجی زەهران حەسوونە بۆ هێناون.

لێمان پرسی چییە، گوتی:-ی‌وازی نەهێناوە، بەڵکو ناچاربووە لەبەر ناوزڕاوی ئستیقالە بکات و وازبێنێ.

- ناوزڕاوی چۆن؟

- بەرتیل!

عید مەنسوور، حەزیدەکرد هەمیشە ئەوە بسەلمێنێ کە هەموو خەڵکی وەکو ئەو ئەخلاقیان نییە!

بەدەم پێکەنینەوە گوتی:- من لە هەموو خەڵکی بە گومانم، بەڵام زیاتر لەخەڵکی بە دین بە گومانم!

ڕەزا حەمادە گوتی:- بەڵام هەموو دیندارێک ڕیاباز نییە!

عید مەنسوور، بەدەم پێکەنینێکی زیاترەوە گوتی:

- ڕیا دەرەجەیەکە هاپۆ زەهران حەسوونەنایگاتێ!

هەموو پێکەنین، کەوتە شرۆڤەی قسەکەی خۆی:

- ڕیا ئەوەیە کفر بشارێتەوەو ئیمان دەربخەی، بەڵام ئەو لەوە کەودەنترە کە کافر بێ، من گومانم لە ئیمان وباوەڕی نییە.

- کەواتە، ڕەنگە لە ناچارییەکی زۆرا گیرۆدەی بەرتیل بووبێ!

- ڕەنگە..

دەمانبینی زەهران حەسوونە، چالاکانە لە بازاڕی ڕەشدا کاردەکات، بازرگانی شقارتەو ویسکی دەکرد، ئەوجا کەوتە کارکردن لە واری مەوادی تەموینیدا، ئەوەی نەدەشاردەوە، تەنانەت ئامادەیی خۆی بۆ خزمەتکردنی ئێمەش دەردەبڕی، ئیدی خۆم پێنەگیرا ولێم پرسی:

- باشە حاجی کارکردن لە بازاڕی ڕەشا، لەگەڵ ئەم دینداریەتا، هەڤدژ نییە؟

بە متمانەوە وەڵامی دامەوە:- دنیا لە معامەلەدا شێوازێکی هەیە وقیامەت شێوازێکی تر!

- بەڵام، مەحاڵە خوا بەوە ڕازی بێ هەژاران برسی بکرێن.

بە دڵنیاییەوە گوتی:- من بە نوێژو ڕۆژوو وزەکات کەفارەتی خۆم دەدەم، لەوەی زیاتر چیت دەوێ؟

دوای ئەوەی ڕۆیی، بە هاوڕێکانی خۆمم گوت:

- کوڕینە ئەم پیاوە بەخۆی دەزانێ تاوان دەکات، ئەم تاوانەی لە نەزانی وڕیاوە نییە!

عید مەنسوور گوتی:

- خۆی دەوڵەمەند ەدکات وپاشان پەنا دەباتە بەر ئاین تا کەفارەی تاوانەکانی بدات و بە قودرەتی قادرپاک ببێتەوەو دزییەکانی ببێت بە قازانجێکی حەڵاڵ، ئاین لای هاپۆ زەهران، هاندەری ڕاستەقینەی هەموو تاوانەکانە!

ئەوجا بەدەم قاقالێدانەوە گوتی:- بۆیە ڕزق وڕۆزی هەژاران دەدزێ و دەڕوات و نووری ئیمان و دڵنیاییبە دەموچاویەوە پرشنگ دەدات!

کەلە گازینوکەدا نوێژیان دادەبەست بە چاوی تەوسەوە لێیان ڕادەمام، کڕنۆش وسوجدەیان دەبرد، کرۆکپ، ملکەچ وگوێڕایەڵ چاویان دەنووقاند، بیرم دەکردەوە ئەمانە چەند خوێڕی وبودەڵە ودزن، بەڕاستی مافی ئەوەیان نییە تاقە سەعاتێک لەسەر ڕووی زەوی بژین. هەستم دەکرد، گەنگەشە ومناقەشە لەگەڵ ئەوا بێسوودە، هەمیشە ئاسوودە و بێخەم وخەیاڵە، بەهەمان نەفەسەوە باوەڕی هەم بە خراپە و هەم بە چاکە هەیە. هەم گوێڕایەڵی شەیتان دەکات هەم هی خوا، لە نێوانیاندا دێ و دەچێ، ڕێک وەکو ئەو بازرگانە کارامەیەی لە بازاڕی ئازادا دێ و دەچێت وگشت خەم وخولیایەکی ئەوەیە کە قازانجی لە مەسرەفی زیاتربێ. ئەمە کردیە کارێک بەو هەنجەت وبیانووانەدا بچمەوە کە خەڵکانی بەرەڵڵای وەکو خەلیل زەکی وسەعید شەعیر وعید مەنسووردا بچمەوە کە مامەڵەیەکی جدیان لەگەڵ ئایندا نەدەکرد ولە ژیانا بە گوێرەی غەریزەو ئەقڵی وشکی خۆیان، لە هاماجێکی ململانێی توندا هەڵس و کەوتیان دەکرد. ئیدی بووم بە نێچیری خەمۆکییەکی ڕۆحی ودەروونی تاریکی ئەوتۆوە خەریک بوو هەموو ئەزموونێکی مرۆڤانیم ڕەتدەکردەوە. ئەو کێشەیە بووبوو بە تەوەری گفتگۆیەکی بێ کۆتایی نێوانمان. ڕەزا حەمادە گوتی:

- لەوە ناچێ هیچ بازرگانێکی ئابڕوومەند ومەرد وڕەند هەبێت!

عید مەنسوور گوتی:- مرۆڤی ئابڕوومەند نییە.

پرسیم:- ئەدی ڕۆڵی دین چییە؟

- ئەخلاقێک کە بەرەو ناکامیمان بەرێ، بۆچی پابەندی بین؟

ئەو کێشەیە،سالانێک لەگەڵما هات، تا لە دیوەخانەکەی دکتۆرماهیر عەبدولکەریمدا مناقەشەم کرد، لە نەقدی واقیعی میسرەوە بیگرە تا دەگاتە لێکۆڵینەوەو باسی خێر و شەڕ لە ڕووی فەلسەییەوە. ئەمە وا

دەخوازێ دکتۆر ئیبراهیم عەقل و فەلسەفەکەی دەربارەی ئایدیالی باڵاو ڕەفتاری ناکۆکی لەگەڵ فەلسەفەکەی خۆیا وەبیر بێنێینەوە! قسەیەکی مامۆستا سالم جەبر بە نموونە دێنمەوە:

- بە هەرحاڵ، هەرچۆنێ بووە، ناکرێ ئەو قۆناغە فەرامۆش بکرێ کە مرۆڤ لە لێرەوارەوە تا مانگ بڕیویەتی!

یان ئەو قسەیەی ڕەزا حەمادە:

- هەندێ بەهای دڵخۆشکەرە هەیە، وەکو هەوڵ وتێکۆشانی پیاو لە پێناوی خانەوادەکەیا، وەکو زیرەکی بە حەقیقەت ڕۆشن، وەکو هەندێ هەڵوێستی پاڵەوانانەی دەگمەن.

هەروەها ئەو قسەیەشی:

-زۆر زێدەڕۆیی لە ئایدیالیەتدا مەکە ، دەنا بە بێزەوەری دەمری!

زەهران حەسوونە، لەماوەی جەنگدا زۆر دەوڵەمەند بوو، گەییە ڕیزی ملیونێران. لە ساڵی ١٩٤٥دا، کۆمپانیایەکی قۆنتەراتی دانا، بەڵام من دوای ئەوەی کوڕەکەی، کە خوێندکاری کۆلیژی ئەندازە بوو، دوای هەڵوەشانەوەی پەیمانی١٩٣٦، لە شەڕی کەناڵدا کوژرا، وازم لە لۆمەکردن وناوزڕاندنی هێنا. کابرا بەچاوانی سوورو حەواسی پەرتەوە، خۆی بەسەر باسکی دوو هاوڕێیدا دابوو وبە دووی جەنازەی کوڕەکەیدا دەڕۆیی. پەیوەندی ئەو سەروبەندەمان بریتی بوو لە مەرحەبایەکی هاکەزایی لە هەندێ بۆنەی ڕێکەوتەکی، بەڵام عید مەنسوور، بۆی دووپات کردمەوە کەهێشتا هەر خەریکی پارە کۆکردنەوە ونوێژکردنە، عید مەنسوور، بە حوکمی کارە بازرگانیەکانی لە هەموومان پتر لێوەی نزیک بوو. گەشەی دارایی لە بەرزبوونەوەی بەردەواما بوو، لە "قصر المعادی" ئاکنجی بوو، لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا بەو بیانووەی کە

ژنەکەی دوای مردنی نۆبەرەکەی تاقەتی سەرجێی نەماوە، کیژێکی بیست سالانی خواست. بەڵام هەموو ساڵێک دەچووە حەج، ئیدی حەج بووبوو بە گەشتی ڕۆحی، لە دوای شۆڕش چالاکی زیاتر بوو. لە موڵکدارە کشت و کاڵییەکان نەبوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٦١دا، کومپانیاکەی وەکو زۆر کۆمپانیای دی خۆماڵی کرا. بەوجۆرە ئەو بینا بەرزەی کە بە بەردی زیرەکی وغەش ورژدی و هەلپەرستی وئیمان وفسق وفجوڕ ڕۆنرابوو هەرەسی هێنا و داڕوخا. ڕەزا حەمادە بەوپەڕی تووڕەیی باسی ڕووداوەکانی دەکرد، هەڵوێستی نەگۆڕی خۆی لە مەڕ شۆڕش دووپات دەکردەوە، پێم گوت:- بەڵام تۆ کابرات بە تەواو دەناسی.

گوتی:- با ناسیبشم، ئەمە مەسەلەی پرەنسیپە.

گوتم:- نە مەسەلە پرەنسیپە نە کابرایە، بەڵام سیستەمێکە ڕێگەی بەوە داوە.

بە کەسەرەوە گوتی:

- چاوەڕوان بکە، تا ڕژێم وسیستەمە تازەکەت بۆ دەردەکەوێ، زەهران حەسوونەش لە هەوەڵەوە فەرمانبەرێک بوو وەکو ئەو فەرمانبەرانەی دەستیان بەسەر کومپانیاکەیدا گرت تا بەڕێوەی بەرن! کاتێ حاجی زەهران لە شۆکەکە بێدار بووەوە، کۆشکەکەی فرۆشت وگازینۆیەکی لە "مصر الجديدة"دا کردەوە وژیانێکی هاکەزایی بۆخۆی زامنکرد. هەمیشە لەبەردەم ئێمەدا خۆی بە ئازاو ورە بەرز نێشاندەدات، کە باسی ڕووداوەکان دەکات گەلێک دەستەواژەی ئاینی وەک سوپاس بۆ خوا، ئەمر ئەمری خوایە، لا حەولە وەلا قوەتە ئیلا بیلا، ئەوە حیکمەتێکی تیایە، بێ حیکمەت نییە، هەندێجار بە ڕادەیەک دەپرینگێتەوە، ستایشی ئەو قەرارە دەکات، کە سەروەت وسامانەکەی لێسەندووە ودەڵێت:

- ئیدی حوکمی حاکمە ودەبێ قەبووڵی بکەین وبیخەینە سەر چاو وسەر سەر.

بەڵام هەندێجار کە کارەساتی وەکو قەیرانە ئابووریەکە وکێشەی یەمەن ڕوویان دەدا، نەیدەتوانی خۆشی خۆی بشارێتەوەو بە سیمایەوە دەردەکەوت. ئەنجام کە پێنجی یونیو هاتە بەرەوەو نەشەی سەرکەوتن دای لە کەللەی! لەو ڕۆژە شوومەدا، کۆمەڵێک ڕەوتی ناکۆک وهەڤدژم بینی خەریک بوو ئەقڵم تێکدەچوو، ئەوەی ڕەزا حەمادەی لەبەر چاوم گەورە وبەڕێز کرد ئەوە بوو کارەساتەکە پشتی ئەویشی وەکو پشتی ئێمە شکاند، کەچی لەو ڕۆژەدا هەموو شتێکی لەبیر وفەرامۆشکرد، تەنیا خۆشەویستیە گەورەکەی نیشتمانەکەی نەبێت.

## ١٥ – زهیر کامل

کە چووینە زانستگە ئەو لە بەشی زمانی عەرەبیدا موعید بوو وخۆی ئامادە دەکرد تا بە زەمالە بۆ فەرەنسا ڤڕێ بکرێ. هەر دوو دکتۆر ماهیر عەبدولکەریم و ئیبراهیم عەقل زۆریان ستایش دەکرد، جارێکیان دکتۆر ئیبراهیم عەقل لە بارەیەوە گوتی:- نموونەی بلیمەتیە.

ڕەزا حەمادە باسی بۆ کردم وگوتی:

- من لە "بيت الامة " لە کۆڕ وکۆبوونەوەکانی قوتابیاندا ناسیم، خەڵکی سمنودەو، مستەفا نەحاس لە نزیکەوە دەناسێت.

لە ساڵی ١٩٣٢دا بە زەمالە (بورس) ڕۆیی، لە ساڵی ١٩٣٨ یان ١٩٣٩دا بە دکتۆراوە گەڕایەوە لە ئەنجوومەنی مامۆستایانی زانستگەدا بەمامۆستای (ب) دامەزرا. لەبەرواری دامەزراندنەکەیەوە تا ساڵی ١٩٥٠، هەموو چالاکییەکی فیکری خۆی بۆ زانستگە ولێکۆڵینەوەو دانانی

کتێبیان تەرخانکرد، زۆر کتێبی بەچاپ گەیاند، لەوانە: تیوری گشتی ڕەخنە. ڕەخنەگرانی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا، چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی شەکسپیر وڕاسین وبودلێر وئیلیوت وشاعیرانی ئەندەلوسی. هاتوچۆی دیوەخانەکەی دکتۆر ماهیر عەبدولکەریمی دەکرد، دۆستایەتیەکی بە تینمان کەوتە بەینەوە. لە کاتی شەڕدا کچێکی یۆنانی خواست، ئەم کچە لە دووکانی ڤینوسدا کاریدەکرد. دوو کوڕ وکچێکی لێی بوو. بە هەموو مانای وشە مامۆستای زانستگە بوو، ژیانی خۆی بۆ توێژینەوەی ئەکادیمی تەرخان دەکرد، لە ناوەڕۆکی باسەکانی دەرنەدەچوو، نەم بیستبوو هیچ خەم وخولیایەکی دیکەی هەبێ. هەندێجار هەوڵم دەدا خوێندکارە وەفدیە کۆنەکەی تیا بدۆزمەوە، بۆم نەدەدۆزرایەوە، بە پێچەوانەی زۆر کەسەوە، حەزی بە سەرکەوتنی هاوپەیمانان دەکرد، ڕەنگە ئەمەی خۆی گوتەنی لە خۆشەویستی دیموکراتیەت بووبێ یان جۆرە هاوسۆزییەک بووبێ لەگەڵ ژنەکەیدا، یان هەواداریەکی فەرەنسا بووبێ کەلە کانگای دڵەوە خۆشی دەویست. لە ساڵی١٩٥٠دا بەشتێک غافڵگیری کردین کە هەرگیز چاوەڕوانمان نەدەکرد، خۆی لە سەر لیستی وەفد لە یەکێک لە بنکەکانی قاهیرە هەڵبژارد وزۆرینەی هەرە زۆری دەنگەکانی هێنا، ئەم ڕەفتارەی پرسیاری زۆری وروژاند، بەڵام دکتۆر ماهیر عەبدولکەریم وێڕای پارێزی زۆر ودوو دڵی گوتی:- ئەمە قەرارێکە مایەی داخە.

ڕەزا حەمادە گوتی:- ڕەنگە بە تەمای وەزارەتی مەعاریف بێ.

بەڵام لەوەیە زەمانێکی زۆری بۆی تا ئەو ئاواتەی دێتەدی، ئیدی چۆن بە مووچەیەکی کەم وپاداشتی پەرلەمانتاری کە هەر پەنجا جونەیهێکە هەڵدەکات؟ ڕەزا حەمادە گوتی:- ئیدی ڕۆژگار بۆمانی دەردەخات!

ڕۆژگار، خێراتر لەوەی وێنامان دەکرد بۆمانی دەرخست. ئیدی وتارە سیاسیەکانی لە ڕۆژنامە وبڵاڤۆکە وەفدییەکاندا دەرکەوتن، بەڵکو وەکو نووسەرێکی سیاسی دەرەجە یەک بەدیار کەوت. ئیدی زەهران حەسوونە بەڕێکەوت هەندێ کاری دەکەوێتە لای حکوومەت وپێویستی بە واسیتە دەبێت، داوای لە ئێمە کرد، کەبە هاوڕێ نوێنەرەکەی خۆمانی بناسێنین وئیدی پێمان ناساند، ئیدی لەو ڕۆژەوە پەیوەندی نێوان ئەو دووە پتەو بوو، بەرەبەرەو ژێراوژێر هەندێ قسەی سەیرو گوماناویمان دەربارەی ڕەفتاری دکتۆر "زهیر کامل" بەر گوێ دەکەوتەوە. ڕۆژێک لە ڕەزا حەمادەم پرسی:

- ئەرێ تۆ ڕات چییە دەربارەی ئەو قسانەی لەمەڕ " زهیر کامل " دەگوترێن؟

زۆر بە تووڕەیی وەڵامی دامەوە: - دەڵێن بووە بە دەڵاڵی وەزیفە.

ئەوسا بە کەسەرەوە سەری لەقاند و لەسەری ڕۆیی:

- دەڵێن، ئیش بۆ زەهران حەسوونە دەکات و پاداشتی چەوری لێوەردەگرێ.

- باشە ئەوەی دەگوترێ، ڕاستە؟

- زۆر بە داخەوە ئا، هەندێجار، بە کەسەرێکی زۆرەوە دەپرسم، باشە چ جیاوازییەک لە نێوان وەفد وحیزبەکانی دیکەدا هەیە؟!

- باشە تەسەور دەکەی زهیر کامل بۆیە دەستبەرداری مامۆستایەتی زانستگە بوو تا بکەوێتە تاڵان وچەپاو گەندەڵی؟

- بەڵێ تەسەوری دەکەم وئەولاتریش، هەرلە سەرەتاشەوە وا بووە، بەڵام چاوەڕوانی هەلبووە، کە بەهرەکانی خۆی بەکاربەرێ وئەنجام خۆی لە سیاسەتدا دۆزیوەتەوە.

ڕۆژێک دانیشتبووین وخەفەتمان بۆ هاوڕێ بلیمەت وحیزبە ڕەسەنو گەورەکەمان دەخوارد. کاتێک لە دوای شەواتەکەی قاهیرە، حکوومەتی وەفد لەکارخرا، دکتۆر زهیر هەوڵیدا بۆ زانستگە بزڤڕێتەوە، بەڵام نەیتوانی بگەڕێتەوە. ئیدی وەکو نووسەرێکی سیاسی ورەخنەگرێک درێژەی بە ژیانی خۆی دا، بەڵام بە نیگەرانییەوە دەیڕوانییە ئایندە، بە تایبەتی کە فێری ژیانێکی دەوڵەمەدانە بووبوو. ڕۆژێک لەنک مامۆستا جەبر کۆبووینەوە، تەواو هەڵچووبوو، دەیگوت:

- ئەمە چییە کە بەسەر وڵاتدا دێ؟... شا شێت بووەو، هەموو شتێک لە داڕوخان و هەرەسهێناندایە.

دکتۆر زهیر کامل گوتی:

- ڕەوشی سیاسیمان ڕێک لە دکتۆر ئیبراهیم عەقل دەچێت کە وەکو باسکارێکی زیرەک دەستی پێکرد وبە دەروێشاتی کۆتایی هات!

ڕەزا حەمادە گوتی:

- لە تەمەنی پیریدا، وەختێ پیری خەریک بوو لە پەلوپۆی دەخست وەفد بوو بە پێشەنگی.

سالم جەبر گوتی:

- ناکرێ ئەم ڕەوشە بەمجۆرە بەردەوام بێ، ئەدی سبەی چۆن دەبێ؟

زهیر کامل گوتی:

- هێشتا وەفد لە هەموو ئەوانی دی باشترە، شا بەو زووانە ناچاردەبێبانگی بکاتەوە تا شۆڕشێکی سەرانسەری نەتەقێتەوە!

سالم جەبر گوتی:- شۆڕش لە وەفد باشترە.

ڕەزا حەمادە گوتی:- ئیخوان وکۆمۆنیستەکان لەسەر پێن.

زهیر کامل، بە توندی گوتی:

- نە ئەوان و نە ئەمان هیچیان زۆرینە نین.

سالم جەبر گوتی:

- نیشتمان لەبار نییە بۆ کومونیزم، هیچ ئایدیا وئایدۆلۆجیایەکیش نییە لاوانی پەراگەندە لە نێوان شۆڕش وهەرەس دا، کۆبکاتەوە!

ئیدی شۆڕشی تەمووز، بەدەر لە هەر پێشبینییەک بەرپا بوو. زهیر کامل، خۆی لە ئاستەنگ وئاریشەیەکدا بینییەوە کە هیچ حیسابێکی بۆ نەکردبوو. دەرگاکانی سیاسەت وزانستگەی لێداخران وحایر وحەپەساو نەیدەزانی چ بکات وچی بنووسێت. کاتێ ڕەوتی سیاسەتی گشتی بە ئاراستەی نەهێشتنی حیزبەکان ڕۆیی و هەموو حیزبەکانی بە گشتی و وەفدی بە تایبەتی، بەو ئیحتوبارەی بنکەیەکی کۆنی جەماوەری خەڵکە خستە ژێر گوشارەوە، دکتۆر لە ناکاوا بایدایەوەو سپرایزی دووەمی ژیانی خۆی نواند، بە وتارە ئاگرینەکانی کەوتە پەلاماری وەفد وهەرچی گەندەڵییەک وەکو مۆریانە دابوویە ئێسکی وڵات ونیشتمان، هەر هەمووی گەڕاندەوە بۆ گەندەڵی وەفد، دیارە ئەم وتارانە وەفدییەکانی زۆر تووڕە کرد، تووڕەییەکی پەنهان وشاراوە، بەڵام کەس نەبوو ئەم وتارانەی پێ خەتەر نەبێ، چونکە لەلایەن پیاوێکەوە نووسرابوون کە ڕابردوویەکی سەنگینی لە زانستگەدا هەبوو، ئەمە جگە لەوەی ئەندامی دوا پەرلەمانی وەفد بوو. لە یەکێک لە ڕۆژنامە گەورەکان، بە ڕۆژنامەنووس دامەزرا، زۆری نەبرد، بوو بە قەڵەمێک لە قەڵەمەکانی شۆڕش وسەرپەرشتی لاپەڕە ئەدەبییەکەی پێ سپێردرابوو وڕابەرایەتی ڕەخنەی ئەدەبی مودێرینی گرتە ئەستۆ.ئیدی بە سەدەمی بەرپرسیاریەتە تازەکانی، یان لە شەرمی بادانەوە کوت وپرەکەیدا، تا ماوەیەک خۆی لە

هات وچۆی دیوەخانەکەی دکتۆر ماهیر عەبدولکەریم دوور گرت. دکتۆر ماهیر دەیگوت:

- باشە هەر لە زانستگە ماباوە چاکتر نەبوو؟

مامۆستا ڕەزا حەمادە پرسی:- بینیت ئەو گەوجە چی لەخۆی کرد؟

گوتم:- ڕەنگە بیانووەکەی ئەوەبێ، کە ئیشی لەگەڵ وبۆ هێزێکی نیشتمانپەروەر کردووە کە گومان لە نیشتمانپەروەرییەکەی نییە.

ئیدی زهیر کامل گەڕایەوە بۆ کۆڕە دڵخوازەکانی خۆی، وەک دیوەخانەکەی دکتۆر ماهیر عەبدولکەریم ونووسینگەکەی سالم جەبر، وەکو جاران بەڕێک وپێکی یەکترمان دەبینی. دەمویست قسەی دڵی بزانم. گوتی:

- بەرگری فایدەی نەبوو، بۆ بەرگریم بکردایە؟

هەروەها گوتی:

- خەریک بوو دەکەوتمە سەر ساجی عەلی، بەڵام ئەنگیزەی من تەنیا پارە نەبوو، بۆیە ویژدانم ئاسوودەیە!

گوتم:- یانی باوەڕت بە شۆڕشی یولیو هەیە؟

چاوە پرشنگدارەکانی تێبڕیم وگوتی:

- تەڤگەرێکی پیرۆزە، بە هێزی خۆڕسکی خۆی ڕێگەی لە شۆڕشێک گرت، کە نینۆکەکانی لە ئاسۆوە دیاربوو!

- چ بیرۆکەیەکە!

- با ئەوەشت پێ بڵێم کە من شۆڕشگێڕ نیم، وەکو چۆن کۆنەپەرستیەتی ئیخوانم قەبووڵ نییە، بەو ئاوایەش شۆڕشگێڕیەتی کۆمۆنیستەکانم

قەبووڵ نییە، باوەڕم بە ڕیفۆرمە ماقووڵە هەیە کە شوێنی کەوتووین، ئەمە هەمان ڕێگای وەفدیشە ئەگەر ڕێگەی باڵە گەنجەکەی بدرێ.

بەڵام من کە بە وردی چاودێریم دەکرد، هەستم کرد سۆزەکانی، لەگەڵ هزر وبیرەکانیا، بە تەواوەتی تێکی نەدەکردەوەو جۆش وخرۆشە ڕواڵەتیەکەی، بەرلە هەموو شتێک پاکانە بوو بۆ بادانەوەو هەڵگەڕانەوەکەی. ئیدی بە تێپەڕبوونی ڕۆژ ناچار بوو سووکە ئیعترافێکم بۆ بکات:

- باشە، ئەوەی ڕوویدا، ئەگەر لە ڕێگەی ڕاپەڕینێکی جەماوەری ومیللییەوە بە سەرکردایەتی لاوانی وەفد ڕووی دابا باشتر نەبوو!

گوتم:- گرینگ خودی ڕووداوەکە بوو.

کەمێک ڕاما وگوتی:

- بەڵام مرۆڤ ناتوانێ لە ئەقڵیەتی تایبەتی خۆی بخەلەسێت، بۆیە فاتیحای ئازادی بخوێنە!

ماموّستا ڕەزا حەمادە لەو سەروبەندەدا گیرابوو، کەناوی ئەو هات، زهیر گوتی:

- خوا یارمەتی بدات.

بە متمانەوە گوتم:- من باوەڕم وایە کە بێتاوانە.

- بۆ؟

- چونکە من دەزانم چەند پاک ڕەوشتە.

تۆ بڵێی قسەکەم پەستیکردبێت؟.. بە هەرحاڵ گوتی:

- ئەو نەوە سیاسییە، دەبێ مامۆستا دێرینەکەمان، ئیبراهیم عەقل بکەن بە سەرمەشق وچاوی لێبکەن.

سەرم لە قسەکەی سوڕما، گوتم:

- دکتۆر ئیبراهیم عەقل، کەوتووەتە حاڵی دەروێشاتی تەواوەوە، من لە دیدارێکی ڕەوتەنیا لەگەڕەکی سەروەرمان حسەین دا، بەچاوی خۆم و لە نزیکەوە ئەوەم لێ بینی!

- منیش دەقاودەق ئەوەم مەبەستە، دەروێشاتی شێوازێکە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو کولێرایەی کە هەر دوو کوڕەکەی کوشت.

- مەبەستت چییە؟

- مەبەستم ئەوەیە ئەگەر کارەساتێکت بەسەر هات ودەرەقەتی نەهاتی ونەتتوانی بەسەریا زاڵ بیت، دەبێ پەنا وەبەر دەروێشاتی بەریت، جاهەرجۆرە دەروێشاتیەک بێ، بەڵام بەرەڤانی بێهودە، دەتخاتە کونجی ڕەشچاڵانەوە!

"زهیر کامل"ی ڕەخنەگر، لە هەمان کاتا جۆرە کودەتا وگۆڕانێکی تری بەسەر هات. بە هەموو بێموالاتی وخەمساردیەکەوە، کەوتە بازرگانی بە ڕەخنەوە. کەوتە قەبووڵکردنی دیاری و وەرگرتنی پارەو بە گوێرەی ئەو دیاری و پارانە هونەرو هونەرمەندانی هەڵدەسەنگاند. لەگەڵ پەرەسەندن وگەشە کردنی تەڤگەری شانۆیی و بەرهەمی سینەماییدا قازانجی دووقات زیادی کرد. ڤیلایەکی لە " الدقی " ڕۆناو ئوتومبێلێکی مارسیدسی کڕی، بە پێچەوانەی میانڕەوی جارانیەوە ، لە خواردن و خواردنەوە نەدەپرینگایەوە، بەجۆری قەڵەو بوو، زۆر بە زەحمەت لە یەکەم بینینا دەناسرایەوە. هیچ تایبەتمەندییەکی کۆنی نەمابوو جگە لە ڕۆشنبیرییە فراوان و هەستە هونەرییە ڕەسەن وهەمە جۆرەکەی

نەبێ. وێڕای ئەو شۆڕشگێڕییەی کە کردبووی بە پیشە، ئەگەر ناوی وەفد بهاتبایە هەڤسۆزی بە چاوانیەوە دەردەکەوت، بەڵکو زانیم، بە برادەرێکا نامەیەکی تایبەتی بۆ مستەفا نەحاس ناردبوو، تەوازی بۆ هێنابووەوە کە ئەو هەڵوێستەی دەربارەی وەرگرتبوو و، ئەو زرووفە دژوارەی بۆ ڕوونکردبووەوە کە ناچاری کردبوو ئەو قەرارە بدات. کە شۆڕشی یولیو(تەمووز) سیاسەتی سوسیالیستانەی خۆی ڕاگەیاند، زۆر بەجدی کەوتە خوێندنەوەی سوسیالیزم، تا بچێتە بنج وبناوانی وبە شارەزاییەوە پشتیوانی لێبکات وئاستی خۆی وەکو یەکێک لە نووسەرەکانی ڕیزی پێشەوە، بپارێزێت. لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمی دوابەدوای یەکدا چوار کتێبی دەربارەی سوسیالیزم پاچڤە کرد. پاشان کتێبە بەناو بانگەکەی خۆی "سوسیالیزمی ئەم نیشتمانە"ی چاپ وبلاو کردەوە. لەم لایەنەوە، قەناعەتم بە دڵسۆزی وڕاستگۆیی نەکرد، چونکە پێشتر دەمزانی کابرایەکی لیبرال دیموکراتە. جارێکیان بە شۆخییەوە لێم پرسی:

- چۆن بەو خێراییە شێتانەوە باتدایەوەو بووی بە سۆسیالیست؟

ئەویش بە پێکەنینەوە بەرسڤی دایەوە:- خەڵکی لەسەر ئاینی نیشتمانەکانیانن.

- قەناعەتت وایە باوەڕت پێدەکەن؟

- کەس باوەڕی بەکەس نەماوە.

ئەوجا، دیسان بە پێکەنینەوە گوتی:- گرینگ ئەوەیە دەیڵێی ودەیکەی!

شەپۆلە پێکەنینێک گرتی و ئەوجا گوتی:

- زۆر پرسیاری نهێنی گەشەکردنی شانۆ دەکەن، نهێنی ئەمە دەزانی؟ نهێنییەکە ئەوەیە کە هەمووما بووین بە ئەکتەر...!

گوتم:- وێڕای ئەوەش، ئەم سەروبەند وقۆناغە، خێروبێرێکی وەهای بەدی هێناوە، کە هیچ سەروبەندێکی پێشتووتر، خێروبێری وای بەدی نەهێناوە!

هەناسەیەکی هەڵکێشا وگوتی:

- بەڵام هەموو شتێک بایەخی پەیدا کردووە تەنیا مرۆڤ نەبێ!

بە کەسەر وداخێکی زۆرەوە پرسیم:

- جا لە وڵاتی مەدا کەی مرۆڤ بایەخ وبەهای هەبووە؟! بەلای کەمەوە ئەمڕۆ لە کۆیلایەتی ئابووری وچینایەتی وڕەگەزی ڕزگار دەبێت ودوابەدوای ئەمەش نۆرەی ڕزگاری خودی دێت، هەرکاتێ شایستەی ئەوەبێ!

وەختێ نامیلکەیەکی بچووکی دەربارەی ئەدەبی "جاد ئەبولعولا "بڵاوکردەوە گەییە لووتکەی هەرەسی ئەدەبی! جاد ئەبولعولا هەوڵیدا دەوروبەری ساڵی ١٩٦٠ بوو، بیناسێت، واتە هەمان ئەو ساڵەی کەلەگەڵ منا ئاشنایەتی پەیدا کرد. وێڕای ئەوەش ئەم نامیلکەیە بۆ من سپرایزێکی ئەوتۆ بوو کەبە هیچ جۆرێ پێشبینیم نەدەکرد. ئیدی لە هەقی ئەمەدا چی وچەندی وەرگرتبوو، گرینگ نەبوو – دەگوترا تاقمێک توحفەی عەرەبی و هەزار جونەیهی وەرگرتووە – بەهەرحاڵ ئەمە نیشانەی ئەوەبوو کە برادەرەکەم، نەک لە قوڕ وچڵپاوی سقوتا غەرق بووە، بەڵکو حەیاشی تکاوەو، عەبدە بەسیونی نەهەقی نەبوو، کە ڕۆژێک، باس هاتەسەر نامیلکەی ناڤبری پێی گوتم: - ئەمە کتێبێکە، تەنیا قەحپە جورئەتی نووسینی هەیە!

زهیر کامل، بەختی هەبوو، دەنا چیوای نەمابوو لە دوو حاڵدا، هەڵگەڕانەوە و بادانەوەی خۆی ڕابگەیەنێ، یەکەمیان زێدەگاڤیە سێ قۆڵییەکەی ساڵی ١٩٥٦ بوو و ئەویتریان نسکۆکەی ساڵی ١٩٦٧ بوو، لە

هەردوو جارەکەدا، وایزانی تەواو، شۆڕش تیاچوو ونەما، ئیدی گویٚ قولاخ بووەوە کە سەرلەنویٚ بکەویٚتە خەمی ئایندەی خۆی. لەهەر دوو جارەکەدا، ڕادەی هەلپەرستی وبودەڵەیی ئەوم بۆ دەرکەوت، هەرچەندە چ وەکو شۆرەت ونێوبانگ وچ وەکو سەروەت ودەوڵەمەندی قەرزاربارى شۆڕش بوو. بەراوردێکی ئەو ورەزا حەمادەم کرد. هەردووکیان ڕۆشنبیرییەکی مرۆڤانی قووڵ وفراوانیان هەبوو، هەردووکیان لەو نەوە سیاسیەی جاران بوون کە شۆڕش لەباری بردن، هەردووکیان سەر بە ئایدیایەکی دژ بە سوسیالیزم بوون، بەلاّم یەکێکیان خاوەن نیازو ویژدانێکی ئەوەندە بۆگەن بوو کە مێروانش قێزیان لێدەبووەوە و،ئەویتریان خاوەن دڵ و دەروون و ویژدانێکی هێندە پاک بوو، شایەنی پەرستن بوو. لە ساڵی دوای نسکۆدا، هەندیٚ پێشهات لەناو جەرگەی خانەوادەکەیا هاتە بەرەوە کە هەرگیز بەبیریا نەدەهات، هەردوو کوڕە ئەندازیارەکەی بڕیاریان دا، بۆ کەنەدا بڕۆن! نەیتوانی ژێوانیان بکاتەوە، بەلاّم دایکیان هانی دەدان، ئیدی زۆری نەبرد هەر دوو گەنجەکە بە ئاواتەکەیان گەیشتن. زهیر، زۆر لەوە دڵ گران بوو، بەمنی دەگوت:

- من کابرایەکی فەلاحم، تەبیعەتی فەلاح وایە حەز دەکات منداڵەکانی لەگەڵیا بن.

هۆی سەفەرەکەیانم لێی پرسی، گوتی:- بە ئومێدی ئایندەیەکی باشتر.

بە کەسەرەوە هەردوو شانی هەڵتەکاند وگوتی:

- نیشتمان بایەخی نەماوە، ولاّتیان لە مەینەتیەکی دژوارا، لەوپەڕی تەنگانەدا بەجێهێشت، بیٚ هیچ خەم وخەیاڵێک ولاّتیان بەجێهێشت ودوای هیوای جوان کەوتن.

لەپڕ تووڕە بوو وگوتی:- ئەقڵم لە گەڵیانە، بەلاّم دڵم دەیەشێت.

بەڵام کچەکەی، لە سەفەرێکی یۆناندا لەگەڵ دایکیا، حەز لە کوڕێکی یونانی دەکات. زۆر ئاسایی، هەموو داب ونەریتێک بن پێ دەنێ وشووی پێدەکات. ئیدی ژنەکەی لە نێوان قاهیرە وئەسینادا دێت ودەچێت، تا ئەنجام بەر لە کەمتر لە ساڵێک، لە زێدی ئەسڵی خۆیدا دەگیرسێتەوە. ئیدی دکتۆر زهیر کامل، لە تەمەنی شەستساڵیا، خۆی بە تەنیا لەگەڵ نەخۆشی شەکرەو بەرزە پەستانی خوێنا دەبینێتەوە.. لەوەداله ڕەزا حەمادە دەچوو، بەڵام ئەم بە خۆی بێخەم و بێ خەیاڵ ئەم کۆتاییەی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، زهیر، تاڵاوی تەنیایی وبێزاری دەچەشت. ڕۆژێک عەبدە بەسیونی لە دیوەخانەکەی جاد ئەبولعولادا لێی پرسیم:

- ئەرێ نعمات عارف دەناسیت؟

گوتم نەء، گوتی:- ئافرەتێکی ڕۆژنامەنووسی تازە کوورەیە، لەژێر مەشقدایە.

- باشە ئەوە چ پەیوندییەکی بەمنەوە هەیە؟

بە پێکەنینەوە گوتی:- عەشیقەی دکتۆر زهیر کاملە!

- زهیر کامل!.. خۆ ئەو پیرەمێرێکی شەست ساڵەیە.

- بەو نزیکانە، هەواڵی زەماوەندەکەیان دەبیستی.

هەواڵەکەم بیست. بووکەکەم ناسی، کیژێکی جوانی بیست ساڵان بوو. مامۆستا ڕمووەدەی بوو، لەگەڵیا ئاسوودە بوو، دەستی بۆ قەڵەم نەدەبرد. تەنیا هەفتەی جارێ نەبێ، ئەویش بۆ نووسینی ڕۆژانە بیرەوەرییەکانی دەربارەی بابەتێن گشتی ڕۆژانە، وازی لە بەکارهێنانی چاڤکانی و سەرچاوان هێنا. بەڵام نەخۆشیەکەی زۆری بۆ هێنا، تا بە یەکجارەکی لەناو جێدا کەوت، تاقە مەشخەڵە ڕوناکی بەخشەکەی ژیانە

تاریکەکەی، مەشخەڵی ئەقڵ، کوژایەوە. هەر ئەقڵەکەی هەبوو، ئەویشی لەدەست دا.

هێشتاش ناوبە ناو سەری دەدەین، گەنگەشە وگفتوگۆیان لە ژووری نووستنەکەی دەکرێت، ئەو بە گوێ یان بەچەند دەستەواژەیەکی کورت و دوور لە هەر تروسکەیەکی زیرەکانە وبیرێکی پرشنگدار بەشداری گفتوگۆکانی دەکرد، ئەوەی بیر دەخستینەوە کە هەموو شتێک کۆتایی خۆی هەیە.

## ١٦ –سابا ڕەمزی

لە قوتابخانەی دوا ناوەندیا هاوڕێمان بوو. دوو ساڵێک لەگەڵماندا مایەوەو پاشان دیار نەما. هەرچەندە هاوڕێیاتی ئەو بۆ ساڵی ١٩٢٥ دەگەڕایەوە، بەڵام هێشتا زۆر بە ڕوونی چاوە بادەمیە تیژەکانی وباڵا زۆر کورتەکەیم، کە مایەی بەزەیی بوو، لەبیر ماوە. لە بەشی وەرزش وتۆپانێدا، زۆر سەرکەوتوو بوو، باڵی ڕاستی بەدر زیادی بوو، پاس پاسێنی نێوان ئەو دووە، دەبووە خەتەری گەورە بەسەر هەر تیپێکەوە کە یاریمان لەگەڵدا بکردایە. بۆیە وێڕای باڵا کورتیەکەی لە قوتابخانەکەدا، ناوبانگ وڕێزێکی زۆری هەبوو. لەکاتی دەست بەتاڵیدا، پێکڤە مەنفەلوتیمان دەخوێندەوەو ڕستە بەڕیتم وئاهەنگدارەکانیمان ئەزبەر دەکرد. جارێکیان باسی ڕۆمانەکانی میشیل زیفاکوم بۆ کرد، ڕووی گرژ کرد ولێی پرسیم:

- باشە باوەڕت بەو شتانە هەیە کەلە ڕۆمانەکانیا دەربارەی پاپاوات گوتوویەتی؟

دڵپاکانە گوتم:- بۆ باوەڕمنەبێت؟س

بە جۆرە هۆشدارییەکەوە گوتی:

- ئەو پیاوە دژمنی کاتولیکیەتە، بۆیە بە ئانقەست دەیەوێ ناوی پاپا بزڕێنێ و بەدناوی بکات.

بۆ یەکەمجار ناوێن تازەی وەکو کاتولیکیەت وپروتستانیەت وئەرتەدۆکسییەتم گوێ لێبوو، ئیدی لەو بەینەدا تیا مابووم، تا ناجی مرقسی هاوڕێمان پێی گوتم کە مەزەبی مەسیحی میسری ئەرتەدۆکسییەتە ومژدەبەران هەندێک لە قبتییەکانیان لە خشتە بردووەو بەرەو کاتولیکیەت وپروتستانیەتیان ڕاکێشاون. جەعفەر خەلیل، سەری کردە سەر سابا ڕەمزی وگوتی:- ئێستا بۆمان دەرکەوت کە تۆ قبتییەکی گەندەڵیت!

جەعفەر خەلیل سرەکەی کەشف کرد ورۆژێک پێی گوتین:- سرێکتان پێ بڵێم باسی ناکەن؟

نیگای پرسیار ئامێزمان تێبڕی، گوتی:

- سابا ڕەمزی، حەزی لە یەکێک لە مامۆستاکانی قوتابخانەی عەباسیەی کیژان کردووە!

دوای بەربوونی قوتابخانە، چاودێریمان کرد، سەیرمان کرد تا نزیکی "باب الشعرية " دوای مامۆستای ناقبری کەوت. ڕۆژێکیان کە بە نۆرە "ماجدولین" مان دەخوێندەوە، سەیرم کرد دەنگی بە جۆرێ کەوتە لەرزین کە بە ناچاری لە خوێندنەوە وەستا. هەستی بە نیگاکردنەکەم کرد، لەبن لێوانەوە گوتی:

- دیتمن کە دووم کەوتبوون!

ئەوجا بە کەسەرێکی پترەوە گوتی:

- منیش وەکو ستیفن و زیاتر ، خۆشەویستی دەکەم.

کەبینی، من بەشدارییەکی ویژدانی لەگەڵدا دەکەم و وەکو ئەو ئاشق بووم، گوتی:

- بە هەر نرخێ بووە، هەر خۆشم دەوێ!

بە هاوسۆزییەوە گوتم:- بەڵام ئەو مامۆستایە وتۆ هێشتا قوتابییەکی بچووکیت.

لێبڕاوانە گوتی:- خۆشەویستی لە هەموو شتێک بەهێزترە.

هەروەها گوتی:

- من هەوڵدەدەم قسەی لەگەڵدا بکەم، کەچی ئەو فەرامۆشم دەکات. دەڵێن ئەمە جۆرە ناز وکریشمەیەکە، تۆ چ دەڵێی؟

- نازانم.

- باشە چۆن بزانم خۆشی دەوێم یان نا؟

- نازانم..

- لە جەعفەر خەلیل و بەدر زیادی بپرسین؟

گوتم:- نەکەی.. ئەوانە حەزیان لە سوعبەت وڕابواردنە، دەتکەن بە داستانی سەر زاران!

لە دووکەوتنی مامۆستاکە بەردەوام بوو، بەڵام بێهودە، بەرەبەرە متمانەی بەخۆی کز دەبوو وخەم دایدەگرت. عەسرانێک دیمەنێکمان بینی کەلە بیرچوونەوەی ئاسان نەبوو. بینیمان ڕێگەی بە مامۆستاکە گرت وبەجورئەتەوە پێیگوت:- بە یارمەتیت..

ماموستاکە، خۆی لێبوارد وبەرێگای خۆیدا ڕۆیی، سابا دووی کەوت وبەدەم ڕێگەوە دەیگوت:- قسەیەکم پێتە..

بە توورەیی هاواری بەسەردا کرد: - وازم لێبێنە، دەنا..

بە پاڕانەوەوە گوتی:- تکایە، تەنیا یەک وشە..

- وازم لێبێنە دەنا پۆلیست بۆ بانگ دەکەم..

بەدەم هەنگاوی خێراو تووڕەوە دوورکەوتەوە. ئەمیش لە دواوە حایرو حەپەساو تەمەشای دەکرد. لەناکاوا بلەز دەستی بە گیرفانی خۆیدا کرد. دەمانچەیەکی دەرهێنا، سیرەی لێگرتەوەو تەقەی لێکرد! کچەکە هاوارێکی توندی لێبەرز بووەوە، ڕوویکردە ئاسمان، ئازای گرژ بوو، ئەوجا بە پشتا کەوتە سەر ئەرزەکە. سابا تەمەشای دەکرد، باسکی شۆڕ بووبووەوە، هێشتا دەمانچەکەی لە دەستا بوو. ڕێک بەو دەقەوە مایەوە تا دەستگیرکرا. کچەکە بەرلەوەی ئامبولانسەکە بیگاتێ گیانی لەدەست دا. پاشان زانیمان سابا دەمانچەی برا ئەفسەرەکەی دزی بوو، تا ئەگەر نائومێد بوو ئەو تاوانەی پێبکات، دوای ئەوە نە هیچی ترمان دەربارەی زانی و نە جارێکی دیکە دیتمانەوە. وێنەیەکی لە بیرچوونەوەنەهاتگی لە خەیاڵمانا بە جێهێشت و پاشان ڕۆیی.

## ١٧ – سالم جەبر

من یەکەمجار لە ساڵی١٩٢٦دا، ناوی سالم جەبرم وەکو وتارنووسێکی ڕۆژنامەی " كوكب الشرق " بیست. بەدر زیادی یەکەم کەس بوو کە لە لای من باسیکرد و ستایشی نووسینەکانی کرد کە نووسینی جوان و بەسوودن. هەستم کرد بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە بانگەواز بۆ شارستانیەت وخۆپیبوونی ئابووری وئازادی دەکات. هەروەها داوای دەکرد، لە جیاتی تەڕبووش شەپقە لە سەربکرێت. دەرچووی ماف بوو، بەڵام

پارێزەری نەدەکرد، تەقریبەن هەموو ساڵێک سەفەرێکی ڕۆشنبیری بۆ ئینگلتەرا وفەرەنسا دەکرد. وەختێ شۆڕشی ١٩١٩ بەرپا بوو، لەگەڵ خوێندکارانی قوتابخانەی ماف دا بەشداری تێداکرد. ئەو ڕۆژەی هێرش بۆ سەر ئەزهەر کرا، فیشەکێک بەرشانی کەوت، پاشان لە ڕۆژنامەڤانی وەفدیدا کەوتە کارکردن، ئیدی تاکو ئەمڕۆش هەر لە ڕۆژنامەڤانیدا کاردەکات، گاڤێک لە ساڵی ١٩٢٤دا سەعد زەغلول وەزارەتی پێک هێنا، هەڵوێستی سیاسی سالم کەمێک گۆڕا. ڕۆژێک، دوای ئەوەی دۆستایەتیمان قووڵ بووەوە، دەربارەی ئەو قۆناغەی ژیانی خۆی قسەی بۆ کردم وگوتی:

-من ڕام وابوو کە سەعد زەغلول وەزارەت وەرنەگرێت و هەر ڕابەرایەتی مەیدانی و جەماوەری وەفد بکات، تا پەیامی نیشتمانی وەفد دێتە دی.

لێم پرسی:- ئەوسا، وازت لە وەفد هێنا؟ هەنگێ لە وەفد تۆرای.

- نەء، بەڵام هەنگێ ڕووم کردە لایەکی دی.

بەڵێ، بووبە کۆمۆنیست، ئیدی لەوساوە تاکو ئەمرۆ هەربە کۆمۆنیست ناسراوە. ئەوەی لە بیرنەکرد کەلە ڕۆژنامەی وەفدا، ڕۆژنامەنووسە، خۆی لەو بابەتانە دەبوارد کە ڕابەریان ئیحراج دەکرد. ئیدی بۆخۆی میتۆدێکی تایبەتی لە نووسیندا گرتەبەر،بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ گوزارشتی لە بیروباوەڕە تازەکەی خۆی دەکرد و بە ڕواڵەت هیچ هەڤدژییەکی لەگەڵ سیاسەتی وەفدا نەبوو، داوای ئازادی ژن و زانست وپیشەسازی دەکرد. هەنگاوێکی دیکەی بۆ پێشەوە نا، کتێبێکی لەمەڕ ڕێبازە ئابووریەکان نووسی کەخۆی لە خۆیدا، مێژووی سۆسیالیزم بوو! لە دەوروبەری ساڵی ١٩٣٠دا، کتێبی دووەمی دەربارەی " کارل مارکس وپەیامەکەی" بڵاوکردەوە، کەدەسەڵات خێرا لە بازاڕا کۆی کردەوە، ئیدی لە سۆنگەی ئەو کتێبەوە، هێرشێکی توندی لەلایەن ئالیە

محافەزەکارەکانەوە کرایەسەر وبەخوا نەناسی وئەنارشیستی تۆمەتباریان کرد. من هێشتا خوێندکاری زانستگە بووم کەلە منیرە لە دیوەخانەکەی دکتۆر ماهیر عەبدولکەریمدا ئاشنایەتیم لەگەڵیا پەیدا کرد، زۆرجار لە دیوەخانی ناقبریدا یەکمان دەبینی یان لە نووسینگە وئۆفیسەکەی خۆیا لە ڕۆژنامە دەمبینی.

لە هاوڕێکانما ڕەزا حەمادە وجەعفەر خەلیلم پێی ناساند. باسی سیاسەت و سوسیالیزممان دەکرد. سەبارەت بە قسەکانی دەربارەی ململانێی چینایەتی و دکتاتۆریەتی چینی کرێکار، زۆر لە گەڵیا نەبووین وئەوەندە دلْمان نەدەدایە، پێمگوت:

- من، لەگەڵ سوسیالیزمێکدام کەلە ڕێی پەرلەمانەوە بێتەدی، من بەش بە حاڵی خۆم خەون بەوەوە دەبینم!

بەتووندی بەرپەرچی بۆچوونەکەی دامەوە:- من دژمنی وەفدم!

- تۆ وا دەڵیی؟

- پشتیوانی شا وحیزبێن کەمینەی.

بە نەباوەڕییەوە پێکەنیم، گوتی:- وەفد ئەفیونی گەلە!

ئەوجا کۆڵەمستی بەسەرمێزەکەیا کێشا:

- وەفد کردویەتیە کارێک گەل ڕادەستی خەونانێک بێ کەهەرگیز نایەنە دی، هەمیشە دەستەوەستانە وناتوانێ هیچ خزمەتگوزارییەکی ڕاستەقینە پێشکەش بەگەل بکات، بەڵام ئەگەر شا وحیزبەکانی زاڵ بن و، گەندەڵی تەشەنەی کرد، گەل نائومید دەبێت وڕادەپەڕێ وشۆڕشێکی ڕاستەقینە بەرپا دەکات!

لێم پرسی: - فایدەی ئەوە چییە، لە کاتێکا ئینگلیز هەناسەمان لەبەر دەبڕن؟

-کە نائومیدی گەییە لوتکە، چاوەڕوانی پەڕجوو بکە.

دکتۆر ئیبراهیم عەقل، کەبینی هەندێک لە بۆچوونەکانی سالم جەبر ڕەت دەکەمەوە، لێم نزیک بووەوەو گوتی:

-ئاگادار بە سالم جەبر بە درۆ فەلسەفییەکانی لە خشتەت نەبات.

لە وەڵامی هەڵوێستەکەی ئەوا گوتم:

- ئەلهەقی من یەکەمجار لە ڕێگای خوێندنەوەی وتارێکی ئەوەوە کە تیایدا بەرگری لە تۆ دەکات، ناوی تۆم بیست!

بە تەوسەوە گوتی:

- ئەوە بەرگری نەبوو، بەڵکو ئیحراج کردن بوو، ئەو هیچ هزرڤان وبیرمەندێکی بەدڵ نییە، تەنیا ئەوانە نەبێ کە بە ئاشکرا خوانەناس وئەنارشین.

ئەوە لە حوزوری مامۆستا عەباس فەوزی بوو –لە دیوەخانی منیر.

عەباس، وەکو خووی هەمیشەییخۆی، لایەنی ئالییە بەهێزەکەی گرت وگوتی:

-کابرایەکی داوێن پیسە، باشترین بەڵگەش ئەوەیە باوەڕی بە ژن هێنان نییە!

بەسەرسامی گوتم: - بەڵام ژنی هەیە، لەباخی ئورماندا، مەدامەکەی پێناساندم.

عەباس فەوزی بە پێکەنینەوە گوتی:

-ئەوە ماشقەیەتی، بێوەژنێکی فەرەنسییە، چۆن ئەوە نازانی؟

پاشان بۆم دەرکەوت کە عەشیقەی بووە، تا ساڵی ١٩٦٠ کە دەمرێت هەر وەفاداری بووە. مامۆستا ئەوڕەحمان شەعبانی پاچڤەوان، حیکایەتی ئەڤینداری وانی بۆ گێڕامەوە، گوتی ئافرەتەکە ژنی ئەندازیارێکی کۆمپانیای کارەبا بووەو لە ژیانی مێردەکەیا، حەزی لە سالم جەبر کردووە. کاتێ مێردەکەی دەمرێت، بۆخۆ ڕێدەکەون کەبەبێ زەماوەندی فەرمی پێکەوە بژین، ژنێکی ئازاد وکۆمۆنیست بووە وەکو ئەو. موڵکەکانی لە میسر دەبێت، بەڵام حەز بەسەفەری فەرەنسا دەکات و حەز ناکات منداڵی ببێت.

سالم جەبر، بە ماوەیەکی کەم بەر لە دووەم جەنگی جیهان کتێبێکی لەمەڕ ئاینی بەراوردکاری دانابوو، بە شێوازێکی ئەکادیمی بابەتیانە باسی ئاینی کردبوو، کتێبەکەی هەرا وهەنگامەیەکی زۆری نایەوە، خاوەنەکەی بەوە تۆمەتبارکرا کە بوختانی بە ئاینی ئیسلامدا کردووە. ئیدی مامۆستالەسەر ئەوە درایە دادگا. بەڵام دادگا تەبریێی کردو دەستی بەسەر کتێبەکەدا گرت. لە کاتی شەڕدا هێرشێکی توندی کردە سەر نازیزم وفاشیزم، کە دەنگدانەوەیەکی باشی لە سەفارەتخانەی بەریتانی هەبوو.

داوای لێکرا، محازەرەیەکی هەفتانە لە ڕادیۆ پێشکەش بکات، لە ئۆفیسەکەی خۆیا لە ڕۆژنامەی المصری دا، پێمگوت:- دەڵێن بوویت بەدۆستی سەفارەتخانەی بەریتانیا.

بە تەوسەوە گوتی:

- نە دژمنایەتی تا سەر ونە دۆستایەتی تاسەر هەیە، من دان بەوەدا دەنەم لەم شەڕەدا هاوپەیمانی ئینگلیزم!

پێمگوت:- پێدەچێ ئەستێرەیان کەوتبێتە لێژی!

بەتووندی گوتی:- هیچ ترسێک لە سەرکەوتنی نازیزم نییە، تەنانەت ئەگەر سەریش بکەوێ، مێژوو یاسای خۆی هەیە، لە شەڕ وسەرکەوتن بەهێزترە.

کاتێ حکوومەتی وەفد چێبوو، دڵسۆزانە لەگەڵیا کەوتە کار، ڕێک وەکو ئەو کاتەی پێش ئەوەی سەعد زەغلول جڵەوی وەزارەت بگرێتە دەست. کاتێ لەشکرەکانی ڕۆمڵ بەرەو سنوورەکانی میسر هێرشی هێنا، لەگەڵ خەڵکانی دیدا بۆ سودان هەڵهات. دوایی پشتی کودەتای "المیزان" گەڕایەوە تا درێژە بە خەبتینی ڕۆژنامەڤانی خۆی بدات. لە بیرمە لە ساڵی ١٩٥٠دا، لە پرسەکەی ڕەحمەتی جەعفەر خەلیلدا لەبەینی من و ڕەزا حەمادەوە دانیشت، باسی خۆشحاڵی نیشتمانی بە گەڕانەوەی وەفد کرد، بەڵام گوتی:

- لە توانای هیچ حیزبێکدا، چەندیش جەماوەری بوایە، نەبوو ڕووبەڕووی هەڵوێستەکە ببوایەتەوە.

باسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی وەکو ڕۆحی شەڕ لە جیهاندا کرد، گوتی:

- جیهان، تەنیا بە کۆمۆنیزمی جیهانی ڕزگار دەبێت.

وەختایەک ڕۆیی، ڕەزا حەمادە پێی گوتم:

- هیچ کەسێک نیە وەکو ئەم پیاوە، هەموو خەڵکی ڕەقیان لێی بێت!

ڕاستگۆیانە گوتم:- بەڵام پیاوێکی ئایدولوجیست وبێ غەرەزە.

کاتێ شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٢ بەرپا بوو، ناکۆکییە دەروونیە سەیرو سەمەرەکانی ئەو پیاوە بە ڕواڵەت لۆژیکی و تەبایە لەگەڵ خودی خۆیا کەوتە ڕوو. بە ڕواڵەت هەمان دەوری دەبینی کە لێی چاوەڕوان دەکرا.

ئیدی حەقیقەتێکی فیکری خۆیا وڕوون بوو بۆ دۆست ودژمن. لە ڕۆژنامەی " الثورە "دا دەست بەکار بوو، قەڵەمەکەی خستە خزمەتی ڕۆژنامەی ناقبرییەوە. بەڵام زوو لە لای خەڵکە نزیکەکەی وەکو گورزەیەک لە ناکۆکی وهەڤدژی کەشف بوو، هەڤدژییەک کە لە دوا ئەنجاما کردی بە کەسێکی گومناوی و ناوبزر. کەس بە ئەندازەی ئەو پەرۆشی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاشایەتی نەبوو، ئەوەی بە پەڕجوویەکی بێ وێنە دەزانی، بەڵام بە خەمساردیەوەو لەبن لێوانەوە گوتی:- پاشا ڕۆیی وچەندین پاشا شوێنیان گرتەوە!

زۆر کەیفی بە هەڵوەشاندنەوەی دەرەبەگایەتی ودیاریکردنی مۆڵکداری کشتوکاڵی هات، بەڵام گوتی:- مەسەلە موڵکداری یان بێ موڵکییە، بەڵام دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاراندا، ڕەنگە ئەو غەریزە موڵکدارییە دەمەزەرد بکاتەوە کەلە سەدە تاریکەکانەوە بە میرات ماوەتەوە!

وەختێک حیزبەکان هەڵوەشێنرانەوە، زۆری خەفەت بۆ وەفد خوارد، خەفەتێکی نەفامکرێ وگوتی:

- ئاخر وڵات چۆن بەبێ بنکەیەکی جەماوەری ومیللی دەڕوات بەڕێوە؟

هەروەها گوتی:

- قوربانیدان بە ئازادی کارێکی ماقووڵە لە پێناوی کۆمۆنیزمدا، بەڵام ئێمە لە ئازادی ولە کۆمۆنیزم دەبین! لە قەلان و کۆتران دەبین!

کاتێ حکوومەت کەوتە دژایەتی کۆمۆنیستەکان وئیخوانەکان، گوتی:

- خەریکە هێزە ئەرێنییەکانی وڵات لەناو دەبەن، نە کۆمۆنیزم، نە ئیخوانیەت نە حیزبێن دیکە، ئەدی ئەمانە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی خۆیان پشت بەکێ دەبەستن؟ تەنیا فەرمانبەران دەمێنن، مانای وایە بینای خۆیان لەسەر بۆشایی ڕۆدەنەن.

تەنانەت کۆمۆنیستەکانیش لە لای ئەو لەوانی دی بەختەوەرتر نەبوون، تەنیا لە سەروبەندی ڕاوەدوونان وگرتن و یان زیندانیکردنیاندا، هاوسۆزی لەگەڵدا دەکردن، ئیدی زۆری نەدەبرد لێیان دەکەوتە خوێندن، گەندەڵ و بوودەڵە و بێ هەڵوێستن، ئەنجام گەییمە ئەو قەناعەتەی کە کابرایەکی سەیرە، بۆ ئەوە خوڵقاوە ئوپوزیسیۆن بێ، ئوپوزیسیون بوون لە پێناوی ئۆپوزیسیون، ئیدی حەزی لێبوو وابێ، ئەگەر حکوومەت فیوداڵی بێ ئەوە کۆمۆنیستە، ئەگەر چەپ بێ ئەو محافەزەکارە. بەڵێ محافەزەکار! کاتێ یەکێتی سوڤیاتی پشتیوانی لە شۆڕش کرد ولە هەردوو هەڵوێستی شەڕ وئاشتیدا یارمەتی دا، ئەوەی دەیگوت نایگوتەوە، هەرگیز باوەڕم بە گوێی خۆم نەدەکرد. جارێکیان، بەوپەڕی ڕقەوە گوتی:

- کۆمۆنیزم بە ڕاستی سیستەمێکی زۆر مەزنە، بەڵام مرۆڤی کۆمۆنیست چییە؟.. شتێکی مکانیکییە، نەک مرۆڤێکی زندوو!

جارێک بێ هیچ شەرمێک لێی پرسیم:

- بۆچی خەڵکی حەزدەکەن بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان بڕۆن؟

بە تەوس و توانجێکی خۆیاوە گوتم:- بۆ ئەوەی لەوێ نان وئازادیان دەست بکەوێ!

بە پەستیەوە گوتی:- ژیان بەبێ ئازادی هیچ بەهایەکی نییە، دەمارگیر مەبە.

بەدەم پێکەنینەوە گوتم:- تۆ ئەوەت فێر کردووم.

بە تووڕەییەکی زیاترەوە گوتی:- مردین.. مردین.. کەی دەژێینەوە؟

بەجۆرە ڕاشکاوییەکەوە پێمگوت:- هەندێجار پیاو لێت تێناگات.

بە توندی گوتی:

- من وەکو ڕۆژی ڕووناک دیارم، بەڵام ئێوە لەگەڵ شرۆڤەی دوورودرێژو پەراوێز و پەراوێزی پەراوێزاندا ڕاهاتوون!

بە ڕێکەوت لە باڕی ئەنگلودا، بەمەرگی دۆستە فەرەنسییەکەیم زانی، هەڵبەتە بە چەند ڕۆژێکی کەم دوای مردنەکەی، ئیدی چووم بۆ ماڵەوە بۆلای، ماڵەکەی لە شەقامی قصر النیل بوو، بەڵام دەرگاکەی داخرابوو، کەس نەیکردەوە، هەروەها لە بارەگای ڕۆژنامەکەشیا نەمبینی، پاشان دەرکەوت کە پاش ناشتنی جەنازەی قەپاتمەکەی، چووە بۆ ئەسوان ویەک مانگی تەواو لەوێندەر مابووەوە. وەختێ دوای ئەوە دیتمەوە، سەیرم کرد بە هەمان هیمەت و چالاکی جارانەوە مومارەسەی ژیانی خۆی دەکات، بەڵام خەمینییەک نیشتبووە سەر ڕوخسار وسیمای کە تا ماوەیەکی زۆر بەری نەدا. حەزی نەدەکرد، باسی کاروبارە تایبەتیەکانی خۆی بکات، بە تاقە وشەیەک باسی دڵداری خۆی یان خانەوادەکەی یان منداڵی خۆی بۆ نەکردم، وەکو ئەوەی ئینسانێکی ئاسایی بێ، ئاسایی لە ڕواڵەت ولە جەوهەرا، ئاسایی لە ڕوو ولە پاشملە. جارێک لێم پرسی:

- باشە جارێک لە جاران خەفەتت بۆ ئەوە نەخواردووە کە ژنت نەهێناوەو زورپییەتت نەخستووەتەوە؟

بە تەوسەوە بەرسڤی دایەوە:- پەشیمانی خوویەکی ئاینی هیچە.

بەڵام من - کەم و زۆر– هەستم کرد، پیر بووەو تاڵاوی تەنیایی دەنۆشێت. ئەو قۆناغەی ژیانی پڕبوو لە گەنگەشەی توند، کە زۆرجار دەگەییە ئەوەی، بە ڕاشکاوی هاوڕێکانی بدوێنێ وبرینداریان بکات.

جارێک بە ڕەزا حەمادەی گوت:

- تۆ دەبێ دان بەوەدا بنەیت، کە کابرایەکی کۆنەپەرستیت ولە ئاوەڕۆی زەمەندا بنت ناوەتەوە.

جارێکی دی بە دکتۆر "زهیر کامل"ی گوت:- تۆ ڕەخنە ناگریت، بەڵکو بەهاکان دەکوژیت.

جاد ئەبولعولا، لێی پرسی کە ڕای سەبارەت بە بەرهەمەکانی ئەو چییە، بەبەرچاوی ئێمەوە وەڵامی دایەوە کە:

- باشتر وایە کاتەکەت بۆ بازرگانی توحەفیات تەرخان بکەیت!

یەکێک بوو لەوانەی لە ناخی دڵەوە، بەو کارەساتەی لە ١٩٦٧/٧/٥ دا بەسەر نیشتماندا هات، خۆشحاڵ بوو، هەروەها ئەو پیاوە نائاساییەی کەبۆ ئەوە خوڵقا بوو بەهەق وبەناهەق دژایەتی دەوڵەت بکات، شەریکی ئەو خۆشییەیان بوو. بەوپەڕی ڕقەوە گوتی:

- ئاخر ئەمە فایدەی چییە، لە چینێک ڕزگاربین تا بکەوینە چنگی پۆلایینی دەوڵەتەوە؟ دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە چین خراتر وقورسترە، لەخودی شەیتان قورسترە!

بەڵام شۆڕش لەناو نەچوو، بەرەبەرە زامەکانی دەرمان دەکرد، خۆی تازە دەکردەوە وخۆی بۆ شەڕێکی تازە ئامادە دەکرد. ئەو سەرلەنوێ دەستی بە کینەکێشی خۆی کردەوە، لە گێژاوی هەڤدژییەکانی خۆیدا دەخولایەوە، خۆی دەخواردەوە، هەرچەندە بە ڕواڵەت هەمان کەسایەتی ساڵی ١٩٢٤ی پاراستبوو، وەکو قەڵەمێکی ئەمەکدار وئەمینی شۆڕش مابووەوە. هەرچەندە گەیی بووە تەمەنی هەفتا ساڵان، سەرباری تەنیایی وگۆشەگیری ودووری لە هەر قۆشمەگەرییەک، بەڵام هێشتا ساغ وسەلامەت وچالاک وچەلەنگ بوو. وا بزانم تاقە میسرییەک بوو لە نێو ناسیاوەکانما کە هەرگیز گوێم لێنەبوو بوو شۆخی بکات یان نوکتەیەک

بلێ، من هیچ هیوایەتێکی هونەریم لەلای نەبینی بوو، تەنانەت حەزی لە گۆرانیش نەدەکرد. ئەو ئەدەبە کەمەشی کە دەیخوێندەوە، خوێندنەوەیەکی سیاسی تایبەتی بۆ دەکرد، وەکو ئەوەی داهێنانێکی دەگمەن بێ و فڕی بە لەزەت وئێستاتیکاوە نەبێت. لەو ڕۆژانەی دواییدا زیاتر ئیمانی بە زانست هێنابوو، ئیمانێک، ئیمانە کۆنەکەی بە ئایدولوجیا، سڕییەوە، زۆرجار دەیپرسی:

- کەنگێ زانست حوکم دەکات؟.. کەنگێ زانایان حوکم دەکەن؟!

ئەمە دوا بانگەوازی بوو، بانگەوازی شایستەی ئەوە بوو، ناڕەزاییە ئەزەلییەکەی لەهەموو جۆرەدەوڵەتێک، تێر بکات، تەنانەت ڕەزا حەمادە گوتی:

- پیاوێکی شێتە، ئەوە ڕاستیەکەیە!

گوتم:

- ڕاستیەکی دیکەش هەیە، ئەو قسانەی کە نکۆڵییان لێدەکات، کارێکی وەهای لە نەسلانێک کردووە کە شوێنەوارەکەی نایەتە سڕینەوە!

## ١٨ – سرور عبدالباقی

لە هاوڕێیانی گەڕەکی عەباسییەیە. بابی ئەوقات و پارێزەرێکینێودارو دەوڵەمەند بوو. دایکی ژنێکی زۆر بە شەخسییەت وسەنگین وبەوەج بوو، ماڵەکەی تەواو کۆنترۆڵ کردبوو، خانەوادەکەی بە باب وکوڕ وهەر دوو کیژەکەوە، لە ئەمر و ڕای دەرنەدەچوون. وادیار بوو ژنێکی ڕژد وڕەزیلە. معامەلەی زۆری لەگەڵ فرۆشیارە گەڕۆکەکاندا دەکرد. ئامادە بوو لە سەر فلسێک مامەڵەیەکی گەورە بەتاڵ بکاتەوە. هەرچیەکی بکڕیبا، بە تەرازوویەکی تایبەتی، کە بۆ ئەو مەبەستە کڕی بوو، دەیکێشایەوە. ئەوە

لە ڕەفتاری سروردا ڕەنگی دابووەوە، لە گەڵ ئێمەدا زۆر بە ئەدەب ونەزاکەت وبە قنیات بوو، پەیوەندی سرور لەگەڵ مەدا پەیوەندییەکی تایبەتی بوو، نە لێمان دوور دەکەوتەوە، نە تێکەڵاومان دەبوو، کە دەکەوتینە سوعبەت وگێڕانەوەی نوکتەی بێپەردە بەشداری نەدەکردین و خۆی دووره پەرێز دەگرت. ڕۆژێک باسی ئافرەتێکی سترانڤانی تازەمان بە ناوی ئوم کەلسوم دەکرد، سرور عبدالباقی گوتی:

- لە ئاهەنگێکدا گوێم لێبووە، لەو باوەڕەدام دەنگی لە منیره المهدیة! خۆشتره!

ئەوەمان لەبەر گران بوو، جەعفەر خەلیل گوتی:- دەنگ نییە بگاتە دەنگی منیره.

خەلیل زەکی، وێڕای ئەوەی دۆستداری سترانان نەبوو، بەڕوویا هەڵشاخی و بە ڕووداریە باوەکەی خۆیەوە گوتی:- بۆچوونەکانی دایکتمان بۆ دووباره مەکەوە!

سرور عبدالباقی تووڕە بوو وهاواری بەسەردا کرد:-باسی دایکم مەکە، بێ ئەدەب.

خەلیل زەکی، بە زللەیەک وەڵامی دایەوە، ئەوجا پێکا هەڵگژان تا بە خورتی لێکمان کردنەوە. قوتابییەکی کۆشیار بوو، بەڵام سەرکەوتنەکانی هەمیشە لە ئاستی هەوڵ وکۆششەکانی کەمتر بوو. لە ڕاستیا باوەڕمان بە زیرەکی ئەو نەبوو! ڕۆژێک لەزگ بوو بمانکات بە دوو دەستەوە، دوو بەرەکیمان بخاتە ناو، زۆر بەجدی داوای ئەوەی کرد، لە ڕەفتار وگوتاردا، بە ئەدەب ونەزاکەت بین، گوتی:

- کوڕینە.. نابێ قسەی ناشیرین لەگەڵ یەکا بکەین، یان جنێو بە یەکدی بدەین، دەبێ بە ڕێز وحورمەتەوە مامەڵە وبەرخورد لەگەڵ یەکدا بکەین.

یەکسەر خەلیل زەکی وسەید شەعیر، پێکەوەو تەقریبەن لە هەمان کاتدا پڕتاندیان، سرور دووبارە گوتی:- دەنا ناچار دەبم، بایکۆتتان بکەم.

من کە زۆرم خۆشدەویست، بە پەرۆشەوە گوتم:

- هەر پێشنیازێک دەکەی بیکە، بەڵام بیر لە بایکۆت مەکەوە.

ڕەزا حەمادە گوتی: - قسەکەی ماقووڵە، مایەی قەدر زانیە!

جەعفەر خەلیل:- قسەی ناشیرین وجنێو، وەکو خوێیە لە چێشتدا.

عید مەنسوور گوتی:

- کوڕینە من ناتوانم ناوی باوک یان دایکی هیچ کامتان بەبێ ئەوەی جنێوێکی مزری بەگەڵ بخەم، بێنم.

شەعراوی الفحام، بە هۆشدارییەوە گوتی:

- جەماعەت، ئەگەر کۆڕ وکۆبوونەوەکانمان جنێو وقسەی ناشیرین وبێ ئەدەبانەی تیا نەبێ، فاتیحای بخوێنە!

زۆر بە جدی مەسەلەکەمان تاوتوێ کرد، پاشان ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی ئازادانە مامەڵە لەگەڵ یەکدیدا بکەین جگە لە سرور عبدالباقی کە مامەڵەیەکی بە ئەدەبانەی تایبەتی لەگەڵدا بکەین.

هەمان هەڵوێستی سەبارەت بە سیاسەتیش هەبوو، کەم و زۆر توخنی نەدەکەوت و بایەخی پێ نەدەدا، تەنانەت بەشداری لەو خۆپیشاندانە ئاشتیانەشدا، نەکرد کەلە مەیدانی عابدینەوە، بۆ پشتیوانی لە سەعد زەغلولی سەرۆک وەزیران دەرچوو. سرور، ڕۆژی ئەو مانگرتنەی کە بەدرالزیادی تیا کوژرا، لە ماڵ نەهاتە دەرێ. هەرچەندە کوڕێکی بەژن وباڵا جوان وگەنمڕەنگێکی قۆز بوو، قەت چاوبڕکێی دەگەڵ کچاندا

نەدەکرد، هەمیشە وای هەست دەکرد، چاوی دایکی لە سەرەو بۆ کوێ بڕوات پەیگیری دەکات. ئەو کاتانەی کە ئێمە بۆ کۆشش وخوێندنەوە تەرخانمان دەکرد، ئەو لە باخچەکەی خۆیاندا بە چاودێری گوڵان یان بەرزکردنەوەی قورسان بەسەری دەبرد. لە منداڵییەوە حەزی لە نوژداری بوو، بەڵام لە بەکالوریا، نمرەی پزیشکی نەهێنا، بۆیە قەناعەتی بە داک وبابی هێنا کە بۆ کولێژی پزیشکی لەندەنی ڤرێبکەن . واباو بوو هەر خوێندکارێک دووساڵ لە ئینگلتەرا دربچێ، لێرە، لە میسر وەربگیرێ، ئەوەبوو سەفەری ئینگلتەرای کرد، لەوێ دووساڵ بە سەرکەوتوویی نوژداری خوێند وپاشان بۆ میسر زڤرییەوەو چووە کولێژی پزیشکی. ڕۆژێک باسی ئەو بویەرەمان کرد، ڕەزا حەمادە گوتی:

- سرور، ئەو کەودەنە نییە وەکو وێنامان دەکرد، دەنا لە ئینگلتەرا دەرنەدەچوو!

عید مەنسوور گوتی:

- نیزامی وەرگرتن لە کولێژی پزیشکی میسریش، ئەو نیزامە بە زەبت وڕەبتە نییە وەکو تەسەور دەکرێ.

جەعفەر خەلیل گوتی:- دەرفەت بۆ دەوڵەمەندان وهەژاران یەکسان نییە!

سرور عبدالباقی لە ساڵی ١٩٣٦دا کولێژی تەواو کرد، دوای چوار ساڵ، کیژی ماڵباتێکی گەورەی خواست، ساڵ لە دووی ساڵ لە کارەکەیا پێشکەوت، تا بوو بە گەورەترین جەڕاح ونەشتەرگەر لە میسرا، ئیدی ئەوە بۆی بوو بە خێر وبەرەکەت، بوو بە خاوەنی سەروەت وسامانێکی زۆر، لە ناوەندی شار باڵەخانەیەکی گەورەی دروست کرد، لە " المعادی "دا ڤێلایەکی زۆر جوانی بۆخۆی دروستکرد، بە هیچ جۆرێ دەستبەرداری پرەنسیپە ئەخلاقیەکانی خۆی نەبوو، تا بە ئەخلاقی بەرزو بە داهێنانە

پزیشکیەکانی ناو وناوبانگی دەرکرد. دکتۆرێکی نموونەیی، کارامەو لێهاتوو، پڕ زانیاری، میهرەبان بەرانبەر بە نەخۆشان بوو، پیاوێک بوو کەم تەماع و دلاوا. لە ناو خوێندکارەکانیا زۆر خۆشەویست بوو. زۆرجار لە ئەنجوومەنی کولێژا بە هۆی ئایدیالیەتی خۆیەوە، کە هیچ سازشێکی قەبووڵ نەدەکرد، تووشی شەڕی توند ببوبوو، هەرچەندە لە بواری خۆیدا پڕ زانیاری و فرە ئەزموون بوو، بەڵام لە واری ڕۆشنبیری و ئایدیولوژیا وسیاسەتدا هەر منداڵێکی ساویلکە بوو، هیچ جیهانبینییەکی بۆ ئەو کۆمەڵگەیە نەبوو کە تیایدا دەژیاو ، ڕۆژبەڕۆژ ئەستێرەی دەکەوتە بەرزی. زۆر بویەرو ڕووداوی گەورە بەسەر کۆمەڵگەدا هات، بەڵام ئەو لە هەموو شتێک دوورە پەرێز بوو، لە پەناگەکەی خۆی نەدەهاتە دەرێ، تا ئەوە بوو شۆڕشی تەمووز بە هەموو سەنگێکی جڤاکی خۆیەوە بەرپا بوو، بۆ یەکەمجار ئەوی لە خەڵوەتگا وپەناگاکەی هێنایە دەرێ، کەوتە بایەخدان بەم شۆڕشەی ڕووبەڕووی ڕزق و ڕۆزی دەبووەوەو ڕەوشەکەی دەگۆڕی، دووچاری نیگەرانیەکی بێ پێشینە بوو. سیستەمی ڕیفۆرمی کشتوکاڵی ژنەکەی گرتەوە، بە کەڕەتێ، بە نووکە قەڵەمێک پێنج سەد فەدان زەوی لە موڵکایەتی خانەوادەکەی سڕدرایەوە. ( فەدان: یەک فەدان دەکاتە چوار هەزار ودووسەد ٤٢٠٠ مەتری چوارگۆشە. وەرگێڕ.) ئەو پیاوەی کە خووی بە پارە وموڵکەوە گرتبوو، حەپەسا، ئیدی گیانی دژمنایەتی لەناو خانەوادەکەیا سەری کرد، ئەویش خرایە بەرەی دژمنەوە، بۆیە وێڕای ئەوەی لە باری زانستیەوە شایستە بوو، بە ڕاگری کولێژیان دانەمەزراند، ئەمەی زۆر لەبەر گران وخەمناک بوو. پێی گوتم:

- زۆرم بیر لەوە کردەوە، ئیستیقالە بکەم و خۆم بۆ عەیادە تایبەتیەکەم تەرخان بکەم.

ئەوجا بە دڵسۆزییەکەوە، مەگەر هەر من تێی بگەم، گوتی:

- بەڵام حەز ناکەم دەستبەرداری ئەرکە زانستیەکەم ببم!

ئیدی لەو بەروارە بە دواوە کەوتە بایەخدان بە ژیانی گشتی وبە سیاسەت بە تایبەتی- کەبە درێژایی تەمەنی توخنی نەدەکەوت – دوای ئەوەی لە ماڵەکەی خۆیا دای بە سەریا و یەخانگیری بوو، ئێمە لە یانەی المعادی دا درەنگ درەنگانێ، ئەگەر لە پڕکاریدا ببپەژرا دەمانبینی. من وڕەزا حەمادە تاقە دوو برادەر بووین کە پەیوەندیمان لەگەڵیا بەردەوام بوو، خەلیل زەکیش بە بێئەوەی برادەری ڕاستەقینەی بێ، بە حوکمی ئەوەی لە " قصر العینی "دا کاری دەکرد، سووکە پەیوەندییەکی دەگەڵیا هەبوو. بەڵام بە جۆرە میهرەبانییەکەوە یادی هەمووانی دەکردەوە، کوژرانی شعراوی الفحام ومردنی جەعفەر خەلیل و دیارنەمانی " سید شعیر " ی زۆر پێناخۆش بوو، ئەگەر ناوی عید مەنسوور بهاتبایە پێدەکەنی ودەیگوت:

- شایلوکێک بوو لەو گۆڕە!.. بەنەفرەت بێ!

لەوسەرو بەنەدەدا نەگبەتی ڕووی کردە ڕەزا حەمادە، تاقانەکەی وژنەکەی لەدەست دان، هەمان چارەنووس، وێڕای جیاوازیان لێکدی نزیکی کردنەوە. دوای سەرگرتنی کڕینی وەجبە چەکە بەنێو بانگەکە لەگەڵ چیکوسلوفاکیادا، دکتۆر سرور عبدالباقی، زۆر پەست بوو، گوتی:

- ئەمە یەکەم هەنگاوە بەرەو کۆمۆنیزم!

دوای دەستدرێژییە سێ قۆڵییەکە وکشانەوەی هێزی دژمن، دەگەڕا بۆ شتێک دڵخۆشی خۆی پێبداتەوە. گوتی:- ئەگەر ئەمریکا نەبوایە، تیا دەچووین.

گوتم:- هۆشدارییەکەی ڕووسیا فریامان کەوت.

بەڵام زۆر بە توندی ئەوەی ڕەتکردەوە وگوتی:

- هەق نییە لەمڕۆ بەدواوە، دەست بە دۆستایەتی ئەمریکاوە نەگرین و بەفیڕۆی بدەین.

وەختایەک یاسای سوسیالیزم ڕاگەیندرا ترسی لێنیشت وخەم وپەژارەیەکی قورس وجێگیر دایگرت.

پێمگوت:- تۆ پیشەی خۆت هەیە و نەبوونی بەخۆتەوە نابینی.

گوتی:- هیچ شتێک نرخ وفەڕی نەماوە.

ئەوجا گوتی:- ژنەکەم هانم دەدا سەفەر بکەم.

ڕەزا حەمادە پێی گوت:- هەرگیز پێویست بەوە ناکات.

گوتی:

- سوسیالیزم، خۆی لە خۆیا ڕقە لە سەرکەوتووان.. فەرمانڕەوایانی مە بە زەبری چەک دەسەڵاتیان وەرگرتووە نەک بە زەبری زانست.

لێی پرسی: - باشە بۆچوونت لەمەڕ کێشەی هەژاری لە میسرا چییە؟

بە سادەیی وەڵامی دایەوە:

- هەرکەسە و بەگوێرەی توانای خۆی دەدرێتێ، ئەوە حیکمەتی خوای گەورەیە!

ئیدی بۆم دەرکەوت، مرۆڤ چەند زانابێ یان بە ئەخلاق بێ، ناتوانێ دەستبەرداری هۆشمەندی ڕۆشنبیری وهۆشمەندی سیاسی ببێت. ئیدی چەند سەرکەوتوو وبە توانا وسوودمەند بێ، ناتوانێ وەکو جەوهەرێکی سەربەخۆ سەیری ئیمکاناتە مرۆڤانیەکانی خۆی بکات، بەڵکو دەبێ بەو چاوە سەیری خودی خۆی بکات کە شانەیەکەو تەنیا لە جەستە بەشەرییە زندووەکەدا، دەژی. واتە مرۆڤ لە دەرێی کۆمەڵە

بەشەریەکەدا ناکاتە هیچ. بۆیە دکتۆر سرور، وێڕای جەستە بەهێز ودەموچاوە جوان و توانا و بەهرە زانستیە بەرزەکەی زۆر داڕوخاو دیاربوو، لەبەر هیچ نا، تەنیا لەبەر ئەوەی دەستێک، دەستی بەسەر سەروەت و سامانی ئەوانەدا گرت کە خاوەنی هەموو شتێک بوون، تا زامی ملیونان برسی ساڕێژ بکات. زۆرم پێناخۆش بوو کە لە دوای شکست ونسکۆی ١٩٦٧/٧/٥دا، جۆرە پێخۆش بوونێکم لە دەم ودوویدا خوێندەوە. بەخەیاڵی خۆی ئەمە ڕزگار بوونە. ئەو هەڵوێستەم لەگەڵ هاوڕێ "کامل رمزی" دا باسکرد وگوتی:

- نە پێت سەیر بێ ونە خەفەت بخۆ، باشتر وایە حەقیقەت بزانی با زۆر غەریب و تاڵیش بێ، دووبەرە هەن لە ململانێیەکی بەردەوام و تووندان، بەرەیەکیان بریتییە لە ڕووس وسوسیالیستانی عەرەب وئەو خەڵکانەی کە سوسیالیزم بەبەهەشتی چاوەڕوان کراو دەزانن، بەرەکەی دیکە بریتییە لە ئەمریکا وئیسرائیل وئەوانەی سوسیالیزم بە کۆسپ و لەمپەڕی بەردەم خولیا و چاوچنۆکیەکانی خۆیان دەزانن.

لێم پرسی: - ئەدی نیشتمان و نیشتمانپەروەری؟

بەرسڤی دایەوە:

- چەمک ونێوەڕۆکی نیشتمان گۆڕاوە. نیشتمان ئێستا بریتی نییە لە خاکێکی سنوورداری دیاریکراو، بەڵکو ژینگەیەکی ڕۆحیە، لە سنووری بیروڕا و ئایدولوجیاندا!.

## ١٩ – سوعاد وەهبی

هاوڕێی زانکۆمان بوو، تەنیا یەک ساڵ لە کولێژەکەمان مایەوە، بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر لە خەیاڵماندا مایەوە. هاوڕێیانی کچ لە ساڵی١٩٣٠دا زۆر کەم بوو، بە ژمارە، لە دەکەس تێنەدەپەڕین. کەمتر تێکەڵ دەبوون،

جل وبەرگی پۆشتەیان لەبەر دەکرد، خۆیان لە خۆڕازاندنەوەو جوانکردن دووردەگرت، لەهۆڵی محازەرەدا بەتەنیا لە ڕیزی پێشەوە دادەنیشتن، دەتگوت لە ترامداو لە ژووری تایبەتی ژناندان. نە سڵاومان لێکدی دەکرد ونە قسەمان دەکرد، خۆ ئەگەر ناچاری وای بکردایە پرسیارێک بکەین یان کتێبێک لێکدی بخوازین، زۆر بە پارێزو شەرمەوە ئەوەمان دەکرد، ئەوجاش بە سەلامەتی تێنەدەپەڕی، خێرا سەرنجی ڕادەکێشا وقسە وقسەلۆکی لێدەکەوتەوەو ئیدی هێرشی تەوس وتوانجان دەستی پێدەکرد. لەو هاماج وکەشە ناساز وداخراو و چەپێنراوەدا، سوعاد وەهبی وەکو ئەستێرەیەک لە ئاسمانەوە هاتبێتە خوارەوە، بەو ئاوایە پرشنگی دا، لە هەموو کچەکان جوانتر وبەژن زراڤترو مێجەستەتر بوو. دیارە هەر بەو جوانییە خۆڕسکە قاییل نەبوو، سووکە سوراوێکی گۆناکان ولێوی دەکرد. تەنوورەکەی لەناو قەدی توونـد دەکرد، بەلار ولەنجە ڕێی دەکرد، بە ئانقەست درەنگ دەهاتە ناو هۆڵەکە، کە ئێمە لە جێی خۆ دادەنیشتین ومامۆستا، بۆ گوتنەوەی محازەرەکە ئامادە دەبوو، بلەز وەکو یەکێک تەوازی بێنێتەوە، وەژووردەکەوت ومەمکە قوتەکانی دەکەوتنە سەما. ڕیزی خوێندکاران دەخرۆشاو ورتەورت، وەکو گیزەگیزی مێش هەنگان، بەرز دەبووەوە. ئیدی ناوی کەوتە سەر زاران، جۆرەها وەسفیان دایەپاڵی و ناویان لێنا وەک (ابلەسعاد، كلیة سعاد، بانت سعاد) بە پێچەوانەی دەستەخوشەکەکانیەوە، زۆر بە جورئەت بوو، بەوپەڕی متمانەوە ڕووبەڕوومان دەبووەوە، زۆر بەخۆی دەنازی، بە دەنگی بەرز، بە دەنگێک کە هەمووان گوێیان لێبێ، گەنگەشەی لەگەڵ مامۆستاکاندا دەکرد، بەکورتی باکی بە کات وشوێن نەبوو. مەحموود دەروێش گوتی:- ئەمە هەرزەیە، خوێندکار نییە.

جارێک جەعفەر خەلیل پێی گوتم:

- ئاخۆ کە قوتابی ناوەندی بووە، بەو هەرزەکاریە چۆن بووبێ؟ نیوەی عومرمان بە خەسار چووە.

گوتم:- تەنیا بۆ ئەوە هاتووەتە کولێژ، تا زاوایەک ڕاو بکات!

- یان کەپڵێک بگرێ!

ئیدی زۆر قسەوقسەلۆکی دواخرا، نازانم ڕاست بوون یان خەیاڵ.

- بە ڕواڵەت خەڵکی گەڕەکی جولەکان بوو، لە کەش و هەوایەکی ئازادی سێکسی ڕەهادا لە دایک و پەروەردە بووبوو!

- لە بنەماڵەیەکی بەرەڵڵایە، باوکی ودایکی وخوشکەکانی، هەموویان بەرەڵڵا وبێ ئەخلاقن.

- ئەمە ژنە، کچ نییە، فێری شەوبێری و سەرخۆشی وبەرەڵڵایی وهەرزەییە!

جەعفەر خەلیل، بەو قسانە چەشە بوو، جورئەتی پەیدا کرد، هەوڵیدا پەیوەندی لەگەڵدا ببەستێ، بەڵام ڕێگەی پێنەدرا و هیچی بە هیچ نەکرد. خەڵکی دیکەش هەوڵیاندا، بەڵام بێهودە، هیچیان بە هیچ نەکرد. وێڕای ئەوەش، لاری لە هاوڕێیاتی کوڕێک نەبوو ئەگەر سنووری ئەدەبی نەبەزاندبا، ئیدی ناوبانگی بە زانستگەکاندا بڵاوبووەوە، خوێندکاران لە کولێژی مافەوە دەهاتن بۆ دیتن وتەمەشاکردنی. هەندێجار لە ئەدەبی ئینگلیزیدا، بەشێکی لە شانۆنامەی ئۆتیلو دەخوێنەوە، بە شیوەیەکی شانۆیی نەرم وناسکی ئەوتۆ دەیخوێندەوە، کە هزر وبیری ئەفسوون دەکرد. تەنانەت مامۆستای ئینگلیزیش شیفتەی بوو ومامەڵە وبەرخوردێکی دۆستانەی تایبەتی لەگەڵیا دەکرد. خوێندکارە سەلار وسەنگینەکان – بە تایبەتی دێهاتیەکان – گەنگەشەی دیاردەی سوعادیان دەکرد وپرسیاری ئاکامە خراپ و قورسەکەیان دەکرد. ئەم

بایەخدانەی ئەوان بۆ دکتۆر "ئیبراهیم عەقل"ش سیرایەتی کرد، دکتۆر ئیبراهیم عەقل، بە باڵا بەرزەکەیەوە، مدارایەکی باوکانەی خوێندکاران و بەها باڵاکانی دەکرد. کەبینی هۆڵی محازەرەکە بەهۆی لەرەی مەمکە قوتەکانەوە،خرۆشا، ئەمەی بە دەرفەت زانی، چاوە شینە ئەفسووناویەکانی بە هەمووواندا گێڕا، تا هەمووان وەخۆ هاتنەوەو بێدەنگ بوون، ئەوجا گوتی:

- دەبێ جیاوازییەکی زۆر لە نێوان هۆڵی محازەرەی زانستگەکەی ئێمە وئاریشتگایجوانکاریدا هەبێ!

پێکەنینێکی نابەجێ لە هۆڵەکەدا دەنگی دایەوە.

ئەوجا دکتۆر بە تەڕبووشە قووچەکەیەوە سەری لەقاند وگوتی:

- ئەوەتان لە بیربێ ئێمە هەموومان– بە ژن وپیاوەوە– ئامانج و نیشانەی زەڕبینی عەیبگران وڕخنەگرانین، کە بەشێکیان تا ئێستا باوەڕیان بە تێکەڵاوبوونی هەردوو ڕەگەزەکە نییە لە زانستگەدا، بەڵکو باوەڕیان بەوە نییە کچ ئاستێکی بەرزی خوێندن تەواو بکات.

لە کۆتایی محازەرەکەدا سوعاد وەهبی بۆ ژوورەکەی خۆی بانگکرد، بە مەزەندە دەمانزانی بابەتی باسەکەیان چییە و چی دەبێ، پێشبینی ئاکامە حەتمیەکەیمان کرد، زۆرێک لە خوێندکارەکان، پێشوەختە داخیان بۆ ئەوە دەخوارد کە ئیدی لە تەمەشای ئەو ڕۆژانە دیمەنە ئەفسوناویە دەبن. سوعاد وەهبی، بە تووڕەیی و پەستی لە ژوورەکەی دکتۆر وەدەرکەوت، کە ئاپۆڕای خوێندکارانی لە دەرەوەدا بینی، بە توندی و بەدەنگێکی بەرزی بێپەروا گوتی:

- ڕێگە بەکەس نادەم ئازادی شەخسیم لێ بسێنێتەوە. لێزەوت بکات.

ڕژد بوو لە سەر مومارەسەی ئازادی خۆی، تا لە ناکاوا فەرمانی دەرکردنی لە کولێژ دەرچوو! هەندێک پێیان خۆشبوو، هەندێک هەر بە ناو پێیان ناخۆشبوو، سەیر ئەوە بوو هەر هەموویان لەگەڵ دژایەتی کردنی دەسەڵاتی سیاسی کۆنەپەرستدا بوون، چونکە بە ناهەق ئازادی نیشتمانی بن پێ نابوو. بابی کیژێ هات بۆلای ڕاگر، وازی لێنەهێنا، تا بڕیاری فەسڵەکەی هەڵوەشاندەوە، هەڵبەتە دوای ئەوەی بەڵێنی دایە کە داواکاریەکانی جێبەجێ بکات.

سەیرترین شتم دەربارەی گەڕانەوەی سوعاد لە جەعفەر خەلیل بیست، کەبەدەم زەردە خەنەوە لێی پرسیم:- نهێنی گەڕانەوەکەی سوعادت بیست؟

لێم پرسی:- نهێنی چی؟

- دەڵێن وەزیری مەعاریف داوای لە ڕاگر کردووە ئاگای لێی بێ.

- بەڵام وەزیری مەعاریف پیاوێکی کۆنەپەرستە وسەری زمان وبنی زمانی ئەوەیە ڕێز لە داب ونەریتان بگیرێ.

- دەڵێن، پەیوەندی لەگەڵ کچەکەدا هەیە.

بەهەرحاڵ سوعاد گەڕایەوە. کاتێ دوای ئەو دابڕانە گەڕایەوە ناومان بە چەپڵەڕێزان پێشوازیمان کرد. بۆ یەکەمجار دەموچاوی بێ مکیاجیمان بینی، بەو حاڵەشەوە جوان بوو، تەنوورەکەشی بە هەر دوو باری درێژی وپانیا، پۆشتە بوو، یەکەمجار بوو بە تەنوورەی واوە بیدینین، بەڵام مەمکەکانی، بەڵێنەکەی بابی نەیتوانی جێگاکەی وجوانیەکەیان بگۆڕێ، بەهەمان قوتی خۆیانەوە ڕوو بەڕووی ڕاگر وهەموو دابەکان دەبووەوە.

ڕۆژێ یەکێک لە خوێندکارەکان گوتی:

- دوێنێ لە باخی ژاپۆنی لە حەلوان لەگەڵ پیاوە ئینگلیزەکەدا دیتم.

ئەم هەواڵە لە کولێژدا بڵاوبووەوە، برادەرێک ئەوەی لە سوعاد پرسی بوو، وەڵامی دابووەوە کە بەڕێکەوت لەوێ دیتویەتی وپێکەوە قسەیان کردووە، هەواڵەکە ئیسپات بوو، گەییە هەموو بەرپرسەکانی کولێژ. بەڵام کێشەیەکی گەورەی لێکەوتەوە. نەدەکرا هیچ شتێک لەگەڵ مامۆستاکەدا بکرێ، نەبا مەندوبی سامی تووڕە بێ، هەروەها نەدەکرا خوێندکارەکە سزا بدرێ نەبا مامۆستاکە تووڕە بێ! ئیدی هەڵوێستەکەمان بە هەموو ڕەهەندە سیاسی وسایکۆلۆژیەکانیەوە بۆ دەرکەوت. جەعفەر خەلیل بە تەبیعەتە ساتیرییەکەی خۆیەوە گوتی:

- ئینگلتەرا، قەدەخەیەکی تازەی خستەسەر زنجیرە قەدەخەکانی ۲/۲۸، ئەویش سوعاد وەهبی یە.

یەکێکی دی گوتی:

- هێزی دەریاوانی بەریتانی هەڕەشەی ئەوە دەکات ئەگەر هەر گوشارێک بخرێتە سەر سوعاد، ئەوا گومرک دەگرێت.

ئیدی بەو بۆنەیەوە، شیعرێکی زۆر لەلایەن خوێندکارە بەهرەدارەکانەوە خوێنرایەوە و تەوس و توانجان بەر گوێی خودی ڕاگر کەوتەوە. بەڵام لە سەرەتای ساڵی تازەی خوێندنەوە، هەڵوێستێکی جیاوازمان بینی. مامۆستا ئینگلیزەکە نەیویست گرێبەستەکەی تازە بکاتەوە. سوعاد بۆ کولێژ نەهاتەوە. سوعاد کێوە چوو؟ گوتیان لەگەڵ مامۆستا ئینگلیزەکەدا سەفەری کردووە، وتیان شووی کردووە، گوتیان لە شەقامی الالفی خەریکی لەشفرۆشیە. هەرچەندە من کەسێکی گەڕۆڵم وسەر بە هەموو گۆشە وکەنارێکی قاهیرەدا دەکەم، لەو کاتەوە، لەو بەرواره دوورەوە چاوم پێی نەکەوتووە.

لە هاوڕێیانی عەباسیە و ڕابەری کۆمەڵەکەمان بوو. بەڵێ خەلیل زەکی لە بەهێزیا، لەو زیاتر بوو کەمتر نەبوو، بەڵام ڕابەرایەتی تەنیا لەسەر هێز ڕۆنەدەنرا، بەڵکو دەبوایە بنەمایەکی بتەوی خۆشەویستیشی هەبێت. سەید شەعیر هەم خۆشەویست و هەم جوامێر وبەخشندەش بوو، لەکاتی یاریدا لێبۆک بوو. لە شەوانی ڕەمەزاندا ئەستێرەیەکی ڕەخشان بوو، هەمیشە لەگەڵ خەلیل زەکیدا مایەی بەراورد بوون، هەردووکیان بەهێزوشەڕانی بوون، خەلیل، شەڕئەنگێزێکی کینەکێشی تاواندۆست بوو، بەڵام سەید، کەسێکی ئەهلی ڕابواردن وبەرەڵڵایی بوو، کەسیان قۆناغی خوێندنی سەرەتاییان تەواو نەکردبوو، هەردووکیان شاگرد دووکانی بابیان بوون، هەردووکیان لەلایەن بابیانەوە دەرکرابوون، خەلیل لە سەر شەڕئەنگێزی و سەرکێشی تڕۆکرابوو، سەید لەسەر مێبازی وچاوبازی لەگەڵ ژنانی مەعمیلی دووکانەکەیانا، تڕۆکرابوو. بە تیلەی چاوە فێڵبازەکانی چاوبڕکێ وئاشقێنی نێوان من وحەنانی کەشف کرد، گاڵتەی بە دوو دڵی وسڵۆکی من دەکرد، تا ڕۆژێک پێی گوتم:- قسەی بۆش وبەتاڵ، ئاشقێنیەکەت قسەی بۆش وبەتاڵە.

حەزم نەدەکرد، ئاشقێنیەکەم، بکات بە وێردی زمان وگاڵتەجاڕی خۆی، بەڵام گوتی:- بەگوێی من بکەو ، لە هەنجیرستانە دڕکاویەکەدا مەوعیدی بۆ دابنە.

هەموو هەفتەیەک، ئێوارەی چوارشەممان– لە پشووی ساڵانەدا- بۆ ماڵی خۆیان، دەعوەتی دەکردین، ماڵیان کەوتبووە کۆتایی شەقامەکەی خۆمانەوە بە دەستی بین الجنانین دا، لەوێ کۆڕی زیکر سازدەکرا، لەوێ لەسەر دوو کورسی نزیکی یەکدی دادەنیشتین وگوێمان لە سروودە ئاینییەکان دەگرت وتەمەشای زیکرچییەکانمان دەکرد وچامان دەخواردەوە، هەرجارێ بابی لێمان دووربکەوتایەوە، هەر نوکتەیەکی بێ پەردەو مەکشوفی دەربارەی ئەهلی زیکر، لەبەربوایە بۆی دەگێڕاینەوە!

چەند خانەوادەکەیان بە دین بوو، خۆی دوو ئەوەندە بەرەڵڵا و دوورە دین بوو، سەرم لەمە دەر نەدەکرد. دوای ئەوەی قوتابخانەی سەرەتایی بۆ تەواو نەکرا ونائومید بوو، لە دووکانەکەی بابیا، کەلە غوریە بوو، بووبە شاگرد. لە پشووی سەری سالآ، ئێواران دەچووین بۆ لای، کە دووکانی دادەخست، بەهەموو گۆشە وکەنارەکانی گەڕەکی حوسەینی دا دەیگێڕاین، لەم پێچەوە بۆ ئەو پێچ، لەم چاخانەوە بۆ ئەو چاخانە. بە ڕێنوێنی ئەو کون وکەلەبەرەکانی "بابول ئەخزەرو فیشاوی و میدەق و خانل خلیلی " مان ناسی، گوێمان لە بانگەکانی عەلی مەحموود و مەوالەکانی ئەلعەرەبی بوو– لە ساڵی یەکەمی قوتابخانەی ناوەندیدا– فێری جۆرەها جگەرەو نەرگیلە ویاری تاوڵە ودۆمینەی کردین. ئەو ڕۆژانە، خۆشترین ڕۆژانی ژیانی سەید بوو، لە ماڵی بابیا دەژیا، مووچە وبەراتەکەی بە گوێرەی مجێزی تایبەتی خۆی خەرج دەکرد. لە تەمەنی چواردە ساڵیدا، لاسایی پیاوی گەورەی دەکردەوە. لە سەر ژنانی مەعمیلی دووکانەکەیان، ناکۆکی کەوتە نێوان ئەو وباوکییەوە. جارێک، لەگەڵ ژنێکا دەکەوێتە چاوبازی، مێردەکەی لەدەرێ ڕا دەیبینێ، دەبێت بە شەڕیان، باوکی کەوتە بەینیانەوە لێکدی کردنەوە، بەبەرچاوی خەڵکەکەوە بەربووە گیانی کورەکەی، سەید شێت وهاربوو، بەناو کەلوپەلی دووکانەکە کەوت، هەرچی قاپ وئامانی شووشە وئاسنجاوی هەبوو، هەمووی دا بەسەر یەکا. ئیدی بابی دەری کرد، هەم لە دووکانەکە و هەم لەماڵ قاوی دا، بۆ هەتاهەتایە لێکدی دابڕان. پێشنیازمان کرد، بابمان بنێرین بۆلای بابی سید تا ئاشتیان بکەنەوە، بەڵام سەید قەبووڵی نەکرد ونەکرد، گوتی:

- لەوەی پتر لە زندانی ماڵەوە هەڵناکەم، دەڕۆم، ئەرزی خوا زۆر وزەبەندە.

واماندەزانی کەفوکوڵی تووڕەییە، بەڵام ڕۆژگار سەلماندی کە کوڕ و پیاوی دنیای بەرینە وتوانایەکی یەجگار سەیری لە پچڕاندنی هەر پەیوەندییەکی خانەوادەییدا هەیە ودەتوانێ وەکو پاشماوە فڕێی بدات. کاتی خۆی سەرم لە شیکردنەوەی ئەو حاڵەتە دەرنەدەکرد، بەڵام پاشان زانیم ئەم کوڕێکی هەرزەکاری بێزراوی ناو سێ برای سەرکەوتوو بوو، یەکێکیان ، دوای ئەوەی ئامادەیی بازرگانی تەواو دەکات، لەگەل بابیا کاری دەکرد ودوانەکەی تریان سەرکەوتووانە درێژەیان بە خوێندن دابوو. بە کەش وفشەوە گوتی:

- هەر بازرگانێکی گەڕەک خوا خوایەتی بمکات بە شاگرد وکاری بۆ بکەم!

دڵسۆزانە پێمگوت:- بەڵام مەسەلەی ئافرەت مەسەلەیەکی خەتەرە.

بە تەوسەوە گوتی:

- ژن بۆ ئەوە ئەم دووکان وئەو دووکان دەکات تا چاوێکی لێ دابگیرێ یان وشەیەکی خۆشی بەرگوێ بکەوێ، بەڵام مەسەلەی فرۆشتن وکڕین وەرزی خۆی هەیە.

بە ڕاستیش لە زۆر دووکان وموغازەدا کاری کرد، تا قەیرانی ئابووری، بازرگانی بە تەواوەتی کەساد کرد. ئیدی دەستبەرداری بوون و بە تاقی تەنیا، بێکارو کاسبی، بێکەس وکار، بێ ئومێد وهیوا مایەوە. جا ئێمە – کە قوتابی بووین– توانای ئەوەمان نەبوو یارمەتیەکی باشی بدەین، بەڵام دۆستی خاوەن گازینۆیەک بوو لە مرجوش، کەبەدەم کاری چایچیاتیەوە، بازرگانی جوملەشی بە مەوادی هۆشبەرەوە دەکرد، داوای لێکرد، بە ڕێژەکاری مادەی هۆشبەری بۆ دابەش بکات، یەکسەر قاییل بوو. بە خۆ نواندنێکی منداڵانەوە ئەوەی پێگوتین، ترساین، سرور عبدالباقی پێی گوت:- تۆ شێتی.

ڕەزا حەمادە پێی گوت:- شتی وا هەرگیز نابێت.

گاڵتەی بە ترسانەکەی ئێمە هات ولە هەمان کاتدا تکای لێکردین، کە ئەمە بە خەلیل زەکی نەڵێین چونکە ڕقی لەو بوو. بە بێباکییەکی سەیر بەردەوام بوو، خۆی لە برسیەتی وخەم وپەژارە خەلەساند. لە هەنگاوی دواتردا، ڕێگای گەڕەکی لەشفرۆشانی دۆزییەوە، ئیدی لەوێندەر تێکەڵاوی لەگەڵ ژنێکدا پەیدا کردو چووەسەر ماڵ ولەگەڵیا ئاکنجی بوو، دەعوەتی کردین کە پیاسەیەکی مەملەکەتە تازەکەی بکەین. سرور عبدالباقی بۆ دەعوەتەکە نەهات، ئیدی ئێمە لە ڕووی کونجاوی وئارەزووی چەپێنراو و ئەفسوونی ڕیسکەوە، چووین. یەکسەر ئەزموونە کۆنەکەی خۆمم لە گەڵ ئەحمەد قەدری خزمما بیرکەوتەوە، ماڵەکەم دۆزییەوە، سەرم لەو سەر وسیما تازانە سوڕما کە ڕووبەڕووم بوونەوە. ئیدی سەید شعیر وەکو چۆن پێشتر بە گەڕەکی الحسینی دا گێڕابووینی، بەو ئاوایە بەو کوچەو کۆڵانانەدا بردنی ئیدی هەموو داب ونەریت ونهێنییەکانی ئەوێندەری پێگوتین، چووینە کاباریە وکۆڕی قەوێدە ودەلالان وشەقاوە وچەقۆکێشان، وامان لێهات دەنگی گۆرانی بێ پەردەو، مەنەلۆگ وسوعبەتی مەکشوف و سەمای بەڕووت و قووتی، وەکو جادووی ڕەش لە مێشکمانا دەنگی دەدایەوەو دڵی پڕدەکردین لە خۆشاوی شادی وکارەسات. ئیدی بە قودرەتی قادر چووە ڕیزی بزنسمانانەوە، گازینۆیەکی لە " البرکە " کردەوە، گازینۆکە بە ڕێک وپێکی وخواردنەوەی هەرزان بەها بە ناوبانگ بوو، هەروەها دووزەلە ژنێکی لێبوو، گوێی مەعمیلە مەست و ئالوودەکانی دەلاواند. ئیدی بە جدیەتی گەنجانە وبزەی بازرگانانی کارکردەو پیشەیی بەڕێوەی دەبرد، چاکەت وپانتۆڵێکی ئەفەندیانەی لە بەرکردبوو، تا هەم ئامازە بێ بۆ ڕەگ ورەچەڵەکی ڕەسەنی خۆی و هەم خۆی لە خاوەن گازینۆکانی ئەو ناوە کە هەموو خەڵکی ڕەشۆکی بوون جیابکاتەوە. کە جەنگی دووەمی جیهان دەستی پێکرد، قازانجی

گازینۆکەی دووقات زیادی کرد، بەڵام ژنەکەی هاوڕێی بەجێی هێشت، ئەویش وەکو هەر لەشفرۆشێک، لەو لەشفرۆشە جوانانەی حەزیان دەکرد لە باڕە شەوانەکاندا کاربکەن و پارە لە سەربازە بەریتانیەکان بکێشنەوە، گەڕەکی لەشفرۆشانی بەجێهێشت. تەنیا ئەو ژنانە لە گەڕەکی ناڤبریدا مانەوە، کە تەمەنیان هەڵکشا بوو یان جوانییان ژاکابوو. ئیدی گەڕەکە کۆنەکە لە ڕەواج کەوت، باوی نەما، بەکەڵکی هاتوچۆی ئەفەندیان نەما، ئیدی "سید شعیر" مەگەر ناوبەناو بدیتبایە. جارێکیان لە پرسەکەی شعراوی الفحام یەکمان بینییەوە، جارێکی دیکە هەموومان، جەعفەر خەلیل وخەلیل زەکی وڕەزا حەمادە ودکتۆر سرور عبدالباقی و عید مەنسوور وسەید شەعیر ومن لە سووچی خەرگایەکدا یەکمان گرتەوە.

ئیدی هاورێیانی تەمەن، کە تەنیا یەکێکمان کەمی کردبوو، هەموو لە هەڕەتی لاویا، لە نێوان سیساڵی وسی وپێنج ساڵیدا، کۆ بووینەوە، هەرکەسە وبە کاری خۆیەوە مژووڵ بوو، مامۆستا وفەرمانبەر وئەوقات ودکتۆر وبازرگان وگەواد و شەلاتی وبازرگانی مەوادی هۆشبەرمان تیابوو، هەموو خەفەتمان بۆ هاوڕێ کۆچکردووەکەمان دەخوارد ودەمانگوت:

- بەڕاستی شوێنی دیارە، بۆشاییەکی بەجێهێشتووە لە پڕکردنەوە نایەت.

- بەڕاستی یادگاری جوانی لەدووی خۆی بەجێهێشت.

- بە پێکەنینەوە ژیا وبە پێکەنینەوە مرد.

- بە درێژایی تەمەنی خۆی گرەوی لەسەر خەونێک دەکرد کە نەیدەویست بێتەدی.

سەید شەعیر، گلەیی ئەوەی لێدەکردین کە سەری نادەین ولێی دابڕاوین، تەوازیمان بۆ هێنایەوە کە گەڕەکە کۆنەکە بەکەڵکی هاتوچۆ نەماوە.

بە ڕقەوە گوتی:- کە شەریفن.

ئەوجا بە کەسەرەوە گوتی:

- شەعراوی خوا عافووی بکات، تاقەکەس بوو پێی لێ نەبڕیم، بەبەردەوامی سەری دەدام.

پاش کۆتایی جەنگ بە چەند ساڵێک، بەفەرمی لەشفرۆشی هەڵوەشێنرایەوەو ئیدی سەید ناچار بوو، جارێکی دی پەیدا ببێتەوەو دەربکەوێ. پیاوێک بوو لە تەمەنی چل ساڵیدا، چەند هەزار جونەیهێکی هەبوو، لەگەڵ ئەزموونێکی زۆری گەندەڵیدا. لە گازینۆی فیشاویدا یەکمان گرتەوە. ڕەزا حەمادە پێی گوت:

- هەل و دەرفەتێکی باشت بۆ ڕەخساوە، ژیانێکی دروستی تازە بگرەبەر!

سەید، بەدەم پێکەنینەوە گوتی:- بەڕاستی ئامۆژگاری وڕێنوێنی کارێکی دزێوە.

بڕیاری دا ماوەیەک ئیسراحەت بکات. چووە ئوتێلێک لە موسکی کەبە شێوازێکی گومناوی بەڕێوە دەبرا. ئیدی سەری کردە بادەنۆشی وبەکاربردنی مادەێن هۆشبەر و ڕاوی کیژانی هەرزە وسووک، ئەوانەی چیوایان لە لەشفرۆشان نەگەڕابووەوە. ڕۆژی بە یاری "کومی" ونێرگەلەکێشان دەبردە سەر. سەبارەت بە هەموو ڕووداوەکانی وەک شەڕی فەلەستین وشەواتی قاهیرەو شۆڕشی یولیو، خۆی لە گێلی تەواو دابوو. لەتەمەنی پەنجا سالیدا ژنێکی هێنا کە بازرگانی مەوادی هۆشبەر بوو، مێردەکەی لە زندانا مردبوو، ئەم ژنە لە تەمەنی چل سالیدا بوو. وێڕای توندی ئەو سزایانەی کە شۆڕش لەسەر بازرگانی

مادەی هۆشبەری دانابوو، ئەو بەوپەڕی بێباکی وبێئەوەی هیچ حیسابێک بۆ ئەنجامەکەی بکات، لەسەر بازرگانی مادەی هۆشبەر بەردەوام بوو. خانوویەکی گەورەی لە الدراسە، لەقەراخ ئەو بۆشاییەی دەچووە سەر چیای " المقطم " لە ناوەندی باخچەیەکی یەک فەدانی دا (فەدان = ٤٢٠٠ م٢) بۆ خۆی دروستکرد، هەمووی بە دار خورما وترێ و هەرمێ ولیمۆ ویاسەمین داچاند، مالەکەی بەکەل وپەلی ڕۆژهەلاتی ئاوا کردەوە، کولانە مریشک وقاز وکەروێشکی لەسەربان دروستکرد.

ئیدی هەر هەموومان جارێکی دی لە تازیە وپرسەی ژنەکەی ڕەزا حەمادەدا یەکمان گرتەوە، من وسەید، دەوروبەری نیوەشەو لە تازیەکە هەستاین، بەدەم ڕێوە کەوتینە قسان. زۆر دۆستانە لێم پرسی:

- ئەرێ ئەوەندەت سەروەت وسامان پێکەوە نەناوە، واز لە بازرگانی مەوادی هۆشبەر بێنی؟

بەبێ موبالاتیەوە گوتی:- من قازانجم زۆرە بەلام مەسرەفیشم زۆرە.

- بەلام تۆ بیر لە ئاقیبەتی ئەم کارە ناکەیەوە.

دەستێکی دا بە شانما وگوتی:- ئاقیبەت! چ دەبێ با ببێ!

ئەوجا بە کەسەرەوە گوتی:

- ئەرێ تۆ ماشقە کۆنەکەمت بیر دێ، ئەوەی لە کاتی جەنگا بەجێی هێشتم؟ بیستم گوایە کوڕێکی لەمن بووە، بەلام چەندم کردو کۆشا هیچ سۆراغێکیانم دەست نەکەوت!

لێم پرسی: - حەزت لەوەیە کوڕێکت هەبێ؟

بەدەم پێکەنینەوە پرسیارەکەی فەرامۆش کردم. ئەوجا گوتی:

- من بە ژنەکەم ڕازیم و بیر لەوە ناکەمەوە ژنێکی دی بێنم!

ئەوجا بەدەنگی بەرز پێکەنی وگوتی:

- خواستنی ژنێکی دی بۆ من دەکاتە ماڵ وێرانی!

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا وگوتی:

- هەرشێک ڕوویدات لە چاو ئەوەی کەبەسەر ڕەزا حەمادەی هاوڕێ جوامێرمانا هات، ناکاتە هیچ!

خەم و پەژارەی خۆم دووبارە کردەوەو گوتم:

- لە هەمووومان بە شەخسیەت ترەو لەهەمووومان نەگبەت ترە.

بە توورەیی گوتی:

- بەراوردی بەختی ئەو لەگەڵ بەختی خەلیل زەکی،کوڕی کۆنێدا بکە.

- بەڵێ بەڕاستی لە بەراورد کردن نایەن.

- ئەو کابرایەکی شەڕانی هیچ وپووچە، بەڵام من!.. عەیبی بازرگانی مەوادی هۆشبەر چییە؟!

- من خەمی تۆمە لە ئاقیبەتی تۆ دەترسم.

- تۆ سەیری ئاقیبەتی ڕەزا حەمادە بکە، خۆ ئەو بەعەمراتی بازرگانی بە مەوادی هۆشبەرەوە نەکردووە!

ڕژد بوو لەسەر ئەوەی بۆ ماڵە ئاوەدانەکەیم، لە الدراسە، بەرێت. بەڵام هاتوچۆمان دایە کزی، تەواو کەم بووەوە. بەچەند ساڵ یەکمان نەدەبینی، یان بەڕێکەوت لە گازینۆی فیشاویدا یەکمان دەبینی. قەت ئەو ڕۆژەم لەبیرناچێ کەلە یەکەم هەفتەی دوای نسکۆ بەرەو ڕووم هات. بەتاقی تەنیا ڕۆنیشتبووم وئەو خەمە قورسەم کاوێژدەکردەوە، کە

هەرگیز خەمی وام بە خۆمەوە نەبینی بوو. سڵاوی کرد ودانیشت، ئەوجا لێی پرسیم:

- ئایا داگیرکردنی سینا، قاچاغ لەنێو دەبات؟

پرسیارەکەی پەستی کردم، هەستم کرد، لە دەرێی زەماندا دەژی. هەستی بە پەستیەکەم کرد وبێدەنگ بوو. بە بێدەنگی کەوتە نێرگەلەکێشان.. ئەوجا لەبن لێوانەوە گوتی:- تۆ هیچ شتێکت وەکو سیاسەت وسەریەشە بەلاوە گرینگ نییە.

بە پەستیەوە لێم پرسی:- وادیارە ئاگات لەوە نییە چی ڕوویداوە؟

تەبیعەتە تەوسامێزەکەی لغاوکرد وگوتی: - ئاگام لێیە وزیاتریش!

دوای ئەوە بە دوو ساڵ، لە ئۆفیسەکەی عید مەنسووردا دیتم. بە شێوەیەکی تازە بینیم دەموچاوی قەڵەو و ورگی پەیدا کردبوو، بە ڕواڵەتیا، حاڵی باشبوو، هیچم لەوبارەیەوە نەدەزانی، لێم پرسی:- حاڵت چۆنە؟

بە سادەییەکی سەیرەوە گوتی:- وەکو دەبینی باشم!

- بەڵام وەکو جاران نیت!

- هەرخوای گەورە ناگۆڕێ!

عید مەنسوور پێکەنی و گوتی:- هەرباشە ئەنجام خوای خۆمان ناسی.

لێم پرسی:- نەچوویتە لای دکتۆرێک؟

ئەویش لەلای خۆیەوە پرسی:- بەڕاستی باوەڕت بە دکتۆرە؟!

- تاقە جارێک نەچوومەتە لای دکتۆر وتا ئێستا هیچ دەرمانێکم نەخواردووە!

وەختایەک ڕۆیی، عید مەنسوور پێکەنی وگوتی:

-لەوە دەچێ بەو نزیکانە پرسەیەک لە نوێ کۆمان بکاتەوە.

## ٢١ – شرارة النحال

لە سەرەتای فەرمانبەریمەوە " شرارة النحال "م ناسی. کرێکاری تەلەفۆنات بوو، تەمەنی بیست ساڵان بوو، تازە خوێندنی سەرەتایی تەواو کردبوو. کوڕێکی بەژن و باڵا ڕێک وڕوخسار جوان وسیما ناسک بوو، قۆزیەکەی مایەی سەرنج بوو. جارێکیان هاپۆ سەقەری پۆستەچیم بینی گاڵتەی لەگەڵدا دەکرد ودەیگوت:

- چاکەت وپانتۆڵەکەت داکەنە وتەنوورەیەک لەبەر بکە، گرەودەکەم لە زەرفی شەو و ڕۆژێکا زاوایەکت بۆ پەیدا دەکەم!

کارمەندێکی پلە حەوت مرد، شوێنەکەی بەتاڵ بوو، کارمەندانی پلە هەشت، بە پەرۆشەوە دڵیان بۆ پڕکردنەوەی ئەو پلەیە لێی دەدا.. هیچ یاسایەک نەبوو تەرقیەو بەرزبوونەوە ڕێکبخات، شادەتنامەی بەرزیش بەڵابوو بۆ خاوەنەکەی، ڕقی بەرپرسانی خودان شادەتنامەی کۆنی سەرەتایی هەڵدەستاند، ئیدی هەر کارمەند و فەرمانبەرێ پلە هەشت بوو، پەنای بۆ گەورە پیاوان وسەرۆک خێڵ ونوێنەران دەبرد، بۆ ئەوەی بخرێتە ئەو شوێنە بەتاڵە وپلەی ناقبری بەدەست بێنێ. ئیدی هەر نامە بوو ودەکرایە سەر وەکیلی وەزارەت، منیش – لەو فڕان فڕانە دا – شەفیعێکم دۆزییەوە، ئەویش هاوڕێی کۆنم عەبدە بەسیونیی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بوو، مامۆستا تەنتاوی ئیسماعیل لە ڕاڕەوەکەی دەرێی سکرتاریەتدا تووشم بوو، بە پەستیەوە ڕایگرتم ولێی پرسیم:-نەتزانی کێ بۆ پلەکە بەرز کرایەوە؟

بەدەم دڵە خورپەوە گوتم:- نەخێر.

- خێرا پیرۆزبایی لە شرارة النحال بکە!

هاوارم کرد:- شرارة النحال؟!

- بەڵێ.

- کرێکارەکەی تەلەفۆنات؟!

- بەڵێ.

- بەڵام خۆ ئەو شادەتنامەی سەرەتایی هەیە، ئەمە جگە لەوەی کە کرێکارە نەک فەرمانبەر.

کابرا سەری بۆ سەرێ بەرز کردەوەو گوتی:

- خودایە خۆت بە شایەد بە، هێشتا لە میسرا خەڵکانێک هەن پەنا بۆ لۆژیک دەبەن!

ئەوسا بۆ ژوورەکەیخۆی ڕۆیی. چووم بۆ ئیدارەی سکرتاریەت سەیرم کرد بەرزبوونەوەکە بووە بە هەواڵی بێ چەند وچوونی ڕۆژ.

- ئایا تا ئێستا بیستووتانە کرێکاری تەلەفۆن بە پلەی حەوت دامەزرابێ؟

- کێ دەڵێ کرێکاری تەلەفۆنە؟.. تەنسیب کراوە تا لە نووسینگە وئۆفیسی وەکیلی وەزارەت کاربکات.

- وەکیلی وەزارەت بەخۆی؟

- وەکیلی وەزارەت بە خۆی!

پرسیم:- چۆن.. بۆچی؟

ماموٚستا عەباس فەوزی بە چپە پێی گوتم:

- ئەی ئەوانەی باوەڕتان هەیە مەپرسن..

هاپۆ سەقەری پۆستەچی، بەدەم دانانی قاوەکەمەوە گوتی:

- قوربان پێت سەیر نەبێ، تۆ فەرمانبەرێکی تا ڕادەیەک تازەیت وتەواو. قەرارەکە وابوو پلەی فەرمانبەرێکی دی بەرزبکرێتەوە، بەڵام شرارة النحال داوای دیتنی جەنابی وەکیلی وەزارەتی کردبوو، کەلە سکرتاریەتی وەزیر دەریان کردبوو لە ڕاڕەوەکەدا وەستابوو، تا وەکیل دوای تەواو بوونی دەوام دەرچوو بوو، ئیدی خۆی هاوێشتبووە سەر لاقی و بە زمانێکی نمایشی، لە تۆ وایە فاتمە ڕوشدییە، پاڕابووەوە کە گوایە لە خانەوادەیەکی گەورە بەرپرسە، لە خوا بترازێ، هیچ واسیتەیەک شک نابات جگە لە جەنابی، وەکیل، بە پەستی وبێزارییەوە، تەمەشایەکی ڕەوتەنی دەکات، بەڵام سەروسیمای شرارة دەکاتە کارێک کە دووبارە تەمەشای بکاتەوە، ئیدی بەجۆرێ چاوی تێدەبڕێ، وەکو ئەوەی نەیەوێ چاوی لێ بگوازێتەوە.

کابرای پۆستەچی بێدەنگ بوو، بزەیەکی بە ماناوەی کرد، گومانم کەوتە دڵ. بەڵام من لێم پرسی:- مەبەستت چییە؟

کابرا لە بەر مێزەکەم کشایەوەو بەدەم بزەیەکەوەو لەبن لێوانەوە گوتی:

- دەردی عیشق گرانە، زۆرجار بەدەم عیشقەوە گریاوم!

ئیدی شرارة النحال بە یەکجارەکی بۆ نووسینگەی وەکیل گوێزرایەوە، تا لە ئەرشیفەکەی ئەودا کاربکات. ڕواڵەتی بەجۆرێ گۆڕا کەلە گەڵ ئەرک و وەزیفە تازەکەیدا بگونجێت، لە جیاتی قاتە کۆنە شڕ وشەپڕێوەکەی ، قاتێکی جوانی شیکی لە بەرکرد، لە جیاتی نەعلە لاستیکەکانی جووتێ

قۆندەرەی ڕەشی لەپێ کرد، بۆینباخێکی ئاوریشمی جوانی لە مل کرد، دەستەسڕێکی ڕەنگاوڕەنگ لە گیرفانی سەرەوەی چاکەتەکەیەوە سەری دەرهێنابوو. ئیدی ئەگەرڕووبەڕووی یەکدی بووینایەتەوە وەکو دوو هاوڕێ سڵاومان لەیەکدی دەکرد، نەک سڵاوەکۆنەکەی جارانی نێوان فەرمانبەرێک وپۆستەچی وفەڕاشێک. لەوە دەچوو بزانێ چی دەربارەی دەگوترێ، بەڵام خۆی لە گێلی دەدا، یا لەبەر ئەوە بوو کەشف بوو، یان باوەڕی بەوە هێنابوو کە پێگەی بەهێز، هەموو عەیبێک دەشارێتەوەو هەموو زمانێک لە گۆدەخات، شەرارە لە زەرفی دوو ساڵدا کرا بە سکرتێری تایبەتی وەکیل و بۆ پلەی شەش بەرزکرایەوە. ئیتر جۆرەها مقۆمقۆ کەوتە نێو فەرمانبەرەکان، مامۆستا عەباس فەوزی پێی گوتم:- زۆری پێناچێ، دەچێتە ڕیزی دەسەڵاتدارانەوە!

زۆری پێنەچوو، وەکو گرنگترین کەسایەتی نووسینگە وئۆفیسەکەی وەکیل، لە سەرانسەری وەزارەتدا ناوی دەرکرد، لە بەڕێوەبەری نووسینگەکەش گرینگتر، ئیدی بوو بە قیبلەی هەموو ئەو فەرمانبەر وخەڵکانەی کە کارو پێویستیان دەکەوتە وەزارەت. ئیدی جۆرەها دیاری وسەوقاتی بەسەردا داباری، بزەیەکی ئەو، یان سڵاوێکی ئەو بووبوو بە دیارییەک کە خەڵکی شانازیان پێوە دەکرد ومەمنوونی خواش دەبوون. ئیدی وا ڕێکەوت وەزیرێکی "لەو بابەتە" بوو بە وەزیری وەزارەتەکەمان، قەیرانێکی وەها تەقییەوە بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات، هەرچەندە وەزیرو وەکیل وەزیر هەردووکیان وابەستەی یەک حیزب بوون. فەرمانبەرێکی گەورەی خزمی وەزیر نەخشەی ئەم پیلانەی داڕشت، ئەمە لە هەلێک دەگەڕا تۆڵە لە وەکیل بسەنێتەوە، چونکە وەکیل پێشتر خراپەیەکی لەگەڵ کردبوو، ئیدی بەئاوتاو باسی سکرتێرە "جوانە" کەی وەکیل بۆ وەزیر دەکات. بە بیانووی نیشاندانی هەندێ ئەوراقەوە کە وەزیر داوای کردبوو بیدینێ، دیدارێکی لە نێوان وەزیر وسکرتێردا ساز کرد. دەڵێن وەزیر لە یەکەم

نیگاوه قەناعەتی بە توانایی سکرتێر هێنا، سکرتێریش کە گەنجێکی پڕ ئارەزوو وچاو لە بەرزبوونەوە بوو، بەگەرمی پێشوازی لەم هەڵسەنگاندنەی وەزیر کرد. ئەوەبوو بە وەکیلی ڕاگەیاند کە گوایە وەزیر حەزدەکات سکرتێرەکەی ئەو بۆ ئۆفیسەکەی خۆی بگوازێتەوە. وەکیل زۆر تووڕە بوو، بە ڕاشکاوی بە قاسیدەکەی ڕاگەیاند کە دەستبەرداری سکرتێرەکەی نەبووەو نابێ. وەزیریش چوو بە چەقی نەعلەتا وئەمری گواستنەوەی شەرارەی بۆ ئۆفیسەکەی خۆی دەرکرد، ئیدی وەکیل لە کۆشکەکەی خۆیا مانی گرت. دەڵێن سەرۆکی حیزب هەردووکیانی سەرزەنشت کردووەو هۆشداری داونەتێ، پێی گوتوون ئەو ناکۆکیەی نێوانیان بگاتە دەم ڕۆژنامەکانی وەفد، ئیدی وەکیل، تووڕەییەکەی خۆی خواردەوەو بە نەبەدڵی بۆ سەرکارەکەی زڤڕییەوە. بەرز بوونەوەی شرارة النحال بەردەوام بوو، بۆ پلە پێنج بەرز بووەوە و بۆ پلە چواریش قەید کرا – ئیدی ئاسۆی ئایندەیەکی گەش وبەرینی لەبەردەم کرایەوە. ئەم ڕێگایەی تەنیا بە زەبری جوانیەکەی نەبڕی، یان جوانییەکەی تاقە چەکی دەستی نەبوو. سەرباری ئەوەش زیرەک وزرینگ وبە هیمەت وکۆڵنەدەر بوو، پتر لە هۆیەک لە هۆیەکانی سەرکەوتنی تیابوو. بەدەم کارە زەحمەتەکەیەوە، سەرلەنوێ بووەوە بە قوتابیەکی زیرەک، ئیدی لە " سایەی ئەوانا " قۆناغانی بڕی، بەکالوریای وەرگرت وئەنجام بەکالوریوسی مافی وەرگرت، عەباس فەوزی، سەبارەت بە هەوڵ و کۆششەکانی وی، هەم بە تەوسەوە هەم بە جدی دەیگوت:

- ئەم وەکو هاونموونەکانی خۆی نییە، ئەوان تەنیا جوانیان هەبووەو پشتیان بە جوانی خۆیان بەستووە، جوانیش تاسەر بۆ کەس نامێنێ، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنا بایەخی خۆی لە دەست دەدات. بۆیە ئێستا دەیانبینی، پیر وفرامۆشکراو و لە پلە چوار و ئەوپەڕی پلە سێدا قەتیس

ماون و کەس لایان لێناکاتەوە. بەڵام شرارەی هاوڕێمان خۆی بۆ پۆستی بەرز ئامادە دەکات!

وەکو فەرمانبەر، بە یەکێک لەو فەرمانبەرە هەرە بە توانایانە دەژمێردرێن کە لە ژیانما ناسیوومن، لە کارا بە هیمەت ورژدە، رەفتاری وەزیفی باشە، لە کارگێڕیدا، یەکێکە لە سەرچاوە گرینگەکان، لە لایەکی دیکەشەوە بەکەسێکی بە هەڵپە و خۆپەرست ناوی دەرکردبوو، لە بەرخورد ومامەڵەدا لەگەڵ ژێر دەستەکانیا، بەتایبەتی لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکانیا زۆر سەختگیر بوو، کەمترین هەڵە یا لە زمان دەرچوونی لە کەسیان قەبووڵ نەدەکرد. ئەگەر بەو جۆرە سەرکوت وملکەچی نەکردبان، دڵی دانەدەسەکنی و بەشیکی تەواوی شادمانی خۆی لە دەست دەدا. کە حکوومەت وکابینەی وەزاری ئیستیقالەی دا، ئەو لە پلەی سێیەمداو بەڕێوەبەری ئوفیسی وەزیر بوو. وەفد حوکم و دەسەڵاتی گرتە دەست. وەکیل بەرلەوەی فریای تۆڵە سەندنەوە لە کۆنە خۆشەویستەکەی بکەوێ، خانەنشین کرا. ئیدی شۆڤارو بەغیلان خۆیان گەیاندە جەم وەزیری تازە، بەڕێوەبەری ئۆفیسیان بە حیزبایەتی و کەچڕەوی ئەخلاقی تۆمەتبار کرد. شەرارە، بە ڕژدی داکۆکی لەخۆی کرد، گوتی ئەو بابایەکی "فەرمانبەرە" تەنیا فەرمانبەرەو هیچی دی، جگە لە کارەکەی و دڵسۆزی بۆ ئەو کەسەی کاری لە خزمەتا دەکات، بە هیچ شتێکی دیکەوە وابەستە و پەیوەست نییە. بڕیار درا وەکو بەڕێوەبەر بۆ ئەرشیف ومەلەفات بگوازرێتەوە، ئەمە وەزیفەیەکی مردوو بوو، دەرفەتی هیچ هەڵپەیەکی تیا نەبوو، وێڕای ئەوەش، کەوتە بایەخدان بە سیستەمی ئەرشیف ورێکخستنەوەو ڕۆنانەوەی لە سەر بناغەی تازە، ئیدی مەلەفاتوئەرشیڤخانەکەی بەجۆرێ ژیانەوە کە پێشتر شتی وای بەخۆیەوە نەبینی بوو. دەعوەتی وەزیری کرد کە سەرێ لە ئەرشیڤخانەکەی بدات، یارۆی وەزیر هەوڵ وکۆششەکەی زۆر بەدڵ بوو

وستایش وئافەرینی کرد. ئەوسا وتارێکی لە ڕۆژنامەی المقطم دا بە ناونیشانی "وەزیرێکی وەفدی ستایشی نەیارێک لە نەیارەکانی وەفد دەکات" لە وتارەکەدا ئاماژەی بۆ دادپەروەری ودڵسۆزی وەزیر کردبوو، کە چەند بەخەمی بەرژەوەندی گشتیەوەیە وچۆن لە جیاتی ئەوەی سەرکۆنەی بکات، هانیداوەو دەستخۆشی لێکردووە، وبەم ڕستەیە کۆتایی بە وتارەکەی هێنابوو: "بەڕاستی مرۆڤ دەبێ توانایەکی لەڕادەبەدەری هەبێ، تا نەجێتە ڕیزەکانی وەفدەوە ".

مامۆستا عەباس فەوزی بۆی گێڕامەوە کە بەخۆی لە هەنتەشی (حوزور) جەنابی وەزیردا بووە، کە لە دووی " شرارةالنحال "ی ناردووە تا سوپاسی بکات وپێی گوتووە:- ئەم شێوازە ڕەوانەت لەکوێ بوو؟

شەرارە، یەکسەر بەرسڤی دایەوە وگوتی:

- پایەبەرز، ئەمە بەهرەیەکە لە ڕێگەی ئەزبەرکردنی وتارەکانی سەعد زەغلول پاشای نەمرەوە، بەدەستم هێناوە!

شرارة النحال، کرا بە بەڕێوەبەری کارمەندان وئەوجا بەرلە لابردنی حکوومەتی وەفد، بۆ پلەی دوو بەرزکرایەوە. بەغیلان لابردنی حکوومەتی وەفدیان پێ خۆشبوو وگوتیان "ورچەکە بوو بە تەڵەوە" ئیدی وەزیرەکەی جاران و وەکیلەکەشی دەگەڕێنەوە، هەنگێ شرارة النحال چ دەکات؟ وامان وێنا دەکرد، کابرا تەواو، لێکەوت وئیدی دواییەتی، بەڵام کە دیتمان بۆ پلەی یەکەم بەرزکرایەوە و کرا بە بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی، هەموو غافڵگیر بووین و حەپەساین!

- ئەمە چییە؟

- دنیا چی بەسەر هاتووە؟!

هەواڵەکان وەکو دڵۆپە ئاو دزەیان کرد، ئەوەی ژێر بەڕانمان زانی. بەدرێژایی سەردەمی دەسەڵاتی وەفد، شەرارە پێی لە وەزیرەکەی جاران نەبڕی بوو و، بەدزییەوە هاتۆچووی کردبوو، بەبێ ئەوەی کەس پێی بزانێ، ئارەزوو و داواکارییەکانی جێبەجێ کردبوو. ئەمە جگە لەوەی هەمووهەوڵێکی خۆی خستبووە گەڕ تا وەزیرەکەی جاران و وەکیلە خانەنشین کراوەکەی ئاشت کردبووەوە؟ کاتێ ئەوان گەڕانەوە، بەوپەڕی متمانەوە گوتی:- سەردەمە ڕەسەنەکەمان گەڕایەوە!

دەیانگوت، دەرسی تایبەتی بە کوڕی وەزیرە وەفدییەکە، کە خوێندکاری کولێژی ماف بووە، دەگوتەوە. بەڵام بە زیرەکی خۆی پەی بەوە برد کە تەرازووی ڕاستەقینەی هێز لەلای حکوومەتی دەربارە، بۆ کەسی دووربینی ڕاستەقینە دەرباری دەسەڵات لە هەموو شتێکی دیکە باشترو مسۆگەرترە. ئیدی لەو پێوەدانگەوە، کتێبێکی تاقانەی لە ژێر سەرناڤی "دروستکەرانی میسری نوێ" دا بڵاو کردەوە، لە کتێبەکەیدا مێژووی محەمەد عەلی و ئیسماعیل و فؤادی تۆمارکردبوو وپێشکەشی کردبوو بە مەقامی پاشایەتی. ئیدی لە دیوانی پاشایەتیەوە سوپاسنامەیەکی بۆهات کەلە هەموو ڕۆژنامەکاندا بڵاوبووەوە. بەهاوکارو نەیارەکەی خۆی، " عەدلی المؤذن "ی گوتبوو:

- ئێستا بووم بە پیاوی سەرای (دەربار ودیوانی پاشایەتی) ئیدی هیچ حیزبێک بیر لەوە ناکاتەوە عەزیەتم بدات یان غەدرم لێبکات.

لە ئاخر وئۆخری جەنگدا، ژنی لە بنەماڵەیەکی بەڕێز هێنا، کچ وکوڕێکی خستەوە، - وەکو خۆی– دوو نموونەی جوانی بوون. کچەکەی شووی بە سکرتێرەکەی خۆی کرد، بەڵام کوڕەکەی بوو بە ئەفسەر لە سوپادا. دوای تەواو بوونی دووەم جەنگی جیهان وپێش هەڵبژاردنەکانی

ئەنجوومەنی پیران، بۆ ئوفیسەکەی خۆی بانگی کردم، لوتفی فەرموو وڕێگەی دام لە بەردەم مێزەکەیان دانیشتم وپێی گوتم:

- هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پیران زۆر گرینگە، ئەگەر وەفدییەکان سەربکەون، هەقی خۆیانە سەردەمەکە بەتەواوی بگۆڕن..

نیگایەکی پرسیار ئامێزم کرد، لە سەری ڕۆیی وگوتی:

- من بیرم لەوە کردووەتەوە، ناوت بەگەڵ ناوی پاڵێوراوانبۆ سەرۆکایەتی لیژنەکانی هەڵبژاردن بخەم.. بزەیەکم کردو ورتەم نەکرد، گوتی:

- لەوێ، لە دایەرە یەکێک لە پیاوەکانی حیزبی خۆمان دەبینی.

بە زۆڵیەتی پرسیم:- کام حیزب؟

قاقایەکی ئەوتۆی لێدا کە دەموچاوە پەمەییەکەی سوور هەڵگەڕا، خوێن زابییە دەموچاوی و ئەوجا گوتی:

- حیزب گرینگ نییە، گرینگ وەفادارییە بۆ خاوەنشکۆ پاشا!

بە نیگەرانییەوە گوتم:- ئەزموون وشارەزاییم لەو کارەدا نییە..

- تۆ چاوت بنووقێنە و با کابرای مامور کار بکات، لەوە زیاترت لێ داوا ناکرێ.

خەم دایگرتم، تەمەشایەکی کردم، ئەوجا بە کەسەرەوە گوتی:

- ئەلهەقی من بۆیە تۆم هەڵبژارد چونکە پیاوێکی باشیت، بەڵام زۆرت لێناکەم.

هەستا، دەستی هێنا، تەوقەم لەگەڵ کرد ولە ژوورەکە وەدەرکەوتم. ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، لە چل وچوار بنکەدا، دە کەس لە پیرانی وەفد دەرچوون، هەڵبەتە وەکو هەمیشە جۆرەها گوشار وتۆقاندن وساختەکاری

بەکار برا، سوپاسی خوام کرد کە لەو تاوانە مێژووییە پێشوەختە دارێژراوەدا بەشداریم نەکرد.

ئیدی جۆرەها قسە لەمەڕ پاکی ئەو کرا ودەکرا، هەبوون دەیانگوت، بە هەموو عەیبەکانیەوە پاک بوو، هەبوون دەیانگوت دزێکی زیرەک و بە پارێز بوو. هەمووان دەیانزانی ڤێلایەکی جوانی لە حەلوان هەیە، باڵەخانەیەکی لە "الدقی" هەیە، هەمیشە دەیگوت بە پارەی ژنەکەی کڕیویەتی. کە شۆڕشی یولیوی ١٩٥٢ بەرپا بوو، بە پێی ئەو سکاڵایانەی لێیکرابوو درایە لیژنەی دەستپاکی، بەڵام هیچی لەسەر نەهاتە سەلماندن تا حوکم بدرێت، لە کارەکەی بەردەوام بوو. دەڵێن بەهۆی شەفاعەتی کوڕە ئەفسەرەکەیەوە بەردەوام بوو، وەڵڵاهو ئەعلەم. دوای ئەوە بەرز بووەوە بۆ وەکیل وەزیر، پاشان دوای پیادەکردنی یاسایێ سوسیالیزم، کرا بە سەرۆکی دەزگایەک. دووجاران تووشی خەم بوو، جارێکیان کە کوڕەکەی لە شەڕی یەمەندا بریندار بوو، جارێکی دی کە زاواکەی بوو بە گوللەی وێڵەوە، زاواکەی لە کاتی خۆپیشاندانی قوتابیاندا، لە دوای شکست ونسکۆی " یونیو ١٩٦٧ " لە چاخانەیەک دانیشتبوو، بە گوللەی وێڵ بریندار بوو. کە وەزارەتی بەجێهێشت ئیدی نەمبینی یەوە، مەگەر بە ڕێکەوت و ناوبە ناوێ هەواڵیم زانیبا. دوایی هەواڵیم لە برادەرێکەوە زانی کەلە ساڵی ١٩٧٠ دا، لە مەکە بینی بووی، خەریکی حەج بووبوو.

## ٢٢ – شعراوی الفحام

یەکێک بوو لە هاوڕێ هەرە باشەکانی گەڕەکی عەباسیەمان. سەرباری باشیەکەی کوڕێکی بێموبالات وزۆر سادە بوو لە هۆش وگۆش وهزریندا. هەمیشە پێکەنینەکەی حازر بوو، بەهۆ وبە بێ هۆ پێدەکەنی، ئەوەندەی بەس بوو گوێی لە جنێوێک یان سەرنجێکی ڕەوتەنی بوایە، تا لە

پێکەنینا غەرق بوایە، کە باسی سیاسەتمان دەکرد پێدەکەنی، کە باسی تۆپانێ یان سینەمامان بکردایە پێدەکەنی. بەهەموو شتێ پێدەکەنی. ئەگەر بچووینایەتە تازیە وپرسەی خزمی برادەرێک، تەمەشامان نەدەکرد، تا نەبا لە قاقای پێکەنین بدات و لەناو ماتەمگێڕەکاندا حەیامان بچێ.

ڕۆژێک چووینە پرسەی گەنجێکی خزمی جەعفەر خەلیل. دایکی گەنجەکە شێت ئاسا هاتە بەرماڵەکەیان تا جەنازەی کوڕەکەی بەڕێبکات. بە پێی پەتی وقژی بژەوە سۆلەکانی دەکێشا بە ڕوومەتیا، ئەوجا لە سوواندا وەکو شێت کەوتە سەما کردن، ئەو دیمەنە هەموومانی خەمبارکرد، فرمێسکی زایاندە چاومان و کونی ڕوندکی بەردایـن، ئاوڕێکی خێرای لای شعراوی الفحامم دایەوە، سەیرم کرد پێکەنین گرتوویەتی وپەیتاپەیتا دان بە لێوی خۆیدا دەنێ تا پێکەنینەکەی دەرنەچێت. جەستە لاوازەکەی لەژێر گوشاری پێکەنینە پەنهانەکەیدا دەلەرییەوە، ئەم کوڕە نە دڵ ڕق ونەگێل ونە گەوج نەبوو، بەڵام سەیر بوو، لەخۆی نەبێ لە کەس نەدەچوو، جۆرێکی تایبەتی بوو. لەگەڵ دایکیا، لە ماڵەکەی دراوسێی ماڵی سەید شەعیردا، بەبێ باب وبرا دەژیا، ئەو هێشتا لە بێشکەدا دەبێ کە بابی مردووە، ئەو ماڵە وەووچەیەکی دە جونەیهی بۆ ئەو ودایکی لەپاش بەجێمابوو. دایکی هەموو ژیانی بۆ پەروەردە کردن وبەخێوکردنی ئەو تەرخان کردبوو، هەموو دەرامەتەکەیان ئەو دە جونەیهە ودە جونەیهی دی بوو کە لە قازانجی وەقفێک وەریان دەگرت. بۆیە بە خێزانێکی دارا و بووە دەژمێردران، بەوجۆرە دەمێننەوە تا شەعراوی گەورە دەبێ ودەگاتە تەمەنی لاوی و داخوازییەکانی زیاد دەبن و حاڵیان دەگۆڕێت. شەعڕاوی خوێندنی سەرەتایی بۆ تەواو نەکرا. نەک بەهۆی سەعی نەکردن وسەرسەرێتیەوە وەکو خەلیل زەکی و سەید شەعیر، بەڵکو بەهۆی سەعی نەکردن و زەین

کوێرییەوە.ئەوەندە مایەوە ودەرنەچوو لە قوتابخانە دەرکرا، جگە لە ماڵ وچاخانە وگەڕۆڵی هیچ کوێی دیکەی شک نەدەبرد. بە تەبیعەتی جوان و بەرزی خۆی حەزی لە هاوڕێیەتی خەلیل زەکی نەبوو، بەڵام کەیفی بە سەید شەعیر دەهات، لەگەڵیا دەچوو بۆ شەوبێریەکانی گەڕەکی " الحسینی " ، پاشان لە ڕێگای ئەوەوە پێی بۆ گەڕەکێن لەشفرۆشان کرایەوە. هەر لە ڕێگای ئەوەوە فێری بادەنۆشی بوو وئیدی ئالوودەی بوو وتا مردن دەستبەرداری نەبوو. ڕۆژێک هێشتا قوتابی سەرەتایی بوو، بەمنی گوت:- من دەزانم.

لێم پرسی مەبەستی چییە، گوتی:- تۆ حەنان مستەفات خۆشدەوێ.

لە شەرما بێدەنگ بووم، گوتی:- منیش حەنان مستەفام خۆش دەوێ؟

حەپەسام، وام تەسەور دەکرد، ببێ بە شەڕمان، کەچی ئەو پێکەنی وگوتی:

- دەستی خوا لەگەڵ کۆمەڵدایە!

- مەبەستت چییە؟

- پێکەوە بۆناو هەنجیرستانە دڕکاویەکەی دەبەین!

هاوارم بەسەریا کرد:- بە نەفرەت بی!

ئەمە بەچەند ڕۆژێک بەرلە بارکردنی ماڵباتی مستەفا بوو، بۆیە زووبەزوو بەدحاڵی بوونەکە ڕەوییەوە. بەڵام من لەوە بە دواوە هیچ چیرۆکێکی ئەڤینداری یان زەماوەندم لەبارەیەوە نەبیست. زیاتر هاتوچۆ وهاوڕێیاتی لەشفرۆشانی دەکرد. کە دایکی لەوە نائومێد بوو کە خوێندنی پێ تەواو بکرێ، ویستی کارێکی بۆ بدۆزێتەوە، هەمیشە دەیگوت ودەیگوتەوە هەر کارێک لە دەست بەتاڵی باشترە. ئیدی چووە خاک وپای ئەحمەد پاشا نەدا، کە خزمێکی دەسترۆ وگەورەی خۆی بوو، لە وەزارەتی

ئەوقاف بۆی دامەزراند، بەڵام نەیتوانی لەسەر کارەکەی بەردەوام بێ، ڕۆژی لە فیشاوی بەسەر دەبرد، چاوەڕوانی سەید شەعراوی دەکرد، تا لە دووکانەکەی بابی لە کار دەبووەوە، زۆری پێنەچوو لە وەزارەت فەسڵ کرا، تاقە ڕۆژێک لە شەو بێرییە هەفتانەکانمان دوا نەدەکەوت، چ لەو کاتانەدا کە قوتابی بووین وچ لەو کاتانەدا کە فەرمانبەر بووین. ئیدی ئالوودەی ڤەخواردن بوو. هەموو شەوێک هەرزانترین وخراپترین مەی دەخواردەوە، مەیەکی دەخواردەوە کەلەگەڵ گیرفانیا بگونجێت. مەگەر هەر خوا بزانێ دایکی چەند بەوە نیگەران و خەمبار بوو. بەخۆی شەوێک کەلە گازینۆکەی سەید شەعیر بووین لە "وجە البرکە " بۆی گێڕاینەوەو گوتی:

- دایکم حەوانەوەی لەبەر بڕاوە، دەیەوێ کارێکم بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام چ کارێک؟ دەیەوێ ژنم بۆ بێنێ، بەڵام چ ژنێک؟

عید مەنسوور پێی گوت:

- دەرامەتی نەگۆڕی تۆ دە جونەیهە، دە جونەیهی مسۆگەر، دەرامەتێکی باشە، ئەگەر بتوانی خۆت کۆنترۆڵ بکەیت وهەفتەی یەک جار بخۆیتەوە، ئیدی هەر ئەوەندەت لە سەرە لە ژنێک بگەڕێی کە دەرامەتێکی هەبێت..

وەکو هەمیشە دەستی بە پێکەنین کرد وگوتی:

- من چاوەڕوانی دەروویەکم، بەو زووانە لێم دەبێتەوە!

مەبەستی " ئەحمەد پاشا نەدا "ی خزمی بوو کەبووبوو بە سەرۆکی سەرۆکایەتی دیوانی پاشایەتی. عید مەنسوور کەلە هەمووامان پارە خۆشەویست تر بوو، لێی پرسی:- باشە هیچ بیرۆکەیەکت دەربارەی سەروەت وسامانەکەی هەیە؟

شەعراوی، بەدەم تەڕی کردنی پەرداخەکەیەوە لە کۆنیاکی خراپ، بەرسڤی دایەوە:- بیست هەزار فەدان زەوی وزاری هەیە، بۆ پارەی وشکەش تەنیا خوا دەیزانێ چەندی هەیە..

- جگە لە ئێوە هیچ میراتگرێکی دیکەی نییە؟

- دایکم تاقە خزمیەتی کە لە ژیانا مابێ..

ڕەزا حەمادە، لە زمانی بابیەوە ئەو زانیاریانەی بۆ دووپات دەکردینەوە. سەیر ئەوە بوو، ئێمە بە درەنگەوە بەو خزمایەتیەی شەعراویمان لەگەڵ ئەحمەد پاشا نەدا دا زانی، وەختێ مندالْ بووین ولە قوتابخانەی سەرەتاییدا بووین، ئەوەی دەشاردەوە، چونکە پاشا پیاوی دەسەڵات ونەیاری سەعد زەغلول بوو، شەعراوی ڕووی نەدەهات باسی بکات. شەعراوی درێژەی دایێ وگوتی:

- دایکم تاقە میراتگری ئەوەو منیش تاقە میراتگری دایکمم و پاشا ئێستا لە تەمەنی هەفتا وپێنج ساڵیدایە، ئیدی بەو زووانە دەرووم لێدەبێتەوە!

جەعفەر خەلیل لێی پرسی:- باشە ئەگەر ئەو میراتەت هاتە دەست چی پێدەکەی؟

ماوەیەکی زۆر پێکەنی وگوتی:

- ئاە، ئەگەر ئەو خەونەم هاتەدی، کۆشکێک لە قاهیرەو یەکێکی دی لە ئەسکەندەریە ڕۆدەنەم. ڕێک وەکو خودی پاشا، هەموو گەنجینەکان پڕدەکەم لە جۆرەها مەی، بەڵام ژنان..

سەید شەعیر، قسەکەی پێبڕی:

- ئەدی چی بۆ ئێمەی هاوڕێت دەکەی؟

بەرسڤی دایەوە:

- شەو بێریتان لە باخی قەسرەکەمدا دەبێت، باشترین خواردن وخواردنەوەو ژنانتان پێشکەش دەکرێ، وەعدی خوا بێ..

ڕەزا حەمادە، دەمی وە پەنا گوێم ناوگوتی:

- ئەو ڕۆژەی هاوڕێکەمان دەگاتە میراتیە خەیاڵیەکەی، ڕۆژێکی مێژوویی دەبێت.

ئیدی بەردەوام دەیخواردەوەو خەونی بە میراتیەکەیەوە دەبینی، دەیخواردەوەو خەونی دەبینی، بە تێپەڕبوونی ڕۆژان باریک وبنیس بوو، پووکایەوە، پێستی بەسەر ئێسکیەوە هیشک بووەوە، تەمەنی گەنجی هەڵکشا وداوی سپی کەوتنە سەری. کەچی پاشا کارێکی کرد هەموو شاری غافڵگیر کرد، لە نەمسا گەڕایەوە. نازدارێکی ناسک وجوانی زەری لەگەڵدا بوو، تەمەنی هەر بیستساڵێک دەبوو، مقۆمقۆ داکەوت کە بەتەمایە لە سەر سونەتی خوا وپێغەمبەر زەماوەندی لەگەڵ بکات. ئیدی ئەو دەنگۆیە بوو بە داستان وکەوتە سەر زاران، گروپەکەی ئێمە هاڕوژان، بەڵام شەعراوی هاوڕێمان خەریک بوو شێت دەبوو. کاتێکمان زانی شەعراوی دەعوای لە سەر پاشا تۆمارکرد تا حەجری بخرێتەسەر چونکە شێتە و ئەقڵی بە دنیادا ناشکێت. ئەوەمان پێ سەیر بوو، تاقیبمان کردو چووینە بنج و بناوانی، بۆمان دەرکەوت تومەز خەلیل زەکی ئەم تەگبیرەی بۆ کردووە! بەڵام هەندێک هێزی نادیار کەوتنە بەینەوە، تا کارەکە هاوسەنگ بکەنەوەو ئەم بارە خوارە ڕاست بکەنەوە. ئیدی کیژە نەمساویەکە لە ناکاوا سەفەری کرد وگوتیان، تا بیست هەزار جونەیهی لە پاشا وەرنەگرت سەفەری نەکرد. ئیدی حکوومەت کەوتە بەینەوەو ڕۆژنامەکان وازیان لەم باسە هێنا، هەروەها بە تەدەخولی حکوومەت حەجرەکەشی لەسەر هەڵگیرا. پاشا کونجی کۆشکەکەی گرت، نە هاتوچۆی کەسی دەکرد ونەکەس هاتوچۆی دەکرد، ئەوجا هەرچی

ئەرزی هەبوو خستیە وەقفەوە بۆ کاری خێرخوازی ومزگەوتان. ئەم هەڵوێستە لە هەموو شوێنێکدا دەنگی دایەوە. هاوڕێکەمانمان بیرکەوتەوە. زۆرمان خەفەت بۆخوارد، لە گازینوی فیشاوی دانیشتبووین، هات بۆ لامان و وەکو هەمیشە مەست بوو، چاوانی سوور هەڵگەڕابوون وئەبڵەق بووبوون، بە وردی لە سەرو سیمامان ڕاما، ئەوجا لە پێکەنینا غەرق بوو!

قۆندەرەکانی داکەند، خۆی هەڵدایە سەر کورسییەکی پێشەوەی ژوورەکەو بەچوار مشقی لەسەری دانیشت و هەڵیکردە گۆرانی:

- کە بەخت نەیکرد، زیرەکی بەچی دەچێ.کەسێ لە ئەزەڵ سیا چارەبێ..

جارێکی دی لە پێکەنینا غەرق بوو، پێکەنینەکە بۆ ئێمە سیرایەتی کردو وەکو شێتان دەستمان بە پێکەنین کرد. لەوەدوا هیچ گۆڕانێکی تازەی بەسەردا نەهات، تەنیا ئەوە نەبێ زیاتر سەری کردە خواردنەوە. بە ڕۆژ وبە شەو دەیخواردەوە. هەرزانترین وخراپترین خواردنەوەی دەخواردەوە، لەوانەی سلسلە و درب المبلات و باڕەکانی شەقامی محەمەد عەلی، ئیدی هەموو ئاوات وئارەزووەکانی دیکەی خەفە بوون، وەک ئارەزووی خواردن وئارەزووی ژنان، وەکو ئەوە بوولە تاراوگەیەکی دەستکردی خۆیدا بژی، بە زمانی ئیشارەت قسەی دەکرد، بە خەیاڵ پڵاوەکانی خۆی پێدەکەنی، یان خەمۆکی دایدەگرت، زۆر بە خێرایی بەرەو پووکانەوە دەچوو. جەعفەر خەلیل هەوڵی دا، بۆ دنیای سینەمای ڕابکێشێت وەکو چۆن ئەمەی لەگەڵ خەلیل زەکی دا کردبوو، بەڵام پێشنیازەکەی ئەوی ڕەفز کردبوو و زۆر پێکەنی بوو.

سەید شەعیر، پێشنیازی کرد کە لە گازینۆکەیدا کاربکات بە مەرجێ واز لە خواردنەوە بێنێ، بەویش پێکەنی بوو. ئیدی هیچ هیمەت و ئارەزوو و

ئەنگێزەیەکی لەلا نەمابوو. جەنگی دووەمی جیهان هەڵگیرسا، لەهەمان ساڵدا دایکی مرد، خانووەکەی بە کرێ داو، خۆی لە ژوورێکی بچووکی سەربان دەژیا. لە ساڵی ١٩٤١دا، فڕۆکەێن ئیتاڵی لە نیوەشەو بە دواوە هێرشیان کردە سەر قاهیرە. لەسەربان دانیشتبوو، هێندە مەست بوو ئاگای لە مەحموودی بێزەواد نەبوو. وادیارە لەسەر کورسییەکەی نەجوڵابوو، هەر بە سەر کورسییەکەوە مردبوو، پارچەیەک بەر سەری کەوتبوو. کوشتنەکەی یەکەم ئەزموونی ژیانی هاوبەشمان بوو، ئەو یەکەم هاوڕێی تەمەنمان بوو کەلە دەستمان دا. جەعفەر خەلیل لە هەمووومان بۆی بەپەرۆشتربوو، چونکە لە هەمووومان هاوسۆزتر بوو لەگەڵ هاوڕێ کەچڕەوەکانماندا، کەچڕەوانی وەک سەید شەعیر وخەلیل زەکی. ئیدی پرسەکەی هەمووومانی کۆکردەوە، تەنانەت ئەوانەشی کە ڕۆژگاری نالەبار لێکدی دووری خستبووینەوە. سەید شەعراوی بە کەسەرێکی ڕاستەقینەوە گوتی:

- هەزار ڕەحمەتت لێبێ شەعراوی، تاقەکەس بوو کەبە بەردەوامی سەری دەدام.

## ٢٣ – سادق عەبدولحەمید

ماموٚستا جاد ئەبولعولا، لە دیوەخانەکەی خۆی لە الدقی، پێی ناساندم وگوتی:

- دکتۆر سادق عەبدولحەمید.

بەدەم تەوقە کردنەوە، تەزوویەکم بە دڵ ودەروونا هات. بە ترسێکی زۆرەوە ناوەکەم بیرکەوتەوە. دوڕیەی ژنیم بیرکەوتەوە کە باسی ئەوی بۆ دەکردم. تۆ بڵێی کەسێکی تر بێ وهەمان ناوی هەبێ؟ بەڵام وەختایەک جاد ئەبولعولا لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو ئەو چاوە ڕەشەم کاڵ بووەوە. جاد گوتی:

- به زەماڵەیەکی کورت لە ئینگلتەرا بوو، بەڵام لە ئینگلتەرا دکتۆرای وەرگرتووە، دکتۆرێکی زۆر چاکی هەناوە، بەڵام ئەدیب وهونەرمەند وفەیلەسوف وسیاسیشە...

کەواتە مێردی ماشقەکەمە، کەسێکی دی نییە! پیاوێک بوو چل ساڵ دەبوو و نەدەبوو، زندوویەتی لێ هەڵدەقولا، زیرەکی لەسەر وسیمایدا پرشنگی دەدا. زۆر بە ئاو وتاو و زیرەکانە قسەی دەکرد وشارەزایانە بە ناو هونەرو فیکرو سیاسەت دەکەوت، بەڕاستی زۆر شیفتە ودڵبەندی قسەکانی بووم. قسەخۆش وقووڵ وهەمە جۆرەکانی ڕایکێشام، هەستم کرد، نهێنییەک لە ڕۆحیایە، کە دۆستایەتیەکی ڕاستەقینەی لێهەڵدەقولێ، ئیدی ئەو دۆستایەتیە لەگەڵ ڕۆژگارا زیاتر ڕیشاژۆ بوو. بە پچڕانی پەیوەندی نێوان من و دوڕیەی ژنی، جەوەکە ساف بوو، هەرچەندە کە بیرم دەکەوتەوە، پەستی دایدەگرتم. بە ڕژدبوونی گەرمی خۆی، بە دیوەخانەکەی دکتۆر ماهیر عەبدولکەریم وکۆڕ ومەجلیسەکەی مامۆستا سالم جەبرم ناساند، هەروەها بە مامۆستا " زهیر کامل "یشم ناساند. زۆر کەس وایاندەزانی بەنیازە لەواری نووسیندا خۆی تاقیبکاتەوە، بەڵام قەناعەتی کرد– بۆ ماوەیەک– هەر گوێ بگرێ و بەشداری گەنگەشەکان بکات، زۆریش لەزەتی لەوە وەردەگرت. لە کانگای دڵەوە، بە باوەڕو قەناعەتی تەواوەوە، لایەنگری لە شۆڕشی یولیو دەکرد. لە سەردەمی قوتابیەتیەوە خەونی بە سۆسیالیزمەوە دەبینی، هیچ پاشخان و ڕیشەیەکی حیزبی یان فیودالی نەبوو، کە نەیەڵێ بەگەڵ شۆڕش بکەوێ. ڕۆژێکرەزا حەمادە لێی پرسی:

- باشە هیچ گلەییەکت لە هەندێ هەڵوێست وڕەفتاری نییە؟

بەجۆش وخرۆشەوە وەڵامی دایەوە، هەمیشە بە جۆش وخرۆشەوە قسەی دەکرد:

- نەخێر، ئەلهەقی من هەڵوێستیم بەرانبەر بە حیزبەکان، بەرانبەر بە ئیخوان و، تەنانەت بەرانبەر بە کۆمۆنیستەکانیش بەدڵ بوو..

- چ پێویست بەم " تەنانەت "ە دەکات؟

- من کۆمۆنیست نیم، بەڵام هاوکاری نێوان شۆڕش وئەوانم پێ باشە، شۆڕش و کۆمۆنیزم دوو جۆگەن لە یەک سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێن وبەرەو ئامانجێن نزیک لێکدی دەڕۆن..

دوای بێدەنگیەکی کورت، لەسەری ڕۆیی:

- هەروەها پشتیوانیم لە هەڵوێستی دەرهەق بە یەکێتی لەگەڵ سووریاو، هێرشی بۆ سەر یەمەن، کرد!

ڕەزا حەمادە گوتی:- کەواتە، ئەگەری باشتر، لەوەی ڕوویدا بوو، نییە..

بە پێکەنینەوە گوتی:

- من لە نەرێنییەکان غافڵ نیم، بەڵام ئەو نەرێنیانە لە قۆناغێن ڕاگوزاری و ڕەوتەنی وپەرەسەندن دا، هەر هەبووە ودەبێت، تۆ بە یەک جەزرەبە، هەر دەتوانی سیستەمی حوکم بگۆڕێ، بەڵام گۆڕینی تەبیعەتەکان، کاتێکی زۆر زۆرتری دەوێ!

ویستی زیاتر ڕای خۆی ڕوون بکاتەوەو گوتی:

- چی دەربارەی کۆمەڵە هەرەوەرزییەکان دەڵێن بیڵێن، هەقی خۆتانە، بەڵام وەکو سیستەم، سیستەمێکی نموونەییە، ڕۆژێک دێ گەندەڵی ئاوادەبێ وکۆمەڵەکە دەمێنێ بۆ ئەوەی پەیامی خۆی بگەیەنێ، دەشێت هەمان شت سەبارەت بە کەرتی گشتیش بگوترێ، باشە بانکی سلفەی کشتوکاڵیتان لە بیرنایەت؟.. اسماعیل سدقی دژی نەیارەکانی خۆی وبۆ

لەنێو بردنی یەکێتی ویەکڕیزی نەتەوەیی بەکاری دەبرد، بەڵام ئەنجام ئیسماعیل سدقی ڕۆیی و بانکەکە هەر مایەوە!

کاتێ نسکۆی ٥ / یونیو / ١٩٦٧ ڕوویدا، حەپەسا، هاوسەنگی تێکچوو، بە سەر دیوەخان وکۆڕ ومەجلیس وگازینۆکاندا وێڵ وسەرگەردان دەسووڕایەوە وەکو ئەوەی قیامەت ڕابووبێ، بە تەلەفۆن گفتوگۆیەکی دوور ودرێژمان کرد، بەم ڕستە پرسیار ئامێزە کۆتایی بە تەلەفۆنەکە هێنا:- باشە ژیانی ئێمە خەیاڵ و وەهم بوو؟!

بە چەند ڕۆژێک دوای ئەوە لە "مصرالجدیدة" لە ماڵی ڕەزا حەمادە تووشی بووم، یەجگار تووڕە بوو، بە کەسەرێکی زۆرەوە دەیگوت ودەیگوتەوە:

- خەڵکانێکی زۆر لە دڵەوە پێیانخۆشە، خەڵکانێکی زۆر گاڵتەیان پێدێ، کەس شێت نەبوو، کەس خۆی نەکوشت، کەس تووشی جەڵتە یان سەکتە نەبوو، هەقە شێت بم یان خۆ بکوژم.

بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ باشتر دەبوو ومتمانەی بەخۆی پەیدا دەکردەوە. بەو چاوە سەیری شکست ونسکۆکەی دەکرد کە ئەزموون و بەڵایەک بوو بە سەرماندا نازڵ بوو ودەبێ بە خۆمانا بچینەوە، کە دەی بیست دژمنان لە هەوڵی پاکتاوکردن و لەنێو بردنی شۆڕشدان، ئەوەندەی دی باوەڕی بە شۆڕش زیاد دەبوو ولە دڵیا شیرینتر دەبوو، تەنانەت بە هەموو دڵێکەوە باوەڕی وابوو بەردەوامی شۆڕشەکە، گرینگترە لە وەرگرتنەوەی بەشە داگیرکراوەکانی نیشتمانی عەرەبی، فایدەی وەرگرتنەوەی خاک چییە، ئەگەر خۆمان بدۆڕێنین؟ بەردەوامی شۆڕش تاقە زامنی وەرگرتنەوەی خاکە ئیدی درەنگ یا زوو، هەروەها تاقە زامنی ژیانەوەو هەستانەوەی گەلی عەرەبە.

- ئێمە ڕاو دەنرێین، پاشکەوتن ڕامان دەنێ، چنگ لەسەر شان لە دوومانە، پاشکەوتن دژمنی ڕاستەقینەمانە نەک ئیسرائیل، ئیسرائیل تەنیا لەو ڕووەوە دژمنمانە چونکە هەڕەشەی سڕکردنی پاشکەوتنمان لێدەکات، دەیەوێ هەر بە پاشکەوتووی بمێنینەوە.

شەوێک بەیەکەوە لە دیوەخانەکەی دکتۆر ماهیرعەبدولکەریم هاتینە دەرەوە، لە پێشەوە، لە تەنیشتیەوە سواری ئوتومبێلە نەسرەکەی بووم، کە بەکاوەخۆ لەبەر ڕوناکی ئامال شینی لایتەکانی بەناو تاریکە شەوەکە کەوتین. پێمگوت:

- عەبدە بەسیونی، قسەیەکی سەیری بۆ گێڕامەوە..

پرسی قسەی چی، گوتم:

- گوتی دکتۆر زهیر کامیل، حەزی لە کیژێکی ڕۆژنامەڤانی تازە کوورە کردووە بە نێوی نعمات عارف..

- سەیری ئەو کارە لە چیدایە؟

- بە خۆت دەزانی، ئەو لە تەمەنی شەست ساڵاندایە وکیژەکە بیست ساڵانە..

پێکەنی وگوتی:- ئەشق، ئەشقە، تەمەن ومەمەن نازانێ!

گوتم:- گوتوویەتی دەیخوازێت..

- گیانەکەم جاری وا هەیە جەنگێک دەقەومێ هەزاران وبگرە ملیۆنان کەس دێنە کوشتن، جاری وا هەیە بوومەلەرزەیەک ڕوودەدات، هەزاران لەناو دەبات، بەڵام ژن هێنانەکەی زوهیر کامیل، ڕەنگە زۆر بەسەلامەتی تێبپەڕێ یان لەوەیە ئەوپەڕی قوربانییەک یان دوو قوربانی لێبکەوێتەوە!

هەردووکمان بە بێدەنگی دەبیرەوە چووین، ئەوجا پێی گوتم:

- حەز دەکەم ئەوەت پێبڵێم کە منیش ئاشقم!

یەکسەر ئەو قسەیەم بیرکەوتەوە کە دوریە لە دوا دیدارماندا بۆی گێڕامەوە، بەڵام خۆم لە گێلی داو وەکو ئەوەی شتەکەم زۆر بە لاوە گرینگ بێ پرسیم:

- بەڕاست؟

- سەماکارێکی ئیتاڵییە لە ئوبرچ..

- ڕەنگە ئارەزوو وکەڵکەڵەیەکی ڕەوتەنی بێ!

- خۆشەویستییەک بوو، پتر لە دەساڵ بەردەوام بوو..

- کە خۆشەویستییەکی گەورە بووە!

- هەندێجار وا هەستدەکەم، زیاد لە پێویست بەردەوام بووە!

بە دوو دڵییەوە بێدەنگ بوو، لە سێ و دووی ئەوەدا بووم پرسیارێک دەربارەی ژنەکەی بکەم، بەڵام وەکو ئەوەی مێشکی منی خوێندبێتەوە، گوتی:

- وەکو چۆن ڕۆژێ لە ڕۆژان ژنەکەمم خۆشویست..

بە ساردەییەوە باسی خۆشەویستیەکەیانی کرد، خۆشەویستی نێوان دکتۆرێکی چاک و سستەرێک، وەکو پێشتر لە خۆیم بیستبوو:

- لە بنەماڵەیەکی هەژار بوو، هەرچەندە ئێمەش دەوڵەمەند نەبووین، بەڵام هیچ کەسێک لە کەس وکارەکەم بەوە ڕازی نەبوو کە زەماوەندی لە گەڵدا بکەم، کەس کەس..

- بەڵام تۆ هەر خواستت..

- وەکو شێتان لە ئەشقا غەرق بووین..

ئیدی زمانم نەوەستا وگوتم:- پاشان سەرچاوەی ڤیان وشکی کرد!

دەنگی بەرز بووەوە – وەکو ئەوەی بەرزی دەنگەکە بکات بە چەکی بەرگری– گوتی:- ئەلهەقی هەرکە بوو بە دایک، نۆڕینی بۆ ڤیان بە تەواوەتی گۆڕا..

- چۆن نۆڕینی گۆڕا؟

- نازانم!

- نابێ، بێگومان دەیزانی.

- ڕەنگە، ڤیانێکی گەورەتر لە ڤیانی ئاسایی لەدڵدا بووبێ، بەڵام من خۆشەویستییەکەی جارانم نەما.. بەرەبەرە..

- بەرەبەرە چی؟

- زیاتر لێی دوور دەکەوتمەوە.. نەدەچووم بە لایا..

- کە خانمێکی مەغدوورە، مایەی بەزەییە!

- من هەموو مدارایەکی دەکەم، ژیان ونان وئیسراحەتم بۆ فەراهەم کردووە!

ئەوجا بە ڕاشکاوی:

- هەندێجار، خۆزیا دەخوازم، خۆشەویستی پیاوێکی دیکە بەدەست بێنێ وبەخێر و سەلامەت ڕەدووی بکەوێ وبڕوات!

وام هەست کرد چیرۆکەکەی دوریە تەواو بوو، بەڵام کۆمەڵێک گومانم– بە ئێستاشەوە– لەلا دروستبوو، ئیدی زروف وای هانی کە – من وسادق – پێکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ژنەکەی دکتۆر زوهیر کامیلدا پەیدابکەین،

دکتۆر سادق عەبدولحەمید هەردووکیانی بۆ سەفەرێک لە ئوبرچ الفیوم دەعوەت کرد، ژنەکەی بە هەنجەتی ئەوەی بە منداڵەکانەوە مژوولە لەگەڵ خۆیدا نەهێنا. دوای ساڵێک مامۆستا جاد ئەبولعولا لە دیوەخانەکەی خۆیدا گوتی:- من هەردووکیانم بینی!

لێم پرسی مەبەستی کێیە، گوتی:

- نعمات عارف ودکتۆر سادق عەبدولحەمید لە کونج مریوط..

بە نەبەدڵییەوە گوتم:- ڕەنگە..

بە تەوسەوە قسەکەی بڕیم:

وقالوا تراها یا جمیل تبدلت و غیرها الواشی فقلت لعلها.

لە دڵی خۆما گوتم ئەم دکتۆرە باشە پێویستی بەوەیە لێکۆڵینەوەی زیاتر لە لایەنە سۆزدارییەکەی بکرێ. زۆر باسی سیاسەت وهونەری کرد. بەڵام بەتاقە وشەیەکیش ئاماژەی بۆ ڤیانە تازەکەی نەکرد. بەردەوام بوو لە سەر هاتوچۆی دکتۆر زوهیر کامیل، وەکو جاران دەوری هاوڕێ ودڵبەندی دەبینی، زۆر لەم هەڵوێستەی بێزار وپەست بووم. قێزم لێی دەبووەوە. ئەوەی پتر پەستی کردم ئەوەبوو دوریەم لە هەمان ساڵدا لە ئوتومبێلەکەی جاد ئەبولعولادا بینی کە بە ڕێگای هەرەم دا دەیبرد، یەکسەر ڤێلاکەی هەرەمیم بیرکەوتەوە، ئەو ڤێلایەی عەجلان سابت بۆی باسکردم کاتێ باسی پەیوەندی –جاد ئەبولعولا– ی بە ئەمانی ژنی عەبدە بەسیونی بۆکردم. ئەوەتا دوریە وا جارێکی دی بەختی خۆی لەگەڵ پیاوێکی بەرەڵڵادا تاقیدەکاتەوە کە ئامانی بۆ کەس نییە. ئیدی لەو خەمە ئەخلاقیەم بێزار بووم وهەموو ئەوانەم بیرکەوتەوە، کە بە بێزارییەوە ناویان لێنابوو ئەخلاقی "بورجوازی" ، لە دڵی خۆدا گوتم، خۆشبەختانە زۆرمان لەم ژیانە سەخت و فانیەدا نەماوە.

## ٢٤ – سەبری جاد

لە ئاخر وئۆخری ساڵی نسکۆیەکە لە ئیدارەی سکرتاریەت هاتە دامەزراندن، لە تەمەنی بیست ودوو ساڵیدا بوو، بەکالوریوسی لە فەلسەفەدا هەبوو، لەیەکەم ڕۆژەوە بە کونجکاویەوە تەمەشام دەکرد، بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەوە بووم نیاز ونیەت ونیهادی خۆیم بۆ کەشف بکات وبمگەیەنێتە ئەم دنیا تازە و غەریبە. بە ئەسڵ دێهاتی بوو، بەڵام لە قاهیرە گەورە وپەروەردە بووبوو، لە خانەوادەیەکی مامناوەندی بوو، تاقە کوڕی بەینی سێ کیژ بوو. هەموو دامەزرابوون و شوویان کردبوو، ڕۆژێک لێی پرسیم:- جەنابت مامستا عەباس فەوزی دەناسیت؟

بە گەرمی وەڵامم دایەوە:

- هەڵبەتە، سەرۆکمان بوو تا چەند ساڵێک لەمەپێش خانەنشین کرا..

- ئێستا لەکوێ دادەنیشێت؟

- لە عابدین، دەتەوێ بیدینی؟

- بەڵێ، دەمەوێ دیمانەیەکی بۆ گۆڤاری زانست لەگەڵدا بکەم..

- تۆ لەوێ، لەو گۆڤارەدا ڕۆژنامەڤانی؟

- تازەم، لە ژێر مەشق وڕاهێنانم..

- چۆنە پێکەوە سەردانی بکەین؟.. منیش لە مێژە نەمدیتووە.

پێکڤە بۆ ڤێلاکەی عەباس فەوزی چووین، ڤێلاکەی لە سەربانی باڵاخانەیەک بوو لە عابدین، باڵاخانەکەش هی خۆی بوو. ئیدی بەهەمان لوتفی هەمیشەیی خۆی پێشوازی کردین. ئیدی سەبری جاد هەڤپەیڤینەکەی لەگەڵیا ئەنجام دا، هەڤپەیڤینەکە دەربارەی

کتێبەکانی مامۆستا بوو دەربارەی کەلەپوور. کەلە دیمانەکە بووەوە، دوعای خزمەتی خواست، لێ مامۆستا عەباس فەوزی پێیگوت:

- نایەڵم بڕۆی تا وەڵامی پرسیارەکانم نەدەیتەوە..

کوڕە گەنجەکە پرسی چی دەوێ، گوتی:

- هەندێ پرسیارم سەبارەت بە نەوەی ئەنگۆ لە لاچێبووە، ئایا تۆ ئامادەی بە ڕاشکاوی وەڵامم بدەیتەوە؟!

کوڕەکە بە زەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە:- بەڵێ. بێگومان.

- بێزەحمەت بە ڕاشکاوی، ئێمە خەڵکی نافەرمین وکۆڕ ودانیشتنەکەمان خۆمانەیە، حەقیقەتم لێ مەشارەوە..

- لە خزمەتودام، ئەمرەکەی..

من گوتم:

- مامۆستا دەیەوێ هەندێک شت دەربارەی نەسڵەکەی تۆ بە گشتی بزانێ نەک دەربارەی شەخسی خۆت..

عەباس فەوزی گوتی:- دەقاودەق ئەمەم دەوێ.

سەبری جاد گوتی:- ئەمرەکەی...

مامۆستا عەباس، خۆی لە سەر قەنەفە تورکییەکە ڕێک خستەوەو ئەوجا پرسی:

- هەڵوێستتان لەمەڕ ئاین چییە؟

سەبری جاد زۆر بە سادەیی وەڵامی دایەوە:- کەس گوێی ناداتێ!

- کەس؟!

- زۆربەی گەنجەکان گوێ بە ئاین نادەن!

- بۆچی؟

- ئەمە جێگەی باس نەبووە، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە زۆر شتی ناماقووڵی تیابێ و لەگەڵ ئەو زانستەدا تێک ناکاتەوە کە ئێمە دەیخوێنین..

- بەڵام ئەوەندەی من بزانم دەوڵەت گرینگی بە خوێندنی دەدات ومەرجە قوتابی تیایدا دەربچێت؟

- ئێمەش ئەزبەری دەکەین وتیایدا دەردەچین.

- مەبەستت ئەوەیە فێربوونی لە ئالی باوەڕ وعەقیدەوە بێسوودە؟

- بەڵێ.

- ئەدی لەماڵەوە؟.. لە ماڵەوە فێری ناکرێی؟.. داک و بابت ئیماندارن؟

- بەڵێ، بەڵام نە نوێژ دەکەن، نە ڕۆژوو دەگرن و نە باسی ئاین دەکەن!

- باشە،لە نێو قوتابییاندا ئیخوان موسلیمین نییە؟

- نەخێر.. هەشبن زۆر کەمن، لە نرخی نەبوودان..

- باشە قوتابی ئیماندار نییە؟

- بەڕای من، ئەگەر هەشبن زۆر کەمن..

ئەوجا وەک ئەوەی شتێکی بیربکەوێتەوە گوتی:

- لە دوای نسکۆوە، جۆرە مەیلێک بەلای ئایندا پەیدا بووە، هەندێک دەڵێن هۆی شکست ونسکۆکەمان دەگەڕێتەوە بۆ پشتگوێ خستنی ئاینەکەمان..

- کەواتە مەیلێک بەلای ئیماندا هەیە؟

- بەڵێ هەیە..

مامۆستا عەباس بەدەم بزەیەکەوە گوتی:

- من حەزدەکەم شتی وردترم گوێ لێبێ.

- ئەوەی دەیزانم عەرزم کردیت. ئەمە زیاتر بیرەوەریەکانی سەردەمی ئامادەیی و زانستگەمن.

- با من یارمەتیت بدەم، ڕەنگە مەبەستت ئەوەبێ کە ئیمان بە شێوەیەکی گشتی، لەنێو ئێوەگەلدا دەورێکی گرینگ نابینێ، بەڵام ڕەوشەکە لە دوای نسکۆوە لەوەیە بگۆڕێ؟

- بەڵێ..

- بە ڕای تۆ ڕادەی ئەگەری ئەم گۆڕانە چەندە؟

- نازانم..

مامۆستا عەباس دەبیرەوە چوو، من بە هەستێکی زۆر ناسک وبایەخێکی بێ وێنەوە، تەمەشام دەکردن. مامۆستا دووبارە پرسی:

- ئەو بەهایانە چین کە بەلای ئێوەوە پیرۆزن؟

سەبری جاد، حایر وحەپەساو تەمەشای کرد ولەبن لێوانەوە گوتی:- بەها؟

من لای خۆمەوە ڕووم کردە مامۆستا و یەکسەر گوتم:

- تکایە، بە گوێرەی توانا خۆت لە تەجریدات ببوێرە..

مامۆستا دووبارە پرسی:- بۆچی لە قوتابخاناندا زانست دەخوێنن؟

- ڕەنگە لەوە باشتر بێ بە خۆڕایی لە جادەکاندا بسووڕێینەوە!

- هەر لەبەر ئەوە؟!

- تا وەزیفەیەکمان دەست بکەوێ وبەخۆشی پێی بژین.

- ژیانی خۆش چییە؟

- بریتیە لە سوکنای باش وخواردنی خۆش وجل وبەرگی شیک وخۆشیەکانی تری ژیان..

لەخۆڕا خۆم لە قسەکەیان هەڵقورتاند وپرسیم:

- ئەدی زانست، حەزی لێناکەن؟.. هەوڵنادەن تیایدا سەرکەوتوو بن؟

- هەموومان حەزدەکەین زانست بخوێنین تەنیا ئەوانە نەبێ کە دەرەجە ناهێنن.

- بۆچی؟

- چونکە شادەتنامەی زانستی، وەزیفەی باش مسۆگەر دەکات..

- خۆ باڵادەستی وپێشکەوتن لە زانستدا دەسکەوت وخەونی زیاتر دەخولقێنێ؟

کەمێک سڵەمییەوەو ئەوجا گوتی:

- پێموایە، سەرکەوتووەکان خەون بەوەوە دەبینن..

مامۆستا عەباس لێی پرسی:- ئەدی لە کاتی دەست بەتاڵیدا کتێبان ناخوێننەوە؟

- زیاتر حەزمان لە سینەما وڕادیۆ وتەلەفزیونە وخەڵکانێکی کەم دەخوێننەوە..

- باشە کەلەپوور دەخوێننەوە؟

- باوەڕ ناکەم!

- باشە تۆ وەک خوێندکاری ئاداب کەلەپوورت نەخوێندووەتەوە؟

- زمانەکەی قورسە، فایدەی کەمە، پەیوەندی بە زەمانی ئێمەوە نییە!

مامۆستا، کەمێک دەنگی هەڵبڕی وبەتووندی پرسی:

- ئەدی نیشتمان، هێشتا خۆشتان دەوێ؟

- بێگومان.

- ئەدی ئیسرائیل، ئایا دەتانەوێ شەڕی بکەن؟

- ئێمە بە خوێنی خۆمان نیشتمان ڕزگار دەکەین، ئەو نیشتمانەی کە ئێوە بوونە سەدەمی شکست وبەزینی..

- ئێمە؟

- بەڵێ.

- نەسڵی ئێمە حوکمڕانی ناکات..

دزە ئامازەیەکم بۆ مامۆستا کرد کە تووڕە نەبێت، هێور بووەوەو زەردە خەنەیەکی دۆستانەی بۆ کرد، ئەوجا لێی پرسی:

- باشە سوسالیزمتان پێ باشە یان سەرمایەداری؟

سەبری، شانەکانی هەڵتەکاند وبەرسڤی دایەوە:- ناومان بەلاوە گرینگ نییە!

- ناو؟!

- بەڵێ. لەوە بێزار بووین.. گرینگ ئەوەیە ئازادی و سەرکەوتن و بەختەوەری هەر تاکێک مسۆگەر بێت..

جارێکی دی خۆم لە قسەکە هەڵقورتاند وگوتم:

- ئەمە مانای وایە تۆ سوسیالیزمت پێ باشترە!

- نازانم.

- باشە سیستەمی سەرمایەداریت پێ باشە؟!

- باوەڕ ناکەم.

- باشە سیستەمێکی تازەت هەیە؟

- نەخێر... بەڵام لەوانە بێزار بووین..

مامۆستا عەباس فەوزی بایدایەوە سەر پرسیارەکانی.

- هەڵوێستتان سەبارەت بە ڤیان چییە؟.. ڤیان هێشتا لەنک ئێوە بەهایەکی هەیە، یان سێکس بووە بە هەموو شتێک؟

- سێکس زاڵە، ئەوانەی خۆشەویستی دەکەن کەمن، دەیانەوێ خۆشەویستی بکەن بە پردێ بۆ زەماوەند!

- ئەدی زۆرینە؟

- مومارەسەی ڕیسک وسەرکێشی سێکسی دەکەن..

- لە گەڵ کێدا؟

- لەگەڵ کچانی قوتابی.. خوێندکاران.. کچانی عازەبدا!

- باشە ئەوجۆرە ژن هێنانەیان قەبووڵە؟

- زۆربەیان قەبووڵیانە.. هەندێکیش هەن پەیڕەوی داب ونەریتی نەوەی کۆن دەکەن..

- پێموایە کچان دەستبەرداری خەونی زەوجین نابن.

- ئەوە عەیبە گەورەکەیانە.

- دوور نییە، تۆ خۆتیش ڕۆژێ لە ڕۆژان ژن بێنی.

- دوور نییە، هەرچەندە مووچەکەم کەم بێت و هیچ ئایندەیەکم نەبێ.

- بەڵام بێگومان شتێک هەیە بە ژیانەوەت دەبەستێتەوە؟

- کەڵکەڵەی ڤیانی مانەوە وهەرمان.

- ڕەنگە ژیانت لە خۆشی خاڵی نەبووبێ؟

- پارووەیەکی ئاسان، فیلمێکی باش، پەیوەندییەکی سێکسی بێگەرد.

- بێگەرد؟!

- یانی هەولێک یان پردێک نەبێ بۆ زەوجین.

- پێت وایە تۆ لە باوکت باشتریت؟

- بابم کابرایەکی وەفدی بوو، سەعد زەغلول ومستەفا نەحاسی بە پیرۆز دەزانین، دەی پەرستن، من ئەوە بە کومێدیا دەزانم.

- بۆچی؟

- دەرکەوت ئەوانە بتن وهیچی تر.

- من هیچ باوەڕێکی ئەڵتەرناتیڤت لەلا نابینم؟

- ئەڵتەرناتیڤم هەبوو، بەڵام دوای پێنجی یونیو هەموو شتێک هەژا..

- باشە پێشنیازت چییە بۆ چاکبوونی ڕەوشەکە؟

- جیهان هەرهەمووی پووچ و بێ مانایە.

- پێشنیازت چییە بۆ چاککردنی؟

- لەناو بردنی هەموو مەسئوولەکان!

- گیانە تۆ بۆ ئەوە هاتوویت، گفتوگۆیەک لەمەڕ کەلەپوور ئەنجام بدەیت، کەچی تۆ باوەڕت پێی نییە؟

- من ڕۆژنامەڤانێکی تازەکارم!

- بەڵام ڕەفتارت لە هەلپەرستیەت خاڵی نییە؟

- چ قەیدییە؟ لەم دنیا جەنجاڵەدا، هەر ئەوزارێک بتگەیەنێتە مەبەست، ڕەوایە!

- زۆر سوپاست دەکەم.

- ببورە..

لە باڵاخانەکەی مامۆستا هاتینە دەرێ، دڵ ودەروونم یەکپارچە سۆز وگودازو خرۆشان بوو.

## ٢٥ – صفاء الكاتب

ماڵی الكاتب، لە بنەماڵە هەرە کۆنەکانی عەباسیەی کۆن بوون. ماڵەکەیان کەوتبووە گەڕەکی شەرقییەوە، خانووەکەیان، خانوویەکی بەرز بوو، باخچەیەکی گەورەو بەرینی هەبوو، کەوتبووە نێوان هەر دوو وێستگەی ترامەکەوە. زۆرجار کە بۆ تۆپانێ دەچووینە دەشت، بەپاڵ حەساری ماڵەکەی ئەوانا دەڕۆیشتین، لە حەسارەکەوە تەنیا ترۆپکی درەختەکان وچڕە یاسەمین وپەردە دادڕاوەکانم دەبینی.

ڕۆژێک کە بۆ دەشت دەچووم، عەرەبانەیەکم بینی کە لە ڕێگاکەی ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو شەقامە گشتیەکە دادەگەڕا. پیرەژنێک لە پێشەوە دانیشتبوو وچاوە خەواڵووەکانی لە درزی بەرقەکەیەوە (سەرپۆش) دیاربوو، کچێک لەلایەوە دانیشتبوو، کە ڕوناکی گەنجاتی لە سیمایا پرشنگی دەدا. شعراوی الفحام کەلە هەمووومان پتر شارەزای گەڕەکی شەرقی بوو، گوتی:

-ئەوە سەفای کیژی خاوەن کۆشکەکەیە.

خەلیل زەکی، هەرکە هەلێکی بۆ هەڵکەوتبا، خێرا دەیدا بەسەر باخەکانی گەڕەکی شەرقی دا وهێشووە ترێیەک یان مانجۆیەکی دەڕفاند، گوتی:

-لەتەمەنی بیستساڵیدایە.

جەعفەر خەلیل، کە بینی ڕەنگم گۆڕا، سەری وەپەنا گوێم ناو بە چپە گوتی:

-بەڵام تۆ پازدە ساڵانی!

سەیر ئەوە بوو، ڕوخساری وێڕای ئەو سۆزەی هاڕوژاندی – لە پشت هەورێن ڕابردووەوە ئاوا بوو، تەنانەت لەو دەمانەشدا کە نێچیری ئەفسوونی بووم، سەرو سیمایم لەلا ڕوون نەبوو، نە ڕەنگی قژیم دەزانی نە شێوەی دانانەکەی، نە ڕەنگی چاویم دەزانی نە شێوەی، نە قەد وبالأیم دەزانی، نە باریکیم دەزانی نە گۆشتنی. هەر هەموو ئەوانە، لە سیحراوێکی نادیاردا توایەوە. خۆ ئەگەر وەبیرم هێناباوە، یان خەیاڵم لێبکرداوە، ئەوا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئیلهام وسەرۆئاسا، وەکو چۆن بە پەنا دیوارێکا، بە دەم بیرکردنەوەوە ڕێ بکەیت ولە فکران ڕاچووبی و لەو دیو دیوارەکەوە بۆنی گوڵت بەسەر بێ، بەو ئاوایە لە

یادگەما پەیدا دەبوو. دەتگوت دڵم بە دوایێکی پەنهانەوە، کەوتووەتە دەستی ئەو وجگە لەوە هیچی دینایجولێنێ. ئیدی لەو دواییانەدا ئاشقی شێوەو ڕواڵەت وسیماو ورشە وپرشەی هەندێک ستێران بووم کە وامدەزانی سیما نادیارەکانی ئەوم بیردەخەنەوە، ئەوم لە ستێراندا دەبینی. هەر ڕوخسارێکی مرۆڤانیم خۆش بویستایە، بەڕاست و بە خەیاڵ ئەوی لە پشتەوە بوو، لەهەر جوانیەکا ئەوم بەدی دەکرد. ئیدی لە سۆنگەی ئەو ڤیانە لە ناکاوەوە، ژیانی سۆزداریم وەکو کەسێک سیحری لێکرابێ، بەجارێ ئاڵۆزکا. سەیر ئەوە بوو، ڤیانێکی بێ بنج وبناوان، بەدەر لە هەر مێژوویەکی دیاریکراو بوو. بۆ چەند چرکەیەک لە عەرەبانەیەکدا دیتم، ئیدی کۆنترۆڵی خۆم لەدەست دا، کەوتمە دنیایەکی تازەوە. ماوەیەکی کەم بەسەر خۆشەویستی حەنان مستەفادا تێپەڕی بوو، پەیم بە هەڵەی خۆم برد وقەناعەتم بەوە هێنا کە ئەمە یەکەمجارە خۆشەویستی دەکەم. زانیم چۆن ئینسان غەیب دەبێ، چۆن خەوی دەزڕێ، چۆن لە قەرەباڵغیدا، هەست بە تەنیایی دەکات ودەبێ بە هاوڕێی ژان وکول وکۆڤان. چۆن بە ڕەگ وڕیشەی ڕووەکانداو شەپۆلێن تیشکاندا ڕۆدەچێت. کەوتمە سووڕانەوە بەدەوری سەراکەی ماڵی الکاتب دا، کە بریتی بوو لە کۆشکێکی پەنجەرە داخراوی پەردە دادراوەوە. جگە لە دەرگاوان وباخەوان وهەندێک خزمەتکار عەبدەل بەشەری تیا نەدەبینرا. جارێک گوێم لە دەنگێکی ناسک بوو دەرگاوانەکەی بانگ دەکرد، دڵم داخورپا، یەکسەر مەزەندەم بۆ دەنگی ئەو چوو، پاشان دڵنیا بووم. بۆ جاری دووەم لە بۆنەیەکی زۆر خەمناکدا دیتمەوە. لەبەر پەنجەرەی ماڵێکی شوێنەواری لە شەقامی محەمەد عەلیدا، کۆمەڵێک ئافرەت خڕبووبوونەوە بۆ تەمەشاکردنی جەنازەکەی سەعد زەغلول، پێم نەزانی تا دوای تێپەڕبوونی جەنازەکە. ئیدی بە دەم فرمێسکەکانمەوە، ڕوخسارە پرشنگدارەکەیم بینی کە چاوەکانی دەسڕی وملی درێژ کردبووەوەو تەمەشای جەنازە پیرۆزەکەی دەکرد. لەپڕ دڵم داخورپا، هیچ

لەزەتێکم لە دیتنەکەی نەبینی، دڵەی شکاو وخەمبارم، جێگەی هیچی تیا نەمابوو، شەپۆلێک هەست وسۆزی هەڤدژ ڕای ماڵیم، هەروەها ئاپۆڕا وحەشیمەتی خەڵکە تێکرژاو وچاو بە گریانەکە ڕای ماڵیم. دوای ئەوە ئیدی نەمبینییەوە تا ئەو سەعاتەی بە جلی بووکێنییەوە لە پەیژەی بانێژەکەوە هاتەخوارێ تا سواری ئەو ئوتومبێلە ببێت کەبۆ ماڵی زاوای دەبرد، من لە ناو ئەو ئاپۆڕایەدا بووم کە بۆ تەمەشاکردن لە سەر شۆستەکەی بەرانبەر کۆشکەکە وەستابوون. ماوەی ئەو مێژووەی کەبە بێ هیچ ڕووداوێک تێپەڕی، تۆزێک لە یەک ساڵ کەمتر بوو، بەڵام سەیرترین ساڵی تەمەن وژیانم بوو.

هەموو برادەرەکانم بەمەیان زانی، لێبۆکەکان گاڵتەیان پێدەکردم وناوی " دێوانەی سەفا "یان لێنام، بەڵام ئەوانی دی ئاگاداریان کردمەوە کەلەوە پتر دوای کڵاوی بابردوو نەکەوم، دوای سۆزێک نەکەوم کە بێگومان هیچی لێ شین نابێت. منداڵ بووین، بیرکردنەوەمان زۆر سادە وساکارانە بوو، لە ڕۆمان وڕووداوەکانی ناو مێژووی ئەدەبی عەرەبییەوە هەڵمان هێنجابوو، سرور عبدالباقی پێی گوتم:

- ڕادەست مەبە دەنا وەکو مەجنوونەکەی لەیلا، دین دەبیت..

ڕەزا حەمادە پێی گوتم:

- ئەم خۆشەویستییەی تۆ ئەوە دەسەلمێنێ کەلە سەردەمێکی زۆر کۆنەوە خۆشت ویستووە، ڕەنگە ریدرهجارد گوتەنی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فیرعەونەکان.

ئیدی ئەو ڤیانە، لە فۆرمی هێزێکی دیکتاتۆریانەی ئەوتۆدا خۆی نواند، بە کەمتر لە قووتدانی ڕۆح وجەستە ڕازی نەدەبوو، تووڕی دامە دۆزەخی ئازارەوە، تواندمیەوە، حەلاندمی، مەعدەنێکی تازەی لێدروست کردم، مەعدەنێکی تامەزرۆی وجود و بوون، بەرەو هەموو شتێکی ڕاستەقینەی

ناو ئەو وجودە دەکشا. ئەم ڤیانە – دوای دیار نەمانی خولقێنەرەکەی– بۆ ماوەی دە دانە ساڵ بە هەڵگیرساوی وەکو شێتاتیەکی لە چارە نەهاتگ مایەوە. پاشان بە درێژایی ژیان لە ناخما وەکو هێزێکی کوژاوەو دامرکاوە داسەکنا– ئەگەر ئاوازێک یان دیمەنێک یان یادگارێک، بە ڕێکەوت بزواندبای، ژیانێکی ئارامی کاتی تێدەگەڕاو ئەوەی دەسەلماند کە هێشتا دەستی فەنای نەگەییوەتێ. هەرچەند بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە، سەرم لە خۆ دەسووڕمێ، بە سەرسامی لە خۆ دەپرسم. نهێنی ئەو ژیانەی من چ بوو، ئایا جۆرە شێتییەک گرتبوومی، زۆر خەفەتم بۆ ئەوە دەخوارد، کە نەردی بەختم وای نەهانی، ئەو ڤیانەم لە واقیعدا خۆی بجەڕبێنێ و، ئەرز وئاسمان لە گێژاوی ئەو ڤیانەدا یەک بگرن، وتوانای ڕاستەقینەی خۆم لە بواری کول وکۆڤانی خۆشەویستیدا تاقی بکەمەوەو لەبەر ڕۆشنایی واقیع بە هەموو زبری ودژوارییەکیەوە ڕوو بەڕووی نهێنییەکانی ببمەوە. ڕەزا حەمادە چەند ئاقڵ بوو کە ڕۆژێک پێی گوتم، گەییوینەتە ئاستێکی باش لە تەمەن وئەزموون.

- سەفا، وەکو هاڕوژێنەرێک فڕێ درایە ژیانتەوە.. ئەم کچە، تەنیا جفرەیەک بوو بۆ شتێک، دەبوایە نهێنییەکانی ئەو جفرەیە هەڵبێنێ.

پێمگوت:

- ژیانمان گۆڕابوو بە گاڵتەجاڕی، بەڵام من حەزناکەم بە سووکی باسی ئەو ڕۆژانە بکەم.

- بە سووکی؟! مرۆڤ چۆن گاڵتە وسووکایەتی بە جوانترین ساڵانی تەمەن دەکات؟!

لە شەستەکاندا بەلای کۆشکەکەی ماڵباتی الکاتب دا ڕەت بووم، سەیرم کرد لە بناغەوە ڕوخێنراوە، دار وپەرووەکەی لابراوە، شوێنەکەی

زەوییەکی تەخت بوو، هەڵکەندرابوو تا چوار باڵەخانەی نیشتەنی لەجێگادا ڕوبنرێ.

بەدەم تەمەشاکردنی ئەرزە تەختەکەوە بزەیەکم هاتێ. هەستێکی خەمین دایگرتم. سەفام بیرکەوتەوە کە لەوەتای بە جلکی بووکێنییەوە بە قالْدرمەکانا داگەڕابوو، نەمدی بوو، هیچ هەواڵێکیم نەدەزانی، نەمدەزانی ئایا ماوە یان مردووە، بەختەوەرە یان بەدبەختە. ئاخۆ دوای تەمەنی شەست ساڵی چەند گۆڕاوە؟ هەواڵی چییە، ڕەئی خەڵکانی دی دەربارەی چییە. باشە هەقی خۆی نەبوو ئەوە بزانێ کەلە میحرابێکدا وەکو خوا پەرستراوە، ژیانی لە دڵێکا تەقاندەوە، کە تا ئێستاش ناوبەناو بە یادی ئەوەوە لێدەدات؟

## ٢٦ – سەقەرول مەنوفی

هەڵبەتە ئاسایی بوو هاپۆ سەقەرول مەنوفی بەوە وەسف بکرێ کە فەڕاش و پۆستەچی ئیدارەی سکرتاریەتە، بەڵام وەختێک هات خەریک بوو بە پێچەوانەوە، ناوی ئیدارەکەی هاپۆ سەقەر لە ئیدارەکەمان بنرێ. کابرایەکی ئامال کورت وقەڵەو بوو، بەڵام زۆر چوست وچالاک بوو، ئەرکی خۆی بە زیادەوە ئەنجام دەدا. بە تەبیعەت جاسووس بوو، جاسووسی بۆخۆی دەکرد، کەبەیانیان قاوەی دەگێڕا خۆبەخش و لەبن لێوانەوە نهێنیانی دەدرکاند، نهێنی وەزارەتەکە وفەرمانبەرەکان. وا بزانم یەکەم کەس بوو کەلە هۆیە ڕاستەقینەکانی بەرز بوونەوەی شرارة النحال لە کرێکاری تەلەفۆناتەوە بۆ سکرتێری جەنابی باسەعادەتی وەکیل وەزیر ئاگاداری کردمەوە، پاشان هەواڵەکانی، دوا بەدوای یەک بەسەر عەباس فەوزی وعەدلی المؤذن وعەبدوڕەحمان شەعبان وخاتو عەبدە سلیمان وپیاوە باشە نەگبەتەکە، تەنتاوی ئیسماعیل و.. هتد داباری. ڕۆژێک مامۆستا عەباس فەوزی بەدەم باسکردنی گرانی بازاڕ

وداماوی فەرمانبەرانی کەم مووچەوە لە ڕۆژانی جەنگدا، پێی گوتم:- کەس وەکو هاپۆ سەقەر خۆش خۆر وتێرخۆر نییە!

سەرم سوڕما، گوتی:- ئاشقی خواردنی باشە.

پێمگوت:- ئاشق بوون شتێکە و، شیان (توانین) شتێکی دیکەیە.

بە شێوازە تەوسامێزەکەی خۆیەوە گوتی:

- لە تۆ وایە لە قەڵەمی ئەمنا کاردەکات، لە هەر شوێنێ ئاهەنگ و خۆشییەک یان پرسە وماتەمێک هەبێ ئاگای لێیە، خێرا خۆی دەگەیەنێتە ئەوێ، خۆبەخش دەکەوێتە خزمەتکردن، لە ئەنجاما خۆی لە کۆڕی دەعوەت وسفرەو خوانی ئێوارەدا دەبینێتەوە، هەروەها دەچێتە شەوکۆڕی لە دایک بوون لە مزگەوتە گەورەکانا، شەو نییە، لە دەعوەت نەبێ. چ پاشایەک لەم شانسە خۆراکییە بێ نەزیرەدا دەیگاتێ؟!

بۆیە هەمیشە بەڕەنگ وڕوو وسەرحاڵ بوو، بە ئاو وتاو بە گۆشت وکولیچە و شیرینەمەنیا هەڵیدەدا. بەڵام باقی دیاردەکانی دیکەی ژیانی، بەشێوە ئاساییە کلۆڵییەکەی وەکو پۆستەچییەک دەڕۆیی بە خاوخێزانەوە، خۆی وژنەکەی و منداڵەکانی لە فولکەی دەعس لە حسەینیە، لە تاقە ژوورێکی ژێرەوە دەژیا. بەڵام کەی نەخشە وڕێکارێکی بۆ دەوڵەمەند بوون دانابوو؟ گومانی تیا نییە ئەو نەخشەیەی دانابوو وبەکاوەخۆ کاری لەسەر جێبەجێکردنی کردبوو، ڕەنگە لەو کاتەوە کە من لە ئاخر وئۆخری ساڵی ١٩٢٤وە دامەزرابووم، ئەو ئیشی لەسەر ئەم نەخشەیە کردبووبێ.

لە سەرەتاوە بە فرۆشتنی پارچە خشڵ ومس، دەستی پێکرد، ئەم کارەی لە دایکییەوە بۆ مابووەوە، پارەیەکی باشی دەسکەوت، ئیدی بە سوویەکی زۆر قەرزی بە فەرمانبەرەکان دەدا. دیارە ئەمە

کاروچالاکییەکی غەریب بوو بۆ پیاوێکی موسوڵمانی خەڵکی وڵاتی هەژاران، بەڵام ئەو دەستی بەو کارە کرد وتا کۆتاییش لەسەری ڕۆیی. ئیدی بەوە لەنێو فەرمانبەرە هەژارەکاندا، کە تا خوا حەزدەکات ژمارەیان زۆرە، ناسرا. هەموو بە پەرۆشەوە ڕوویان تێکرد، تا وای لێهات بوو بە بنکەیەک بۆ تەڤگەرێکی بانکی نهێنی وئیدی پارەکەی زیادی کرد وکەڵەکە بوو. لە زەرفی چارەکە سەدەیەکدا، توانی ئەو خانووەی، کە لە ژوورەکەی ژێرییەوە دەژیا، بە هەزار جونەی بکرێ، ئەوجا ڕوخاندی و لە جێگاکەیدا، بالەخانەیەکی دوو نهۆمی و ڕیزێ دووکانی دورستکرد. دوو کوڕ وکچێکی هەبوو، ئیدی هەژارانە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکردن، کوڕە نۆبەرەکەی لە لادێدا ولە بنکەیەکی نوژداریدا بە فەڕاش و پێشخزمەت دامەزراو بە تەواوەتی لە خانەوادەکەی دابڕا، ناوەجیەکەیان بوو بە شاگرد قەساو، بەڵام کیژەکە لە تەمەنی هەرزە کاریدا دیار نەما، دەگوترا هەڵگیراوە، وێڵ بووە، یان ڕەدوو کەوتووە. زۆری پێنەچوو کوڕە ناوەنجیەکەی لە شەڕێکا لە قەساوخانە کوژرا. هاپۆ سەقەر زۆری لەبەر گران بوو. قەناعەتی وابوو ئەوەی هاتووەتە ڕێی کچەکەی وکوڕەکەی تۆڵەی خوایی بووە، لەسەر ئەوەی بە سوو دەوڵەمەند بووبوو، ئیدی وازی لە پارە بە سوودان هێنا، حەجی کرد و تۆبەی کرد. سەیر ئەوە بوو دەوڵەمەند بوونەکەی هیچ گۆڕانێکی بەسەر ڕواڵەت وڕەفتاری گشتی لە ژیانادا چێنەکرد. هەرلە وەزیفە بچووکەکەیا مایەوە، خزمەتی فەرمانبەرانێکی دەکرد کەلە ڕووی داراییەوە لە هەموویان گەورەتر بوو. بەردەوام وەکو جاران هاتوچۆی ئاهەنگ و ماتەم و پرسەکانی دەکرد، بۆ ئەوەی لە دەعوەتە بەلاشەکانا دوو پاروو خواردنی بەربکەوێ، دوور ونزیک وەکو ئەوەی بۆن بکات تاقیبی هەواڵەکانی دەکرد. تالە کاتی گێڕانی قاوەی بەیانیاندا، نهێنیەکان بدرکێنێ و کەشف بکات. کەبە تەنیا دەبوو، خەفەتی بۆ کیژە چارەنووس نادیار وکوڕە کوژراوەکەی دەخوارد. لەبیرمە، لە ماتەمی جەعفەر خەلیل دا بووم کە عەدلی

المؤذن بۆ تازیە و سەرخۆشی هات، ماوەیەک لە لایەوە دانیشتم، پێی گوتم:

- سەقەرول مەنوفی گیراوە!

حەپەسام، لە هۆی گرتنەکەیم پرسی، گوتی:- لەوە دەچێ شێت بووبێ..

ئەوجا گوتی:

- بە تەنیا لە ماڵەوە دەبێ، کچی کابرایئوتوچی قاتەکەی بۆ دێنێتەوە، کچێکی مندالە، بالق نەبووە، زەفتی دەکات، فەساتی دەکات!

ئیدی ماوەیەکی زۆر لە بیرم چووەوە، ئاگام لێی نەما، تا ڕۆژێ لە دەوروبەری ساڵی ١٩٦٠دا، بە چەند مانگێک پشتی دەرچوونی لە زندان، لە گازینۆی فیشاوی دانیشتبووم، هات بۆ لام. چەند لە ئەحواڵیم دەپرسی، بە کورتی وەڵامی دەدایەوە:

- سوپاس بۆ خوا، لەخوا بە زیاد بێ.

بیستم، کە ئەو لە زنداندا دەبێت، ژنەکەی مردبوو وئێستا بە تەنیا دەژیا.

- چووم بۆ سەردانی کوڕەکەم، بەڵام ئاسوودە نەبووم، دوای هەفتەیەک گەڕامەوە!

کەوتمە دڵدانەوەو ورە بەرزکردنەوەی، تا گوتی:

- من بەوەی ڕوویداوە ڕازیم، بەڵام بۆچی خوای گەورە هەمان بەرخورد لەگەڵ خەڵکانی وەکو شرارة النحال یان عەدلی المؤذن ناکات؟!

ئەمە لە دەروازەی طناب – دەوروبەری ساڵی ١٩٣٠– ماڵێک وچوار کیژی زۆر جوانی بەڕێوە دەبرد. لەو زەمانە کۆنەوە پەیوەندییەکی پتەو ودۆستایەتیەکی بەتین لە نێوان ئەو وسەید شەعیردا چێبوو. ئێمەی پێ ناساند وتەواو لە قەوێدەکە (دەلاڵ)نزیک بووینەوەو ئیمتیازاتی زۆر باشمان لێی دەسکەوت، لەو شەوبێریە تایبەتیانەدا –کە دوای داخستنی دەروازە دەستی پێکرد – بەشداریمان دەکرد کەلە ماڵەکەدا ئەنجام دەدرا. ئیدی گوێمان لە گۆرانی دەگرت، سەمامان دەبینی، شەوبێری تا بەرەبەیان بەردەوام دەبوو. سەبریە لە تەمەنی چل ساڵیدا بوو، گۆشتنێکی بەسام و هەیبەت، ڕوخسار جوان وبەزەبت وڕەبت بوو. ئامادەبوونی وەکو یاسایەکی ئاسایی بوو، هەموو ئەوانەی لە بنکە تایبەتیەکەیدا بوون، بە گوێیان دەکرد، کەس نەبوو، نە کەنیزەک، نە گەواد، نە مشتەری ونە خزمەتکار، لە قسەی دەربچێ و بەگوێی نەکات. جەعفەر خەلیل دڵبەندی بوو، (شەعراویل فەحام) بە جۆرێ ئاشقی بوو کە سەید شەعیر ناچار بوو پێی بڵێ:- دەلاڵە، ئیدارە بەڕێوە دەبات، کارناکات.

لێی پرسی:- یانی مەبەستت ئەوەیە توخنی پیاو ناکەوێ؟

- نەخێر، دەلاڵیش ئاشق دەبێت بەڵام بە پارە ئیش ناکات، هاوڕێیەکی ڕومی، ئارەق فرۆشی هەیە!

کە جەنگی دووەمی جیهان بەرپا بوو، یەکێک بوو لە ڕیزی پێشەوەی ئەو دەلالانەی، بە گەڵ پەرەسەندن وگۆڕانکاریە کوت وپڕەکان کەوت، لە شەقامی شامبلیون، شوقەیەکی گەورەی بە کرێ گرت وژێراوژێر وبە دزییەوە کردی بە قەحپەخانەی نهێنی، ئیدی بازنەی کارەکەی گەورە کردەوەو لە شەقامی شابانو نازلی دا. باڕێکی کردەوە، ئیدی سوودێکی زۆری لە سەربازەکانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی بینی، بە تایبەتی کە

لە غەریبیدا ئەهلی کەیف وڕابواردن بوون. ئەو ماوە ناچێگیرە، بەهرە وتوانا ئیداری وکارگێڕیەکانی دەرخست، سەید شەعیر پێی گوتم:

- دەترسام، دەرەقەتی ئەم هەموو ئیش وکارە نەیەت، وبۆی کۆنترۆڵ نەکرێ، بەڵام دەرکەوت لە جن لێهاتووترە!

بە بەردەوامی سەری دەدا، هەر چییەکی دەکرد موو بە موو بۆی دەگێڕاینەوە، زانیمان چۆن لە بازاڕی ڕەشدا کاری کردووەو لە ڕێگەی مەیفرۆشی و خوردەواتەوە قازانجێکی زۆری کردووەو پارەیەکی زۆری پێکەوە ناوە. سەید شەعیر گوتی:

- سەبریە هەرچەندە نەخوێندەوارە، بەڵام لە وەزیرێک بە تواناترە، تاقە فلسێکی لە حیساباتی ماڵەکە وبارەکە وبازرگانیەکە لێ تێک ناچێت، مەعمیلەکانی یەک بەیەک و بەناو دەناسێت، وای لە حاڵی ئەو کەسەی دەیەوێ بیخاپێنێ، ژنێکی دەست و دڵ تێرە، درێغی لەوانە ناکات کەکاری لەگەڵدا دەکەن، چاوی لە دابەشکاران وگەوادان و کچەکانە، هەریەکێک لەوانە خۆشیان دەوێ، ڕێزی دەگرن وهەزار ویەک حیسابی بۆ دەکەن.

بە ڕەزا حەمادەم گوت:

- خۆزیا حکومەتەکەمان لە مامەڵە وبەرخوردیدا لەگەڵ فەرمانبەرانی خۆیا چاوی لەو و لە خەڵکانی وەکو ئەو دەکرد.

ڕەزا حەمادە پێکەنی وگوتی:

- سەبریە بەلای منەوە زۆر لە هاوڕێ دیندارەکەمان، زەهران حەسوونە باشترە!

گوتم:

- لە لای من لە زۆربەی ئەو وەزیر وسەرکردانەمان باشتر وشەریفترە کە هەمان دەور لە گەڵ ئینگلیزدا دەبینن، بەڵام لەسەر حیسابی نیشتمان!

جەعفەر خەلیل بە کەسەرەوە گوتی:

- هەزار ڕەحمەت لە خەلیل شەعراوی الفحام، کەلە ژیانە کورتەکەی خۆیدا یەکەم دڵداری لەگەڵ ئەو ژنەدا کرد.

سەبریە، لە کۆتایی جەنگدا، سەروەت وسامانێکی مۆڵی کۆکردەوەو بە کردەوە سەلماندی کەلە زۆر کەس ئاقڵترە، تەمەنی گەییە پەنجا وپینج ساڵ. کاروبارەکانی پاک کردەوە، پارەیەکیمۆڵی خستە بانکەوە، لە المعادی دا ڤێلایەکی بۆخۆی دروستکرد. بەڵام هاوڕێ ڕومییەکەی مرد، ئیدی سەبریە نە میراتگری هەبوو و نە خزم وخوێش، ژیانێکی هێدی وهێمن ژیا، پاشان قەراری دا ژیانی لە ڕەگ و ڕیشەوە بگۆڕێ، چووەحەج، پارەیەکی زۆری بەسەر هاوڕێ دێرینەکانیا بەخشییەوە، پارەیەکی مۆڵی بە کۆمەڵە خێرخوازییەکان بەخشی. لە ساڵی ١٩٥٠دا بیستم، لە تەمەنی شەست ساڵیدا شووی بە گەنجێکی سی ساڵان کردووە، کە فەرمانبەری بەشی ڕووپێوی بوو، یەکسەر هەستیکرد کە قۆناغی ئارامی پێچرایەوە و قۆناغی نیگەرانی دەستی پێکرد. ئیدی لەو بەروارەوە تاکو ئەمڕۆ هیچ هەواڵێکی تازەم دەربارەی نەبیستووە، شووکردنەکەی دەرگای لە ڕووی سەید شەعیر داخست و ئیدی هەواڵی لە منیش بڕا.

## ٢٨ – تەنتاوی ئیسماعیل

وابزانم یەکەم فەرمانبەر بوو، کە هیچ جەوهەرو ناوەڕۆکێکی فەرمانبەری ئاساییم تیایدا نەبینی. وەختێک من دامەزرام وبووم بەفەرمانبەر، ئەو سەرۆکی سکرتاریەتی گشتی بوو، پلە پێنج، لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا بوو، لەو ئیشەدا مایەوە تا لە ساڵی ١٩٤٤ دا خانەنشین کرا. کە چاوی بە فایلی خزمەتە تازەکەما گێڕا، لێی پرسیم:

- قوتابی دکتۆر ئیبراهیم عەقل بوویت؟

بە شانازییەوە بەرسڤم دایەوە:- بەڵێ، قوتابی دکتۆر ماهیر عەبدولکەریمیش بووم.

بە دەنگێکی گڕ گوتی:

- ماهیر عەبدولکەریم پیاوێکی گەورەیە، بەڵام ئیبراهیم عەقل کابرایەکی بووەڵەیکافرە، کلکی مژدەبەرانە!

هیچ ئەنگێزەیەک نەبوو هانم بدات بەرەڤانی لێبکەم، گوتم:

- وابزانم وازی لە فیکر هێناوە، هەر بەناو مامۆستایە.

بەتووندی گوتی:- بە ناویش مامۆستا نییە، کابرایەکی بەکرێگیراوەو تەواو!

چەند جارێک تەنتاوی ئیسماعیلم لە ئۆفیسەکەی بەڕێوەبەری گشتیدا بینی، پێموابوو، نە سەر دادەنوێنێ ونە مەرایی بۆ کەس دەکات وزۆر لە خەمی پاراستنی کەرامەتی خۆیدایە، ئەوجا لەوێ دەڕۆیی و خراترین شوێنەواری لەدووی خۆی بە جێدەهێشت! ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو، ئەو نووسراوانەی کە بۆ ئیمزا کردن دەخرایە بەردەستی، نەکهەر لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەڵکو لە ڕووی هەڵەی زمانەوانی ودەستووریشەوە ڕاستی دەکردنەوە. بەسەر ژوورەکانی ئیدارەدا دەگەڕا، تا چاودێری سیستەم وکار بکات. قەت چاوپۆشی لە کەسێک نەدەکرد خاوەخاوی بکردایە، یان کارێکی پشتگوێ بخستایە، یان مامەڵە وبەرخوردی لەگەڵ جەماوەردا خراپ بوایە. سەرباری ئەوەش تاقە یەک فەرمانبەرم نەبینی کە دان بە فەزڵ وچاکەکانی ئەودا بنێ، ڕەفتارەکانی بە گەوجاتی یان شێتاتی عەزەمەت لە قەڵەم دەدران، لەبیرمە جارێک لە پێش جەژنی سەری ساڵی کۆچیدا بە منی گوت:

- من یەکەم کەس بووم داوام کرد کە سەری ساڵی کۆچی بکرێ بە پشووی فەرمی!

بەڵێنی دامێ ئەو داویەم پیشان بدات کە ئەو داوایەی تیا کردبوو وبەڵێنەکەشی بردە سەر. هەروەها ئەوەشم لەبیرە دوای چەند ساڵێک بە گوێرەی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی تایبەت بە لە بیرکراون، تەرەقیەکی تازەی کرد، بەو بۆنەیەوە پیرۆزباییم لێکرد، بەڵام بە دەنگە بەرزەکەی گوتی:

- ئەگەر ئینسافیان هەبوایە، ئەوا جڵەوی حوکمڕانیان دەدایە دەست لە بیرکراوان، چونکە لە ڕاستیا ئەوان شەریفترین فەرمانبەرن!

هاپۆ سەقەری پۆستەچیش لەوێ بوو، هەڵبەتە جێگەی ڕێز ولوتفی کابرا بوو. پێی گوت:

- ڕەنگە ئەوە ببێتە سەدەمی ئەوەی کە جەنابت ڕەئیت سەبارەت بە وەفد بگۆڕێ؟

بە ڕاشکاوی گوتی:

- ئەمە ئینسافی خوازراو نییە، بەڵام مدارای شەڕێکی پەنهانە، نیمچە چارەسەرەو، ئەوەش دروشمی ڕاستەقینەی ژێراوژێری وەفدە. هەق هەقە ونەهەق نەهەقە، چاکەی ڕاستەقینە ئەوەیە کار بدرێتە دەستی خەڵکانی شایستە وخەڵکانی گەندەڵ لە زندانان توونـد بکرێن. هەزار ڕەحمەت لە سەرانی حیزبی نیشتمانی، بە خەبات و قوربانی دان ژیانیان ناسی وجەڕباند نەک بە سیاسەت وسولْح و سازش!

ڕۆژێک، چاوی بە لیستی ناوی ئەو گەورە فەرمانبەرانەدا خشاند کە لە یەکێک لە بۆنەکاندا پلە و پۆست ومیداڵیان وەرگرتبوو، گوتی:

- ئەگەر باوەڕم بە خوا نەبوایە، ئەگەر باوەڕم بەوە نەبوایە حیکمەتی خوا لە سەرووی ئەقڵانەوەیە، شێت دەبووم!

عەبدوڕەحمان شەعبان، پاچڤەوانی وەزارەت بە گوێیدا چپاندم:

- هێشتا خۆیبە ئاقڵ دەزانێ!

بەڵێ. هەمیشە بە شێت لە قەڵەم دەدرا. بۆیە چاوپۆشی لە زۆربەی ڕەفتارەکانی کرابوو. من لە عەباس فەوزی وهاپۆ سەقەر وخەڵکانی دیکەوە ڕابردوویم زانی بوو. بە شادەتنامەی دبلۆمی باڵای بازرگانی، لە تەمەنی بیست ساڵیدا، لە وەزارەت دامەزرابوو. لە زەرفی پێنج ساڵدا بوو بە سەرپەرشتیاری بەشی ژمێریاری. ئەخلاقێکی جوان وپاکی هەبوو، کەسێکی ئەمین و دڵسۆز بوو، لە هەق لای نەدەدا. ترسێکی زۆری خستە دڵی کاتبەکان ومورا‌جیعەکانەوە. ئەمانە لە میانی سیستەمێکی مکوومی هەرەوەرزییەوە کە لە سەر بەرتیل وسەوقاتی ڕۆنرابوو کاریان دەکرد، ئەم کابرایە وەکو بومبایەک لە ناویاندا تەقییەوەو سەرچاوەی ڕاستەقینەی ڕزق ودەسکەوتەکانیانی هەڵتەکاند. خۆ ئەگەر وێرابان وجورئەتی تەواویان هەبوایە تیرۆریان دەکرد، بەڵام بیریان لە ڕێگەیەک کردەوە کەلە شەڕی بخەلەسن. ئیدی هەستان زۆر فێڵبازانە ئیمزاکەیان تەزویر کرد، نەیتوانی حاشای لێبکات وپاکانە بۆ خۆی بکات. ئیدی درایە لیژنەی لێ پێچینەوەو سزادان، لیژنەی ناڤبری بڕیاری دەرکردنی دا.

- بیهێنە بەرچاوی خۆت، کەسێکی ئەمین و ئەمانەتدار تا ڕادەی شێتی، کاتێ بەخۆ بزانێ، بە تۆمەتی خیانەت بە ئەمانەت، لە کارەکەی دەربکرێ!

کە وەزارەتی بەجێهێشت، پڕ بەزار هاواریدەکرد:"من پاکم... بێتاوانم... ئابڕوومەندم.. من مەزڵوومم... خودایە هەر تۆ پشت وپەنامی، تۆم هەبێ بەسمە." پێنج دانە ساڵ، بەدەم ئازار وبرسێتی وشێتایەتیەوە تلایەوە،

تا مێشکی بە تەواوەتی تێکچوو ومامی ناچار بوو بۆ خەستەخانەی نەخۆشی ئەقڵی حەلوانی ببات، یەک ساڵ لەوێندەر مایەوە، پاش ئەوەی چاک بووەوە لەوێندەر دەرچوو، بەڵام شتێکی لەدەست دا کە لە قەرەبووکردنەوە نەدەهات. وەکیلی بەشی ژمێریاری نەخۆشکەوت، هەستی بە نزیکبوونەوەی ئەجەل کرد. بەڕێوەبەری ئیدارەی لێکۆڵینەوەی بانگکرد، دانی بە حەقیقەتی ئەو پیلانەدا نا کە لە تەنتاویئیسماعیلیان کردبوو، ژێراو ژێر وبە نهێنی لێکۆڵینەوەکە دووبارە کرایەوە، پاشان بڕیاردرا کابرا بۆ خزمەت بگێڕدرێتەوەو لە بەشێکی "نادارایی" دا دابنرێ، تا لە هەر قسەو قسەلۆکێک بەدوور بێ، نە خۆی ئەزیەت بخوات ونەخەڵکانی دی! دە دانە ساڵ کارم لە گەڵیا کرد، لە نزیکەوە ناسیم، دەمزانی کە لە ڕادەبەدەر باوەڕی بە خوا هیە، زۆر ڕەوشت بەرز وپاک بوو. تا ڕادەی دەمارگیری کوێرانە نیشتمانپەروەر بوو. شارەزاییەکی زۆری لە سەرچاوە ئاینییەکاندا هەبوو، بە ڕادەیەک محافەزەکار بوو، خۆی لە قەرەی هیچ قسە و باسێکی فیکر نەدەدا و بە لادانی دەزانی. جارێک لە سووچێکی مزگەوتی حسەین دا، لەو شەوی سالانەیەدا کە شێخ عەلی مەحموود سازی دەکرد، یەکمان گرتەوە، لە دەوروبەرەکەی دەپرسی:

-ئایا چاکە و فەزیلەت هێشتا هەر ماوە، یان بووە بە مۆدەیەکی کۆن؟

کەوتە هێرش بۆ سەر ترسنۆکی وڕیابازی وگەندەڵ بوونی وێژدان ودەیگوت:

- ئێمە پێویستیمان بە تۆفان ولەهییەکی تازەیە. تا کەشتیەکە ئەو ژمارە کەمەی پیاو چاکان بەرێت، تا سەر لەنوێ جیهان بخوڵقێننەوە!

زۆرم حەزدەکرد زیاتری لە بارەوە بزانم، دەربارەی ژیانی تایبەتی. یەکەمین پەروەردەی، پەیوەندی لەگەڵ ژن ومنداڵەکانیا، هەڵوێستی

دەربارەی تەماحە دنیاییەکان، پاشان قەناعەتم بەو زانیاریانە کرد، کە دەربارەی ئەو دەستم کەوتبوون، ڕاستە مرۆڤێکی پاک بوو ، بەڵام لە زەلکاوێکی پڕ لە میکرۆباندا دەژیا. تووندڕەوی لە مەسەلەی هەق وهەقپەروەریدا، هەندێجار بەبێئەوەی بە خۆی بزانێ، لە نامرۆڤایەتی نزیک دەکردەوە. ڕاشکاوییەکەی زۆرجار بەبێ ئەوەی پێویست بکات، دەبووە مایەی ئازار، ئیدی ئەمە کردبوویە کارێک خەڵک نەک هەر لێی بێزاربن بەڵکو ڕقیشیان لێی ببێتەوە، عەبدوڕەحمان شەعبانی پاچڤەوانی وەزارەت بە "کوڕی ژنە شێتەکە" ناوی دەبرد، هەر هەروەها مامۆستا عەباس فەوزی بە تەوسەوە دەیگوت:

- سەروەرمان تەنتاوی کوڕی خەتاب ڕەزای خوای لێبێ!

وێڕای هەموو ئەوەش، نەیتوانی ڕێگە لە شەپۆلی "مودێرنە" بگرێت ونەیەڵی لانەکەی غەزوو بکات. ڕۆژێک –من تازە فەرمانبەر بووم- کیژێکی جوانی خشکۆکم بینی، لە تەنیشت مێزەکەیەوە ڕۆنیشتبوو، بە یەکتری ناساندین وگوتی:

- سوریا ڕەئفەت، کیژی برامە.

ئەوجا بە ناڕەزایی گوتی:- خوێندکاری پەیمانگای باڵای پەروەردەیە!

ئەوجا سەری لەقاند ولە سەری ڕۆیی:

- زانست ڕوناکیە، بەڵام من لەگەڵ ژنی ئیشکەردا نیم، بۆیە هیچ دەسەڵاتێکم بەسەر کیژی برا گەورەکەما نییە تەنیا ئامۆژگارینەبێت.

وابزانم دوا هەڵوێست کە سەبارەت بە تەنتاوی ئیسماعیل لە دڵما نەخش بوو دوای ١٩٤٢/٢/٤ بوو، کە پێش ئەوەی لە پشت مێزەکەیەوە ڕونێ پێی گوتم:

- ڕات چییە؟.. ئەوەتا ڕابەرەکەت بە سواری تانکی بەریتانی بۆ وەزارەت دەگەڕێتەوە.

من، خۆم لە گەنگەشەی وی دەبوارد، بە تایبەتی ئەگەر لە حاڵی هەڵچووندا بوایە، بە چاوانی ئەبڵەقەوە کەوتە پرسیار:

- پێشتر شتی وا هەبووە، ئەو جۆرە ڕابەرایەتیەتان بیستووە؟!

ئەوجا بە جۆرێ تووڕە بوو، کە شێت ئاسا کەوتە هاوار:- تۆفان..تۆفان.. تۆفان..

## ٢٩ – تەها عەنان

ئێمە لە پۆلی چواری ناوەندی بووین کە ئەم کوڕەمان تێکەڵ بوو، باوکی مامۆری (بەرپرس) بەشی پۆلیس بوو لە ئەسیوت، پاشان بۆ قاهیرە گوێزرایەوەو بوو بە ماموری بەشی وایلی، ئیدی بە ماڵەوە لە گەڕەکی عەباسیەدا ئاکنجی بوو. تەها عەنان ئاشنایەتی لە گەڵ هاوڕێیانما جەعفەرخەلیل وڕەزا حەمادەو سرور عەبدولباقی، هەڤاڵانی قوتابخانەی دوا ناوەندیدا، پەیدا کرد، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ من وڕەزا حەمادەدا پتەوتر بوو، چونکە هەرسێکمان هەمان مەیلی وەفدی و ئارەزووی ڕۆشنبیریمان هەبوو. لەو مانگرتنەدا بەشداری کرد کە بەدەر زیادی هەڤاڵمانی تیا کوژرا، شایەنی باسە بابی لەگەڵ ئەو هێزەدا بوو کە گەمارۆی قوتابخانەکەی داین وپاشان بە خۆرتی خۆی بە ناو قوتابخانەکەدا کرد. گەنگەشەی هەڵوێستی بابیمان کرد، زۆر خەجاڵەت بوو، پێی ناخۆش بوو، بەڵام بەرگری لێدەکرد و دەیگوت:

- بابم نیشتمانپەروەرە، ڕێک وەکو ئێمە وایە، باوەڕی بە مستەفا نەحاس هەیە، کاتی خۆیشی باوەڕی بە سەعد زەغلول هەبوو، بەڵام ئەو ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات!

ڕەزا حەمادە گوتی:

- سەبارەت بە ئەفسەرانی وەکو ئەو بیستوومانە کە لە ساڵی ١٩١٩دا پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردووە.

تەها عەنان، بەدەم بەرگرییەوە لە بابی، گوتی:

- ئەو کاتانە شۆڕش هەبووە، ئێستا شۆڕش لە ئارادا نییە..

کوڕێکی بە تەبیعەت جدی بوو، حەزی لە سوعبەتەکانی جەعفەر خەلیل نەدەکرد. پێکڤە هەندێ کتێبی کەلەپوور وزۆرێک لە بەرهەمێن نووسەرانی هاوچەرخ و پێشەنگانی فیکری مۆدێرنمان دەخوێندەوە، بە جۆش وخرۆش وئازادییەوە گەنگەشەی هەموو شتێکمان دەکرد. بە ئومیدی ئایندەیەکی فیکری یەکگرتوو بووین. باوەڕی بە کتێبان هەبوو وبۆ هەرکار وبارێکی ژیان بۆ کتێبان دەگەڕایەوە. کە بە چیرۆکی ئەڤینداری منی لەگەڵ "صفاء الکاتب"دا زانی سەری سوڕما وگوتی:

- بەڵام حاڵت ئاسایی نییە.

بە پەستیەوە گوتم:- بەڵام واقیعە..

- منیش کچە مامەکەم خۆش دەوێ وبەتەماین بچینە خوازبێنی!

جارێکیان بە پەیڕەوی شێوازی ئەو وگەڕانەوە بۆ کتێبان، بردمی بۆ خانەی کتێبان وبەدوو قۆڵی کەوتینە خوێندنەوەی مانای ڤیان لە ئینسایکلوپیدیای بریتانیدا، ئەوجا گوتی:

- ئا ئەمە خۆشەویستی وڤیانە لە هەموو لایەنە فیزیولوجی وسایکولۆژی و کۆمەڵایەتیەکەیەوە، لەمەوە دیارە ئەوەی تۆ خۆشەویستی نییەبەڵکو شێتاتیە.

بە تووڕەیی و لەبن لێوانەوە گوتم:- شێتی..

بەدەم بزەیەکەوە گوتی:

- تووڕە مەبە، ڕەنگە پێویستمان بە خوێندنەوەێن دی هەبێت!

بەڵام لەسەر خوێندنەوە دەربارەی ڤیان بەردەوام نەبووین، زۆرمان– بە تایبەتی لە پشووی هاویندا– دەربارەی حەقیقەتێن تازە وهەمەجۆر خوێندەوە. هەموو شتێک تازە بوو. تووشی کۆمەڵێک ئاستەنگی دەروونی و ئەقڵی هۆڤی بووین. دڵمان هەژا.

کەلە گازینۆی الفیشاوی دانیشتبووین، پێشنیازێکی سەیری بۆ کردم، گوتی:

- دەبێ لە هیچەوە دەست پێبکەین!

- لە هیچەوە؟

بە متمانەیەکەوە کەلە گەڵ داڕوخانەکەماندا تێکی نەدەکردەوە گوتی:

- هیچ ڕێگەیەک بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم عەزابە نییە، تەنیا ئەوە نەبێ کەلە سفرەوە دەست پێبکەین.

هەرچەندە لە مەبەستی حاڵی بووبووم، بەڵام بە نیگایەکی پرسیارئامێزەوە تێم ڕوانی، گوتی:

- لە سفرەوە، پاشان چیرۆکی شارستانیەت لە نوێ ولەبەر ڕۆشنایی ئەقڵ دووبارە بکەینەوە.

لێم پرسی:

- ئەدی ئەگەر تووشی هەندێک شت بووین لە حوکمی ئەقڵا نەبوو، ئەقڵ دەسەڵاتی بەسەردا نەشکێت؟

لێبڕاوانە گوتی:

- با لە ئەقڵەوە، بەو حیسابەی ئینسانە دەست پێبکەین وچاوەڕوان بکەین بزانین بۆ کوێمان دەبات.

بە درێژایی دوو ساڵی یەکەمی زانستگەمان لەسەر ئەو بەرنامەیە بەردەوام بووین. هەندێک بوویەر وڕووداومان هاتەڕێ کە هەرگیز بە ئەقڵ وخەیاڵمانا نەهاتبوو، ئیسماعیل سدقی دەستووری ١٩٢٣ی هەڵوەشاندەوە، وەفد بە هەموو هێزە جەماوەرییەکەی خۆیەوە دژی وەستایەوە.

ڕۆژێکی ترسناک بوو، گرژی وبارگرژی گەییە لوتکە. هێزی پۆلیس وسوپا سەری کۆڵان ودوو ڕیانەکانیان گرت. گەل نەیتوانی خڕبوونەوەیەکی ئەوتۆ فەراهەم بکات کە بشێت ببێ بە بنەمای خۆپیشاندانێکی گەورە، خەڵکەکە بە هەموو چین وتوێژێکیانەوە، بەناچاری لە گەڕەک وبان وکۆڵان ولاڕێگاکاندا قەتیس مان، لەوێندەرەوە هروژمیان دێنا، هورایان دەکێشا و پەلیان بە هەموو لایەکا دەهاوێشت و بلەز بڵاودەبوونەوە تا دووبارە دەست پێبکەنەوە وگوللە ودەستڕێژ دەستبەرداریان نەدەبوو. من وتەها عەنان ورەزا حەمادە، لە خۆپیشاندانەکانی ئەو ڕۆژەدا بەشداریمان کرد. لە یەکەم ڕۆژەوە بەشداریمان لەو خڕبوونەوە پەراگەندە و پەلامارە لە ناکاوانە وبڵاوەکردنەوە خێرایانەدا، دەکرد، کە لە سایەی گوللەباراندا بەڕێوە دەچوون. سەدان کەسمان بینی کە دەکەوتن، لە خاک وخوێندا دەگەوزان، سەربازان وەکو هەڵۆ پڕیان دەدانێ وبەشێوەیەکی نامرۆڤانی هەڵیان دەگرتن و توڕیان دەدانە ناو

لۆریانەوەو شوێنەوار ورچەی خوێنەکانیان لەسەر ئەرزەکە بە لم وخۆڵ دادەپۆشی ودەسڕییەوە. پێش ڕۆژئاوا شەڕەکە خاوبووەوە. خڕبوونەوەکان دایانەکەمی، بەڵام هوراکێشانی پچڕپچڕ ودووراودوور وتەق و تۆقی کەم هەر بەردەوام بوو. بڕیارمان دا بۆ ماڵ بگەڕێینەوە، پێکەوە ڕۆیشتین و شەقامی "حسن الاکبر" مان بڕی. لە ماندوویەتیدا قۆڵمان بە قۆڵی یەکتردا کردبوو، سەراپا لە ئارەقەدا هەڵکشابووین، تەها عەنان کە لە ناوەڕاستمانەوە بوو گوتی:

- چەند مانگێکە میللەت بەرگری دەکات، قوربانی دەدرێ وکەس حیسابی بۆ ناکات.

ڕەزا حەمادە گوتی:- ئەمە خوێنڕێژە، تینووی خوێنە!

تەها گوتی:

- بەهەرحاڵ ئیجابیەتی میللەت لەو گەنگەشە سارد وسڕانەی کەلە دیوەخانەکەی مامۆستا دکتۆر ماهیر عەبدولکەریم، گوێمان لێدەبێ باشترە.

لە نێوانماندا تەواو قورس بوو، لێم پرسی:- چییە ماندوو بوویت؟

بەڵام بێئەوەی وەڵام بداتەوە، قورستر بوو، ئاوڕمان لێی دایەوە، سەیرمان کرد خوێنێکی زۆر لە زارییەوە دەڕژێ. حەمادە هاواریکرد:- گوللەی بەرکەوتووە.

هێشتا تەقە نەبڕابووەوە، تابلۆی دکتۆرێکی ددانمان بەدی کرد، بەرەو عیادەی دکتۆرەکە هەڵمانگرت، ئازامان لە حەژمەتاندا دەلەرزی. عیادەکە چۆڵ بوو، بەڵام پەرستارەکە لە سەر قەنەفەیەک پاڵی خست وبلەز چووە لای تەلەفۆنەکە تا ئەمبولانس داوا بکات.

پێش ئەوەی ئەمبولانس بگات، تەها لە بەر دەستماندا، دوا هەناسەی دا ومرد.

## ٣٠ – عەباس فەوزی

لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنمەوە دۆستایەتیەکی گەرممان کەوتە نێوانەوە. مێزەکانمان، لە یەک گۆشەی ئیدارەی سکرتاریەتی گشتیدا بوو، من وعەباس فەوزی وەکیلی سکرتاریەت وعەبدوڕەحمان شەعبانی پاچڤەوانی وەزارەت، هەر سێکمان مێزەکانمان بە تەنیشت یەکەوە بوو کە تەنتاوی ئیسماعیلی سەرۆکمان، پێشکەشی کردین، گوتی:- مامۆستا عەباس فەوزی وەکیلی سکرتاریەت.

لێبڕاوانە تەمەشام کرد ولێم پرسی:- جەنابت نووسەرە بە ناوبانگەکەی؟

گوتی بەڵێ، بە گەرمی دەستیم گوشی، فەرمانبەرەکان بە سارد وسڕی وقێزەوە، مۆڕەیان لێدەکردین. پێمگوت:

- سوودی زۆرمان لە کتێبەکانت، لەواری کەلەپووردا، بینیوە.

گوتی:- بەڵام زانستگە، تەنیا ئیعتراف بە شادەتنامە دەکات.

- بەڵام هەندێ پایەی زانستی لە سەرووی شادەتنامەوەیە!

بە تووڕەیی گوتی:- "ئیبراهیم عەقل"ی مامۆستات، باوەڕی بەوە نییە.

بە هەرحاڵ، من لەم دنیا تازەیەی خۆمدا بە گەوهەرێکم دەزانی. بووم بە هاوڕێی کاری، لە دیوەخانەکەی دکتۆر ماهیر عەبدولکەریم و سالم جەبردا تووشی بووم و پاشان بە درەنگەوە لە دیوەخانەکەی جاد ئەبولعولاشدا بینیم. زۆرم پێ سەیر بوو، کە بەو هەموو شۆرەتەوەو بەو

تەمەنەوە، کە سی وپێنج ساڵان بوو، هێشتا لە پلەی شەشەمدا بوو، پاشان بۆم دەرکەوت کە هاوڕێکانی ئەوەشی پێ ڕەوا نابینن و دەڵێن بە هۆی نووسینە پەڕپووتەکانیەوە ئەو پلەیەی داگیرکردووە. هەڵبەتە فەرمانبەری فەرمانبەر، تەنیا ڕێزی فەرمانبەری "ڕاستەقینە"ی پسپۆڕ وکارامە لە واری کارگێڕیدا دەگرێت، بەڵام نووسین ودانانی کتێب بەلای ئەوانەوە، جۆرە بێ ئەدەبییەکە لە پیاوانی بەڕێز ناوەشێتەوە. باسی ئەوە دەکەن چۆن گەییوەتە پلە شەش، دەڵێن کاتبێک بوو لە ئەرشیڤخانە، تەنانەت قۆناغی خوێندنی سەرەتایشی تەواو نەکردووە، بەڵام فێری ئەوە بووبوو-هەرکاتێ وەزیرێکی تازە هاتبا- کۆمەڵێک لە دانراوەکانی خۆی بە پێشکەشیەکی شیعرییەوە بە دیاری بۆ دەبرد، وەزیرەکان، بەسوپاسەوە دیارییەکەیان لێوەردەگرت وئەوجا بۆ ئەرشیڤخانەکەی خۆی و، پەردەی دراما دووبارەو دە بارەکەی دادەدرایەوە، تا ئاخری پیاوێکی ئەدەب دۆست بوو بە وەزیر ودڵبەندی بوو وپلەکەی بۆ پلەی شەش بەرزکردەوە، دوای دوو ساڵ بۆ پلەی شەش بەرزکرایەوەو بە عینوانی وەکیلی سکرتاریەت گوێزرایەوە، بەوجۆرە کابرایان بەسەردا سەپێنرا. مامۆستا عەباس فەوزی ئاگای لە هەموو ئەو شتانە هەبوو کە دەربارەی دەگوترا، ئەویش هەمان ڕقی لەوان بوو، زۆرجار دەمەقاڵەی لە گەڵیاندا دەبوو وخەڵکانی خێرەومەند دەکەوتنە بەینیانەوە.

فەرمانبەری بە مێروویەکی ژەهراوی دەزانی، کە پێناسەی مرۆڤی دەکرد، دەیگوت: "مرۆڤ فەرمانبەرێکی قسەکەرە! "

کەچی پیاوێکی باشی وەکو تەنتاویئیسماعیل جارێک پێی گوتم:

- ئاگاداری ئەو پیاوە بە، پیاوێکی خوێندەوارە، شت دەزانێ بەڵام بێ ئەخلاقە.

مەسەلەکە ئەوە بوو هەژار ونەدار بوو، ڕەشە خێزانێکی بە ملەوە بوو، لە پێناوی بەختەوەری خۆی وخێزانەکەیدا، هەموو کارێکی دەکرد، هیچ پیاوێکم نەدەناسی وەکو ئەو تالاوی لێبچۆڕێ، ئەم تالاوەی گۆڕی بوو بۆ تانە و تەشەرێکی توندو گەورە وبچووکی نەدەبوارد، ئیدی ئەو کەسە فەرمانبەر یا هزرڤان یان ئەدیب بوایە. گاڵتەی بە ڕەفتارو ئاکاری فەرمانبەران دەکرد، هەرچەندە بە خۆیشی فەرمانبەر بوو، لە پلەو پایەی سەرکەوتووان وهزرڤانانی کەم دەکردەوە، ئەگەرچی بەخۆی لە ئاستی ئەوانیشا نەبووایە، هەمیشە ئەوەندەی زانیاری پێبوو کە گومان بخاتە سەر بەهرە وتواناکانی ئەوان. یان سووکایەتی بە ڕەفتاری شەخسیان بکات. گرینگی ڕاستەقینەی ئەو لە کەلەپووری زماندا بوو، هیچ نابێ بە زێدەڕۆیی ئەگەر بڵێم هەموو زمانی بە شیعر وپەخشانەوە ئەزبەر بوو. ڕۆژێک پێی گوتم:

- ئەوەندە دڵبەندی ئەدەبی ڕۆژئاواییین، کە پێتانوایە هەموو شتێکە، بەڵام هیچ شتێک سەبارەت بە ئەدەبی عەرەبی خۆتان نازانن، من تەحەدات دەکەم، تۆ هەر هەڵبژاردەیەکی شیعرە ڕۆژئاواییەکانتم بۆ بڵێ، تا من لە کەلەپووری خۆمان هاوتاکەیت بۆ بڵێم.

ئیدی چیم لە مانای شیعر وپەخشان بەبیراهات بۆم گوت، ئەو هاوتا عەرەبییەکەی بە شێوەیەکی مەیلەو پەڕجوو بۆ گوتمەوە. هەرکە قسەیەکمان بکردایە، خێرا فۆنەتیکی وشەکانی بۆ ڕاست دەکردینەوە، دەیگوت:

- نابێ وشەکان بە بێ سەر وبۆر بگوترێن، وشە بە سەر وبۆرەوە مانا پەیدا دەکەن.

لەبیرمە ڕۆژێک تووشی نەخۆشی گورچیلە بوو، مامۆستا عەبدوڕەحمان شەعبانی پاچڤەوانم لەگەڵ خۆما بردو بۆ سەردانی چووم، سەیرمان کرد

پاڵکەوتووەو بەتانییەکەی بەخۆیدا داوەو تەنیا سەری بەدەرەوەیە. لە نزیک جێگاکەیەوە دانیشتین ولێم پرسی:

- مامۆستا گورچیلەکانت (کیلی) چۆنە، من وەکو باو بوو، بە کاف ژێر کاف وشەکەم درکاند، خێرا بە دەنگێکی کز کە بە ئاستەم دەبیستراو، فۆنەتیکەکەی بۆ ڕاست کردمەوە:- کولی (گورچیلە).

کافەکەی رەفع کرد. کە گەڕاینەوە، پاچڤەوانەکە پێی گوتم:

- ئەگەر ئەم پیاوە بمرێ، فۆنەتیکی ئەو فریشتەیەش ڕاستدەکاتەوە کە لێ پێچینەوەی لەگەڵدا دەکات!

هەموو خەم وخولیایەکی بۆ کەلەپووری عەرەبی بوو، نەمان بیستبوو هیوایەتێکی دیکەی هەبێت، زەوقی لە هیچ هونەرێکی دیکە نەبوو تەنانەت حەزی لە گۆرانیش نەبوو، شتێکی ئەوتۆی دەبارەی ڕۆشنبیری مۆدێرن نەدەزانی، هیچ خەمێکی سیاسی نەبوو، جیاوازی لە بەینی ئەم حیزب وئەو حیزبدا نەدەکرد، تەنیا ڕێزی ئەو وەزیرەی دەگرت کەلە وەزارەتا بوو، باوەڕی بە هیچ بەها یان ئاین وئۆلێک نەبوو، جگە لەخۆی وخێزانەکەی وزمانی عەرەبی هیچی تری بە دڵ خۆش نەدەویست. نووسینگە وئۆفیسەکەی لە وەزارەت پاتۆق ومەکۆی گەلێک لە شاعران و نووسەران وڕۆژنامەڤانان وشاعیرانی میللی سەر بە نەوە جیاوزەکان بوو، زۆریان پەنایان دەبردێ کە دەقەکانیان لە ئالی زمان وڕێزمانەوە، لە هەنبەر پارەیەکی کەمدا بۆ چاک بکاتەوە. هەمیشە زۆر بە گەرمی پێشوازی دەکردن و بە شیرینترین زمان ستایشی دەکردن، بەڵام هەرکە دەڕۆیشتن بەردبارانی دەکردن!

- ئەو پیاوەتان بینی؟.. کەلە شار دەبێ هیچ ماستاوێک سارد ناکاتەوە!

- ئەو شایەرە داماوە.. ژنەکەی تەڵاقداوە، چونکە حەزی لە کوڕێکی ژنەکەی لە مێردێکی دیکە، کردووە!

- بەڵام ئەمە وابزانم تاقە شاعیری هاوچەرخە. کەلە منداڵبازیدا بۆڕی بە فڵان شاعیری کۆچکردووی گەورە داوە!

- ئەم نووسەرە بەڕاستی دڵێکی گەورەی هەیە.. هەموو حیزبەکانی خۆش ویستووە، زیاتر ئەو حیزبەی خۆشدەوێ کەلە حوکما بێت!

جارێک کابرایەکی پیری ئینگلیز هاتە سەردانی، دوای ئەوەی خانەنشین کرابوو، هەر لە میسرا مابووەوە، عەرەبی وەکو ئینگلیزی دەزانی، کە پیاوەکە ڕۆیی گوتی:

- من دڵبەندی ئاکاری ئینگلیزیم، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان منداڵبازێکی ئینگلیز و یەکێکی میسریدا هەیە، یارۆی ئینگلیزی منداڵبازیەکەی خۆی لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەوپەڕی دنیا دەبات، بەڵام ئەمە ڕێگەی ئەوەی لێناگرێ تا مردن خزمەتی ئیمپراتۆریەتەکەیخۆی بکات، بەلام منداڵبازی میسری نە پرەنسیپی هەیە نە باوەڕ!

وەکو چۆن ئەو دەمی لەکەس نەدەپاراست، کەسیش دەمی لەو نەدەپاراست. دەیگوت باوکی ئەندازیارە، دەیانگوت عەمەلە بووەو دایکی جلشۆری ماڵان بووە، هەروەها هەتیوبازیانیش دەدایە پاڵی.

کەسی نەبوارد تەنیا ئەو وەزیرە نەبێ کە بەزەیی پێیدا هاتەوە یان خۆی گوتەنی کەشفی کرد. دەربارەی ئەو دەیگوت:

- وێڕای ئەوەی کە وەزیر بوو! پیاوێکی ئەدیب وزیرەک وبە ئینساف بوو!

بەڵام جڵەوی دژمنایەتی خۆی لە ئاستی خاوەن دەسەڵاتاندا، چ ئەوانەی لە وەزارەتدا بوون وچ ئەوانەی لە دەرەوەی وەزارەتدا بوون دەگرت ولێی ناخوێندن، خۆی لە هیچ گەنگەشەیەکی حیزبی نەدەدا، بە تاقە

وشەیەکیش لە پیاوانی حکوومەتی، ئەگەر ئاشپەزیش بوایە، نەدەخوێند. لەکاتی جەنگدا وای دەنواند کە لایەنگر وداشداری هاوپەیمانانە. کە شەڕی دنکرک دەستی پێکرد وزۆر کەس وایان دەزانی شەڕ بەرەو ئەوە دەچێ بە سەرکەوتنی ئەڵمانەکان کۆتایی بێ، گوێم لێ بوو لەبن لێوانەوە ئەم شیعرەی بەشاری دەگووتەوە:

بعثنا لهم موت الفجاءة اننا

بنوا الموت خفاق علينا سبائبه

فراحوا فريق فی الاسار و مثله

قتيل و مثل لاذ بالبحر هاربه

مەرگی ناگەهانمان بۆ ناردن

ئێمە ڕۆڵەی مەرگین،ئالای بەسەرمانەوە شەکاوەیە

گروپێکیان یەخسیر بوون،گروپێک کوژراون

گروپێکیش، خۆیان بە دەریادا داوەو هەڵاتوون

بەڵام کە ئەڵمانەکان لە شەڕی عەلەمین دا شکان، منیش لەلای خۆمەوە شیعرێکی بەشارم گوتەوە، یەکسەر لە مەبەستەکەم تێگەیی، لە فیکەی خۆی حاڵی بوو، گوتی:- نەعلەتی خوا لە بەشار، کابرایەکی نازی دوودەکی بوو!

دوای ١٩٤٢/٢/٤، فەرمانبەرانی کلکی حیزبەکان، هاڕوژان، وەفدیان بە خیانەت تۆمەتبار کرد، بەڵام وەفدییەکان، کردیان بە کەیف وخۆشی، هاپۆ سەقەری پۆستەچی وپێشخزمەت، لە ناو دایەرەدا کەوتە سەما وسوڕدان، عەباس فەوزی لەوە دەترسا بێدەنگیەکەی بەوە لێک بدرێتەوە کە دژی وەفدە، یەکسەر هەڵچوون و تووڕە بوونەکانی تەنتاوی

ئیسماعیلی بیرکەوتەوە کە تووڕە دەبوو، پڕ بە زار هاواری دەکرد :" تۆفان... تۆفان... تۆفان "

بە سەنگینیەوە گوتی:

- چی دەربارەی ڕووداوەکانی دوێ شەو دەڵێین بیڵێین، بەڵام ئینساف وا دەخوازێ دان بەوەدا بنەین کە مستەفا نەحاس، نیشتمانی لە قۆناغە هەستیارە، لەم تەنگانەیە ڕزگارکرد.

خۆی و بەختی وەزیری وەفدی، کابرایەکی ئەدەب دۆست بوو، بەرزی کردەوە بۆ پلەی پێنج ودوای خانەنشین بوونی تەنتاوی ئیسماعیل، کردی بە سەرۆکی سکرتاریەت. بەڵام کتێبەکانی ئەو ڕەواجەیان پەیدا نەکرد کە خۆی بە تەمای بوو، چونکە مامۆستایانی زانستگە لەو مەیدانەی ئەودا، زەبەردەست تر بوون و ئەکادیمیانەتر کاریان دەکرد. ئەوەی زۆری پەست و نیگەران کرد، ئەوە بوو یەکێک لە قوتابیەکانی، شارەزایی خۆی لە واری کەلەپوورا بۆ نووسین ودانانی کتێبێن ئاینی دەربارەی پێغەمبەرو قورئان تەرخانکرد و پارەیەکی خەیاڵی لەمە دەسکەوت، کابرا لەزگ بوو دین(شێت) ببێ. دەیگوت:

- لە ڕۆژگاری مەدا خوا نەناسی مۆد بوو، ڕوومان کردە لایەکی دی!

ئەوسا بە کەسەرەوە سەری لەقاند وپرسی:

- چۆن ئەو دەرفەتە زێڕینەم لەدەست چوو؟!

ئەوجا بەڕقەوە لێی پرسیم:-دەزانی سەروەتی ڕاستەقینە لە وڵاتانی عەرەبدا چییە؟

هەرخۆی بەرسقی دایەوە:- پێترۆڵ نییە، بەڵکو ژیننامەی پێغەمبەرو قورئانە.

مامۆستا عەبدوڕەحمان شەعبانی پاچڤەوان پێی گوت:

- چ دەڵێی بەدوو قۆڵی هەندێ لەو کتێبە ڕۆژئاواییانە پاچڤە بکەین کەبە ئینسافەوە باسی پێغەمبەریان کردووە؟

بیرۆکەکەی بەدڵ بوو، بە دوو قۆڵی جێبەجێیان کرد، سەرباری ئەوەی هیچ باوەڕێکیان بە خوا نەبوو، قازانجێکی زۆر باشیان لێکرد، قازانجێک کە بە یەکەم قازانی سەنگین لە ژیانیان دەژمێردرا.

ئیدی لەوەوە چەشە بوو، خووی دایە نووسینی ژینامەی پێغەمبەران، حاڵ و ئەحواڵی چاک بوو، بوژایەوە، بەبێ منەتی ڕووبەڕووی ئەو گرانبازاریە بووەوە کە لە دوای جەنگەوە دەستی پێکرد، تەنانەت ڕۆژێک بە منی گوت:

- خۆزگا خواوەند، سەد ئەوەندەی دی پێغەمبەرانی دەنارد.

ئیدی منداڵەکانی یەک یەک زانستگەیان تەواو دەکرد و بە فەرمانبەر دادەمەزران. لەساڵی ١٩٥٠دا، بڕیاری دا یەکەم مۆڵەتی هاوینە لە ژیانیا وەربگرێت. بەڵێ، هەرگیز داوای مۆڵەتی نەدەکرد، ئیدی یەک نەفەس ساڵ لە دوای ساڵ کاری دەکرد، تا من لێم پرسی:

- باشە بۆ مۆڵەتێک وەرناگریت وبۆخۆت ئیسراحەتێ بکەیت و بایەکی باڵ بدەیت؟

پێکەنی وگوتی:

- کە پیاوێکی دڵپاکی، تۆ ئەوانە ناناسیت کە چاویان بڕیوەتە شوێنەکەی من، بە ڕواڵەت باوەشم بۆ دەگرنەوەو خەنجەرەکانیان لە پشتیانەوە شاردووەتەوە، هەرکە مانگێکم پێ بچێت، دەکەونە هەوڵ وتەقەللا وپیلانگێڕی بۆ ئەوەی وەزیفەکەم لێ زەوت بکەن . ئێمە لە جەنگەڵی کێویاندا دەژین، بەڵام لە دڕندە کەمتر وپیسترن. سەرم لەم لۆژیکەی

درنەچوو وپێشم سەیر بوو. بەهەرحاڵ لە ساڵی ١٩٥٠دا متمانەی بەخۆی پەیدا کرد ولە داهاتی کتێبەکانی دڵنیا بوو، بۆیە بڕیاری دا مۆڵەتێک بە خۆی ڕەوا ببینێ، لەگەڵ ژنەکەی و کچەکەیدا سەفەری ئەسکەندەرییەی کرد. یەکەمجار بوو لە ژیانیا ئەسکەندەریەی دەبینی، خۆی وەکو کەسێکی سەرگەردانی دەربەدەر دەبینی، فێری دەست بەتاڵی وبێ ئیشی نەبوو. ڕۆژی بە کارەوە لە وەزارەت، لە ماڵەوە، لە دیوەخانە ئەدەبییەکاندا بەسەر دەبرد، بەڵام بە عەمراتی چاخانە یان سینەما یان شانۆی نەبینی بوو چ جای ئەسکەندەریە. بۆیە سەفەرەکەی بەلاوە ناخۆش بوو، ژنەکەی لە قەرەباڵغییەکەترسا، دوای هەفتەیەک بڕیاریان دا بگەڕێنەوە، هەرچەندە کچەکەیان زۆریان لەبەر پاڕایەوە نەگەڕێنەوە، بە بەڵام بە گوێیان نەکرد ونەکرد. کە شۆڕشی یولیو بەرپابوو، هیچ کارێکی تێ نەکرد. نە خەمی بۆ سەردەمی چوویی دەخوارد ونە دڵی بەسەردەمی تازە خۆشبوو، لەجاران پتر خووی دایە نووسینی کتێبانی ئاینی تا بوو بە خاوەنی سەروەت وسامانێکی بە ڕاستی مۆڵ. لە ساڵی ١٩٥٩دا خانەنشین کرا، زیاتر خۆی بۆ کارەکەی تەرخانکرد، لە عابدین باڵاخانەیەکی دروستکرد، لە سەر باڵەخانەکەوە ڤێلایەکی بۆ خۆی دروستکرد، بەڵام هێشتاش تاکو ئەمڕۆ هەر کابرایەکی یاخی و تەوسبازە، هەرجارێ سەری دەدەم کۆمەڵێک تانە وتەشەر وسکاڵای تازەی لێ دەژنەوم. گوتی:

- تەسەورکە تا وەکو ئەمڕۆمن بۆ کۆڕی زانیاری هەڵنەبژێردراوم!... وەکو ئەندامە خواجەکانی لە زمانا لە من شارەزاتر بن! ئەنجوومەنی باڵای ئەدەبیات، عەباس فەوزی ئەندام نییە تیایدا!.. باشە مەرجە تەنیا نەخوێنەواران ببنە ئەندام تیایدا؟!

کە دوای شکست ونسکۆی پێنجی یونیو بە خەمباری دیتمی بەدەم بزەوە گوتی:

- سەرت سپی کرد وهێشتا ئاقڵ نەبووی!

ئەوسا بە تەوسەوە پرسی:

- ئەرێ بەڕاست هیچ فەرقێک هەیە ئینگلیز حوکمت بکات یان جوولەکە یان میسری؟!

## ٣١ – عەدلی المؤذن

کە من چوومە زانستگە، ئەو لەوێندەر فەرمانبەر بوو. زۆرجار لە کتێبخانەی زانستگەدا دەمبینی. لەگەڵ ئێمەدا دەهاتە محازەرە فەلسەفیەکانی مسیو کوریەوە، تا سوودی لێبدینێ بۆ ئامادەکردنی ماجستێرەکەی. ئێمە بە " الکاتب المصری " ناومان دەبرد، چونکە لێکچوونێکی سەیر لە نێوان ڕوخساری وی وئەو پەیکەرەدا هەبوو، کە بە الکاتب بەنێوبانگ بوو، بەڵام ئەو زەلامێکی درێژی ناوشان پانی دەموچاو ئەسمەر بوو. پرشنگی ڕوخساری لە پرشنگی چاوانی هەڵۆ دەچوو، زیرەکی و بەردەباری لە چاوانیا شەپۆلی دەدا، جارێکیان لە باخی ئورمان دا، کە بۆ کولێژ دەڕۆیشتین تووشی یەکدی بووین، تەوقەمان لەگەڵ یەکدا کردو دەستمان بە قسان کرد. گوتی:

- لە هەیڤی ئوکتۆبەری داهاتوودا نامەی ماجستێرەکەم پێشکەش دەکەم. بەڵام لە ئێستاوە بیر لە هەنگاوی دواتر دەکەمەوە..

لێم پرسی:- دکتۆرا؟

- نەخێر، هیچ بیرۆکەیەکت دەربارەی هەندێک کتێبی فەلسەفی هەن کە بشێت ڕەواج پەیدا بکەن؟

- باوەڕناکەم کتێبی فەلسەفی لە پێناوی ڕەواج وبازاڕدا دابنرێ.

- بەڵام ئەگەر زنجیرەیەک کتێبان دەربارى قوربانى فیکرى ئازاد لە وارى فەلسەفە وسۆفیگەریدا دابنەین ئەمە ناکاتە بەشدارییەک لە بەرگرى کردنلە ئازادى تیرۆرکراوى ئەم سەردەمە؟

لێبڕاوانە گوتم:

- بیرۆکەیەکى جوانە..

- سەرکەوتووشە، وانییە؟

- بە دڵنیاییەوە..

بەڵام ماجیستێرەکەى وەرگرت وبیرۆکەکەى جێبەجێ نەکرد، هیچ کتێبێکى بڵاو نەکردەوە تەنیا لێکۆڵینەوەیەک نەبێ دەربارەى "تهافت الفلاسفة " ولێکولێنەوەیەکى دى دەربارەى " تهافت التهافت " .عەجلان ثابت کە هاوڕێى کولێژم بوو، ئالیەکى ڕابردووى نادیارى وى بۆ گێڕامەوە، گوتى:

- ئەو لەگەڵ ئێمەدا ئاکنجى گەڕەکى " السیده "یە، بابى شوفێرى ترام بوو، هێشتاش لەگەڵ دایک وخوشکەکەیدادەژى.

گوتم:- دیمەنى بە سام وسەنگینى ئەوە دەسەلمێنێ کەلە خانەدانى حاکمانە!

عەجلان ثابت پێکەنى وگوتى:

- بەشادەتنامەى سەرەتایى دامەزراوە، پاشان بەدەم فەرمانبەرییەوە خوێندوویەتى تا گەییوەتە ئەم ئاستە لە زانستدا.

ئەوجا لەبن لێوانەوە گوتى:

- لەوە دەچێ خوشکەکەی کچێکی بزێوی شەیتان بووبێ، بۆیە تەمەنی شووکردنی تێپەڕیوەو شووی نەکردووە!

ئەم پیاوە تەبیعەتێکی شۆخیبازیشی هەبوو، لە یەکێک لە ئاهەنگەکانی کۆتایی ساڵدا لە کولێژ، خۆبەخشانە هەستا تا لاسایی هەندێک لە مامۆستاکان بکاتەوە، زۆر سەرکەوتووانە لاسایی دکتۆر ئیبراهیم عەقلی کردەوە، کوت ومت لە خۆی دەچوو، هەرکە هاتە سەر باسی بەها باڵاکان، بووبە چەپڵە ڕێزانێکی ئەوتۆ کە خەریک بوو هۆڵەکەی هەڵدەگرت، وێڕای ئەوەش پەیوەندی دەگەڵ دکتۆر ئیبراهیم عەقلدا پتەو بوو، کاتێ دکتۆر بە هۆی نزیکییەوە لە حکوومەت ودەسەڵات، پۆستە گرینگەکەی وەرگرت، لە بەڕێوەبردنی پۆستەکەیدا، پشتی بە عەدلی المؤذن بەست، ئەو لە پێش دووەم جەنگی جیهاندا بەیەکێک لە وەزیرەکانی ناساند، وزیر بۆ وەزارەتەکەی خۆی گواستەوەو دەرفەتێکی تازەی بۆ ئاوات وئارەزووەکانی ڕەخساند، زۆر لەو دەرفەتە زیاتر بوو کەلە زانستگە بۆی ڕەخسابوو. بەوجۆرە وەکو پیاوێک لە پیاوانی وەزیر هات بۆ وەزارەتەکەی ئێمە، بۆ پیرۆزبایی وخێرهانین چووم بۆ لای، بەڵام هەستم کرد کەسێکی تازەیە، کەسێکی ئیداری گرینگە، ئەو پیاوەی جاران نییە، کە بەزەحمەت بەناو ڕێگا دژوارەکانی فەلسەفە کەوتبوو.. ئیدی بەهرە پەنهانەکانی لە خزمەتی وەزیرو وەزارەتدا دەرکەوت، پیاو هەق بڵێ زۆر زیرەک بوو، توانایەکی کارگێڕی دەگمەنی هەبوو، بە ڕادەیەک ساردو هێوربوو، پیاو باوەڕی نەدەکرد، ئەو دیاردەیە لەنێو میسرییەکاندا باو نەبوو، لە یەکەم ڕۆژەوە شرارة النحال هەستی بە خەتەری ئەو کرد وهەزار ویەک حیسابی بۆ کرد. مامۆستا عەباس فەوزی، هەستیکرد وەزارەتەکەیان بۆ یەکەمجار فەرمانبەرێکی گرینگ ورۆشنبیر بەخۆیەوە دەبینێ و واچاکە هەندێک لە دانراوەکانی خۆی پێشکەش بکات،

هەرواشی کرد، بەدەم پێشکەشکردنی کتێبەکانەوەو لە هەنتەشی منا، چونکە من  بە یەکترم ناساندن، گوتی:

- من عادەتم نییە کتێبان پێشکەش بەکەس بکەم، بەڵام کتێب هەر بۆ ئەوە باشە کە پێشکەش بە خەڵکانی وەکو تۆ بکرێ!

عەدلی المؤذن، بە ساردیە دەگمەنەکەیەوە گوتی:- بۆ ئاگاداریت خوێندومنەوە..

ڕووی عەباس گەشایەوە، عەدلی المؤذن بەردەوام بوو:

- ئەوەی ڕاستی بێ بەلای منەوە سەرڤە سەرڤە(سطحی) بوون، زۆر کەم دەنا هیچ ئیزافەیەکیان بۆ ئەسڵی بابەتەکە، تیا نییە.

عەباس فەوزی ڕەنگی زەرد بوو، بەڵام بە ڕووخۆشیەکی ڕواڵەتیەوە گوتی:

- لە ڕوانگە وئەقڵی خۆتەوە حوکم مەدە مامۆستا، ئێمە بۆ خەڵکانی ڕەشۆکی دەنووسین تا فێریان بکەین، ڕووی دەممان لە فەیلەسوفان نییە.

بۆ دایەرە گەڕاینەوە، یارۆ لە ڕاڕەوەکەدا پێی گوتم:

-ئەو قسانە بۆ هیچ یەکێک لەو ڕەش وڕووتانە نەگێڕیتەوە.

بەجۆرە بەزەییەکی پەنهانەوە گوتم:- بێگومان.

بە تەبیعەتە تەوسامێزەکەیەوە گوتی:

- فەلسەفە لە ئیبن ڕوشدەوە دەستی پێکرد ولە ئیبن کەلب دا کۆتایی هات!

عەدلی المؤذن لە ماوەیەکی کورتا، شارەزایی تەواوی لە کاروباری وەزارەتەکە و دەربارەی فەرمانبەرەکان پەیداکرد. وەزیفەکەی بریتی بوو

لە سەرۆکی نووسینگەی ڕاوێژکاری. بە حوکمی کارەکەی پەیوەندی بە هەموو لقەکانی وەزارەتەوە هەبوو. بە کردەوە توانایەکی لە ڕادەبەدەری سەلماند. هەر بەکار، ئەوپەڕی متمانەی پەیدا کرد، بەبێ ئەوەی پێویستی بەوەبێ بۆ ژێرزەمینانی حیزبی دابخزێت. زۆر ڕێزی خۆی دەگرت، وکارێکی نەدەکرد، لە کەرامەتی کەم ببێتەوە، مەگەر لە حاڵەتی زۆر زەروریدا، ئیدی وسوڵیەتی گەیاندە بەرزترین ئاست. لە دڵی خۆیدا بەلای وەفد و بەها میللی ودیموکراتی وخۆیبوونەکانیا مایل بوو، بەڵام لە ناخی خۆیدا زندەبەچاڵی کرد وبە زەبری ئەعسابی ساردی خۆیەوە کۆنترۆڵی کرد. کەس نەبوو شایەدی ئەوەی بۆ بدات کەلە ژیانیا چاکەیەکی کردبێ، قەت سڵی لە ئازاردانی خەڵکی نەکردبووەوە. ئیدی لەزەتێکی زۆری لە شەڕەنگێزی دەبینی، دۆست ودژمنی بۆ نەبوو، گرینگ ئەوەبوو خەڵکی بخاتە چاڵەوە، بەلایەوە گرینگ نەبوو خۆشەویست بێ، زۆرجار وام هەست دەکرد، بە تاسەوە کار بۆ ئەوە دەکات، خەڵکی ڕقی لێ هەڵگرن، بیبوغزێنن و بەغیلی پێ بەرن. لەوەدا ڕێک پێچەوانەی شەرارە النحال بوو کە هاوسۆزی لەگەڵ هەندێ کلکاندا دەکرد، هەمیشە زمانێکی شیرینی بەکار دەبرد، ئەگەرچی زەهریشی ئاوێتە دەکرد، هەوڵیدەدا، ئەگەر لە ڕێگەی درۆ و ڕیابازیشەوە بووە متمانەی خەڵکی بەدەست بێنێ. بۆیە فەرمانبەرەکان بەقەد شەیتانێک ڕقیان لە عەدلی بوو، زۆرجار لە پاشملەیان دەگوت، باسی نانەجیبی ڕەگ وڕەچەڵەکیان دەکرد، لە هەرزەیی خوشکەکەیان دەخوێند، تەنانەت هەندێ کەس زوگورتیاتی ئەویان دەگێڕایەوە بۆ کەچڕەوی سێکسی کە بە خوێنساردی خۆی دایدەپۆشی، بۆیە تاقە فەرمانبەرێک کە یارمەتی دا، گەنجێکی جوانی کەچ ئەخلاق بوو. زۆرجار بە سەرسامی لە خۆم دەپرسی، چۆن وێڕای گۆڕانی بەردەوامی وەزیرو حیزبەکان توانیویەتی کەرامەت و وەزیفەکەی خۆی بپارێزێت؟ بە گوێرەی تاقیب وسۆراخ و چونکە لە نزیکەوە دەمناسی، بۆم دەرکەوت -ئەگەر دنیا بە بەختی ئەوبا-

ژمارەیەکی دیاریکراوی لە فەرمانبەرانی حیزبە جیاوازەکان دەگرتە ژێر باڵی خۆی و دەیپاراستن، تا ئەگەر ڕۆژی حیزبایەتی لە یەکێکیان هەڵهاتبا، چاکەی ئەمی بداباوەو لە لای وەزیری حیزبەکەی خۆی، پاکانەی بۆ بکات، بەوجۆرە لە هەموو سەردەمەکانا، پلە وپایەی خۆی پاراستبوو، خۆیشی هەڵدەکێشا کە تەنیا بە توانا و لێهاتووی خۆی ماوەتەوە، ئیدی پلە دوای پلە دەبڕێ و بەرزدەبێتەوە، تا پێش شۆڕشی یولیو بوو بە بەڕێوەبەری گشتی. وێڕای ئەوەی پەیوەندییەکی کۆنمان لەبەینا بوو، لە واری زانستیدا هاوڕێ بووین، کەچی لە یەکەمین دەرفەتا دەستی خۆی لێوەشاندم. ئەو کاتە بوو کە لیژنەی کاروباری فەرمانبەران بۆ پلەیەکی بەتاڵیان پاڵاوتم، هەڵبەتە دوای بەراوردێکی دوورو درێژ لە نێوان من و هەڤڕکەکەما کە کاتبی تۆمار بوو. لیژنەکە ڕاپۆری خۆیان بەرزکردەوە، وەزیر ئیمزای کرد، بە پلەی بەرزترەوە وەزارەتم بە جێهێشت، خەڵکی پیرۆزباییان لێکردم. کە بەیانی بۆ وەزارەت گەڕامەوە، غافڵگیر بووم، بڕیاری بەرزکردنەوەکەی من هەڵوەشابووەوەو لەجیاتی من درابوو بە هەڤڕکەکەم. خەریک بوو شێت دەبووم، دوای تاقیب کردن بۆم دەرکەوت کە فەرمانبەرێکی گەورە لە دیوانی خاوەن شکۆ پاشاوە، دوێنێ شەو پەیوەندی بە مامۆستا عەدلی المؤذنەوە کردووەو داوای لێکردووە پلەی ناقبری بدرێ بە هەڤڕکەکەی من. ئیدی بلەز بۆلای وەزیر دەڕوات –بڕیارەکە شاهانە دەبێت– ئامۆژگارییەکەی دیوانی شاهنشایی پێدەڵێت، یەکسەر قەراری بەرزکردنەوەکەی من دەدڕێنرێ و قەرارێکی تازە دەردەکرێ. بە تووڕەیی بۆلای عەدلی المؤذن چووم، گەنگەشەی ئەو قسەوباسانەم لەگەڵیا کرد، بە درێژایی کاتەکە بێدەنگ بوو، کەم و زۆر خۆی شلوێ نەکرد، بێتاقەت بووم، ئەوجا بەکاوەخۆ گوتی:

- بەیاننامەی بودجە تازەکەیان ئامادە کردووە کەلە ڕۆژنامانددا بڵاوی بکەنەوە!

زۆر شتی دیکەم لە وەکیلی کارمەندان کە هاوڕێی ئەو ونەیاری من بوو، زانی، پێی گوتم:

- ئەوەی ڕوویداوە، بن پێ کردنێکی ئاشکرای یاسایە، قەراری وەزاری تەنیا بە قەرارێکی وەزاری دیکە دەگۆڕدرێت، من بەچاوی خۆم قەراری بەرزکردنەوەکەتم بینی، کەی قەرارێکی دی سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی بەرزکردنەوەکە دەرچووە؟

لێم پرسی:- ناتوانی بە فەرمی مەسەلەکە بوروژێنی؟

بە پێکەنینەوە گوتی:

- مەگەر تەنیا سەفیری بەریتانی بەخۆی ئەوەی لە دەست بێ!

بە سەرسامی لێم پرسی:

- بەڵام پەیوەندی فەرمانبەرەکەی دی، کە ئەویش وەکو منە، بە پیاوە گەورەکەی حکوومەتەوە چییە؟

بە پێکەنینەوە گوتی:

- سەڵاوات لە دیداری "لووت"ی سەرووەرمان بدە!

ئیدی لەو هەڵوێستە بە دواوە، پەیوەندیم لە گەڵیا ساردبووەوە، پەیوەندیمان تەنیا پەیوەندی کاری فەرمی بوو. پێشتر بەیانیان لە مەیدانی سلێمان پاشادا یەکمان دەگرتەوە، وێڕای جیاوازی پلەی وەزیفیمان وەکو هاوڕێ پێکەوە ڕێمان دەکرد، لە ئەمیرکین نانی بەیانیمان دەخوارد. ئەوجا بەدەم تەعلیقەوە لە ڕووداو وڕێبوارو شتەکان، ڕێگەی وەزارەتمان دەگرتەبەر. لەو ماوەیەدا زۆر نەرم ونیان

وخۆشخوو و ڕوخۆش دیاربوو، حەزی لە سوعبەت وشۆخییان دەکرد، تەنانەت دوا نوکتەی سیاسی دەربارەی پاشا ودەست وپێوەند ومالباتەکەی بۆ دەگێڕامەوە، یان بۆ ماڵە تازەکەی دەعوەتی دەکردم، ماڵە تازەکەی لە المعادی بوو، دوای بەرزبوونەوە خێراکەی، ماڵی بۆ ئەوێندەر گواستبووەوە، دوای ئەوە بە چارەکە سەعاتێ بۆ نووسینگەکەی بانگی دەکردم، دەبوو بە کەسێکی دی، ساردوسڕ، خوێنسارد و جدی، ئەمری دەکرد، هەڕەشەی دەکرد! منیش لەلای ئەو دەهاتمە دەرێ، دەستم بە یەکدا دەدا، جارێکیان دڵی خۆم کردەوە و دەردی دڵم بۆ مامۆستا عەباس فەوزی کردەوە، پێی گوتم:

- کوڕی کۆنە قەحپەیە، دوالیزمی شەخسیەتی هەیە، ئیدی خۆمان و بەختمان ئەم وەزارەتەی ئێمە جۆرەها شزووزی تیایە..

کە شۆڕشی یولیوی ١٩٥٢ بەرپابوو، دەرفەتی بۆ هەڵکەوت تالە شرارة النحال گەورەترین هەڤڕکی بۆ وەکالەتی وەزارەت ڕزگاربێ. شایەتی ئەوە دەدەم کە ئەو لە پشت هەندێک لەو ڕاپۆرتانەوە بوو کە شرارة ی پێدابوو بە لیژنەی پاکسازی، بەڵام کابرا بە پەڕجوو دەرباز بووبوو، کرا بە وەکیلی وەزیر، ئیدی عەدلی المؤذن لە سۆنگەی ئەوەوە گەورەترین جەزرەبەی لە ژیانی خۆیدا وێکەوت. زۆری نەبرد غەریب ونامۆ لەنێوان کۆمەڵێک فەرمانبەری تازەدا خۆی بینییەوە کە کەس نەیدەزانی ئەسڵ و فەسڵیان چییە. زۆربەی یاریدەدەرەکانی بەر پاکسازی کەوتن و دیار نەمان وپێشوازی لە ژیانێکی تازە کرد، تازە پڕ بە مانای وشە. ئیدی بای دایەوەو کەوتە مجامەلەی من، وەکو چۆن لە باخچەی ئورماندا ئەوەی دەکرد، دووبارە وەکو جاران لە مەیدانی سلێمان پاشادا یەکمان دەگرتەوە، بە تەوسەوە دەیگوت:- وەزارەت کەوتووەتە دەست کۆمەڵێک منداڵ!

یان دەیگوت:

- با هەر یاسا وڕێسایێن ئیداری بزانی، قیمەتی چییە؟ ئێستا دەتوانی بەناوی شۆڕشەوە هەر چییەکت دەوێ وچۆنت دەوێ بیکەی!

بۆ یەکەمجار لە ژیانما هەستم کرد شەپۆلێک لە عەدالەتو دادپەروەری خەریکە گەندەڵییە بەردەوام وڕیشەدارەکە ڕادەماڵێت، خۆزیام دەخواست ئەو شەپۆلە بەردەوام بێ و بێهیچ پێچ و پەنایەک، بە پاکی وبێگەردی تا هەتاهەتایە بەردەوام بێ. ئەم پیاوە هەوڵیدا خۆی بگەیەنێتە ڕیزی سەرکردایەتی تازە، بەڵام بۆی نەکرا. زۆری پێنەچوو تووشی شێرپەنجەی خوێن بوو، ماوەیەک لەماڵەوە کەوت و پاشان لە دەوروبەری ساڵی ١٩٥٥ دا مرد.

هەرگیز ئەو سەعاتەم لەبیر ناچێ کە هەواڵی مردنەکەی لە وەزارەتدا بڵاوبووەوە، فەرمانبەرەکان لە داب ونەریتی باو دەرچوون. گوێم لە دەیان کەس بوو، کە بە دەنگی بەرز وشادکامییەوە دەیانگوت:

- خوا عافووی نەکات، جێگەی دۆزەخ بێ!

- ئاوی ئاموون وتوونی بابا چێ، حەوت بەرد لە شوێنی!

تازیەکەی چۆڵترین تازیە بوو کە من دیتبم، تەنیا دە نەفەری بە دواوە بوو، خزمێکی خۆی و دە کەس لە کۆنە هەڤاڵانی زانکۆی بە دواوە بوون، یەک پیاوی بە سەنگ ئامادەی پرسەکەی بوو، ئەویش دکتۆر ئیبراهیم عەقل بوو، لە قۆناغی دەروێشایەتیەکەیا، ئەو دەروێشایەتیەی کە دوای مردنی هەردوو کوڕەکەی و بە ماوەیەکی کەم پێش مردنی خۆی خووی دابوویی، کە عەدلی المؤذن مرد، بۆ ڕۆژی دوایی پیرە خوشکەکەشی خۆی کوشت.

کەسایەتیەکە لە بیرناچێتەوە. کە یەکەمجار لە ئیدارەی سکرتاریەتدا لەسەر مێزەکەم ڕۆنیشتم، زۆر سەرنجی ڕاکێشام. زۆر زەلام بوو، وەکو عەقاد درێژو وەکو زیوەر پاشا کەتە بوو، زۆر پۆشتە وپەرداخ وبە دیمەن بوو، لە تۆ وایە وەزیر یان بەڕێوەبەری بانکە.

- زانیم مامۆستای گەورەمان عەبدوڕەحمان شەعبانی پاچڤەوانی وەزارەتە.

هەرئەوەندە نا، بەلام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار زانیم کە مووچەکەی تەنیا بیست جونەیهە وهیچی دی! یەکەم ڕۆژ وام هاتە خەیاڵ کە پیاوێکی گۆشەگیر وگرژو مۆن و وشکە، ئیدی لە دڵی خۆدا هەزار ویەک حیسابم بۆ ئەو هاوڕێتیە دژوارە کرد کە قەدەر سەپاندبووی، بەلام بە هاسانی وبلەز دڵی دەکردەوە، خێرا قاقای وەکو بۆمبا بەرز دەبووەوە، خوێن دەزاییە دەموچاوە خڕەکەی، بە هەمان سادەیی و بێگەردی منداڵ دەردەکەوت کە قسەی دەکرد، وەکو شەستەباران زانیاری لێدەباری، حەزی لەو بابەتانە دەکرد کەلە دەرگای گەنجینەی زانیارییەکانی دەدا، ڕقی لەو بابەتانە بوو کە هیچی دەربارە نازانی و ناچار دەبوو تەنیا گوێ بگرێ، کە ئەمەی لە هەموو شتێک پێ ناخۆشتر بوو. تا ڕادەی پەرستن حەزی لە قسان بوو، زانیاری دەربارەی زۆر شتان هەبوو: دەربارەی ئوتومبێلان، کەل وپەل، زەیت، نەخۆشی، سیاسەتوانان، فیلم، ولاتان، نوکتە، مێژوو، جوگرافیا، فەلەک، یاسا، بانک و فسق وفجوڕ. منداڵێکی گەورەی سی وپێنج سالان بوو، ڕوح سووک، گوڵ سوعبەت، نوکتە ڕەنگین، بەلام تووڕەییەکەی، ئەگەر بتەقیباوە، لە ڕەنگی نەبوو، زۆر بە ئاسانی تووڕە دەبوو، دڵی ناسک بوو. بەهەق ونەهەق تووڕە دەبوو، هەنگێ بوومەلەرزە ڕووی دەدا، گڕکان دەتەقییەوە، باهۆزو

گەرداوان هەڵیدەکرد، ئەگەر بەرانبەرەکەی لە ڕوویا نەوەستاباوە، هێور دەبووەوە، خاو دەبووەوە، ژێوان دەبووەوە، تەوازی دێنایەوەو جگەرەی دەدایەو یان قاوەی بۆ داوا دەکرد. جارێک لەگەڵ یەکێک لە فەرمانبەرەکاندا بوو بە مناقەشەی، کابرا عینادی لەگەڵکرد، تووڕەی کرد، ویستی وەڵامی بداتەوەو دەمکوتی بکات، نوکتەیەکی لە مێژووی ئیسلامەوە بۆ هێنایەوە – عەبدوڕەحمان لە کەلەپوورا، کۆڵەوار بوو – گوتی:

-کابرایەکی بەدەوی چوو بۆ لای عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان، گوتی...

بەڵام عەبدوڕەحمان شەعبان، لە جێی خۆی بەرز بووەوە، بە تووڕەییەوە هاواری کرد:

- عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان! عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان کێیە؟!.. حەیوانێکم بە نموونە بۆ دێنیتەوە هەی حەیوان، نەعلەت لە بابی تۆ وعەبدولمەلیکی کوڕی مەروان.

وەکو دڕندە پەلاماری دا، کابرا وەکو مێشهەنگ لە دایەرەکە هەڵات. بەڵام سکاڵای لێنەکرد. تەنانەت تەنتاوی ئیسماعیلی سەرۆکی سکرتاریەتیش، ئاگای لەو لادانە زەقە لە یاسا وڕێسای وەزیفە نەبوو، دەیگوت:

-ڕاستە گەوجە، بەڵام پاکترین مەعدەنە لەم وەزارەتەدا.

ئیدی زانیم کە عینادی کردن لە گەڵیا خەتەرە، مناقەشە وباسی بابەتێک کە تۆ بیزانی وئەو نەیزانێ، ڕیسکێکی شێتانەیە. وابزانم عەباس فەوزی یەکەم کەس بوو، دەیزانی چۆن بە زمانە لووسەکەی خۆی مدارای بکات. هەرچەندە عەبدوڕەحمان لە دڵەوە ڕقی لێبوو. بەڵام بە ڕێزو حورمەتەوە مامەڵەی لەتەکیا دەکردو بابی وەزیری جەنگ بوو، کە

ئامادەیی تەواو کرد بابی بۆ فەرەنسای نارد تا لەوێندەر پزیشکی بخوێنێ، دە دانە ساڵ لە نێوان فەرەنسا وئینگلتەرادا هات وچوو، هیچی بەهێچ نەکرد، ساڵێ دووان لە کولێژی پزیشکی مایەوە. دوو ساڵی دی لە کولێژی زانست مایەوە، هەروەها لە کولێژی ماف وئەدەبیاتیش مایەوە. بەڵام سەعی نەدەکرد و شادەتنامەی وەرنەگرت. کە بابی مرد، لە تەمەنی سی ساڵیدا بۆ میسر گەڕایەوە، ئینسایکلۆپیدیایەکی شێواوی ناتەواوی لە مێشکی خۆیدا هەڵگرتبوو، شارەزاییەکی قووڵی لە زمانی ئینگلیزی وفەرەنسی وژنبازی وقومار ومەیخانان وشانۆخانە و سینەما وقەحپەخان پەیدا کردبوو، ژنێکی لوبنانی هاوتەمەنی خۆی هێنابوو و لەگەڵ خۆیدا هێنابوویەوە. بابی هیچ سەروەت وسامانێکی بۆ بەجێ نەهێشتبوو، خوشکە گەورەکەی شووی بە کابرایەکی سەفیر کردبوو ولە دەرێی وڵات بوو، ئیدی وەکو پاچڤەوان لە سەفارەتی فەرەنسا دامەزرا.

- لەیەک ساڵ پتر لە کارەکەما نەمامەوە، بۆکسێکم کێشا بە سەروچاوی پاشکۆی ڕۆژنامەڤانی سەفارەتدا و ناچاربووم واز لە کارەکەم بێنم!

چووە ڕادیۆ – پێش بە میسری کردنی – پاشان، دوای شەڕێکی تووند ناچار بوو وازبێنێ، ئەوسا چووە ڕۆژنامەی المقطم، لەوێش نەحەوایەوە، قسەیەکی ناشیرینی بە خاوەنی ڕۆژنامەکە گوتبوو، زۆری نەمابوو لە سەر ئەو قسەیە بدرێتە دادگا، خێرا لەوێش دەرچوو، ئەنجام دوای ئەوەی لەو تاقیکردنەوەیەی کەلە ڕۆژنامە ڕاگەیەنرابوو، دەرچوو، لە وەزارەت دامەزرا. ئیدی ئەم پیاوە کە فێری خۆشگوزەرانی وژیانی ئەوروپاییانە بووبوو، مووچەکەی بەشی نەدەکرد، ئیدی بە حوکمی ئەوەی هەردوو زمانی فەرەنسی وئینگلیزی دەزانی، کەوتە پاچڤەکرنی بابەتان بۆ ڕۆژنامەو وەشانخانەکان وڕۆمانی گیرفان، هەموو هەوڵێکی بۆ خۆشگوزەرانی وکچە تاقانەکەی کە بە پەرستن دەیپەرست تەرخانکردبوو. لە شوقەیەکی شەقامی فوئادی یەکەم دەژیا، دۆستایەتی

وهات وچۆی خێزانی ئەوروپاییانەی لەگەڵ چەند خێزانێکی فەرەنسی و ئیتاڵی و جارجار ئینگلیزیدا پەیدا کردبوو، تا ژینگەی دڵخوازی خۆی، بە کەل وپەل وناومالّی جوان وخواردن و خواردنەوەی بەلەزەت ودۆستایەتی شارستانیانە وکۆڕ ومەجلیسی تەڕو بڕ بۆ خۆی فەراهەم بکات. بە تاسەوە دەیگوت:

- ئەوروپا ڕۆحی دنیایە، خەڵکەکەی فریشتەی سەر زەوین، لەوان بترازێ خەڵکی هەموو ئاژەڵ یان مێروون.

جارێکیان بە منی گوت:

- هەندێجار تووشی سەرسامیەکی نەخۆشانە دەبم، کە تەمەشای دەوروبەری خۆم دەکەم، خۆم غەریب و نامۆ لەناو کۆمەڵێک فەرمانبەری بەدبەختی نەزانی ملکەچی گوێڕایەڵی ڕووبین وڕیابازدا دەبینمەوە، باوکە گیان هەزار ڕەحمەتت لێبێ، بۆچی سەروەت و سامانەکەی خۆت لەسەر قومار دانا؟!

تەنیا بە تەسکەرە ئیسلام بوو. پێنەدەچوو بایەخ و گرینگی بە هیچ بەهایەک بدات، بەلاّم کەسێکی بوێرو جوامێر بوو، کەرامەتی خۆی خۆشدەویست، جگەرەکێشێکی بەرباد بوو، مەیگوسارێکی پەتەڕی بوو، قوماربازێکی بێباک و زۆرخۆرێکی هۆڤی بوو. کەلە دەوامی وەزارەت دەردەچووین، تا وێستگەی ترامەکە، کە کەوتبووە ژێر شوقەکەی ئەوەوە، پێکەوە دەڕۆیشتین، بە دەقیقەش بێدەنگ نەدەبوو، منیش بە گوێی وبەچاو پەیگیریم دەکرد، چاوی بە هەر شتێک بکەوتایە ڕەخنەی لێدەگرت و بە شتەکانی فەرەنسا یان ئینگلتەرای بەراورد دەکرد:

- ئەم موغازە ودووکانانەت بە دڵە؟ ئەمانە لە سالولی زندانان دەچن.

- تۆ تەمەشای پیس و پۆخڵی شەقامەکانی ناوجەرگەی شار بکە، ڕۆژێک دێ مێش و مەگەزان داوای مافی هاوڵاتیەت بکەن!

- ڕات سەبارەت بەو منداڵە پێخاوسانەی شەقامی سلێمان پاشا چییە؟!

- تۆ تەمەشای ئەم دیمەنە دەگمەنە بکە، عەرەبانە و وشتر وئوتومبێل بەیەک ڕیز و دەشڵێن سەربەخۆیی تەواو یان مەرگی یەکسەری؟!

- تۆ ئەو کابرا قورئان خوێنەت، ئەوەی عەلی مەحموودی پێ دەڵێن؟ پیاوێکی کوێری ناشیرینە وەکو وشتر دەبۆڕێنێ، وەرە ئەوە لەگەڵ نوێژ ونزایەکی کاتولیکی دا، کەبە موسیقایەکی زندووەوە، ئەنجام دەدرێ، بەراورد بکە!

- باوەڕم پێبکە، ئەو سیاسەتوانانەی تۆ دڵبەندیانی، بەکەڵکی ئەوە نایەن، فەرمانبەرێکی بچووک بن لە سەفارەتخانەیەکی بیانیدا..

- ملیۆنان جووتیاری پیس وچەپەڵ، ئاخر ئەمانە بە چ لۆژیکێک شایستەی ژیانن؟... بۆچی دەستبەرداریان نابن وئامێری مودێرنی کشت وکاڵیان لە جێگا بەکار نایەنن؟!

- باشترین بەرهەمی شارسیانیەتی میسری بریتیە لە حەشیش کە ئەویش لەچاو ویسکیدا ناکاتە هیچ!

- بەراستی دڵبەندی ئەو نووسەر وئەدیبانەی؟... باوەڕم پێبکە ئەوانە لە ئاستە جیهانیەکەدا نەخوێنەوارن.

- ڕێگەم بدە، با میز بکەم بە هەموو ئەو ڕابەر و ئەدیب و سترانڤانانەدا کە خۆشت دەوێن.

- دەزانی گەورەترین نیعمەتێ بە ئێمە دراوە چییە؟... ئیمریالیزمی ئەورووپییە، دەبینی نەوەکانی ئایندە یادیان دەکەنەوە وەکو چۆن ئێوە یادی لە دایک بوونی پێغەمبەر دەکەنەوە.

- هیچ شتێک بە قەد ئەوە پەستم ناکات کە ئێوە عومەر بە نموونەی عەدالەت دێننەوە، معاویە بە نموونەی بلیمەتی و خالید بە نموونەی ئازایەتی دێننەوە، عومەر سواڵکەر بوو، معاویە درۆزن بوو، خالید هەرزەکارێکی بەرەڵڵا بوو، کەس نەبوو تەمێی بکات.

- ژنی میسری تاقە بوونەوەرێکە کە شایستەی ڕێز بێ، شێرە شێر، ئەگەر ئازادی تەواوی بدرێتێ، دەتوانێ ئەم گەلە، کە هەقی ئیبادە کردنە، بەختەوەربکات.

- باشە قازانجی بەشەرییەت لەوەدا نییە کە ئەورووپییەکان بە دنیادا بڵاوببنەوەو هەرچی خەڵکی دی هەن لەناو بچن، فەوت وفەنا ببن؟!

ئەم قسانەی لە ڕقەوە نەبوو، ڕاوبۆچوونی ڕاستەقینەش نەبوو، بەڵکو زادەی هەڵچوون بوون، بەدەم پێکەنینێکی بێگەردەوە دەیکردن. خۆ ئەگەر دوای ئەوە تووشی کەسێک بوایە داشداری لە ئەوروپا بکردایە، هەڵدەگەڕایەوەو بە هەمان جۆش وخرۆشەوە بەرگری لە ڕۆژهەڵات دەکرد، هەر بە تەبیعەت ئۆپوزیسیون بوو، ئەگەر تۆ بتگوتایە شیرینە ئەو دەیگوت تالە، ئەگەر تۆ بتگوتایە تاڵە ئەو دەیگوت شیرینە. هیچ ڕەسەنایەتیەکم لە سۆزەکانیا نەدەبینی، جگە لەوەی دەرهەق بە کچەکەی هەی بوو، بە پەرستن دەی پەرست، بە جۆرێ بەسەرهاتەکانی دەگێڕایەوە وەکو ئەوەی داستان بن، قسە بۆش وبەتاڵەکانی بە جۆرێ بە نموونە دێنایەوە وەکو ئەوەی سەرچاوەی فەلسەفە وحیکمەت بن، ئەو ڕاوبۆچوونانەی بۆ دەگێڕاینەوە کە بە درۆوە دەیدانە پاڵ ئەو- بە تایبەتی دەربارەی نیشتمان وئەو بویەر وجەنگانەی بەسەری هاتبوو،

ئیدی ئاماژەی بۆ زیرەکی کچەکەی دەکردکە بە دەیان ساڵ لە تەمەنی خۆی گەورەتر بوو. من هەمیشە لەوە دەترسام ڕۆژێک تووشی خەڵکانێکی بەهێز وموزیڕی وەکو عەدلی المؤذن یان شرارة النحال ببێت و لێیان ببێ بە شەڕ وناخۆشی، بەڵام زەلامی کەلەشی جۆرە سام وهەیبەتێکی پێ بەخشی بوو، کە گەورە فەرمانبەرەکان ڕێزی بگرن، لە لایەکی ترەوە – دوای ئەزموونە ناکامەکانی لە سەفارەتی فەرەنسا وڕادیۆ و المقطم- ئەوەندەی بۆی دەکرا خۆی لە خاوەن دەسەڵاتەکان دەبوارد. پێی دەگوتم:

- نەفرەت لەو ڕۆژگارانەی کە فێریان کردین ڕێزی کەر وگایان بگرین، خوا ڕاوەستاوت بکات کچەکەم!

بۆ " الفیشاوی "م دەعوەت کرد، لەوێ بە هەندێک لە برادەرانم ناساند، لەوانە: جەعفەر خەلیل، ڕەزا حەمادە، شعراوی الفحام، شوێنەکەی بەدڵ بوو، کەسەکانی خۆش ویستن، لە پرسەکەی شەعراوی وجەعفەردا، وەکو منداڵ گریا. هەرچەندە من بەینم لەگەڵیا خۆش بوو، بەڵام لە تووڕەیی وی نەخەلەسیم، ڕۆژنامەیەکم دەخوێندنەوە، چاوم بەو لاپەڕەیە کەوت کەبۆ یادی سەلامە حجازی تەرخان کرابوو، هەر بە زمانی نووسەرەکەیەوە، بە خۆشحاڵییەوە بە مامۆستا "عەباس فەوزی "م گوت:

- دەزانی یەکێک دەربارەی سەلامە حجازی دەڵێت ئەگەر لە ئیتالیا لە دایک بوایە نەدەبوو بە هیچ و هیچ پێگەیەکی نەدەبوو؟!

مامۆستا عەبدوڕەحمان، کە خەریکی خوێندنەوەی کتێبێک بوو، کتێبەکەی تووڕ دا و وەکو گڕکان بە ڕووما تەقییەوە:

- ئەم قسە بۆش وبەتاڵە چییە؟! باوەڕ بە هەر قسەیەک دەکەی کە ئەو خوێڕی و تۆڕیانە لە ڕۆژنامادا دەیلێن؟ سەلامە حجازی کێیە؟... هەر دەلالێکی گەراجی ئۆتومبێلی فەرەنسی دەنگی لەو خۆشترە، بەڵام ئیدی ئێوەی میسری وان، تا دەمرن لە وەهمی وشەی قەبە وقەڵەودا دەژین،

ستێری ڕۆژهەڵات.. سترانڤانی شا و میران... شاژنی گۆرانی... پاشای نواندن لە ڕۆژهەڵاتدا... ئەگەر میسری نەبام، خۆزیام دەخواست میسری بوایەم. ئەدی بۆ خۆزیا ناخوازی کەرێک بی، بەلای کەمەوە سوودێکت دەبێ، خوا خۆتان و وڵاتتان بباتەوە!

لە ساڵی ١٩٥٠دا، کچە ئازیزەکەی بەشوودا، دای بە فەرمانبەرێکی بانکی ئەهلی. لە ئوبرج ئاهەنگی زەماوەندیان بۆ گێڕا، زۆر دڵ خۆشبوو، ئێمەش هاوبەشی شادییەکەیمان کرد. دوای ئەوە بە دوو ساڵ، دەقاودەق بەیانی ڕۆژی ١٩٥٢/١/٢٧، یاریدەدەری وەزارەت خۆی بەلاماندا کرد وگوتی:

- مامۆستا عەبدوڕەحمان شەعبان ئێوەخۆش!

دڵمان داخورپا، وەکو ئەوەی یەکەمجار بێ وشەی مردن ببیستین. تا دوێنێ، لە دایەرە گوڵی مەجلیس ودانیشتنەکانمان بوو. بە ناو جادە قەرەباڵغ وئاپۆڕای خۆپیشاندەران وخەراپکاران وبڵێسەی ئاگری ئێرەو ئەوێدا، بەناو دووکان و کابارەیەو سینەماکاندا دەمگەیاندەوە ماڵەکەی خۆی. بەدەم بەڕێکردنی جەنازەیەکەوە زانیمان کە شەوێ لەگەڵ هەندێک لە هاوڕێ ئینگلیزەکانیا لە یانە بووە، ئیدی خۆپیشاندەرەکان، هێرشیان کردووەتە سەر یانەکە وهەرکێیەکی تیابووە کوشتوویانە، مامۆستا یەکێک بووە لەو کوژراوانەو بەوجۆرە ژیانە سەیرەکەی کۆتایی هات.

## ٣٣ – عەبدولوەهاب ئیسماعیل

ئەمڕۆکە بووە بە ئەفسانە، وەکو ئەفسانە ڕاڤەی جیاوازی بۆ دەکرێت. هەرچەندە بەرخورد ومامەڵەی لە گەڵ مندا جوامێرانە وبرایانە بوو، بەڵام حەزم لە سەرو سیما وچارەی نەبوو، بە تایبەتی نیگای چاوە زەق وتیژەکانی. یەکەمجار لە دیوەخانەکەی دکتۆر ماهیر عەبدولکەریمدا لە

کاتی دووەم جەنگی جیهاندا ناسیم، ئەو کاتە لە تەمەنی سی ساڵیدا بوو، لە قوتابخانەیەکی ناوەندیدا مامۆستای زمانی عەرەبی بوو، جارجار لە گۆڤارە ئەدەبیەکاندا بابەتێکی ڕەخنەیی یان چامەیەکی شیعری سوننەتی بڵاودەکردەوە. دەرچووی ئەزهەر بوو، هیچ زمانێکی بیانی نەدەزانی، وێڕای ئەوەش بە زەبری لۆژیکی خۆی بووبووە مایەی سەرنج و ڕێزی تایبەتی من، زۆر لۆژیکیانە، گەنگەشە وموناقەشەی لەگەڵ خەڵکانێکدا دەکرد کە لە واری ڕۆشنبیری وزانینی زمانی بیانیدا بەنێوبانگ بوون، لەوانە دکتۆر ئیبراهیم عەقل، سالم جەبر وزوهیر کامیل، پیاوێکی هێدی وهێمن وخوێنسارد بوو، لە قسەکردنا بە ئەدەب بوو، نە تووڕە بوونی هەبوو نە هەڵچوون، قەت لە بابەتی قسەکردن دەرنەدەچوو، لەباری خوێنەواریشەوە هیچی لەوان کەمتر نەبوو، هاوتای ئەوان بوو، ئیدی قەناعەتی تەواوم بە زیرەکی وتوانای جەدەلی و شارەزای فراوانی ئەو هەبوو، هەرچەندە سەرچاوەی سەرەکی ئەو کەلەپوور و کتێبە پاچڤە کراوەکان بوو، گومانم لەوە نەبوو کە لە ئیبراهیم عەقل وسالم جەبرو زوهیر کامیل زیرەکترە. تەنانەت ڕەخنەکانیشی لە کتێبانی مودێرن لەچاو پسپۆڕانی خودان شادەتنامەێن پاریسی ولەندەنیدا، لاوازو سەرڤەسەرڤە (سطحی) نەبوو، هەرچەندە جیاوازییەکی ورد لە نیواندا هەبوو، بەڵام تەنیا خەڵکانی زۆر زاناو وردبین هەستیان پێدەکرد.

ڕۆژێک دکتۆر ماهیر عەبدولکەریم دەربارەی ئەو پێی گوتم:

- ئەمە گەنجێکی بەهرەمەندە، لێ حەیفێ بە زەمالە نەنێردراوە.

دکتۆر ماهیر عەبدولکەریم، پیاوێک بوو ڕێزی قسەی خۆی دەگرت، قسەی خۆڕایی نەدەکرد. هەرچەندە عەبدولوەهاب ئیسماعیل باسی ئاینی نەدەکرد، هەرچەندە لە هزرین وجل وبەرگ ولە ئەتەکێتی نان خواردن و

هاتوچۆی سینەمادا، لاسایی فەرەنگیەکانی دەکردەوە، بەڵام کاریگەریی ئاینی وباوەڕی، لەمن شاراوە نەبوو. لەبیرمە نووسەرێکی قیبتی گەنج، جارێک کتێبێکی خۆی پێشکەش کردبوو، کتێبەکە هەندێ وتاری دەربارەی ڕەخنە وکۆمەڵگە لەخۆ گرتبوو، جارێکیان لە گازینۆی الفیشاوی دا، باسی ئەو کتێبەی بۆ کردم وگوتی:

- کوڕێکی زیرەکە، خوێنەرێکی هەستیارە، شێواز وهزرینێکی ڕەسەنی هەیە.

من کە شیفتەی نووسەرەکەی بووم، بە شێوەیەکی ئاسایی لێم پرسی:

-کەی دەربارەی دەنووسیت؟

بزەیەکی گونگی بۆ کرد وگوتی:- چاوەڕێ بکە، کەی شەممە لە مانگ بڕا!

- مەبەستت چییە؟

لێبڕاوانە گوتی:

- بەشداری لە بونیادنانی قەڵەمێکا ناکەم کە سبەی بەهەموو شێوازێکی ناڕاستەوخۆ بکەوێتە بریندارکردنی کەلەپوورە ئیسلامەییەکەمان.

بە تووڕەییەوە پرسیم:- یانی تۆ کابرایەکی دەمارگیری؟

بە بێموبالاتیەوە گوتی:

- بە قسەی کلێشەیی هەڕەشەم لێمەکە، من باکم بەو قسانە نییە.

- ئەم هەڵوێستەتم پێناخۆشە.

- لەم ڕووەوە موناقەشەی کەسێکی وەفدی بێفایدەیە، من ڕۆژێ لە ڕۆژان وەفدی بووم، بەڵام بە ڕاشکاوی پێت دەڵێم، من متمانەم بە شوێنکەوتووانی ئاینەکانی دی نییە!

بەڕاستی کابرایەکی وەفدی بوو، پاشان لە وەفد جیابووەوە ودوای دکتۆر ئەحمەد ماهیر کەوت، کە زۆر دڵبەندی بوو، لە سەردەمی سەعدییەکاندا بەرزکرایەوە بۆ وەزیفەی سەرپەرشتیار، زۆربەی خەونەکانی بە کوشتنی دکتۆر ئەحمەد ماهیر هەڵوەرین، لەتۆ وایە بەر هەمان گوللە کەوت کە ژیانی ئەو پیاوەی سڕییەوە، بە کەسەرێکی زۆرەوە پێی گوتم:

- گەورەترین پیاوی وڵاتەکەمان تیاچوو.

لە هەموو بۆنەیەکا گلەیی لە تەندروستی خۆی دەکرد، بە بیانووی نەخۆشییەوە، ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانی نەدەگرت، بەڵام حەقیقەتی نەخۆشییەکەی بەکەس نەدەگوت. لە ژیانیا گوێی بە ئافرەت نەدابوو وژنی نەهێنابوو، لەو ڕووەوە بە کەسێکی زۆر پاک و سەر ڕاست ناسرابوو. بەدەم جدیەتی ئاکار وڕەوشتییەوە، بەدەم هێرشە ڕاستگۆیانەکانیەوە بۆ سەر کەچڕەوان، لایەنێکیم بۆ کەشف بوو، ئەگەر بەخۆم تاقیم نەکردباوە، باوەڕم پێنەدەکرد. نووسەرێک هەبوو خاوەنی گۆڤارێک وچاپخانەیەک بوو، مانگانە زنجیرە کتێبێکی بڵاودەکردەوە، عەبدولوەهاب ڕقی لەم پیاوە بوو، لێی دەخوێند ودەیگوت:

- ئەگەر گۆڤارەکەی خۆی نەبوایە، هیچ گۆڤارێک قابیل نەدەبوو تاقە وشەیەکی بۆ بڵاوبکاتەوە.

کەچی لە ناکاوا وتارێکم دەربارەی خاوەن گۆڤارەکە لە بڵاوکراوەی الرسالەدا بینی، گەیاندبوویە کەشکەڵانی ئاسمان، زۆر حەپەسام! نەمدەزانی چۆنی لێک بدەمەوە. تا دوایی زانیم کە لەگەڵیا ڕێککەوتووە،

لە زنجیرە مانگانەکەیا کتێبێکی بۆ بڵاو بکاتەوەو پاداشتێکی وەهای بداتێ کە هیچ نووسەرێکی دی وەری نەگرتبێ!

یەکسەر هەڵوێستە کوێرانەکەیم دەرهەق بە نووسەرە قبتییەکە بیرکەوتەوە، کە ئەو لایەنە هەلپەرستانەیم بۆ کەشف بوو زۆر بێزار وبێتاقەت بووم، ئیدی گومانم لە ڕاستگۆیی وئەمانەتداری پەیدا کرد.– سەرباری نزیکی و دۆستایەتیمان– لە دڵەوە لەبەرچاوم کەوت.ئیدی لەسەر کاری سەرپەرشتیاری و نووسەری بەردەوام بوو تا وەفد لە ساڵی ١٩٥٠دا حوکمی گرتە دەست، لە بەرخورد ومامەڵەی وەزیرە وەفدییەکە لەگەڵیا، ڕازی نەبوو، ئیستیقالەی کرد وخۆی بۆ کاری ڕۆژنامەڤانی تەرخانکرد. لەو سەروبەندەدا، بە هێرشە بەردەوامەکانی بۆ سەر حکومەتی وەفد نێوبانگی دەرکرد، لە هەمان کاتدا کەوتە نووسینی هەندێ کتێبی مودێرن دەربارەی ئاینی ئیسلامی. سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بەدەست هێنا. شۆڕشی یولیو ١٩٥٢ بەرپا بوو، ئەو سەرگەرمی دژایەتی وەفد وداکۆکی لە ئاینی ئیسلامی بوو. بەلای کەمەوە دوو ساڵ بووری بە بێئەوەی تاقەجارێک یەکدی بدینین، ئیدی هیچ هەواڵێکم نەدەزانی. ڕۆژێک چووبوومە دیدەنی مامۆستا سالم جەبر، پێی گوتم:

- پێدەچێ ئەستێرەی عەبدولوەهاب ئیسماعیل بەو زووانە بکەوێتە بەرزی.

بە تاسەوە لێم پرسی:- مەبەستت چییە؟

-بووە بە یەکێک لە نزیکەکان.

-وەکو نووسەرێکی سیاسی یان نووسەرێکی ئاینی؟

-بەو حەساوەی لە ئیخوانول موسلیمەکانە.

بە حەپەساوی هاوارم کرد:

- ئیخوان؟!.. خۆ ئەوەندەی من دەزانم، سەعدییەکی تووندڕەو بوو.

بە تەوسەوە گوتی:- هەرخوا ناگۆڕێ!

دوای نزیکەی ساڵێک لەبەردەم باری ئەنگلۆدا تووشی بووم، بەگەرمی تەوقەمان کرد، بەدەم قسەکردنەوە کەوتینە ڕێ، قسە هاتە سەر شۆڕش، بە پارێزەوە گوتی:

- شۆڕشێکی پیرۆزە، بەڵام زۆر زەحمەتە بزانیت چییان دەوێ.

لە قسەکانیا هەستم بە جۆرە داخ وکەسەر وتاڵاوێک کرد، بەڵام نە من نهێنی یەکەیم پێ هەڵهات و نە ئەویش بۆی درکاندم. کەسێکی زۆر سڕقایم بوو، کەم میسری هەبوو ئەوەندە سڕقایم بێ.. پێمگوت:

- ئەرێ بیستم بوویت بە ئیخوانول موسلمین؟

بزەیەکی گۆنگی بۆ کرد وگوتی:- هەر موسوڵمانێک لەگینە ببێ بە ئیخوان!

- زۆر بە داخەوە کە تۆ دەستبەرداری ڕەخنەی ئەدەبی بوویت.

بەدەم پێکەنینەوە گوتی:- ئەمە خۆزیا وئاواتێکی جاهیلییە!

لێکدی جیابووینەوە وهەستم دەکرد جارەکی دی، مەگەر بەڕێکەوت لە ڕێگەوبانان یەکدی بدینین. لەگەڵ یەکەم پێکادانی نێوان شۆڕش و ئیخوانا لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی جەماعەتدا دەستگیرکرا، درایە دادگا، دادگا حوکمی دە ساڵ زندانی بۆ بڕییەوە، لە ساڵی ١٩٥٦دا ئازاد بوو، حەزم کرد بۆ پیرۆزبایی سەری بدەم، چووم بۆماڵەکەی کەلە شەقامی خیرت بوو. ئەلهەقی زۆر نەگۆڕابوو، پۆڕی سپی بووبوو، وەکو هەر پیاوێکی پەنجاوحەوت یان پەنجاو هەشت ساڵان، بەجۆرێک قەڵەو بووبوو وام هەست کرد کە سیحەتی لە جاران باشتر بووە. ئیدی پرسیاری

زروف وحاڵ وئەحواڵی یەکترمان کرد، هەمان ویقار وخوێنساردی دەگمەنی خۆی پاراستبوو، بێ هیچ پێشەکی وپێچ و پەنایەک کەوتە باسی مەسەلە گشتیەکان و بەوپەڕی متمانەوە ڕای خۆی دەربڕی.

- پێویستە قورئان جێگەی هەموو یاسا هاوردەکان بگرێتەوە.

دەربارەی ئافرەت گوتی:

- ئافرەت دەبێ بۆ ماڵ بگەڕێتەوە، قەیدی نییە بخوێنێ بەڵام بۆ ماڵەوە نەک بۆ دامەزراندن و وەزیفە، قەیدی نییە دەوڵەت لە حاڵی تەڵاق یان لە دەستدانی خێزاندا مووچەیەکی بۆ ببڕێتەوە.

بە توندی گوتی:

- سوسیالیزم ونیشتمانپەروەری وشارستانیەتی ئەوروپی نەخۆشین دەبێ لە خۆمانا بن بڕیان بکەین.

هێرشێکی توندی کردە سەر زانست، سەرم سوڕما ولێم پرسی:

- تەنانەت زانستیش؟!

- بەڵێ، فایدەی نییە، خەڵکانی دی پێشمان کەوتوون، چەندیش هەوڵبدەین هەر نایان گەینێ، هیچ پەیامێکی زانستیمان پێ نییە بە جیهانی پێشکەش بکەین. بەڵام تەنیا پەیامی ئیسلام وپەرستنی خوامان هەیە، نەسەرمایەمان هەیەو نە مەتریالیزمی جەدەلی.

ماوەیەکی زۆر گوێم لێگرت، بە تۆبزی خۆم کۆنترۆڵ دەکرد، کە هەڵنەچم ولە ئەتەکێتی مجامەلە دەرنەچم، پاشان کە بۆ ڕۆیشتن هەستام لێم پرسی:

- ئەدی سەبارەت بە ئایندە؟

- هیچ پێشنیازێکت هەیە؟

- پێشنیازێکم هەیە، بەڵام دەترسم جاهیلی بێ، ئەویش ئەوەیە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی بگەڕێیتەوە!

بە ئارامی گوتی:- دەعوەتێکم بۆ هاتووە لە هەندەران کاربکەم.

- ئەدی بۆ نایکەی؟

- بیری لێدەکەمەوە.

خواحافیزیم لێکرد وڕۆیشتم. دوای ساڵێک لەو دیدارە ڕۆژنامە وبڵاڤۆکان هەواڵی پیلانێکی تازەی ئیخوانەکانیان بڵاوکردەوە، ئەوکاتە هیچ شتێکم لەبارەی چارەنووسی عەبدولوەهاب ئیسماعیلەوە نەدەزانی کە پێموابوو، ڕۆییوە تا لە هەندەران کاربکات. بەڵام هاوڕێ قەدری ڕزق بۆی دووپات کردمەوە کە لە گەڵ پیلانگێڕەکاندا بووەو ڕووبەڕووی ئەو هێزە بووەتەوە کە چووە بۆ گرتنی، ئیدی فیشەکێکی کوشندەی وێکەوتووەو ساردیان کردووەتەوە.

## ٣٤ – عەبدە سلێمان

وابزانم یەکەمکچ بوو کەلە وەزارەتەکەمان دامەزرا، بەڵام بە دڵنیاییەوە یەکەم فەرمانبەری ژن بوو لە دایەرەی سکرتاریەت. لە سەردەمی دووەم جەنگی جیهاندا دامەزرا. لە هەمان مانگا دامەزرا کە عەباس فەوزی سەرۆکایەتی سکرتاریەتی گرتە دەست. لە تەمەنی بیست وپێنج ساڵیدا بوو، گۆشتنێکی ناسک، ئەسمەر، نە ناشیرین و نە زۆرجوان، مامناوەندی وکچێکی ڕوح سووک وڕەزا شیرین بوو. شادەتنامەی بەکالوریای هەبوو، حەزی لە وەزیفە نەبوو، تا بابی مرد. عەباس فەوزی بە جۆرە ئاگادار کردنەوەیەک گوتی:- بێ زەحمەت لە ئاستی هاوڕێتیدا بن!

هاپۆ سەقەر، قاوەیەکی بۆ تێکردم ولەبن لێوانەوە پێی گوتم:

-ئەم کچەی هاورێت خەڵکی سەیدە زەینەبە!

لێم پرسی:- ئێ چییە؟

-سەیدە، پڕە لە قوتابی، بۆیە گەلێک لە کچانی ئەوێندەر..

بەدەست جووڵەیەکی گوماناوی کرد. بە شێوەیەکی گشتی لە سکرتاریەتدا بایەخی زیاتر بە ڕواڵەت درا، ئیدی چاوەکان بڕانە ئەو سووچەی ژوورەکە کە عەبدە لە دەستە ڕاستی مامۆستا عەبدوڕەحمان شەعبانەوە لێی دانیشتبوو. دەبوایە ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان بکەین تا عەبدە ببێت بە عادەت و ئارەزووان نەبزوێنێ و نەبێتە مایەی سەرنجی نیگاکان. هەندێک هەواڵ بڵاو بوونەوە، کە گوایە ڕەفتاری لە گەڕەکی سەیدەداسەنگین نییە. هاپۆ سەقەر پێی گوتم:

- باوەڕ مەکە کچێکی " ئابڕوومەند " قەبووڵ بکات لە ناو پیاواندا کاربکات.

پێمگوت:

- بەڵام بە ڕاستی کچێکی بە ئەدەبە وبەبێ هیچ هەوڵێکی بانگەشەیی، دەست بە ڕووی چاوچنۆکانەوە دەنێت.

لێبڕاوانە گوتی:

- سیاسەتێکی جوانە.. بۆ ئەوەی کەرامەتی خۆی وەکو فەرمانبەرێک بپارێزێ و، پیاوی دڵخوازی خۆی بخاتە داوەوە!

هەستمان کرد هەڤاڵێکی ئەرشیڤخانە، بەشێوەیەکی نائاسایی هاتوچۆی هاوڕێیەکیسکرتاریەت دەکات، هەڤاڵێکی بەنێوبانگ بوو، هەرچەندە وەزیفەیەکی بچووکی هەبوو وشادەتنامەی سەرەتایی هەبوو، بەڵام

کوڕێکی قۆز وبە دیمەن و بە شەخسیەت بوو، لە بنەماڵەی العادل بوو- بە محەمەدل عادل ناسرابوو– تەمەنی سی ساڵان بوو. برازای پاشای گەورەی ماڵباتەکە و مێردی کچە دەوڵەمەندەکەی بوو، وێڕای هەژاری وکەمی مووچەکەی باشترین قاتی لەبەردەکرد، بە لێشاو پارەی ژنەکەی خەرج دەکرد، ئیدی بەوە ناوی دەرکرد کە دووی عەبدە دەکەوێت وبۆ مەبەستی خۆی هاتوچۆی سکرتاریەت دەکات. عەباس فەوزی هیچ ڕێگری و گلەییەکی لێنەدەکرد، چونکە دەیزانی پاشای مامی دۆستی نزیکی وەکیلی وەزارەتە، بۆیە بە نەبەدڵی گوێی خۆی لێدەخەواند، بەڵام مامۆستا عەبدوڕەحمان شەعبانی پاچڤەوان، گوێی بەوە نەدا، ڕۆژێک بۆی چوو، شانی چاکەتەکەی گرت ودایە پێش تا تا دەرگای دایەرەکە ودەڵەکی داو پێی گوت:

- جارێکی دی بێی بۆ ئێرە سەرت دەشکێنم.

بەڵام هاپۆ سەقەر پێی گوتم، کە تا نزیکی سەیدە دووی عەبدە دەکەوێت و هەوڵدەدات ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدابکات. بەڵام کچەکە ڕەفزی کردووە، قەبووڵی نەکردووە ببێ بە ماشقە وزۆر بە توندی بە گژیا چووەتەوە. ئیدی بە دزییەوە کەوتینە گەنگەشەی بابەتەکە، عەباس فەوزی گوتی:

- ئەم کوڕە کوڕێکی زۆر قۆزەو مقاوەمە ناکرێ.

عەبدوڕەحمان شەعبان گوتی:- بەڵام خوێڕی ونەخوێنەوارە.

عەباس فەوزی گوتی:- ژن هەرچییەک بێ ژنە وپیاو هەرچییەک بێ پیاوە.

گوتم:

- ئاساییە بۆ پیاو بگەڕێ، بۆ مێرد بگەڕێ، بەڵام هیچ مانایەکی نییە بە دەوری ماشقە ڕازی بێ..

- ئەمە ماقوولە، بەڵام خۆشەویستی ماقوول نییە.

ڕۆژگار بوورین وعەبدە سلێمان قاییل نەدەبوو ڕادەست بێ. ڕۆژێک داوای مۆڵەتی یەک هەفتەی کرد. کەس گوێی بە داواکەی نەدا تا هاپۆ سەقەر هات و گوتی:- محەمەد عادلیش مۆڵەتی یەک هەفتەی وەرگرتووە!

ئیدی کۆمەڵێک مەزەندەو بۆچوونێن هەڤدژ داکەوت، بەڵام هەمووی هەر مەزەندە و ڕەمڵ بوو، هەفتەیەک بووری، عەبدە گەڕایەوە، بەڵام کچێکی تر بوو، کچەکەی جاران نەبوو، دەتگوت لە ناخی دەروونیا شتێکی لەدەست داوە، شتێکی گرنگ کە قەرەبوو نەکرێتەوە.چاوەڕوانمان کرد کە شتێک بڵێت، بەڵام بە بێدەنگی لە کارەکەی بەردەوام بوو، تەمی خەمێکی ئەوتۆ لە سەر وسیمای نیشتبوو دەتگوت لە سەر قەبران هاتووەتەوە. عەبدورەحمان شەعبان، لای بەلایا کردەوە و بە ئەسپایی و نەرمی لێی پرسی:- مادموازیل چیتە؟

هەرکە هەستی بە هاوسۆزی کرد، ڕوندک لە چاوانی دابارین! هەموو چاویان تێبڕی، عەباس فەوزی ڕۆیی ولە بەردەم مێزەکەیدا وەستا وپرسی:

- چیتە؟... ئێمە هاوڕێین. ئینسان!

- هیچ!

- نامانەوێ بەزۆر بتهێنینە قسان ئەگەر خۆت نەتەوێ.

بە نائومێدییەوە گوتی:- هیچ شتێک ناشاردرێتەوە!

- دەی باشە، بۆچی خەمباریت؟

کەمێک سڵەمییەوەو ئەوجا گوتی:- من بۆیە مۆڵەتم وەرگرت تا شووبکەم..

- جا چ قەیدییە خۆ ئەوە نە شەرمە ونە خەمی دەوێ.

- شووم بە محەمەدل عادیل کرد.

- محەمەدل عادیل!

- بەڵێ.

- بە دزییەوە؟!

- گوتی ئەو قومار بە ئایندەی خۆیەوە دەکات، خۆ ئەگەر ژنەکەی یان پاشای مامی بە مەسەلەکە بزانن، ئەوا بۆ هەمیشە تیا دەچێ.

عەباس فەوزی بە زمانێکی گلەیی ئامێزەوە لێی پرسی:

- باشە تۆ کە بە حاڵیت دەزانی چۆن قاییل بووی شووی پێبکەی؟

عەبدوڕەحمان شەعبان بە تووڕەیی گوتی:

- قسەکانی خۆت لە مەڕ خۆشەویستی وەبیربێنەوە..

کابرا بایدایەوەو گوتی:- باشە دواتر چی ڕوویدا؟

- سەفەری ئەسکەندەرییەمان کرد وهەفتەیەک لەوێندەرماینەوە!

- ئێ پاشی؟

عەبدە هەوڵیدەدا، گریانەکەی خۆی کۆنترۆڵ بکات:- دوێنێ تەڵاقی دام!

- تەڵاقی دایت؟!

- بەڵێ..

- بۆچی؟

- گوتی ئەگەر پەیوەندییەکانمان بەردەوام بێ، ژنەکەی پێدەزانێ و ئەگەر ئەو پێ بزانێ ئەم هەموو شتێک لە دەست دەدات!

هاپو سەقەر دەمی لە پەنا گوێم نا وگوتی:- ڕێبازێکی تازەی ئاشقێنییە!

عەبدە، هەم هاوسۆزی لەگەڵ کراو هەم لۆمەش کرا، زۆر کەس خۆبەخش خۆیان تەرخانکرد کەلە ئیجرائاتی شەرعی مەسەلەکەدا یارمەتی بدەن. هەواڵەکە گەییە پاشا وکچەکەی، ئیدی وەکیلی وەزارەت – لە سەر داوای پاشا- عەبدەی بانگکرد، سەرکۆنەی کرد وبەوە تۆمەتباری کرد کە ئەو کوڕە بێپەروا ولاسارەی لە خشتە بردووە و داوای لێکرد دەستبەرداری مەسەلەکە ببێت، لە هەنبەر ئەوەی مافەکانی پارێزراو بێ، بەڵام عەبدە بە ڕاشکاوی پێی گوتین کە دوو گیانە، بەمەش مەسەلەکە هێندەی دی ئاڵۆز بوو. کچێکی بوو، نەفەقەی عەبدەو منداڵەکەی لە مووچە کەمەکەی کوڕە گەنجەکە دەبڕدرا، ئەلهەقی محەمەدل عادیل، بە تەواوەتی لە عەبدە تێر نەبووبوو، عەبدەش لای خۆیەوە خۆشی دەویست، ئەمە ڕاستیەک بوو، لە خەڵکانی ئەزموونداری وەک عەباس فەوزی وعەبدوڕەحمان شەعبان، نەدەشاردرایەوە. پەیوەندییان تازە بووەوە، ئەمجارەیان بە شیوەیەکی ناشەرعی، بە شێوەیەکی ژێراوژێری ئەوتۆ کە هیچ یەکێک لە ئێمەمانان پێمان نەزانی، تا ڕۆژێک لە ناکاوا وەکیل عەبدە ومحەمەدی بانگکرد و هەڕەشەی لێکردن کە ئەگەر کۆتایی بەم پەیوەندییە ناشەرعیەیان نەهێنن، بۆ هەرێمەکانیان نەقڵ دەکات. ئەمە لە هەنتەشی (حوزور) خودی پاشادا ڕووی دا، ئیدی ئەم قسەیە بڵاوبووەوە، قسە کەوتە سەر زاران دەیلێنەوە هەزاران، هاپۆ سەقەر هەواڵەکەی قۆستەوەو بە شێوازە

سادیزمیەکەی خۆی بڵاوی کردەوە، تا مامۆستا عەبدوڕەحمان شەعبان ناچار بوو، کیژە وون بووەکەی خۆی بیربخاتەوە، ئیدی کابرا بە تەریقی وڕووو گرژی لە ژوورەکە وەدەرکەوت. دوای ئەوە محەمەدل عادیل بۆ وەزارەتی کشت وکاڵ گوازرایەوە. عەبدە شووی بە کابرایەکی قونتەراتچی کرد، ڕازی بوو کچەکەی لە ماڵەکەی خۆیدا بە خودان بکات بەو مەرجەی عەبدە واز لە وەزیفەکەی بێنێ و ئەو کارەی کرد. ئەم حاڵ وحیکایەتە لە سەردەمی شەڕی یەکەمی فەلەستین، لە ساڵی ١٩٤٨دا ڕوویدا، بیست دانە ساڵ بەسەر ئەو بویەرەدا بووری، تا بە ڕێکەوت لە مەیدانی تەحریردا تووشی عەبدە بووم.

زۆر بە گەرمی تەوقەمان کرد، لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا بوو و زۆر قەڵەو بووبوو، پێکەوە کەوتینەڕێ، هەواڵی هاوڕێ کۆنەکانی پرسی، باسی عەباس فەوزی و کۆتایی عەبدوڕەحمان شەعبانم بۆ کرد، ڕاستگۆیانە خەفەتی بۆ خوارد، تەنانەت باسی ئاقیبەت خراپی هاپۆ سەقەریشم بۆ کرد، بەڵام عەبدە باسی ئەوەی بۆ کردم کە مێردەکەی دوو ساڵێکە مردووە وسێ کوڕی لێی بووەکەلە کولێژی پزیشکی و کشت وکاڵ وئابوورین وکچەکەیشی شووی بە ئەفسەرێک کردووە. ئەوجا پرسی:

- نازانی بابی کچەکەم چی لێهاتووە؟

من بە تەواوی لەبیرم چووبووەوە. ئەوجا عەبدە هەر خۆی گوتی:

- دوای جێبەجێکردنی یاسای ڕیفۆرمی کشت وکاڵی بە ساڵێک، پاشا مرد، ئیدی کیژەکەی تەنیا بەشی ئەوەی بۆ مایەوە کە منداڵەکانی پێ بەخێو بکات، ئیدی هیچ پارەیەکی بە مێردەکەی نەدەدا، ئیدی مێردە نەیدەتوانی بە پای پیلان پارە خەرج بکات وبەهەمان لاف وگەزاقی جارانەوە بژی، ئیدی کەوتە دزی و لە کارەکەی تڕۆ کرا.. ئێستا وێڵ

وسەرگەردان، وەکو لات و لەوێران دەژی، ئیدی ناچار بوو وەکو دەڵاڵی گەراجی ترومبێلان لە ئەسکەندەریە کاربکات!

پاشان لە کاتی خواحافیزیدا لێی پرسیم:

- ئەرێ ڕەوش چۆنە، جەنگ دەبێ یان ئاشتی؟

هەر دوو دەستم پانکردەوەو نەمزانی چ وەڵامێکی بدەمەوەو لێکدی جیا بووینەوە.

٣٥ – عەجلان سابت

ساڵ ونیوێک لە زانستگە لەگەڵماندا بوو، تۆمەتی دزینی تەڕبووشێکی درایە پاڵ، کەشف بوو وناچار بوو خوێندن تەرک بکات. ئەو کاتە مامۆستا عەدلی المؤذن باسی بۆ کردم وگوتی:- لەگەڵ دایکێکیپیرا بە دەرامەتێکی کەم دەژی.

بە کەسەرەوە گوتم:

- کەسمان ناتوانین یارمەتی بدەین، دەنا دەیتوانی بە ئاسانی دەربچێ وخوێندن تەواو بکات.

- بەڵام کوڕێکی بێ ئەدەب بوو. گەنگەشە توندەکانیت لەگەڵ دکتۆر ئیبراهیم عەقل لە بیرنایەت؟

بە تووڕەییەوە گوتم:- بەلای منەوە زۆر لە دکتۆر ئیبراهیم عەقل باشترە.

لەکاتی هاوڕێیەتیماندا، قەناعەتی تەواوم بە زیرەکی وکۆشش وهۆشیاری ئەو کرد، بەهرە وتوانایەکی باشی فێر بوونی زمانی بیانی هەبوو، هەروەها خوێنەرێکی زۆرچاک بوو. لە بیرمە-بەو تەمەنە

کەمەیەوە– هەندێک لە چامەکانی شیللی پاچڤە کرد و لە گۆڤاری المعرفەدا بڵاوی کردنەوە. پێی دەگوتم:

- ڕێزی خوێندکارێک مەگرە، کە بایەخ بە سیاسەت نەدات. ڕێزی ئەو سیاسیەش مەگرە کە وەفدی نەبێت، ڕێزی وەفدییەکیش مەگرە کە هەژار نەبێت.

پێمگوت:- خۆ سەعد زەغلول هەژار نەبوو.

- بەڵام مستەفا نەحاس سەرکردەیەکی هەژارە!

- یانی دەتەوێ بڵێی مستەفا نەحاس لە سەعد زەغلول باشترە؟

- سەعد زەغلول بلیمەت بوو، بەڵام مستەفا نەحاس ویستێکی خالیسە وپاکە.

دوای دەرکردنی لە زانستگە هیچ وەزیفەیەکی نەدۆزییەوە، وەزیفە بۆ کەسێک واسیتەی نەبوایە زۆر زەحمەت بوو، بەڵام ئەندامێکی وەفد بۆی تێکەوتبوو، توانی بووی لە دەزگایەکی ڕۆژنامەڤانی بێلایەن، وەکو پاچڤەوان بە کرێیەکی کەم دای بمەزرێنێ. نزیکەی دەساڵێک لێکدی دابڕاین، پاشان بە ڕێکەوت لە گازینۆی فیشاوی تووشی یەکدی بووین، چاک وخۆشیمان لەگەڵ یەکدیدا کرد وئەمەمان بە ڕێکەوتێکی خۆش زانی، لە حاڵ و ئەحواڵیم پرسی، گوتی:

- تا ئێستا پاچڤەوانێکی ڕۆژنامەڤانیم و هێشتا کرێکەم هەر کەمە!

پێکەنی، ورەی بەرز بوو، گوتی:- بەڵام ژنم هێناوە..

- تۆ زۆر سەرکێشی ها!

- ئیدی خۆشەویستیە بە نەحلەتم کرد..

ماڵی لە خان الخلیلی بوو، دەعوەتی کردم بۆ ماڵەوە، تەعاروفم لەگەڵ ژنەکەیدا کرد، ئافرەتێکی جوان بوو، خوێنەوارییەکی مامناوەندی هەبوو، هەستم کرد دڵسۆز و وەفاداری خۆشەویستەکەیەتی وبەوپەڕی ورەبەرزییەوە ڕووبەڕووی ژیانە هەژارانەکەی دەبێتەوە. قسەوباسمان هاتە سەر جەنگ وسیاسەت، هاوڕێکەم گوتی:

-ئێستا وەکو جاران وەفدی نیم..

پێم سەیر بوو بەڵام بە ڕاشکاوی گوتی ئێستا " کۆمۆنیستە " . سوور بوو لەسەر ئەوەی کە کۆمۆنیزم، چارەسەی هەموو کێشەکانی جیهانە، ئەوجا بەدەم پێکەنینەوە لەسەری ڕۆیی:- هەروەها چارەسەرە بۆ کێشەکەی منیش..

ژنەکەی پێکەنی وگوتی:- ئەمە لە هەموو ئەوانی دی گرینگترە!

ئەوجا کەوتە شرۆڤەی کۆمۆنیزم بەو ئیحتوبارەی تیۆرییەکی زانستیە، بەڵام من هەستم کرد لە دڵ ودەروونی ئەودا جێگەی ئایدولوژیایەکی ئاینی گرتووەتەوە. لەدوای جەنگ بە عازی وەزارەتی ناوخۆو لە سایەی ئەو حوکمە کۆنە پەرستەی دوای لابردنی دەسەڵاتی حکوومەتیوەفد، لە دەزگاڕۆژنامەڤانیەکە دەرکرا. ڕەوشی خراپ بوو، تەنانەت لە ماڵە پەڕپووتەکەشیا نەدەحەوایەوە، هەڕەشەی دەرکردنی لێدەکرا، پارەی نەبوو کرێ بدات. من هاتوچۆم دەکرد، هەندێجار سووکە یارمەتیەکم دەدا کە جێی هیچی نەدەگرتەوەو دەردی دەرمان نەدەکرد. پاشان بۆم دەرکەوت کە مالەکەی خەریکە دەبێ بە شتێکی تازە، نامۆ، بە مەکۆی هەندێ لە دەوڵەمەندانی شار، هەڵبەتە دەوڵەمەندانی جەنگ کە هاتوچۆی گوماناوی ئەوێیان دەکرد. ژنەکەی لە ناویاندا دادەنیشت و وەکو خاوەن ماڵ پێشوازی دەکردن! ئیدی – بۆ ئەوەی ئیحراج نەبێت – وام بە باش زانی تەنیا لە قاوەخاناندا یەکدی ببینین، ئیدی وەکو

کەسێکی ڕوو هەڵماڵراوی، بەرەڵڵا دەهاتە بەرچاوم. وێڕای هەموو ئەوەش بیروباوەڕی نەگۆڕا. تووشی گەندەڵی نەبوو، وەکو گەوهەرێکی ناو زەلکاوان مایەوە بەبێ ئەوەی نرخی خۆی لە دەست بدات. لە ساڵی ۱۹۵۰دا، گەڕایەوە بۆ سەر کارەکەی لە دەزگا ڕۆژنامەڤانیەکەی جاران، بەڵام شێوازی ژیانی نەگۆڕا، لەبەر کەمی مووچەکەی لە لایەکەوەو لەبەر لە دەستدانی متمانە لە لایەکی ترەوە.

دوای دابڕانێکی دوور ودرێژ ژنەکەیم بینی، پێم سەیر بوو، بەجۆرێک سفوری پۆشی بوو، کە ئافرەتانی سووک و چرووکی بیر خستمەوە، زۆرم لەبەر گران بوو، لە ڕادەبەدەر خەفەتم خوارد. پێم وایە عەجلان هەستی بە گرژ بوونەکەم کرد، گوتی:

- هەرچۆنێک بێ، لایەنێکمان تیایە دەتوانێ پەرجووان چێبکات، ئەو لایەنە خوای دروستکردووە!

دوای بەرپابوونی شۆڕشی یولیو ۱۹۵۲، هەندێک لە هاوڕێکانی توانیان کارێکی باشتری بۆ وەدۆزن، حاڵی باشبوو، بەڵکوماڵەکەی گۆڕی، باری کرد بۆ شوقەیەک لە باڵەخانەیەکی مەیدانی جیزە. ئەمە هەنگاوێک بوو بۆ گۆڕینی شێوازی لە ژیانا و مومارەسەی ژیانێکی بە حورمەت بەهۆی چالاکییە ئایدۆلۆژیەکانیەوە، بۆ چەند ساڵێک دەستگیرکرا، ژنەکەی ناچاربوو پەنا بەرێتە بەر یەکیک لە موشتەریە کۆنەکانی. کە لە زندان ئازاد بوو، زۆر شەکەت وبێزەوەر بووبوو. کارەکە و دەرامەتەکەی وەرگرتەوە، بەڵام نەیتوانی ژنەکەی ڕزگاربکات، گوتی:

- ئالوودەی ئەفیون بووە..

بە کەسەرەوە سەری لەقاند وگوتی:

- من خۆشم دەوێ وبۆ هەتاهەتایە هەر خۆشم دوێ، بەڵام ئەو (ژنەکە) توانای بەخشینی خۆشەویستی نەماوە!

ئەوجا بە تووڕەیی گوتی:

- من. گەندەڵی لە هەر شوێنێ بێت ڕاستگۆیانە بە گژیا دەچمەوە.. لەوەش ناترسم کەسێک لە پاشملەم بڵێ..

پەیوەندی لەگەڵ ژنەکەیدا گەیاندە ئاستی پیرۆزی، ئەوپەڕی دڵسۆزی و لێبووردەیی بەرانبەری دەنواند، ژیانی خۆشی بۆ فەراهەم کرد، ڕێی بەخۆی نەدەدا لەسەر هیچ ڕەفتارێک لێ پێچینەوەی لەگەڵدا بکات، چ لە ڕوو وچ لە پاشملە، چ چاکی بکردایە وچ خراپ. پیری پێشوەختە سەری لێهەڵدا، هەموو خۆشییەکانی دنیای هاتبووە سەر کارکردن وقسەکردن ولێبووردەیی بێکۆتایی لە هەنبەر ژنەکەیا. وێڕای کول وکۆڤان و ژان وژارەکانی و هەرەس هێنانی ژنە ئازیزەکەی لەو ماوەیەدا گەییە ئەوپەڕی پوختەیی و باشترین بەری خۆی دا، بەردەوام وتاری سیاسی وجڤاکی تەڕو تازەو قووڵی بڵاودەکردەوە، من کتێبەکەی دەربارەی هزری عەرەبی پێشکەوتوخواز بە خۆشترین وباشترین وگەشبینانەترین کتێبی هاوچەرخ دەزانم. هەروەها ناکۆکی وهەڤدژیەکانی ژیانی شەخسی وکێشە جەستەییەکانی و یەکێتی و ڕوونی زەینی، بە نموونەی سەردەمێکی شەپڕێوی پڕ لە هەوراز ونشێو، دارِمان وبونیاتنان، دابڕان وکۆبوونەوە، نائومێدی وئومێدواری دەزانم. زۆرم بەلاوە ناخۆش بوو کە دەمبینی مامۆستام دکتۆر ماهیر عەبدولکەریم ئامادە نەبوو لە دیوەخانەکەی خۆیدا پێشوازی بکات، بە هەمان هێمنییە باوەکەی خۆیەوەگوتی:

- دەڵێن کەسێکی..

بزەیەکی بە ماناوەی کرد وبەو بزەیە خۆی لە وتنی هەر قسەیەکی کرێت بوارد کە دەگەڵ زەوقی بەرز وناسکی ئەودا تێکی نەدەکردەوە. ئیدی زانیم ئەو کەسەی لەلای دکتۆر ماهیر بۆی تێچاندبوو، جاد ئەبولعولایە، ئەو کەسەی کە لە واقیعا بوونی نییە!

## ٣٦ – عەدلی بەرەکات

وێنەیەکی کۆنی لە زەیندا ماوە، وەکو عەباسیەی کۆن بەکێڵگە وئارامییە هەمیشەییەکەیەوە، کاتێ کە عەرەبانە لە عەباسیەی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ قوتابخانەی دێنا و دەگەڕایەوە، ئەوـبەو مندالّیەی خۆیەوە- بە کەش وفشێکی شازادانەوە ڕێی دەکرد، بەلاماندا دەڕۆیی بێئەوەی تەمەشای هیچ کەسێک بکات، هەمیشە بە تەنیا و بێ هاوڕێ بوو، مەگەر بە دەگمەن، ئێمە ژێراوژێرو بەتەوسەوە پەیگیریمان دەکرد، تەوسێک هەم دڵبەندی لە خۆگرتبوو وهەم بەغیلی وحەسوودی. ماڵباتی بەرەکات – وەکو ماڵباتی الکاتب- لەو بنەماڵە ئەرستوکرات ونەجیمزادانەی عەباسیەی ڕۆژهەڵات بوون، کە لە کۆشک وسەرایان دادەنیشتن. داکی عەدلی تورک بوو، بابی فەلاحێکی میسری دەوڵەمەند بوو، دوو کوڕیان هەبوو، عەدلی وبرایەکی لەخۆی گەورەتر. عەدلی دوازدە ساڵان بوو دایکی مرد، بابی دوای ساڵێک لە مردنی دایکی، خانمێکی میسری هێنا. بۆیان گێڕامەوە کە مردنی دایکی کاری لە ناخی کردووە، هەروەها کە ژنێکی دی شوێنی دایکی گرتبووەوە، بۆ هەمیشە هاوسەنگی ئەوی شێواندبوو. ئەو خەمانە تەنیا بە تەسەور وێنا دەکرێن، لە شیکردنەوە نایەن، بە تایبەتی کە عەدلی لەلای کەس باسی دایکی نەدەکرد، ڕێگەی بەکەس نەدەدا، ئەو مێژووە کۆنە هەڵبداتەوە، هەرچەندە من لە کاتی هەرەس وداڕوخانیا ناسیم، نە ڕێزی بۆ هیچ شتێک دادەنا ونە دانی خێری بە کەسدا دەنا، بەڵام هەمووومان دەمانزانی کە دایکی ڕازێکی داخراوی پیرۆزەو نابێ هیچ کەس بە چاک وخراپ توخنی بکەوێ، یان

بیر لەوە بکاتەوە ناوی بێنێ ولەو بابەتە نزیک ببێتەوە. بە منداڵی زۆر دەمان بینی، چ لە قوتابخانەو چ لە باخی قەسرەکەیان، بەڵام هیچ ئاشنایەتیەک لە نێوان ئێمە وئەودا دروست نەبوو. جارێکیان کەلە یاریگای تۆپانێ لە دەشت دەگەڕاینەوە، دیتمان لەبەردەم کۆشکەکەیان ڕاوەستاوە، خەلیل زەکی لێبڕا سەربکاتە سەری وشەڕی پێبفرۆشێت، چوو لە بەردەمیا وەستاو بێ شەرمانە لێی پرسی:- دووکانی هاپۆ فلقوسی پاقلەفرۆش دەزانی؟

بێئەوەی ورتە بکات خۆی بە کۆشکەکەدا کرد، ئێمەش بەدەم پێکەنینی خەفەوە ڕۆیشتین ونەفرەتمان لە خەلیل دەکرد، هەڵبەتە لە دڵی خۆمانا ئەو هەڵوێستەمان پێخۆش بوو. زۆرجار خەلیل دەیگوت:- چەند حەزدەکەم دەست بنەمە بینی!

لە یەک ساڵا چووینە زانستگە. لە کولێژی ماف دا بوو بە هاوڕێی ڕەزا حەمادە و عارف ڕەزا ومن، تەمەشای پێشبڕکێی گەرمی تۆپانێی نێوان یانەی ئەهلی و تێکەڵاومان دەکرد. پێمگوت:

- ئێمە دەمێکە کوڕی یەک گەڕەکین کەچی ئەمڕۆکە تەعاروف دەکەین.

بزەیەکی کرد وزۆر بە کورتی گوتی:- بەڵێ.

لە نزیکەوە لێی ورد بوومەوە، هەرچەندە شیک پۆش وبەکەش وفش بوو، بەڵام زیاتر لە بابە فەلاحەکەی دەچوو، لە تۆ وایە سێوێکن وکراون بە دوو لەتەوە، هیچ ڕواڵەتێکی ئەوتۆی نەچووبووەوە سەر دایکە تورکەکەی کە بە کەڵکی بێت! هەر لەیەکەم ساتەوە هەستم بەوە کرد کە ماندووە، پێویستی بە سیاسەتێکی تایبەتیە بۆ ئەوەی متمانە ودۆستایەتی بەدەست بێنی، ڕقی لە هەموو شتێکی ئەم دنیایە بوو، وشەی "کۆمیدی" کلێشەیەک بووبە سەرزمانیەوەو بۆ هەموو کەسێک یان کردەوەیەکی بەکاردێنا، ئیدی ڕای قسەکەرەکە هەرچیەک بوایە لەو بارەیەوە. بۆ

نموونە مامۆستای مەدەنی "دكتۆر كۆمیدی" بوو . مستەفا نەحاس "سەركردەیەكی كۆمیدی" بوو، قەراری وەفد لە ڕاگەیاندنی بایكوتدا "بڕیارێكی كۆمیدی" بوو. یاسا و ڕێساكانی ئیسلام " ڕێسای كۆمیدی " بوو، تەنانەت جارێك لێم پرسی:

-باشە چ كەسێک لای تۆ شایستەی ڕێزە؟

بەدەم پێكەنینەوە بەرسڤی دایەوە: -كەسێكی قۆزی دڕ!

ئەوجا لە سەر پێكەنینەكەی بەردەوام بوو وگوتی:

-دەڵێن ئیسماعیل سدقی لە گەنجیدا وابووە..

گوتم:- بێگومان تۆ ڕێزی بابت دەگریت؟

خۆ بەخۆ تفێكی كردە ئەرزەكە وبە سلۆكیەوە گوتی:

-نەفرەت لەو ولەهەموو مێرووەكان!

نەمدەزانی بەو ڕادەیە ڕقی لە بابیەتی. سازڤانێكی دراوسێیان باسی ئەو پەیوەندییە غەریب وسەیرەی بۆ كردم گوتی: عەدلی لە مێژە ڕقی لە بابیەتی وئەم ڕقەش ناشارێتەوە، پاشاش مدارای دەكات وجڵەوی خۆی ڕادەستی خوا كردووە. پرسیاری هۆی ئەمەم كرد وگوتی:

- كەس هۆی ڕاستەقینەی ئەم هەڵوێستە نازانێت، عەدلی بەخۆیشی حەزناكات ئەو لایەنەی نهێنییەكانی بزانێت، بەڵام بە مەزەندەهۆی ئەم ڕقە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە بابی دوای مردنی داكی وی ژنێكی دیكەی هێناوە..

وەختایەک پەیوەندیمان بڕێک تۆخ بووەوە لێم پرسی بۆ ڕقی لە بابیەتی ودەی بوغزێنیێ، مۆڕەیەكی لێكردم وگوتی:

- ئەوەندە بەس نییە، کە سیمای خۆی پێبەخشیوم؟!

گوتم:- تۆ فەلاحێکی جوانی!

ڕووی گرژ کرد وگوتی:

- جارێکی دی ئەم درۆیەم لە گەڵدا بکەی، لەو زیاترت دەبوغزێنم.

بۆ ئەوەی لە بابی دوور بێ وتا دەتوانێ لێوەی دوور بێ، لە بینایەکی ناو باخی کۆشکەکە، کە وەکو میوانخانە بەکاردەهات، دەژیا، جاری وا هەبوو مانگ ودوو مانگ دەبووری وکەسیان چاویان بەچاوی کەسیان نەدەکەوت. لە دوا ساڵی کولێژی مافدا، چەند هاوڕێیەکی گرت، کەلە ڕووی ئەخلاقیەوە بەرەڵڵا بوون، ئیدی لە ڕێگەی ئەوانەوە لە گۆشەگیری دەرچوو، ئیدی فێری شوێنی ڕابواردن و گازینۆی فیشاوی بوو، شوێنە تایبەتی وسەربەخۆکەی ناو باخچەکەی کرد بە مەیخانە وقەحپەخانە! هەڵبەتە پاشا هەستی بەم جموجوڵە تازە و گوماناویە دەکرد، بەڵام بۆ ئەوەی شتەکە نەقڵیشێتەوەو بە سەلامەتی بڕوات، گوێی خۆی لێ دەخەواند. ڕۆژێک پێی گوتم:

- پێویستە هاوڕێیاتی شەڕانی وسێبەندیان بکەی، بەهۆی ئەوانەوە خۆت دەناسی..

درەنگانێک لە مەبەستی حاڵی بووم. کاتێ حاڵی بووم کە بینیم، هەرچەندە حەزی لە هاوڕێتی ژنی جوانە، بەڵام بە پیریانەوە ناچێت، زیاتر بە پیر لەشفرۆشانی سیما دزێوەوە دەچوو. لە ساڵی ١٩٣٨دا، دوای چوار جار کەوتن، خوێندنی تەواو کرد، پاشا هەوڵیدا لە ڕێگەی دەسەڵاتی خۆیەوە لە دادگای گشتیدا دایبمەزرێنێ، بەڵام هیچ کەسێک بەبێ تاقیبی تەواو لە دادگا نەدەهاتە دامەزراندن، ئیدی لە تاقیب کردنەکاندا، ئەو قەحپەخانەیە کەشف بوو کە لە بینا تایبەتی

وسەربەخۆکەیدا دایمەزراندبوو، ئیدی داواکە ڕەفزکرا وبابی لە حەقیقەتەکە ئاگادار کرایەوە! بابی لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵدا کرد، بەبێ موبالاتیەوە گوتی:

- دادگای گشتی وەزیفەیەکی کۆمیدییە!

باب وکوڕ تووڕە بوون، کوڕەکەی دی کەوتە بەینیانەوە تا هێوری کردنەوەو ڕەوشەکە ئارام بووەوە. ئیدی لە سەر ئەوە ڕێککەوتن کە پاشا ئوفیسێکی پارێزەرڤانی لە شوێنە سەربەخۆکەیدا بۆ بکاتەوە، بەو مەرجەی عەدلی، شەوبێرییە تایبەتیەکانی بەرێتە دەرەوە. ئیدی لە یەکێک لەو دوو ژوورەی کە بینا سەربەخۆکەیان پێکدەهێنا، ئۆفیسێک وکتێبخانەیەکی قانوونی دامەزراند، ئیدی تابلۆیەک بە پێشی بیناکەوە بە ناوی پارێزەرە تازەکەوە هەڵواسرا. ئەم ڕێکەوتنە تەنیا بۆ چەند ڕۆژێکی کەم پەیڕەوی کراو پاشان عەدلی بایدایەوە سەر بای بەرەبۆر، هاوڕێکانی هاتنەوەو هەمان دەورو دووکان کەوتەوە گەڕ، حەشیش بە تەواوەتی دیل وئەسیری کرد. هاوڕێیانی هەر بەوەوە نەدەوەستان، هەندێک ژنی هەرزەو لەشفرۆشیان، بەناوی ئەوەی کە عەمیلی پارێزەرە تازەکەن، لەگەڵ خۆدا دێنا، شوێنەکە بوو بە قەحپەخانەی تەواوەتی، شەوێک یەکێک لەو لەشفرۆشانە سەرخۆش دەبێت، ئاگای لە خۆ نامێنێ، خۆی ڕووت وقووت دەکاتەوەو دەچێتە ناو باخچەکە و لەبەر تریفەی مانگەکەدا دەکەوێتە سەما.

پاشا بۆ یەکەمجار، جڵەوی تووڕەبوونی لە دەست بەردەبێ، ئیدی بە نەفرەت و سخێفان بە سەر کوڕەکەیدا دادەبارێت، کورەش دوو ئەوەندەی بە بابی کرد، بابەکە بەر زللەی دا، کوڕە هەڕەشەی شەق وزللەی لێکرد، هەنگێ لە کۆشکەکەی وەدەری نا وئاگاداری کردەوە، جارێکی دی خۆی پیشانی نەداتەوە. عەدلی دەرکرا و، لە سەرەتاکانی ڕۆژگاری جەنگی

دووەمی جیهاندا کۆشکەکەی بەجێهێشت، بە سەڵتی لەماڵ وەدەرکەوت. هەر شەوەی لە لای هاوڕێیەکی دەمایەوەو بیریان لە ئاینده دەکردەوە. هەندێکیان پێشنیازی ئەوەیان بۆ کرد کە لە وەزیفەیەکی کیتابی بگەڕێ تا دەروویەکی لێدەبێتەوە، بەڵام بە غروورەوە گوتی:

- من دەر بەدەری وسەرگەردانیم پێ باشترە..

ڕەزا حەمادە، پێشنیازی بۆ کرد، کە ئوفیسەکەی بکاتەوە، بەڵام عەدلی گوتی:

- قانوونم بیر چووەتەوەو تاقەتم نییە بچمەوە سەری.

حەمادە، بە دڵپاکی خۆی گوتی:

- گرینگ ئوفیسەکەیە، هەر کارێکت حەز لێبوو لەوێ بیکە!

هەستی بەوە کرد کە دەیەوێ وەکو کاتب لە نووسینگەکەی ئەودا کاربکات، تووڕە بوو و هاواری بەسەریا کرد:

- من ڕقم لە خۆت ولەو کەسەشە کە خولقاندووتی!

ئیدی سەرگەردانی ولاتبازی هەڵبژارد، جۆرەها قەرزی دەکرد، بە وەعدی ئەوەی کە بابی مرد، بیانداتەوە، بابی لە هەفتا ساڵی تێپەڕی بوو. ئیدی بە بابۆڵە و سەندەویچان سکی خۆی تێردەکرد، شەوان لەم کاباریە بۆ ئەو کاباریە دەڕۆیی و جگەرەکەی دەکەوتە بەلاش، پاشان شەوی لەماڵ ئەم یان ئەو هاوڕێ ڕۆژی دەکردەوە یان لە سووچێکی گازینۆی فیشاوی ڕۆژی دەکردەوە. دیمەنی تەواو شێوا، سیحەتی تێکچوو، جلەکانی شڕ بوون، زیاتر لە ئاوارەو دەر بەدەران دەچوو، بەڵام غروور وکبریای بە جۆرێ ئاڵۆزبوو، دایە تان بێعاری وجنێوفرۆشی. جارێکیان لە فیشاوی خڕبوو بووینەوە، لە ناکاوا لە قاقای پێکەنینێکی بەردەوامی دا، لێم پرسی بە چی پێدەکەنی، گوتی:

- بیهێنە بەرچاوی خۆت کە من لە پێش "سەگەکەدا " بمرم..؟

بەدەم زەردە خەنەیەکەوە گوتم:- لەگینە، چاوەڕوان کراویشە!

نەفرەتی لێکردم وگوتی:

- من ئامادەم عیبادەتی خوا بکەم، ئەگەر ڕۆحی بکێشێت..

ئەوجا وەکو ئەوەی شتێکی بیرکەوتبێتەوە گوتی:

- بەهەرحاڵ، مادامێکی لە کۆتایی ڕۆژا، کاباریە هەبێ، هیچ گلەییەکم نییە!

لەساڵی ١٩٤٧ یان ١٩٤٨دا، لە کاتێکا لە فیشاوی هەڵکوڕمابوو، نوێنەری برایەکەی خەبەری مردنی بابی بۆ هێنا ودەعوەتی کرد کە بۆ کۆشک بڕوات. گێژو وێژ بوو، یەکەمجار هیچ حاڵی نەبوو. کە حەقیقەتەکەی بۆ ڕوون بووەوەو بێدار بووەوە، بەلارە لار هەستایە سەر پێیان، چاوی بڕییە دیوارە بە نەخش ونیگارەکە، لە فکران ڕاچوو، کەس نەیدەزانی بیر لە چی دەکاتەوە، ئەوجا بەبێ خوا حافیزی لەکەس، وەدەرکەوت، براکەی – سەرۆکی دادگا بوو – پێشوازی کرد وپێی گوت:

- خۆت خۆش بی.

بۆ ژووەوەی برد وگوتی:

- ئەوەی چووچوو، ئەمە کات وساتێکی پیرۆزە، بوغز وکینەی تیا فەرامۆش دەکرێ. تا گەیاندیە دیار جەنازەکەی پاشا، ڕێگەی بۆ کردەوە وپێی گوت:

- وەژوور بکەوە، ماڵاوایی لە بابت بکە، خوا لەو ولە تۆ ولە هەموومان خۆش بێت.

عەدلی خۆی بە ژوورەکەدا دەکات- وەکو پاشان بۆی گێڕاینەوە –بە تاقی تەنیا بە دیار جەنازە داپۆشراوەکەوە وەستا، ئەوجا بە ئاستەمێک پەردەکەی لەسەری لابرد، تا دەموچاوی دەرکەوت، بە وردی لێی ڕاما، ئەوجا لەبن لێوانەوە، مینگە مینگێکی کرد:- چەپەڵ بۆ دۆزەخ..

پتر لە دەنگێک گوتیان:- مەحاڵە.. مەحاڵە..

بە قێز وبێزەوە تەمەشای کردن، ئەوجا لەبن لێوانەوە گوتی:

- چەندم حەزدەکرد جەنازەکەی بشێوێنم!

هەندێکمان باوەڕمان بە تاقە یەک وشەی نەکرد وهەندێکمان باوەڕمان بە هەموو قسەکانی کرد وپێمان وابوو لەوەش زیاتری کردووە. بەهەرحاڵ، دنیا بە ڕوویا کرایەوە. پاشا موڵک وماڵ ومردە ماڵ وزندە ماڵێکی زۆری لەپاش بەجێما، عەدلی دوو باڵەخانەی بەرکەوت، کە داهاتی مانگانەیان هەزار جونەیهی کاش بوو، ئەمە جگەلە چل هەزار جونەیهی وشکە. گەلێک لە هاوڕێکانی گوتیان:

- سالانی دەربەدەری وسەرگەردانی، دەرسێک بوو بۆ ئەوەی قەدری قورش بگرێ و بزانێ چۆن بە کاری دەبات!

دوای تەواو بوونی پرسە وماتەمەکە، هاوڕێکانی لە دەوری خڕبوونەوەو پێشبینی ئایندەیەکی خۆشیان بۆ دەکرد:

- خۆشبەختانە، داخوازییەکانی ژیانت، داخوازی ماقوولن، دەتوانی تا دوا ڕۆژی ژیانت وەکو پاشا بژیت.

- خانوویەکی جوان بۆخۆت دابینبکە، خۆت پیشانی دکتۆرێکی گەورە بدە، مەمنوونی خوا بە، ڕموودەی قومار نەبوویت، خواردن کێشە نییە، مێبازێکی ئەوتۆ نیت، تا ئیستاش نەمانبیستووە حەشیشە ماڵی کەسی وێران کردبێت، پیرۆزت بێ ئەم ڕزقە حەلالە!

هاواریکرد:- واز لەم ئامۆژگاریانە بێنن هەی بە نەعلەت بن!

زۆر ڕقی لە ئامۆژگاری وڕێنوێنی بوو، بەجۆرە ڕۆحزلیەکی بێ مانای دەزانی، بەڵام دیار بوو، مەستی خۆشی وشادمانی بوو، ئەو شەوە لە هوتێل سەمیر ئەمیس مایەوە، لەوێ مایەوە تا تەگبیری حاڵ وباڵی خۆی بکات. چالاکییەکی بێ پیشینەی تێگەڕا، شوقەیەکی لە قەراخ نیل، مانگی بە پەنجا جونەی بەکرێ گرت. باشترین کەل وپەلی ناوماڵی تێخست، کاتێ- ئێمەی ساویلکە- زانیمان کە موبیلەکردنی شوقەکە بیست هەزار جونەیهی تێچووە، سەرمان سوڕما، سەیرترین شت ئەوە بوو ژوورێکی ڕۆژهەڵاتی تیابوو، بارێکی ئەمریکی تیا دانا، ڕابواردن خانەیەکی تیا کردەوە، هەموو کەلوپەلەکانی ناوی زێڕکفت وزیوکفت بوو، ئوتومبیلێکی کادیلاکی کڕی، کۆی ئەو پارەیەی لەوەدا سەرفیکرد – لەگەڵ جل وبەرگدا، سی هەزار جونەی بوو. ئەمە پارەیەکی خەیاڵی بوو. بەڵام هاوڕێکانی نەهەقیان نەدەگرت و دەیانگوت ئەمە کاردانەوەی نەبوونیە دوور ودرێژەکەیەتی، هەروەها دەیانگوت، موبیلەکردن وایە زۆری تێدەچێ، چەندین هێندەی ژیانی ڕۆژانەی تێدەچێت. بەڵام ژوورە ڕۆژهەڵاتیەکە، دنیایەک شەوبێری بەخۆوە بینی کە دۆستان ومشەخۆران و لەشفرۆشانی کابارێە شەوانەکان وهەندێک هونەرمەندی پیاو وژنی، کۆ دەکردنەوە، بۆنی مەی دنیای پڕ دەکرد، دووکەڵی شین بەری ئاسمانی دەگرت، سفرە وخوان و خۆراک لە یانەی سەباراتەوە دەهات، ئیدی بە جل وبەرگی ئاورێشمەوە، بە کەش و فشەوە بە نێو میوانەکانیا دەسووڕایەوە. زۆری پێنەچوو دە هەزار جونەیهەکە فڕی، تەنیا داهاتی دوو باڵەخانەکە مایەوە، خەڵکە گەشبینەکە دەیانگوت ئیدی کاتی زەبت وڕەبت هاتووەو ژیان بە ڕەوتی هاوسەنگ وماقوولی خۆی دەڕوات، بەڵام خووی بە زیادە مەسرەفەوە گرتبوو ولاسایی شەوانی هەزار ویەک شەوەی دەکردەوە. لە کاتێکا سەخاوەتمەندانە پارەی لە لەشفرۆشانی

کابارییەکان دەکرد، مومارەسەی ئەشقی ڕاستەقینەشی لەگەڵ کچانی سووکی خاکیشدا دەکرد، هەروەها لەگەڵ کچێکی جووتیارا کە پاقلەی سوودانی دەفرۆشت وهاتوچۆی گازینۆی فیشاوی دەکرد، بۆیە هەرگیز نەیتوانی بگاتە هاوسەنگی، وێڕای تکا و پاڕانەوەی دۆستانیش، ناچاربوو یەکێک لە باڵەخانەکان بفرۆشێت، پاشان باڵەخانەی دووەمیشی فرۆشت، لەو دەمانەدا وەکو شێتێکی شادمان دەردەکەوت، باکی نە بە ڕابردوو ونە بە ئایندە نەبوو. لە ساڵی ١٩٥٠دا شوقەکەی فرۆشت و بۆ ئوتێلی سەمیر ئەمیس گەڕایەوە، ئەوجا ئوتومبێلەکەی فرۆشت، ئایندە ڕوون و ڕوناک بووەوە. لەبیرمە جارێک کە لە گەڵ هاوڕێ ڕەزا حەمادەدا باسی ئەومان دەکرد، گوتم: -ئەم کوڕە شێتە؟

بەرسڤی دایەوە:- دەمارێکی شێتی تیایە.

-هەست بە سبەینێ ناکات.

-لە ساتی ئێستادا نقووم بووە.

- خەریکە –لە ناوجەرگەی ئەم هەموو خەمەی باری قورس کردووین– حەسوودی پێدەبەم!

بە دەنگی بەرز پێکەنی وگوتی:

- ژیان بریتییە لە هەوڵ وکۆشش، دەنا بەو نەحلەتە بێ کەلە شەیتان کراوە!

وەختایەک پارەی نەما، سەمیر ئەمیسی بەجێهێشت. جارێکی دی ڕووبەڕووی ژیان بووەوە، نە عانەیەکی هەبوو، نە بە هیوای ئەوەش بوو یەکێک بمرێت وبەشە میراتی پێببڕێ. نەخشەی خۆی هەبوو. دوو قاپ ویسکی خواردەوەو چارەکە هۆقەیەک حەشیشی قووت داو سەری خۆی

هەڵگرت. بەیانی ڕۆژی دوایی لە کەناری نیلدا بەمردوویەتی دۆزرایەوە، جەنازەیەکی سارد وسڕ لەو گۆڕە کەوتبوو.

## ٣٧ – عەزمی شاکیر

لە ساڵی ١٩٦٠دا لە دیوەخانەکەی دکتۆر ماهیر عەبدولکەریمدا ناسیم، یەکسەر پێمگوت:

- لەبیرمە، لە کاتی دووەم جەنگی جیهاندا جارێک لە سەردانێکتا بۆ لای مامۆستا عەباس فەوزی تۆم بینی.

گوتی:

- زۆر لە مێژە نەمدیتووە، ئەرێ بەڕای تۆ بۆ بایدایەوە سەر دانانی کتێبێن ئاینی، لە باوەڕ وقەناعەتەوە بوو؟

بە پارێزەوە وەڵامم دایەوە:- بەخۆت دەزانی هەمیشە بایەخی بە کەلەپوور دەدا!

ئەوکاتەی من عەزمی شاکیرم ناسی تەمەنی لە چل ساڵیدا بوو، زیرەکی و ڕۆشنبیری وڕاشکاوییەکەی مایەی سەرنج بوو، هەستم کرد، لەو کەسانەیە کە کاروباران زۆر بە جدی وهەند دەگرن، وئایندەخوازن. دکتۆرای مێژووی لە فەرەنسا وەرگرتبوو، ژنێکی هەبوو، دکتۆرای لە زانست هەبوو، مامۆستا سالم جەبر دەیناسی، جارێک دەربارەی وی پێی گوتم:

- ئەمە کە خوێندکار بوو، خوێندکارێکی وەفدی بوو، بەڵام هەر لە سەرەتاوە بایەخی بە کێشە جڤاکییەکان دەدا، بەخۆی دان بەوەدا دەنێ کەلە ژێر کاریگەری قەڵەمەکەی مندا بووە.

که باسی ئەوەم لەگەڵ عەزمی شاکیردا کرد گوتی:

- وەفدی بوونەکەم، وەکو ئێستای نەوەی ئێوە تۆخ نەبوو، کەمێک پێش شۆڕش بە یەکجارەکی دەستبەرداری بووم، بەڵام پەیوەندییەکی گەرم وگوڕم لە گەڵ باڵی چەپی وەفدا هەرما، ئیدی لەو کاتەوە بە کۆمۆنیست ناسرام ولەناویان بەوە نێوبانگم دەرکرد.

هەروەها گوتی:

- وەختایەک شۆڕشی یولیو هەڵگیرسا، بە گەرمی وبە پارێزەوە پێشوازیم کرد، زۆر دڵبەندی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سەڵتەنەتی و وەدەرنانی داگیرکەران بووم، بەڵام زۆر بە ڕیفۆرمە کشت وکاڵیەکەی ڕازی نەبووم و، هەر زوو بۆم دەرکەوت کە ئەمە زیاتر کودەتایەک بوو بە نیازی ڕیفۆرم وخۆی لە قەرەی شۆڕشی ڕاستەقینە نەدا.

ئیدی بەهۆی هەڵوێستی خۆیەوە لە دەستەی مامۆستایانی زانستگە دەرکرا، پاشان بۆ چەند ساڵێک زندانی کرا، پاشان ئازاد کراو دەستی بە کاری ڕۆژنامەوانی کرد. ئیدی زیاتر کاری لەو بابەتەدا دەکرد کە دەیتوانی بە دڵسۆزی گوزارشت لە ڕاو بۆچوونەکانی خۆی بکات، بۆیە زیاتر دەربارەی کاروباری دەرەوەو هەندێجار دەربارەی مێژوو قەڵەمڕانی دەکرد. دوای دەرچوونی یاسا سوسیالیستیەکانی یولیو ١٩٦١، هەڵوێستی لە ڕێشەوە گۆڕا، لە قەناعەتی تەواوەوە گۆڕا. ئیدی هاتە ڕیزی هاوڕێکانی ئێمەوە، لە ئوفیسەکەی سالم جەبر ودیوەخانەکەی ماهیر عەبدولکەریم دەیبینین. ڕۆژێک پێی گوتم:

- شۆڕش، لەم قۆناغەدا، لەبارترین تەڤگەری مێژووییە.

پێمگوت: - یانی ڕات گۆڕیوە؟

- بەڵێ، لە سەرمانە ئایدولوجیاکانمان بخەینە ناو دوو کەوانەوەو بە هەموو توانامانەوە پشتیوانی لێبکەین!

باوەڕم پێی کرد، هیچ بیانوویەک نەبوو تا گومانی لێبکەم، ئەمە جگەلەوەی باوەڕی تەواوم بە دڵسۆزی ئەو هەبوو. ئیدی لەو ڕۆژەوە بە بەردەوامی ، بە دڵ و بە قەڵەمەکەی پشتیوانی لە شۆڕش دەکرد، بە ئاشکراو بە پەنهانی پشتیوانی لە شۆڕش دەکرد، هەڵوێستی ڕاستەقینەی لە نیو هاوڕێکانیا نەناسرا.

لەبیرمە جارێک عەجلان سابت دەربارەی ئەو پێی گوتم:

- کابرایەکی گەوجە، بە ڕواڵەت خۆی لێکردووین بە قەدیس!

پێمگوت:- من باوەڕم بە دڵسۆزی ئەو هەیەو لەو ڕووەوە هیچ گومانێکم لێی نییە.

بە تەوسەوە گوتی:- قسەکانی مایەی گومانن!

ئیدی دەرفەتی بۆ ڕەخسا کە بۆ زانستگە بگەڕێتەوە، بەڵام کاری ڕۆژنامەی بەسەر زانستگەدا پەسند دا. هەڵبەتە دەبێ ئەوە بڵێم کە کوێرانە پشتیوانی لە شۆڕش نەدەکرد، چاوپۆشی لەو هەڵە و کێماسیانە نەدەکرد کە دەکران. زۆرجار دەیگوت:

- ئەوەی مایەی داخە شۆڕش پشتی بە شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینە نەبەست، ماوەیەک خستنیە ڕیزی دژمنانەوەو دەمێکی دی خستنیە ژێر چاودێری.

جارێکیان بە کەسەرێکی زۆرەوە گوتی:

- گەندەڵی وەکو پەتا بڵاودەبێتەوە. جگە لە هۆشداری وئاگادارکردنەوە هیچی دیکەمان لە دەست نایەت، تەنانەت ئەوەشمان بەدەگمەن بۆ دەڕەخسێ.

بۆم ساغ بووەوە کەلەو کۆمۆنیستە نوێخوازانەیە، کە هەمیشە لە خەمی ئازادیدان، ئەوانەی باوەڕیان وایە کە ئازادی دووچاری قەیرانێکی تاڵ بووە، بەڵام هەرگیز لە پایەی ئەو هەنگاوە مێژووییەی کەم نەدەکردەوە کە نیشتمان نابووی، هەرجارێ کۆسپ وتەگەرەی ئێستا ڕێگەی پێبگرتایە، ئومێدی بە ئایندەی پرشنگدار دەبەست. کە بە دکتۆر سادق عەبدولحەمیدم ناساند، یەکسەر پەی بەخاڵە هاوبەشەکانی خۆیان برد وپەیوەندیان تۆخ بووەوە. کاتێ کۆمۆنیستەکان دەستگیر کران، زۆری پێناخۆش بوو، تووشی نیگەرانیەک بوو کە زیاتر لە عەزابی ویژدان دەچوو، بەڵام گوتی:

-ئەمە دەمارگیریە، زیاتر زادەی باوەڕ بوونە بە کتێبان تا بە واقیع!

کە ئازاد کران زۆری پێخۆش بوو، کە زانی بەرائەتیان لە حیزبی کۆمۆنیست داوە، زیاتر خۆشحاڵ بوو و، لێبڕان هاوکاری لەگەڵ شۆڕشدا بکەن، گوتی:

- هاتنەوە سەر هەمان ئەو هەڵوێستەی من کەکاتی خۆی منیان پێ تۆمەتبار دەکرد!

دکتۆر سادق عەبدولحەمید گوتی:- لە هەل ومەرجێکی تەواو جیاوازدا!

زۆر پۆستی سەرەکیان لە دەوڵەت ولە ڕۆژنامەڤانیا وەرگرت وئەویان– تا ڕادەیەک– لە خواری خوارەوە بەجێهێشت، لە دڵی خۆیدا تووڕە بوو، جارێکیان ئەو قسەیەی لەدەم دەرچوو:

- دەترسم نووسەرەکان ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەوە کەشف بکەن کە نامەعقوول شێوازێکی لەبارە تەنانەت بۆ مالیجەی ئایدولۆژیاش!

ئیدی وای لێهات ئەو ئاسوودەییە دەروونیەی جارانی لە ڕۆژنامەڤانیا نەدەبینی. داوای کرد بە مامۆستایەتی بۆ زانستگە بگەڕێتەوە، هەر زوو،

ئەو ئارەزووەی هاتەدی. کاتێ نسکۆ وشکستەکەی یونیەی ساڵی ١٩٦٧ قەوما، وەکو هەموو خەڵکی سەراپا هەژا، ئیدی شەپۆلی توندی ڕەخنە ڕایماڵی، بەلام تاقە وشەیەکی لەبارەی بابەتەکەوە نەنووسی، هەرچەندە گۆشەیەکی هەفتانەی لە گۆڤارێکی سیاسیدا هەبوو. من شایەدی ئەوەی بۆ دەدەم کەلە ڕیزی پێشەوەی ئەوانەوە بوو کە وەخۆ هاتنەوە، ئەگەر نەڵێم یەکەم کەس بوو. لە ئوکتۆبەری هەمان ساڵدا، وتارێکی بەنێوبانگی نووسی، کەلەو وتارەدا شیکردنەوەی بۆ نسکۆکە کرد، نسکۆی بە پەند زانی وهۆشداری ئەوەی دا کە نابێ مل بۆ توغیانی ڕەخنە و خود بوغزاندن و خود ئازاری و بێ متمانەیی بدرێ، لە کۆتاییدا تاکیدی لەو حەقیقەتە کردبووەوە کە هێشتا باوەڕی پێی بوو، ئەویش ئەوە بوو کە زەوی ڕاستەقینەی کێشە لەسەر، شۆڕشە، نە سینایە ونە قودسە، بۆیە شۆڕش دەبێ بمێنێ وبەردەوام بێ. لە ساڵانی دواترا، خووی دایە دانانی کتێبە جوانەکەی " لە نسکۆوە دەست پێدەکەین " کە دەستوور ویاسایە بۆ ژیانێکی نوێ، کە ڕێگای خۆی دەبڕێ و تەپ وتۆزان لە خۆی دەتەکێنێ، دیتم بە هەوڵ وکۆششیکی سەیرەوە لە یەکێتی سوسیالیستیدا کاری دەکرد، هەروەها چەند جارێک لە تەلەفزیوندا گوێم لێگرت، یەکێک بوو لەو خەڵکە کەمانەی کە تووشی دوو ڕوویی و دوالیزم نەبوو، بە ئاشکراو بۆ خەڵکی قسەی بکردایە، یان لە کۆڕ ومەجلیسی شەخسیدا قسەی بکردایە، هەمان قسانی دەکرد. کە ستایشم دەکرد زۆر کەسی وەکو عەجلان سابت وسالم جەبر، کە ڕووداوەکان هەرەسی پێهێنابوون، تووڕە دەبوون. قەت ئەوەم لەبیر ناچێ کە جارێکیان ستایشی کتێبی " لە نسکۆوە دەست پێدەکەین "م کرد چۆن مامۆستا سالم تووڕە بوو و بە ساردییەوە گوتی:

- چەند ڕێزی بگری، تەنیا هاوتایەکی بابەتی " المدنی "یە!

بەڵام سابت عەجلان، ناوی کتێبەکەی نا " لە هەلپەرستییەوە دەست پێدەکەین " و دەستی بە پێکەنین کرد وگوتی:

- نووسەرانی وەکو جاد ئەبولعولا وعەزمی شاکیرمان بەسە، ئەی وڵاتی ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی ئیسرا ومیعراجەوە لەسەردەمی چوونە سەر مانگ!

بەڵام دکتۆر عەزمی هێشتا لە سەر باوەڕ وڕاستگۆیی وچالاکی خۆی بەردەوامە.

## ٣٨ – عەزیزە عەبدە

کە دکتۆر زوهیر کامیل لە دیوەخانەکەی خۆی منی بەوناساند ناوەکەیم بەلاوە غەریب نەبوو، ئەو ناوەم بیستبوو، ڕەنگە لە گۆڤارێک یان ڕۆژنامەیەکا بەرچاوم کەوتبێ. لەگەڵ مێردەکەیدا بوو، ئەسمەرێکی ڕەزا شیرینی ڕوح سووک بوو، بە مەزەندەی من هەر سی ساڵان دەبوو، جاد ئەبولعولا گوتی چل ساڵانە، ئەمە لە ساڵی ١٩٦٠دا بوو، خۆی ومێردەکەی –کە پەنجا ساڵان بوو– هەردووکیان هونەرمەندی شێوەکار بوون، ماڵیان لە شاری ئەوقاف بوو، بۆ ماڵەوە دەعوەتیان کردم، تەمەشای گەلەرییە هەمیشەییەکەیانمکرد، کەبەنێو تابلۆ ڕیالیستیەکانا دەگەڕام، سەرم لەو واقیعیەتە دەگمەنە سوڕما، ئەم واقیعیەتە ولەم زەمانە کەم واقعیەت وفرە تەجریدەدا! بەڕاستی واقیعیەتێکی ڕوون وئامانجداربوو، بە سوعبەتەوە گوتم:- ئەنجام تووشی هونەرێکی کۆنەپەرستانە بووم!

بەڵام بە ناڕەزاییەکی خۆشەوە گوتی:

- هونەرێکی پێشکەوتووخوازت لەپێشە، بەڵکو تاقە هونەری پێشکەوتوخواز!

ئیدی دۆستایەتیەکی قووڵ کەوتە بەینمانەوە، وەکو چۆن بە هونەرەکەی هێنامیە قەناعەت، بەو ئاوایەش بە دایکایەتییە ڕاستگۆیانەکەی، کە دایکی دوو کوڕ بوو، قەناعەتی پێهێنام، لە مێردەکەی کەزۆر حەزی لە پەیوەندی نەبوو، بە تواناتر بوو لە دۆستایەتیا، مێردەکەی بە جەستە لەگەڵماندا بوو، بەڵام ڕۆحی لە کات و شوێنێکی دیکە بوو. ژنێکی زۆر ڕۆشنبیر بوو، خۆی ومێردەکەی بە چەپ حەساو دەکران، بەڵام عەزیزەم بەلاوە  زۆر بەهێزتر بوو لە مێردەکەی کە پیاوێکی ناسک بوو. لەو پووشکانە بوو کە سووک ترین با ڕایدەماڵی. لەسەر پێشنیازی عەزیزە، مامۆستا یوسف بەدرانم، کە نووسەی یەکێک لە ڕۆژنامە هونەرییەکان بوو، لەگەڵ خۆما، بۆ ماڵیان برد، هەستم کردجۆرە لێک حاڵی بوونێکی دەروونی سەیر وبلەز لە نێوانیاندا چێبوو، دۆستایەتی وڕێز کەوتە بەینیانەوە.

ڕۆژێک بۆ سەردان چووم بۆ لای یوسف بەدران، شوقەکەی لە شەقامی قصرالعینی بوو، بە دەم قسانەوە دانیشتین، کە هەناسەی بەسەرما دەهات بۆنی مەی لێدەهات. زۆری پێنەچوو، دەرگای ژووری نووستنەکەیان کرایەوە، عەزیزە عەبدە، بە بیجامەوە هاتەدەرێ! حایر وسەرسام پەشۆکا، بەڵام من بە زمانێکی گونجاو ڕووبەڕووی هەڵوێستەکەی بوومەوە، خۆ لە گێلی دا. بە پێکەنینە خۆش و قسە ئاساییەکانی هێندەی دی لە سەر هەڵوێستەکەم ڕژد بووم. هەناسی ئەویش بۆنی مەی لێدەهات.

باسی زۆر شتمان کرد، بەڵام بوونی لە شوقەکەدا و بەو حاڵەوە کە دیتمان، بێ هیچ کۆمێنتێک تێپەڕی، وەکو ئەوەی حەقیقەتێکی ئاسایی بێ. پاشان یوسف بەدران پێی گوتم:- بەوجۆرە خۆشەویستی لە ئاسمانەوە بەسەرمانا داباری!

پێمگوت:- تۆ حەت لە حوب حوبێنەیە!

- بەڵام دەست پێشکەرییەکە لەوەوە (عەزیزە) بوو..

نیگایەکی گومانامێزم کرد، گوتی:

- باوەڕم پێبکە، هەژموونی لە جوانییەکەی بەهێزترە.

- خۆشت دەویٚ (عەزیزە) ؟

- ئەو خۆشی دەوێم وئەوە بەسە.

- ئەدی تۆ؟

- عەزیزە گەنجینەیەکە گاڵتەیپێناکریٚ، بەڵام ئەو شێوازە نانوێنیٚ کە حەزم لێیەتی!

- ئەدی مێردەکەی؟

- ئەو لە مەسەلەکەدا نییە!

دوای ئەوە عەزیزەم لە دیوەخانەکەی جاد ئەبولعولادا بینی، بە تەنیا بوو، مێردەکەی لە ئەسکەندەرییە بوو، داوای لێکردم بیگەیەنمە ماڵەوە، بە دوو قۆڵی کەوتینەڕیٚ، بەدەم ڕێگاوە گوتی:- من دۆستایەتی تۆم مەبەستە.

ڕاستگۆیانە گوتم:- منیش دۆستایەتی تۆم مەبەستە.

- دیارە دۆستایەتی بەبیٚ ڕێز وحورمەت نییە.

- من ڕێزی تۆ دەگرم.

- هەندێک پرسیاری حیرەت ئەنگێزت لە دەروونا دەخوێنمەوە.

- ئەوەندەش بیٚ ئەزموون نیم وەکو تەسەوردەکەی.

- بەڵام وادیارە وەکو ژن ومێردێکی نائاسایی دێینە بەرچاوت، چونکە نۆڕینمان بۆ دنیا وئازادی جیاوازە؟

- باوەڕ ناکەم.

- من مومارەسەی خیانەتم نە کردووەو نە دەیکەم!

- گومانی خراپ لە تێگەیشتنی من مەکە عەزیزەکەم.

باسی ڕابردووی خۆی بۆ کردم وگوتی وەختێ چووە قوتابخانەی ناوەندی بە ئامۆژگارییەکانی دایکە باشەکەیەوە چوو کە دەنگ ودەنگدانەوەی نەوەی ڕابردوو بوون، بەڵام خۆی ڕادەستی یەکەم گەنج کرد کە داوای خۆشەویستی لێکردو وایدەزانی وەفاداری قسە وبەڵێنی خۆی دەبێت، پاشان زۆر جاری دی ئەمەی دووبارە کردەوە، چ بە ئەنگیزەی شۆڕش هەندێجار وچ بە ئەنگیزەی کات بەسەر بردن وسەرگەرمی، هەندێجاری دی و چ بە ئەنگیزەی ڤیان وخۆشەویستی لە هەندێ حاڵەتدا.

- هەندێجار هەستم بە ترس دەکرد، بەڵام هەرگیز هەستم بە پەشیمانی نەکرد.

بە کەسەرەوە وەستا وئەوجا گوتی:

- بووم بە خاوەنی خۆم، تەحەدای هەموو دنیام، بە هەموو بەهاکانیەوە، کە باوەڕم پێیان نەمابوو، کرد.

لەسەر ڕێکردن بەردەوام بووین، عزیزە گوتی:

- هەمیشە قەناعەتم وابوو کە وەکو ئوکسجین پاکم.

کە کاتی جیابوونەوەمان هات بە توندی دەستی گوشیم وگوتی:

- ئێمە هیوای ئایندەی ڕاستەقینەین!

دوای چەند ساڵێک پاش یەکدی ناسینمان، مێردەکەی لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا گیرا، زۆری لەبەر گران بوو، بۆی بە پرۆش بوو، ئیدی، وێڕای ئەوەی سکی هەبوو، ئەرکی خانەوادەکە وهەر دوو کوڕەکەی گرتە ئەستۆ. ئیدی لە دیوەخانە ئەدەبی و پێشانگا وگەلەریان دابڕا، هیچ هۆیەک نەبوو لێی بپرسین تەنیا تەلەفۆن نەبێت. هەواڵیم لە یوسف بەدران پرسی، گوتی:- منیش هەر بە قەد تۆی لێدەزانم.

بە سەرسامی لێم پرسی:- باشە وەکو جاران یەکدی نابینن؟

- لەوەتای پیاوەکەی گیراوە، پەیوەندی لەگەڵدا بڕیوم.

- بەڕاست؟

- ژنێکی سەیرە، بەڵام پێم ناخۆش نییە.

لێی دابڕام، مەگەر بۆنەیەک هاتبا پێشەوە، دەنا هەر بیریشم نەدەکەوتەوە، بە چەند ساڵێک –پاش ئازاد بوونی مێردەکەی– بۆ پیرۆزبایی سەرم لێی دا. هەر دوو کوڕەکەی لە زانستگە بوون وکچەکەی شەش ساڵان بوو. جارێکی دی بوژایەوەو کەوتەوە چالاکی، بەڵام پەیوەندییە پچڕاوەکەی لەگەڵ یوسف بەدراندا، کە لەو ماوەیەدا کچە ئاوارەیەکی ڕۆشنبیری فەلەستینی خواستبوو، گرێ نەدایەوە. ڕۆژێکیان لەگەڵ یوسفدا، لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڵاتیدا چووینەسەردانی بەرەی ڕۆژهەڵاتی، ناوی عەزیزە هاتە ئاراوە، یوسف لێی پرسیم:

- کچە بچووکەکەیت بینی؟

گوتم: - بەڵێ، زۆر جوانە!

بە ئەسپایی بە گوێیدا چپاندم:- کچی منە!

بەسەرسامی گوتم:- شتی وانییە!

- باوەڕ بکە.

ئەوجا گوتی:

- زۆرم هەوڵدا قەناعەت بە عزیزە بێنم کەلە باری بەرێت، بەڵام ڕەفزی کرد.

- ئەمە کەی؟

- پێش گرتنی مێردەکەی بە چەند ڕۆژێک.

- بۆ ڕەفزی کرد؟

کەمێک بێدەنگ بوو وئەوجا گوتی:

- پێی گوتم بە عەمراتم کەسم بە قەد تۆ خۆش نەویستووە، بۆیە حەزدەکەم بەری ئەو خۆشەویستیە بپارێزم!

- وێڕای ئەوەی دوای گرتنی مێردەکەی دنیای تەرک کرد!

- ئەدی پیاوەکەی دەزانێ؟

- نازانم..

کەمێک دەبیرەوە چووم وئەوجا گوتم:- ئەلهەقی کچەکە لە تۆ دەچێت!

- بەڵێ، لەبەر ئەوە خۆم لە دیتنی دوور دەگرم!

لەساڵی ١٩٧٠دا عەزیزە عەبدە، یەکەم سەرکەوتنی ڕاستەقینەی لە ژیانی هونەری خۆیدا، لە ڕێگەی سەرکەوتنی پێشەنگاکەیەوە بەدەست هێنا، وەکو هونەرمەندێکی میسری ڕەسەن ئیعترافی پێکرا.

ماڵەکەی کەوتووەتە شەقامەکەی ئێمەوە، ڕێک بەدەستی ڕۆژهەڵاتا کە دەچێتەوە سەر شەقامی عەباسیە، خانوویەکی کەوەیی دوو نهۆمە. باخچەیەکی نیمچە فەرامۆش کراوی هەیە، تەنیا یاسەمینێک ودوو دارخورما و دارێکی مانگوی بەرزی تیا ماوە. هەر جارێک بەلایا ڕەت دەبووم، لە ڕووی کونجکاوی وسڵەمینەوە وەکو هەموو خەڵکی کۆڵانەکەی خۆمان تەمەشایەکم دەکرد. من لە گەڕەکەکەدا تازە بووم، لە قۆناغی تەعاروف وکەشفکردندا بووم، برادەرێک– وابزانم ڕەزا حەمادە بوو – ئاماژەی بۆ ماڵەکە کرد وپرسی:- دەزانی ئەمە ماڵی کێیە؟

هەڵبەتە بە نەخێر وەڵامم دایەوە. گوتی:

- ماڵی عەشماوی بەگ جەلالە!

بۆ ساتێک دەبیرەوە چووم، ئەوجا هاوارم کرد:- عەشماوی بەگ جەلال؟!

- بەڵێ عەشماوی بە خۆی!

- بکوژی قوتابیان؟

- بکوژی قوتابیان!

- ئایا دەیبینن؟

- کەس بە شوێنەکەی نازانێ، نە خۆی و نە کەسوکارەکەی، لە کۆمەڵەی لەپ ڕەشان دەترسن، بەڵام ئەمە ماڵەکەیەتی.

- یانی لێرە دادەنیشتن؟

- بەڵێ.

- ئەدی کەی لێرە ڕۆیشتوون؟

- لەوساوە کە بە کوشتنی خۆپیشاندەران نێوبانگی دەرکرد.

ناوی عەشماوی، لە منداڵی ڕا لە دڵ و ویژدانی مندا بووە بە هاوتای ترس. عەشماوی ئەفسەرێکی گەورە بوو لە لیوای سوارەی سوپای میسریدا. هەقی خۆی بوو کە لەناو سوپای میسریدا بەیەکەم دژمنی شۆڕشی ١٩١٩، وەسف بکرێت. ئیدیدەنگوباسی وەکو ئەفسانانی ترسناک بڵاوبووەوە کە دڕندانە دەکوژێ، دەبڕێ، قوربانیەکانی ئەشکەجە دەدات، قوتابیان بە ئەسپەکەیەوە دەبەستێت و ئەسپەکەی تاو دەدات وقوربانیەکەی بە دووی خۆیدا ڕادەکێشێت، بەسەر دارو بەرد وقیردا ڕایدەکێشێت تا گیانی دەردەچێت. کاتێ سەعد زەغلول، لە ساڵی ١٩٢٤ دا حکوومەتی دامەزراند خانەنشینی کرد، ئیدی بە دزییەوە بۆ ماڵە چۆڵەکەی خۆی گەڕایەوە، ماڵەکەی لە جادەکەی ئێمەدا بوو، ئیدی خۆی لە سووچی ماڵ خزاندو وەکو ئەوەی زندانی بێ لەماڵ وەدەرنەدەکەوت. زۆرم حەز دەکرد ئەگەر بۆ تاقە جارێکیش بووە بیدینم، چاوم بە پەنجەرەو بانێژەکان وباخچەکاندا گێڕا، ژنەکەی و هەردوو کچەکەیم لە دوورەوە دەبینی، بەڵام هەرگیز خۆیم نەبینی. دیارە، دیار نەبوونەکەی مایەی قسە وباس بوو، نە لە ماڵ وەدەردەکەوت، نە دەهاتە بەر پەنجەرەیەک، نەلە باخەکەدا پیاسەیەکی دەکرد، خۆی لە هەر بۆنەیەکی شەقامەکە دوورە پەرێز دەگرت، نە سەردانی کەسی دەکرد ونە میوانداری کەسی دەکرد، چۆن وەختی دەقەتاند، چۆن بەرگەی ئەو زندانەی دەگرت. جەعفەر خەلیل گوتی:

-بە تەنێ ولەگەڵ خۆیدا دەژی چونکە دۆست وناسیاوی نییە.

ڕەزا حەمادە گوتی:- لە تۆڵەسەندنەوەی گەل دەترسێت.

سرور عەبدولباقی گوتی:

- دەڵێن چاوی لە دەست داوەو ناتوانێ لە جێی خۆی بجمێ وئەمەی شاردووەتەوە تا خەڵکی پێی خۆش نەبن.

کورێک ودوو کیژی هەبوو، کوڕەکەی بۆ ئینگلتەرا نارد تا خوێندنی ناوەندی تەواو کرد، لەوە دەترسا ئەگەر لە قاهیرە بخوێنێ قوتابیان تۆڵەی بابی لەو بسەنن. پاشان بیستمان لە لەندەن چووەتە کۆلیژی پزیشکی و پاشان لەوێ کاری پزیشکی کردووەو لەوێ ژنی هێناوەو ڕەگەزنامەی ئەوێندەری وەرگرتووە. بەڵام جووتە کچەکە لەناو باخی ماڵەکەدا گەمەیان دەکرد، دوو کچی زۆر جوان و ڕوح سووک بوون، پێم سەیر بوو، چۆن شتی وەکو ئەمانە لەم دڕندەیە دەکەونەوە. کە دیار نەدەمان و خۆیان لە –گەنجان- دەشاردەوە دەنگی پیانۆ لێدانیان دەگەیییە سەر شەقامەکە، سەرم سوڕما، چۆن خەڵکی هۆڤی ودڕندە لەگەڵ مۆزیقا و ئاوازا دەژی، دەوروبەری ساڵی ١٩٣٥هەردوو کیژەکە شوویان بە دوو کەسی گومناو کرد، کابرا و ژنەکەی بەتەنیا لە ماڵ مانەوە، پاشان دەنگۆ لە گەڕەک وبانا بڵاوبووەوە کە ڕۆییوەو ژنەکەی بە تەنیا بەجێهێشتووە.

دەیانگوت –ژنەکەی ئەوەی دووپات کردەوە –گوایە چووەتە سەر قەبران و خۆی لەو ژوورە ناوە کەبۆ پێشوازی زیارەتکارانی گۆڕستانەکە ئامادە کراوە و گوایە وەسێتی کردووە دوای مردنی، پرسەی بۆ دانەنرێ، ژنەکەی، ئافرەتێکی جوان و باش بوو، دوای ئەوەی مێردەکەی ڕۆیی بۆ گۆڕستانەکە، ئیدی ژنەی تاین لە گۆشەگیری هاتەدەرێ، کەوتە سەردان و هاتوچۆی دەرودەراوسێیان، ئیدی لە گەڕەک و بانا پایە و پێگەیەکی بەرزی پەیدا کرد، جگە لەوە، هەرچیەک لەبارەی کابرای دڕندەوە دەگوترا، سەرچاوەکەی پیاوانی نەوەی پێشوو بوو، پیاوانی کۆنی گەڕەکەکە بوو، دەیانگوت بە منداڵی کوڕێکی گۆشەگیر و دوورەپەریز بوو، بەڵام بە ئەدەب و بە تەربێت بوو. سەرباری ئەوەی سەعی و کۆششی دەکرد، بەڵام لە دەرس و دەورا ناکام بوو، بابی ناچار بوو- بابی بەڕێوەبەری وەقفێکی بچووک بوو –هەرچەندە کوڕەکەی ساقیتی قۆناغی

سەرەتایی بوو، بیخاتە قوتابخانەی جەنگی. لەو کاتەدا هربرت پاشا، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوبراو بوو،ئەم پیاوە ئاشناو ناسیاوی بابی عەشماوی بوو. کە قوتابخانەی ناقبری تەواو کرد، لە سوودانددا دەست بەکار بوو. ئیدی لە خزمەت وکارکردنا توانایەکی باشی نواند کە بووە مایەی ڕەزامەندی ئینگلیزان وڕێک خزمەتی سیاسەتی ئەوانی دەکرد، سیاسەتی ئەوان زۆر بە وردی داڕێژابوو، سیاسەتی ئەوان ئەوەبوو کە باج زۆر بە توندی وبە جدی لە خەڵکی کۆبکرێتەوە، تا هاوڵاتی ڕق لەو ئەفسەرە میسرییە هەڵگرێ، دوای ئەوە دۆستایەتیەکی گەرم وگوڕ لە نێوان ئەو وئەفسەرانی ئینگلیزیدا پەیدا بوو. عەشماوی جەلال لە ڕادە بەدەر شیفتە ودڵبەندی ئینگلیز بوو، زۆری خۆش دەویستن، دۆستایەتی ئەوانی بەیەکەم شانازی ژیانی خۆی دەزانی. مۆڵەتی ساڵانەی خۆی لە ئینگلتەرا بەسەر دەبرد. ئیدی بەو وڵاتەدا دەگەراو هەموو شتێکی لەلا جوان وبەدەو بوو، تا باوەڕی تەواوی بەوە هێنا کە ئینگلیزان سەروەری بەشەرن وخوا بۆ ئەوەی ناردوون بەشەران، بە تایبەتی خەڵکانی پاشکەوتووی وەکو میسرییەکان، بکەن بە خەڵکانی شارستانی وفێری مەدەنیەتیان بکەن. ڕەزا حەمادە بۆی گێڕامەوە کەبەهۆی بۆچوونەکانیەوە، گەنگەشەیەکی توند لەنێوان ئەو و بابە دکتۆرەکەیا ڕووی دا، قسەیان لێک هەڵبەزییەوەو پەیوەندیان بڕا.

کە شۆڕشی ١٩١٩بەرپا بوو، داوا لە سوپای میسری کرا، کەبە هانای سوپای داگیرکەرەوە بچێ تا شۆڕشەکە سەرکوت بکەن وشۆڕشگێڕەکان لە ناوبەرن. بەڵام سوپای میسری جێگەی متمانە نەبوو، دەرکەوت ژێراوژێر هاوسۆزی دەگەڵ شۆڕشدا دەکات وگوێڕایەڵیرابەری شۆڕشەکەیە و بە ئاشکرا کەوتە دژایەتی ئەو پیلانەی دژمنان بۆیان نابووەوە. بەڵام عەشماوی جەلال بە پێچەوانەی ئەو هەڵوێستەوە، شێتانە وشێلگیرانە کەوتە پەلاماردانی شۆڕشگێڕەکان وسەرکوت کردنیان وئەشکەنجەدانی

سەرانی شۆڕشەکە لە قوتابیان، لە توونددوتیژی وبەکار هێنانی زەبر وزەنگدا، لە ئینگلیزەکانی تێپەڕاند، بە ڕادەیەک جێی خۆی لە دڵی ئینگلیزەکاندا کردەوە، کە پێشتر هیچ میسرییەک ئەو پێگەیەی لەلایان پەیدا نەکردبوو. بە پێچەوانەوە هاوڵاتیانی خۆی ڕقێکی ئەوتۆیان لێهەڵگرتبوو، ئاواتی مەرگیان بۆ دەخواست. پاشان هیچ ڕێزێکی نەگرت چونکە دەیزانی ئەو دڵسۆزییەی ئەو بۆ سەروەرە ئینگلیزیەکانیەتی نەک بۆ ئەو. زۆر هەوڵ بۆ کوشتنی درا، بەڵام سەریان نەگرت، بەڵام پارچە بۆمبێکی دەستکرد بەر لاقی کەوت وبە ئاستەم زامداری کرد. ئەو پیاوە گوێی لە هەڵوێستی گەل لە هەنبەر خۆی، نەبوو، بە جۆرێ لەو گومڕاییەی خۆی بەردەوام بوو لە تۆ وایە ئەرکێکی ئۆلی ئەنجام دەدات. ژنەکەی لەلای ژنانی گەڕەک گێڕابوویەوە کە کاتی خۆی کورەکەی داوای لە باوکی کردووە، واز لەو توونددوتیژییە بێنێ و هەندێک میانڕەو بێ و پێی گوتووە:

- تەنیا ئەرکی خۆت جێبەجێ بکە و خۆت لە کاری توندڕەوانە دوورەپەرێزبگرە.

پێی گوت:

- من، تەنیا وەکو ئەفسەرێک ئەرکی خۆم جێبەجێ ناکەم، بەڵکو داکۆکی لە پڕەنسیپێک دەکەم، من پێموایە جیابوونەوەی میسر لە ئینگلتەرا، میسر بەرەو هەڵوەشانەوەو گەندەڵی دەبات و، ئێمە ئەگەر لەو ئیمپراتۆریەتە دەرچین، لە شارستانیەت دەردەچین و دوور دەکەوینەوە.

ژنەکەی کەمێک پێش دووەم جەنگی جیهان بە سەکتە مرد، بەچەند هەنگاوێک لە دووری پیاوە تەنیاکەی ناو ژووری پێشوازی گۆڕستانەکەدا بەخاک سپێردرا. ئیدی پیاوەکەش لە ساڵی یەکەمی جەنگدا، دوای ئەوەی جگەری ڕزی، مرد، سەیر ئەوەیە تاکو ئەمڕۆش ناوی ئەو پیاوە لە

یادگەی جیلی مەدا نەسڕاوەتەوەو زۆرکەس هێشتا ئەو گۆرانیەیان ئەزبەرە کەبە مەبەستی ناتۆرە بۆ ئەو دانرابوو.

## ٤٠ –عیسام حەملاوی

ماڵی، ماڵباتی حەملاوی لە لایەکەوە دەیڕوانیە سەر شەقامەکەی ئێمە ولەلایەکی دییەوە دەیڕوانیە (بین الجناحین)، گەورەترین ماڵی ئەو گەڕەک وکۆڵانەبوو، باخچەیەکی گەورە لە هەموو لایەکەوە دەوری دابوو، لەسەر دیوارە بەرزەکانیەوە ترۆپێکی دارخورما ومانگۆیەکی یەجگار زۆر دەبینرا. عیسام بەگی خاوەنی ئەم ماڵە لە پیاوماقوڵانی دیار ودەڤەرەکە بوو، لە بۆرسەدا کاری دەکرد. خانەوادەکەی بریتی بوو لە ژنێک وسێ کیژان. ئیدی بە عەرەبانە هاتوچۆی دەکرد وزەنگی عەرەبانەکە کاتی هاتن وچوونی ڕادەگەیاند. ئەم خێزانە هی زەمانی ئێمە نەبوون، خێزانێکی تایبەتی وسەربەخۆ بوون، هیچ پەیوەندییەکیان بە دەرودراوسێیانەوە نەبوو، نە هات وچۆی کەسیان دەکرد ونەکەس هات وچۆی دەکردن، پابەندی هیچ داب ونەریت وبۆنەیەک نەبوون. ئەگەر دایکەکە و کچەکانی – چ بە سواری و چ بە پیادە- لە ماڵ وەدەربکەوتنایە بە سفوری دەردەکەوتن، بە پێستە عاجی وسپییەکان و قژە زێڕینەکان وچاوە ڕەنگینەکانیان ئاوی چاویان دەبرد. عیسام کاتێ ئەکتەرێکی ژنی بەنێوبانگی بۆ ماڵی خۆی بانگهێشت کرد، لە هەر داب ونەریتێکی باو دەرچوو، ئیدی ژنەی تاین لە هەندێک ڕۆژێن دیاریکراوا هاتوچۆی دەکرد. خێرا قاو داکەوت کە کردوویەتی بە ماشقەی خۆی. گۆڤاری هونەر هەواڵێکی بڵاو کردەوە کە گوایە عیسام ملوانکەیەکی بە دیاری داوەتێ بایی دە هەزار جونەیهە. ئێمە لەسەر جادەکە

خڕدەبووینەوە تا تەمەشای هاتن و پێشوازی کردنەکەی بکەین و زۆر کەیفمان بەوە دەهات، تا جارێک جەعفەر خەلیل گوتی:

- ئێمە بە خۆڕایی دەیبینین، بەڵام باقی شانۆنامەکە دیارنەبوو! ونەدەکرا وێنا بکرێ!

خەلیل زەکی پرسی:

- باشە ئەم بەگە گەوادە چۆن بە بەرچاوی ژن وکچەکانیەوە ئەم ڕەفتارە دەکات؟

سەید شەعیر گوتی:

- هەم ئەم و هەم ئەوان، هەمان ڕەفتار بەبەرچاوی یەکەوە دەکەن.

ماڵی سەید شەعیر، لە ماڵی هەموومان، نزیکتر بوو لە ماڵی ماڵباتی حەملاویەوە، ماڵی حەملاوی لێ بووبوو بە مەراق، ڕۆژێک هات وگوتی:

- نهێنییەکە کەشف بوو!

هەموو بە تاسەوە لە دەوری خڕبووینەوە، گوتی:

- خانم حەزی لە محەمەدی ئوتوچیە!

- محەمەدی ئوتوچی!

هەموو دەماننناسی، ئوتوچی کۆڵانەکە بوو، ڕاستە گەنج بوو، بەڵام چاوێکی کۆرە بوو، هەرگیز وێنامان نەدەکرد ئەم خانمە جوانەی کە بە "مای مورای" مان دەشوبهاند، حەز لەو کابرا کوێرە ورگن و مل ئەستوور و ڕوخسار دزێو و لووسە بکات، سەید شەعیر گوتی:

- خانم خۆی لە عەباوە دەپێچێت وبەدزییەوە دەچێت بۆ ماڵی، بەچاوی خۆم دیوومە!

خانم، وازی لەو خۆ شاردنەوەو چاوشارکێیە هێنا، محەمەدی ئوتوچی بەخۆی جلەکانی هەڵدەگرت وبۆی دەبرد بۆ ماڵەوە، بە سەعات ودوو سەعات لەوێندەر دەمایەوە. ئەوسا وەدەردەکەوت. جارێک عیسام بەگ، یارۆی ئەکتەر دەبات و دەچنە سەفەرێکی دەرەوەی وڵات، محەمەدی ئوتوچی، لەوەخت وناوەختا هاتوچۆی ماڵیانی دەکرد، ئیدی بە ئاشکراو بێهیچ سڵکردنەوەیەک لەوێندەر دەمایەوە. لەو کاتانەدا هەرسێ کیژەکە پێکەوە بەرەو دەوروبەری عەباسیەی ڕۆژهەڵات وەدەردەکەوتن ودڵبەندانی خۆیان دەبینی، یان شەوان لە باخەکەی ماڵی خۆیاندا، پێشوازی دڵبەندانی خۆیان دەکرد، لەنێو ئەوانەدا زۆر کەسم دیتن لەوانە: عید مەنسوور و شەعراوی الفحام و ئەحمەد قەدری خزمم و ئەفسەری مەخفەری وایلی و پزیشکی ددانی گەڕەک وماموٚستایەکی فەرەنسی! وامان دەزانی پیاوەتی ئەوەمان لێدەخوازێ کە بە گژ ماڵەکە وهاتوچۆکەرانی ماڵەکەدا بچینەوە ئەگەر بە بەردباران کردنیشیان بووە، چونکە منداڵ بووین هەر ئەوەندەمان لەدەست دەهات لە دوورەوە بەردبارانیان بکەین، بەڵام پۆلیسێک لێمان ڕاپەڕی و کەوتە بەرگری لە ماڵەکە، پێدەچوو ئەمە بە عازی ئەفسەری مەخفەرەکە بووبێ کە ئەویش یەکێک بوو لە هاتوچۆکەرانی ماڵەکە. من لەو سەروبەندەدا لە ڤیان و خۆشەویستی سەفادا غەرق بووبووم، بۆیە زۆر لە ڕەفتار وئەتواری کچەکانی عیسام پەست وتووڕە بووم، بە لەوتاندنی باڵاترین سۆزی دنیام دەزانی، سووکایەتی کردن بوو بە ڤیان و خۆشەویستی. بەڵام لە سەرەتای ساڵی١٩٣٠وە، بوویەرێک ڕووی دا، کە بووە مایەی نائومێدی هەموو خەڵکی گەڕەک. هەرسێ کچەکە، یەک لە دوای یەک شوویان کرد، مێردی زۆر چاکیان دەستکەوت! گەورەکەیان شووی بە ئەندازیارێک کرد، ناوەنجیەکەیان شووی بە سکرتێری وەزیر کرد، بچووکەکەیان شووی بە ئەوقاتێکی (پارێزەر) سەرکەوتوو کرد. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو، ماڵی بابیان بە تەواوەتی تەرککرد، چەند خانەوادەیەکیان دروستکرد،

نموونەی خانەوادەی سەرکەوتوو وباش بوون! لەساڵەکانی پەنجایەکان ودواتردا، ڕێکەوتی هەندێک لە کوڕانی ئەو کیژانەم کرد، کە نموونەی گەنجانی سەرکەوتوو بوون، هەندێکیان لە ڕووی سیاسیەوە خەڵکی هۆشیارو پێشکەوتوخواز بوون، عیسام بەگ لە ڕۆژگاری جەنگی جیهانی دووەمدا مرد. لە هەمان هەفتەدا کە شەعراوی الفحامی تیا کوژرا. میراتیەکەی عیسام بەگ دابەشکرا، خانم داهاتێکی مۆڵی بەرکەوت، لەتەمەنی پەنجاساڵیدا بوو، بەڵام، زۆر لە تەمەنی پەنجا ساڵی چالاکتر وبەگوڕتر بوو، تا ڕادەیەک جوانیەکەی پاراستبوو. بە تاقی تەنیا لە ماڵەوە مایەوە، بە دەگمەن کچەکانی سەریان دەدا، ئیدی هەزار ویەک شرۆڤەی بۆ ئەو حاڵەتە دەکرد. لە ڕاستیا پەیوەندی لەگەڵ محەمەد ئوتوچیدا وەکو جاران بەردەوام بوو. بەڵام پێدەچوو کابرا بیەوێ لێی ڕزگار بێت. تەنانەت جارێک لەبەر دووکانەکەی خۆیدا بەر زللەی دابوو، هەڵبەتە بەبەرچاوی خەڵکیەوە. بەهەرحاڵ دوای چەند هەفتەیەک پەیوەندییەکی تازە لە بەینی خانم وقەسابەکەدا دروست بوو. جەعفەر خەلیل بە پێکەنینەوە گوتی:

- خانم ئەرستوکراتە بەڵام بە مەیل و ئارەزووی میللی یەوە.

لە ئاخر وئۆخری جەنگدا ماڵەکەی فرۆشت و لە گەڕەکەکە باریکرد. بەڵام زۆر لەبەرچاوم دوور نەکەوتەوە، زۆرجار لە گازینوی لیوا یان جروبی یان ئەرجەنتین دەبینرا، دادەنیشت، پێکێکی دەخواردەوە، ئەوجا گەنجێکی ڕاودەکرد، دەیبردو دەڕۆیی. تەنانەت لە ناوەندی شاریشدا بەوە ناوبانگی دەرکرد. لە ئەسکەندەرییە، لە ئەسنیوسدا دیتم کە هەمان گەمەی دەکرد. ماوەیەک – زۆر یان کەم – پێوار دەبوو، گۆڕی گوم دەبوو، پاشان لە هەمان ئەو شوێنانە دەردەکەوتەوە تا هەمان دەور بگێڕێتەوە، ڕۆژبە ڕۆژ پیری زیاتر غەزووی دەکرد وزیاتر دەژاکاو دەپووکایەوەو کەش وفشی دەیدایە کزی و پارەکەشی وەکو تەمەنی بەرەو

نەمان و تەواوبوون دەچوو. هەرچەند دەمبینی، هەستم دەکرد لە حاڵی داڕوخان و هەرەس هێناندایە ولە کۆتایی نزیک دەبێتەوە. ئیدی بوو بە پیرەژنێکی نەدار یان نیمچە نەدار. ئیدی داڕوخان وپووکانەوە بلەز ڕوویان تێکرد. ئیدی نەدەچوو بۆ ئەو شوێنە فاخیرانە، یان ناجار بوو نەچێت. ئیدی بەوە ڕازی بوو، بە جلکی شڕو شەپڕێوەوە بە جادەو کۆڵانەکاندا بسووڕێتەوە، پاشان بە توێی گەلەبییەک و جووتێ سۆلەوە دەسووڕایەوە، ئەنجام وای لێهات بکەوێتە سواڵ یان نیمچە سواڵ. من نەمبینی بوو دەست لە کەس پان بکاتەوە، بەڵام خاوەنی خوارنگە بچووکەکان ئەوانەی دەیانناسی وئاگایان لە ڕابردووی هەبوو بە خێری خۆ بابۆڵەیەکیان دەدایە یان کەمیک پارەیان دەدایە. ئێستاش هەرچەند دەیبینم، هەست بە داخ وکەسەرێکی زۆر دەکەم، یەک دنیا بیرەوەری شەقامە کۆنەکەم وەبیردێتەوە، ئەو دیمەنانەم لەلا زندوو دەبنەوە کە فانۆسان بە بەرزایی دەرگاکانەوە هەڵواسرابوون، چوار دەورمان کێڵگەو مەزرای بەرین وئارام بوو، ئەو ژنەی بوو بە قوربانی تێر نەبوونێکی شێتانە لە ژیان. کە نەوە سەرکەوتووەکانی بەلایا تێدەپەڕین وکەم و زۆر هەستیان بە کول وکۆڤانەکانی، بە تەنیاییەکەی نەدەکرد وخۆیان لێ بە ساحیب نەدەکرد.

## ٤١ – عید مەنسوور

کەسێکی دیاری گروپەکەمان بوو، پەیوەندییەکی دوور ودرێژمان لە نێواندا هەبوو، بەڵام لە هەوەڵەوە دۆستێک بوو نادۆست. کوڕێک بوو بێ دڵ، تەنانەت خەلیل زەکی دڵی هەبوو، سەید شەعیر دڵی هەبوو، بەڵام عید مەنسوور دڵی نەبوو. لەگەڵ بابی و خزمەکارێکی پیردا دەژیا، بەڵام دایکی، یەکسەر دوای لە دایکبوونی ئەم مردبوو. بابی بازرگانی موڵک وباڵەخانان بوو. پیر بوو، لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا عیدی بووبوو، دوای مردنی ژنەکەی ئیدی ژنی نەهێنابووەوە، ئیدی عید تاقانەی بوو،

پیاوێکی ڕژد ودەست نوقاو بوو، تووڕە وتڕۆ وبە زەبرو زاکون بوو، زۆر وشک و برینگ بوو، کوڕەکەی بە جۆرێ بەخودان کردبوو، زەڕەیەک میهرو بەزەیی لە دڵدا نەبوو، سوور بوو لەسەر ئەوەی وەکو خۆی دەربچێت، ئەم هاوڕێیەمان، نە هیچ مامەڵەیەکی سۆزداری بەخۆوە بینی بوو، نە میهر ودلۆڤانی جەڕباندبوو، وەکو ئەوەی لە سەربازگەیەکی پەروەردەکردنی تیرۆریستاندا پەروەردە بووبێ. بۆیە لە منداڵیەوە بەهرەکانی بەدیارکەوتن، ئیدی کەسێکی پراگماتیکی، وشک، یەک هەڵوێست، بێ دڵ دەرچووبوو، تاکو ئێستاش هەروایە، هەرواش دەمێنێتەوە. لە منداڵییەوە پارەی دەپەرست، پارە بەلای ئەوەوە هەموو شتێک بوو وپێوەر وڕەمزی پیاوەتی وسەرکەوتن بوو، تەنیا پارە لە دڵیا جێی دەبووەوە. ئیدی وەکو گوتم دۆستی نادۆست بوو. بە حوکمی دراوسیاتی و هاوڕێیاتی وگەمە وتێکەڵاوی زۆر دۆست وهاوڕێ بوو، بەڵام لە هەر سۆزو خۆشەویستی و دلۆڤانیەکی ڕاستەقینە بەدوور بوو، وەکو چۆن بە نوکتە پێدەکەنی بەو ئاوایەش بە کارەسات و نەگبەتی پێدەکەنی، نە بۆ مردنی شعراوی الفحام و نە بۆ مردنی جەعفەر خەلیل، خەمبار نەبوو. ئەو ڕۆژەی بدرالزیادی هاوڕێمان لە خۆپیشاندان‌دا کوژرا بە ئاشکرا خۆشحاڵ بوو بەوەی هیچ هەڤڕکێکی بۆ سەرۆکایەتی تیپی دووگۆڵی نەما، کە منی بینی مۆڕەی لێدەکەم، بە خورتی لێوی خۆی کروشت تا جڵەوی پێکەنینەکەی خۆی بگرێت، پێمگوت:- تۆ شەیتانی!

بە گوێیدا چپاندم:- خوا لە زارت بڕونێ!

ئەوجا بە تەوسی زیاترەوە لەسەری ڕۆیی:

- هیچ جیاوازییەک لە نێوان من وئێوەدا نییە تەنیا ئەوە نەبێ من بابایەکی ڕاستگۆم و ڕووبین نیم!

ئیدی بە حوکمی پەروەردە ومجێزی خۆی وا ڕاهاتبوو لە دەرێی بازنەی داب و نەریت وئاین وخولیاکانی ئێمەدا بژی وئیدی بە گوێرەی پەروەردە ومجێزی خۆی، هەقی بەسەر هیچ ئایدیا وفەلسەفەیەکەوە نەبوو و، وەکو خەلیل زەکی وسەید شعیر سەرسەری نەبوو، هەموو توانایەکی خۆی بۆ کار وقازانج تەرخان کردبوو، تەنیا کارو قازانجی لە بیربوو. تەنانەت سێکس کە تاقە ڕابواردنی بوو، مەگەر لەکاتی دەستبەتاڵیدا مومارەسەی بکردایە. هەرکە لە ساڵی ١٩٣٠دا بەکالوریای تەواو کرد، بابی خستیە ناو ئیش وکارەوە، بەردەوام مەشقی دادەدا تا لە ساڵی ١٩٣٥دا مرد وسەروەت وسامانێکی زۆری بۆ بەجێهێشت. سەرباری ڕیسکەکانی لە باخەکەی ماڵی حەملاویدا، باوەڕ ناکەم، ئەوەندەی بە سورەیا ڕەئفەتەوە پەیوەست بوو، بەهیچ ئافرەتێکی دیکەوە پەیوەست بووبێ. ئەوکاتانەی لەگەڵ بابیا کاری دەکرد، سورەیای بینی بوو، ئیدی هەوڵی دابوو چەشەی بکات، پێی گوتم:

- سەردەمانێک بە تەواوەتی کەوتمەژێر کاریگەری ئەوەوە، خۆ ئەگەر تاسەر بەوجۆرە خۆی لێ دوور بگرتمایە لەوەبوو..

بێدەنگ بوو، لێم پرسی:- لەوەبوو بیخوازی؟

- بەلای کەمەوە بیرم لەوە دەکردەوە.

لێم پرسی:

- باشە خەفەتت نەدەخوارد یا شەرمت نەدەکرد کە غەدری لێبکەی ودەستی ببڕی؟

بەدەم پێکەنینەوە گوتی:- باوەڕ ناکەم..

باوەڕی بە خۆشەویستی نەبوو. حەزی لە ژن هێنان نەبوو، بەو ئاواتە نەبوو کە ببێ بە باوک، تاوەکو ئەمڕۆکەش کە لە تەمەنی شەست

وهەندێک ساڵدایە، بەهەمان هیمەتەوە کاردەکات، بەهەمان چاوچنۆکی پارە کۆدەکاتەوە، بەلای ئەوەوە ژیان جگە لەپارە هیچ ئامانجێکی تری نییە. کە گاڵتەی بە سۆزە نیشتمانیەکانمان دەکرد زۆر لێی پەست دەبووم، ئەو ڕۆژەی کە بۆ مردنی سەعد زەغلول گریام، گاڵتەی پێکردم، زۆر لێی توورەو پەست بووم، بەڵام ئەو گاڵتەی بە هەموو ئەو شتانە دەهات، دنیای دابووە بەرکلکان، دەیگوت:

- ئەگەر ئینگلیز نەبوایە، ئەگەر جوولەکە نەبوایە، ئەم وڵاتە ژیانی نەدەبوو!

تا دوا ڕۆژی مانەوەی ئینگلیز لە میسرا هەر ئەو قسەیەی دەگوت ودەگوتەوە. هەرچەندە وەکو بابی ڕژد وڕەزیل بوو، بەڵام داهێنانێکی تازەی لە ڕژدیدا کرد، بڕیاری دا لە حاڵەتی زۆر پێویستدا نەبێ، تاقە پولێک خەرج نەکات، بەو مەرجەی ژیانێکی خۆش بۆ خۆی فەراهەم بکات.

- من کەسێکی زگوردم و بە سەڵتی و ڕەبەنی دەمێنمەوەو هیچ میراتگرێکم نابێت، بۆیە دەبێ لەزەت لە ژیانی خۆم ببینم.

زۆر ڕقی لە زەوجین بوو، بەوپەڕی بێدەسەلاتی وکەرێتی دەزانی، لەوە دەچوو، هەرگیز لە هیچ قەرارێکی خۆی ژیوان نەبێت، تا زیاتر دەچووە تەمەنەوە، زیاتر لە خۆی ولە بڕیارەکانی خۆی ڕازی دەبوو.

لە ساڵی ١٩٣٦وە،ماڵەکەی فرۆشت ولە گەڕەکی مە باریکرد، چوو لە هوتێلی میناهاوس ئاکنجی بوو، بە یەکجارەکی لەوێ دایکوتا، هوتێلی لەماڵ پێ باشتر بوو، چونکە هوتیل هەموو خزمەتگوزارییەکی بۆ دابین دەکرد وخەمە جۆراوجۆرەکانی ماڵی سەربەخۆی لەکۆڵ دەکردەوە، لەهەمان کاتدا ماڵێکی دێهاتیانەی لەهەرەم، بۆ مێبازییە پچڕپچڕەکانی بەکرێ گرت، حەزی لە پەیوەندییانی دوورودرێژو بەردەوام نەبوو، حەزی

لە لەشفرۆشەکانی کاباریە شەوانەکان بوو. لەخواردن و خواردنەوەی باشدا بێ دڵی خۆی نەدەکرد، لە خواردنەوەدا زۆر میانڕەو وبەپارێز بوو، بە تەبیعەتیش حەزی لە مەوادی هۆشبەر نەدەکرد و ڕقی لێی بوو. شەوانی لە شەوبێریانی بازرگانیا، لەگەڵ ئەوانەدا بەسەر دەبرد کەلە واری بازرگانی موڵک و باڵەخانادا کاریان لەگەڵدا دەکرد. بەڵام لە شەوبێریە هەفتانەکانی ئێمەش دانەبڕا. حەزی دەکرد بەراوردی سەرکەوتنی خۆی لەگەڵ سەرکەوتنی هاوڕێکانی خۆمانا وەکو دکتۆر سرور عەبدولباقی ومامۆستا ڕەزا حەمادەدا بکات، بەوەوە دەنازی کە زۆر لەوان دەوڵەمەندترە، سەروەت وسامانی، کەبە هەموو شتێکی ژیانی دەزانی لەوان پترە.. ڕۆژێک بە شۆخییەوە پێمگوت:

- خەلیل زەکی، لە سەرکەوتن وسەروەتدا ڕکابەریت دەکات!

بە نارەزاییەوە گوتی:- کە شتێکی پیس و هیچە.

لێم پرسی:

- باشە تۆ ئەم چالاکیە داراییەی خۆت بە چالاکییەکی ئابڕوومەندانە دەزانی؟ بەهەمان ڕاشکاوی خۆیەوە گوتی:

- ئابڕوو، مانا وچەمکەکانی لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی دی دەگۆڕێ، ڕەنگە من مامەڵە وسەودایەک بکەم لە ڕوانگەی تۆوە بە تالان وچەپاو بێتە ژماردن، بەڵام ئێمە بە زیرەکی و کارامەیی بزانین، بەڵام من ڕقم لە شێوازی خەلیل زەکییە کە بە ئەزموونی هەژاران حەساو دەکرێت!

لەشفرۆشێکی بیانی حەزی لێکرد، بەردەوام نامەی بۆ دەنارد، عید نامەکانی ئەوی بۆ دەخوێندینەوە وبە تەوسەوە دەیگوت:

- ئافرەت ئەگەر بیەوێ پیاوێک ڕاوبکات وکۆنترۆڵی بکات، وا وێنا دەکات خۆشی دەوێ!

که له ساڵی ١٩٤٨دا شەڕی نێوان ئێمە وجوولەکە هەڵگیرسا، هەستە گشتیەکانی له دزێوترین فۆرما، بەرجەستە بوون. تەنانەت وام هاتە بەرخەیاڵ که ئەو لەبەر هەندێک هۆ که من نایانزانم، ڕقی له نیشتمانەکەی خۆیەتی. یان بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی، ئەو ئارەزووانەی که ئێمە به خۆڕسکیان دەزانین، شێواندووە. هەمان هەڵوێستی له ساڵی ١٩٥١دا، له کاتی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەکە وخەباتی کەناڵدا دووبارە بووەوە، بۆیە وێڕای بێموبالاتی سیاسی خۆی، وەفدی دەبوغزاند، بەڵام ژیانی تا بەرپابوونی شوڕشی یولیوی ١٩٥٢بە ئارامی بەردەوام بوو. هەرچەندە شۆڕش به شێوەیەکی گشتی هیچ زیانێکی بەو نەگەیاند، بەڵام تەواو دوودڵ ونیگەرانی کرد. هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاشایەتی وڕاگەیاندنی ڕیفۆرم وچاکسازی کشتوکاڵی، زۆریان خەمبار کرد. ئەمە کەڵکەڵەی داکۆکی له خودی له ناخیا هاڕوژاند وهەستی کرد – هەرچەندە نیشانە وئامانجێکی ڕاستەوخۆ نەبوو– لەو بەرەیەدایە که باهۆزانی بەسەردا دێ ودرەنگ یان زوو ڕیشەکێشی دەکات. بەهەرحاڵ هێرشە دژمنکاریە سێ قۆڵیەکە، کەمێکی بوژاندەوە، بەڵام هەر زوو ئەو چاوە ڕەشەشی کاڵ بووەوە، گەلێک له هاوڕێ جوولەکەکانیلە مەیدان دەرچوون، تەنانەت ڕۆژێک پێی گوتم:

- چەند حەز دەکەم سەروەت وسامانەکەم دەربازبکەم وسەری خۆ هەڵگرم و بڕۆم!

که خەمینی به ڕوخسارمەوە خوێندەوە گوتی:

- میسر، لەوە دەرچووە، بەکەڵکی خەڵکانی ئاقڵ وزیرەک بێ!

ئەوجا بەدەم پێکەنینە زبر وناخۆشەکەیەوە گوتی:

- ئەگەر میسری نەبام، خۆزیام دەخواست میسری بم.

سەرباری ترس ودوودڵییەکانی، بەهەمان تین وتاو وچالاکی جارانەوە دەستی بە کارەکانی کردەوە، لە یونیوی ساڵی ١٩٦٧دا ئاهێکی وەبەر هاتەوە. هەرچەندە بە سەرسامی وحەپەساوییەوە، پەیگیری ڕووداوەکانی دوای نسکۆی کرد. بەڵام ئەمجارەیان ورەی بەرنەدا، بە خۆشحاڵیەوە گوتی:- هیچ مەفەڕێک نییە!

هەروەها گوتی:- هەڵبەتە بێداری مەرگت بیستووە!

چەند مانگێک بووری، ساڵ ودوو ساڵ وسێ ساڵ دەرباز بوو، ڕەوش باش بوو، ئیرادە بەهێز بوو، ورە بەرز بووەوە، هیوا و ئومێدی تێکۆشان تازە بووەوە، بەڵام ئەوە بۆڕی پێنەدا، ئەگەرچی هەندێجار نیگەرانی دەکرد، دەستبەرداری بیرە نەگۆڕەکەی خۆی نەبوو، لە ڕێگەی پەیگیری ڕادیۆ دژەکانەوەو لە ڕێگەی بانگەشەی دژمنکارانەوە، دەمەزەردیشی دەکردەوە. کە بینی من وڕەزا حەمادە، گومانمان لە نیشتمانپەروەری ئەو هەیە گوتی:

- لەمڕۆ بەدواوە هیچ نیشتمانێک نییەتەنیا نیشتمانی بەرژەوەندیان نەبێت. یان دەبێ ئەمریکی بی یان دەبی سوڤیاتی بی، یان دەبێ ئازادی و ویستی داهێنەرانە و ئینساندۆستی قەبووڵ بکەی یان دەبێ نیزام ودادوەری کوێرانە و ئیرادەی میکانیکی قەبووڵ بکەی!

ئۆمێدی بە ئینگلزی نەما، خەونی زێڕینی ئەوە بوو ئەمریکا دەسەڵات بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بگرێ ومەدارێکی شارستانی بۆ دیاری بکات، کە عەرەب و جوولەکە، دەورێکی تەواوکەری یەکدی تیا بگێڕن.

بەو ئاوایە، بەرژەوەندی فێری کرد کە قسە لە سیاسەتەوە بکات. هێشتا هەر کار دەکات، باڵەخانان دروست دەکات ودەیانفرۆشێ، لە میناهاوس دەژی، وەکو کەسێکی زگوردی بێکەس وکار مومارەسەی ژیانی خۆی دەکات، مانگی یەک کەڕەت مومارەسەی سێکس دەکات. هەندێجار وەکو

وەفادارییەک بۆ نیو سەدە هاوڕێیاتی، سەرمان دەدات، دۆستایەتی وهاوڕێیاتیەکی بێخۆشەویستی ڕاستەقینە، بە کابرایەکی نائاساییمان دەزانی کەلە بەرد دروست بووبوو، ئەویش ئێمەی بە کۆمەڵە گەوجێکی بێهودە و بێهیچ نرخ و فەڕێکی ڕاستەقینە دەزانی.

## ٤٢ – غانم حافیز

ئەمە مامۆستای بیرکاری بوو لە قوتابخانەی ناوەندیدا، کاتی خۆی گەنج بوو، پیاوێکی زۆر بە ئەدەب وبە ویقار بوو، خۆشڕەفتار ومامەڵە بوو، هیچ قوتابییەک، لە دەرسی ئەوا لە سنووری ئەدەب دەرنەدەچوو، تەنانەت خەڵکانی وەکو جەعفەر خەلیل وبدرالزیادی وعید مەنسووریش کە بە شەقاوەو سێبەندی ناویان دەرکردبوو، لە دەرسی ئەوا لاسارییان نەدەکرد. جارێکیان عید مەنسوور داوای لێکرد دەرسی تایبەتی پێ بڵێتەوە، هەڵبەتە پاش ئەوەی قەناعەتی بە بابی کرد کە کرێی دەرسی تایبەتی کەمترە لەوەی ساڵێک بمێنێتەوەو هەمان پۆل دووبارە بکاتەوە. غانم حافیز، باوکی عیدی بینی، بابی عید لە غانمەفەندی پرسی بە چەند دەرس بە کورەکەی دەڵێتەوە، غانمەفەندی داوای یەک ڕیاڵیبۆ هەر سەعاتێک کرد، بەڵام کابرا سڵەمییەوەو گوتی کە یەک شلینگ زیاتری ناداتێ، غانمەفەندی بزەیەکی شەرمنانەی کرد وپێشنیازی کرد بە خۆڕایی دەرسی پێبڵێتەوە، بە مەرجێ قوتابیەکی دیکەش، هی هەمان گەڕەک لەگەڵیا بێتە دەرسەکەوە، مەرجەکەیان قەبووڵ کرد، عید مەنسوور، بە درێژایی دوو هەیڤان، بە خۆڕایی دەرسی حیسابی پێ گوترایەوە! بە چاوی خۆم بینیم ئەو ڕۆژەی کە بەدرالزیادی کوژرا، گریا، بۆیە هەموومان خۆشمان دەویست وڕێزمان دەگرت. پاش ئەوەی چوومە زانستگە، لە نزیکەوەو لە گازینۆی گەڕەکا تەعاروفم لەگەڵیا کرد، ئیدی

لە هاوکلاسییەوە بووین بە دۆست وهاوڕێ –کوڕێکی بە ڕەوشت وهێدی تەبیعەت وشیکپۆش بوو، هەفتەی یەک ڕۆژ لە گەڵمانا دادەنیشت– بە تایبەتی لە پشووی هاوینەدا– نێرگەلەی دەکێشا، زۆر بە ئەدەبەوە گوێی دەگرت وزۆر کەمدوو بوو. لە گەنگەشەو موناقەشەی هیچ بابەتێکا هەڵنەدەچوو، بابەتەکە چەندیش توند وگەرم بوایە، ئەو شلوێ نەدەبوو، بە نەرمی وبەدەم نەرمە بزەیەکەوە باسی دەکرد. نە تووڕە دەبوو، نە هەڵدەچوو، نە هاواری دەکرد، تەنانەت سیاسەتیش لە سەر زمانی ئەو ولە زمانی ئەوەوە دەبوو بە باسێکی هێور ئەگەر هێرش بکرایەتە سەر وەفدیش کە حیزبی خۆشەویست ودڵخوازی ئەو بوو. خۆ ئەگەر ناچار بوایە داکۆکی بکات دەیگوت:- ئەوانە خەڵکی باشن.

یان دەیگوت:- مستەفا نەحاس؟.. پیاوێکی باش وموبارەکە!

ئەگەر، چەند لە داکۆکیدا، توندڕەوی کردبا، ئەوپەڕی دەیگوت:- بێ قەزا بی!

هەموو چالاکییەکی سیاسی ئەو، ئەوەندە بوو، و ڕۆژی هەڵبژاردن- ئەگەر بڕیار درابا هەڵبژاردنێکی ئازاد بکرێ – دەچوو بۆ کۆمسیون تا دەنگی خۆی بە کاندیدی وەفد بدات. بۆیە تەنیا بە دڵ لە شۆڕشی ۱۹۱۹دا بەشداری کرد. کوڕێکی زۆر خاکی بوو، بە پێچەوانەی هاوچینەکانی خۆیەوە، شەرمی لە ئەسڵ و فەسڵی خۆی نەدەکرد، جارێکیان باسی ئەسڵی خۆی بۆ کردم، گوتی:- بابم پۆلیس بوو.

ئەوجا گوتی:

- هەموو خەمێکی ئەوەبوو بمکات بە پۆلیس، بەڵام پیاوێکی دراوسێمان– بازرگان بوو– ئامۆژگاری کرد کە بمخاتە بەر خوێندن، بەقسەی کرد، ئیدی سەرکەوتنێکی ئەوتۆم بەدەست هێنا کەتا بەکالوریاشم تەواو کرد

بە خۆڕایی بخوێنم، ئیدی هیچ قوتابخانەیەکم بۆ نەڕەخسا تەنیا خانەی مامۆستایان نەبێ، خۆم بەوێدا کرد!

کچی مامۆستایەکی زمانی عەرەبی خواست، کچەکە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی تەواو کردبوو.

- ماڵباتی ژنەکەم، هەرچەندە هەژار بوون، بەڵام لە ئێمە باشتر بوون، ئیدی ئەمە تووشی زۆر کێشەی خەمناکی کردم.

ئەوجا بە جۆرە خەمینی وڕاشکاویەکی هەستیارەوە گوتی:

- هەڵوێستەکە کەسێکی لە من بە سەبر وحەوسەڵەتری دەخواست! بەڵام ژنەکەم سێ کوڕی بۆ خستمەوە!

لە هەفتەیەکدا تەنیا یەک ڕۆژی لە دەرەوە، لە گازینۆ دەبردەسەر، دوای ئەوە مەگەر بۆ کارکردن لە ماڵ وەدەرکەوتبا وخێزانەکەی بەجێ هێشتبا، بەهەرحاڵ ساڵانێکی پڕ لە بویەر ومێژوو وڕووداوان بووری و ئەو لە لانەکەی خۆیەوەو دووراودوور چاودێری ڕووداوەکانی دەکرد، بە ئارامی گەنگەشەی دەکردن وبە ناسکی تاوتوێی دەکردن وتەکەزی لەسەر پەروەردەکردنی هەرسێ کوڕەکەی دەکرد، تا گەورەکەیان بوو بە ئەفسەر لە بەشی سوارە، ناوەنجیەکەیان بوو بە ئەندازیار و پاشان پەیوەندی بە سوپاوە کرد، سێیەمینیان بوو بە بەیتاڵ.

کوڕە گەورە وناوەنجیەکەی بە پەڕجوو لە جەنگی ١٩٥٦ ڕزگار بوون، سوپاس و شوکرانەی خوای کرد، لەسەر کارەکەی بەردەوام بوو تا لە ساڵی١٩٦٠دا خانەنشین کرا، هێشتا بە گوڕ بوو، ژیانێکی خێزانداری خۆشی هەبوو، سیحەتی زۆر باش بوو. کە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٧دا هێزەکانمان لە سینادا خڕبوونەوە، دوای ئارامییەکی دوور ودرێژ دڵی

کەوتە لێدان، ئیدی تووشی هەرکەسێک بوایە لێی دەپرسی: - شەڕە یان نا؟

شەڕەکە قەوما، مەسەلەکە کەمیک ڕوون بووەوە، کوڕە ناوەنجیەکەی بە برینداری گەڕایەوە، برینەکەی کوشندە نەبوو، بەڵام نۆبەرەکەی چارەنووسی نادیار بوو، ئەم شۆکە لە ناخەوە هەژاندی. هێمنی و ئارامیە ئاساییەکەی لە دەست دا، بەجۆرێ نەترەی بەرداو هەرەسی هێنا کە پیاو دڵی پێی دەسووتا، وەکو دایک منداڵەکانی خۆشدەویست، هەرگیز باوەڕی نەدەکرد کوڕەکەی کوژرابێت، هەمیشە خەوی بەوەوە دەبینی پەڕجوویەک کوڕەکەی بە ساغ وسەلامەتی بۆ بگەڕێنێتەوە. کوڕە ناوەنجیەکەی لە ماوەیەکی کەمدا چاک بووەوەو بۆ بەرەی شەڕ زڤڕییەوە، ئیدی باوکەی داماو کەوتبووە نێوان بەرداشی خەونی گەڕانەوەی کوڕە نادیارەکەی وخەمی کوڕە جەنگاوەرەکەیەوە، سەعات بە سەعات وڕۆژبەڕۆژ پەیگیری هەواڵەکانی شەڕگەکانی دەکرد، کە گوێی لە هەواڵی بوردمان وتۆپباران دەبوو، دڵی دادەلەرزی، باوەڕی لەق دەبوو، خۆشەویستی قووڵی کوڕەکانی دەی هەژاند. هەندێجار وەکو پیرەمێردێکی بە ئاستەم کۆماوەو سەرسپی دەهاتە بەرچاوم. دادەنیشت، نیگای وێڵ وسەرگەردان، بیری لە نادیار دەکردەوە، دیمەنی ئەوەی نەدەنواند کە بشێت بەرگەی ژیان بەو داخوازیە زۆرەیەوە بگرێ، ماوەیەکی زۆر دەبیرەوە دەچووم، تیا دەمام ونەمدەزانی گلەیی لێبکەم یان بەزەییم پێیدا بێتەوە، پاشان دەچوومە لایەوەو دڵخۆشیم دەدایەوە، پاشان باسی غەیبمان دەکردو دەکەوتینە ڕمڵ لێدان..

٤٣ – فایزە نەسار

لە دەوروبەری ساڵی ١٩٦٠دا، لە ماڵی عەجلان سابت، لە جیزە تەعاروفم لەگەڵیا کرد، هەرلە هەمان سەردانا تەعاروفم لەگەڵ

مێردەکەشیا کرد. فایزە لە تەمەنی سیساڵیدا بوو، وێڕای جل وبەرگە مودێرنەکەی ڕوخسارێکی دیهاتیانەی پێوەبوو. هەرچەندە زۆر جوان نەبوو، بەڵام زۆر سێکسییەکی ئارەزوو بزوێنبوو، بەڵام مێردەکەی – عەبدە ئیبراهیم– گەراجی هەبوو، لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا بوو، پیاوێکی قەڵەوی خاو وخلیچک بوو، بە نیگایان بزەیەکی گەوجانە بەشداری لە قساندا دەکرد، بەدەگمەن قسەی دەکرد.

عەجلان پێی گوتم:- ئەمە لە هەمان باڵەخانەدا دراوسێمانە ودۆستی ژنەکەمە.

گوتم:- مێردەکەی ناچێتە دڵەوە!

- بەڵام دەرامەتێکی باشی هەیە، دوو منداڵی لێی هەیە، ژنەکەشی هەرچەندە نەخوێندەوارە، بەڵام دایکێکی خراپ نییە!

-لە ژنێکی زیرەک و وریا دەچیت.

- لە ئەسڵا کچی، ژنێکی پەنیر وکەرە فرۆش بووە، بەڵام توانایەکی گەورەی ڕاهاتن وگونجانی هەیە، زۆر سوود لە ڕادیۆ وتەلەفزیۆن ودەستە خوشکان وەردەگرێت و شتیان لێوە فێر دەبێت.

لە سەردانێکی دیکەی ماڵی عەجلان سابت دا، فایزە نەسارم بینییەوە، لەگەڵ پیاوێکی چل ساڵانی چاوزیتی، بە خۆوە بوو، پیاوەکە ناوی جەلال مورسی بوو، خاوەنی کازینۆی هەرەم بوو، عەجلان سابت، بە شێوازە تەوسامێزەکەی خۆی پێی گوتم:

- جارەکەی دی تەعاروفت لەگەڵ مێردەکەی فایزەدا کرد، ئەمجارەیان کەپڵەکەی دەناسیت!

ژوورەکە پڕبوو لە پێکەنین، ژنەکەی عەجلان و فایزەو جەلالی خاوەن گازینۆ، جەلال گوتی:- باوەڕی پێ مەکە!

فایزە، بە تۆنێکی هەڕەشە ئامێزەوە لێی پرسی:

-چییە حاشام لێدەکەی؟

بە ملکەچی سەری دانەواند وپێی گوتم:- باوەڕ بکە قوربان.

عەجلان سابت گوتی:- ئەمە هاوڕێی مێردەکەیەتی!

فایزە جارێک بۆ ماڵی خۆیان دەعوەتی کردم، لە لایەکەوە پەیوەندی لە نێوان من و ئەواو لە لایەکی دیدا لەنێوان من و مێردەکەیا تۆخ بووەوە. چەند جارێک لەگەڵ ئەواندا چووم بۆ گازینۆ الوادی، جەلال مورسیش دەهاتەسەر مێزەکەمان، هەستم بە قووڵی پەیوەندی ئەو وژن و مێردەکە کرد. هەرچی سەرم دێنا وسەرم دەبرد، بۆم بەدیار نەدەکەوت کە ئەم پیاوە تا چ ڕادەیەک ئاگاداری پەیوەندی ژنەکەیەتی لەگەڵ عاشقەکەیا، تەنانەت "عەجلان سابت" ش هەر بەقەد منی لێدەزانی، لێ بەمنی گوت:

- بەم جۆرە پەیوەندیانە ڕابێ تا لە کۆیلایەتیە بورژوازییەکەت ڕزگاربی.

جارێکیان لە ماڵی عەجلان بووین من وعەجلان وژنەکەی وفایزە، بێهیچ پێشەکییەک و بێهیچ بۆنەیەک بە فایزەی گوت:- بە ئەشقی تۆوە دەتلێتەوە.

فایزە، سووکێ هەستا وهاتەلای منەوە، باسکە ئەسمەرە ناسکەکەی لە ملم وەرێنا و گوتی:

-کەڵەگاکەم! ئاشقەکەم!

عەجلان بە پێکەنینەوە گوتی:- لەسەرخۆ با نەترسێت.

فایزە گوتی:- بەڵام بە مەرجێ.

سەبارەت بە مەرجەکە لێی پرسیفایزە گوتی:- تەنیا یەک شەو..

ئەوجا فایزە چاوی لە دورٍ چاوم بڕی وگوتی:

- ژنی شەریف مێردێک ویەک ئاشقی بەسە!

فایزە لە سوعبەتەکانیا ئاوها بوو، بەڵام -ئەوەندەی من دەمزانی- بە ڕاستی جەلالی خۆش دەویست. لە هەمان کاتا زۆر بەخەمی پاکی وبێگەردی ماڵەکەی و پەروەردەیەکی ڕاستەقینەی دوو منداڵەکەیەوە بوو، عەجلان پێی گوتم:

- ئەوەی بەڕاستی ماندووی دەکات، خەون وخولیاکانیەتی. وێڕای ئەوەی نەخوێندەوارە، خەون بەوەوە دەبینێ، ببێت بە شتێکی گەورە!

پرسیم:- حەزی لە پارەیە!

- ژیانی زۆر خۆشە، بووەیە، بەڵام حەزی لە پارەیە ولەشتێکی زیاتر لە پارە.

- چ شتێک؟

- بە مەزەندەی من ئەو شتە هونەرە!

ئەوجا پێی گوتم:- داوای کرد، لەگەڵ خۆما بتبەمە سەردانیان.

پرسیم بۆچی، گوتی:- وادیارە بۆ کارێکی گرینگ بێ، یەکسەر دەیزانین.

فایزەو مێردەکەی وئاشقەکەیمان بینی، سڵاومان لێکردن ودانیشتین وهەستمان کرد گرژییەک بە کەش وهەواو ڕوخسارەکانەوە دیارە. فایزە بلەز گوتی:

- مەسەلەکە ئەوەیە یەکێک لە دەرهێنەرەکان، پێشنیازی دەورێکی گرینگی لە فیلمی ئایندەیدا بۆ کردووم!

چاوی بڕییە ڕوخسارمان وگوتی:- ئێوە چ دەڵێن؟

کە دیتم، چاوی لە منە گوتم:

- مەسەلەکە پەیوەستە بە خۆت وبە کاک عەبدەوە. قەراری هەوەڵ وکۆتایی لای ئێوەیە.

عەبدە ئیبراهیم سەری هەڵبڕی وبەر خەبەبەی پڕ لە با کرد وگوتی:

-ئەم زەمانە خانمانی ماڵە خانەدانەکانیش نواندن دەکەن.

بەڵام جەلال مورسی پرسی:

-حەز دەکەم ئەوە بزانم ئەو دەرهێنەرە چۆن وکەی تۆی دیتووە؟

مێردەکەی بەرسڤی دایەوە:- شەوێک کە لە گازینۆکەی تۆدا بووین دیتمانی.

-لەیەکەم نیگاوە بەهرە وتوانا فایزەی بۆ دەرکەوت.

-ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە نەک بە ئێمەوە.

جەلال گوتی:- من وەکو دلسۆزێکی هەردووکتان، ڕازی نیم بچێتە ئەو مەیدانە.

فایزە کە وێڕای بارگرژییەکە، شادمان دیاربوو، پرسی: -بۆچی؟

- پێشتر هیچ بایەخێکت بە هونەر نەداوە، هیچ هونەرنوێنییەکت نەکردووە.

-ڕێک نەکەوتووە، هیچ دەرفەتێک نەڕەخساوە.

- هونەر نە لە خۆیەوە لە دایک دەبێ ونە بە پێشنیازی دەرهێنەرێک لەدایک دەبێت.

- خۆ بە خۆ لە دایک دەبێت.

مێردەکەی گوتی:- منیش پێموایە.

جەلال بە تووندی گوتی:- خۆ لە ڕای خوا دەور دابەش ناکەن.

عەجلان سابت گوتی:- لە ڕای هونەر.

جەلال گوتی:- لە ڕای هونەریش نا!

فایزە گوتی:- خۆ منداڵ نیم!

مێردەکە گوتی:- فایزە جێگەی متمانەیە.

جەلال بە پێ داگرییەوە گوتی:

- من وەکو هاوڕێیەکی دڵسۆزی هەردووکتان ڕازی نیم.

مێردەکە گوتی:- ئەمە دەرفەتێکە نابێ لە کیس بدرێ.

عەجلان ومن پشتیوانیمان لە ڕایەکەی کرد، دەتگوت پیلانێکە بێهیچ تەگبیرێکی پێشوەختە، جەلال مورسی هەستا و بەدەم ڕۆیشتنەوە گوتی:

- من ڕای خۆم گوت وسوورم لەسەری.

عەجلان بە زۆڵیەتیەوە گوتی:- دەبێ بە زووترین کات دەرهێنەرەکە ببینی.

وەختایەک من وعەجلان لە ماڵەکە وەدەرکەوتین پێمگوت:

- عەبدە ئیبراهیم هەموو شتێک دەزانێ!

قاقا پێکەنی وگوتی:

- دەرفەتی هێنا وجەزرەبەیەکی سەرکەوتووی لە ڕەقیبەکەی دا.

- باشە ئەم ژنە بە تەمای چییە؟

هەڵوەستەیەکی کرد وئەوجا گوتی:

- بە مەزەندە وئەقڵی من خەون وخولیاکانی، لە ئەشقەکەی زاڵترە!

مەزەندەکەی دروست دەرچوو. دەورەکەی بینی. سپرایزێکی هونەری گەورە بوو، گاڵتەی پێنەدەکرا، پێشنیازی دوو دەوری تازەی بۆ کرا.

جەلال وازی لێ هێنا وژنەش هیچ هەوڵێکی بۆ گێڕانەوەی نەدا. زۆری پێنەچوو مێردەکە بە هەنجەتی پاراستنی ماڵەکەی ودوو منداڵەکەی لەو کەش وهەوا هونەرییەی کە کەوتبووە غەزووی ماڵەکەی، تەڵاقی دا، بەو قەرارە ئەوەی نیشاندا کە تەمەڵی وخاوی وپەستیەکەی تەنیا قاوغێک بوو و کینەیەکی دوور ودرێژی لە ژێریا حەشار دابوو. فایزە گواستیەوە بۆ شوقەیەکی بچکۆلەی جوان لە زەمالیک. ڕۆژێک لە گەڵ عەجلاندا چووم بۆ سەردانی، دکتۆر سادق عەبدولحەمید وماشقە ڕۆژنامەوانەکەیم، واتە نەعمات عارفی ژنی دکتۆر زوهیر کامیلم لەلای بینی، نەعمات عارف، لەو دواییانەدا لە بواری ڕەخنەی هونەریدا کاری دەکرد. سەیرم کرد فایزە وەکو هەمیشە ڕووخۆشە، دڵی بە سەرکەوتنەکەی خۆشە، تەنانەت کە گەڕاینەوە، عەجلان لە ڕێگادا گوتی:

- لەگینە هەندێجار بیری منداڵەکانی بکات، بەڵام لەو ژنانە نییە، بەهۆی ئەوەوە کۆڵ بدات وهەرەس بێنێ، حەزدەکەم ئەوەت پێ بڵێم کە من بە سەرکەوتنی هەر فەلاح و ژنە فەلاحێک خۆشحاڵ دەبم، ئیدی بەهای ئەو سەرکەوتنە هەرچیەک بێ!

لەیەکەم ڕۆژی دەستبەکار بوونی وەزیفیمەوە، سەرنجی ڕاکێشام. وام دەزانی فەرمانبەرێکی گەورەیە یان لە بنەماڵەیەکی خانەدان وڕەسەنە، کەبۆم دەرکەوت کاتیبێ تۆمارە لە سکرتاریەت زۆر سەرم سوڕما. لە تەمەنی سی ساڵاندا بوو، شادەتنامەی سەرەتایی هەبوو، مووچەکەی هەشت جونەی بوو، خێزاندار وبابی پێنج منداڵ بوو، بەڵام درێژێکی باریکەلەی میسری گۆشت بوو، سیمایەکی بەهەیبەتی هەبوو. مامۆستا عەباس فەوزی پێی گوتم:

- تۆ تەمەشای کاری تەبیعەت، دیمەنێکی ئەوتۆی داوەتێ، خوا دایناوە بۆ ئەوەی لە وەزارەتی دەرەوە فەرمانبەری پێشوازی بێ، بەڵام شتێکی پێ ڕەوا نەبینیوە، کە خێری بۆ خۆی یان بۆ خەڵکی هەبێ.

هەروەها لە بارەی ئەوەوە دەیگوت:

-زندوویەکی بێ ڕزق و ڕۆزییە.

لە دایکێک ودوو خوشکی تەڵاقدراو مەسئول بوو، بەوحاڵەوە ڕوو بەڕووی ڕۆژگاری جەنگ وگرانی ژیان بووەوە. زۆرجار لە عەباس فەوزی یان عەبدوڕەحمان شەعبان نزیک دەبووەوەو دەیگوت:

-کێ قورۆشێکم دەداتێ بابۆڵەیەکی پاقلەی پێبکڕم، خوا لەو دنیا جەزای بداتەوە؟

ئەگەر یەکێکی لە ڕاڕەوەکەی دەرێ ڕا بدیبا، دەچوو بۆ لای ودەیگوت هەر پێویستییەکی هەیە، با بۆی بکات، لە کۆتاییدا، بە بێهیچ شەرمێک، لێی دەپرسی:

-جگەرەت پێیە، جگەرەیەکم بدەیتێ؟

ماموٚستا عەبدوڕەحمان شەعبان ڕۆژێک دڵی بەحاڵی سووتابوو وبە ماموٚستا عەباس فەوزی گوتبوو:- فەتحی حاڵی خراپە، هەقە ئاوڕێکی لێبدرێتەوە.

عەباس فەوزی، قسەکەی سەلماندبوو وگوتبووی:

-وایە، بەڵام هیچمان لە دەست نایە!

عەبدوڕەحمان گوتی:- وەزیفەیەکی بدەنێ، کە بەرتیلێ مەرتیلێکی تیا بێ!

عەباس فەوزی بە پێکەنینەوە گوتی:

- دەرفەتی ئەوە لە بەشی خزمەتگوزاران وژمێریاری وکۆگان وبەشی کڕین هەیە، بەڵام ئەم مەرجی تیا نییە.

عەبدوڕەحمان بە نیمچە تووڕەیی گوتی:

-بەڕێوەبەر هەن بە شادەتنامەی سەرەتاییەوە.

- مەبەستم لە مەرج، واسیتەیە، لەوە دەچێ هاپۆ سەقەری پۆستەچی، لەهەموو کەس زیاتر ژیانی ناسیبێ!

ئیدی بۆخۆی ڕێگەیەکی دۆزی بووەوە، کە بەربەرەکانی برسێتی پێبکات، بە ناوی خوازگارییەوە، خۆی بە ماڵێکا دەکرد، دیارە، لە سەرەتاوە بە گەرمی پێشوازی لێدەکراو پێیان دەگوت چاوەڕوان بکات، تا تاقیبی ئەسڵ وفەسڵی دەکەن، لەو ماوەیەدا کە دەخرایە ژێر تاقیب، هاتوچۆی ماڵەکەی دەکرد، خاوەن ماڵ پێشوازی دەکرد، ئیدی هاپۆ سەقەر، بە ئانقەست خۆی دوا دەخست تا کاتی فراڤین یان شێو دەهات، کە بۆ سەر سفرەو خوان خولک دەکرا، دەچووە پێشەوەو دەیگوت:

-دەستی کەرەم ڕەت ناکرێتەوە.

ئەوجا کێویانە دەستی بە خواردن دەکرد، وەکو ئەوەی خواردن عەمار بکات تا لە ڕۆژانی دواترا کاوێژی بکاتەوە، ئەنجامی سۆراخ و تاقیبکردنەکە بە قازانجی ئەو نەدەشکایەوە، ئیدی تەوازییان بۆ دێنایەوە کە ئەو خزمایەتیە سەرناگرێ. ئیدی دەڕۆیی و دڵی خۆی بەوە خۆشدەکرد کە چەند ژەمێکی خەیاڵی بە نسیب بووە و زەرەری نەکردووە. ئیدی لە هەموو گەڕەکەکانی شارا ئەم گەمەیەی دووبارە دەکردەوە، تا ئەم هەواڵە لە نێو فەرمانبەرەکاندا بڵاو بووەوەو کردیان بە داستان و دەیانگێڕایەوە. وەک دەڵێن قسە بکەوێتە زاران، دەیلێنەوە هەزاران. کاتێکمان زانی ڕۆژێک بە جبەیەک ودیزداشەیەکەوە خۆی بە ژوورا کرد، مامۆستا تەنتاوی ئیسماعیل هێشتا سەرۆکی سکرتاریەت بوو، بانگیکرد و لێی پرسی:

- ئەمە چیە فەتحییەفندی؟

زۆر ساکارانە گوتی:

- قاتەکەم بە تەواوەتی ڕزیوە، سێ ساڵ دەبێ هەڵم گێڕاوەتەوە، بە تەواوەتی لە کەڵک کەوتووە، ناتوانم قوپچەی بۆ بکڕم!

کابرا بە سەرسامی گوتی: - بەڵام ئەمە بە پێچەوانەی ڕێنماییانە!

بە متمانەوە گوتی:- رێنماییەکان هیچ شتێکی لەو بابەتەیان تیا نییە!

ئیدی کەوتینە گەنگەشەی ئەوە کە ئایا ئەمە دەبێ یان نا، نەگەیشتینە هیچ چارەسەرێک. بۆ نەگبەتی لە ناکاوا وەزیرە وەفدیە تازەکە بەمەبەستی پشکنین هاتە سەردانمان، لە ڕوو دامایین. وەختێ وەزیر بینی، وایزانی بەردەست و پێشخزمەتە، پێی گوت:- جل وبەرگی پۆستەچیاتیان نەداویتێ؟

بە متمانەوە بەرسڤی دایەوە:

- من فەرمانبەرم جەنابی پاشا، بەڵام پارەی کڕینی قاتێکی تازەم نییە!

وەزیر سەری سوڕما، پرسیاری وەزیفە وشادە ومووچە و ژمارەی منداڵەکانی کەلەو کاتەدا ژمارەیان نۆ منداڵ بوو، لێکرد، ئەوجا بە پێکەنینەوە لێی پرسی:

- جگە لە منداڵ خستنەوە هیچ هیوایەتێکی ترت نییە؟

فەتحی بە جورئەتە باوەکەی خۆیەوە گوتی:

- من لە جەماوەری وەفدم، لە سەردەمی ئێوە زوڵمم لێناکرێ!

وەزیر دوو سەر مووچەی ئاوارتەی دایێ، پاشان عەلاوەی غەلاشی بۆ هات کە بۆ یەکەمجار بڕیاری لێدرا، قاتێکی کڕی، بەڵام حاڵی بە ئاستەمێک چاک بوو. بەیانیەک هاپۆ سەقەر، کە قاوەی بۆ تێدەکردم، بە گوێیدا چپاندم:

- ئەنجام ئەو سواڵکەر زادەیە بە مراز گەیی.

لێم پرسی:- فەتحی ئەنیس؟

- بەڵێ.

- چۆن؟

- بێوەژنێکی زۆر دەوڵەمەند دەخوازێ.

- بەڕاست؟.. جوانیشە؟

بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

- تەمەنی شەست ساڵە، بە شێوەیەکی گشتی مۆمیایەکە لەو گۆڕەی!

هەواڵەکە، وەکو هەموو هەواڵەکانی دیکەی هاپۆ سەقەر، دروست دەرچوو. فەتحی، بێوەژنێکی پیری تورکی خواست، کە بەشی لە وەقفێکی گەورەدا هەبوو. گوتیان بە ڕەزامەندی ژنی یەکەمی ئەو ژنەی هێناوەو ئەو قوربانیەی لە پێناوی شادمانی منداڵەکانی داوە. ڕەوشی بە ئاشکرا گۆڕا، لە ڕووی جل وبەرگ و تەندروستی وڕواڵەتەوە بوژانەوەی تەواوی پێوە دیار بوو، وێڕای هەموو شتێک خەڵکانێکی زۆر حەسوودیان پێدەبرد، عەباس فەوزی گاڵتەی پێدەکرد ودەیگوت:

- چۆن بێزت هات لەگەڵ مۆمیایەکدا بخەوی؟

بە ڕاشکاوی و بەوپەڕی ساکاری بەرسڤی دەدایەوە:

- مرۆڤ کە سێ چوار جۆرە گۆشت بخوات وپێنج پێک ویسکی هەڵبدات، دەتوانێ لە گەڵ خودی ئیزراعیلیشدا بخەوی وهەڵبکات!

لەدوای یەکەم جەنگی فەلەستین ١٩٤٨، ژنە تازەکەی مرد وسەروەت و سامانێکی مۆڵی بۆ بەجێهێشت، نەیتوانی خۆشحاڵی خۆی بەو بویەرە بشارێتەوە، دەستبەرداری وەزیفەکەی بوو، بیری لەوە کردەوە کە کارێکی ئازاد بکات. دوای بیر کردنەوەیەکی زۆر گەبیە ئەو بڕیارەی کە گازینۆیەکی گەورە لە تەوفیقیەدا بکاتەوەو قیروسیا لە زەرەری ساڵێ دووان بکات تا لە سەر پیشە تازەکەی ڕادێ، شارەزای دەبێت، ئیدی پرۆژەکەی سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بەدەست هێنا. هەڵبەتە ئاگام لە هەواڵی نەما، تا هاپۆ سەقەر، دوای دەرچوونی لە زندان هەواڵی بۆ هێنام، باسی کرد کە یەجگار دەوڵەمەندە، چەندین باڵەخانەی هەیە، چەند خۆش لە کۆشکەکەیا لە هەرەم دەژی، هەموو منداڵەکانی لە قوتابخانان وکولیجاندا سەرکەوتوون و ژمارەی کوڕەکانی گەییونەتە دوازدە کوڕ. هەروەها بۆی گێڕامەوە کە ژنە کۆنەکەی هەر ماوە، بەڵام سەماکارێکی ئیتاڵی کردووە بە قەپاتمەی خۆی، هاپۆ سەقەر گوتی:

- ئێستا تەمەنی شەست وشەش ساڵە، بەڵام هێشتا زۆر بەتین وتاوە. لە تۆ وایە لە هەڕەتی لاویدایە وهاوڕێیاتی سەماکارێکی ئیتاڵی دەکات، تۆ قەت بیستووتە کەسێک لەو تەمەنەدا ئاشقێنی بکات؟ تۆ مەیکە خوا بیدا، بەڵام بەخت، هەزارو یەک شەوەیە، کە هانی، ئیدی هەموو شتێک بەتاڵە.

## ٤٥ – قەدری رزق

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٤٨دا هاتوچۆی شوقە نایابەکەی عەدلی بەرەکاتی دەکرد، لە تەمەنی سی ساڵی یان تۆزێ کەمترا بوو، زۆرجار، بە جلە فەرمیەکانیەوە وەکو ئەفسەری هێزی سوارە، لەگەڵمانا دادەنیشت، ئیدی بە قسەخۆش و نوتە بازیەکانی کۆڕ ومەجلیسەکەی خۆشدەکردین. لەوە دەچوو زۆر مەیلی لە سیاسەت و کاروباری گشتی نەبێ، خۆ ئەگەر ئەو هەوڵی تیرۆرکردنەی مستەفا نەحاس نەبوایە، قەت پەیم بەوە نەدەبرد، کەبەلای وەفدا مایلە، وادیار بوو، ئەم مەیلەی لە بابیەوە بۆ مابێتەوە، کە ئەندامی ئەنجوومەنی وەفد بوو.

ئەسمەرێکی بەژن زراڤی، سیما جوان بوو، سمێڵێکی پڕی هەبوو، بەکەش و فشەوە بای دەدا. لە کۆڕ وشەوبێریە بە نێوبانگەکانی ماڵەکەی عەدلی بەرەکاتدا، زۆرجار پەیوەندی وتەماسی سەرکەوتووی لەگەڵ هونەرمەندانی ژندا دەگرت. لە دوای جەنگی١٩٤٨ لە شوقەکەی عەدلی بەرەکاتدا یەکمان گرتەوە، گوڕاح خۆشیەکەی جارانی نەمابوو، بە شێوەیەکی گشتی پەست وتووڕە بوو. ئێمە – من و ڕەزا حەمادە- زۆر خەمبار بووین، چەندین پرسیارمان لێکرد بەو ئومێدەی تینویەتیمان بشکێنێ یان هەندێک تاریکی لە بیرکردنەوەکانمان بڕەوێنێتەوە، بەڵام بەتانی مەسەلەکاندا نەچوو ولە کورتی بڕییەوەو گوتی:

- بەشێوازێکی نامەردانە قوربانی بە سوپا درا، بەو مەبەستە بوو پۆرتی بشکێنرێ و ورە بەپیاوانی بەر بدرێ.

بە پەستی سەری لەقاند وگوتی:- مەحاڵە ئەمە بە خۆڕایی تێبپەڕێ!

گوتم:- بەڵام بۆڕمان نەدا، فالوجە سەرکەوتنێکی دیارە.

بەتووندی گوتی:

- با بۆڕیان پێداین، کەوتینە نێوان دوو دژمنەوە، دژمنێک لە دەرەوەو دژمنێک لە ناوەوە.

هەستم کرد تووڕە بوونەکەی لەسەر هەقە، ڕەزا حەمادە گوتی:

- هەر هەموو ئەمە ئەنجامی حوکمی وردە حیزبان بوو کە زەمینەیان بۆ دیکتاتۆریەتی شا خۆشکرد.

قەدری رزق گوتی:

- هەروەها ئەنجامی لاوازی وەفد بوو کە نەیتوانی ئیرادەی میللەت یەکبخات.

ڕەزا حەمادە پەست بوو وگوتی:

- وەفد هەمیشە پشتی بە شۆڕشگێڕاتی گەل بەستبوو، بەڵام گەل دەستبەرداری شۆڕشگێڕیی خۆیبوو!

قەدری ڕزق کە پێشتر بەو تووڕەییە نەمبینی بوو، گوتی:

- وەفد بەرپرسیارە لەوەی کە میللەت دەستبەرداری شۆڕشگێڕیەتی خۆی بوو!

لەو ڕۆژگارەدا پەیوەندی لە گەڵماندا تۆخ بوو، زوو زوو لە شوقەکەی عەدلی بەرەکاتدا یەکمان دەبینی. پێکەوە هەرەس وداڕوخانەکانیمان تا

خۆکوژییەکەی بینی، بەڵام لێمان دانەبڕا، ئیدی یا لە ماڵی ڕەزا حەمادە یان لە گازینۆی فیشاوی دەی بینین، گەڕایەوە سەر تەبیعەتە ئەسڵیەکەی خۆی، سیاسەت وکاروباری گشتی فەرامۆش کرد، گەڕایەوە سەر شۆخی وڕابواردن ومێبازی وڕاوە ژن. وەختایەک شۆڕشی یولیو ١٩٥٢بەرپا بوو، بۆمان دەرکەوت تومەز ئەندامی کۆمەڵەی ئەفسەرانی ئازادە، سەرمان لە سڕقایمیەکەی سوڕما، بەماوەیەکی زۆر کەم بەرلە شۆڕش، شەوێک لە گازینۆکەی فیشاوی لە گەڵماندا مایەوە، وەکو هەمیشە بە نوکتە وقسەی خۆش وپێکەنین بەشداری شەوبێریەکەمانی کرد، کەمێک پێش نیوەشەو بە پێیان لە ڕێگەی "الجبل "ەوە لەگەڵیا بۆ عەباسیە گەڕامەوە. من بۆ عەباسیەی ڕۆژئاوا لامداو ئەو بەدەستە چەپا بەرەو ماڵەکەی خۆی کە پێموابوو لە شەقامی ئەحمەد ماهیرە، لایدا. لە ڕاستیا ئەو شەوە بۆ ماڵی خۆی نەچوو بووەوە، بەڵکو بەرەو منشیة البکری (بەشێکە لە گەڕەکی میسری تازە) ڕۆیی بوو، تا ڕابەرایەتی هێزیکی بچووک بەمەبەستی گرتنی چوار ڕیانەکان! ئیدی بەهۆی بویەر وڕووداوەکانەوە ماوەیەکی زۆر لێمان دابڕا، لەو ماوەیەدا پاشا وەدەرنرا، پاشان هاتەوە بۆ ناومان، بۆ پلەیەکی تازە بەرز کرابووەوە. ئیدی زۆر گۆڕانی گرینگی وەکو ڕیفۆرمی کشتوکاڵی وڕۆیشتنی داگیرکەرو... هتد ڕووی دا، ئێمە هەفتانە لە ماڵی ڕەزا حەمادەدا، تا پێش ئەوەی بێتە گرتن، کۆ دەبووینەوە، ئیدی دوای ئەوە ئەم دیدارە یا لە ماڵی منا یا لە ماڵی ئەوا یان لە گازینۆی فیشاوی دا بەردەوام بوو، بە درێژی ئەو ماوەیە، هەر هەموو قسەوباسێکمان دەربارەی سیاسەت بوو، کە بووبوو بە باسی گەرمی ڕۆژ. ناکۆکیەکی جدیمان لەبەینا نەبوو، شۆڕش لە ساتێکی مێژوویی ئەفسانەیی گەشدا، ئومێد وهیوایەکی زۆری بە دڵ و دەرونمان بەخشی بوو. قەدری رزق گوتی:

- ئەو هێزە دۆزەخیانەی بووبوونە کۆسپ لە بەردەم پێشکەوتنی میللەتا، وەکو پاشا وئینگلیزو حوکمڕانانی گەندەڵ، نەمان، جڵەو کەوتەوە دەست ڕۆڵە ڕاستەقینەکانی گەل، ئیدی حوکم حوکمی گەلە لەلایەن گەلەوەو بۆ خێری گەل، تەواو گەندەڵی وداڕوخان بەسەرچوو، ئیدی ڕەوتی ڕیفۆرم وپێشکەوتن دەست پێدەکات و تا هەتاهەتایە بەردەوام دەبێت.

گوتمان، تەواو کاتی ئەوە هاتووە خەونەکان بێنەدی، ئەو گەلەی هەزاران ساڵ بەدەست زوڵم و زۆر وکۆیلاندن وهەژاری وغوربەتەوە ناڵاندوویەتی ودەناڵێنێ ئاهێکی وەبەردا بێتەوەو لە ئازادی وپێشکەوتن وعەدالەتدا بژی. بەڵێ دژایەتی کردنی وەفد زەرەری پێگەیاندین، ڕەزا حەمادە – بەرلە گرتنەکەی – زیاد لە جارێک لێی پرسی:- باشە باشتر نییە وەفد بکەن بە بنکەیەکی میللی بۆ خۆتان؟

هەروەها ترسمان لە ئەمریکا پەیداکرد، دەترساین، بە هەر شێوەیەک بووە، جێگەی ئینگلتەرا بگرێتەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی هەستمان کرد، پشتیوانیەکی زۆر لە ڕژێمی تازە دەکات. بەڵام قەدری رزق گوتی:

- ئەمریکان بەرژەوەندیان زۆرە، بە فەزڵی نیشتمانپەروەری ڕابەرە تازەکانمانەوە هیچ ترسێکمان لێیان نییە.

حیزبەکان هەڵوەشێنرانەوە، لە ئیخوانەکان وکۆمۆنیستەکان درا، قەدری بێ چەند و چوون پشتیوانی لە هەر ئیجرایەک دەکرد. تاجارێک لێم پرسی:- باشە ئێوە کێن؟

پێکەنی، دەبیرەوە چوو، ئەوجا گوتی:

- ئێمە لایەنگری نیشتمانپەروەری وعەرەبچیاتی وشۆڕش ودژمنی گەندەڵی و توندڕەوی وخوا نەناسین!

هەروەها بە حەماسە خۆشەکەی خۆیەوە گوتی:

- ئامانجمان ڕزگارکردنی گەلە لە هەر چەوساندنەوەو کۆیلاندنێک چ لە لایەن کەسێکەوە بێ یان لە لایەن چینێکەوە، چ بە هۆی هەژارییەوە بێ چ بە سەدەمی نەخۆشییەوە بێ، ئیدی گەل دەبێ شوێنی شایستەی خۆی لە ژێر هەتاوا بگرێت.

ئەو کارەساتەی بەسەر ڕەزا حەمادەی هاوڕێمان وبەسەر کوڕەکەی و ژنەکەیدا هات، زۆر خەفەتباری کردین، قەدری ڕزق زۆری لە بەر گران بوو، بەڵام خۆڕاگری وسەبرو هەداری هاوڕێکەمان، هەندێک لە کاریگەری وقورسایی کارەساتەکەی کەم کردەوە. قەدری زۆری ستایش دەکرد ودەیگوت بە ڕاستی پیاوە نە گاڵتە، پێی سەیر بوو چۆن پیاوێکی وەکو ئەو و وەکو دکتۆر زوهیر کامیل لەیەک خاکا دەڕۆێن. ڕووداوێن گەورە، دوابەدوای یەک هاتن، وەکو چوون بەرەو کەمپی ڕۆژهەڵات لە مەسەلەی چەکا، وەکو خۆماڵی کردنی کەناڵی سویس کە لە ڕادەبەدەر ورەی بەرزکردینەوە، هەم قەدری رزق وهەم ئێمەش بەوە سەرمەست بووین، قەدری پێی گوتین:

- بینیتان؟ ئێمە هەموو هەر میسرین، نە ئەمریکین نە ڕووسین!

قەدری لەو سەروبەندەدا کچی ماڵباتێکی گەورەی دەرەبەگی خواست کە یاسای ڕیفۆرمی کشتوکاڵی گرتبوویەوە، ئەمە شتێکی مایەی سەرنج وپێویستی بە شرۆڤە دەکرد، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەیەکی سۆزداری ئاساییەوە تەمەشا بکرایە، دەشیا بە دیاردەیەکی ئاسایی دابنرێ، دەبێ ئەوەش بڵێم کە هاوڕێکەم وێڕای شۆڕشگێڕیەت و دڵسۆزی وچاکی خۆی، شانازی بە تێکەڵاوی وخزمایەتی ئەو ماڵباتەوە دەکرد. بەڵام ڕەزا حەمادە پێی گوتم:

- ئەمە چینێکە، بە ئومێدە جێی چینێکی دیکە بگرێتەوە!

پاشان دژمنایەتیە سێ قۆڵییەکە ڕوویدا، کەبە سەر خودی تەعەداکارەکان خۆیانا، شکایەوە، بەڵام قەدری رزقی هاوڕێمان پێکرا، لاقی زامدار بوو، چاوی چەپی لەدەست دا، ناچار بوو واز لە سوپا بێنێ، ئیدی لە وەزارەتی ڕاگەیاندندا، بە وەزیفەیەکی ڕۆشنبیری گەورە دامەزرا. کە ئەو وەزیفەیەی وەرگرت، بۆ یەکەمجار لە ژیانیا، کەوتە بایەخدان بە ڕۆشنبیری، بە ڕۆژەوە کاری دەکرد وبە شەو دەی خوێند، ئیدی سەلماندی کەلە هەر دوو واری خوێندن و کارگێڕیدا پیاوێکی بە هیمەت وکۆشیارە. کە شەڕ هەڵگیرسا، ئەو لە مۆڵەتی مانگی هەنگویندا بوو، لە باوەشی ژنەکەی دەرهێنراو بانگکرا بۆ ئەنجامدانی ئەرکە سوپاییەکەی وئەو کارەساتەی بەسەردا هات. پاش چەند ساڵێک یاسای سوسیالیزم ڕاگەیەندرا، بە هەمان هیمەتی خوێندن وخوێندنەوەی ڕۆشنبیرییەکەوە، کەوتە خوێندنەوەی سوسیالیزم، هەمیشە ئامادە بوو باوەڕ بەو شتانە بێنێ کە شۆڕش بانگەوازی بۆ دەکرد، چونکە بەڕاستی باوەڕی بە شۆڕش بوو. تەنیا بە شۆڕش. ئەلهەقی هێشتا لە ڕووی مۆڕال وهیوا وئاوات وخەون وخەیاڵ وداب ونەریتەوە کەسێکی بورژوا بوو، هێشتا بورژوایەکی بەزمان سوسیالیستی بوو، ئەمەی لە ڕیایان لە ترسەوە نەبوو، بەڵکو لە ڕووی دڵسۆزی ڕاستەقینەوە بوو بۆ شۆڕش وبانگەوازەکانی شۆڕش، من بە دڵسۆزترین وپاکترین و بێگەردترین پیاوم دەزانی، هەروەها لە هەمووان زیاتر لەو چەوسێنەرانو گەندەڵکارانە توورە بوو کە خیانەتیان لە شۆڕش کردبوو. کە شکست ونسکۆی ٥/یونیو/١٩٦٧ مان بەسەرهات، بەجۆرێ داڕوخا، وام خەیاڵ دەکرد دەست بەجێ دەمرێت، بە نیمچە وڕینەیەکەوە دەیپرسی:

- ئەو هەموو مێژووە بەفیڕۆ دەڕوات؟!

بە ڕەنگی زەردەوە، ڕوانیە ڕوخسارمان وجارێکی دی پرسی:

- یانی جارێکی دی بکەوینەوە ژێردەست و پێی کۆنەپەرستان و داگیرکەرانەوە؟!

زۆر بەجدی هەوڵی دەدا نەفەس تازە بکاتەوە، سەرگەردانی وگومڕایی بگۆڕێت بۆ هیواو ئاواتێکی تازە، شکست ونسکۆ بگۆڕێت بۆ دەرس و پەندان، هەر ڕۆژێک بەدەم بەرخودان وڕادەست نەبوونەوە دەبووری، ئەو کەمێک دەبوژایەوە، بە نینۆک ئەرزی ڕەقی واقیعی هەڵدەکۆڵی، بەو هیوایەی چەند دڵۆپە ئاونگێکی هیوای لێ دەربێنێ. لەو ڕووەوە زۆر لە دکتۆر عەزمی شاکیر یان دکتۆر سادق عەبدولحەمید دەچوو، دەیگوت:

- مێژووی تازەی عەرەب زنجیرەیەک هەڵاتن وڕەڤینە لە هەنبەر کۆنەپەرستان و داگیرکەران، بەڵام هەرکە نائومێدی هەوار هەڵدەدا، خێرا روناکییەکی تازە، لە قووڵایی تاریکی نائومێدیەکەوە هەڵدێت، بەوجۆرە تەتاروسەڵیبیان وئینگلیز ڕۆیشتن و عەرەب هەرمان!

ئەو گەرەکیە شۆڕش بمێنێ، بەهەر نرخێ بووە سەر بکەوێ، بۆ ئەوەی ڕاپەڕین و ڕێنیسانس لە سەردەمێکا نەگڵی وڕانەوەستێ، کە دواکەوتنی تاقە ڕۆژێک هەڵناگرێت، بە کەسەرێکی زۆرەوەپەیگیری هەواڵی شەڕی دەکرد وخەفەتی بۆ ئەوە دەخوارد کە نەیدەتوانی لەو شەڕەدا بەشداری بکات. زۆری لەبەر گران بوو وەڵامی هەر جەزرەبەیەکی دژمن نەدرێتەوە، زۆر بە پەرۆشەوە وەکو ئەوەی لە سەر ئاگر بێ، چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەی دەکرد، کە ئامادەگی خۆ بۆ شەڕ تەواو بکەین. ڕۆژبەڕۆژ، سەعات بە سەعات، بەوپەڕی نیگەرانی و ڕژدییەوە، پەیگیری ڕەوشەکەی دەکرد. وێڕای ڕاوبۆچوونە هەڤدژەکانی مامۆستا سالم جەبر و تەوس و توانجە تووندەکانی عەجلان وڕەخنەکانی ڕەزا حەمادە، قەدری رزق، بە یەکێک لە پیاوە بەڕێز ودڵسۆزەکانی شۆڕشی یولیو دەژمێردرێ، ڕەنگە پێناسەکردنی بە پێێ پرەنسیپە جیهانیەکان برێک زەحمەت بێ، بەڵام

بە گوێرەی پەیڕەو وپرۆگرام، بەوردی پێناسە دەکرێت، پیاوێکە چەند باوەڕی بە موڵکایەتی تایبەتی هەیە، ئەوەندەش باەڕی بە دادوەری کۆمەڵایەتیە، ئەوەندەی باوەڕی بە ئاینە ئەوەندەش باوەڕی بە سوسیالیزمی زانستی هەیە، چەند باوەڕی بە نیشتمانە ئەوەندەش باوەڕی بە یەکێتی عەرەبی هەیە، هەمان باوەڕی بە کەلەپوور وبە زانست هەیە، چەند باوەڕی بە بنکەی میللی هەیە ئەوەندەش باوەڕی بە حوکمڕانی ڕەها هەیە. کە دێت بۆ لام وبە چاوە ساغەکەی تێم دەڕوانی، دڵم پڕ لە میهر وڕێز دەبێت.

## ٤٦ –کامیل ڕەمزی

لە ساڵی ١٩٦٥دا لەماڵی دکتۆر عەزمی شاکیردا یەکمان ناسی. تازە لە زیندان بەربووبوو، پێنج دانە ساڵی لە زیندان بەسەر بردبوو. کابرایەکی ئەسمەری باریکەلەی درێژی سەرسافی سەرگەورەی چاو بچووکی پرشنگداری تەمەن پەنجا ساڵ بوو. دکتۆرای لە ئابووریدا هەبوو، تا ئەو ڕۆژەی گیرا مامۆستا بوو لە کۆلێژی بازرگانی، پێمگوت:

- کتێبەکەتم، دەربارەی ڕێبازە ئابووریەکان خوێندەوە، ئەلهەقی هەم لەزەتم لێ بینی وهەم سوودم لێوەرگرت.

سوپاسی کردم وگوتی:- ژیانی زانستگە بۆ من زۆر لەبار بوو!

دکتۆر عەزمی شاکیر گوتی:

- بەهەڵە بە چالاکی پراکتیکی تۆمەتبار کراوە، بۆخۆی مامۆستایەکی هزرڤان و بیرمەندە وچالاکییەکانی لە بازنەی، هزرین و دانانی کتێبان تێنەپەڕێوە.

لەهەمان هەفتەدا کە تەعاروفمان کرد پۆستێکی گەورەی وەرگرت، عەزمی شاکیر بەو بۆنەیەوە پێی گوتم:

-لەواری زانست وجدیەت و پاکیدا نموونەیە.

هاوڕێی سالم جەبر وزوهیر کامیل بوو، منیش لەلای خۆمەوە بە ڕەزا حەمادەو قەدری رزق ودکتۆر سادق عەبدولحەمیدم ناساند. هەموو ڕێزیان دەگرت، بەڵام کەس لە ڕادەبەدەر خۆشی نەویست!

ڕاستگۆیی وڕاشکاوی وزانستم لە قسەکانیا بەدی کرد، لەوانە بوو کە خوێندنی لە ئینگلتەرا تەواو کردبوو، شارەزاییەکی زۆری لە کۆمەڵناسی وسیاسەتدا هەبوو، توانایەکی زۆر گەورەی لە گەنگەشە و جەدەل هەبوو. کە قسەی بکردایە، بەوپەڕی متمانە وڕاستگۆییەوە قسەی دەکرد. لە هیچ شتێکدا باوەڕی بە چارەسەری نیوەچڵ و بە ڕووبینی ومجامەلە وسازش نەبوو، بەڵکو تا ڕادەی تاسووب ودەمارگیری باوەڕی بە بۆچوونی خۆی هەبوو، تەحەمولی ئوپۆزیسیونی نەدەکرد، مێشکی بە ئوپۆزیسیون تێک دەچوو، جڵەوی خۆی لە دەست دەردەچوو، هاوسەنگی خۆی لە دەست دەدا، ئیدی تووڕە دەبوو، جۆرەها بەڵگە ودوکیومێنتانی دێنایەوە، وەکو ئەوەی بچێتە شەڕێکی گەرمەوە. لە دەمارگیری وتاسووبدا لە عەبدولوەهاب ئیسماعیل دەچوو، هەرچەند شێوازیان ئاسمان وڕێسمان بوو، تەنانەت جارێک بە دکتۆر عەزمی شاکیرم گوت:- پیاوێکی زانایە بەڵام ئەقڵیەتێکی ئاینی هەیە.

گوتی:

- بێگومان پیاوێکی دەمارگیرە، لە گەنگەشە وموناقەشەکانیا هەڵچووە، بەڵام پێش گرتنەکەی، ئەعسابی بەم شێوەیە خراپ نەبوو.

لە ئەنجامی تێکەڵاوی زۆرم لە گەڵیا، تەعاروفم لەگەڵ ژنەکەیدا کرد، ئەویش دکتۆرای لە ئابووریدا هەبوو ومامۆستا بوو لە کۆلیژی بازرگانی ونموونەیەکی ئابڕوومەندانەی ژنی میسری بوو. ئەم پیاوە شێوازی تایبەتی خۆی لە ژیانا هەبوو، شێوازێک بوو جیا لە شێوازی سەردەمی ئێمە، جل وبەرگی ئاسایی لەبەر دەکرد، خواردنی کەم دەخوارد، لە تۆ وایە ڕژیم دەکات، جگەرەی نەدەکێشا وتوخنی ڤەخوارن نەدەکەوت. جارێکیان پێی گوتم:

- بەرلەوەی ژن بێنم، بەلای ئافرەتا نەچووم، کە خوێندکاری زەمالە بووم، خۆم لە هەر ئیغرا و لەخشتە بردنێک دوور دەگرت.

وێڕای باوەڕی تەواوی بە مەتریالیزمی دیالیکتێک، پێم سەیر بوو کەلە مانگی ڕەمەزاندا، بە ڕۆژوو دەبوو. لێم پرسی:- ئەمە مانای چییە؟

بە پێکەنینەوە گوتی:

- بابم کرێکارێکی ساویلکە بوو، زۆر بەدین بوو، ئیدی بە پەروەردەیەکی ئاینی تەواو بەخێوی کردین، ئیدی لە باوەشی ئاکار وئەخلاقی ئیسلامیدا، پەروەردە بووم، ئیدی دوای ئەوە نەمتوانی دەستبەرداری بم، تەنیا لەو شوێنانەدا نەبێ، کەدەگەڵ باوەڕە تازەکەما تێک نەکاتەوە، ئیدی ڕۆژوو وەکو داب ونەریتێکی کۆن، خۆی لە خۆیدا وەرزشێکە ولەگەڵ ڕەفتاری مندا تێکدەکاتەوەو هیچ زەرەرێکی نییە.

کەمێک لە فکران ڕاچوو وئەوجا گوتی:

- شکۆ وگەورەیی ڕاستەقینەی دین وەختێ دەردەکەوێ کە وەکو دین مومارەسەی نەکەیت!

یەکسەر ڕژدی زەهران حەسوونەم بیرکەوتەوەو سەرم لەو جیاوازیە زۆرەی نێوانیان سوڕما، وەکو جیاوازی نێوان فریشتە و شەیتان وابوو. پێمگوت:

- ناکرێت ژیانمان لە هەڤدژانی زۆر بەدەر بێ.

- گرینگ ئەوەیە کار بۆ ئاینده بکەین.

- هەلبەتە، تۆ باوەڕت بە کۆمۆنیزم هەیە؟

- ئەدی چۆن.

بەدەم زەردەخەنەوە لێم پرسی:

- خۆت بە دڵسۆزی ئەو شۆڕشە دەزانی کە کار لە دام ودەزگاکەی دەکەی؟

بە ئاشکرا ولێبڕاوانە گوتی:

- بۆ ئەوە خوڵقاوم کە کار بپەرستم ودڵسۆزی بم.

- من پرسیاری ئەوە دەکەم ئایا دڵسۆزی شۆڕشیت؟

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، دەتگوت پاچڤەیەکی فیزیولوجی بیرکردنەوەکەی بوو وگوتی:

- قەت ڕۆژێ لەڕۆژان دوو ڕوو نەبووم، ئەگەر دڵسۆزی نەبوایەم کارم لە دەزگاکەیدا نەدەکرد.

بەدەم زەردەخەنەوە گوتم:

- ئەمە ئەو وەڵامەیە کەبۆی دەگەڕام، بەڵام شتێکی نوقسانە!

- جوانە، من دڵسۆزیم بەڵام باوەڕم پێی نییە، یان باوەڕی تەواوم پێی نییە، من بۆ ئێستاو دەرهەق بەم ڕەوشەی ئێستا ئەوەندەم بەسە، کە ڕێگە بۆ شۆڕشی ڕاستەقینە خۆشدەکات!

ئاماژەم بۆ دکتۆر عەزمی شاکیری هاوڕێمان کرد وگوتم:

- هەڵوێستت زۆر لەو هەڵوێستە دەچێ کە ئەم پیاوە لە سەرەتاوە وەریگرت.

پێکەنی، سەرباری پێکەنینەکەی بە توندی گوتی:

- ئەو لەپێش شەڕەکەدا قەناعەتی بە ئەمری واقیع کرد، بەڵام ئێمە دوای ئەوەی شەڕەکە بێهودەیی خۆی سەلماند ئەوجا باوەڕمان بە ئەمری واقیع هێنا.

- ڕەنگە ئەو دووربین تر بووبێ!

- جا لەم حاڵەتەدا ڕێم بدە با نەفرەت لە دووربینی بکەم!

عەزمی شاکیر، زۆر سەرسام بوو پێی، هەروەها ڕەزا حەمادەش، هەرچەندە لە پرەنسیپدا ناکۆک بوون، کامیل ڕەمزی بەشیکردنەوەو هەڵسەنگاندنەکانی سەرسامی دەکردین. ڕۆژێک ڕەزا حەمادە گوتی:

- جارێک ڕووم لێنا فەرمانبەرێکم بۆ بگوازێتەوە، بەڵام دەرسێکی وەهای دەربارەی خراپی واسیتە، دادام کە قەت لەبیرم نەچێتەوە، هەرچەندە لە دڵی خۆما پەست بووم، بەڵام هێندەی دی پێی سەرسام بووم.

عەزمی شاکیر گوتی:

- وەزیرەکەی داوای لێکرد چاوی لە فەرمانبەرێک بێ، داوای بوردنی کرد، کە بۆ ئەوەی عەدالەت و دادوەری پێشێل نەبێ، ئەو داوایە جێبەجێ ناکات!

بەسەرسامی گوتم:- وەزیرەکەی بەخۆی؟!

- بەڵێ، کەسێکی زۆر ڕەقە، نانوشتێتەوە، لەبەر ئەوە زۆر بەگومانم لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە!

ڕەزا حەمادە لێی پرسی:

- یانی لەبەر دروستکاری دەستبەرداری فەرمانبەرێک دەبن؟

- ئەو هەنجەت وسەدەمانەی دەبنە مایەی دەستبەرداربوون لە فەرمانبەرێک لەسەر دروستکاری، زۆر زیاترن لەو هۆیانەی لە سەر کەچڕەوی وگەندەڵی دەبنە مایەی دەستبەردار بوون لە فەرمانبەرێک!

کامیل ڕەمزی بەخۆی بۆی گێڕامەوە کە هیچ کەسێک لە دایەرەکەیدا لە فەڕاشەوە تا وەزیر، خۆشی ناوێ، گوتی:

- من ناتوانم لە هەمان کاتدا هەم سۆزی خەڵکی ڕەچاوبکەم وهەم مدارای بەرژەوەندی گشتی بکەم. پۆستەکەم پێویستی بە کەسێکی فێلبازی خاپینوکە، نەک بە فەرمانبەرێکی ئەمین وپاک!

ئەوجا بە بێزارییەوە گوتی:- ئێمە گەلی درۆ وڕووبینی وسازشین.

بە دەنگی بەرز پێکەنی وگوتی:

- ئێمە ڕۆژێ لەڕۆژان مستەفا نەحاسمان دەپەرست چونکە پیاویکی پاک وبە هەڵوێست وهەقانی بوو، ئەمە سیفەتێکە هەقە لەهەر هاوڵاتیەکا هەبێت، بەڵام چونکە زۆر کەم ودەگمەنن، کردوومانن بە دوو مەرج وکۆڵەکەی سەرەکی بۆ ڕابەرایەتی میللی!

لێم پرسی:- باشە تۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان مستەفا نەحاست پەرستووە؟

بە ڕاشکاوییە باوەکەی خۆی گوتی:

- من وەفدی بووم، ئەم مەیل وسۆزە تا ماوەیەکی زۆر، تەنانەت دوای باوەڕ نەمانم بە وەفدیش، هەر لە دڵ ودەروونما ما.

چاوە پرشنگدارەکانی لە دوڕ چاوانم بڕی وگوتی:

- چی دەربارەی وەفد دەڵێی بیڵێ، بەڵام ئەوەت لەبیر نەچێ کەبە هەموو مانایەک حیزبێکی میللی بوو، هەندێجار، لەسەر خواستی قوتابیانی قوتابخانە ناوەندییەکان سیاسەتی خۆی دەگۆڕی!

پاشان باسی بویەرەکانی ساڵی ١٩٣٥ی بۆ کردم وچۆن لەگەڵ شاندێکی قوتابیاندا بووەو مناقەشەی مستەفا نەحاسی کردووە؟ چۆن مناقەشە لە نێوان هەردوو لادا گەرم وتووند بووە؟ وچۆن وەفد لە پشتیوانی کابینەکەی توفیق نسیم ژێوان بووەتەوەو لە زمانی " مکرم عبید "ەوە شۆڕشی ڕاگەیاندووە؟ چۆن دوای کەمتر لە سەعاتێک خوێن ڕژاوە؟!

کامیل ڕەمزی – وەکو عەزمی شاکیر پێشبینی کردبوو – زۆر لە پۆستەکەیا نەمایەوە. یەک ساڵ لەو پۆستەدا مایەوە. هەموو خەڵکی سەر زەوی هاواریان لێ هەستا، کەوتنە گلەیی لە سەختگیری وپاکی ئەو پیاوە. ئیدی ڕۆژنامانی بیانی هەواڵی گواستنەوەیان بۆ دەزگایەکی ڕۆژنامەوانی بڵاوکردەوە.

سەیر ئەوەبوو زۆربەی خەڵک پێیان خۆشبوو. ئەم هەڵوێستەم زۆر بەلاوە سەیر نەبوو، یەکسەر تراجیدیاکەی مامۆستا تەنتاوی ئیسماعیلی سەرۆکی کۆنی سکرتاریەتم بیرکەوتەوە، هەروەها دکتۆر سرور عەبدولباقیم بیرکەوتەوە. لە دڵی خۆما گوتم ئەو جۆرە پیاوانە دەرگا لە ڕووی هەلپەرستان، کە ژمارەیان یەجگار زۆرە، دادەخەن وبەزەبری ڕەوشت وئاکاری بەرزی خۆیان، لاوازان لە لای خۆیان ڕیسوا دەکەن وئەو لاوازانە ڕقیان لێهەڵدەگرن. بۆیە چ کەسێک خەفەتی بۆ نەخوارد تەنیا هاوڕێ تایبەتیەکانی نەبێت. بەڵام خۆی تووڕە بوو، زۆری خەفەت خوارد،

وای وێنا دەکرد، کە یاسای سروشت گۆڕاوەو لە مەداری خۆی دەرچووە. بەلام نەترەی بەرنەداو بەهەمان نەفەس وهیمەتەوە، بەهەمان پاکی و تووندی جارانەوە کەوتە مومارەسەی کارە تازەکەی، بەڵکو دەرفەتێکی زیاتری بۆ ڕەخسا ودەستی بە چالاکییە زانستیەکانی خۆی کردەوە، دەستی بە دانانی قاموسە سیاسیەکەی کرد. هێشتا دەتگوت کڵپەی ئاگرە، ڕوناکییەک بوو وتاریکی نائومێدی وەدەردەنا.

## ٤٧ –کامیلیا زەهران

ئەو ڕۆژەی بە خۆ وتەنوورە جوانەکەی وقژە ڕەشە بڕاوەکەیەوە کە دەوری سەری دابوو، هاتە سکرتاریەت، یەکسەر عەبدە سلێمانم بیرکەوتەوە، بەڵام ساڵی ١٩٤٤لە کوێ وساڵی ١٩٦٥ لە کوێ، ڕوخسارە کۆنەکانی وەکو تەنیاوی ئیسماعیل و عەباس فەوزی وعەدلی المؤذن وعەبدوڕەحمان شەعبان وهاپۆ سەقەر ئاوا بووبوون. کۆمەڵێک گەنج کە نیوەیان ئافرەت بوون، هاتبونە سکرتاریەت، ئەوا "کامیلیا زەهرانیش"مان وەکو تازەترین گوڵی ئەو چەپکە گوڵە بۆ هات. ئیدی لەگەڵیانا ڕاهاتبووین، گوێمان بەو دەنگۆیانەش ڕاهاتبوو کە لە کاتە ناسکەکانی پێش شووکردنا دوویان دەکەوت، زۆربەیان شوویان بە گەنجانی دەرێی وەزارەتەکەی خۆمان کرد، تەنیا یەکێکیان نەبێ کە شووی بە هاوڕێیەکی خۆمان لەبەشی قانوونی، کرد. کەسیان بەهۆی شووکردنەوە وازیان لە وەزیفە نەهێنا.

کامیلیا زەهران، مافپەروەرێکی تەمەن بیست وسێ ساڵان بوو، بە نەبەدڵییەوە پێشوازیلە کارەکەی کرد، چونکە بەشی مافی خوێندبوو ولە کارێکی نقیساری (کتابی) دانرابوو، زۆرم پێخۆش بوو. کە نیگایەکی ڕاستەوخۆ و بوێرانەم لە چاوانیا دەبینی، کەبە ئاشکرا لە نیگای

ئافرەتانەی شەرمنانە جیاواز بوو، وێڕای ئەوەش هەستم کرد ئەزموونێکی قووڵی لە ژیاندا هەیە، ولە شتە جەوهەرییەکاندا هیچی لەو هاوڕێیەی کەلە تەنیشتیەوە دانیشتبوو، کەمتر نییە. زۆری پێنەچوو، پەردەی شەرم لە نێوان زەهران وهاوڕێ کوڕەکانیا هەڵگیرا، بەڵام لە سنووری ئەدەبی ئاسایی تێنەپەڕی، وەکو یەکێک بەئاقڵانە بڕوانێتە ئایندەو حیساب بۆ ئەو گرێ ڕۆژهەڵاتیانە بکات، کەلە باوانەوە بۆ هاوڕێیان مابووەوە.

دوای مۆڵەتە هاوینەکان، هاوڕێیەکی هەندێ کۆنی دایەرە بۆی گێڕامەوە، گوتی:

- دەزانی کامیلیا زەهران سەماکارێکی عەنتیکەیە؟

بەسەرسامی لێم پرسی:- سەماکار؟!

- لە هانوفیل بینیم لەگەڵ گەنجێکا سەمای دەکرد، بە نەشەیەکی ئەوتۆوە ئاوێتەی سەماکە بووبوو، لە تۆ وایە ئاواز وگۆرانیە.

لێبڕاوانە گوتم:- ئەوەی لەسەردەمی ئێمەدا عەیب بوو، بۆ ئەمڕۆ عەیب نییە.

کەمێک سەری باداو ئەوجا گوتی:

- بیر لەوە دەکەمەوە کە ئاخۆ ژیان لە گەڵ ژنێکی وەکو ئەودا دەبێ چۆن بێ؟

گوتم:

- ڕێژەی تەڵاق وجیابوونەوە، کەمترە لە ڕێژەی تەڵاق لە سەردەمی ئێمەدا، هەروەها ڕێژەی فرە ژنیش کەمتر بووە!

بە پێکەنینەوە گوتی:

- وادیارە تۆ وێڕای پیریەتیەکەشت پیاوێکی مۆدێرنی؟

- خۆزگە یەکێک بام لەم نەسڵە، هەرچەندە کێشەی خۆیان هەیە، بەڵام لە زۆربەی ئەو گرێیانە دەرباز بوون کە ژیانیان لە ئێمە تاڵ کردبوو.

شتێکی لەو بابەتەم بەڕەزا حەمادەی هاوڕێم گوت، ڕەزا لە هەموو هاوڕێ کۆنەکانم پتر لە محافەزەکارییەوە نزیک بوو، لێی پرسیم مەبەستم چییە، گوتم:

- ئاشقێنی لە کەش وهەوایەکی ڕاشکاوانەی دروستا، زۆر لەچەپاندن و قەحپەبازی باشترە.

بە گومانەوە گوتی:

- پێموایە خۆشەویستیش وەکو دیموکراتیەت، بووە بە یەکێک لە گاڵتەجارییە کۆن و بەسەرچووەکان!

هەرکاتێ گفتوگۆیەک لەنێو گەنجەکانی دایەرەکەماندا چێدەبوو، گوێم هەڵدەخست، لە میانی هەندێ وشە وزاراوەێن پەراگەندەوە، هەندێک شتم بۆ بەدیارکەوت. بەتایبەتی دەربارەی کامیلیا، چونکە تازە بوو، لەوانی دی پتر مایەی سەرنجی من بوو. خێزانەکەیان مامناوەندی بوو، لە کۆی پێنج خوشک وبرا یەکەم کەس بوو کە دامەزرا، هەڵبەتە ئەو دژواری وکێشانەی کە بەرۆکی ئەو جۆرە خێزانانەیان دەگرت خویا وئاشکرا بوون. پێویستی بە بیرکردنەوەی زۆر نەدەکرد، هەروەها ئەو کێشانەش دیار بوون کە ڕوو بەڕووی کچێکی سەربەخۆ ومەسئوول لەخۆی و لە بەشێک لەماڵباتەکەی دەبوونەوە. هەروەها خەرجی پێداویستیەکانی ژیانی مودێرن و پێداویستیەکانی ئاینده بۆ کچێک کە بە ئومێدی مێردێکی بەڕێز بوو، کەم نەبوو. بۆیە بایەخدانی کامیلیا، بەو ڕەوشەوە، بەکاروبارێن گشتی، بایەخدانێکی سەرڤەسەرڤە بوو، بۆیە

واقیعیانە وبەبێ بیرکردنەوەو ئەرێنیانە ملی بۆ شتێن وەک ئاین وشۆڕش دەدا، بەڵام ژیانی تایبەتی خۆی، خەمی بەر ودوای بوو. هەموو ژیانی بریتی بوو لە خۆشەویستی و شووکردن وبەروبومی شارستانیەتی تازە. بەدەگمەن تووشمان دەبوو بە تووشی ئافرەتێکەوە کە بەڕاستی وبەجدی بایەخ بە ئاین یان فەلسەفە یان سیاسەت بدات. ڕەنگە هۆی ئەمە ئەوە بێ کە ئێمە کەمتر تێکەڵاویان دەبین وهاوڕێیاتیان دەکەین، تەنیا خەڵکە مامناوەندەکەیان دەناسین، بەڵام بلیمەت وهەڵکەوتووەکانیان لە زانستگەکان ولە ژیانی گشتیدا ناناسین. دکتۆر زوهێر کامیل، لەمبارەیەوە بۆچوونی وایە کە:

- بایەخ نەدانی ئافرەت بە ئایدۆلوجیا وفەلسەفە، ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو بابەتانە، چالاکییەکی ڕاستەقینە وزندووی دەوێ.

هەروەها گوتی:

-ژن تەنیا بایەخ بە خولقاندن دەدات، چونکە خۆی خولقێنەرێکی جوانە، خولقاندن تەوەری سەرەکی ژیانیەتی، لەوە بترازێ هەر چالاکییەکی دی، دەستکردی پیاوە، ئامرازی زاڵ بوونە نەک خولقاندن.

هەروەها گوتی:

- دنیا ئامانج ومەعبودی ژنە، بە واتایەکی دی ئامانجی خولقاندنە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئێمە بۆ ئەوە خولقاوین بایەخ بە دنیا بدەین، نەک بە شتی دی، جگەلە دنیا هەموو شتەکانی دی بۆش وبەتاڵە، نەمری دەبێ لە دنیادا بێتەدی، ئەگەر ئاینەکانیان، خواوەندیان لە شێوەی ژنێکا بۆ وێنە بگرتینایە، حیکمەتی تازەیان پێشکەش دەکردین، کە بریتییە لە شادمانی ڕاستەقینە!

ڕەنگە ڕاڤە وشرۆڤەی ئەو بۆچوونانە لەبەر ڕۆشنایی ئەو بیرکردنەوەو ئەقڵیەتەی زوهێر کامیلدا زەحمەت بێ، بەڵام ڕاڤەوشرۆڤەیان لەبەر ڕۆشنایی ژیانی ئەودا زەحمەت نییە، کە زۆر بیری ژنەکەی وکچەکەی دەکرد کە بۆ هەندەران ڕۆیی بوون، هەروەها دڵی بۆ خۆشەویستیەکی تازە، بۆ خۆشەویستی نەعمات عارف کردبووەوە. دوای نسکۆ وشکستی یونیو، کە پەڵە هەورێکی خەم و پەژارە باڵی بەسەرماندا کێشابوو، هاوڕێ دێرینەکەم گوتی:

- هەندێ ڕووداوی سەیر هەن، پەیوەندی بە شەڕەکەوە نییە.

لێم پرسی مەبەستی چییە؟ گوتی:

- کامیلیا زەهران، هەمان گەمە کۆنەکە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیدا دەکات! بەڕاستی بەڕێوەبەرە گەنجەکان، وەکو بەڕێوەبەرە کۆنەکان نەبوون، زۆر جیاواز بوون، بەڕێوەبەرە گشتییەکەمان لە تەمەنی چلساڵیدا بوو، بەڵام ژنی هەبوو و باوکێکی بە نامێ بوو- بەلای کەمەوە لەم لایەنەوە- گوتم:- دوور نییە، دەنگۆ بێ!

- دووریش نییە ڕاست بێ!

لێم پرسی:- تۆ چۆنی لێکدەدەیتەوە؟

- ڕەنگە خۆشەویستی بێ، خۆ ئەگەر ئەم گریمانەیە دروست بێ، ماڵێک وێران دەبێت و ماڵێکی تازە لە شوێنی دادەمەزرێ.

کەمێک ڕاماو ئەوجا گوتی:

- ڕەنگە هەمان گەمە کۆنەکە بێ، ئەوەی لەگەڵ شرارة النحال کرا.

- ئایا هەلپەرستی نەوەی مە، بۆ نەوە تازەکە دزەی کردووە؟

- موغریاتی ئەمڕۆکە زۆر لە هی جاران توندتر وبەهێزترە.

بە تووڕەییەوە گوتی:

- لەوەیە لە ئەنجاما، هەلپەرستی، وەکو ئەخلاق ومورڵێکی تازە، وەکو بەهرە وتوانایەکی تازە وەکو تەکنۆلۆژیا، برەو بستێنێ و ببێ بە باو!

باسی ئەم بابەتەم بۆ هاوڕێم دکتۆر عەزمی شاکیر کرد وپێمگوت:

- تۆ هزرڤان وبیرمەندێکی گەورەی بۆچی لێکۆڵینەوە لە مۆڕاڵ وئەخلاقی تازە ناکەیت؟ مەبەستم ئەو ئەخلاقەیە کە بۆ سەردەمی نوێ دەگونجێ، کە دەبێ لە کۆمەڵگەی تازەوە ئیلهام وەربگرێت نەک لە بەها کۆنەکانەوە.

لێی پرسیم:- چی وای لێکردی بیر لەم بابەتە بکەیتەوە؟

زۆر پەست بووم، گوتم:

- تۆ تەمەشای ئاکام و ئاقیبەتی دکتۆر کامیل ڕەمزی هاوڕێمان بکە، زۆر نموونەی دیکەی لە بابەتی ئەوم لەلایە، بەڵام بەدەم ژیانەوە ناسیونم و بە نموونەی ئینسانی باشیان دەزانین، یانی ناشێت، مۆراڵ وئاکاری ئەوان ستۆک بووبێ وبە کەڵکی دنیای تازە نەیەن؟

بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:- تۆ گوزارشت لە کول وکۆڤانەکانی خۆت دەکەی.

- پیاو ڕاست بڵێ، من حایر وخەمبارم.

ئیدی مقۆمقۆ لەمەڕ کامیلیاو بەڕێوەبەرەکەمان بڵاو بووەوە، ئیدی وەختێ کامیلیا بۆ بەشی قانوونی گوازرایەوە گومانەکە بوو بە ڕاست، بەڵام نە ماڵێک ڕوخا و نە ماڵێکی تازەی لە شوێن دامەزرا، وەختێ سەبری جاد لەلای ئێمە دامەزرا، پەیوەندییەکی ئاشقێنی ڕاستەقینە لە نێوان ئەو وکچەکەدا پەیدا بوو. هەرچەندە لە سەرەتاوە، هەندێک یاخی

وبێموبالات بوو، بەڵام کامیلیای خۆشدەویست و کامیلیاش ئەوی خۆشدەویست، هەرچەندە سەبری جاد دوو ساڵێک لە کامیلیا بچووکتر بوو، بەڵام بەفەرمی دەزگیرانداری خۆیان ڕاگەیاند، من بەش بە حاڵی خۆم، بەم کۆتاییە خۆشە، خۆشحاڵ بووم، کە ئەو جووتەی بە ژیانێکی ڕەسەن و مەسئولیەتێکی جدی ئەوتۆوە گرێ دەدا، کە مرۆڤ بخولقێنێتەوەو بیخاتەوە سەر ڕێگای دروست. ڕۆژبەڕۆژ پتر باوەڕم بەوە دێنا کە پاکبوونەوەی مرۆڤ چەند لە ناوەوە دێ ئەوەندەش لە دەرەوە دێ، ئەگەر گوڵی گەشمان بوێ، دەبێ ڕوناکی و هەوای پاقژی بۆ فەراهەم بکەین.

٤٨ – ماهیر عەبدولکەریم

کە لە ساڵی ١٩٣٠دا چوومە کۆلیژ، ئەو لەوێندەر مامۆستای یاریدەدەر بوو. تەمەنی هەر سی وپێنج ساڵێک دەبوو، پێگە وناوبانگێکی ئەکادیمی وئەخلاقی و مرۆڤانی زۆر سەنگین وباشی هەبوو – قەت مامۆستایەکم شک نەدەبرد کە  وەکو ئەو بەخەسلەتە ڕۆحیە باشەکان وبە سەروسیما جوانەکەیەوە، کاری لە قوتابیەکانی کردبێت وبەو ڕادەیە ناویاندا خۆشەویست بێ. لە بنەماڵەیەکی ڕەسەن بوو، بنەماڵەیەکی دەولەمەند، هەر بە تایفە سەر بە حیزبی نیشتمانی بوون، ئیدی ئەویش لەسەر حیزب حیساب بوو، بەڵام ئەوە نەیکردە کارێک کە خۆشەویستیمان بۆی کەم ببێتەوە، ئەلهەقی قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان باسی مەیلی سیاسی خۆی نەکرد، کەسێکی بە تاسووب ودەمارگیر نەبوو، قەت جارێک باسی ڕق وخۆشەویستی لەم حیزب وبۆ ئەو حیزب نەدەکرد، خۆی بۆ زانست وچاکە تەرخان کردبوو. جارێک دکتۆر ئیبراهیم عەقل پێی گوتین:

- ئەگەر هەموو دەوڵەمەندەکان وەکو ماهیر عەبدولکەریم بوایەن، دەمگوت هەقە ئایدیالی مرۆڤ، ئەوەبێ کە دەوڵەمەند بێ!

ئەلهەقی جوامێری وبەخشندەیی ئەو سەروەت وسامانەکەی هەڵدەلووشیێ، قەت دەستی بە ڕووی کەسی ئاتاجەوە نەنابوو. هەر خێر وچاکەیەکی بکردبایە، بە نهێنی دەیکرد، وەکو ئەوەی عەیبێک دابپۆشێت، نموونەی خەڵکانی دڵفراوان بوو، لە گەنگەشە زانستی وگشتیەکانیا وتەنانەت لە مناقەشە سیاسیەکانیشدا، ئەگەر بە ڕاکێشان بۆ ئەو بابەتە ڕابکێشرایە، هەر وابوو، سەروسیما وڕوخساری بە جۆرێ بوو لە تۆ وایە تەنیا بۆ ئەوە خوڵقاوە کە گوزارشت لە هیواو ئاوات وگەشبینی بکات، هیچ جۆرە حیدەت وتووڕەییەکی لێنەدەهات. کۆشکە کۆنەکەی لە منیرە، پاتۆق ومەکۆی ئەهلی زانست وئەدەب وهزر بوو، هەمیشە بۆ قوتابیەکانیشی کراوە بوو، بە گەورە پیاوانی دەناساندن و وەکو هاوتا بەرخورد ومامەڵەی لەتەکدا دەکردن، لە دیوەخانەکەی ئەوا، گەلێک لە کەڵە بیرمەندانم ناسین. قسەوباسی ناو دیوەخانەکە بەشێوەیەکی گشتی، قسە وباسێن ڕۆشنبیری بوون، مەگەر بە دەگمەن دەنا هیچ باس وگەنگەشەیەکی سیاسی تێکەڵ نەدەکرا، کەچی مامۆستا سالم جەبر، لە ساڵی ١٩٣١دا، دوای گەڕانەوەی لە سەفەرێکی فەرەنسا، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان، لە کردنەوەو باسی بابەتی جیاوازی چینایەتی، سڵی نەدەکردەوە. گوتی:

- لە هەندێ ناوەندا، لەبەر حاڵی خراپی میللەتەکەمان لۆمەمان دەکەن وبەچاوی سووک تەمەشامان دەکەن.

دکتۆر ماهیر عەبدولکەریم بزەیەکی کرد وگوتی:- پێموایە حاڵێکی خراپە.

دکتۆر ئیبراهیم عەقل ڕووی دەمی کردە سالم جەبر وگوتی:

- تۆ لە فەرەنسا، سەردانی ناوەندێن توندڕەو دەکەی، ڕەنگە هەمان بۆچوونیان دەربارەی فەرەنساش هەبێ، حاڵی شارستانی ئینسان بەوە

پێوانە ناکرێ کە چی هەیە، بەڵکو بەوە پێوانە دەکرێ چی لە مێشک وهزرین ودڵدا هەیە، من بەش بە حاڵی خۆم، هەژارێکی هیندی لە ڕووی مرۆڤانیەوە، لە فۆرد یان روکفلر بە گەورەتر دەزانم!

سالم جەبر هەڵچوو، بە ئایدیالیەت وکۆنەپەرستی تۆمەتباری کرد، هەروەها بە سۆفیگەری تۆمەتباری کرد کە بە سەدەم وسەرچاوەی پاشکەوتنی ڕۆژهەڵاتی دەزانی.

ماهیر عەبدولکەریم وەکو سالم جەبر بیری نەدەکردەوە، بەڵام قەناعەتی وابوو کە ئیسلام دادوەرییەکی کۆمەڵایەتی تەواو بۆ خەڵکی فەراهەم دەکات، هەروەها قەناعەتی وابوو کە بڵاوبوونەوەی خوێندن وخوێندەواریش هەمان ئامانج بەدی دێنێ، بەڵام بە شێوازێکی دی. ڕۆژێک – دوای یەکێک لە محازەرەکان – من و جەعفەر خەلیلی دەعوەت کرد، کە بچین بۆ کۆشکی منیرەو لەوێندەر بیدینین، بە تاقی تەنیا لە هۆڵی پێشوازی چاوەڕێی دەکرد، پێشوازی کردین وگوتی:

- کچێکی ئەمریکی لەسەر داوای خۆی دێتە دیدەنیم، ئێوەم هەڵبژاردووە کە ببنە پاچڤەوان لە نێوانماندا.

ئینگلیزی نەدەزانی، لەوە دەچوو ئێمەی بە باشتر زانی بێ لەوەی پەنا بەرێتە بەر یەکیک کە هەڤکارە گەورەکانی، تا هۆی ئەم سەردانە غەریبەی بۆ ڕوون ببێتەوە. لای ئێوارە کچێکی زەری یەجگار زەریف وجوان هات، لە تەمەنی بیست ساڵیدا بوو، سڵاوی کرد ودانیشت وداوای بوردنی کرد کە بووە بەئەرک. خانە خوێیەکەمان چا وشیرینی داینێ، کچە کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهات وچیرۆکی خۆی، گوتی لەگەڵ کۆمەڵێک گەنجا هاتووەتە سەردانی میسر، دایکی ڕایسپاردووە لە میسرا سوراخ وتاقیبی کەسێک بکات بە ناوی ماهیر عەبدولکەریم کە کاتی خۆی، لە دوای جەنگی جیهانی خوێندکاری سۆربۆن بووە، بەڕێوەبەری

ئوتێلەکە بۆی دۆزیوەتەوەو بە تەلەفۆن کۆشکەکەی ماهیری بۆ دۆزیوەتەوە. لەمیانی قسەکاندا بۆمان دەرکەوت کە دایکی ئەم کچە لە پاریسا، هاوڕێی مامۆستاکەمان بووە. ئیدی ئەم سەفەرەی کچەکەی بە هەل زانیوە وسڵاوی پێدا بۆ مامۆستا ناردووە.

بە درێژایی میوانیەکە باس هەر باسی بیرەوەریە کۆن وجوانەکان بوو، باسی ئەوە بوو کە حاڵی حازر ڕەوشی جووتە هاوڕێ بە کوێ گەییوەو چی لێهاتووە. وەختایەک لە کۆشکەکە وەدەرکەوتین، بە جەعفەر خەلیلم گوت:

- وادیارە، کاریگەری مامۆستاکەمان بە سەر دەوروبەری خۆیەوە خەسڵەتێکی کۆن بێ و لە گەنجیەوە ئەو خەسڵەتەی تیا بووە.

جەعفەر خەلیل چاوێکی داگرت وبە پێکەنینەوە گوتی:

- بەڵام کارکردن لە ژنان مانایەکی دیکە هەڵدەگرێ!

ئەوجا بە قەناعەتەوە گوتی:

- ئەلهەقی قۆزی پیاو فاکتەرێکی گرینگە بۆ ئەوەی لە فیلمەکانماندا دەوری کاراکتەری یەکەم بدینێ!

ئەو قسەیەی فەرزدەقم دووبارە کردەوە کە هەمیشە ڕوخساری مامۆستاکەمانی وەبیر دێنامەوە:

یغضی حیاء و یغضی من مهابته   فما یکلم الاحین یبتسم

بە جەعفەرم گوت:

- هەرگیز وێنا ناکەم دەستبەرداری ویقاری خۆی بووبێ. ئەگەر ویقار لە خەڵکی دیدا ڕواڵەت وفۆرم بووبێ، لەوا تان و پۆ و نیوەڕۆکە. ئەلهەقی

به درێژایی تەمەنی زەمی هەڵنەگرتووە، کارێکی نەکردووە، کار لە ناوبانگ ورەفتاری بکات.

جا لەم پێودانگەوە بە پێویستی دەزانم باسی ئەو مقۆمقۆیە بکەم کە لە ماوەی پاشا گەردانی وتیرۆرکارییە سیاسیەکانی پاش دووەم جەنگی جیهان دووی خرا بوو. دەڵێن گوایە ژێراوژێر وبە دزییەوە نامەیەکی بۆ شا فارۆق ناردووەو لە ئاقیبەت وئاکامی ئەو یاخی بوونەی ئاگادار کردووەتەوە کە کەوتووەتە نێو گەنجان، ئەنگیزە وهۆکارەکانی بۆ دیاری کردووەو پێشنیازی چارەسەریشی بۆ کردووە.

ئیدی ئەم دەنگۆیەمان وەکو هەر دەنگۆیەکی دیکەی نێو چاخانان بیست، تاکو ئەمرۆش لە دروستی ئەو دەنگۆیە دڵنیا نەبووم، هەڵبەتە ئەو دەنگۆیە تەنیا مەزەندە بوو، ئەنجامی مەیلە سیاسیە ناکۆکەکان بوو، هەندێک لە وەفدییەکان دەیانگوت گوایە پێشنیازی بۆ شا کردووە، حیزبەکان هەڵوەشێنێتەوەو دیکتاتۆریەتێکی باش دابمەزرێنێ وبەپەلە بکەوێتە ڕیفۆرم وگەنجان بە پەروەردەیەکی ئاینی زانستی پەروەردە بکات. هەندێک لە قوتابیە توندڕەوەکانی سالم جەبر دەیانگوت، ئەمە بانگەوازە بۆ شۆڕشی پێچەوانە تا ڕێگە لە شۆڕشی ڕاستەقینە بگرێ. بەڵام من نامەکەم –ناوەڕۆکەکەی هەرچییەک بووبێ– پێ ناخۆش بوو، چونکە بن پێ نانی ئازادی دەستوور وسووکایەتی کردن بوو بە دەسەڵاتی گەل، کەوتبوومە نێوان بەرداشی ڕێزم بۆ مامۆستاکەم وهەڵوێستی سیاسی ئاشکرای خۆم، تیامابووم چۆن ئەو بابەتەی لەگەڵدا بکەمەوە، کەچی جەعفەر خەلیل پرکێشی ئەوەی کرد کە بابەتەکەی لەگەڵدا بکاتەوە! ئەمە ئەو کاتە ڕووی دا کە پێکەوە سەردانی مامۆستامان کرد تا جەعفەر خەلیل پێش ئەوەی سەفەری ویلایەتە یەکگرتووەکان بکات ماڵاوایی لێبکات.

هەنگێ هاوڕێ ڕەحمەتیم، ئەو دەنگۆیانەی پێ گوت کە لەدوویخرابوون و لە پاشملەی دەگوتران. دکتۆر بە کاوەخۆ وبە زردەخەنەوە گوێی لێگرت، ئەوجا گوتی:

- باشە باوەڕت بەو قسە وقسەلۆکانە کرد؟

جەعفەر خەلیل، سڵەمیەوەو گوتی:- نەخێر.

مامۆستا تەنیا ئەمەی گوت:- زۆر چاکە!

ئەوە قسەی دوو کەسی، دەربارەی وی، بیر هێنامەوە، یەکێکیان هاوڕێیەکی کۆنی خۆی بوو، مامۆستا سالم جەبر بوو، ئەوی دیکەیان یەکێک بوو لە موریدەکانی خۆی کە مامۆستا عەباس فەوزی بوو. سالم جەبر خۆشی دەویست وشیفتەو دڵبەندی بوو، بەڵام بە ئەشرافزادەی دەزانی، کەلە ژیانیا هەژاری نەجەڕباندووە. لە سەرێ ڕاگەل دەبینێ، نۆڕینی تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەندە نۆڕینەکانی پاک و بێگەردن بەڵام بە ئێمە نامۆن و لەتۆوایە زمانی هەسارەیەکی دیکەیە.

بەڵام عەباس فەوزی – قاموسی تەوس وتوانجان – ڕای خۆی دەربارەی وی دەردەبڕی، بەڵام بەکاوەخۆ، خاڵ بەخاڵ، بەرەبەرە قسەی دڵی خۆی هەڵدەڕشت. ڕۆژێک پێی گوتم:- پیاوێکی ماقووڵ وخانەدانە، بابەل باب مەملوک بووە!

ماوەیەکی زۆر لە قسەکەی ورد بوومەوە، بەتایبەتی کە دەمزانی چەند هەناڤڕەش وبەدنیهادە، لەخۆم پرسی ئەم شەیتانە مەبەستی چییە. جارێکیان لەلای ئەو ستایشی مامۆستام کرد، گوێی لێگرتم تا تەواو بووم، ئەوجا گوتی:

- ئەمە چاکە وکەرەمی دەوڵەمەندانی خانەدانە، ئەم چاکانە بە ئەزموونی تاڵدا تێ نەپەڕیوون!

جارێکی دی پێی گوتم:

- لە میسرا، خانەدانی وسەروەت وسامان یەک ناگرنەوە، بەڵام خانەدانی دەوڵەمەند، سوود لە زیرەکی هەژاران وەردەگرێ، کەرەستە وبابەتی باس و لێکۆڵینەوەی بۆ کۆ دەکەنەوە، بیر وبیرۆکەی دەدەنێ، ئەویش بە ویقارەوەگوێ دەگرێ و پاشان بە ناوی خۆیەوە بڵاوی دەکاتەوە!

جاری چوارەم پێی گوتم:

- مامۆستاکەت نەوسنە، حەزی لە هەموو خواردنێکی باشە، ڕۆژانە ئەوەندە دەخوات، کە بەشی یەک لیوا عەسکەر دەکات، پێم ناڵێی کەی لە هەرسکردنی دەبێتەوە، تا فریای بیرکردنەوەو لێکۆڵینەوە بکەوێ؟!

بەڵام ئێمە پەیوەندی ڕاستەوخۆ وبەردەوامان بە ئەقڵی مامۆستاوە هەبوو، ئاگامان لێبوو چەند وردەو چ زانیارییەکی زۆری پێیە، زۆر بویەر وڕووداوی بەسەر هات وئەو دەستبەرداری ویقاری خۆی هەر نەبوو. بەڵام من لە هەندێ قۆناغ وهەڵوێستی زۆر هەستیاردا کە نایەنە لە بیرکردن، وەکو قۆناغی تیرۆرانی سیاسی، شەواتەکەی قاهیرە، شۆڕشی یولیو، یاساکانی سوسیالیزم، جۆرە نیگەرانیەکم لەو پیاوەدا بەدی کرد، بەڵام لە سنوورێکی دیاری کراوا، باوەڕ ناکەم هیچ فیودالێک ئەو جەزرەبە مێژووییەی بەو ئارامیەی ئەو، وەرگرتبێ، ئەو جەزرەبەیەی دە هەزار فەدانی لە دەستی دەرهێنا ( فەدان ٤٢٠٠ م٢ ) ، کۆشکە کۆنەکەی منیرەی فرۆشت وڤێلایەکی جوانی لە میسری نوێ کڕی کە تا ئێستاش پێشوازی لە ئەهلی فیکر وخودان نەزەران دەکات، بەهەمان هیمەت ونەفەسەوە لەسەر کاری زانکۆیی خۆی بەردەوام بوو تا لە ساڵی ١٩٥٤دا، گەییە تەمەنی یاسایی و خانەنشین کرا، ئیدی وەکو مامۆستای میوان کاری دەکرد، لە ئەنجوومەنی باڵای ئادابدا بە ئەندام دامەزرا،

خەلاتی ڕێزلێنانی دەوڵەتی لە واری زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا وەرگرت، هەروەها میدالی دەرەجە یەکی شایستەگی وەرگرت.واتە شۆڕش ڕێزی لە پێگە زانستی وناوبانگە باشەکەی و سەر ڕاستیە گشتیەکەی، کەلە هەر گومانێکی دوور خستبووەوە، گرت. ئەو هەرچەندە گوێڕایەڵی و لایەنگری خۆی بۆ شۆڕش ڕانەگەیاندبوو، چونکە لە کایە میدیاییەکان دوور بوو و نەیدەویست بە شێوەیەکی نائاسایی ئەوتۆ خۆی بەو بوارەدا بکات کە عەیبدار بێ. بەڵام وێڕای هەموو ئەوەش، بێ دوو دڵی لە کۆڕ ومەجلیسە تایبەتیەکانی خۆیدا، لایەنگری خۆی لە شۆڕش ڕادەگەیاند. ڕۆژێک گوتی:

- من قەناعەتم بەو شتانە هەیە کە دەکرێن وڕوودەدەن، ئەمە کەمترین کارە بۆ ئەوەی نیشتمان بە کەڵکی ژیان بێ و ژیان بە کەڵکی نیشتمان بێ.

هیچ، کول وکۆڤانێکم لە قسەکانیا یان لە ڕەفتاریا بەدی نەدەکرد، کەسیش نازانێ چی لە دڵاندا هەیە ولەوەش زیاتر لە کەسێکی وەکو ئەو داوا نەدەکرا، کە بە حیکمەتەوە بەرخورد لەگەڵ شۆڕشێکی مێژووییدا بکات، کەلە بنەڕەتابۆ ڕیشەکێش کردنی چینەکەی ئەو بەرپا بووبوو و لەباری فەلسەفیەوە بە تەڤگەرێکی مێژوویی حەتمی بزانێت و قەناعەت بەخۆی بێنێ، درەنگ یان زوو هەر ڕوودەدات. لە ساڵی ١٩٦٩دا، بەبۆنەی هەفتا وپێنجەمین ساڵیادی لە دایکبوونی خۆیەوە ئاهەنگی گێرا، دیوەخانەکەی پڕ بوو لەو مامۆستا زانکۆییە دێرینانەی کەلە ژیانا مابوون، هەروەها هاوڕێیان سالم جەبر وڕەزا حەمادە وعەزمی شاکیر وکامیل ڕەمزی و قەدری رزق و جاد ئەوبولعولا و عەباس فەوزی و سادق عەبدولحەمید و نەعمات عارف لە جیاتی مێردەکەی و زوهێر کامیل لە ئاهەنگەکەدا ئامادە بوون، ئیبراهیم عەقل وجەعفەر خەلیلم وەبیر هاتنەوە. ژمارەیەکی کەمی گەنجانم لەوێندەر بینی لەوانە سەبری جاد وکامیلیا زەهرانی هاوسەری، بەڵام پوری سپی و چرچ و لۆچی ڕوخسار

ونیگای وشک زاڵ بوون، بە عەمراتم وەکو ئەو ڕۆژە هەستم بە تێپەڕبوونی کات و قورسی وشکۆ و غەدر وئەبەدیەت وگەورەیی وبچووکی و لووتبەرزی وخاکیەتی وئەقلانیەت وبێهودەیی و هەواز ونشێوی زەمان نەکردبوو، لە تۆ وایە ماوەیەکی دوور درێژ بوو لە دیزل دا نووستبوومو پاشان لە وێستگەی سیدی جابر خەبەرم بوو بووەوە. وێڕای هەموو ئەوەش ماهیر عەبدولکەریم، بە چاوە شینە گەورەکانیەوە، بە زردەخەنە کاریگەرەکەیەوە، بە ویقارە خۆشەکەیەوە، وەکو خۆی مابووەوە.

مامۆستاکەمان گوتی:

- ئەمە ئاهەنگ نییە، ناکرێ لە کاتێکا شەڕ بەر دەرکەی پێگرتووین وئاهەنگ بگێڕین، بەڵام دەرفەتێکی باشە بۆ خڕبوونەوە.

بەڕاست وچەپا قسان کرا، بەڵام گرگر دەهاتەوە سەر یەک شت کە بریتی بوو لە ململانێ لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، کێشەکە لە هەموو ڕوویەکی سیاسی وئابووری و فەلسەفی وئاینییەوە تاوتوێ دەکرا و لق وپۆپی لێ دەبووەوە بۆ هەڵویستی جیهانی و دۆزینەوەی زانستی وکێشەێن گشتی ومرۆڤانی وپەشێویە ترسناکەکانی لە ڕۆژئاواو لە ڕۆژهەڵات وهەڵوەرینی بەها و ئایدیالەکان وئایندە، بەڵێ ئایندە، بە چ جۆرێک ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئیدی شەپۆلێکی نائومێدی ورەشبینی زاڵ بوو، دنیای کۆن ڕەفز دەکرا، مامۆستامان لە جۆقەکەدا بەشداری کرد، بەڵام بە ئاوازێکی دی، لە ناکاوا گوتی:- هەزار ڕەحمەت لە ئیبراهیم عەقل.

چ شتێک ئەوەی بیرهێنایەوە؟ ئازیزترین هاوڕێی بوو، تاقە فرمێسکێکی بۆ نەڕشت. تەنیا لە ڕۆژی مردنەکەی دا نەبێ لە ساڵی ١٩٥٧ دا، ، منیش لای خۆمەوە، ئەو وتارەیم بیر کەوتەوە کە پێش دەرچوونمان بۆی داین. دووبارە گوتی:

- باوەڕی تەواوی بە مردن وبەو حەقیقەتانە بوو، کە وەکو ڕۆژی ڕوناک دیار بوون.

بزەیەکی دوور ودرێژی کرد وئەوجا گوتی:

- چی دەربارەی دنیا دەڵێن بیڵێن، لە ڕەشبینیدا هیچ شتێکی تازە نییە، بەڵام ژیان لە قازانجی مرۆڤدایە، دەنا بەم شێوەیە زیادی نەدەکرد وبەمجۆرە دەسەڵاتی بەسەر دنیادا زیادی نەدەکرد.

٤٩ – مەحموود دەرویش

بە باڵابەرز وقەدە لاوازەکەی بووبوو بە مایەی سەرنجی قوتابیانی کۆلیژەکە. زۆری نەبرد بە زیرەکی وکۆششی لەڕادەبەدەر ناوی دەرکرد. پێگەیەکی بەرزو بەڕێزی لە نێو قوتابیەکان ولە لای مامۆستا میسری وبیانییەکان پەیدا کرد، سەر وسیمای وردیلە وجوان بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا وشک وگۆشەگیر بوو، هاوڕێیاتی دەکرد، بەڵام دۆستایەتی کەسی نەکرد، دۆستی ڕاستەقینەی هەر کتێب بوو. بابی پێشنوێژو ئیمامی مزگەوتێک بوو لە جیزە، کەسێکی خێزاندارو کەم دەرامەت بوو، مەحموود دەرویش هەژارانە دەژیا، لە یەکەم ڕۆژەوە بەدحاڵی بوونێک لە نێوان ئەو وعەجلان سابت چێبوو. کە عەجلان، گوێی لە مەحموود بووبوو گوتبووی بابی پێشنوێژی مزگەوتێکە، پێکەنی بوو، مەحموود دەرویش لێی پرسی بوو:- بەچی پێدەکەنی؟

عەجلان گوتی:- توخوا پێشنوێژیش بوو بە وەزیفە، مایەی پێکەنین نییە؟

مەحموود تووڕە بوو و پێی گوت:- تۆ ئەدەب سزی.

عەجلان هاواری بەسەریا کرد:- دەمت تێک نە!

کەوتینە بەینیانەوە، بەڵام ئاشت نەبوونەوە، لە بویەری دزینی ئەو تەڕبووشەدا کە عەجلانی تیا تۆمەتبار کرابوو، مەحموود دژی عەجلان

شایەدی دابوو. ئەمە یەکێک بوو لەو هۆیانەی کە بووە سەدەمی فەسڵکردنی عەجلان لە کولیج، زۆرمان گازن لە مەحموود کرد، بەڵام گوتی:

- ماقووڵ نییە دزێکی خوێنەوار پێشکەش بە کۆمەڵگە بکەین.

هەرکاتێ چاوی بە خویندکارێکی کچ بکەوتایە، چاوانی ئەبڵەق دەبوون و تامەزرۆیی و نەدیتکەیی بە چاوانیەوە دەردەکەوت. بەڵام سوعاد وەهبی، خەریک بوو شێتی بکات، مەحموود لە جیاتی ئاشقێنی لەگەڵدا بکات، یان بەلای کەمەوە هەوڵبدات ئاشقێنی لەگەڵدا بکات، لە عەلەیی دەدواو بەربەرەکانی دەکرد. یەکەم کەس بوو کەلە لای ڕاگر سکاڵای لێکرد کەلە هۆڵی محازەراتا، بەهەموو شێوەیەک خۆی دەنوێنێ وخوێندکارەکان دەهاڕوژێنێ. وادیاربوو تووشی قەیرانێکی دژوار بووبوو،و بەرگەی ئەو حورمانەی نەدەگرت کە دوچاری بوو بوو،بابی بە ئەقڵیەتە گونداتیە ئاینییەکەی خۆی- وای بەباش زانی بوو، برازا هەتیوەکەی خۆی، کەهەر خۆی بە خێوی دەکرد، لێ مارە بکات،ساڵی دواتر کەبۆ زانستگە گەڕایەوە، ژنی هێنابوو، کچێکی گوندی نەخوێندەواری خواستبوو، بەڵام باش بوو دای مردکاندبووەوە، ئیدی بێهیچ کۆسپ و تەگەرەیەک ملی بە خوێندنەوە نا. ئهیچ خەم وخولیایەکی نەبوو، جگە لە زانست وسەرکەوتن، ئەگەر داوای لێ بکرایە لەماوەی ساڵی خوێندندا، باسێک بنووسێت، زۆر بەچاکی ولێهاتووانە ئەنجامی دەدا، بەجوانی سەرچاوەو ژێدەرانی بەکار دەبرد. بۆیە وەختێ ئێمەمانان وەختی خۆمان بەباس وخواسی سیاسییەوە بە فیرۆ دەدا، ئەو بە جۆرێ پەیگیری دەکردین، وەکو ئەوەی ئاقڵێک گوێ لە کۆمەڵێک شێت بگرێ. جارێکیان پرسی:

- باشە کە ئەمە حاڵتانە، چۆن فریای سەعی وخوێندن دەکەون!

خوێندکارێک بە سەرسامی وەڵامی دایەوە:

- لە کەسێک دەچی کە ئینگلیز نیشتمانی تۆیان داگیر نەکردبێ، یان پاشا، گەلێکی دی بچەوسێنێتەوە نەک گەلی تۆ!

فەرقی بەینی مستەفا نەحاس وئیسماعیل سدقی نەدەکرد، هەندێجار ناوی ئەو پاشایەی بیردەچووەوە کە سەرۆکایەتی حکوومەتی دەکرد. وەختێ شەپۆلی مانگرتن زانستگەکانی گرتەوە، زۆری پێناخۆش بوو، خۆی دەدزییەوەو دەچوو بۆ کتێبخانە، بە تاقی تەنیا دەستی بە خوێندنەوە دەکرد، هەڵنەدەستا تا دەرگاکانیان دادەخست. ڕۆژێک هەستا، چووە سەر تریبوونی وتاردان، دوای وتارێکی شۆڕشگێڕانەی ڕابەری قوتابیان، بە جورئەتێکی شێتانەوە خۆی گەیاندە تریبوونەکە. داوای لە قوتابیان کرد کە بایەخ بەکارو خوێندن بدەن، بەو ئیحتوبارەی ئامانجی باڵای ئەوانە، قوتابیەکان هەموو خرۆشان، داوایان کرد بیهێننە خوارەوە، خۆ ئەگەر لەبەر ئەو ڕێزو حورمەتە نەبوایە کە بەزیرەکی و سەرکەوتوویی خۆی بەدەستی هێنابوو، بێگومان تەعدایان لێدەکرد. ئیدی ئەمر دەرچوو، زانستگە بۆماوەی یەک مانگ داخرا، لەو ماوەیەدا هەموو ڕابەرانی قوتابیان دەستگیرکران، وەختێ بۆ دەوام گەڕاینەوە، مقۆمقۆیەک کەوتبووە سەر زاران، جەعفەر خەلیل پێی گوتم:

- بیستت؟.. دەڵێن مەحموود دەرویش پەیوەندی بە ئاسایشی گشتیەوە هەیە. باوەڕم پێنەکرد، گوتی:

- دەڵێن ئەوەی بۆ ئەو کارەی هانداوە باوکیەتی بەو ئیحتوبارەی زمان وچاوی دایەرەی ئاسایشە!

- بەڵام گەنجێکی بێ شێلە بێلەیە!

بە خەمینییەوە گوتی:- دەڵێن ئەو زمانی لە ڕابەرانی قوتابیان داوە!

دەنگۆیەکە بەهێز بوو بەڵام هیچ بەڵگەیەکی سەلمێنراو لە ئارادا نەبوو. هەندێک لە قوتابیان یەخەیان گرت وپێیان گوت کە ئەو دەستی لە پیلانەکەدا هەیە، بەڵام دکتۆر ئیبراهیم عەقل بۆ نووسینگەکەی خۆی بانگی کردن و هەڕەشەی لێکردن – ئەگەر ئەوە دووبارە بکەنەوە–بە لایەنانی پەیوەندیدار دەڵێت. ئەم دەنگۆیە ماوەیەکی زۆر لەگەڵما ژیا، وای لێکردم لە دڵی خۆما ڕقم لێی بێ، بەتایبەتی کە لە هەوەڵەوە نەچووە دڵەوەو کەیفم پێی نەهات، ئیدی خەریک بوو باوەڕم بەدروستی دەنگۆیەکە دەکرد، بەتایبەتی کە دوای دەرچوونمان مەحموود دەرویش بە زەمالە بۆ فەرەنسا هەڵبژێردرا، هەڵبەتە ئەو هەڵبژاردنە لە کاتێکا بوو، کە زەمالە بەتەواوەتی وەستابوو. بۆ ساڵانێکی دوورو درێژ هیچ خەبەرێکم لێی نەما، تا ڕۆژێک لە نووسینگەی مامۆستا عەدلی المؤذن، لە وەزارەتی خۆمان تووشی بووم، تەوقەمان لەگەڵ یەکدیدا کردو بەدەم قسانەوە دانیشتین. ئەوکاتە بەشێوەیەکی تازەم هاتە بەرچاو، زۆر سەرحاڵ وچالاک دیاربوو، چاوەکانی لەپشتی عەینەکێکی جوانەوە، سیمای زانایانی بە ڕوخساری دەبەخشی، گوتی:- ئێستا مامۆستای کولێژم..

عەدلی المؤذن گوتی:

- دەستی بە بڵاوکردنەوەی زنجیرەیەک دەربارەی فەلسەفەی سۆفیگەری کردووە.

مەحموود دەرویش گوتی:

- کەلە فەڕەنسا بووم، جەنگ دەستی پێکرد، نەمتوانی نامەکەم تەواو بکەم ئیدی چووم بۆ سویسراو دکتۆرام لەوێندەر تەواو کرد.

کە ئەو ڕۆیی، عەدلی المؤذن بە پێکەنینەوە پێی گوتم:

- خواجە گەڕاوەتەوە، تا ژنێکی نەخوێندەواری دێهاتی لە چاوەڕوانی خۆیدا ببینێ.

پرسیاری ئەو دەنگۆ ومقۆمقۆیانەم لێکرد کە کاتی خۆی بە دوویەوە بوون، گوایە پەیوەندی بەئاسایشی گشتیەوە هەبووە، بەتایبەتی کە عەدلی المؤذن لەو سەردەمەدا فەرمانبەر بوو لە ئیدارەی زانستگە، عەدلی بە کورتی گوتی:

- قسەی بۆش وبەتاڵە.

کاتێ ئەو بویەرەم بۆ مامۆستا عەباس فەوزی گێڕایەوە، زۆر پێکەنی وگوتی:

- کە پیاوێکی دڵسافی! فەقیری ها! نازانی عەدلی المؤذن، بە خۆیشی کاتی خۆی پەیوەندی بە ئیدارەی ئاسایشی گشتیەوە هەبوو؟

دوای ئەوە بەچەند ساڵێک، لە دیوەخانەکەی دکتۆر ماهیر عەبدولکەریمدا لە منیرە، تووشی دکتۆر مەحموود بووم، لە دنیای نووسین ودانان‌دا، پێگەی خۆی پەیدا کردبوو، پتر لە سێ کتێبی بڵاوکردبوونەوە، کە بە سەرچاوەی گرینگی سەردەمی تازە، لەواری لێکۆڵینەوەی سۆفیگەریدا دەژمێردران، مامۆستا ماهیر عەبدولکەریم زۆر ستایشی دەکرد. ئەو کاتە لە ئەحواڵیم پرسی، گوتی:

- چوار کوڕم هەن لە کولێژی ئەندازە وبازرگانی وماف وئەدەبیات وکیژێکم هەیە شووی بە ئەفسەرێکی فڕۆکەوان کردووە.

لێبڕاوانە لێم پرسی:- مومارەسەی سۆفیاتی دەکەیت؟

بە پێکەنینەوە بەرسڤی دایەوە:

- نەخێر، بەڵام گومان لەوەدا نییە، مرۆڤ پسپۆڕی لە بابەتێکدا ناکات، ئەگەر ڕەگ و ڕیشەی لە دەروونیا دانەکوتابێ، بەدڵ حەزی لێنەکات.

بیرم لە ژنەکەی کردەوە، کە زرووف کردبووی بە کەیبانووی ماڵێک لە ڕۆشنبیران، ژنێکی سادەو ساویلکە بەهەموو مانای وشە، حەزم دەکرد بچمە قوڵایی ئەو لایەنەی ژیانیەوە، بەڵام وادیار بوو سەرمەستی شادی و سەرکەوتنە. پێی گوتم:- هەڵبەتە بە تراجیدیاکەی دکتۆر ئیبراهیم عەقلت زانیوە؟

- هەڵبەتە، بێگومان کارەساتە، بەڵام من تۆم لە پرسەی کوڕەکانیا نەبینی؟

- لە دەرێی قاهیرە بووم، دوای ئەوەی لە کولێژ نەمایت پەیوەندیت پێوەی ما؟

- نەخێر..

- مامۆستایەک بوو بێ خویندکار وبێ مورید.

جارێکی دیکە لە دیوەخانی منیرە تووشی بووم، پاشان دەعوەت کرا کەلە زانستگەیەکی عەرەبی دەرس بڵێتەوە، ئیدی سەفەری بۆ دەرێی وڵات کردو هەواڵیم لێبڕا.

٥٠ – مەجیدە عەبدوڕەزاق

لە سەردانێکما بۆلای سالم جەبر لە نووسینگەکەی خۆی لە ڕۆژنامەی المصری دا، ساڵی ١٩٥٠، کچێکی جوانی پێناساندم گوتی:

- مەجیدە عەبدوڕەزاق، بەرپرسی لاپەڕەی ژنان.

تەمەنی سی ساڵێک دەبوو، بەژن وباڵا شووش بوو، چاوە ڕەشەکانی زیرەکیەکی سەرنجڕاکێشیان لێدەباری، کاراکتەرێکی بەهێزی هەبوو، لە

یەکەم پەیوەندییەوە خۆی دەسەپاند، بۆ جاری دووەم لە کۆڕ وئاهەنگێکی هەڵبژاردنا تووشی بووم کە دکتۆر زوهێر کامیل، بۆ بانگەشە بۆ خۆی سازی دابوو، لێم پرسی:

- یانی تۆ وەفدیت؟

بەدەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی:- من خوێندکاری دکتۆر زوهێر کامیلم.

- لە ئادابی؟

- بەشی ڕۆژنامەڤانی.

- وەفدیشی؟

- زۆر لەوە دوورتر!

چاوم لە دوڕ چاوە جوانەکانی بڕی وپرسیم:- مەبەستت چییە؟

پێکەنی وبەرسڤی نەدایەوە. بۆجاری سێیەم لە ماڵی زوهێر کامیلدا تووشی بووم، هەستم کرد لە تەعاروفی دۆستانەوە بەرەو قۆناغی دۆستایەتی ڕاستەقینە دەرباز دەبین. دوای ڕۆیشتنی مەجیدە. دکتۆر زوهێر کامیل پێی گوتم:

- ڕۆشنبیرێکی باشە، شایستەی قەدر زانیە وکەسایەتیەکی بەڕێزە.

لێبڕاوانە گوتم:- منیش وای تێدەگەم.

بە زەردەخەنەوە گوتی:- کۆمۆنیستیشە!

- کۆمۆنیستە؟!

- ژنێکی میسری عەزابدیدەیە، لە قوربانیانی قۆناغی ڕاگوزاریە.

ئیدی دۆستایەتیەکی بتەو ورێزێکی دوو لایەنەکۆی کردینەوە، ناوبەناو لە جروبی لەگەڵ چەند برادەرێکا کۆدەبووینەوە، ئەویش وەکو هاوتایەک، بەشداری کۆڕ ومەجلیسەکانی دەکردین، ئەو چاو بڕکێیانەی کە جارجارێک لەگەڵیا دەکران، فەرامۆش دەکرد، بە سووکە گاڵتە وشۆخی دەزانین، پەنای وەبەر فێڵ ونازو کریشمەی کۆنی ژنانە نەدەبرد، بەها بورژوازیەکانیشی قەبووڵ نەبوو، بەڵام هەمیشە لە دووی سۆزی ڕاستەقینەی ڕەسەن بوو. ڕۆژێک پێی گوتم:

- وا نەزانی کەسێکی سارد وسڕم!

پرسیم:- چی وای لێکردی بیر لەوە بکەیەوە؟

بەگەرمی گوتی:- من خۆشەویستی وقیان دەپەرستم.

ئەوجا گوتی:- خۆشەویستی و ئایدولوجیا دەپەرستم.

دوای ئەوەی متمانەی پێ پەیدا کردم، باسی ژیانی خۆی لە گازینۆ فیشاوی بۆ گێڕامەوە، گوتی:

- من لە بنەماڵەیەکی خوردە بورژوام، سەرگەڤاری ماڵەکە فەرمانبەرێکی گومناو بوو، تاقە کچی نێو چوار کوڕ بووم!

بە زەردەخەنەوە گوتم:- کەواتە گەوهەری یەک دانەی نازدار بوویت.

- بەپێچەوانەوە، هەموو هەر دەیان چەوساندمەوە، تا گەورەتر دەبووم چەوساندنەوەکەم زیاتر دەبوو، بەڵام بەوەی لە قوتابخانە زیرەک وسەرکەوتوو بووم، ڕێز وحورمەتی خۆم بە سەریاندا سەپاند.

لە ڕێگەی زەردەخەنەیەکەوە دڵبەندی خۆم بۆ نواند، گوتی:

- کە خوێندنی ئامادەییم تەواوکرد، هاتنە خوازگاریم، هەمووان پێیان خۆشبوو، بەڵام من مەرجێکم بۆ یارۆی خوازگار دانا کە ڕێگەم بدات،

خوێندنی زانستگە تەواو بکەم، پرسیاری حیکمەتی ئەوەی کرد، بە ئاشکرا پێم ڕاگەیاند کە ئارەزووی کارکردنم هەیە، بەڵام ئەو قابیل نەبوو، کەس و کارەکەم ئالیگری ئەویان کرد، بەڵام من لەسەر هەڵوێستی خۆم ڕژد بووم، ئیدی ئەو دەستبەردار بوو.

-ئیدی پرۆژەکەی خۆت بە تەواوی هێنایە دی!

- بەڵێ، بەڵام لە کولێژ مامۆستایەکم ناسی کە زۆر کاری لە ژیانم کرد، ناوی مامۆستا (محەمەدول عارف)ت بیستووە؟

-بەڵێ.

-زانست و لە زانست خەتەرتریشی فێرکردم.

-کۆمۆنیزم؟

- بەڵێ، پاشان خۆشەویستیەکی قووڵمان لە نێواندا چێبوو، دوای ئەوەی خوێندنم تەواو کرد، یەکسەر زەماوەندمان کرد.

بەسەرسامی گوتم:- وامدەزانی شووت نەکردووە!

-ڕۆژگارێکی خۆشم بەسەر برد، جمکانەیەکم بوو، کوڕێک وکچێک.

-بەڕاستی جوانە.

- دایکی خاوەن و کەیبانۆی ماڵەکەمان بوو، وەختێ خەسووم مرد، زۆر کێشەمان هاتەڕێ، ئیدی لە نێوان کاری ڕۆژنامەو کاری ماڵەوە بە هیلاک چووبووم. مێردەکەم حەزی لە زەبت وڕەبت وزاکونی بوو، هەروەها حەزی لەوەبوو یەکێک پێی ڕابگات، پێشنیازی کرد، خۆم بۆ کاری ماڵەوە تەرخانبکەم.

-بۆچوونێکە جۆرە ماقوولیەتێکی تیایە.

بەتووندی گوتی:

- نەخێر، منیش ئامانجی تایبەتی خۆم هەبوو، پێشنیازەکەم ڕەفزکرد، هیچ هاوسۆزی و قەدرزانیەکم لێی نەبینی.

ورتەم لێوە نەهات، گوتی:

- بۆم دەرکەوت کەسێکی خۆپەرست و بێ ئەدەب ودکتاتۆر تەبیعەتە، ئیدی ئاژاوە و شەڕ و دژایەتی کەوتە نێو ماڵەکەمان، ئەنجام بە تەڵاق وجیابوونەوە شکایەوە.

- ئەمە کەی ڕوویدا؟

-لە زەمانی کولێراکەدا.

بە دلۆڤانیەوە گوتم:- ئەدی ئێستا حاڵت چۆنە؟

بە شانازییەوە گوتی:

- وەکو دەبینی لە کارەکەما پێشدەکەوم، ژنێکی باش لە پەروەردەی دوو منداڵەکەما یارمەتیم دەدات و مێردەکەشم نەفەقەی شەرعیم دەدات.

کە شۆڕشی یولیو هەڵگیرسا، بۆ یەکەمجار ناکۆکییەکی دژوار کەوتە بەینی دۆستایەتیەکەمانەوە. ئەو شۆڕشی بەوە تۆمەتبارکرد کە شۆڕشێکی کۆنە پەرستانەیە، یان فۆرمێکی تازەی فاشیزمە، یان کودەتایەکی خوردە بورژوایانەیە، بۆ وەدی هاتنی ئاواتەکانی خوردە بورژوایانی وەکو من تێدەکۆشێت! ئیدی سوور بوو لە سەر بۆچوونەکانی خۆی تا شۆڕش بەلای کەمپی ڕۆژهەڵاتیا بایدایەوە، هەنگێ دایە نەرمکێشی وبیر وبۆچوونەکانی گۆڕا. تەنیاییەکەیم پێناخۆش بوو. هەستمکرد بە دەست تەنیاییەوە پەرێشانە، بەڵام بەردەوام خواستی ئەو هاوڕێیانەی ڕەفزدەکرد کەبە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەو خۆشەویستی

وڤیانە ڕاستەقینەیەیان دەکرد کە ئەو خۆی گوتەنی دەیپەرست. جارێکیان بە ڕاشکاوی پێی گوتم:- تاقە جارێک خاپێنرام!

- باوەڕ ناکەم.

- دکتۆری مندالّەکانم بە نەفرەت بێ!

- چۆن..؟

- ئەویش ژندار بوو!

- بەلاّم پیاوی ژندار..؟!

- بە ڕاستی هەلّە بوو، بەلاّم خۆشەویستی تێی گەیاندم کە ئاسوودە نییەو لە ژنەکەی جیادەبیتەوە، لەبەر هەندێک هۆ جیا دەبێتەوە کە پەیوەندی بە منەوە نییە!

- جا باوەڕت پێکرد؟

- خاپاند چەند خراپە، لە کوشتن دزێوترە، بێ چەند و چوون ڕادەست بووم.

- بەڕاستی خراپە.

- بە نەفرەت بێ، ڕۆژگاری وەکو فێلّەکەی ڕەش بوو، لە ژێر بوردمان وهێرشی دژایەتیە سێ قۆلّیەکەدا، لە عیادەکەی ئەودا یەکمان دەبینی.

لەو ئەزموونە تالّەوە، ئیدی بەدگومانی لە ناخیا چەسپی وهێندەی دی هەستی تەنیایی بە سەریا زالّ بوو وعەودالّی خۆشەویستی ڕاستەقینە بوو. ئیدی رۆژگار ڕای دەڕفاند تا ئێستا گەییوەتە تەمەنی پەنجا سالّی، کچەکەی شووی کرد، کوڕەکەی سەفەری کردووە تالە ڕادیۆی کوێت کاربکات، تا تەپلّی سەری لە تەنیایی ولە پیریدا نقووم بووە. تاکو

ئەمڕۆش، هەر شوێنەواری جوانی پێوە ماوە، کە لە تەلەفزیون دەردەکەوێ خەڵکێکی زۆر بە دڵبەندییەوە تەمەشای دەکەن وبە زەبری کەسایەتیە بەهێزەکەی و نەرمی بۆچوونەکانی و زۆری زانیارییەکانی گوێی لێ دەگیرێت، کە بە تەنیا لەگەڵیا دەبم، هەستدەکەم گوێم لە ناڵە ناڵێک دەبێ کەلە ناخیەوە دەردەچێ.

تاکو ئەمڕۆش بەردەوامە لە سەردانی مامۆستا کۆنەکەی، دکتۆر زوهێر کامیل، و پەیوەندییەکی خۆشی لەگەڵ ژنە تازە چکۆلەکەیا، نەعمات عارف پەیدا کردووە، هەڵبەتە مەجیدە دەیزانی نەعمات عارف پەیوەندی لەگەڵ دکتۆر سادق عەبدولحەمیدا هەبوو، بەڵام ئەوەی بە تەواوەتی لەبیر خۆی بردەوە، خۆزی دەخواست کە ئەو ڕاستییە هەرگیز بۆ مامۆستاکەی کەشف نەبێت. لەو دواییانەدا زانیم- زۆریشم پێخۆش بوو– کەبە سەفەرێکی ڕۆژنامەوانیبۆ وڵاتانی حەوزی دەریای دەریای سپی ناڤین دەڕوات، لەدڵی خۆدا گوتم بەڵکو بای باڵێکی خۆی دەدات وکەمێک لە تەنیایی دوور دەکەوێتەوەو ژیانی خۆی تازە دەکاتەوەو بابەتێکی باشی ڕۆژنامەڤانی دەست دەکەوێت.

## ٥١ – ناجی مورقوس

هەرگیز ئەم ناوەم لەبیر ناچێتەوە، وەکو ئەوەی ناوێک بێ لە ناوە گەورەکان، لە یادگەما نەسڕدرایەوە وهەر ما. هەرچەندە تەنیا سێ دانە ساڵ، لە ساڵانی ١٩٢٥ – ١٩٢٨ وە لە قوتابخانەی ناوەندیدا هاوڕیاتیم کردبوو. قۆناغی خوێندی سەرەتایی لە سوودان، کە بابی لەوێ کاری دەکرد، تەواو کردبوو. ئەو پیاوە کە بۆ میسر گەڕایەوە،هاتە گەڕەکی عەباسیەو منداڵەکەی خستە قوتابخانەکەی ئێمە. ڕۆژێکناجی پێی گوتم:- ئێمە چوار برا بووین، سیانیان مردن و، هەر من ماوە.

جارێکی دی پێی گوتم:- دایکم کەسەرداره، هەرگیز پێناکەنێ..

کوڕێکی درێژی ڕوخسار جوانی، ناسک و بە ئەدەب و سەنگینی ئەوتۆ بوو کە لەگەڵ تەمەنیا تێکی نەدەکردەوە. وا بزانم یەکەم قوتابی بوو کەلە سالی یەکەما پانتۆڵێکی درێژی لەپێ دەکرد. وا بزانم زیرەکترین قوتابی بوو کەلە ژیانما تووشی بووم. هەر قوتابیەک دەرفەتی بۆ هەڵکەوێ، لە یەکێک لە بوارەکاندا زیرەک و بلیمەتە، بۆ نموونە یەکێک لە زماندا زیرەکە، یەکێکی دی لە بیرکاریدا بلیمەتە و.. هتد بەڵام ناجی مورقوس لە هەموو دەرس وبابەتەکاندا زیرەک و بلیمەت بوو، لە عەرەبی وئینگلیزی وفەرەنسی وحیساب وجەبر وهەندەسە و تەبیعیات وکیمیا و مێژوو وجوگرافیا، یەکەمی بێڕکابەر بوو، مامۆستاکان هەر هەموویان، بە میسری و ئینگلیز و فەرەنسییەکانەوە خۆشیان دەویست وحورمەتیان دەگرت وەکو ئەوەی پیاوێکی گەورە بێت نەک قوتابییەک. بەدرالزیادی پێی دەگوت عەبدولحەلیمی میسری، باڵا دەستی ناجی دەشوبهاند بە باڵادەستی و بەهێزی ئەو زۆرانبازە بەناو بانگە. ڕۆژێک لێم پرسی:

- باشە تۆ چۆن لە هەموو بابەتەکاندا زیرەک وباڵادەستی؟

بەوپەڕی ئەدەبەوە بەرسڤی دایەوە:

- لە پۆلا گوێ دەگرم و لە هەوەڵی ساڵیشەوە سەعی دەکەم.

جەعفەر خەلیل لێی پرسی:- باشە پێنج شەمموان ناچی بۆ سینەما؟

- تەنیا لە جەژن وبۆنەکاندا.

عید مەنسوور لێی پرسی:- ئەدی دوو گوڵی ناکەی؟

- نەخێر.

ڕەزا حەمادە لێی پرسی:- باشە هیچ هیوایەتێکت نییە؟

بەرسڤی دایەوە:- لەکاتی دەست بەتاڵیدا پیانۆ دەژەنم.

ڕەزا پێی گوت:

- تۆ لە خۆپیشاندان ومانگرتنان بەشداری ناکەیت، یانی گوێ بە نیشتمان و نیشتمانپەروەری نادەی؟

- با بەڵام..

کەمێک سڵەمییەوەو ئەوجا گوتی:- بەڵام برا گەورەکەم لە خۆپیشاندانێکا کوژرا!

لە تاقیکردنەوەی سەری ساڵدا، بە نمرەی بەرز دەرچوو، یەکێک بوو لە دە یەکەمەکەی سەرانسەری وڵات، کەلە ساڵی تازەدا بۆ قوتابخانە هاتینەوە، ناجی لە هیچ شوێنێکەوە دیارنەبوو، نە لە بەشی زانستی ونە لە بەشی ئەدەبیدا دیار نەبوو.

زۆرمان تاقیبکرد، بۆ دیار نییە، هیچ وەڵامێکمان دەست نەکەوت. لە گەڕەکەکەی ئێمەوە دوور بوو، ماڵیان لە دەوروبەری عەباسیەی نزیکی منشیة البکری بوو، چووین بۆ ماڵیان هەواڵمان پرسی، گوتیان سینگی نەخۆشە، نێردراوە بۆ لای نەنکی لە سەعیدی میسر، تا مالیجەی بکات، ومالیجەکەشی بەلای کەمەوە یەک ساڵ دەخایەنێت. هەواڵەکە خەمباری کردین، هەموو مامۆستایان وقوتابیەکانیشی خەفەتبار کرد، نامەیەکی دەستەجەمیمان بۆی نارد، سڵاو وڕێزمان بۆی ناردو هیوای چاکبوونەوەی بلەزمان بۆی خواست. ئیدی هەر لەو سەروبەندەدا، مستەفا نەحاس لە سەر مەسەلەی سیف الدین درابووە دادگاو دادگای باڵا تەبرێی کردبوو، چەندین شاندی گەل ڕوویان کرد خانەی نەتەوە (بیت الامە) تا پیرۆزبایی لێبکەن، یەکێک لەوانەی بۆ پیرۆزبایی چووبوون، بابی هاوڕێکەمان بوو، کە فەرمانبەری وەزارەتی جەنگ بوو، بۆ نەگبەتی

وێنەکەی لەگەڵ وێنەی ئەوانەدا دەرچووبوو کە چووبوونە پیرۆزبایی، وەزارەت بڕیاری دا فەسڵی بکات. ئەم فەسڵکردنەی لەبەر گران بوو، پیاوێکی نەدار ودەست کورت بوو، نەخۆشی دڵی لەگەڵ بوو، تووشی فەلەجی بوو ومرد. ناجی چاک بووەوە، بەڵام نەیتوانی لە خوێندن بەردەوام بێ، خێرەومەندان، دەرفەتی گەڕانەوەی وەفدیان بۆ حوکمڕانی، قۆستەوەو هەوڵیان دا، ئەو گەنجە مندالکارە لە وەزارەتی جەنگ دابمەزرێنن، ئیدی وەزیفەیەکی بچووکیان لە دەرێی دەستەی وەزارەت بۆ پچڕی. بەوجۆرە زروف بلیمەت ترین قوتابی جیلی مەی لەنێوبرد. زۆرجار کە بیرم دەکەوتەوە کۆمەڵێک خەفەتم بۆ ئەو ئاکامەی دەخوارد، هەرجارێ لە ژیانی خوێندنما یان لە ژیانی زانستیمدا، سووکە سەرکەوتنێکم بەدەست دێنا، ئەوم بیردەکەوتەوەو ئەو شانازی ودەسکەوتە زۆرانەم دێنایە بەر خەیاڵ، کە ڕێکەوتێکی کوێرانە، کە جەزرەبەیەکی بێهودە، زندە بەچالێ کردن. ساڵان هاتن و چوون، بەبێ ئەوەی چاوم پێی بکەوێ یان هەواڵێکی بزانم تا بەڕێکەوت لە ساڵی ١٩٦٠دا لە کازینۆی باخی ئوزبەکیدا دیتم. یەکەمجار بەلایا تێپەڕیم بێئەوەی بیناسمەوە، ڕدێنە چەرمووەکەی سەرنجی ڕاکێشام، وامزانی هونەرمەندە، ئەوسا گوێم لێبوو بانگی دەکردم، ئاوڕم دایەوە، ڕوانیمە ڕوخساری، یەکسەر ناسیمەوە. دەست ومشتاقێکی گەرم وگوڕمان کرد، ئەوجا لە دەوری مێزێک وڕووبەڕووی یەکدی ڕۆنیشتین. تەنیا ڕدێن و پۆڕی سپی بووبوون، دەنا ڕوخساری نەگۆڕابوو، دیمەنی هێندە گەش بوو، دڵنیایی لێهەڵدەقوڵا، یادی ڕابردوو و هاوڕێکانمان کردەوە، چ ئەوانەی کە وەکو بدرالزیادی وجەعفەر خەلیل مردبوون، چ ئەوانەی لە ژیان سەرکەوتوو بوون وەکو ڕەزا حەمادە و سرور عەبدولباقی و.. هتد، ئەوجا نۆرە هاتەسەر ئەو، گوتی:

- هیشتا فەرمانبەرم لە وەزارەتی بەرگری، گەییوومەتە پلەی سێ، ژنم هێناوە، کچێکم هەیە، بیست ساڵان، خوێندکاری کولێژی زانستە.

کەمێک بێدەنگ بوو وئەوجا لەسەری ڕۆیی:

- لە زووەوە ڕووم کردووەتە موتاڵاو خوێندنەوەی روحانیات، لە ڕێگای کتێب و موراسەلەوە.

گوتم:- هەندێک کتێبم لەوبارەیەوە خوێندووەتەوە.

بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:- من دەیخوێنمەوەو ممارەسەشی دەکەم!

- بەڕاست؟!

بەجۆش وخرۆشەوە گوتی:

- دنیای ڕۆح دنیایەکی سەیرە، لە دنیای مەتریاڵ سەیرترە..

بە بایەخەوە گوێم بۆ ڕادێراو لەسەری ڕۆیی:

- تاقە ئومێدی مرۆڤە بۆ ڕزگاربوونی ڕاستەقینە.

بە مجامەلەوە و ڕاستگۆیانە گوتم:- مرۆڤ پێویستی بە ڕزگار بوونە.

زۆر بەگەرمی گوتی:

- شارستانیەتەکەمان مەتریالیە، هەموو ڕۆژێک لە ڕێگای زانستەوە سەرکەوتنی سەیر بەدەست دێنێ، زەمینە بۆ مرۆڤ خۆشدەکات کەبە سەر دنیای خۆیدا زاڵ بێت، بەڵام فایدەی چییە مرۆڤ دنیا بەدەست بێنێ وخۆی ون بکات، خۆی لەدەست بدات؟

بە هۆشدارییەوە گوتم:- مرۆڤ دەبێ هەردووکیان بەدەست بێنێ!

بزەیەکی شیرینی بۆ کرد وگوتی:

- ڕەنگە باوەڕت بە قسەکەی من نەبێت، یان باوەڕی تەواوت پێی نەبێت، بەڵام باوەڕ بکە، کە دنیای ڕۆح وەکو دنیای مادە پڕە لە نادیار، پشکنینی ئەم دنیایە، سەرکەوتنی گەورەی بۆ مرۆڤ لە خۆگرتووە، سەرکەوتنی ئەوتۆ کە هیچی لە فەتحکردنی فەزا کەمتر نییە. ئەوەی پێویستمان پێیەتی ئەوەیە کە باوەڕ بە میتۆدێکی ڕۆحی بێنین وەکو چۆن باوەڕمان بە میتۆدی زانستی هەیە، وباوەڕ بەوەش بێنین کە حەقیقەتی تەواو، خاڵی یەکانگیری دوو ڕێگایە نەک ئامانجی یەک ڕێگا.

- فەلسەفەیەکی ماقووڵە..

بەچاوە ڕەشەکانی نیگایەکی میرەبانی کردم-بۆ یەکەمجار دیقەتی ڕەنگی چاوەکانیم دا – بەوپەڕی نەرمی و ڕوونی گوتی:

- دەنگی هەق لە ناوجەرگەی هاڕەهاڕی ئامێرانەوە، چەند لاوازە، مرۆڤایەتی و تیرەی بەشەر ئەمڕۆ لە هەموو کاتێ زیاتر پێویستی بە فریاڕەسێکە..

کونجکاوانە لێم پرسی:- چ وێنایەکت بۆ فریاڕەس هەیە؟

- وەکو پیاوێک یان بیرۆکەیەک یان وانەیەکی گرانبەهای وێنادەکەم!

- وەکو جەنگێکی ئەتۆمی؟

- ڕەنگە، بەهەرحاڵ هەستدەکەم، پەردەیەک لە بەینی من وتۆدا هەیە، بەڵام پەردەیەکی تەنکی ڕەگ وڕیشە لاواز، ئامادەگیت بۆ خۆشەویستی وڤیانی حەقیقەت زۆر گەورەیە، من لە ماڵی خۆما مومارەسەی ئامادەکردنی ڕۆحان دەکەم، ئەگەر تاقەتت هەبوو، ڕۆژێک سەرم بدە..

کارتێکی دامێ کە تەنیا ناوی خۆی و وەزیفەو ئەدرێسەکەی لە شەقامی "دیرالملاک "ی لەسەر چاپکرابوو. هەرچەندە من لە ڕووی سۆزەوە قسەکانیم وەرگرت نەک لەڕووی قەناعەتەوە، بەڵام وەکو بۆن و بەرامەی

گوڵە لارنج بە دۆزەخی ژیانما پەخش بووەوە. ئێوارەی هەمان ڕۆژ ماموستا سالم جەبرم لە ئۆفیسەکەی خۆیا لە ڕۆژنامە بینی، باسی ناجی مورقوسم بۆ کرد، بە ڕژدییەوە داوام لێکرد، کە پێکەوە سەردانی بکەین، بەڵام گاڵتەی بە داواکەم هات، بیری خستمەوە کە هیچ فاسیلەیەک لە نێوان هەردوو دنیای مادە ورۆح دا نییە. ڕۆچوون بە حەقیقەتی مادەدا ڕۆچوونە بە حەقیقەتی ڕۆحدا و ، هاوڕێکەت لە سەردەمی فەزادا، بۆ سرووتێن ئەفسوونانت دەعوەت دەکات! پشتی ئەوە ناجی مورقوسم نەبینییەوە، بەڵام هەندێجار وەکو بیرەوەری منداڵی، شنە ئاسا بە سەر دڵما هەڵدەکات وهەستدەکەم لە سووچێکی دەروونمدا دەژی.

## ٥٢ – نادر بورهان

لە ساڵانی ١٩٢١ – ٩٢٥دا کە لە قوتابخانەی سەرەتایی بووین لە ژیانی منداڵانەی ئێمەدا یەکێک بوو لە پاڵەوانەکان. بە چەند ساڵێک لە ئێمە گەورەتر بوو، کوڕێکی باڵابەرزی بەهێز بوو. یەکەم ڕۆژ کە چووینە مەکتەب پێیان گوتین چاودێری قوتابیانی قوتابخانەکەیە. لە حەوشی قوتابخانەکەدا، لەدەوری خڕدەبووینەوەو بە تاسەوە گوێمان لە قسەکانی دەگرت. دەیگوت:

- خۆتان بە بچووک مەزانن، ئێوە سەربازی سەعدن، واتە سەربازی نیشتمانن..

هەروەها دەشی گوت:

- لە سەرمانە خۆمان لە سەر لێدان یان زیندان و تەنانەت پەت وقەنارەش ڕابێنین، ژیان بەبێ ئازادی نرخی نییە، ئازادیش بەبێ

قوربانی نابیت، خوا سەعد زەغلولی بۆ ناردووین، دەبێ لە ئاستی ڕابەرایەتی ئەودا بین..

من زۆرم خۆش دەویست وبە گەورەم دەزانی، ڕەزا حەمادە بە پەرستن دەیپەرست، سەید شەعیر یان خەلیل زەکی نەدەوێران گاڵتەی پێبکەن، کە باسی چوونی خۆی بۆ خانەی نەتەوە (بەیت الامة) و گفتوگۆکانی خۆی لەگەڵ ڕابەردا دەکرد، هەموو دەحەپەسابن، حایر وسەرسام لەزگ بوو شێت بین، ڕۆژێک من خۆم پێزەوت نەکرا، لێی نزیک بوومەوەو گوتم:

- دەمەوێ بەچاوی خۆم سەعد ببینم، بۆ ڕۆژێک بۆ " بیت الامة " مان نابەیت؟

به میهرەبانیەوە تەمەشای کردم وگوتی:

- تۆ هێشتا بچووکیت، پانتۆڵی کورتت لەبەرە، سەردانی خانەی نەتەوە کارێکی خەتەرە، سەفەرێکی ئاسایی نییە..

ئەگەر قەرار بوایە مانگرتن یان خۆپیشاندان بکرایە، نادر بورهان چاوەڕوانی دەکرد، تا بەیانیان ڕیز دەبووین، ئەوجا چەند هەنگاوێک دەهاتە پێشەوەو بە توندی دەکەوتە چەپڵەلێدان وئیدی ڕیزەکانیش خێرا دەکەوتنە چەپڵە لێدان. هەنگێ چاودێرانی قوتابخانەکە دەچوون بۆلای ڕیزی قوتابیە بچووکەکان، دەیانبردن بۆ پۆلەکان وبەدەم ڕیزکردنەوە، هورامان دەکێشا بژی سەعد. ئەوانی دی بە ڕابەرایەتی نادر بورهان بۆ خۆپیشاندان دەچوون، لە ڕێگا تووشی قوتابیانی قوتابخانەکانی دی دەبوون، نادر بورهان لە یەکێک لە خۆپیشاندانەکانا فیشەکێک بەر لاقی کەوت، دوو دانە مانگ لە نەخۆشخانە کەوت، پاشان تووشی سووکە لەنگینێک بوو کە تا مردن لەگەڵیا ما.

لەساڵی ١٩٢٤دا، بە ڕابەرایەتی ئەو، بەشداریم لە یەکەمین خۆپیشاندانا کرد. داوای مانگرتنی لێکردین، وتارێکی دا گوتی شا فؤاد دەیەوێ دەسکاری دەستوور بکات وسەعد زەغلول سەرۆکی وەزیرانی ئەو کاتە، بە توندی بەرگری لە مافەکانی گەل دەکات و، دەبێ بۆ پشتیوانی ڕابەر بۆ مەیدانی عابدین بڕۆین. جا چونکە حکوومەت بۆ یەکەمجار حکوومەتی گەل بوو وسەرۆکی حکوومەت وەزیری ناوخۆ بوو، ڕێگەیان داین بەشداری لە خۆپیشاندانەکەدا بکەین بەو حیسابەی خۆپیشاندانێکی ئاشتیانەیە، ئیدی قوتابی وخوێندکار وخەڵکی دی بە ڕێپێوان ڕۆیشتن، تا مەیدانی عابدین پڕ بوو، ئیدی بە دەست لە دەرگای کۆشکمان دەدا وهاوارمان دەکرد: "یان سەعد یان شۆڕش " .

لە دوورەوە دەنگی هورا هات، ڕێگە بۆ هاتنی ڕابەر کرایەوە تا بچێتە دیداری شا، ئیدی پاڵەپەستۆیەکی زۆر کەوتە سەر ڕاڕەوێکی تەنگ، پۆلیس لە دوو بەرەوە ئەو ڕاڕەوەیان لە ناو ئاپۆڕای خەڵکەکەدا کردەوە تا ئوتومبیلەکەی ڕابەر پێیدا ڕەت بێ، بە خۆشیەکی زۆرەوە بە ڕەزا حەمادەم گوت:

- بەچاوی خۆمان سەعد زەغلول دەبینین.

بەجۆش وخرۆشەوە گوتی: - بەڵێ، ئەگەر بۆ چەند چرکەیەکیش بووە..

بەهەر پاڵەپەستۆیەک بوو خۆمان گەیاندە قەراخ ڕاڕەوەکە، ئوتومبێلەکەمان بینی کە زۆر بە هێواشی دەهات، خەڵکەکە دەوریان داو خۆیان پێیدا هەڵدەواسی و سەردەکەوتنە سەری و بە چاوانی پڕ تاسە وتامەزرۆوە سەیریان دەکردین، بەڵام هیچمان نەدەبینی جگە لە کەلەشی بەشەران، بە ئاستەمیش سەروسیمای ڕابەرمان نەبینی و بۆ ماوەیەکی زۆر بوو بە عەزرەتی دڵمان.

کە چوومە قوتابخانەی دوا ناوەندی، ئیدی ئاگام لە هەواڵی نادر بورهان نەما. نە دەم بینی ونە هەواڵیم دەبیست. لە ساڵی ١٩٢٥وە لێی دابڕام، دوای چل دانە ساڵ، لە زستانی ١٩٦٥دا لە گازینۆی ئەسترادا تووشی بووم. لە دیدارێکی ئەمانی محەمەد دەگەڕامەوە، لام دایە گازینۆی ئەسترا، تا فینجانێک قاوە بخۆمەوە، سەیرم کرد بە تەنێ دانیشتووە، قەڵەوێکی بە کەلەش بوو، پاڵتۆیەکی قەد کردبوو ولە سەر کورسییەکەی تەنیشتی خۆیەوە دای نابوو. لە یەکەم نیگاوە ناسیمەوە. هەرچەندە لە تەمەنی شەست ساڵیدا بوو، بەڵام زۆر نەگۆڕابوو، تەنانەت سەریشی جگە لە لاجانگەکانی سپی نەبووبوو. بە زەردەخەنەوە بەرەوپیری چووم، بە گومانەوە تێی ڕوانیم، بەڵام تەوقەی لەگەڵما کرد، کە قوتابخانەی سەرەتایی وڕابەرایەتی خۆیم بیر خستەوە ڕووی گەشایەوەو خوڵکی دانیشتنی کردم، دانیشتم. پێمگوت:

-بێ چاوێنی بی، هیچ نەگۆڕاوی.

بە پێکەنینەوە گوتی:

-ئێمە بە تایفە تەمەنمان درێژە، بە بویەر وڕووداوان نەبێ نامرین.

باسی هاوڕێیانم بۆ کرد، لە چارەنووسی هەموویانم ئاگادار کردەوە، دەرکەوت ، تەنیا ڕەزا حەمادەی لەبیر مابوو، ئەویش لە دوورەوە. کەلە ئەحواڵیم پرسی، زۆر بەگەرمی، وەکو ئەوەی لە مێژ بێ بۆ دەرفەتێکی وەها بگەڕێ وگریێی دڵی خۆی بکاتەوە، گوتی:

- دوای قۆناغی سەرەتایی، چوومە دواناوەندی ئەسیوت چونکە بابم بۆ ئەوێندەر گوزرایەوە، بەڵام لە سەردەمی محەمەد مەحموودا وازمهێنا و لە سەردەمی نەحاس دا گەڕامەوە، جارێکی دی لە سەردەمی حوکمی سدقی دا فەسڵ کرام، پاشان بەوە تۆمەتبار کرام کە هەوڵی تیرۆر کردنیم داوەو زیندانی کرام. حوکمی دە ساڵ درام، بەڵام لە سەردەمی

حوکمی نەحاسدا، کە پەیمانی بەست، بە عەفوات ئازاد کرام، سەیرم کرد، زۆر زەحمەتە بەو حاڵەوە خوێندنی ئامادەیی تەواو بکەم، ئیدی وەفد ، بە عینوانی جێگر لە ڕۆژنامەی جیهاد لە ئەسکەندەرییە دایمەزراندم..

کەمێک بێدەنگ بوو، ڕووی گرژ بوو، نازانم چی بیرکەوتەوە، ئەوجا گوتی:

- لە ژیانما بەهیچ شتێک وەکو هەڤدژی و ناکۆکی نێوان مستەفا نەحاس ونەقراشی خەفەتم نەخواردووە. نەحاسی ڕابەرو سەرکردەم بوو، نەقراشی باوکی ڕۆحیم بوو، وامدەزانی دنیا بەو دژایەتیەی نێوان ئەوانەوە بەکەڵکی ژیان نایەت، ئیدی ڕووداوەکان بەو ئاراستەیەدا ڕۆیین کە خۆت دەیزانی. هەموو شتێکم لەبەرچاو کەوت. دوای ئەوەی پەیمانەکە کۆتایی بە شۆڕشی ١٩١٩ هێنا ودوای ماوەیەک سەربەخۆیی هاتەدی، بڕیارم دا دەستبەرداری سیاسەت ببم، ئیدی ئەمە ڕێکەوتی مردنی بابمی کرد، بەشە میراتێکی باشم پێبڕا، خوارنگەیەکی ماسیم لە سەید جابر کردەوەو ئیدی خوا دەرووی لێکردمەوە.

- یانی وازت لە سیاسەت هێنا؟

- لە ساڵی ١٩٣٧ وە.

ئەوجا گوتی:

- بەڵام لە پەیگیری ڕووداوان دانەبڕام، وابزانم من تاقە ماسی فرۆش بووم کە بەرلەوەی بڵێ یا فەتاح یا ڕەزاق، ڕۆژنامەی دەخوێندەوە.

ئەوجا بە کەسەرەوە سەری لەقاند وگوتی:

- بە کەسەرەوە پەیگیری هەرەس وداڕوخانی ڕەوشەکەم دەکرد، هەر کەم و کۆڕییەک ڕووی دەکردە وەفد یان نەوەیەک لە گەنجان وازیان لێدێنا، خەریک بوو دڵم شەقی دەبرد، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکیشم نەبوو.

گوتم:- هەموو شتێک گەنجاتی و پیریەتی خۆی هەیە، ئیدی ئەوە قانوونی ژیانە.

- بەڵام وەفد لە ژیانی ئێمەدا ڕەمزی سەردەمی گەنجیاتی و بوژانەوەیە. پێم بڵێ لە چ قۆناغێکی مێژووییدا، لە کۆنی کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ گەل وەکو سەردەمی وەفد، گەورەو سەروەری خۆی بووە؟

ئەوجا بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

- کە شۆڕشی یولیو بەرپابوو، سوپاسی خوام کرد بۆ ئەو قەرارەی بە حوسن و ڕەزای خۆم دام، پێش ئەوەی ناچار بەو قەرارە یان خراپتر لەو قەرارە بکرێم..

- بەڵام، تۆ ستایشی کارە گەورەکانی شۆڕشت کردووە.

- دان نان بە هەقا گەورەییە، بەڵام هەرگیز لەو هەوڵەشی نابوورم کە دەیویست لە ڕابەرایەتی سەعد زەغلول بدات وپایەی کەم بکاتەوە.

گوتم:

- سیاسەت زەروراتی خۆی هەیە، وابزانم هەڵوێستی مستەفا کامیلت لەمەڕ ئەحمەد عورابی لەبیر ماوە.

بەتاسەوە پرسی:

- تۆ پرسەکەی مستەفا نەحاست بینی؟ ئەمە گێڕانەوەی ئیحتوباری میللی بوو بۆ سەعد وبۆ وەفد و بۆ گەورەترین شۆڕشی جەماوەری لە ژیانماندا.

باسی ئەوەی بۆ کردم کە دووساڵێکە ناوبەناو سەردانی قاهیرە دەکات، چونکە کچەکەی لەوێندەر بە شووە، ئەوجا باسی خێزانەکەی بۆ کردم وگوتی:

- کوڕە گەورەکەم وەکو خۆم ماسی فرۆشە، ناوەنجیەکەم ئەندازیارە، بچووکەکەم، ئەفسەری فڕۆکەوانە.

لەو ڕۆژە بە دواوە، هەموو هاوینێ کە دەچوومە ئەسکەندەرییە ئەگەر بۆ تاقە جارێکیش بووبێ، ئێوارە شامێکم دەبردە خوارنگەکەی ڕابەرە کۆنەکەم. لە هاوینی ١٩٦٩ دا زۆر بە خەمباری دیتم. پێی گوتم:

- کوڕە ئەندازیارەکەم، لە ئاخر وئۆخری ساڵی ڕابردووەوە بۆ کەنەدا ڕۆییوە!

ئەوجا بە دەنگێکی لەرزۆک:

- ئەم زستانەش کوڕە فڕۆکەوانەکەم لە پێناوی نیشتماندا شەهید بوو!

## ٥٣ – هەجار المیناوی

شێخ هەجار المیناوی، کە ئێمە لە قۆناغی سەرەتاییدا بووین، مامۆستای زمانی عەرەبی بوو لە قوتابخانەکەمان، بۆ قۆناغی ناوەندیش لەگەڵماندا هات، خەڵکیسەعید بوو، بە دیالێکتی وانیش دەدوا، پیاوێکی توکمەی بالآبەرزی ڕەشتاڵە بوو. گوێی بە ڕواڵەتی خۆی نەدەدا، عەمامەکەی زۆر بچووک بوو، ڕەنگی جبەو کەواکەی زۆر ناشیرین بوو. بەڵام چونکە پیاوێکی بە هەیبەت ولە بابەتەکەیا بالآدەست ولە هەڵوێستدا ئازا بوو، ڕێز وحورمەتی خۆی سەپاندبوو، کەسێکی ڕۆح زل وگرژ ومۆن نەبوو، حەزی لە نوکتە وپێکەنینۆک بوو، شیعری جوانی بۆ دەخوێندەوە، جارێکیان لە حەساری قوتابخانەکەدا، دەگەڵ مامۆستای وەرزشدا کەوتە دوئێلی داران ( هونەرێکی شەڕوانی میسرییە، لە ئەسڵە فیرعەونیە کۆنەکەوە وەرگیراوە، جۆرە دوئێلێک بووە، بە دار کراوە).

هێندە لێهاتووانە دارەکەی بەکاردەبرد هەموومانی سەرسام کرد، بەسەر ڕەقیبەکەیدا سەرکەوت وهەموو بە چەپڵەرێزان دەست خۆشیمان لێکرد. جارێک جەعفەر خەلیل درەنگ هاتە پۆلەوە، هەموومان لە جێی خۆمان دانیشتبووین، جەعفەر حەزی لە شۆخیان بوو، لاسایی مامۆستاکەمانی کردەوەو پێی گوت:

- عم صباحا.

هەموو پۆلەکە پێکەنین. جەعفەر زۆری کەیف بەخۆ هات، شێخ هەجار وازی لێ هێنا تا دانیشت، ئەوجا بانگیکرد:- جەعفەر خەلیل.

هەستایە سەرپێ وبە ئارامی گوتی:

- "عم صباحا" ئیعراب بکە.

جەعفەر نەیزانی ئیعرابی بکات، شێخ دەفتەری ڕۆژانەی قوتابیانی کردەوەو سفری بۆ دانا، جەعفەر ناڕەزایی دەربڕی وگوتی:- ئاخر قورسە!

شێخ گوتی:- بۆچی شتێک بەکاردێنی کە ماناکەی نازانی؟

بەڵام لایەنە جدیەکەی، دەگمەن بوو، وێنەی دووبارە نەدەبووەوە. – لە سەردەمی شۆڕش دا– لە قوتابخانە سەرەتاییەکەدا مامۆستای زمانی عەرەبی و پەروەردەی نیشتمانی بوو. لە هەر بۆنەیەکدا دەرگای باسی نیشتمانی دەکردەوە، بیرەوەریە جوانەکانی دەگێڕایەوە، ستایشی قارەمانانی دەکرد، ئێمەش بە چاوی تەژی ڕوندکەوە گوێمان بۆ دەدێڕا. وەکو وەلیەک لە وەلیانی خوا وخودان کەرامەت و پەرجووان باسی سەعد زەغلولی دەکرد، ڕابەرایەتی ئەوی بە پەیامێکی ئاسمانی و پەرجوویەکی مێژوویی دەزانی، ئیدی ئەوەی لە مەڕ سەعد نەمان دەزانی، لە ڕێگەی ئەوەوە زانیمان، لێهاتوویی لەواری ئەوقاتی و پارێزەریەوە، هەڵوێستەکانی دەربارەی پەروەردە وفێرکردن، ڕابەرایەتی

کردنی، بەرەنگار بوونەوەی هێزەکانی ئینگلیز، ئەفسوون ودەماوەری، ئەوەی وڵات لێی چاوەڕوان دەکات، دەیگوت:

- بە وتارە ئاگرینەکانی هەستی هاڕوژاند، بە ناوی ئەوەوە شۆڕش بەرپابوو.

دەربارەی قوتابی باش دەیگوت:

-قوتابی باش کەسێکە زانست فێربێ و دژی زاڵمان ڕابێ.

زۆرمان خۆشدەویست وڕێزمان دەگرت، لەوەوە فێری نیشتمانپەروەری و ڕەسەنایەتی دەبووین، لە ڕێگەی ئەوەوە زمانی عەرەبیمان لەلا خۆشەویست بوو و حەزمان لە شیعرێن عەرەبی کرد.

لە قۆناغی ناوەندیدا، تامی جیهاد وخەبات گۆڕا، ڕوخساری ئینگلیزمان لەبەرچاو نەما، ئیدی ڕوخساری ئەو میسریانە دەرکەوت کە سەر بە ئینگلیز بوون، حیزبێنی لە کێشماکێش وململانێکاندا هاتە ڕیزی یەکەمەوە، شێخ، بەهەمان تین وتاو وبە هەمان ڕژدییەوە، چووە ئەم شەڕە تازەیەشەوە، دەیگوت:

- شەڕ، هەمان شەڕە، بەڵام ژمارەی دژمنان زۆر بووە، بۆیە لەسەرمانە، زیاتر بخەبتین. دوو هێندەی جاران تێبکۆشین.

ئەو ڕۆژەی لە سەردەمی محەمەد مەحموودا مانمان گرت، ئەو ڕۆژەی کە بدر الزیادی تیا شەهید بوو، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان داوای لێکرد، وتارێک بۆ قوتابیەکان بدات وداوایان لێبکات، کە دەوامی خۆیان بکەن، بەخۆی تەبیعەتێکی گەرم وشۆڕشگێڕانەی هەبوو، کە توورە بوایە خراپ توورە دەبوو. ئیدی چووە سەر تریبۆنەکەی بەردەم ژوورەکەی بەڕێوەبەرو بە دەنگێکی بەسام هاواریکرد:

- زانست داوای نیزام وزاکونیتان لێدەکات ونیشتمان داوای خەباتتان لێدەکات، ئیدی ویژدانی خۆتان بکەن بە حەکەم.

بەڕێوەبەرەکە، ڕاپۆرێکی لەسەر نووسی و بۆ وەزیری مەعاریفی (پەروەردە) بەرزکردەوەو ئەویش خێرا بڕیاری دەرکردنی دا. ئەو ڕۆژەی مامۆستا بۆ قوتابخانە نەهاتەوەو هەواڵەکە بڵاوبووەوە، خوێندکاران هێرشیان بۆ ژوورەکەی بەڕێوەبەر برد، تا ناچاربوو لە قوتابخانەکە هەڵێت، وەزارەت ناچاربوو، بۆ سەلامەتی ژیانی وی، بۆ شوێنێکی دیکەی بگوازێتەوە. شێخ لە سەردەمی وەفدا بۆ قوتابخانەکەمان گەڕایەوە، بەڵام جارێکی دیکە ولە سەردەمی سدقی دا دووبارە فەسڵ کرایەوە، ئیدی لە قوتابخانەی "بین الجنائن" ئەهلی، کە هی پیاوێکی وەفدی بوو، کەوتە کارکردن، لە سەردەمی حکوومەتی پەیماندا (المعاهدە) کرا بە سەرپەرشتیار لە وەزارەت وکێشەکەی بە شێوەیەکی دادوەرانە چارەسەرکرا. لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٤٢دا، لە سەر لیستی وەفد خۆی هەڵبژاردو دەرچوو. لە ساڵی ١٩٥٢ دا بۆ جاری دووەم دەرچوو.

چەند جارێک لە ماڵی ڕەزا حەمادەدا دیتم وتووشی بووم، هەندێک لە کوڕەکانیم ناسین. کە دوای شۆڕشی یولیو، قەراری هەڵوەشاندنەوەی حیزبەکان دەرچوو، گەڕایەوە بۆ گوندەکەی خۆی لە سەعید ولەوێندەر جێگیر بوو، نازانم ئاخۆ ماوە یان چووەتە بەر دلۆڤانی خوا. لە سێپتەمبەری ساڵی ١٩٥٢ یان ١٩٥٣دا بوو، کەبەبەر یانەی کۆنی سوپادا دەڕۆیشتم، یانی ناقبری لە شاتبی بوو، هەندێک لە ئەندامانی وەفدم بینی لە حەوشی یانەکە وەستابوون وعەسکەر دەوری دابوون، لە هەندێک ڕێبوارم بیست کە گوایە گیراون وبۆ قاهیرەیان دەبەن، لەنێو ئەو ئەفسەرانەدا کە سەرپەرشتی گیراوەکانیان دەکرد، ئەفسەر محەمەد هەجاری کوڕی مامۆستا کۆنەکەمان هەجارلمیناویم بینی. لە هەڵوێستەکە ورد بوومەوە، ماوەیەکی زۆر لە کورەکە ڕامام، بابەکەیم

بیرکەوتەوە، پاشان وام هاتە خەیاڵ کە گوێم لە هارەو هاژەی زەمانە، کەبەدەم شەپۆلدانەوە، هەڤدژە تێکڕژاوەکانی هەڵدەگرێت.

٥٤ – ویداد ڕوشدی

ویداد ڕۆشدیم یەکەمجار لە ڕۆژێکی ساڵی ١٩٦٥دا لە ئیدارەی سکرتاریەت بینی. هاتبوو بۆ سەردانی کامیلیا زەهران، چ وەکو پانی وچ وەکو درێژی زۆر زەلام بوو، بەڵام لەچاو زەلامی خۆیا بەژن وباڵا ڕێک وپێک بوو، دەموچاوی گەورە بوو، بەڵام پەسند وجوان بوو، لەگەڵ جەستە زەلامەکەیا تێکی دەکردەوە، بە شیوەیەکی گشتی دیمەن وڕواڵەتی، بەهێزی وجوانی دەنواند، دەتگوت پەیکەرە، نیگای چاوە زەردەکانی، کاریگەرو پڕ جورئەت بوون. ئەمە جگە لەوەی کاریگەریەکی سێکسی سەیریشی هەبوو. هەرجارێ دزە نیگایەکیم دەکرد، دەمبینی ئەویش تەمەشای من دەکات، ئەمەم لێبوو بە مەراق، بە مەزەندە تەمەنی سی ساڵێک بوو، کە سەرنجی دەستی جەپیم دا بۆم دەرکەوت کەبە شووە، ئیدی لە دڵی خۆدا دەمپرسی بۆچی تەمەشام دەکات، پەیوەندیم لەگەڵ ئەمانی محەمەدا هێشتا لەوپەڕی گەرمیدا بوو. وەختێ لەگەڵ کامیلیادا بەرەو نووسینگەکەی من هاتن، وام وێناکرد هۆیەکەم هەڵێنا. لەسەر دوو کورسی بەرانبەر یەک لەبەردەم مێزەکە دانیشتین. کامیلیا گوتی:

- ببورە مامۆستا، بۆ پرسیارێک هاتووین، دەمانەوێ ڕای تۆ دەربارەی پرسێک بزانین؟

سڵاوم لێکردن وگوتم:- لە خزمەتتاندام.

کامیلیا گوتی:- ویداد ڕوشدی دەستە خوشکم، بەخۆی قسەت بۆ دەکات.

ویداد بە دەنگێکی نەرمی ڕوونی بەرز کەلەگەڵ کەلەشیا بسازێ گوتی:

- مەسەلەکە ئەوەیە، من پێنج ساڵە بەکالوریوسم لە ماف وەرگرتووە، بەڵام شووم کرد ودانەمەزراوم ومێردەکەم حاڵی حازر بەکار بۆ ماوەی ساڵێک چووە بۆ کوەیت، بیر لەوە دەکەمەوە، لە شوێنێک دابمەزرێم، ئایا ئەو کارە لە ڕێگەی دایەرەی هێزی کارەوە دەکرێ؟

گوتم:

- نەخێر، بەڵام بە داوایەکی تایبەتی، یان بە بەشداری لەهەر پێشبڕکێیەک کە ڕادەگەیەنرێ بەختی خۆت تاقیبکەوە.

- هەڵبەتە لەو حاڵەدا ئومێدێکی ئەوتۆ نییە.

- ناڵێم ئومید زۆرە، بەڵام تاقیبکەوە.

کامیلیا زەهران گوتی:- ویداد دایکی دوو کچە ودەیەوێ دابمەزرێ.

ویداد گوتی:- هەموو دەستە خوشکەکانم بە مێردن وفەرمانبەریشن!

لێم پرسی:- ئەدی چی لە کچەکانت دەکەی؟

- لەو ڕووەوە ئاریشە وکێشەم نییە.

- ئەدی مێردەکەت؟

- ڕازییە..

کامیلیا گوتی:- بە گوێرەی توانا یارمەتی بدە..

ویداد خۆی ناساند وگوتی:- ئێمە دراوسێی کۆنین!

بەسەرسامی پرسیم: - بەڕاست؟!

- بیرت نایە چونکە من منداڵ بووم، ئەمەی من باسی دەکەم بۆ بیست ساڵ لەوە پێش دەگەڕێتەوە، ئەوسا تەمەنم دە ساڵان بوو، پازدە ساڵ

دەبێ لەگەڕەکی وە بارمان کردووە، کە بارمان کرد من تەمەنم پازدە ساڵان بوو.

-ڕاستە دەمێکە بەڵام زۆریش کۆن نییە، چۆنە تۆم بیرنایەتەوە؟

- بەڵام من تۆم لەبیرە، هەروەها ڕەزا حەمادە وسرور عەبدولباقی وجەعفەر خەلیلم بە ڕەحمەت بێ، لە بیرن. سرور عەبدولباقی ئەمڕۆ یەکێکە لە دکتۆرە باشەکانمان، تا ئێستاش مردنە غەریبەکەی جەعفەر خەلیلم هەر لەبیرە.

بە میهرەبانییەوە گوتم: -بیرەوەرییەکی سەیرە!

کامیلیا بە نازەوە گوتی:- بینیت؟!

دوای هەفتەیەک لە دیدارەکە، سەبارەت بە وەزیفەکە تەلەفۆنی بۆ کردم، بەڵام هەستم کرد، ئەم تەلەفۆنە تەنیا بیانوویەکە بۆ قسە کردن. سەرم سوڕمابوو، ئەم ژنە زەلامە جوانە بە مێردە چی گەرەکە؟ کەوتمە بەراوردی ئەو دەگەڵ ئەمانی محەمەدا، بەڵکو لەگەڵ دوڕیەشدا، ئیدی ڕابردوو هاڕوژا، حەنان مستەفا وصفاء الکاتب لە یادگەما زندوو بوونەوە. لێم پرسی:- سەری کامیلیا نادەیەوە؟

بە ڕاشکاوی لێی پرسیم:- دەتەوێ بمدینی؟

ناچار گوتم:- حەز دەکەم.

بە تەحەداوە لێی پرسیم:- بۆچی حەز دەکەیت؟

گوتم:- دیمەنت دڵ دەکاتەوە.

پێکەنی وگوتی:- دایەرەکەتان قەرەباڵغە، بۆنی کاغەزانی لێدێت.

ئیدی بێئەوەی بیر لە ئاقیبەت بکەمەوە، قیروسیام کرد وگوتم:

- دەی با لە شوێنێکی ئارام بێ.

- حەزت لە شوێنی ئارامە؟

- زۆر

- بە مەرجێ!

- چۆن؟

- بە نیازێکی پاکەوە بێی.

- بێگومان.

- وەعدم بدەیە.

- وەعد.

- بەڕای تۆ ئارامترین شوێن کوێیە؟

- باخی ماسییان.

سەیرم کرد، بێهیچ پەشۆکان وشەرمێک چاوەڕوان دەکات، وەکو ئەوەی چاوەڕوانی مێردەکەی یان براکەی بکات. ماوەیەک بە نیمچە چۆڵەوانیا ڕێمان کرد، تالە قەد پاڵی گردەکەدا شوێنێکمان دۆزییەوەو دانیشتین. گوتی:

- ڕەنگە لە دڵی خۆتدابپرسیت نهێنی ئەو ژنە بوێرە چییە، وا بەو ئاسانیە، خۆی هاوێشتووەتە سەر ڕێگات؟

بە شادییەکی ئارەزوو ئامیزەوە گوتم:

- مادامێکی خۆشحاڵم پێویست بە پرسیار ناکات.

بە پێکەنینەوە گوتی:- مەرجەکەمت لەبیر نەچێ!

- لە بیرمە.

لێبڕاوانە گوتی:- پێویستە ئەوە بزانی من ئافرەتێکی بەڕێزو ژنێکی دڵسۆزم.

بەدەم سووکە نیگەرانیەکەوە گوتم:

- گومان لەوەدا نییە، بەچاو دیارە،لە مێژیشە، پێش ئەوەی ئێوە لە گەڕەکی مە بار بکەن، تەمەنی هەرزەکاریم تێپەڕاندووە!

- بە ئەرک نەبێ بەڕێز وخۆشەویستیەوە باسی ئەو سەردەمە بکە.

- بەوپەڕی ڕێز وخۆشەویستیەوە.

ویداد بزەیەکی پڕ جورئەتی کرد وگوتی:- من بە ڕێکەوت سەرم نەدایت.

- بەڕاست؟

- کامیلیا باسی هاوکارە پیاوەکانی خۆی بۆ کردم. کە گوێم لە ناوی تۆ بوو.. بڵێم چی؟ لێبڕام بتبینم.

- بەڵام تۆ حەزدەکەی دابمەزرێی.

- ئەوە گرینگ نییە.

- مەمکە بە نێچیری سەرسامی.

بە خۆشحاڵیەکی ئاشکراوە پێکەنی:- من بیست دانە ساڵە دەتناسم!

- بەڵێ.

- ماڵتان لە باڵەخانە کەسکەکە بوو، لەبیرت ماوە؟

- لەبەردەم ڕێگا گشتیەکەدا.

بە گلەییەوە گوتی:- من ئەو کاتە دە ساڵان بووم، ئاوڕت لێنەدامەوە.

- بەژێر باڵەخانەکەدا دەڕۆیشتین و بۆ کچانی دە ساڵ نەدەوەستاین.

- ئاخر تەمەنی دە ساڵان مایەی سەرنج نییە، بەڵام گەییمە سیازدەو چواردەو پازدە ساڵان وهەر ئاوڕت لێنەدامەوە.

- ئیدی بەد بەختی.

- ئەوکاتە من بەدبەختیم بە بەشی خۆم دەزانی.

بە حەپەساوی تەمەشام دەکرد، نیگایەکی پڕ جورئەتی پێکەنین ئامێزی کردم و گوتی:- زۆرم هەوڵدا سەرنجت ڕابکێشم، بەڵام نەمتوانی.

- ئەمانە چ بیرەوەریانێکی ئەفسانەیین!

- بەڵام حەقیقەتە، ئێستاش لە ناخما وەکو نامرادییەکی بێ دەرمان دەژی.

بە شپرزەیی گوتم:- ڕەنگە موبالەغە بکەی.

- هەرگیز، هەموو قسەی دنیا، بە بەراورد لەگەڵ حەقیقەتی ئەو ڕابردووەدا ناکاتە هیچ.

ئیدی بە ئاسوودەیی وسەرمەستی ودڵبەندی و دوور لە سۆزداری گویم دەگرت، بەوپەڕی ڕاشکاوی لێی پرسیم:

- ئەو قسەیە ڕاستە کە گوایە یەکەم خۆشەویستی هەرگیز ناسڕدرێتەوە؟

یەکسەر حەنان وسەفام بیرکەوتنەوەو گەڕامەوە بۆ دڵەی خامۆشم، ئەوجا گوتم:

- هیچ پەند و قسەیەکی نەستەق لە حەقیقەتێکی نەمر خاڵی نییە!

ویداد بەگەرمییەوە گوتی:

- یەکەم خۆشەویستی سۆزێکی ئەفسووناوییە، دووبارە نابێتەوە، بۆیە هەرگیز لەبیر ناچێتەوە.

- جا فایدەی ئەوە چییە؟

- فایدەی نییە.

- بەڵام تۆ ژنێکی بەختەوەریت.

بە کەسەرەوە گوتی:

- بەڵێ، نامەوێ سپڵە و پێنەزان بم، بەڵام چاو لە سەر ئەو شتە دەگیرسێتەوە کە نیەتی.

- بۆیە بەختەوەری، فەلسەفە وحیکمەتێکی دژوارە.

- مێردەکەم پیاوێکی تەواوە، لەو پیاوانەیە هەر ئافرەتێک بە عەزرەتیەوەیە، بەڵام بەشداری مەیلە خەیاڵییەکانم ناکات، هەندێجار هەست بە تەنیایی دەکەم، هەندێجار نامرادیە کۆنەکەم دێتەوە سوێ!

پێکەنی وئەوجا وەکو ئەوەی شتێکی بیرکەوتبێتەوە گوتی:

- لە بەختەوەریم کەم نییە، بەڵام ڕۆحم تینووە!

لە ویدادم پرسی:- تەمەنی مێردەکەت چەندە؟

- چل ساڵە!

- تۆ لە بەهەشتدایت، هەقی ئەوەت نییە خەون ببینی!

بە ئاستەم برۆی وێک هێنانەوەو ئەوجا گوتی:

- تۆ گەورە بوویت، گرێو دەکەم، خۆشەویستیت نەزانیوە!

ئاخۆ سەفا لە کوێ بێ؟ ئاخۆ هێشتا لە ژیانا بێ؟ ئایا – ئەگەر بە ڕێکەوت بیدینم –گفتوگۆیەکی وەکو ئەمەمان لەنێواندا چێدەبێ؟!

بایدایەوەو گوتی:

- ببورە، بە هۆی ئەم ڕاشکاویەمەوە هەندێجار سنووری ئەتەکێت دەبەزێنم، بەڵام لێم ڕادەبینیت کە مدارای هەست وسۆزم بکەیت. دڵم ڕابگری.

بەگەرمی گوتم:- لە ناخی دڵەوە مدارای دەکەم.

بە مەمنوونی ومنەتباریەوە گوتی:- سوپاست دەکەم.

ئەوجا بەردەوام بوو:

- حەز دەکەم پەیوەندیمان بەردەوام بێ، خۆ پێت ناخۆش نییە؟

- زۆریش خۆشحاڵ دەبم، خۆشحاڵتر لەوەی وێنای دەکەیت!

- پەیوەندییەکی ڕۆحی ئەوتۆ کە حورمەتی خۆمان بپارێزین.

- پێشنیازی جوان وخۆشە، دەیخەمە سەر چاو وسەر سەر.

- با پەیوەندیەکەمان لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بێ، تا خۆمان نەکەینە نیشانەیەکی خۆشئەنگافتەی زوڵمێک کە شایستەی نین.

- بەدڵی تۆ.

- ئەگەر تاسەیەک زۆری بۆ هێنام، لە کوت وپڕێکا یەکدەبینین.

- چەند خۆشە لە ناکاوا یەکدی بدینین.

لەو دیدارە بە دواوە، ژیانێکی تازە دەرگاکانی بۆ کردمەوە، ئیدی بە هەموو میهر و یاد ویادەوەری وکونجکاوییەکەوە خۆم پێیدا کرد، ئیدی

ئاوێته به پەیوەندییە خانەوادەییەکانی و ڕۆژانە ئاریشە وکێشەکانی وخەم وخولیای باوکایەتی و دایکایەتی ومندالٚ بەخێوکردن وپەیوەندییە سۆزداری وبگرە سێکسیەکانیشی بووم، تێکەڵ بەناکۆکی وناخۆشی وخۆشی ونەخۆشی و خەون وخولیا جۆراوجۆرەکانی بووم.

ویداد ڕەهەندێکە لە ڕەهەندەکانی ژیانم کەس پێی نازانێ، بەلاٚم بەشێکە لە کەینوونە و بوونم و لێی جیانابێتەوە.

٥٥ –یوسریە بەشیر

ئەم ناوە بۆ بێشکەی مندالٚیەتیم دەگێڕێتەوە، بۆ مەیدانی مالٚی قازی وئەو دار بەلخانەی کە یەکپارچە هێلانە چۆلەکان بوو، کە مندالٚ بووم، لە پەنجەرەیەکی لاوەکییەوە دەمڕوانیە گەڕەکی قرمز، گەڕەکێکی قیرتاوی سەرەولێژگە بوو، مالٚی مالٚباتی بەشیر کەوتبووە پێچێکی ڕێگاکەوە. لەتەمەنی حەوت هەشت سالٚیدا بووم.

دیمەن وڕوالٚەتی شێخ بەشیرم زۆر بەدڵ بوو، عەسران لەبەر مالٚەکەی خۆیا ڕۆدەنیشت وتەزبیحاتی دەکرد، بە دەم وچاو وڕوخسارە سپی و ڕدێنە بۆزو، جبە و عەمامە ڕەنگاوڕەنگەکەیەوە ئەو ناوەی ڕوناک دەکردەوە. کەلە مەیدانی قازی یەوە بەرەو کلۆبی میسری دەڕۆیی، یوسریە دەهاتە بەر پەنجەرەکە. تەمەنی دەوروبەری شازدە سالاٚن دەبوو، دەموچاوی دەتگوت مانگە، سپی ڕەخشان، گەش و ئارامبەخش وپرشنگدار، قژێکی ڕەشی هەبوو، بە دەنگێکی نەرم وناسک بانی دەکردم وگالٚتە وشۆخی لە گەڵ دەکردم ومنیش بە شادییەوەو ئاشقانە تەمەشام دەکرد، ئەگەر کوڕی حەوت سالاٚن بشێت ئاشق ببێ. ئەلهەقی، مەیلی من بۆ ئەو، جگە لە ئەشق هیچ ڕاقە وشرۆڤەیەکی دی هەلٚناگرێت، چونکە نە هاوتەمەنی من بوو ونە ڕۆژێ لە ڕۆژان یارییەک یان نوقڵ وشیرینییەکی

دابوومێ، هەندێجار هانی دەدام کە بچم بۆ لای، بە دزییەوە لە ماڵ وەدەردەکەوتم وبەناو گەڕەک دەکەوتم، بەڵام کارەکەرەکە لە قافا دەیگرتم، هەڵی دەگرتم و بۆ ماڵی دەبردمەوەو منیش بێهودە بەدەم لەقە فڕتێوە دەگریام. ڕۆژێک باران دایکرد، لەبەر پەنجەرەکە وەستام، تەمەشای بارانەکەم دەکرد کە بەلێزمە بەسەر گەڕەکەکەدا دادەباری، جۆگەلەی دەبەست ودەڕژایە ژێرخانە کۆنەکەوە. دوای ماوەیەکی کەم ئاوەکە هەستا، ڕووی زەوی داپۆشی وقرمز بوو،بووبە جوێبارێکی وەستاو، مەگەر بە حەماڵ یان عەرەبانە بپەڕیبایتەوە. بەدەم تەمەشای بارانە خوڕەکەوە یوسریەشم بینی کە لەبەر پەنجەرەکە وەستابوو، ئاماژەی بۆ کردم، بیرۆکەیەکم بە مێشکا هات، لێبڕام یەکسەر جێبەجێی بکەم. بە دزییەوە سەرکەوتمە سەربان، تەشتێکی مسی جلشۆری وگسکێکی دەسک درێژی دەسک دارم هێنا، چووم بۆ سەر ڕێگاکە، تەشتەکەم لەسەر ئاوەکە دانا، خۆم هەڵدایە ناو تەشتەکەوەو بە گسکەکە کەوتمە سەوڵ لێدان وبەرەو ماڵی بەشیر بازۆ، کارەکەرەکە ئاگادار بووەوە، بەڵام تازە کار لەکار ترازابوو، ئەوجارە نەیتوانی بەناو ئاوەکە بکەوێ، ئیدی لە سەرووی گەڕەکەکەوە وەستاو بانگی دەکردو منیش وەڵامم نەدەدایەوە. کە گەییمە بەر دەرگای ماڵی بەشیر،کە نەهەنگێکی مۆمیاکراوی پێوەنرابوو،لە تەشتەکە وەدەرهاتم، بە پێی پەتی وبلەزوبەز خۆم بە ژووردا کرد، دیزداشەکەم یەکپارچە تەڕبوو، یوسریە لەبەر قاڵدرمەکەدا فریام کەوت، بۆ ژوورەکەی بردم، لە هەنبەر خۆیا و لە سەر قەنەفەیەکی تورکیدا داینیشاندم، بە میهرەبانی ودڵسۆزییەوە کەوتە نەوازشی قژەکەم، ، منیش چاوم لە ڕوخسارە ڕەخشانەکەی بڕی بوو، هەڵبەتە من وێڕای ماندوو بوون وتەڕبوون، لەبەر دەستی ئەوا هەستم بە سەرکەوتن وشادومانی دەکرد، ویستی دڵخۆشیم بداتەوەو بم خافڵێنێ، دەستی گرتم، ناولەپی کردمەوەو گوتی:- بەختت بۆ دەگرمەوە!

لە کاتێکا ئەو تەمەشای هێڵەکانی ناولەپی دەکردم وغەیبی دەخوێندەوە، من بە هەموو هۆش وگۆشمەوە، لە ڕوخسارە جوانەکەیدا نقووم بووبووم.

تێبینی: ئەمڕۆ ٢٠١٩/١٠/٢٠ لە گەڕەکی چوارچرای نوێ، لە سلێمانی، لە پاچڤەی ئەم ڕۆمانە بوومەوە کە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی:

المرايا، نجيب محفوظ. طبعة دارالشروق الرابعة، ٢٠١٢، القاهرة.

حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.

- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) ڕۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.

- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.

- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩

٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧

٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨

٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان

٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگیڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ

٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥

٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی

٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧

١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.

١١- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٢ –بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦

١٣-قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق

١٤-دووره ولات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٥-ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨

١٦-چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر

١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥

١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦

١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك

٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی

٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك

٢٢-دیدارو دەقو رەخنە،چ٢٠٠٥،١

٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١

٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك

٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١

٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤

٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦

٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١

٣١ -کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨

٣٢- چینی کۆن، چ١(        )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی

٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر

٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)

٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.

٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ

٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.

٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)

٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی

٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

---

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.

٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای

٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان

٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)

٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨

٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی –کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی

٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست

٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان

٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤، ١،دەزگای سپیرێز

٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦، ١دەزگای موکریانی

٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی

٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦

٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی

٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦

٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦

٧٤- شیعر کوژی..حەمە کەریم عارف، چ١/ ٢٠١٠/کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، ژمارە(٧٠)

٧٥- دەربارەی رۆمانو چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨

٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك

٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩

٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()

٧٩- پەڵكە رەنگینە، حەمە كەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤

٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە كەریم عارف

٨١-بووكی هەزار زاوا،(جانتا) كۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی

٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی

٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی

٨٤-وقفات فی رحاب الپقافە الكوردیە، حەمە كەریم عارف

٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسكی

٨٦-دەیڤد كۆپەرفیلد، (رۆمانی كورتكراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیكنز

٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس

٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی

٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین

٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی

٩١-سفرەی فەقیران   حەمە كەریم عارف

٩٢-باڵندەكەی من   رۆمان، فریبا وفی

٩٣- نامەكانی تولستۆی

٩٤- جەمیلە، رۆمان   جەنگیز ئایتماتۆف

٩٥- حەفتا چیرۆكی چینی بۆ مناڵانی كورد

٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی

٩٧- كۆڵوانە سوور... كۆچیرۆك بۆ منداڵان

٩٨- ئەو پیاوەی كە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ

٩٩- دكتۆر...شانۆنامە...برانسیلاف

١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی

١٠١- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی

١٠٢- من و نەنكم و ئیلاریون و ئیلیكۆ / رۆمان / نودار دومبادزە

١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی

١٠٤-مێژووی رۆمانی تورکی

١٠٥- دیوار...کۆچیرۆك................کۆمەڵێك نووسەر

١٠٦- کۆکۆرۆ..............ڕومان........ناتسومی سوسکی

١٠٧- کانییە قارەمان....کۆچیرۆك بۆ مێرمندالأن /حەمەکەریم عارف

١٠٨- ئەودیوی مەرگ..........حەمەکەریم عارف/چ١٢٠٠١/ موکریانی

١٠٩- قاوشی ژمارە شەش/ چیخۆف/ پێشەکی و پاچڤەی: حەمەکەریم عارف

١١٠- گەمژە، ڕۆمان، دوو بەرگ، دۆستۆیفسکی

١١١- دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی...

١١٢- ساڵنمای ژیان و بەرهەمی...

١١٣- تاراس بۆڵبا/ ڕۆمان/ گۆگۆل

١١٤- لە زمانی چیرۆکنووسانەوە

١١٥- جیهانی چیرۆك ( کۆمەڵێك دەق ورەخنە)

١١٦- رۆبینسۆن کرۆزۆ/ ڕۆمان/ دانیل دیفۆ

١١٧- هەزار پیشە...............حەمەکەریم عارف

١١٨- چیخۆف...هنری ترۆیا

١١٩- دۆنی ئارام/١

١٢٠- دۆنی ئارام/٢

١٢١- دۆنی ئارام/٣

١٢٢- دۆنی ئارام/٤

١٢٣- دەربارەی ئۆدێسە

١٢٤- دەربارەی نامۆکەی ئەلبیر کامۆ

١٢٥-ژیان و بەرهەمەکانی دۆستۆیفسکی

١٢٦-گەنجینەی ئەدەبیاتی کلاسیکی جیهان

١٢٧-بەنگکێشێکی عەودالّی بەهەشت"ڕۆمان"

١٢٨- سێو و سیمرغ" کۆ حیکایەت"

١٢٩- بیرەوەرییەکانی ئانا گریگۆریڤنا دۆستۆیفسکی

١٣٠-پوشکین سەرقافلّەی ئەدەبی ڕووسی

١٣١-گۆگۆڵ،دامەزرێنەری ریالیزمی رەخنەیی

١٣٢-ڕەبەنێکی ڕەشپۆش، چیخۆف

١٣٣- کەنیزۆ ،کۆمەڵێك چیرۆکی هەڵبژاردەی فارسی

١٣٤- داستانی بەرخودان ، ن: ئەشرەفی دیهقانی .

١٣٥- جیرۆکی شاریك ، رۆمان ، ئەحمەد مەحموود.

١٣٦- مردووی زندوو ، ڕۆمان ، هنری ترۆیا

١٣٧- کۆلانی میدەق، رۆمان، نەجیب مەحفوز

١٣٨- چۆن پۆلامان ئاودا، ڕۆمان، ئۆستروٚفسکی

١٣٩- بیست و سێ چیرۆکی تۆڵستۆی

١٤٠- چارەنووسی مرۆڤێک

١٤١- قەیرانی سێبەر

١٤٢- ئەفسانەی تەرواده

١٤٣- لە بەردەم عەرشدا، نەجیب مەحفووز

١٤٤- دلّی شەو، نەجیب مەحفووز

١٤٥- ئاوێنەکان، = =